منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دەزگای هەواڵگریی عێراقی

2003 - 1968

پەرژین و نهێنییەکان

نووسینی
سالم ئەلجومەیلی

وەرگێڕانی
خەسرەو میراودەلی

چاپی یەکەم
٢٠٢٥

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

دەزگای هەواڵگریی عێراق

١٩٦٨-٢٠٠٣

سالم ئەلجومەیلی

وەرگێڕانی

خەسرەو میراودەلی

چاپی یەکەم ٢٠٢٥

ناوی کتێب: دەزگای هەواڵگریی عێراقی

نووسینی: سالم ئەلجومەیلی

وەرگێڕانی: خەسرەو میراودەلی

پێداچوونەوە: مینەی سەمین

نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥

تیراژ: ٢٠٠ دانە

نرخ: ١٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی(١٨٥٦)ی ساڵی (٢٠٢٤) پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ کتێبخانەی یادگار، هەر کەس و لایەنێک بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی لەبەرگرتنەوە (کاغەزی، دەنگی، ئەلکترۆنی) ئەم پەرتووکە یان بەشێکی ئەم پەرتووکە کۆپی بکات یان بڵاوبکاتەوە، کتێبخانەی یادگار بە مافی خۆی دەزانێت سکاڵای یاسایی لە دژی بەرزبکاتەوە. و ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەری بگرێتە بەر.

کتێبخانەی یادگار- کوردستان- سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار
07501542978 - 07701542978
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی یادگار

دیاریی:

بـۆ ئەفسـەر و ئەنـدامانی دەزگـای هەواڵگریـی، ئەوانەی بە یەکگرتـوویی و شـەرەفەوە، نەبەردانە بەڕووی ئاڵەنگـارییە سـەختەکاندا وەسـتان، بەرگرییـان لە ئاسایشی عێراق کرد، بە خاک و گەل و دەوڵەتەوە، ڕووبەڕووی تووندترین دەزگا لۆکاڵیی و نێودەوڵەتییەکان لە جیهاندا بوونەوە، سەرەڕای سەختی بارودۆخەکان و مەترسییەکانی کارکردن.

بۆ باوکم کە لە پێناو فێرکردنماندا تێکۆشا

ئەم کتێبە خاکییەم دەکەمە دیاریی بۆ هەموویان.

سوپاس و پێزانین...

ماوەیەکی دوورودرێژە لەلایەن ئەوانەوە کە بە دواداچوون بۆ کاروباری هەواڵگریی لە عێراق و جیهانی عەرەبیدا دەکەن و بایەخی پێدەدەن، داوای دەرکردنی کتێبێکم لێ کراوە دەربارەی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی پێشوو، لەبەر ئەوە هەموو ئەو زانیاریی و ڕووداوانە کۆکردنەوە کە لە یادەوەریمدا بوون دەربارەی گەشتی گەڕان بە دوای کەرەستەگەلێکی شیاوی، بەهەواڵگریی وکردنەوە لەو ڕەوانگەیەشەوە کە داتا و ڕووداوە هەواڵگرییەکان پەرش و بەهەواڵگریی ووبوون و بە سەر چەندین ڕووبەری زۆردا دابەشکرابوون، لای ئەو ئەفسەرانەی لەناو عێراق و دەرەوەیدا ئامادەبوون، پەیوەندیم بە زۆرێکیانەوە کردووە، هەندێکیان بە دەنگمەوە نەهاتن و ڕێگربوون لە درکاندنی تاکە وشەیەکش لە هەڵوێستێکی ناخۆشدا وەک ئەوەی لاڵ بن، هەندێکی دیکەشیان هانیان دام و بەشداریان کرد لە پێشکەشکردنی زانیاریگەلێک دەربارەی ئەو ڕووداونەی بەشداریان تێدا کردوون یان شایەت بووە بە سەریانەوە. جوانترین گوزارشتی سوپاس و نرخاندن و پێزانین پێشکەش بە هەموو ئەوانە دەکەم کە لەم هەوڵە خاکەڕایەدا بەشداریان کردووە، هەروەها بەداخەوەم بۆ ئەوانەی ناتوانم ناوەکانیان ڕاشکاوانە بهێنم، بەڵکو ناچارم بە هێما ئاماژەیان بۆ بکەم، ئەوانیش:

(ه خ ا) و (ف جەنابی) و (ف ز) و (ر دلێمی) و (ع جبووریی) و (ح ع ع) و (ح ر ظ) و (ا ح م) و (ح ک ح) و (ر ک ف) و (م خ د) و (ج جبووریی) و (د س دلێمی) و (ر ک ش) و (ح م ع) و (ف ا).

هەواڵگریی:

بـــریتییە لە دەزگـــایەکی حکـــوومیی، بـــایەخ بە کـــۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی زانیارییەکان دەدات و، پێشکەشیان دەکات بە سیاسەتمەداران و داڕێژەرانی بڕیار، ئەو زانیارییـــانە بـــایەخ بە ئەرکـــی بەرگریکـــردن و هێرشـــکارانە دەدەن لە پێنـــاو پاراســـتنی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی دەوڵەت و، یەکـــێکە لە ئامرازەکـــانی پیـــادەکردنی یاساو، سەپاندنی شکۆ و هەیبەتی دەوڵەت لە ڕووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە.

دروشمی دەزگای هەواڵگریی عێراق

چاوێکی کراوەیە بە ڕووی جیهاندا بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی عێراق



IIS

IRAQI INTELLIGENCE SERVICE

بەرایی:

لەناو ئەو کتێبە هەواڵگرییانەدا کە ئاشنایان بووم، هیچ کتێبێکم بەدی نەکرد کە حەز و پێویستی ئەوانە بێنێتەدی کە بایەخ بەکاری هەواڵگریی دەدەن، لە گرووپی لاوان بە شێوەیەکی تایبەت و لەوانەی تامەزرۆی زانینی ژیانی نهێنین لە هەیوان و ڕاڕەوەکانی دەزگاکانی هەواڵگریداو لە میکانزمەکانی کارکردنیان و چالاکییان، لە دەستپێکردن بە بوونی هەستی ئەمنی (الحس الأمني) و ئاسایشی شەخسی (تایبەتیی) و میکانزمەکانی پەرەدان بە تواناکانی ئەفسەرانی هەواڵگرییەوە تا دەگات بە پرۆسەکانی بەسەربازکردن و دەستخستنی زانیاریی و میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریدا و چۆنێتی تەوزیفکردنی.

مێژوو هیچ کارەساتێکی نەبینیوە لە جیهاندا بەسەر دەزگاکانی هەواڵگریدا ڕوویدابێت وەک ئەوەی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی پێشووی عێراقدا ڕوویدا لە ئەنجامی داگیرکاری دڕندە و هەمەجیانەی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. هەروەها بە زۆری کاتێک ڕژیمەکان دەڕوخێن، ڕژێمی جێگرەوە دەست بەسەر ئەرشیفی هەواڵگرییدا دەگرێت وەک ئەوەی لەگەڵ دەزگای ساواکی ئێران و دەزگاکانی هەواڵگریی لە ڕۆمانیا و ئەڵمانیای خۆرهەت وهەواڵگریی یەکێتی سۆڤێتدا ڕوویدا. بەڵام لە عێراقدا بەشێکی کەمی لەناوبرا، و دزەکان و خەڵکە گشتییەکە و سوپای ئەمریکی و هەواڵگرانی دەوڵەتانی دیکە دەستیان بەسەر ئەرشیفی دەزگاکە داگرت و، بەشە گەورەکە گواستراییەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل. لەبەر ئەوە کتێبەکە ئازاد دەبێت لە کۆتوبەندەکانی کەشفکردنی نهێنی و نادیارەیان مەگەر لەو سنورەدا کە بەها وەزیفی و ئەخلاقییەکانمان ڕێگەی بڵاوبوونەوەیانمان پێ نادەن.

دەزگا چیتر ئامادە نییە بەڵکو هیچ شوێنەوارێکی نییە، لەکاتێکدا کە نهێنییەکانی کەوتوونەتە بەردەست دوژمنان و، پێویستە گەلی عێراق ئاگەداری بەشێک کە نهێنی و نادیارەکانی ئەو دەزگا زەبەلاحە بێت کە خەڵکەکەی بە گشتیی سەرقاڵ کردووە لە دەوڵەتاندا، لە ناوچە عەرەبییەکەشماندا بە تایبەت.

لەم کتێبەدا بەدوای شوێنەواری دەزگای هەواڵگریی عێراقیدا دەچم، لە دامەزراندن و دروستبوونی و قۆناغەکانی پەرەسەندنییەوە و میکانیزمەکانی کارکردن و پێکهاتە ئیداری و ڕێکخستنەکەی و توانا هەواڵگرییەکانی، کە وایانلێکردووە ببێت بە یەکێک لە بەتواناترین دەزگا هەواڵگرییە جیهانییەکان بە شایەتی دوژمنان خۆیان لە خۆڕاگریدا لەبەرامبەر دەزگا هەواڵگرییە نەیارە نزیک و دوورەکان، لە پێش هەموشیانەوە دەزگای هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی و دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی و دەزگای هەواڵگریی ئێران هەندێک لە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان، هەرچەندە لەم بارەشیەوە بنووسم مافی خۆی هەر نادەمێ لە تەنیا کتێبێکدا کە پێویستی بە چەند بەرگێکە. هەروەک گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانەش دەخەمەڕوو کە ڕووبەڕووی کاری دەزگای هەواڵگریی بوونەتەوە و ڕێگاکانی بەرهەڵستیکردنیان و زاڵبوون بەسەریاندا، کتێبەکە دەبێتە دیکۆمێنتی مێژوویی‌انەی سروشت و میکانیزمەکانی کارکردنی دەزگاکە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی سەدام حوسێنی سەرۆکی کۆچکردوودا لە چەندین قۆناغ لە لاپەڕەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گشتگیرانەی ئەو ئاڵنگارییە ئەمنییانەی لە ماوەی ٣٥ ساڵدا ڕووبەڕووی ڕژێم بوونەتەوە.

ناکرێت هەر جۆرێک لە دەزگاکانی هەواڵگریی ئاگاداری سەرجەم ڕووداو و دەستکەوتەکان بێت، بە تایبەتیش کە ڕووداوەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەی

بەرپرسیاریيەتییەکانی بێت لەو پێکهاتە هەواڵگرییانەدا کە کاری پێکردووە، ئەوەش بەهۆی تایبەتمەندی کارکردن و گۆڕینی پۆستەکان بە بەردەوامی و نهێنیبوونی تەواو لە دەستاودەستکردنی دۆسییەکاندا لەسەر بنەمای ڕێسای (نابێت دەستی چەپ بەوە بزانێت کە دەستی ڕاست دەیکات)، لەبەرئەوە بانگەشەی زانینی تەواو و گشتگیر سەبارەت بە کارکردنی دەزگاکە و دەستکەوتەکانی ناکەم جگەلە بەشێکی بچووک لێیان.

هەموو ئەوەی لە کتێبەکەدا باسی دەکەم بەرهەمی کارکردنێکی مەیدانییە لە پێگەی بەرپرسیاریيەتیدا و ئەوەش کە کارم پێ کردووە لە دەزگا ناوخۆیی و ئەزموونەکەم کە ٢٥ ساڵ بەردەوام بووە، دوای خوێندنی ئەکادیمی و ڕاهێنانی هەواڵگریی و سەربازی لە کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەییدا بۆ ماوەی سێ ساڵی هەڵسەنگاندن، هەوڵیشدەدەم ئەم کتێبە کۆکەرەوەی نێوان تیۆر و پراکتیک و نێوان زانست و مەعریفە بێت.

کاری سەرکەوتووی هەواڵگرییانە هەمیشە لە تەمومژ و نهێنیەوە پێچراوە، ئەوەی دەکەوێتە پێشەوەی دیمەنەکەوە بریتییە لە شکست لەبەرئەوەی شکست کەشفکراوە و سەرکەوتنیش نهێنییە، ئەوەیە سروشتی کاری دەزگاکانی هەواڵگری. بە زۆریش دەزگاکانی هەواڵگریی لەسەر بنەمای شکستی ڕووکەش هەڵدەسەنگێنرێن نەک لەسەر بنەمای سەرکەوتنی شاردراوە، وەکچۆن ناتوانم هەموو ئەوە بنووسم کە دەیزانم چونکە زۆرینە هێشتا زیندوون و ڕووداوەکانیش هەر گەرمن، زۆرێک لە پرۆسە هەواڵگرییەکانیش بۆ هەتا هەتایە بە شاراوەیی دەمێننەوە. چونکە زیان بە ناو و شکۆی کەسانێکی چالاک دەگەیەنێت یان زیان بە کەیسگەلێک دەگەیەنێت کە نابێت ئاشکرا بکرێن. حەزیش دەکەم جەخت لەسەر

ئەوە بکەم کە ئەو پڕۆسە هەواڵگرییە تایبەتانەی لەم کتێبەدا دەخرێنەڕوو مانای ئەوە نییە من بەشداربووم تێیاندا بە هەر سیفەتێک بووبێت، بەڵکو لەڕێگەی هەندێک دۆکیومێنت و ئەویش لە ڕێگای هاوڕێکانمەوە زانیومە، ئەوانەش ئاگەدارییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەبووە یان شایەت بوون بەسەر ئەو ڕووداوانەوە، لە ڕوانگەی نەبوونی سەرچاوەی نووسراو و متمانەپێکراو دەربارەی دەزگای هەواڵگری، بەهۆی لەناوچوونی بەشێکی گەورە لە ئەرشیفەکەوە، دەستگرتن بەسەر بەشە گەورەکەیدا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و لایەنی هەرێمییەوە، هەروەها حەزیش دەکەم پێشوەخت ئاماژە بۆ ئەگەری بوونی هەندێک جیاوازی سادە بکەم لە بەرواری هەندێک لە ڕووداوەکاندا یان بەناویەکداچوونی بابەتەکان یان کەموکوڕی لە وردەکارییەکانی ڕووداوەکەدا بەهۆی پشتبەستن بە یادەوەری، لەبەرئەوە پێشوەخت دوای پۆزشت دەکەم.

هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە شێوازەکانی کاری هەواڵگری گۆڕدراوە لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٣ تا بەرواری دەرچوونی ئەم کتێبە، بە تایبەتیش دوای ئەو پەرەسەندنە زۆرەی لە بواری تەکنیکەکانی پەیوەندیی و بەدواداچوون و چاودێریکردن و گوێگرتن و سیخوڕی (سیبرانی) دا ڕوویانداوە، هەروەک زۆرێک لە چەمکی هەواڵگریی و هۆکاری نوێی سیخوڕیکردنیش هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام بنەماکانی کاری هەواڵگریی هەروەک خۆیان ماونەتەوە کە بریتیین لە دەستخستنی زانیاریی پۆلێنکراو و چۆنییەتی تەوزیفکردنیان، فاکتەری مرۆییش وەک پایەی بنەڕەتی لە پڕۆسەکانی سیخوڕیکردنی هەواڵگریی و قەڵاچۆکردنی سیخوڕی دەمێنێتەوە، ئیتر تەکنەلۆژیای هەواڵگریی بگاتە هەر ئاستێک لە پێشکەوتن.

ئاسان نییە پابەندبوونی دەقاودەق بە پیکهاتەی دەزگاکەوە لەبەرئەوەی فراوانە وهەندێکمان نەدەزانی، وەکچۆن گۆڕانکاری زۆریش لە بونیادی دەزگاکەدا ڕوێداوە، لە دەمەزراندنییەوە تا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، لەلایەن پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکییەوە.

لە ڕوانگەی لەدەستدانی دەفتەری یاداشتەکانمەوە لەکاتی دەستگیرکردنمدا کە ڕووداوی گرنگی تێدابوو، لەوانەش ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە قۆناغی پێش جەنگەوە کە سەرنج و تێبینی و کۆنووسی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەزگاکەم تۆمار دەکرد. بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندیی بە دورخستنەوەی شەڕەوە هەبوو، لەبەرئەوە هەموو ئەوەی لەم کتێبەدا دێت پشتی بەستووە بەوەی لە یادەوەریمدا ماوە یان بە دۆکیومێنتی دروست کە دەگەڕێنەوە بۆ دەزگای هەواڵگریی و لە هەندێک لە هاوڕێیانمەوە دەستم کەوتوون، یان کە گەواهی هەندێک لەو ئەفسەرانەی کەمتەرخەمیان نەکردووە لە پێشکەش کردنی ئەو زانیارییانەی لەلایانە، نەک لە سەرچاوەی ئەکادیمی یان لە ئینتەرنێتەوە، مەگەر ئەوەندەی پەیوەست بێت بە گەڕانەوە بۆ بەروارەکان و بۆ سروشتی هەندێک ناو و ڕووداو.

مایەی نیگەرانییە کە زۆرێک لە هاوکارەکانم لە ئەفسەرەکانی هەواڵگریی، ڕێگرییان کرد لە هەموو هاوکاری کردنێکم لە هەوڵەکانمدا بۆ دانانی ئەم کتێبە. لەژێر پاڵنەری خۆپەرستانەوە بە بیانووی لاواز کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعەوە نییە، هەروەها من دڵنیاشم هەر کتێبەکە دەرچوو ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە ڕەخنەی توندی بێپاساو دەبمەوە.

لێشاوی زانیارییەکان خوازیاری دەرچوونی کتێبەکەیە لە دوو بەشدا گەر کات فریام بکەوێت، بەشی یەکەم ڕووماڵی دروستبوونی هەواڵگریی و پێکهاتەکەی و ئەرکەکانی و پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناکانی و هەندێک لە نهێنی و بابەتە شاردراوەکانی پەیوەست بە پرۆسە تایبەتە هەواڵگرییەکان دەکات، لەگەڵ پرۆسەکانی بە سەربازکردن و چالاکییە نهێنییەکانی دیکە و بەشێک لە نهێنییەکانی قۆناغی پێش جەنگ.

لەکۆتاییشدا حەزدەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم کتێبە لە ریزی کتێبە میژوویییەکانی تایبەت بە ماوەیەکی دیاریکراوە، هەروەها خوێنەر دەبینێت کە لاپەڕەکانی کتێبەکە دەیان ناو و کەسایەتی لەخۆگرتووە کە هێشتا هەندێکیان هەر خاوەنی ئەو ناونیشان و نازناوە باڵایانەن، لەبەرئەوە بە ناوی فەرمی خۆیانەوە ناوم هێناون دوور لە دەربڕینی موجامەلەی نەرم و میهرەبانانەی وەک (خوالێخۆشبوو و کۆچکردوو و مامۆستا و بەڕێز ....) ڕەحمەت بۆ مردووان و ڕێز و نرخاندن بۆ زیندوان.

سالم

بەشی یەکەم

مێژووی هەواڵگریی عێراق

له دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە له ساڵی (١٩٢١)، تا ساڵی ١٩٦٨، عێراق دەزگای هەواڵگریی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو ئەرکەکانی دەرەوە بە دەزگای هەواڵگریی سەربازییەوە وابەستەبوون لە ڕێگەی ئەو پاشکۆ سەربازیانەی لە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهاندا هەبوون. لە ساڵی ١٩٦٤ دا (سەدام حسێن) شانەیەکی ئەمنی دامەزراند ناوی لێنا (جهاز حنين) لەناو حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیدا، سەدام حسێن بۆ خۆی شانەکەی بەڕێوە دەبرد لەکاتێکدا تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو. زۆربەی ئەندامەکانیشی لەوانە بوون کە بە شەقاوە باس دەکران، کە بە توندی ڕووبەڕووی هەرکەسێک دەبوونەوە کە هەوڵی زیانگەیاندن بە ئەندامانی حیزبی بدابایە یان بیویستایە هێڕشیان بکاتە سەر، لەوانەش: (نازم گەزاز، سەمیر شێخەلی، فازیڵ بەڕاگ، بەرزان تکریتی، کامیل قەیس، وەهاب ئەلوهاب، جەبار کردی، ستار کردی، محیی مەرهون، محەمەد قەدوری، محەمەد فازڵ، عەلی ڕەزا باوە)، ئەوەی دواییان یاوەریی خومەینی دەکرد کاتێک لە عێراق پەنابەر بوو، هەروەک (سەدام حسێن)یش نازدویەتی بۆ لای خومەینی کاتێک لە پاریس نیشتەجێ بووە بۆ ئاگەداربوون لە نیازەکانی بەرامبەر عێراق لە حاڵەتی ڕووخانی شادا.

ئەم شانەیە ئەرکی بەرگریکردن لە ئاسایشی حیزبی گرتبووە ئەستۆ کە چەند سەرچاوەیەک پەیوەندییان بەم شانەیەوە هەبوو کە لەناو دەزگاکانی ئاسایشی گشتیی و بەڕێوبەرایەتی هەواڵگریی سەربازیدا ئامادەکرابوون، ئەرکی کەشفکردنی ڕێکارەکانی دەوڵەتیان لە دژی سەرکردەکانی حیزب پێ سپێدرابوو لەو ماوەیەدا، هەروەک ئەندامەکانی حیزب یاریدەی خۆحەشاردانیاندا بۆ خۆقوتارکردن لە ڕێکارەکانی دەستگیرکردن و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی حیزب و شاردنەوەی چاپکراوە حیزبییەکان لە کاتێکی گونجاودا پێش ئەوەی بکەونە

دەستی دەزگا ئەمنییەکان. ئەرکی دیکەش دەخرێنە پاڵ ئەم ئەرکە سەرەکییەوە کە پەیوەستن بە چاودێریکردنی ئۆرگانەکانی ناوخۆی حیزب، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو ماوەیە جیابوونەوە و دووبەرەکیی زۆر و ململانێی سەختی بەخۆیەوە بینی لەنێوان هەردوو باڵەکەی حیزب لە سوریا و عێراقدا لەماوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا.

هەروەک شانەی (حنین) بایەخی بە دیاریکردنی پەیوەندییەکانی سەرکردەکانی حیزب لەگەڵ دەسەلات و پەیوەندییەکانی دەرەوەشیان یان پەیوەندییە شەخسییەکانیاندا. کاری دەزگای (حنین) تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو کە حیزبی بەعس لە بەغدا دەسەلاتی گرتە دەست لە حەڤدەی یۆلیۆ/ تەموزدا، ناوی (حنین) گۆڕدرا بۆ مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە (سەدام حسێن) بوو لەو کاتەدا. ئەرکەکانی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان فراوان بوو بۆ ئەوەی پڕۆسە دەرەکییەکان و بەدواداچوونی شانەکانی سیخۆڕێتی و دۆخەکانی پیلانگێڕییش بگرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا ئەرکەکانی بەڕێوبردنی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان بە ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سپێردرا کە (سەعدون شاکر) بوو، ئەوەش بە دوای شکستهێنان لە کەشفکردنی چەند پیلانگێڕییەکی گرنگدا هات کە لەو ماوەیەدا ڕوویاندا و هەندێکیان لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریکرابوون. دیارترینیان پیلانگێڕییەکەی غافڵکوژی سەرۆک (ئەحمەد حەسەن بەکر)ـە، لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی (نازم گەزاز)ـەوە کە بووە هۆی کوشتنی وەزیری بەرگری (حەماد شەهاب)، یەکێک لە گرنگترین پایەکانی شۆڕشی تەموز.

لە نـۆی سـیپتەمبەری/ئەیلولی ١٩٧٥دا، سـەرۆکایەتی هەواڵگریـی گشـتیی بە سـەرۆکایەتی (سـەعدون شـاکر) و جێگـرەکەی (بەرزان تکریتی)ـەوە پێکهێنـرا، زۆربـرای سـەدام حسـێن، پەیوەنـدیی دەزگـاکەش بە ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتیَ شۆڕشەوە بوو کە بەرزترین دەسەڵات بوو لە عیڕاقدا.

ئەم مـاوەیە بە مـاوەی وەرچەرخـان لە مەکتەبـی پەیوەنـدییە گشـتییەکانیەوە بـۆ (سەرۆکایەتی هەواڵگریی گشتیی) جیادەکرێتەوە، ڕێکارەکانی پێکهێنانی هەیکەلی هەواڵگریـی و گەشـەپێدانی تواناکـانی لە ڕێـگەی پەیمـانگەی ئامـادەکردن و پەرەپێدانەوە دەستی پێکرد. لە سـاڵی (١٩٧٦) یشدا کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی دامەزرێنراو ئاسـۆکانی هاوکـاریکردن لەگەڵ دەزگاکـانی هەواڵگریـی لە دەوڵەتـانی هاوڕێدا کرانەوە.

لە یۆلیۆ/تەمـووزی ١٩٧٩ دا، بەرزان تکریتـی بـوو بە سـەرۆکی هەواڵگریـی. خـاوەنی دیـدێکی سـتاتیژیانەی دوورمەودا بـوو بـۆ کـاری هەواڵگریـی، لقـی پڕۆژەکانی دامەزراند، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە خاوەنداریەتی و بەڕێوەبردنی پڕۆژەی بازرگانیی و گەشتیاری کە دەزگاکە کردبووی بە پەردە بـۆ ئامـادەبوونی هەواڵگرییـانە لەنـاو عێراق و دەرەوەیدا. هەروەک دەسـتەی چاندنی ستراتیژیشـی بنیادنـا کە تـایبەت بـوو بە ڕێکارەکـانی چانـدنی ئەفسـەرانی هەواڵگریـی. لەنـاو ئامانجگەلێکی دیاریکراودا لە ژمارەیەک لە دەوڵەتانی بیانیدا، ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیـا و ئیسـپانیا، دەوڵەتـانی خـۆرهەڵاتی ئەروپـا و هەنـدێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان.

لە ساڵی ١٩٨٣ دا بەرزان تکریتی لە پۆستەکەی لابرا، ناوی سەرۆکایەتی هەواڵگریی (رئاسة المخابرات) گۆڕدرا بۆ دەزگای هەواڵگریی (جهاز المخابرات)، ناوی فەرمی سەرۆکی دەزگاکەش بوو بە (بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی).

ماوەی بەڕێوەبردنی دەزگای هەواڵگریی لەلایەن (بەرزان تکریتی)یەوە بەهێز و دەستوەردانە ناو کاروباری دەوڵەت دەناسرێتەوە کە لادان و دەستگیرکردنی لە دەرەوەی بازنەی یاسا تێکەڵ ببوو بە بێ ئاگاداری سەرۆکیش، لەبەرئەوە دەزگاکە گۆڕدرابوو بۆ بابەتێک هاوشێوەی دەوڵەتی قووڵ. بەرزان لەگەڵ کادری پێشکەوتووی دەزگاکەدا دڵسۆزانە بوو و بە گوێڕایەڵی کوێرانە باس کرابوو، نازنازوی (جەنابی سەرۆک)یشی لێ نرابوو لەو ڕووەوە کە سەرۆکی موخابەراتی گشتییە، ئەم پەیوەندییە بەردەوام بوو تا دوای گواستنەوەشی بۆ دەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت.

دوورخستنەوەی بەرزان بوو بە هۆی بێئومێدبوون و تێکشکانێکی زۆری ئەندامانی دەزگاکە، ئەم بابەتە سەرۆکی هاندا بۆ دەستوەردانە ناو بابەتەکە و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە قووڵەکەی بەرزان، دواتر ڕادەستی دکتۆر (فازل بەڕاگ)ی کرد، هەروەها سەرۆک چەند فەرمانێکی یەکلاکەرەوەشی دەرکرد بە ڕێگەنەدان بە ئەندامانی دەزگاکە بەوەی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە بەرزانەوە نەکەن و نەیبینن.

بەرزان تکریتی بڕیاری لەسێدارەدانی درا، بڕیارەکەش لە ١٥ی یەنایەر/کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ جێبەجێ کرا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دا (لیوا ڕوکن/ هیشام سەباح فەخری) بە بەڕێوەبەری دەزگاکە دیاریکرا، لە شەش مانگ زیاتر بە سەر پۆستەکەیدا تێپەڕی نەکردبوو کە هەوڵیدا دەزگای هەواڵگریی بگۆڕێت بۆ دەزگایەکی سەربازی هاوشێوەی سوپا، دوور لە جەوهەری کاری هەواڵگریی و بنەماکانی کاری هەواڵگرییەوە.

لە ساڵی ١٩٨٤ دا (دکتۆر فازیل بەراگ)ی لیوا، بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی دامەزرێنرا تا ساڵی ١٩٨٩. بەراگ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پۆستی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەبوو و خاوەنی شارەزاییەکی فراوان بوو لە کاری ئەمنیدا. بەراگ هەوڵەکانی بۆ ڕێکخستنی کاری هەواڵگریی چڕکردنەوە و دەزگاکەی گۆڕی بۆ دامەزراوەیەکی تۆکمە و بەهێز، بڕیاری مەنهەجیەتی (بەرنامەی کارکردنی) کاری هەواڵگریی و سیستەمی مامەڵەکردنی زانیارییەکان و سیستەمی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان درا لەگەڵ بڕیاری دەسەڵاتەکان، بە دەستپێکردن لە ئەفسەرانی بەدواداچوونەوە بۆ سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری لق (مدیر الشعبة) و بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتیەکە پاشان بەڕێوەبەری گشتیی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە. هەموو جومگەیەکیش دەیزانی ئەو دەسەڵاتانە چین کە پێویستە کاریان پێبکات، وەکچۆن چاویش خشێندرایەوە بە پێکهاتەی دەزگاکە و دیاریکردنی ئەو پسپۆڕێتیانەی لە کارکردن لە هەواڵگریدا پێویستن، زۆرێک لە ئەفسەرەکانیش بۆ فەرمانگەکانی حکومەت گواستراندەوە بەهۆی نەگونجاوی پسپۆڕێتیەکانیان، بەمەش دەزگاکە بوو بە دامەزراوەیەکی هەواڵگریانەی تۆکمە و چەسپاوی مەحکوم بە ڕێنمایی و دیسپلیگەلێک هاوشێوەی دەستوور. لە ساڵی ١٩٨٩دا، دکتۆر فازیل بەراگ گواستراییەوە وەک ڕاوێژکارێک بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. لە ساڵی ١٩٩٣شدا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا لەبەر چەند هۆکارێکی پەیوەست بە هەڵوێستیەوە لە داگیرکردنی

کوێت و دوژمنکاری شەخسی لەگەڵ هەندێک لە پایەکانی دەسەڵاتدا و چەند تۆمەتێکی بەکرێگیراوی بۆ دەوڵەتێکی بیانی کە ڕاستیەکەیان دڵنیانەبوو.

لە ساڵی ١٩٨٩ دا یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ چالاکییەکان (معاون مدير الجهاز للعمليات) (فازیڵ سلفیج عەزاوی)، ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی لە ئەستۆگرت تەنیا بۆ ماوەی چوارمانگ، لە ڕاستیشدا (فازیڵ سلفیج) حەزی بەکارکردن لە دەزگای هەواڵگریدا نەبوو، بەڵکو سەرۆک ناچاری کرد ببێتە یاریدەدەری و ئەو مەیلی بە لای کاری دیبلۆماسیدا هەبوو.

لە ساڵی ١٩٨٩، (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن) کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، پێشتر پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی قەڵاچۆکردنی سیخوری هەبوو لە زەمەنی بەرزان تکریتیدا. بوونی سەبعاوی لە لوتکەی هەواڵگریدا پشتیوانێکی مەعنەویانەی بە دەزگاکە بەخشی، توند بوو، مەیلی بەلای سزادانی قورسدا هەبوو بۆ سادەترین شت. بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا درا لەلایەن دادگاکانی داگیرکاری ئەمریکییەوە، لە زیندانی (الحوت) دا لە ناسرێیە مرد لە ٨ی یۆلیۆ/تەموزی ٢٠١٣ دا.

لە ساڵی ١٩٩٢ فەریق ڕوکن (سابیر عەبدولعەزیز ئەلدووری) کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، لەو کاتەدا پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی هەبوو، شارەزایەکی زۆری لەکاری هەواڵگریدا هەبوو، کە سەرکەوتووانە کاری هەواڵگریی سەربازی و هەواڵگریی تێکەڵ کردبوو، ئاسۆگەلێکی نوێشی بە ڕووی کاری هەواڵگریی و بەداواداچوونەوەدا کردەوە و لقێکی تایبەتی لە ئۆفیسی تایبەتیدا بنیادنا کە بە لقی بەدواداچوون (شعبة المتابعة) ناونرا، ئەرکەکەشی پشکنینی دۆسیەکان و خستنەڕووی سەرنجە بۆ

بەڕێوەبەری دەزگاکە و بەداواداچوونی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و فەرمانی سەرۆکیش.

ڕێنمایی و پەراوێزەکانی (فەریق سابیر) تەقلیدی نەبوون و دەستەواژە زانراوەکانیان تێپەڕاندبوو (بە سەرچاو، چاودێریم کرد، بەڵێ) بەڵکو فەرمان و ڕێنمایی بۆ بەهێزکردنی کارەکە و بردنی بەدواداچوونە هەواڵگرییەکان بەرەو ڕەوتی نوێتر دەردەکرد، بەردەوامیش داوای ئەوەی دەکرد لە ئەنجامەکان ئاگادار بکرێتەوە، دۆخێک کە دینامیکیەت و جموجوولێ خستبووە کاری پێکهاتەکانەوە بە ئاراستەی داهێنان و گرتنەبەری ڕێکاری نوێ کە ئەفسەرەکان هانبدات بۆ پیادەکردنی ڕێنماییەکان و بۆ ئەوەش کە جارێکی دیکە و لەکاتێکی دیاریکراودا بیانخاتە بەردەم بەرێوەبەری دەزگاکە. بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەردا درا لەلایەن دادگاکانی داگیرکاریی ئەمریکییەوە، تا بەرواری دەرچوونی ئەم کتێبەش هێشتا هەر لە زیندانداید.

لە ساڵی ١٩٩٥ دا (دووری) کرا بە پارێزگاری کەربەلا، (مانع عەبدولرەشید تکریتی) وەک بەڕێوەبەرێکی نوێی دەزگای هەواڵگریی دانرا، کە کوڕی دەزگای هەواڵگرییە و پێشتر کاری لە دەزگاکەدا کردووە و چەند پۆستێکی پێدراوە. کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە، ڕووبەڕووی سکرتێری سەرۆککۆمار (فەریق عەبد حەمود) بۆتەوە، هەوڵیداوە ڕێگری لێ بکات لە دەستوەردانە کاروباری دەزگاکەوە، بەڵام ئەم ململانێیە بە نەرێنی شکایەوە بەهۆی ئەو وێنە خراپەوە کە سکرتێرەکە بۆ سەرۆکی گواستۆتەوە، هەروەها بووە هۆی ئەوەی پاڵ بە سەدام حسێنەوە بنێت بۆ ئەوەی جارێکیان کۆبوونەوە بە کادری دەزگاکە بکات و بە

تووڕەییەوە سەرزەنشتیان بکات، ئێستا لە یەکێک لە دەوڵەتانی دورگەی عەرەبیدا نیشتەجێیە.

لە ساڵی ١٩٩٨ دا، (رافیع دەحام مجول) کرا بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، کە پێشتر پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لەناوبردنی سیخوڕی هەبوو، پاشانیش بەڵێوزی عێراق لە تورکیا، بەڵام ساڵێکی تەواو نەکرد کە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و دوای چەند ڕۆژێکی کەم کۆچی دوایی کرد. ئاماژەش بۆ ئەوە دەکرێت کاتێک وەک بالێوز لە تورکیا کاری کردووە لەژێر چاودێریدا بووە (لاقیتەیەک بە چلچرا هەڵواسراوەکەی بنمچی ئۆفیسەکەیەوە دانراوە) بۆ گوێگرتن لە پەیوەندیی و دیدارەکانی، هۆکارەکانی بەدواداچوونەکەش ڕوون نەبوون لەو ڕووەوە کە بەبێ ئاگەداری سەرۆک بەڕێوەچوون، پەیوەندیی گەشتیارەکە لەو کاتەدا لەگەڵ بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگیریدا لە ئەنقەرە باش بووە و بابەتی بەدواداچوونەکەی بە دزییەوە بۆ دەرخستووە. دوای ئەوەش وەک بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی خرایە سەر کار، داوای دۆسیەی بەدواداچوونی تایبەت بەخۆی کرد، ئەوانەی بەرپرسی دۆسیەکە بوون هەوڵیاندا هەندێک لە دۆکیمینتەکان بشارنەوە لە پێناو نەوروژاندنی فیتنەدا، ئەوەی کە دەگەڕا دۆسیەکەی دەستکەوت، بەڵام ئەوەی بە دڵ نەبوو کە تێیدا هاتووە و هیچ کەسێکی سزا نەدا و هەستیار نەبوو بە بابەتی بەدواداچوونەکە چونکە لە میکانیزمی کاری دەوڵەت و دەزگای هەواڵگریی تێدەگەشت، کەسێکی هێمن بوو، دوای ماوەیەکی کەم لە گواستنەوەکەی وەفاتی کرد، تەواوی ئەندامانی دەزگاکە لە بەڕێکردنی تەرمەکەیدا ئامادەبوون.

لە سالّی ١٩٩٩دا (فەریق تاهیر جەلیل حەبوش) بوو بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، پێش ئەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پۆستی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەبووە و بە ئەزموون بووە لە کاری ئەمنیدا، نۆ کتێبی هەیە دەربارەی چەند بابەتێکی جیاوازی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بە تووندی پشتگیری لە ئەفسەرانی بەدواداچوون دەکرد، کەمتەرخەمی نەکرد لە خەرجکردنی هەر بڕە پارەیەکدا بەو مەرجەی سودێکی گرنگی هەواڵگریانەی لە بابەتەکەدا بەدی کردبێت، بەدواداچوویەکی خێرا و یەکلاکەرەوە لە کاردا. دوای ئەوەی هێزە ئەمریکییەکان دەگەنە بەغدا و هێزەکانی پاسەوانی کۆماری- گاردی کۆماری- پاسەوانی تایبەت تێکدەشکێنن، حەبوش بەغدا بەجێدەهێڵێت، لە ڕۆژی ٥ی ئەپریل/ نیسانی ٢٠٠٣ دا دوای ئەوەی فەرمانێکی لە (سەدام حسێن) وەرگرت بە پشکنینی ڕێگای بەغدا تکریت بۆ ماوەی ٨٠کم لە باکووری بەغدا بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا ڕێگەکە ئەمینە یان نا، پاشان ڕووی لە پارێزگای ئەنبار کرد و ڕۆیشت بۆ سوریا، پاشان وازی لێ هێنا و لە شوێنێکی نە ناسراودا جێگیر بوو. خۆشاردنەوەکەی غەڵبەغەڵبێکی فراوانی دروستکرد لە ڕیزەکانی دەزگاکەداو بە ناپاکی تۆمەتبار کرا، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتەکە تەنیا خەملاندنی هەڵوێستێکی هەڵە بوو کە ئەو سێ ڕۆژ پێش زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی شاری بەغدای بەجێهێشت.

لە بەرواری ٦ی ئەپریل/نیسانی ٢٠٠٣ دا، (عەقید خالید نەجم) دانرا وەک بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پێش داگیرکردنی بەغدا پۆستەکەی پرکردەوە، دواتر هێزە ئەمریکییەکان دەستیان بەسەردا گرت. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٩ی ئەپریل/نیسانی ٢٠٠٣، ڕۆیشت بۆ سوریا و گەڕایەوە، کە هێزە ئەمریکییەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ بەندیان کرد.

حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە من مەبەستم هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرانی دەزگاکە نییە کە هەموویان ڕادەیەکی زۆر لە بەرپرسیارێتیان هەبوو، بەڵکم تەنیا جەختم لەسەر ئەو جیاوازیانە کردۆتەوە کە هەریەکەیان لەوانی تر جیادەکاتەوە.

شوێنی مەرکەزی دەزگای هەواڵگریی لە ناوەڕاستی بەغدا بوو لەنێوان مەنسور و حارسیەدا کە سێ باڵەخانەی لە خۆگرتبوو، هەر باڵەخانەیەکش لە سێ نهۆم پێکهاتبوو کە بە ڕاڕەوێکی ناوخۆییەوە پێکەوە پەیوەست کرابوون کە هەرسێ باڵەخانەکەی بە یەکەوە دەبەستەوە، هەر نهۆمێکیش سەد ژووری هەبوو، لەلایەن بەڕێوەبەرێتی لەناوبردنی سیخوڕی و خزمەتی دەرەکی و مەکتەبی تایبەتەوە گیرابوون، لە پاڵ باڵەخانەی ئۆفیسی بەڕێوەبردنی دەزگای هەواڵگریی کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی و هۆڵێکی گەورەشی هەیە بۆ کۆبوونەوەکان و بەڕێوەبەرێتی ئەمنی دەزگاکە.

باڵەخانە مەرکەزیەکەی دەزگاکە چوار جار ڕووبەڕووی وێرانکاری بووە وە لەلایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە، یەکەمیان لە ماوەی جەنگی کوێتدا لە یەنایر/ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دا، دووەمیان لە دوژمنکاری گەڕانەوەی یەکەم لە ٢٧ی یۆنیۆ/حوزەیرانی ١٩٩٣، دوای هەوڵی کوشتنی جۆرج بۆشی باوکی سەرۆکی ئەمریکا کە هەواڵگرییە عێراقییەکان لە کوێتدا پلانیان بۆ دانابوو، سێیەمیشیان لەکاتی پرۆسەی دوژمنکارانەی گەڕانەوەی دووەمدا یان ئەوەی بە (ڕێوی بیابان) ناودەبرێت کە هێزە ئەمریکییەکان لەسەر پێگە عێراقییەکان پیادەیان کرد لە ١٦ی دیسەمبەر/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ دا، دواجاریش لەماوەی داگیرکاری ئەمریکییەوە لە ساڵی ٢٠٠٣. هەموو جارێک باڵەخانەکە نۆژەن دەکرایەوە تەنیا لە لێدانی دواییدا نەبێت کە بۆ هەتاهەتایە کاول کرا.

ـ ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی:

پێش ساڵی ١٩٨٢ ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی لەگەڵ ئەرکەکانی ئاسایشی گشتیی و هەواڵگریی سەربازی بەناوێەکتردا چووبوون، تا ئەرکەکانی هەرسێ دەزگاکە لەیەکتر جیاکرانەوە لە ئەنجامی دوورخستنەوەی بەرزان تکریتی لە سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگری، کە چەند ڕێنماییەکی تونـد و یەکلاکەرەوە لە سەرۆکەوە دەرچوون کە پاپەندبوونی تەواو بەو پسپۆرێتییانەی بەهەر دەزگایەک سپێدراون دەکەن بە کارێکی پێویست، لە حاڵەتی بوونی هەر زانیارییەکیش کە بچێتە چوارچێوەی پسپۆرێتی دەزگاکەی دیکەوە، پێویستە یەکسەر بنێردرێت بۆ دەزگا ئەمنی تایبەتمەند بە بێ هیچ بەدواداچوونێک.

ئامانج و ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی بەم ئەرکانەی خوارەوە دیاریکراون:

١. بەرهەڵستیکردنی جدی بۆ هەر پرۆسەیەکی پێلانگێڕی کە کەسی سەرۆک (سەدام حسێن) و ئەندامانی سەرکردایەتی بە ئامانج بکرێت، دانانی ئەمە بە لە پێشینەییەکی ڕەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ئاماژەیەکدا، هەروەها پێویستە لەسەر دەزگای هەواڵگریی دەمودەست بکەوێتە جموجۆڵ لە کاتی دەستخستنی هەر زانیارییەک دەربارەی ڕوودانی هەوڵی کودەتا یان پرۆسەی کووشتن، لەو ڕوانگەیەوە کە پێویستە یەکسەر سەرۆک زانیاریی پێبدرێت سەبارەت بە پێداوەکان و گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەکانی وردبینی، ئەگەر زانیارییەکان ئاماژەیان بە کارێک دەکرد کە ئەگەری ڕوودانی هەبێت، بەڵام ئەگەر پرۆسەکە پلانی بۆ دانرابێت لە چەند

قۆناغێکدا، پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت بۆ گەیشتن بە سەرجەم هێڵەکانی پیکانگێڕییەکە و بەدەستهێنانی بەڵگەو لەوێشەوە شکستپێهێنانی.

٢. بەرهەڵستیکردنی کۆی چالاکییەکانی هەواڵگرییە بیانییە سیخوڕییەکان لە عێراقدا کە ئامانجیان دزەکردن و ئامادەکردنی عێراقییەکان و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگرییانەیە دەربارەی نهێنییەکانی دەوڵەت، هەروەها ئەو پرۆسە هەواڵگرییانەی ئامانجیان دامەزراوە عێراقیەکانە لە دەرەوە وەک: باڵێۆزخانەکان و کۆنسوڵیەتەکان و ئۆفیسەکانی هێڵەکان و ئەو قوتابیە عێراقیانەی بۆ خوێندنی مەدەنی و سەربازی بۆ دەرەوە ڕەوانە کراون.

٣. کەشفکردنی پڕۆسەکانی وێرانکاری ئابووریی و فیکریی و کۆمەڵایەتیی کە دەستە و دامەزراوە بیانییەکان ئەنجامی دەدەن، ئیتر هەواڵگرییانە بن یان مەدەنی، وەک کۆمپانیاکان لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆژە ئابووری و پیشەسازییەکان و ژێرخانەکان لەناو عێراقدا، هەروەها پڕۆسەکانی هەرەشەکردن لە کەلتووری فیکری کۆمەڵگە و شوناسە ئاینی و عەرەبییەکەی.

٤. کەشفکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی ئیداریی پەیوەست بە لایەنێکی بیانییەوە و کارکردن لەسەر شکستهێنانی و ناردنی تۆمەتباران بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

٥. کەشـــفکردنی نیـــازە دوژمنکارانەکـــان بەر لە ڕووداونیـــان و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ بەرهەڵستیکردنیان و هەوڵدان بۆ لەباربردنیان.

٦. بەرهەڵستیکردنی سەرجەم کارە تیرۆرستییەکانی پەیوەست بە فاکتەرێکی دەرەکییەوە و ڕێگرتن لە ڕووداونی هەر چالاکییەک کە ئامـانخی ئەمنـی نـاوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت بێت، هەروەهـا ئەو کـارانەی ئامانجیـان دەوڵەتـانی هـاوڕێیە و گـرتنەبەری کـۆی ئەو ڕێکـارانەی پێویسـتن بـۆ دورخسـتنەوەی دوژمـن کاتێـک ژیـانی عێراقییەکان یان ئەفسەرانی هەواڵگریی لە ناوەوە و دەرەوەدا بە ئامانج دەگرێت.

٧. کـارکردن بـۆ دۆزیـنەوەی سـەرچاوە لە پـێگە گرنگەکانـدا بە ئامـانجی کـاریگەری بـۆ سـەر بڕیـاری سیاسـی لە دەوڵەتـی ئامانجدا.

٨. مومارەسـەکردنی کـاری دیپلۆماسـی کە پیشـتیوانی کـارکردن لە وەزارەتی دەرەوەدا بکات لە هەڵومەرجە نائاساییەکاندا (الظروف الاسـتثنائية) بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەری بـۆ سـەر ڕای گشـتیی نێودەوڵەتی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی.

٩. بەرهەڵسـتیکردنی بازرگـانی مـادە هۆشـبەرەکان و پڕۆسـە قاچاخچییەکـانی دیکە لەڕێگەی سـنوورەوە کە کاریگەرییـان بـۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق دەبێت.

١٠.دەستەبەکردنی کەناڵی نهێنی لەگەڵ دوژمنان و نەیاراندا بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەری ناکۆکییەکان بە مەبەستی دورکەوتنەوە لە پێکدادانی سەربازی، ئەوەندەی لە توانادا بێت.

١١.بەشداریکردن لە پلانەکانی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ لە کاتەکانی جەنگدا، لەرێگەی پیادەکردنی پلانی بڵاوبوونەوەی جوگرافی لە بەغدادا بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی گشتیی بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ئاسایش هەرکاتێک پێویست بکات.

بەشی دووەم

ستراتیژی کاری دەزگای هەواڵگریی

ستراتیژی کاری دەزگای هەواڵگریی جەخت لەسەر ئەو سیاسەتە گشتییە دەکات کە ڕژێم و پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بواری چالاک و زیندوو و پەرەسەندن وهەڵومەرجەکانی هەموو قۆناغێک پەیڕەوی لێ دەکەن، هەروەها هاوکاریکردنی سەرکردایەتی لە داڕشتنی بڕیارە ستراتیژییەکاندا لە کایە سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئەمنییەکاندا. لەکاتێکدا کە دەزگای پێشووی هەواڵگریی عێراق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری نەدەکرد لە داڕشتنی بڕیارەکاند بەڵکو تەنیا ئەو زانیارییانەی دەخستە بەردەم داڕێژەرانی بڕیار کە هەیبوو و لە کۆتاییدا ئەوان بوون کە بڕیاریان دەدا.

ستراتیژەکانی کارکردن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت بەگوێرەی پەرەسەندنە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکان و هەڵومەرجە تایبەتەکانی هەموو قۆناغێک، ڕێکارەکانی دانانی ستراتیژییەتیش ئامانجیان دیاریکردنی ئەو مەترسی و ئاڵنگارییانەیە کە خۆیان دەسەپێنن بەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و دەزگا هەواڵگرییەکان وەک جەنگی عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوێت و پڕۆسەکانی داماڵینی چەکی وێرانکاری گشتگیر و ئابڵۆقەی ئابووری و دابڕینی دیپلۆماسی و کەمی داهاتە دارایییەکان و کێشەکانی دوبەرەکێتی حسێن کاملی زاوای سەرۆک لە ساڵی ١٩٩٥ دا.

لە ڕوانگەی زۆری ئاڵەنگارییەکان و گەورەیی قەبارەکانیانەوە لە سایەی ئەو فاکتەرانەدا، دەزگاکە پشتی بە شێوازی کارکردنی هێرشکاران و لە هەمان کاتدا بەرگریکردنی تونـد بەستووە، بە شێوەیەکی تەنیا و بە بێ پشتبەستن بە خزمەتگوزارییەکانی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان، هەندێک گۆڕانکارییش لە قۆناغگەلێکی دیاریکراودا ڕوویاندا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە

ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ هەریەک لە میسر و ئەردەن و یەمەن و سعوودیەدا کە دوای داگیرکردنی کوێت بەخێرایی دارمان.

ستراتیژیەتی دەزگاکە لە پەرەپێدانی تواناکانیدا لە سەرەتاکانیدا پشتی بە شارەزاییە بیانییەکان بەست. لەوێشەوە هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانی خۆی دا لە ئەزموونە خودییەکانیدا، کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی و پەیمانگەی ئامادەکردن و ڕاهێنان و سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیگەی پەرەپێدانی بەکارهێنانی تەقەمەنی و دروستکردنی، مادەی تایبەتی دامەزراند، لەگەڵ پەرەپێدانی کەرتی پەیوەندییەکان و سیستەمی کۆدی پشت پێ بەستراو لە ناردنی پەیامەکاندا لەگەڵ وێستگە و لقەکانی هەواڵگریدا، هەروەها دەزگای تایبەتی تەرخانکراو بۆ لەناوبردنی تیرۆر و پیادەکانی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان (العمليات الخاصة) دامەزراند.

هەروەها دەزگاکە ڕووکاریی هەواڵگرییانەی بازرگانیشی دامەزراند، وەک چێشتخانە و ستۆدیۆکان و میوانخانە لەناو عێراق و دەرەوەیدا بە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهانەوە. بەشداریان کرد لە پشتیوانیکردنی پڕۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی و دەستەبەرکردنی هەلی هەواڵگرانە، هەروەها بەشداریشیان کرد لە سووککردنی ئەرکە داراییەکان لە هەڵومەرجەکانی ئابلۆقەدا. دەزگاکە خاوەنی سنووری ٢٢٠ ملیۆن دۆلار بوو لە حساباتی بانکیانەی دەرەکیدا هەتا ساڵی ٢٠٠٣.

دەزگاکە چەندین سەرکەوتنی نایابی بەدەستهێنا لە پڕۆسەکانی ئامادەکردنی ستراتیژی ئەفسەرانی هەواڵگریدا لە میانی ڕێکخستنی ڕێکاری نهینی و دەستەبەرکردنی سەرجەم ڕێگاکانی ئامادەکردنی ئەفسەرانی لە ئامانجە

ستراتیژییەکاندا لەناو ژمارەیەک لە دەوڵەتانی گرنگدا، لە ناویشیاندا ئەمریکا و ئیسرائیل.

لە بواری زمانەکانیشدا. زۆریک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی نێردراونەتە دەرەوە بۆ خوێندنی زمانە بیانییەکان. بەتایبەتیش ئەوانەیان کە لەناو عێراقدا ناخوێنرێن و بەشیان نییە، وەک زمانی ژاپۆنی و چینی و زمانەکانی کەنارە ئەفریقییەکان و ئۆردو.

لەسەرەتای هەشتاکاندا و لەکاتی ئامادەکارییەکانی لوتکەی دەوڵەتانی بێلایەن کە لە بەغدا بڕیار درابوو لە ساڵی ١٩٨٢، دەزگای هەواڵگریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەری هەواڵگریی بۆ سەرجەم ئەو دەوڵەتانە نارد کە بڕیار بوو سەرۆکەکانیان ئامادەببن، تەنانەت دەوڵەتە بچکۆلەکانی وەک دورگەکانی مانگ و موریشیوش و هی تریش لەو دەوڵەتە هەژارانەی پەیوەندیی دیپلۆماسیانەیان لەگەڵ عێراقدا نەبووە، لەپێناو خوێندنی زمانە لۆکاڵییەکان و ئاشنابوون بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی دەستەبژێرێک لە ئەفسەری هەواڵگریی بۆ یاوەریکردنی شاندەکان لەکاتی کۆبوونەوەکانی لوتکەکەدا کە بەهۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەستی پێ کرد، ئەو کۆنگرەیە نە بەسترا.

دەزگای هەواڵگریی لە ماوەی هەشتاکاندا و لەکاتی جەنگدا لەگەڵ ئێران، جەختی کردەوە لەسەر ستراتیژییەتی هێرشکارانە لە پڕۆسە و ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییەکاندا، چەند وێستگەیەکی هەواڵگرییشی دامەزراند بە تەواوی تاقمەکانیانەوە لە زیاتر لە سەد دەوڵەتدا، بەڵام هەلومەرجی ئابڵۆقەی ئابووری و دابڕانی دیپلۆماسی بووە مایەی پاشەکشەیەکی زۆر لە کاری وێستگەکاندا دوای ئەوەی زۆربەی باڵێۆزخانەکانی داخران، کاری هێڵە ئاسمانییە عێراقییەکانیش

وەستان و ئۆفیسەکانیان داخران. دەست گیرا بە سەر سەرجەم کەلوپەل و بنەما عێراقییەکاندا لە دەرەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی قەبارەی دەرمالّەی دارایی سالّانە بۆ ئاستی پێوانەیی لە ئەنجامی ئەو سزایانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێتەوە سەپێنران.

سەبارەت بە ستراتیژی بەرگریکردنیش، بەڕێوەبەرێتی لەناوبردنی سێخۆڕی و بەڕێوەبەرێیتیەکانی هەوالّگریی ناوچەکان لە پارێزگاکان و بەڕێوەبەرێتی چالاکی دژ، ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، سەرجەم ئەو کەلێنانەش گیران کە ئەگەری هەبوو لە ڕێگەیانەوە کاری نەیارانەی هەوالّگرانە دزە بکات، جگەلە هۆڕ و زۆنگاوەکان کە ئێران بەکاری هێنان بۆ ئەنجامدانی هێرشی دوژمنکارانە، ناوچەی باکووریش دوای ئەوەی کوردستان لە بەغدا دابڕێنرا لە ساڵی ١٩٩١ دا، بوو بە خاوەنی ئۆتۆنۆمییەک بە پشتیوانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان چڕکرانەوە بۆ بنبڕکردنی سیخۆڕی و بەڕێوەبەرێتی چالاکی نەیارانە و هەوالّگریی سەربازی لە گۆڕەپانی کوردیدا، هەروەها لیژنەی هاوبەشیس پێکهێنران بۆ بەدواداچوونی پەرەسەندن و پێشکەوتنە هەوالّگرییەکان، بە تایبەتیش چالاکییەکانی هەوالّگریی ئەمریکی CIA و دەزگا نەیارەکانی دیکە.

هەروەها دۆخەکە لەگەڵ گۆڕەپانی ئەردەنیشدا بە هەمان شێوە، کە کراوەیە لە بەردەم چالاکی نەیارانەدا بەهۆی ئامادەبوونی خەڵکانێکی زۆری عێراقی تێیدا، لەگەڵ ئاسانی جموجۆڵ لەنێوان عەمان و عێراقدا، چاوپۆشی شانیشینەکەش لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. دەزگاکە ڕووبەڕووی ئەوە بووە وە لە ڕێگەی بەهێزکردنی وێستگەی عەمان و دامەزراندنی جەند ئەفسەرێکی هەوالّگریی تێیدا

که له حەوت ئەفسەر کەمتر نەبوون، له پاڵ ئامادەبوونی هەواڵگرییانەی نافەرمی بەردەوام له گۆڕەپانی ئەردەنیدا.

دەزگای هەواڵگریی ستراتیژیکی کارای هەبوو له دوورخستنەوە و تۆقاندنی بکوژان، بە تایبەتیش ئەوانەی ئەفسەرانی هەواڵگریی عێراقییان له یۆنان و پاکستان و قوبرس و تورکیا غافڵکوژ کرد، کە دەزگاکە توانی بگات بەوانەی لەو تاوانانەوە گلاوە و پاکتاویان بکات، هەروەک دەزگاکە ئۆپەراسیۆنی ئیغتیالکردنی دژی هەندێک له نەیاران و ئەفسەرانی هەواڵگریی عێراقی پیادەکرد کە لەبەر هۆکارگەلێکی تەمومژاوی له دەزگاکە جیابوونەتەوە، داوای پەنابەرییان له چەند وڵاتێکی بیانی کردووە. دەشمانەوێت پێداگری لەوە بکەین کە ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان بە فەرمانێک لەلایەن سەرۆک سەدام حسێنەوە له ساڵی ١٩٩٤ دا ڕاگیراوە.

سەرکردایەتی پشتگیری کرد بە زانیاریی نهێنی پێویست دەربارەی دوژمنان و نەیاران و هاوڕێیانیش بۆ یارمەتیدانی گرتنەبەری بڕیاری سیاسی و سەربازی و ئەمنی و داڕشتنی هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان. ئەوەش له میانی دزەکردنە ناو دەزگا گرنگە دیاریکراوەکان له نەخشەی ئامانجەکاندا بە ئاکام دەگات، لەگەڵ بەدەستهێنانی سەرچاوە بۆ زانیاریی تێیاندا، و دامەزراندنی پەیوەندیی گشتیی لەگەڵ ئەوانەدا کە کاریان تێدا دەکەن.

ـ بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگریی:

بەرنامە (میتۆد و مەنهەجیەت) بریتییە لە کۆمەڵێک لەو ڕێسا و ڕێنماییانەی میکانیزمەکانی کارکردنی دەزگاکە ڕێکدەخات، کارێکی سەختیشە بۆ هەر ئەفسەرێکی هەواڵگریی کە شارەزایی لە سەرجەم بەرنامەی کارکردنی پێکهاتە هەواڵگرییەکان هەبێت، بەڵام ئێمە لێرەدا جەخت دەکەینە سەر میکانیزمەکانی کارکردنی خزمەتی نهێنی دەرەکی م٤، بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی گشتیی م٥، هەندێک لە بەڕێوەبەرێیتیە باوەکانی کاری هەواڵگری، میکانیزمەکانی پۆلینکردنی دەوڵەتان و دیاریکردنی لە پێشینەکان و مەیدانەکانی هەواڵگریی و هەیکەلی ئیداری و ڕێکخراوی دەزگای هەواڵگریی دەخەینەڕوو.

میکانیزمەکانی پۆلێنکردنی دەوڵەتان؛ فاکتەرە میژوویی و سیاسی و فیکری و جوگرافی و سەربازی و ئابووریەکان و سروشتی سیستەمەکانیش ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە پۆلینکردنی دەوڵەتاندا لەسەر بنەمای هەڕەشەکردنیان لە ئاسایشی نەتەوەیی و کاریگەرییان یان پەیوەندییان لە بواری سەرەکی عێراقدا، دۆخی دوژمنکاری و تەماعە فراوانخوازییەکان و ئایدیۆلۆژییە تونڕەوەکان، لەسەر ئەم بناغەیەش دەوڵەتەکان بۆ سێ جۆر پۆلین دەکرێن:

یەکەم: ئەو دەوڵەتانەی بە دوژمن پۆلێن دەکرێن: ئەو دەوڵەتانەی کە یان لە دۆخی بەردەوامی جەنگدا دەبن یان لە جەنگی کاتییدا دەبن، بۆ نموونە ئیسرائیل بەگوێرەی تێڕوانینی سەرکردایەتی بە دەوڵەتێکی دوژمن دادەنرێت بەشێوەیەکی دەردەوام لەژێر هەر هەڵومەرجێکدا بێت.

لەماوەی جەنگ لەگەڵ ئێراندا ئێران بە دەوڵەتێکی دوژمن پۆلێن کرا و پاشان پۆلێنکردنەکە پاشەکشەی کرد بۆ دەوڵەتی نەیار لە ماوەیەکی دواتری نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، بەگوێرەی تێگەیشتنی میژوویی و جیۆسیاسی و ئایدیۆلۆژی و تەماعە میژوویەکانمان ئێران ناکرێت دەوڵەتیکی هاوڕێی عێراق بێت بەڵکو هەمیشە بە نەیار دەمەێنێتەوە.

ئەگەر میژوو بگەڕێنینەوە دەبینین ئێران پێنج جار عێراقی داگیرکردووە، سنووردێکی هاوبەشیشمان لەگەڵیدا هەیە بە درێژایی (١٤٥٨کم). هەروەها گرنگترین سەرچاوەکانی ئاوی ڕووباری دیجلە و ناوچە خۆرهەڵاتییەکان لە ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت، وەکچۆن کێڵگەی نەوتی هاوبەشیش هەیە لە ناوچەکانی خانەقین و کوت و عەمارە و کێشەی شەتولعەرەب، جگەلە ئاڕاستەی فەرمانڕەواکانی ئێران کە داوای ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ عێراق دەکەن، لە پاڵ بوونی هەندێک لە عێراقییەکانیش لەوانەی پشتیوان و دڵسۆزی ئیمام خومەینی و خامنەئی جێگری ئەون و شوێنیان دەکەون، نیشتیمانپەروەری هیچ شوێنێکی لەبیرکردنەوەیاندا نییە. واقیعی تاڵی دەستوەردانی ئێرانیش لەکاتی داگیرکردنی ئەمەریکادا ئەوەی سەلماند، لەگەڵ ئەو چالاکییە نەرینیەشدا کە بە دوایدا هات لە وێرانکردنی بونیادی کۆمەڵگەی عێراقی.

لە هەشتاکاندا شانشینی عەرەبی سعوودی وەک دەوڵەتی هاوڕێ پۆلێنکرابوو، بەڵام لەدوای داگیرکردنی کوێت لە سەرەتای نەوەدەکاندا سعوودیە گۆڕدرا بۆ دەوڵەتیکی دوژمن، پاشان پۆلینکردنەکەی پاشەکشەی کرد بۆ دەوڵەتی نەیار لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا. سعوودیە وەک سیستەم و وەک جوگرافیاش بە

دەوڵەتێک دەمێنێتەوە کە لە هاوڕێتییەوە نزیکترە وەک لە نەیارێتی و دوژمنێتی، سروشتی فەرمانڕەوایەتیش لە بەغدا ئەوە دیاری دەکات.

بابەتەکە سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەر وایە کە نەیار (خصم)ی عێراق بوو لەکاتی فەرمانڕەوایەتی سەدام حسێندا، پاشان گۆڕدرا بۆ دوژمن، دوای ئەوەش کە عێراقی داگیرکرد و سیستەمەکەی گۆڕی و دەوڵەتی وێرانکرد بوو بە هاوڕێی هەندێک و دوژمنی هەندێکی تریش.

دووەم: ئەو دەوڵەتانەی بە نەیار (خصم) پۆلێنکراون: تورکیا لە دیدی هەواڵگرییانەدا هەمیشە بە دەوڵەتێکی نەیار بۆ عێراق دادەنرێت، دەکرێت لە هەر کاتێکدا بۆ دەوڵەتێکی دوژمن وەرچەرخێت، ئەوەش بە بوونی چەند فاکتەرێکی هەڵگیرسانی ململانێیەکی چەکدارانە زیاتر لە فاکتەرەکانی پاشەکشەکردنی پۆلێنکردنەکەی بۆ دەوڵەتێکی هاوڕێ. نموونەش بۆ ئەوە بوونی کێشەیەکی بەردەوامە لەسەر دابەشکردنی ئاوی هەردوو ڕووبارى دیجلە و فورات کە لە خاکی تورکیادا هەڵدەقوڵێن، کە تورکیا هەوڵی پیادەکردنی پرەنسیپی (بەرمیلێک ئاو لەبەرامبەر بەرمیلێک نەوت)دا دەدات. وەکچۆن تورکیا تەماعی مێژووییانەشی لە هەردوو شاری موسڵ و کەرکوکدا هەیە هەروەها بوونی بنکەی ئەنجەرلیکی سەربازی ستراتیژی لە باشووری تورکیا سەر بە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی، کە چەکی ئاسمانی ئەمریکی سەرپەرەشتی خستنەگەڕی دەکات، لە پاڵ دەستێوەردانەکانی هەواڵگریی تورکی و هەوڵەکانی دامەزراندنی ڕێکخستنی نهێنی کە بانگەواز بۆ پاشکۆیەتی تورکیا بکەن لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی.

ئەو هەڕەشانەی ئاسایشی نەتەوەیی کە لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرن دەیکەنە دەوڵەتێکی هەمیشە نەیار (خصم) کە دەکرێت بۆ دەوڵەتیکی دوژمن بگۆڕدرێت و ناکرێت هیچ کاتێک ببێتە دەوڵەتیکی دۆست.

بەڵام سوریا وەک دەوڵەتیکی نەیاری بەردەوام پۆلێنکراوە لە کۆدەتایەکی حافز ئەسەد و بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە (الحركة التصحيحية) لە ساڵی ١٩٧٠ وە، زیادبوونی کەلێنی کەرتبوونی نێوان هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس لە هەریەک لە سوریا و عێراق و ململانێ لەسەر سەرۆکایەتیکردنی فیکری نەتەوەیی عەرەبی، کە هەردوولا کەوتنە ناو ململانێیەکی سەختی هەواڵگرییانە کە پڕۆسەی تەقاندنەوەی ئامانجگەلێکی گرنگی لەخۆگرت لە هەردوو وڵاتدا، هەروەک هەردوولا هەوڵی هەڵتەکاندنی ڕژێمیاندا لە وڵاتەکەی دیکەدا بە هەموو جۆرە هۆکارێک، بە تایبەتیش لە شەڕی عێراق-ئێران دا، وەستانی سوریا لە پاڵ ئێران و وەستاندنی هێڵی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لەڕێگەی بەندەری بانیاسی سوورییەوە، ئەم بڕیارە کاریگەرییەکی نەرێنی هەبوو لە دابەزینی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ پستیوانیکردنی هەوڵەکانی جەنگ.

لەراستیدا دیدی دەزگاکە بەو شێوەیە بوو کە ناکرێت سوریا بە دەوڵەتێکی دوژمن دابنرێت، بەهۆی نەبوونی هۆکاری هەڵگیرسانی ململانێیەکی چەکدارانە لەگەڵیدا، لەو ڕوانگەیەوە کە عێراق هیچ نیازێکی نەبوو بۆ هێرشکردنە سەر سوریە، لەبەرامبەردا سوریاش نە نیاز و نەتواناشی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەوە، بەڵکو بیروباوەڕی باو لە دەزگاکەدا بریتی بوو لە ئەگەری ئەوەی کە سوریا لە نەیارەوە بۆ دۆست بگۆڕدرێت، ئەمیش لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویدا.

سێیەم: ئەو دەوڵەتانەی بە دۆست پۆلێنکراون: بریتین لەو کۆمەڵە دەوڵەتانەی کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ستراتیژییان نییە، هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی عێراق دروست ناکەن، بەڵام لەناو کایەی بنەڕەتی و جەوهەری چالاکی سیاسی هەواڵگریی عێراقدا دادەنرێت، دەشکرێت ئەم دەوڵەتانە پۆلێنکردنەکەیان لە دەوڵەتی دۆستەوە بگۆڕدرێت بۆ دەوڵەتی نەیار (الخصم) بەڵام ئەگەری ئەوە نییە ببنە دوژمن مەگەر یەکێک لە لایەنەکان جگەلەوە هەڵبژێرێت وەک ئەوەی لە داگیرکردنی کوێتدا ڕوویدا، کە سەرجەم ڕێساکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پۆلێنکردنەکانی گۆری. شانشینی ئەردەنی هاشمی و میسر و لوبنان و دەوڵەتانی کەنداو و باکووری ئەفریقیا دەوڵەتانێکی دۆستن، بەشێکی گرنگ لە بواری بنەڕەتی چالاکی هەواڵگریی عێراقی پێکدەهێنن بۆ پشتیوانیکردنی کاری سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسی بۆ ڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە گەورانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە.

عێراق هیچ پەیوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ دەوڵەتێکدا نەبووە کە گەیشتبێتە ئاستی هاوپەیمانێتی (هاوپەیمان) جگەلە یەکێتی سۆڤێت کە لە ساڵی ١٩٩٠ دا داڕما، پاشان لە چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوورییەکانییەوە گلاوە، هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی نەگرتەبەر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا کە چەند بڕیارێکی دەرکرد بووە مایەی جەنگی دووەمی کەنداو.

ـ پۆلێنکردنی دەوڵەتان و کەیسەکان بەگوێرەی لەپێشینەیی(ئەسبەقیەت):

بەرنامەی کاری دەزگاکە پۆلێنکردنی دەوڵەت و کەیسە گرنگەکانی بەگوێرەی لەپێشینەیی لە بایەخدان و بەدواداچوونداو دیاری کردبوون، بەگوێرەی حاڵەتی هەڕەشەی پلەبەرزی ئاسایشی نەتەوەیی، ئیتر هەڕەشەکە قۆناغیانە بێت یان ستراتیژییانە یان لە دۆخەکانی هەڵگیرسانی شەڕدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ــ **لەپێشینەیی ڕەها:** هەریەک لە ئیسرائیل بەشێوەیەکی بەردەوام و ئێران لەماوەی جەنگی عێراق ئێراندا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە جەنگی ئازادکردنی کوێتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ماوەیەدا کە بڕیاری داگیرکردنی عێراقی دا. ئەمانە هەموویان دەچنە ناو ئەم لەپێشینێتیەوە، لەگەڵ سعوودیەشدا لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێک دژی هەوڵەکانی عێراق وەستایەوە لە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، مەسەلەی دووبەرەکییەکە (إنشقاق)ی حسێن کامیل، بەهۆی ئەو هەڕەشە ڕاستەوخۆیانەوە کە لەسەر ئاسایشی ڕژێم دروستی دەکەن.

لەژێر تیشکی ئەو گۆڕانکارییانەدا پێکهاتەی ئیداری هەندێک لە پێکهاتە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە بەدواداچوونی دەوڵەتانی خاوەن لەپێشینەی ڕەها هەموار دەکرێن یان بڕیاری دیاریکراو دەگیرێتەبەر بۆ دۆخی پۆلێنکراو وەک لەپێشینەی ڕەها (الاسبقية المطلقة).

هەروەک سەرجەم پێکهاتە هەواڵگرییەکان لەپێشینەیی و ئەولەویەت دەدەن بە دواداچوون و جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی گەل کە تایبەتن بە لەپێشینەییە ڕەهاکانەوە. بۆ نموونە پێکهاتەی هەواڵگریی لە بەڕێوەبەرێتی خزمەتی دەرەکیدا کە بەدواداچوون بۆ ئیسرائیل دەکات بە د ٣ ناوەدەبرێت (دەوڵەتبوونی سێیەم یان

دەوڵەتیبوونی ئیسرائیل)، لە چوار لقی هەواڵگریی پێکدێت کە ئامادەکرداوە بە ئەفسەری هەواڵگریی لە پسپۆڕێتییە سەربازییە جیاوازەکان و زمانی عیبری و جوگرافی و زانستەکانی کۆمەڵناسی و کۆی دە میدانە هەواڵگرییەکە.

دەوڵەتیبوونی سێیەم لە ئیسرائیل مافی ناردنی ئەفسەرانی پسپۆڕی هەیە بۆ کارکردن بەرامبەر گۆڕەپانی ئیسرائیل لە زۆرێک لە وێستگەکاندا لە ئەردەن و قوبرس و یۆنان و بەریتانیا و نیۆیۆرک و ئەوروپای خۆرهەڵات و زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی مۆسادی ئیسرائیلی تێیاندا چالاکە.

لە ماوەی جەنگی عێراق ئێراندا، ئێران لە خاوەن لەپێشینەی ڕەهادا پۆلێن کرابوو، سەرجەم پێکهاتە هەواڵگرییەکانیش لە خزمەتکردنی پلانە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتیبوونی دووەم (الدولیة الثانیة) دا دانراون کە تایبەتن بە ئێرانەوە بۆ پشتیوانیکردنی هەوڵە جەنگییە هەواڵگریی و سەربازییەکان.

دۆخەکە سەبارەت بە سعوودیەش بە هەمان شێوەیە، کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا لەپێشینەیی ڕەهای وەرگرت دوای ئەوەی سەرۆکی کۆچکردوو سەدام حوسێن فەرمانێکی دەرکرد بە ڕووخاندنی ڕژێمی پادشایەتی لەو کاتەدا دوای ئەوەی سعوودیە ئەو ڕێکەوتنە ئەمنیەی پێشێل کرد کە لە ساڵی ١٩٨٩دا لەگەڵیدا واژوو کرابوو کە پێویست دەکات ڕێگری بکرێت لە کاری هەواڵگریی لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا و عێراق پابەند بەم ڕێککەوتنە مایەوە تا ساڵی ١٩٩٢. کاتێک سەرۆک داوای لە دەزگاکە کرد ئاگاداری بکات لە سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەی سعوودیە دژی عێراق و هاوڵاتیانمان ئەنجامی داون لە ماوەی شەش مانگی پێش بەرواری داواکردنەکە، هەروەک سعوودیە بە تونڈی بە ڕووی ئەو هەوڵانەدا وەستایەوە کە دەیانویست عێراق بگەڕێننەوە بۆ ڕیزی عەرەبی و هەوڵەکانی بۆ ڕێککەوتن دوای

جەنگی کوێت، پەیوەندیشی بە ئۆپزسیۆنی عێراقییەوە کرد کە لە ئێراندا بوو، بە تایبەتیش بە ئەنجومەنی بالای ئیسلامی، حیزبی دەعوە و کۆمەڵەکەی ئەیاد عەلاوی و هیی تریشەوە کەسەخاوەتمەندانە پشتگیری کردن لە چوارچێوەی هەوڵدانیدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە عێراقدا.

دۆخەکە سەبارەت بە لقی ئەمریکاش هەروابوو کاتێک لەپێشینەیی ڕەهای گرتەبەر لە ماوەی خۆکۆکردنەوەی ئەمریکادا بۆ داگیرکردنی عێراق، سەرجەم پێکهاتەکانی دەزگاکە و ئەو وێستگانەش کە لە دەرەوە بوون هەموویانی خستە خزمەتی هەوڵی هەواڵگرییانە بۆ پلانەکانی کارکردنی لقی ئەمریکا.

٢- لەپێشینەیی یەکەم: بە زۆری دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەگرێتەوە، ئیتر ئەوانەیان کە وەک دەوڵەتانی نەیار یان دوست پۆلێنکراون، وەک: تورکیا و سوریا و سعوودیە و کوێت و ئەردەن، ئێرانیش دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵیدا ساڵی ١٩٨٨.

سروشتی ڕژێمەکان لەم دەوڵەتانەدا و کاریگەرییان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عیراق و ئایدۆلۆژیا و تەماع و مەترسییەکانیش هەموویان چەند فاکتەرێکن کە بەشداری دەکەن لە پۆلێنکردنی دەوڵەتاندا وەک لە پێشینەی یەکەم، کە بە دواداچوون تێیاندا دەکرێت بۆ سەرجەم دە مەیدانەکانی هەواڵگریی کە دواتر ئاماژەیان بۆ دەکەین. بەڵام پێویستیش ناکات هەندێکیان پێکهاتەی هەواڵگرییانەی سەربەخۆیان هەبێت. بۆ نموونە تورکیا و ئێران لەیەک پێکهاتەی هەواڵگرییدا هێمایان بۆ دەکرێت بە ژمارە (٢) یان دەوڵەتی دووەم یان دەوڵەتیبوونی (ئێران و تورکیا) لەخزمەتی دەرەکیدا. لەکاتێکدا کە سەرجەم دەوڵەتانی کەنداو یەک پێکهاتەی هەواڵگرییانەیان هەیە لە ئاستی لق (شعبة) دا کە ناوی لقی کەنداوە

لەناو دەوڵەتیبوونی یەکەمدا (الدولية الأولى) (دەوڵەتە عەرەبییەکان) کە بە (د آ) هێمایان بۆ دەکرێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە بە دڵنیاییەوە باوەڕمان وایە کە سعوودیە یان ئەردەن یاخود سوریا هێڕشی سەربازی بۆ سەر عێراق ئەنجام نادەن، لە کاتێکدا کە دۆخەکە تەواو جیاوازە لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و ئێراندا.

٣- دەوڵەتانی لەپێشینەیی دووەم: میسڕ و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیای عەرەبی دەگرێتەوە کە لە ناو کایەی سەرەکی عێراقدا دادەنرێت، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆیان نییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق. لەم دەوڵەتانەدا بەدواداچوونی سێ مەیدانەکەی هەوالگریی دەکەین کە سیاسی و ئەمنی و سەربازیین و جگەلەمانە تەنیا وەک بایەخپێدان دادەنرێت، لایەن سیاسییەکەش بایەخی یەکەم دەنوێنێت لە هەوڵی هەوالگرانەدا. وەکچۆن دەوڵەتانی هەمیشە ئەندامیش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا جگەلە ئەمریکا لەناو لەپێشینەی دووەمدا پۆلێن دەکرێن بەهۆی گرنگیانەوە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا و کاریگەرییان بۆ سەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش.

٤- دەوڵەتانی بایەخپێدراو (دول الأهتمام): سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی دیکەی جیهان دەگرێتەوە کە ناکەونە ناو پۆلێنکارییەکانی پێشووەوە، بەڵآم ئەگەری هەیە هەندێک لە دەوڵەتان بگۆڕدرێت بۆ لەپێشینەیی دووەم یان لەپێشینەیی یەکەم بەگوێرەی هەڵومەرجی سیاسی یان ئەمنی، بۆ نموونە کاتێک قەزافی ساروخی سکوتی پێدرا دژی بەغدا، لیبیا وەک دەوڵەتێکی دوژمن پۆلێنکراو ڕێکاری پێویستمان لە دژی گرتەبەر.

- بوارەکانی هەوالگریی:

١. بواری سیاسیی: ئەم بوارە پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی دەگرێتەوە دەربارەی سروشتی ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتانی ئامانج، ئیتر ڕژێمی کۆماری بن یان پادشایەتی یاخود هیی تر، وەکچۆن چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوە و وزارەتەکانی دەرەوە و پەرلەمان و ئەو سەرکردانەش دەگرێتەوە کە بەرپرسن لە دارشتتنی بڕیاری سیاسی و ئاڕاستە فیکری و سیاسییەکانیان و ناکۆکییەکانیان و کەلتوور و فەرهەنگەکانیان و هەڵوێستەکانیان لەبەرامبەر کەیسە چارەنووسسازەکانی عێراق بە شێوەیەکی تێروتەسەل.

٢. بواری سەربازیی؛ ئامانجەکان کە دەزگا سەربازییەکان بە تەواوی دەگرێتەوە لەگەڵ جۆرەکانی هێزە سەربازییە وشکانی و ئاسمانی و دەریاییەکان و بیروباوەڕی سەربازی سیستەمی ڕاهێنان و ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی کەرتە سەربازییەکان و چاودێریکردنی جموجۆڵەکانیان، چەکدارکردن و پیشەسازییە جەنگییەکانیش دەچنە ئەم چوارچێوەیەوە.

٣. بواری هەوالگریی: بەدواداچوونی دەزگاکانی هەوالگریی و ئاسایش و چالاکییە سیخوڕییەکانیان دژی ئێمە دەگرێتەوە، لەگەڵ پێکهاتەی ئیداری و پلان و شێوازەکانی کارکردن و سەرچاوەکانی زانیارییەکانیان و دیاریکردنی گرنگترین ئەفسەرانی هەوالگری، ئەوانەی دەست بە دۆسییەی عێراقییەوە و زانیارییە تیرۆتەسەلەکان لەبارەیانەوە دەگرن، بە تایبەتیش

سەبارەت بە ڕووناکبیریان و ئاستی خوێندنیان و ئەو هۆزانەی ئەندامن لێیان، لەگەڵ ناونیشانەکانیان و خێزانەکانیان و ڕۆڵەکانیان و بازنەی پەیوەندییەکانیان و ئارەزوو و خولیاکانیان و کێشە خێزانی و سۆزداریەکانیان.

٤. بواری ئابووریی و بازرگانیی: سەرجەم زانیارییەکانی تایبەت بە سیستەمی ئابووری و پایەکانی و گەشەپێدان و پیشەسازییە ناوخۆییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ئابووری و هێز و تواناکەی بۆ بەرگەگرتنی ئەرکەکانی جەنگ و پشتوانیکردنی هەوڵی جەنگی. هەروەها بواری ئابووری لە گرنگترینی بوارەکانی هەواڵگریی دادەنرێت کە دەزگای هەواڵگریی جەختی دەکاتە سەر، چەندین بەشی تایبەتیشی بۆ دامەزرێنراوە لە پێکهاتە و تەشکیلاتی دەوڵەتانی لەپێشینەیی ڕەها و دەوڵەتانی لەپێشینەیی یەکەم کە وەک نەیار یان دۆست پۆلێنکراون، ئەم بەشە لەلایەن ئەفسەرانی پسپۆڕی کاروباری ئابوورییەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەوەش بە ئامانجی زانینی توانای ئابووری لە ڕووبەڕووونەوەی ئاڵنگارییە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی ئامانج.

٥. بواری میدیایی (ڕاگەیاندن): ئەم بوارە تایبەتمەندە بە کردنەوەی زانیاریی دەربارەی کەرتی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتی ئامانجدا، هۆکارە سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن و هۆکار و ئامرازە حکومییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ئاڕاستەکان و هەڵوێستەکانیان دەگرێتەوە، وەکچۆن پێویستە بگەین بە زانینی زانیاریی تەواو

سەبارەت بە گرنگترین کارەکتەرە کاریگەرەکانی بواری بەرهەمهێنانی میدیایی دژ و هاوسۆز لەگەڵ کێشەکانماندا.

٦. بواری کۆمەڵایەتیی: لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکانی دەوڵەتی مەبەست لەڕووی نەتەوە و ئێتنی و تایفە ئاینییەکان و میکانیزمەکانی مامەڵکردن لەگەڵیاندا و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و کێشە ئەتنی و نەتەوەیی و تایفە ئاینییەکان. هەروەها ئەم فاکتەرانە بە بواربێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ چالاکی هەواڵگریی دەوڵەتی پۆلێنکراو بە دوژمن، وەک ئەوەی سەبارەت بە ئەهوازییە عەرەبەکان و بەلوچ و کوردی ئێرانی ئازەری و نەتەوەکانی دیکە هەیە، هەواڵگریی چەند بەشێکی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی دەرەکیی بەڕێوەبردنی چالاکی مەیدانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا، هەروەها پەیوەندیی هەواڵگرییانەی دامەزراندووە لەگەڵ سەرجەم سەرکردایەتییەکانی ئەو بزوتنەوە و نەتەوانە لە ماوەی جەنگی عێراقی ئێرانیداو، ئەم پەیوەندییە بەردەوام بوو دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و پشتیوانییەکی زۆری بەدەستهێنا لەلایەن دەزگای هەواڵگرییەوە.

٧. بواری تەندروستیی: تایبەتە بە دواداچوونی دۆخی تەندروستی گشتیی لەو دەوڵەتەدا کە ئامانج و مەبەستە، لەگەڵ نەخۆشییە ئامادەکان و ئەو دۆخە تەندروستیانەی تایبەتن بە سەرۆکەکان وەک سەرۆک حافز ئەسەد و شا حوسێن و سەرۆک حوسنی موبارەک و عەقید قەزافی و پادشایانی عەرەب. دەزگاکە چەند بڕگەیەک دادەنێت لە پلانە سالانەییەکاندا بۆ بەدواداچوونی دۆخی

تەندروستی ئەو کەسایەتیانە بەهۆی گرنگییانەوە لە داڕشتنی بڕیاری سیاسی و دیاریکردنی ئایندەی دەوڵەتدا.

٨. بواری جوگرافیی: جوگرافیای زەوی و ئەو داهاتانە دەگرێتەوە کە تێیدان لەگەڵ جوگرافیای ناوچە سنووربیەکان کە دەشێت ببێتە مەیدانێک بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی، هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە پەیوەستن پێیەوە لە تۆپۆگرافیای زەوی و ڕادەی گونجانیان بۆ پرۆسە سەربازییەکان و کێشەکانی ئاو و ئەو جۆرە بابەتانە کە وردەکاری زۆریان هەیە.

٩. بواری ڕووناکبیریی و خوێندن: ئەم بوارە بایەخ بە ئاشنابوون بە ڕووناکبیری و کەلتووری و وڵاتەکە بە گشتیی دەدات لەگەڵ ڕێژەی خوێندن و گرنگیپێدانە ڕووناکبیری و هونەری و زانستییەکانی وڵات. هەروەها جەخت دەکاتە سەر دۆخی خوێندن لە زانکۆکاندا و ئاستەکانیان و کادرەکانیان و پسپۆڕێتییەکانیان.

١٠. بواری پیشەسازی و تەکنەلۆژی: بایەخ بە سروشتی پیشەسازییە ناوخۆییەکان دەدات لەگەڵ بەدواداچوون بۆ سەنتەرەکانی تۆژینەوەی زانستی و قەبارەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی و پشتبەستنی وڵات بە توانا خودییەکانی لە بوژاندنەوەی کەرتە جیاوازەکانی ئابووری.

ـ ڕێکارەکانی کاندیدکردن بۆ دامەزراندن لە دەزگای هەواڵگرییدا:

دەزگای هەواڵگریی پشت بە چەند پێوەر و هەنگاوێک دەبەستێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، لەوانەش ژیانی کەسەکە و ڕاستگۆیی و جوانی ڕەفتار و نیشتمانپەروەریی (دڵسۆزی بۆ نیشتیمان) و تەندروستی جەستەیی و ئەقڵی و لێهاتوویی زانستییەکانی گونجاو لەگەڵ پسپۆڕێتییەکانی دەزگاکە، لەو ڕووەوە کە ئەندامی دەزگای هەواڵگریی ملکەچی پێداچوونەوەی بەردەوامی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و فیکری و ئەو کێشە دەرونی و خێزانیانە دەبێت کە گیرۆدەیە بە دەستیانەوە.

سێ ڕێگا هەیە بۆ دامەزراندن لە دەزگای هەواڵگریی: **یەکەم/** لەڕێگەی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆلێژی سەربازییەوە، **دووەم/** ڕێگەی هەڵبژاردن و تەتەڵەکردن لەڕێگەی گەڕان بە دوای قوتابی تایبەت لە زانکۆ عێراقییەکاندا، ڕێگەی **سێیەم/** تەزکیەی ئاسایش و پاڵاوتن لەلایەن ئاستی دیاریکراوەوە لە ئەفسەرانی دەزگاکە. لە هەموو حاڵەتەکاندا کاندیدکراوەکان (پاڵێوراوەکان) دەخرێنە ژێر پشکنین و وردەکاری لەلایەن دەزگای حیزبی و زانیارییەکانی ئاسایشی گشتیی و پشکنینەکانی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی دەزگاکە. دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی کاندیدکردنەکە چاوپێکەوتن دێتە پێشەوە بۆ دڵنیابوون لە گونجانی پاڵێوراوەکە لە ڕووی جەستەیی و کەسایەتی و ئەقڵییەوە پاشانیش قەبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی. لە هەموو دۆخەکانیشدا نابێت کەسانێک بە سەر دەزگاکانی ئاسایشدا بسەپێنرێن بۆ دامەزراندنیان لە دەرەوەی سیاق و مواسەفاتی پێویستدا، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی مەترسی بۆ سەر کاری دەزگاکە.

ـ تایبەتمەندییەکانی ئەفسەری سەرکەوتووی هەواڵگری:

١ـ خولیا و ئارەزوو (الهواية): پێویستە ئەو کەسەی دەچێتە پێشەوە بۆ کارکردن لە دەزگای هەواڵگریدا هیوایەت و حەزی کارکردنی هەواڵگرییانەی هەبێت، چونکە بەبێ ئەم خولیایە ئەفسەرەکە سەرکەوتن لە بواری هەواڵگرییدا بەدەست ناهێنێت. دەشێت ئەفسەرێکی دیکە شوێنەکەی بگرێتەوە کە بەتواناتر بێت لە بەخشین و هێنانەدی و سەرکەوتن بۆ دەزگاکە و ئاسایشی دەوڵەت. ئەفسەری هەواڵگری سیفەتێک یان شوناسێک نییە خاوەنەکەی خۆی پێوە هەڵگێشێت، بەڵکو پیشەیەکی یەکجار بایەخدارە کە پەیوەستە بە ئاسایشی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە.

٢ـ بەهرە: لەوانەیە هەندێک کەس بەهرە و توانای خۆڕسکی خودییان هەبێت بۆ کاری هەواڵگری و ببنە داهێنەر، کەسانێکی دیکەش ئەم تایبەتمەندییەیان نەبێت، لەبەرئەوە پێویستە قەرەبووبکرێتەوە لە ڕێگەی بەرنامەکانی ئامادەسازی و ڕاهێنان و پەرەپێدانی بەردەوامی ئەندامانی دەزگاکە.

٣ـ ڕۆشنبیری گشتیی: پێویستە ئەفسەری هەواڵگری ئاگاداری زۆرێک لە کەلتوور و ڕووناکبیرییەکان بێت، لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئاستی جیاوازدا دەکات. ئەو مامەڵە لەگەڵ سیاسەتمەدار و دیپلۆماسی و زانای ئەتۆم و مامۆستای زانکۆ و کارمەندی سادەدا دەکات. لەبەرئەوە پێویستە ڕۆشنبیرییەکی گشتیی هەبێت وای لێ بکات توانای مامەڵەکردن و پەیوەندیی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا هەبێت کە سەرپەرەشتی بەڕێوەبردنیان دەکات بە شێوەیەکی شیاو.

٤- **ڕۆشنبیریی هەواڵگریی**: ئەمە گرنگترین سیفەتە کە دەبێت لە ئەفسەری سەرکەوتووی هەواڵگرییدا هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە کە (پێویستە ئەفسەر ئاگەداری کایەکانی کاری هەواڵگریی بێت بە گشتیی و کەمتەرخەمی نەکات لە پەرەپێدانی تواناکانی بە بەردەوامی، لەڕێگەی چوونە ناو خولی بەرەپێدانی ساڵانەوە لە سەرجەم زانست و پسپۆرێتییەکانی هەواڵگری). وەکچۆن پێویستە پڕۆسەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدان ملکەچی ئارەزووەکانی ئەفسەرەکە خۆی نەبێت، لەو ڕووەوە کە زۆرێک لە ئەفسەران حەز بە پەرەپێدانی تواناکانیان ناکەن ئەمەش بە کەموکوڕییەکی گەورە دادەنرێت.

٥- **خۆدابڕین لە هەست و سۆز**: ناکرێت هەست و سۆز بۆشاییەکی گەورە لە خەملاندنەکانی ئەفسەر و بڕیارەکانی لە کاری هەواڵگرییدا داگیر بکەن، نە حەزە خودییەکانیشی و نە هیچ هەواو وئارەزوویەکی دیکە. ئەمانە هۆکارگەلێکن کە لەگەڵ ئەرک و کارەکانی ئەفسەری هەواڵگریدا ناگونجێن و پێویستە ئەم سیفەتە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا ڕەنگ نەداتەوە.

٦-**پابەندبوونی لەڕادەبەدەر** بە نهێنی پارێزیی و شاردنەوە و دوورکەوتنەوە لە زۆربڵێی لە بەردەم کەس و کار و هاوڕێ و دۆستاندا، هەروەک دروستیش نییە ئەفسەری هەواڵگریی بوار بە هاوڕێ و هاوکارەکانی بدات ئاگەداری ئەو دۆسیە و کەیسانە بن کە بەدواداچوونیان بۆ دەکات. ئەمانە هۆکاری یاریدەدەرن بۆ دزەکردنی نهێنی و دواتریش شکستهێنان لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی داوای لێکراوە بەدواداچوونیان بۆ بکات.

٧- پێویستە ئەفسەری هەواڵگریی **خۆپەرەست نەبێت** لە گواستنەوەی ئەزموونەکانی بۆ ئەفسەرانی دیکە بە مەبەستی حساباتی تایبەتی، بەڵکو پێویستە لەسەری بەو پەڕی تێکۆشان و ئەمانەتەوە کار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەو ئەفسەرانە بکات کە لە ڕووی مەیدانی و کردەییەوە کاری لەگەڵدا دەکەن. پێویستیشە لەسەری ئەوەی لەیاد بێت کە ئەو توانا و ئەزموونانەی بەدەست هێناون مووڵکی دەزگاکەن و پێویستە نەوە بە نەوە بیانگوێزێتەوە، ئەگەر نا دەزگاکە هیچ پێشکەوتن و پەرەسەندنێک بەدەست ناهێنێت.

٨ـ پێویستە ئەفسەری هەواڵگریی **توانای بڕیاردانی** گونجاوی لەکاتی گونجاودا هەبێت و بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆی هەڵبگرێت ئەگەر ئەفسەرەکە لە وێستگەیەکی هەواڵگریی دەرەکیدا کاربکات.

٩ـ پێویستە ئەفسەر **توانای تێرامان و بیرکردنەوە** و خاوەندارێتی گیانی دەستپێشکەری هەبێت، لەگەڵ توانای داهێنانی هۆکار و ئامراز و شێوازی نوێ لە کارکردندا و چارەسەری هەڵوێستە ناڕەحەتەکان و ڕزگاربوون لێێان بە خێرایی.

١٠ـ خاوەن توانای بنیادنانی پەیوەندیی گشتیی و بەردەوامیدان پێیانی هەبێت.

١١ـ پێویستە ئەفسەری هەواڵگریی قەد و باڵای دیمەنێکی شیاوی هەبێت، پێویستە جەستەشی زۆر پاک و خاوێن بێت.

١٢ـ ڕەفتارێکی جوانی هەبێت و هەوڵی قۆزتنەوەی پێگە وەزیفییەکەی نەدات بۆ مەبەستی تایبەتی و سودی شەخسی.

١٣ـ دوورکەتنەوە لە دروستکردنی میحوەری جیاواز و تەکەتولات لە دەزگاکەدا و لەسەر یەک بەرپرسی دیاریکراو هەژمار نەکرێت، چونکە پۆستەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، ئەفسەریش بەدوایدا تووشی دوورخستنەوە دەبێت تەنیا لەبەر گواستنەوەی بەرپرسەکەی.

١٤ـ بایەخدان بەوانی دی ئیتر هاوڕێ بن یان کەسانی ئامادە و گوێگرتن بۆیان و پەیوەندیگرتن پێیانەوە و دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش لە هیوایەت و خولیا و بایەخپێدانەکان و ڕووناکبیرییدا.

١٥ـ ڕووخۆشی و قسەخۆشی و دروستکردنی هەستکردن بە ئاسوودەیی لەلای ئەوەی تر کە دەبێت پاڵنەری بۆ قوربانیدان لەپێناو خزمەتکردنی ئەفسەرەکەدا.

١٦ـ کارکردن بەگوێرەی توانا لە بێزارنەکردنی خەڵک مەگەر لە چەند دۆخێکی دیاریکراودا وەک درۆکردنی بە ئەنقەست یان کەمتەرخەمی لە کارکردندا.

١٧ـ زانینی توانای ڕازیکردنی پێداویستییەکانی لایەنەکەی دیکە لەڕێگەی گوتە و کردارەوە و کارکردن بۆ لابردنی بەربەستە دەروونییەکان بۆ ئەوەی لایەکەی دیکە هەست بە ئاسوودەیی و ئەمان بکات لەکاتی ئامادەبوونی ئەفسەرەکە لەگەڵیدا، بە ئامانجی پتەوکردنی متمانە پێی.

١٨ـ سەقامگیری خێزانی و دەروونی و سۆزداری یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەفسەری هەواڵگرییە.

١٩ـ توانای گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی بە قسە و نووسین لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکاندا یان گفتوگۆکاندا و کارکردن بەگوێرەی ڕێسای (خستنەڕوو سێیەکی بڕیارە). لێرەدا باس لە سەرنجێکی بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ یەکێک لە ڕاپۆرتەکان دەکەم کە دەڵێت: (ئایا بۆم هەیە جگەلە (ڕازیم) شتێکی دیکە بڵێم). مەبەستی ئەوەیە ئەو قەناعەتێکی تەواوی بە بۆچوونەکە نییە، بەڵام خستنەڕووی پێدراوەکان لە ڕاپۆرتەکەدا بە ڕێگایەک هاتووە کە خستوویەتیە بەردەم ڕەزامەندیی.

بەشی سێیەم
پەرەپێدانی تواناکانی دەزگاکە

دەزگاکە لە سەرەتای دامەزراندنیدا پشتی بەهێنانی ژمارەیەک لە کادری حیزبی بەست لەوانەی لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا کار دەکەن، پاشان ڕووی کردە هەڵبژاردنی ئەفسەری لێهاتوو لە هەواڵگریی سەربازی و ئاسایشی گشتیی، لەو ڕوانگەیەوە کە سەرۆک (سەدام حسێن) زۆر سوور بوو لەسەر بنیادنانی دەزگایەکی هەواڵگریی خاوەن توانای باڵای هەواڵگریی، هەموو توانایەکی پێویستیشی پێشکەش کرد بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. بەرزان تکریتی بۆ خۆی ئامادە دەبوو لە هەندێک لە وانە گرنگەکانی هەواڵگریی سەربازی و کۆلێژی ئەرکاندا و، ئەفسەری دیار و دەرکەوتووی هەڵدەبژارد، سەرپشکیش بوو لە گواستنەوەی هەر ئەفسەرێک هەڵیبژێرێت و فەرمان دەربکات بە گواستنەوەی خزمەتەکانی بۆ دەزگای هەواڵگری. لەناو گرنگترین ئەو ئەفسەرانەشدا بۆ دەزگاکە نەقڵ کران بریتیین لە: عەقید ڕوکن (خ ش) و عەقید ڕوکن (ح م)، گرنگترین پۆستیشیان لە هەواڵگریدا پڕکردەوە کە بریتین لە بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی و بەڕێوەبەرێتی خزمەتی نهێنی دەرەکی.

دەزگای هەواڵگریی تازە دامەزرابوو و شارەزاییە خودییەکان لاوازبوون لەلای، لەبەرئەوە هەر دەبووایە هاوکاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی بیانی بکرێت بە ئامانجی ئامادەکردنی کادری پێشکەوتوو، بەتایبەتیش هێڵی یەکەم لە هەواڵگریدا.

دەزگای هەواڵگریی لە بیروباوەڕەکەیدا پشتی بە قوتابخانەی ڕوسی بەست وەک بەرنامەیەک بۆ شێوازەکانی کارکردن، چەند ڕێککەوتنێکی کرد لەگەڵ هەواڵگرییەکانی یەکێتی سۆڤێت کە لەو کاتەدا بە (KGB) ناسراو بوو بۆ ڕاهێنانی کۆمەڵی یەکەم لە ئەفسەران لە ڕووسیادا و بانگکردنی ئەفسەرانی ڕووس بۆ عێراق بۆ ڕاهێنانی وانەوتنەوە بە کادرەکان.

سەبارەت بە ڕاهێنانی تەکنیکیانەی پەیوەست بە کردنەوەی قفڵ و وێنەگرتنی نهێنی و پڕۆسەکانی بڕین و دزە کردن و کردنەوەی بەریدی دیبلۆماسی، لەپاڵ ئەو شارەزاییە ڕوسییانەدا کە بەس نەبوون بۆ پێشکەشکردنی شارەزایی پێشکەوتوو و شێوازە نوێیەکان، دەزگاکە ڕووی کردە هەواڵگریی یۆنانی و دەزگاکە لە ساڵی ١٩٨٥ دا دووجار ئەفسەری بۆ ڕاهێنان بۆ ئەو پسپۆڕێتیانە نارد. هەروەک دەزگاکە هەوڵی سوودوەرگرتنی لە هەواڵگریی کوبی دا لە پەرەپێدانی کەلتووری هەواڵگریدا بۆ کادری دەزگاکە، هەروەها لە کاتێکی زوودا داوای لە پسپۆڕانێک لە کوبا کرد بۆ ئەوەی وانە دەربارەی ئەزموونەکەیان بڵێتەوە سەبارەت بە ململانێ لەگەڵ هەوڵگرییە مەرکەزییە ئەمریکییەکاندا کە لەو کاتەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەوڵی ڕووخانی ڕژێمەکەی فیدڵ کاسترۆیدا.

وەکچۆن پەناش برایە بەر ئەزموونەکانی هەواڵگریی ئەڵمانیای خۆرئاوا کە پەیمانگەی ئامادەکردن و ڕاهێنان ژمارەیەک لە پسپۆڕانی ئەڵمانی هێنا بۆ ڕاهێنانی کۆمەڵەیەک لە ئەفسەر و کادری فێرکاری لە بواری کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بە سەربازگرتندا، دۆخەکە لەگەڵ هەواڵگریی میسریشدا بە هەمان شێوەبوو کە خاوەن ئەزموونێکی دێرینی هەواڵگرییە لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای هەموو ئەوەی ڕابورد، قەناعەتی پسپۆڕان لە دەزگاکەدا، بە چەشنێک بوو کە دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان نوێترین شێوازەکانی کارکردنی خۆیان کەشف ناکەن، بەڵکو تەنیا ئەو شێوازانەی کارکردن کەشف دەکەن کە لە زەمەنێکدا کەشفکراون کە ماوەیەک کەوتۆتە پێش سەردەمی کەشف کردنیانەوە.

یەکێک لە ئەرکەکانی دەزگاکە تا ساڵی ١٩٨٥ بریتی بوو لە پاراستنی سەرۆک لە دۆخی گەشتکردنیندا بۆ دەرەوەی ۆێراق بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەکان یان لە

کاتی پێشوازیکردنی سەرۆکەکاندا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، ڕاهێنانی کادر لە دەزگاکە لە یوگسلافیا ئەنجامدرا بۆ پاراستنی کەسایەتییەکان، دەزگاکە لە ساڵی ١٩٧٩ دا هەریەک لە سەبعاوی ئیبراهیم و حسێن کامل و کەسانێک لە پاسەوانی تایبەتی سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی هەواڵگریشی نارد، لەوانە (م. عبدالعزیز، خ. الجنابي)کاتێکیش گەڕانەوە و گەیشتنە فڕۆکەخانەی بەغدا هەموویان خرانە بەندیخانەی فەرمانڕەوایەتیەوە (سجن الحاکمیة) بۆ ماوەی مانگێک بە فەرمانێک لە سەرۆک (سەدام حسێن)ـەوە جگە لە (سەبعاوی ئەلحەسن)، ئەوەش بەهۆی لادانیانەوە لە ڕێنماییەکانی لایەنە یۆگسلافییەکان لەکاتی خولەکەدا بەر لەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرک و پێداویستییەکانی کارەکەیان لە دەزگاکەدا.

ـ کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی:

لە ساڵی ١٩٧٦دا، کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی دامەزرا، گەورەترین قوتابخانەی هەواڵگریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ماوەی خوێندن تێیدا سێ ساڵی هەڵسەنگاندنە کە هاوتای چوار ساڵی خوێندنی زانکۆیە بە سیستەمێکی سەربازییانەی توند، لەگەڵ هێشتنەوە لەناو کۆلێژەکەدا بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە هەفتەدا، شانزە کاتژمێر کارکردنیش لە کاری ڕۆژانەدا لە ڕاهێنانی لێکۆڵینەوە و فێرکردن بە هەردوو لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکەی. بارەگای کۆلێژەکە لەناو باڵەخانەی دەزگای هەواڵگریدا بوو لە مەنصور، پاشان گوازرایەوە بۆ ناوچەی جهاد لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی، کۆلێژەکە سێ بەشی لەخۆدەگرت.

ـ بەشی سەربازیی:

ئەفسەرانی لێهاتووی سەربازی سەرپەرەشتی ئەم باڵەیان دەکرد کە لە وەزارەتی بەرگرییەوە نێردابوون لە خاوەن ڕووتبەی مامناوەندی لە نێوان ڕائید و نەقیبدا، لەنێوانیشیاندا ڕائید شەوکەت و ڕائید عیسمەت و نەقیب یوسف و نەقیب عەلی عەبدوڵا سالّح، دواتریش سەرپەرشتیارانی باڵی سەربازی لە کۆلێژەکە بوون بە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی دەرچوو لێی.

ئەم باڵە ئەرکی ڕاهێنانی قوتابیان دەگرێتە ئەستۆ لەسەر بنەماکانی سیستەمی سەربازی و ڕاهێنان و لێهاتوویی باڵای جەستەیی و ڕاهێنانی سەربازی پیادە، زانستگەلێکی تەواو سەربازیانەیان پێشکەش دەکرێت وەک ئەوەی لە بەرنامەی ڕاهینانێ کۆلێژی سەربازیدا کاری پێکراوە، بۆ ماوەی سالێکی تەواو.

پڕۆگرامی ڕاهێنانەکە ئامادەکردنی سەربازی و خوێندنەوەی نەخشەکان و مێژووی سەربازی و سیستەمی دیاریکردنی شوێنەکان (المواقع: الأحداثيات) لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ڕاهێنانی توند و سەخت (الصاعقة) و بەڕێوەبردنی شەڕەکان و خۆهەڵدان بە پەرەشوت، جۆری دیکەش لە جۆرەکانی ڕاهێنانی مەیدانی بۆ بەکارهێنانی قازیفەی (RBG– ٧) و بۆمبی دەستی و چەکی مامناوەند و سوک بە جیاوازی جۆرەکانیەوە.

ـ بەشی وانەگوتنەوە (فێرکردن):

ئەم باڵە تایبەتە بە گوتنەوەی زانستە گشتییەکان لە مێژوو و جوگرافیا و یاسای نێودەوڵەتی گشتیی و تایبەت و یاسای سزادان و یاسای تاوانکاری و وانەکانی

فیزیا و بیرکاری و زانستەکانی کیمیا و زانستەکانی کارگێڕی و سیاسەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و فیکری نەتەوەیی و فەلسەفە و زمانە بیانییەکان، بەجۆرێک کە ئەو بوارانەی بۆ خوێندن هەڵبژێردراون پەیوەندیان بە کاری هەواڵگرییەوە هەبێت، بە چەشنێک کە بازنەی شارەزایی و مەعریفە و ڕۆشنبیری گشتیی ئەفسەرەکان فراوان بکات. ئەرکی وانەگوتنەوەکەش نوخبەیەک لە مامۆستایانی لێهاتووی زانکۆکان دەیگرنە ئەستۆ، هەروەها خوێندنی ئەم زانست و پسپۆڕێتیانە لە ساڵی دووەمدا بە شێوەیەکی چڕ و پڕ دەبێت.

ـ بەشی هەواڵگریی:

بە گرنگترین بەش یان باڵ دادەنرێت، ئەفسەرانێکی هەواڵگریی سەرپەرەشتی دەکەن لەوانەی لە یەکێتی سۆڤێت و میسردا ڕاهێنانیان کردووە، هەروەها لە ئەفسەرانی هەواڵگریی عێراقیش لەوانەی ئەزموونی کردەییان بەدەستهێناوە، پڕۆگرامگەلێکی تێروتەسەلیان لەبەردەستدایە لە زانستە هەواڵگرییە جیاوازەکان، لە دیاریکردنی ئامانجەکانەوە تا میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان و بەسەربازکردن و ئیدارەی پەیوەندیی بە سەرچاوەکان و میکانیزمەکانی خەملاندنی هەڵوێست، هەروەها ئەو کەسە هونەرییانەی پسپۆڕن لە پرۆسەکانی بڕین و دزەکردن و کردنەوەی قفڵەکان و بەریدی سیاسی و بەکارهێنانی تەقەمەنییەکان و سیستەمەکانی پەیوەندیی و چاودێری مرۆیی و شیکردنەوەی زانیارییەکان و چەواشەکردن و حەشارگە نهێنییەکان و کەشفکردنی پەیوەندیی دژ و میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان و هی تریش. وانەگوتنەوە لە زانستە هەواڵگرییەکاندا لە ساڵی دووەم و سێیەمدا دەست پێ دەکات.

ماوەی خوێندن لە کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەمەند بوو بە وانەگوتنەوە و ڕاهێنانی عەمەلی، هەستان لەخەو لە کاتژمێر شەشی بەیانیدا و دوای ناو خوێندنەوە ڕاهێنانی سەربازی وەرزشی دەست پێ دەکات تا کاتژمێر حەوت، پاشان بەرچایی و دواتر ڕاهێنانە سەربازییەکە جارێکی دیکە دەست پێ دەکاتەوە هەتا کاتژمێر دەی بەیانی، دواتر وانە سەربازییە بەیانیان و ئێوارانەکان دەست پێ دەکەن. سەبارەت بە ساڵی دووەم و سێیەمیش، لەپاڵ هەستانی بەیانی و ئەنجامدانی وەرزش و ڕاهێنانی سووک، وانە خوێندن لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەست پێ دەکات هەتا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە ماوەی بەیانیاندا، ماوەی ئێوارانیش لە کاتژمێر (سێ)وە تا کاتژمێر (حەوت)ی ئێوارە دەبێت، دوای نوێژی خەوتنانیش دوو کاتژمێر بۆ خوێندنەوە (پیاچوونەوەی وانەکان) تەرخان دەکرێت، لەم ماوەیەشدا قسەکردن قەدەغەدەکرێت لەنێوان قوتابییەکاندا لەناو ژوورەکانیاندا، نووستنیش زۆرە ملێیانە دەبێت و لە کاتژمێر نۆی شەودا گڵۆپ دەکوژێنرێنەوە.

کۆلێژەکە سەردانی مەیدانی ڕێک دەخات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی دادگای شۆڕش، بەڵگەشمان ئەوەیە کە دادبینی و دەرکردنی بڕیارەکانی چۆن بەڕێوەدەچن، سەردانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتیشمان کرد و ئاگەداربووین لە شێوازەکانی کارکردنیان، وەکچۆن سەردانی دیکەش ڕێکخەران بۆ هەندێک لە دامەزراوەکانی پیشەسازیی سەربازی (التصنيع العسكري) و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشنابوون بە سیستەمی جوڵەی فڕۆکەکان، چەند وانەیەکشمان لە کۆلێژی ئیدارە و ئابووری لە زانکۆی بەغدا خوێند، سەردانی سەنتەرگەلێکی تەکنیکیمان کرد و هیی تریش کە تەرخانکراون بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر وەک سەنتەری نەتەوەیی حاسباتی ئەلیکترۆنی. فیلمی هەواڵگریی سینەمایمان نیشان

دەدرا و ڕووداوەکانیان مشتومڕ دەکران، وەکچۆن تاقیکردنەوەمان لەسەر میکانیزمەکانی گواستنەوەی زانیارییش کردووە سەبارەت بە وەسفکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو لە ڕێگەی زنجیرەیەک لە کەسەکانەوە، بەڵگەشمان لە کۆتاییدا قەبارەی گۆڕانی هەمەکییە لە جەوهەری زانیارییدا کە چۆن بە تەواوی گۆڕدراوە، ئامانجەکەش پێشکەشکردنی سەلماندنی ئەوەیە کە ئەو زانیارییەی لە ڕێگەی زیاتر لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە و ناکرێت حەقیقەتەکەی بزانرێت تەنیا لە سەرچاوە بنەڕەتییەکەوە نەبێت.

دابەزین بۆ دەرەوەی کۆلێژەکە تەنیا ڕۆژی پێنجشەممە بوو لە کاتژمێر سێی نیوەڕۆدا، پەیوەندیکردنەوەش لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی هەینی دا دەبێت، سیستەمی سزاکان کە بۆ لادەران پەیڕەودەکرا، بێبەشکردن بوو لە دابەزینی ڕۆژی پێنجشەممە و هەینی، هەندێکجاریش سزایەکی دەیکەی دەخرێتە پاڵ کە بریتییە لە ڕاهێنانی زیادە، ئەم سزایانە کاریگەرییەکی گەورەی دەروونیان دەبێت بۆ قوتابییەکە، وایلێدەکات بە درێژایی ڕۆژانی هەفتە پابەند بێت،

دوای تەواوکردنی کۆلێژەکە دەرچووانی کۆلێژەکە دابەش دەکرێن بە سەر سێ دەزگادا کە بریتین لە: هەواڵگری (المخابرات) و ئاسایش و (الاستخبارات)، وەکچۆن دەزگا ئاسایشی تایبەت هەندێکجار ژمارەیەک لە ئەفسەران بە گوێرەی پێویستی خۆی هەڵدەبژێرێت. خولی یەکەم لە کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەییدا لە ٤٩ ئەفسەر پێکهاتبوو، بەسەر سێ دەزگا ئەمنییەکاندا دابەشکران، ١٧ ئەفسەر بۆ دەزگای (مخابرات) دیاریکران، ١٦ ئەفسەریش بۆ (الاستخبارت العسكرية)، ١٦ ئەفسەرەکانی تریش بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتیی، بنەما زانراوەکانی دابەشکردن لەکاتی خۆیدا لای ئێمە زانراو نەبوون.

کـۆلێژی ئاسایشـی نەتەوەیـی لە سـاڵی ١٩٩٣ دا داخـرا دوای ئەوەی ١٥ جـار دەرچووی خۆی هەبوو (١٥ خول)، بڕیاری داخستنەکەش لە وەزیری بەرگرییەوە هات لەو کاتەدا کە (فەریق حسێن کامیل) بوو، لەڕاستیشدا هیچ جۆرە پاڵنەرێکی بابەتیانە بوونی نەبوو بۆ داخستنی گرنگترین کۆشکی فێرکاری هەواڵگریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ـ پەیمانگای ڕاهێنان و ئامادەکردن:

دەزگـای دووەم، کە بـایەخەکەی لە کـۆلێژی ئاسایشـی نەتەوەیـی کەمتـر نیـیە، بریتییە لە پەیمانگای ڕاهێنان و ئامادەکردن کە بە هێمای م١١ هێمای بـۆ دەکرێت، ئەوەی ئەرکـی ئەم پەیمانگـایە دەگرێتە ئەسـتۆ ئامـادەکردنی کـادرە کە لە کـۆلێژە مەدەنییەکـانەوە هـاتووە، وەکچـۆن هەڵیشدەسـتێت بە ئەرکـی ڕێکخسـتنی خـولە پەرەپێدەرەکان بۆ سەرجەم کادرەکانی دەزگاکە بە بێ هەڵاواردن.

ئەرکـی پەیمانگـا بریتـی بـوو لە ئـاوێتەکردنی ئەزمـوونە کـردەییە خودییەکـانی دەزگـــای هەواڵگریـــی لەگەڵ ئەو بەرنامـــانەی خوێنـــدن کە لە قوتابخانەکـــانی هەواڵگرییە بیانییە ڕوسی و میسری و ئەڵمانی و یۆنانی و یۆگسـلافی و کوبییەوە هاتوون.

زۆربەی کـادرە فێرکارەکـانی پەیمانگـاکە تـیکەڵەیەک بـوون لەو ئەفسـەرانەی لە دەرەوە ڕاهێنانیـان کردبـوو لە سەردەسـتی دەزگـا هەواڵگرییە دۆسـتەکان و لەو ئەفسـەرانەی هەواڵگریـی کە لە ڕووی مەیـدانییەوە کاریـان کـردووە و پۆسـتیان گرتـووە لە پێکهاتەکـانی دەزگـاکەدا، ئیتـر خزمەتـی دەرەکـی بێت یـان بنبڕکردنـی

سیخۆڕی یاخود پڕۆسە نهێنییەکان و ئۆپڕاسیۆنە تایبەتەکان و، شارەزایی زۆری مەیدانیان بەدەستهێناوە.

لەپاڵ ئەم ئامادەسازییەدا لە کۆلیژی ئاسایشی نەتەوەیی یان پەیمانگای ئامادەکردن و ڕاهێنان، دەزگای هەواڵگریی بەردەوام ساڵانە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی خولی هەواڵگریی و ئیداری، بە جۆرێک لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا بسازێت کە لە زانستەکانی مخابرات و پەرەسەندنی شێوازەکانی کارکردنیدا هاتووەتەدی، لەپاڵ ئەزموون و شارەزایی مەیدانی بەدەستهاتوو لە پڕۆسە هەواڵگرییەکاندا کە دەزگاکە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنیان، پەیمانگاکەش هەوڵی پێشکەشکردنیان دەدات بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە شێوەی وانەی خوێندندا بۆ پەرەپێدانی تواناکانی تەفسەرەکان. هەروەک پەیمانگاکە هەڵیشدەستێت بە ڕێکخستنی خولی بەردەوام بۆ کادری دەزگاکە بەجۆرێک کە هاوڕێ بن لەگەڵ پەرەسەندنی زانستە هەواڵگریی و ئیدارییەکاندا، لەم جۆرە خولانەش:

١. خولێک بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان (پسپۆڕانی ڕوس).
٢. خولی بەسەربازکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندیی بە سەرچاوەکانەوە (پسپۆڕانی ئەڵمان).
٣. خولی کارگێڕی مامناوەند (دورة الادارة الوسطى) لە پەیمانگای پەرەپێدانی کارگێڕی سەر بە وزارەتی پلاندانان.
٤. خولی چاندنی هونەری (الزرع الفني) و پڕۆسەکانی گوێگرتن.
٥. خولی سیستەمی مامەڵەکردنی زانیارییەکان و بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگری.

٦. خولی پلاندانانی ستراتیژی.
٧. خولی هەواڵگریی پێشکەوتوو.
٨. خولی هەواڵگری باڵا، خەملاندنی هەڵوێستی هەواڵگریی.
٩. خولی ئامادەکردنی فەرماندە.
١٠. خولی زۆر لە بواری نامەناردنی نهێنییەکان (هەواڵە نهێنییەکان) و سیستەمی پەیوەندیی کۆددار (المشفر) لەڕێگەی ڕادیۆ و ناردنە بێتەلە کۆددارەکانەوە.
١١. خولی بەکارهێنانی حاسیبەی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بوارەکانی جیهانگریی.

بەڕێوەبەرێتی ئۆپراسیۆنە نهێنییەکان (م ١٣) هەڵدەستا بە ڕێکخستنی پێشەنگایەکی سالانە، هەندێکجاریش شەش مانگانە، بۆ نمایشکردنی دواهەمین بەرهەم کە دەستیان کەوتووە لە ئامێری هونەری تایبەت بە پڕۆسە و ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییەکان، وەک گوێڕادێرانی نهێنی، پتەوکردنی دیدارەکان و وێنەگرتنی نهێنی و کامێراکانی وێنەگرتنی دیکۆمێنتەکان و ڕێگاکانی بەکارهێنانیان.

لە باشترین ئەو دەزگایانەی بۆ تۆمارکردن و دڵنیابوونی دەنگ تەرخانکرابوون لەماوەی هەشتاکاندا ئامێری (ناکرا)ی سویسری بوو، لەکارکردنیدا پشت بە شریتێکی موگناتیسی و باتری بچکۆلە دەبەسترا بە توانای تۆمارکردنی دانشتنێکی شەش کاتژمێری بەردەوام بە دەنگێکی زۆر ڕوون، دەشکرێت لە جانتایەکی ژنانەدا بشاردرێتەوە یان لە جانتایەکی دیپلۆماسیدا یاخود شاردنەوەی لە کەلوپەلی ماڵدا یان لە ڕێگەی کونێکەوە لە دیواردا، لە ماوەی هەشتاکاندا بە شۆڕشێک دادەنرا لە پڕۆسە هەواڵگرییەکاندا.

هەروەک دەزگای هەواڵگریی کامێرای ڕوسی (زینت)یشی بەکاردەهێنا بۆ تۆمارکردنی دیدارەکان و وێنەگرتنی دیکۆمێنتەکان، لەپاڵ ئامێرەکانی تۆمارکردنی دەنگ لەشێوەی پێنوسدا و هەندێکجاریش ئامێرەکانی تۆمارکردن لە پاکەتی جگەرەدا دەشاردانەوە.

لەپاڵ ئەوەدا تەکنیکی چاندنی هونەری لە نوسینگەکانی ئامانجدا (مكاتب الأهداف) هەبوو لەڕێگەی مایکی دەنگ تۆمارکردنەوە، پێشوازیکردنی ئاماژەکەی لەڕێگەی ئامێرێکەوە بەڕێوە دەچێت کە لە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکدا دادەنرێت، لە شوێنی ئامانج یان چاندنی نوسینگەکانی ئامانجەکان (زراعة مكاتب الأهداف) بە کامێرای ڤیدیۆ بۆ تۆمارکردنی دەنگ و وێنە.

توانای هونەریی چاودێریکردنی تەلەفۆنیانەی دەزگای هەواڵگریی لە ٢٠٠ هێڵی تەلەفۆن لە یەککاتدا تێپەڕی نەدەکرد، ئەم بڕەش پێویستی دەزگاکەی پڕ نەدەکردەوە، لەبەرئەوە چاودێریکردنی تەلەفۆنەکانی ئامانجەکان بۆ ماوەی دوور و درێژ کارێکی قورس بوو کە زیاتر لە مانگێکی دەخایاند مەگەر لە چەند حاڵەتیکی دیاریکراودا.

ـ رێکارەکانی پەرەپێدانی تواناکانی هەواڵگریی:

١ــ پەیمانگای ئامادەکردن و ڕاهێنانی هەواڵگریی، ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە پەرەدان بە تواناکانی ئەفسەرانی هەواڵگری، ئەوانەی لە کۆلێژە مەدەنییەکانەوە هاتبوون، لەڕێگەی بنیادنانی خولی هەواڵگریی بنەڕەتییەوە، لەوێشەوە بۆ هیی پێشکەوتوو لە سەرجەم جۆرەکانی کاری هەواڵگریی بە هەردوو بەشەکەیەوە

دەرەکی و ناوەکی تایبەت بە بنبڕکردنی سیخوڕی زانیاریی و بەسەربازگرتن و شـــیکردنەوە و بەڕێـــوەبردنی پەیوەنـــدیی لەگەڵ ســـــەرچاوەکاندا، لەگەڵ چـاودێریکردنی مرۆیـی و هـونەری و لێکـۆڵینەوە و ڕێکارەکـانی پشـکنینی نهێنـی، هەروەها چۆن ئەفسەرەکان ڕووبەڕووی شێوازەکانی لێکۆڵینەوە دەبنەوە لەکاتی دەســتگیرکردنیان لەژێـر هەر هەڵومەرجێکـدا بێـت، لەپـاڵ پەرەپێـدانی توانـای ئەفسەرەکان لە ئاسایشی شەخسیدا و بوارەکانی دیکەی زانستەکانی هەواڵگری.

پڕۆســەکانی ڕاهێنـان وانەگەلێکـی پراکتیکـی و کردەییـان لەخـۆدەگرت کە لە ئەزموونەکـانی دەزگـاکەوە خوازرابـوون لەگەڵ وانەگەلێکی تیـۆری هەڵگـۆزراو لە زانستەکانی هەواڵگریی و بەرنامەکانی پەرەپێدانی بەکارهاتوو لەلایەن موخابەراتی هەندێک لە دەوڵەتـانی دۆستەوە کە بەشـداریان کـردووە لە پەرەپێدانی تواناکـانی دەزگـای موخـابەراتی عێراقـی هەتـا ســەرەتاکانی هەشـتاکان. وانەی دیکەشـیان دەخرێتە پاڵ لە چۆنییەتی مـامەڵکردن لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵایەتی و شـاردنەوە و ڕەفتـاری جـوان و پابەنـدبوونی جـددی بە ڕێنمـایی و دیسـپلینەکانی بـوونی پەیوەندییەوە بە دەزگای هەواڵگری.

٢- پەرەپێدانی گرنگ لەنێوان سـاڵانی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٨ ڕوویدا لە سـەردەمی دکتۆر (فازیڵ بەڕاگ) دا، کە پرۆگرامی کاری دەزگاکە بڕیاری لێدرا لەگەڵ پسـپۆڕێتیەکان و سیســتەمی مــامەڵکردنی زانیارییەکــان و ئیــدارەکردنی پەیوەنــدیی لەگەڵ ســــەرچاوەکان و دەســــەڵاتەکان و ڕێگاکــانی مــامەڵەکردن لەگەڵ ســــەرچاوە دوڵایەنەکاندا، چەند شێوازێکیش لەسەر شێوەی مۆدێلگەلێکی ئامـادە ڕێکخـران بۆ هەمــوو چــالاکییەکی هەواڵگریــی، بــۆ نمــوونە: مۆدێلێــک بــۆ خوێنــدنەوەکان، مۆدێلگەلێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا، مـۆدێلی تریش بـۆ زانیارییەکانی

دامەزراوەکان و ئامانجەکان و ئەو کەسایەتیانەی پالێوراون بۆ کردنەسەرباز و سیستەمی پشکنینی سەرچاوەکان و دڵنیابوون لە ڕاستیەتیان و شایستەبوونیان و دیاریکردنی پلەی بووونی متمانە پێیان، بەرەو هیی تریش لە پێداویستیەکانی کارکردن. وەکچۆن سیستەمێکی جددی یەکلاکەرەوەش دیاریکرا بۆ میکانیزمی خەرجکردنی دارایی و ڕادەی هاوجووتبوون و ڕێکبوونی ئەو سودە هەواڵگرییانەی لە پڕۆسەکانی سەرفکردنی دارایییەوە دێنەدی. هەروەها گەرچی مۆدێل و نموونەکانی پڕاکتیکی پڕۆسە هەواڵگریی و ئیدارییەکان، کە ژمارەیان دەگاتە ٢٨ مۆدێل، ڕوون بوون، بەڵام ئێمە ڕووبەرووی سەختی دەبووینەوە لە پەیڕەوکردنیَ هەندێک لە موفرەدەکانی لەکاتی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەواڵگریدا، ئەمەش پالْمان پێوە دەنێت بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێگا تەقلیدییەکان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانیاندا، بە تایبەتیش ئەو حاڵەتانەی مۆرکێکی نهێنی و گرنگ و بە پەلەیان هەیە.

ئەو لێژنەیەی سەرپەرشتی ئامادەکردنی سیستەمی کارکردن و پڕۆگرامی کاری دەزگاکەی دەکرد لەم کەسایەتیانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

یەکەم: لیوا (دکتۆر ئەندازیاری ڕوکن ئیسماعیل سولْتان تەمیمی). یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی بۆ کاروباری هونەری (سەرۆکی لێژنەکە)

دووەم: لیوا ڕوکن (ح م) بەڕێوەبەری گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی.

سێیەم: لیوا ڕوکن (خ ش) بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی نهێنی دەرەکی.

چوارەم: عەقید (ط سەماک) بەڕێوەبەری گشتیی کاروبارە کارگێڕییەکان.

پێنجەم: نەعیم ئیبراهیم نعیمي، بەڕێوەبەری پەیمانگای ئامادەکردن و ڕاهێنان.

شەشەم: نەعیم عەزاز(العضاض) بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی هونەری، پاشان ئەوەی جێگەی گرتەوە کە عەلی بەرەکاتە.

کاری ئەم لیژنەیە ماوەیەکی دوورودرێژی لە کارکردنی بەردەوام خایاند، ئەم هەوڵە گەورەترین فەزڵ و چاکەی هەبوو لە ڕێکخستنی کاری دەزگاکە و پەرەدان بە تواناکانی، گەرچی زیانی بە کادرەکانی دەزگاکە گەیاند کە پسپۆڕێتییەکەیان هاوڕێک (هاوجووت) نەبوو لەگەڵ سیستەمی نوێدا، بەڵام بازێکی گەورەی لە ڕووی جۆرێتییەوە بە شێوازەکانی کارکردندا هەروەها لەگەڵ ئاسانکردنی ڕێکارەکانی کاری هەواڵگرییانە.

٣ـ لەنێوان سیاقەکانی کارکردن لە دەزگاکەدا، بنیادنانی کۆنگرەی بچکۆلەکراوە بوو بۆ مشتومڕی چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو کە بەڕێوەبەری دەزگاکە هەڵیدەبژاردن، هەمیشەش ئەو مەسەلەیە یان کەیسەی هەڵدەبژێردرا دەبووە ئەزموونێک لە ئەزموونەکانی دەزگاکە، ئیدی شکستخواردوو بوایە یان سەرکەوتوو. ئەویش بە ئامانجی دیاریکردنی نهێنییەکانی بوونی کەموکوڕی و کارکردن بۆ تێپەڕاندنیان. بە زۆریش بەڕیوەبەری دەزگاکە و یاریدەرەکەی بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان و بەڕێوەبەرەکان، لەگەڵ بەڕێوەبەرانی گەل سەرۆکایەتی کۆنگرەکەیان دەکرد، بەرەو دابەزین بۆ ئاستی سەرۆکی بەش. ئەو چالاکییانەش یەکێک بوون لە گرنگترین هۆکارەکانی پەرەپێدانی توانا هەواڵگرییە خودییەکانی ئەفسەرانی هەواڵگری.

٤ـ بنیادنانی پێشانگای سالانە بۆ نمایشکردنی گرنگترین دەستکەوتەکانی لە بواره هەواڵگریی و هونەرییەکاندا. کاره هەواڵگرییە بەدەستهاتووەکان لەسەر تابلۆگەلێک نمایش دەکران کە هەنگاوەکانی کارکردنیان ڕوونکردەوە لەگەڵ میکانیزمەکانی

پیادەکردنی پلانەکە بە بێ ئاماژەکردن بۆ ناوەکانی ئامانجەکان. ئەم چالاکییە حاڵەتەکانی بەسەربازگرتنی جۆری (التجنيد النوعي) گرتبووەوە لەگەڵ کەشفکردنی پرۆسەکانی سیخۆڕێتی و پیلانگێڕی و ئەو پرۆسە تیرۆریستانە کە لە باردەبران. پێشەنگاکە بواریکی بە پیت بوو بۆ دروست کردنی ڕکابەری لەنێوان پێکهاتە هەواڵگرییەکاندا بۆ هێنانەدی دەستکەوتی زۆرتر، گەورەترین چاکەی ئەم چالاکییەش دەگەڕێتەوە بۆ فەریق طاهر جلیل الحبوش.

٥. بەشدارکردنی زۆرێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی لە بەرنامەکانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا لە هەردوو سەنتەری ڕووناکبیری بەریتانی و فەڕەنسی بۆ پەرەپێدانی توانا زمانی و ڕۆشنبیرییەکان.

٦. دانانی بەرنامەیەکی ساڵانە بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی عێراقدا بە ئامانجی ئەوەی ئەفسەرانی هەواڵگریی ببنە خاوەنی بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرا لە پسپۆڕێتییەکانی سیاسەت و ئابووری و زمان و یاسا.

٧. بەرنامەی دیکەی پەیوەست بە جەنگکردن و وەستانەوە لە دژی خاوبوونەوە و خۆشگوزەرانی و بەهێزکردنی توانای ئەفسەرەکانی بۆ بەرگەگرتنی سەختییەکان و بەهێزکردنی گیانی خۆڕاگری، ئەوەش بە فەرمانێک لە سەرۆک سەدام حسێنەوە، خوازیاری بەشداریکردنی ئەفسەرانی هەواڵگرییە لە کەرتەکانی سوپای میللی (الجيش الشعبي)دا لە بەرەکانی جەنگدا لەگەڵ ئێران. دوای کۆتاییهاتنی جەنگیش ئەفسەرەکان خرانە ناو خولی ڕاهێنانی سەربازییەوە لە چەند سەربازگەیەکی سەر بە سوپا لە پارێزگای واسیت، لە پاڵ خولەکانی ڕاهێنانی پیادەدا کە یەکەی پاراستنی ناو دەزگاکە دایمەزراندووە، سەرجەم ئەندامانی هەواڵگریی وەکو یەک دەگرێتەوە.

٨. دەزگاکە ڕۆژنامەی ناوخۆ و بیانی و گۆڤاری بۆ سەرجەم جومگە و بەشەکان دەستەبەر کردووە لەگەڵ ڕادیۆی بچکۆلە بۆ بەدواداچوونی هەواڵە نێودەوڵەتییەکان.

ـ گیانی پیشەییانەی ئەفسەری هەواڵگریی:

جەوهەری ڕۆحی پیشەییانەی ئەفسەرانی هەواڵگریی لە توانای ئەفسەرەکاندا حەشارە لە پیادەکردنی ئامانجەکان و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراون بە باشترین شێوە و بە کەمترین زیانی مادی و سیاسی و مرۆییەوە، هەروەها توانای چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە ئاسایشی دەوڵەت و بەرژەوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵات دەکەن، لەگەڵ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و پابەندبوونی تەواو بە یاسا و سیستەمەکان و بە ڕێنماییەکان و بەو سیاقانەی کارکردن کە کاریان پێدەکرێت و توانای بەرهەڵستیکردنی ئاڵنگارییە هەواڵگرییەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، دروستکردنی بەدیل و چارەسەر بەگوێرەی خواستەکانی هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی و ئابووریەکان، ئەمانە بە گشتیی گوزارشت لە سروشتی ڕۆحی پیشەیی و هونەری و لێهاتوویی پێویست دەکەن لە کەسایەتی ئەفسەری هەواڵگرییدا، ڕۆحی پیشەیی بە چەند فاکتەرێک کاریگەر دەبێت، گرنگترینیان:

١. ڕاهینانی باڵا و لێهاتوویی و توانای خودی و بەدەستهاتوو و ئارەزووی بەردەوام لە پەرەپێدانی خود.

٢. تەکەتولەکان و چەقبەستن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەحسوبییەت و دەستوەردانە دەرەکییەکان لە کاری دەزگاکە و دابەشکردنی پۆست لە دەرەوەی سیاقەکان، هەموویان هۆکاری کاریگەرن بۆ پیشەیبوونی دەزگاکە. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی سنوردار هەبوو پاشان لە ساڵانی دواییدا زیادیان کرد پێش ساڵی ٢٠٠٣ و مەترسیدارتر بوون. بەهۆی دەستوەردانە دەرەکییەکانەوە چەند پۆستێکی گرنگ دران بە کەسانێک کە شایستەی نەبوون، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر گیانی پیشەیی ئەفسەرە لێهاتووەکان هەبوو، ئەوانەی لە چەند شوێنێک دوورخرانەوە کە دەبووایە بە گوێرەی مافی خۆیان لەوێدا بمایانەوە.

٣ـ هۆکارە ئابوورییەکان و دۆخی مادی ئەفسەران و توانای دارایی پێویست بە ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی ژیان و گوزەران، بەهۆی کەمبوونەوەی موچەکان، کە بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە ئەفسەرەکان کاری دەرەکی تایبەت بکەن یان وەزیفەکەیان بۆ مەبەستی شەخسی بقۆزنەوە. ماوەی ئابڵۆقەی ئابووری لە هەموو هەڵومەرجێک سەختتر بوو بۆ ئەفسەرانی هەواڵگری، ئەوانەی بەشێکن لەگەلی عێراق و هەرچی تووشی ئەم گەلە بێت ئەمانیش دەگرێتەوە.

٤ـ هەڵسانگاندنی کار و چالاکی ساڵانەی ئەفسەرەکان کە ڕەفتارە گشتییەکان دەگرێتەوە، کە ڕێکارێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی پیشەیبوونی ئەفسەرەکان، ئەم هەڵسەنگاندنە لایەنی زۆر دەگرێتەوە؛ توانای بڕیاردان و پابەندبوون بە فەرمان و ڕێنماییەکانەوە، ئارەزووی پەرەپێدانی توانا خودییەکان و بەدەستهێنانی شارەزایی و توانای ئەفسەرەکان بۆ داهێنان و

گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانیاندا لەڕووی دەربڕین و نووسینەوە لەپاڵ قەد و بالا و پۆشاک و گونجان لەگەڵ ژینگە و بەرپرسیارێتییەکەی، هەموو ئەم بڕگانە بە چەند پلەیەک هێمایان بۆ دەکرێت ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ساڵانەیان لێوە دەردەکەوێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانیشدا ئایندەی ئەفسەر دیاری دەکرێت سەبارەت بە پلەبەرزکردنەوە و ڕێزلێنان یان دەرکردن یاخود لێپرسینەوە.

بەگوێرەی خەملاندنەکانی بەڕێوەبەرانی لقەکان، ڕێژەی ئەو ئەفسەرانەی خاوەنی گیانێکی باڵای پیشەییانەن لە دەزگای هەواڵگریی پێشوودا لە سنووری (٧.١٥)دان، لەکاتێکدا لە (٧,٥٥)یان لە ئاستی پەسەنددا بوون، لە (٧,٣٠) یشیان ناگونجێن بۆ کارکردن لەو دەزگایەدا کە دەبێت ئەوانەی زیرەکییان سنووردارە شوێنێکیان تێیدا نەبێت، لێرەدا لە پێکهاتە هەواڵگرییەکان (التشکیلات الاستخباراتیة) دەدەوێم نەک لەو بەڕێوبەرێتیانەی کە پشتیوانن (المدیریات الساندة) یان ئیدارییەکان.

شایەنی باسیشە کە لە ماوەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا لەکاتی دەستگیرکردنمدا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، بینیم کە ئەو ئەفسەرەی هەواڵگریی ئەمریکی کە ئەزموونی کارکردنی پێنج ساڵی هەیە، توانای شارەزاییەکانی یەکسانن بە توانا و شارەزایی ئەفسەرێکی هەواڵگریی عێراقی کە ئەزموونی ١٥ ساڵی هەیە. ئەمە پێوانێکی گشتیی نییە، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانەش دەشێت دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی باشترینی ئەو ئەفسەرانەی هەڵبژاردبن کە هەیەتی و بیناردبن بۆ عێراق. وەکچۆن لە بنەڕەتیشدا ئەندامانی دەزگا ئەمنی و هەواڵگریی بە مواسەفاتی بەرزەوە لە کارەکتەری ئەو کەسەدا هەڵدەبژێرن کە پاڵێوراوە بۆ کارکردن لە دەزگاکەیدا، دوور لە واستە و

مەحسوبیەت، لە پاڵ ئەوەشدا ڕێکارەکانی ڕاهێنان و ئامادەکردن و گواستنەوەی شارەزاییەکان.

بەشی چوارەم

پێکهاتەی ڕێکخستن و کارگێڕیی دەزگاکە

دەزگای پێشووی هەواڵگریی عێراقیی، لە کۆمەڵە پێکهاتەیەکی هەواڵگریی و، هیی تری کارگێڕیی و تەشکیلاتی هاوکار پێکدێت کە ئەرکەکانیان بە گوێرەی سیستەمێکی یەکتر تەواوکەر ئەنجام دەدەن، بە مەبەستی هێنانەدی ئەو ئەرک و ئامانجەی تایبەتن بە پلانەکانی کاری خزمەتی دەرەکی و بنبڕکردنی سیخوڕی و چالاکی دوژمنکارانە و جێبەجێکردنیان بە تەواوترین شێوە، دواتریش بە شێوەیەکی کورت ئامانج و ئەرکەکانی هەر کۆمەڵە و پێکهاتەیەکی هەواڵگریی یان پیشتوانێک دەخەینەڕوو.

مەبەست لە پێکهاتە و کۆمەڵەیەکی هەواڵگریی (التشكيلات الإستخبارية) بریتیین لەو بەڕێوەبەرێتیانەی بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆسە هەواڵگرییانەی تایبەتن بە کۆکردنەوەی زانیاریی و شیکردنەوە و تەوزیفکردنیان، هەروەها بەرپرسیشن لە پڕۆسەکانی تەجنید و زیانگەیاندن بە ئامانجەکان و بەدواداچوونیان و کۆکردنەوەی بەڵگە و کەشفکردنی پیلانەکان و تۆڕەکانی سیخوڕی و بەدواداچوونی ئەوانەی ئاسایشی وڵات بەهەند ناگرن و بابەتی دیکەش.

سەبارەت بەو کۆمەڵە و پێکهاتانەش کە ڕاگر و پشتیوانن (التشكيلات الساندة) زۆربەیان جەند بەڕێوەبەرایەتییەکی هونەرین کە پرۆسەکانی گوێڕادێران و چاودێرییە هونەری و مرۆییەکان پیادە دەکەن لەگەڵ ئامادەکردنی کەلوپەلەکانی شفرە و حاسبات و پەیوەندییەکان و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکان و ڕاهێنان و پەرەپێدانی یاسایی.

هەروەها بابەتەکە سەبارەت بە پێکهاتە و تەشکیلاتە ئیدارییەکانی تایبەت بە دەزگاکەش بە هەمان شێوەیە، وەک کاروبارە کارگێڕییەکانی ئەندامانی دەزگاکە و

فەرمـــانگە داراییەکـــان و ئەنـــدازەییەکان و بەشـــی ئـــامێرو کەلوپەلەکـــان و خزمەتگوزارییەکان و پاسەوانێتی.

نوسینگەی یەکەم: نوسینگەی تایبەت:

پێکهاتەیەکی هەواڵگرییە کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات و پێکدێت لە:

١ـ سکرتاریەت: سکرتێری تایبەتی بەڕێوەبەری دەزگا دەگرێتەوە لەگەڵ یاوەرانی و پاسەوانەکانی.

٢ـ لقی کارگێڕی (شعبة الادارة): سەرپەرەشتی لایەنە کارگێڕییەکانی نوسینگەکە دەکات لەگەڵ بەدواداچوونی نامەگۆڕینەوە تایبەتەکان لەگەڵ ئۆفیسی سەرۆککۆمار.

٣ـ لقی بەدواداچوونی تایبەت: بریتییە لەو لقەی تایبەتە بە بەدواداچوونی ئەو کەیسە هەستیارانەی سەرۆک سەدام حسێن خودی خۆی فەرمانیان پێدەکات، لە نمـــوونەی بەدواداچـــوونی ئەنـــدامانی ســـەرکردایەتی یـــان وەزیرەکان یاخود پلە تایبەتەکان، ئەم لقە بە نهێنی تەواوەوە کاردەکات، وەکچۆن بەدواداچوون بۆ دۆسییەکانی ئەو کەیسە گرنگانە دەکات کە لە بەشە تایبەتمەندەکاندا هەن لەگەڵ بەدواداچوونی پیادەکردنی فەرمانەکانی بەڕێوەبەری دەزگاکە. ئەم لقە لە ســەردەمی (فەریق ڕوکن/ ســابیر عەبدولعوزیز دووری)دا دامەزراوە، هەروەها ئەرکی دیکەشی هەیە وەک

پشکنینی دۆسییەکان و دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە هەندێک مەسەلەدا بەر لەوەی بخرێنە بەردەم بەڕێوەبەری دەزگاکە.

٤ــ لقی دەرکردنی دیکۆمێنتەکان: چاپخانەیەک بە کوالێتییەکی بەرز لەخۆدەگرێت کە ئەندازیارانێک سەرپەرشتی دەکەن پسپۆڕن لە پرۆسەکانی تەزویرکردنی پاسپۆرت و مۆر و ڤیزە و دەرکردنی پاسپۆرتی دەوڵەتانی دیکە کە سەرچاوەی خزمەتی دەرەکی بەکاریاندەهێنن، لەگەڵ ئۆفیسی بزوتنەوەکانی ڕزگاری و ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسە و ئۆپراسیۆنی گرنگی هەواڵگریی دژی ئامانجە ئیسرائیلییەکان و هیتریش، ئامانجیش لەوە دورخستنەوەی بەرپرسیارێتییە لە هەواڵگریی عێراقی و بەجێنەهێشتنی هیچ بەڵگەیەک کە تێوەگلانی عێراق لەو کارانەدا بسەلمێنێت.

٥. لقی پەیوەندییە گشتییەکان: ئەو لقەیە کە بەرپرسە لە ڕێکخستنی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، هەروەها بەرپرسیشە لە بەڕێوەبردنی هاوکاری هەواڵگریی لەگەڵ هەواڵگرییە بیانییەکاندا، بوونی پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی بەڕێوەبەرەکانی دەزگا هەواڵگرییە دۆستەکان کە لە بەغداد جێی متمانەن، وەکچۆن ئەو نوێنەرانەی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییش پەیوەستن پێوەی، ئەوانەی نێردراون بۆ هەواڵگرانی دەوڵەتانی دۆست.

٦ــ دەستەی دانان و چاندنی ستراتیژیی: بریتییە لەو لایەنە تایبەتەی سەرپەرشتی دانانی پلان و ڕێکارەکانی دانانی ئەفسەرانی هەواڵگریی دەکات لە چەندین ئامانجی دیاریکراودا لە ژمارەیەک لە دەوڵەتە گرنگەکان.

ئەم دەستەیە سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی پڕۆسەکانی چاندن و دانانی ستراتیژی لە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهاندا لەژێر چەندین دەمامکدا. ئەم دەستەیە پێکدێت لە:

ا- بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی، سەرۆکی دەستە.

ب- یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان.

ج- بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی نهێنی دەرەکی.

د- بەڕێوەبەری گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی.

هـ- بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری کارگێڕی.

و- بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگاکە.

ز- سکرتێری دەستەکە بە پلەی بەڕێوەبەر.

نوسینگەی دووەم: بەڕێوەبەرێتی کاروبارە کارگێڕییە گشتییەکان:

کاروبارە ئیدارییەکان پێکهاتەیەکە کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەڕێوەیدەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی و لە سێ بەڕێوەبەرێتی سەرەکی پێکدێت:

١- بەڕێوەبەرێتی کاروباری کارمەندەکان (تاکەکان): بەرپرسە لە میلاکی بەڕێوەبەرێتییەکان و پلە وەزیفییەکان و زیادکردنی موچە و پلەبەرزکردنەوە و سەرجەم لایەنە کارگێڕییەکانی تر.

٢ـ بەڕێوەبەرێتی موڵک و مـاڵ و دامەزراوەکـان: بەرپرسـە لە بـابەت و کەلوپەلەکانی دەزگاکە لە باڵەخانە و خانوی نهێنی و شوێنی جێگرەوە لە بەغـدا و بەڕێوەبەرێتییەکـانی هەواڵگریـی ناوچەکـان. لەو ڕوانـگەیەوە کە دەزگای هەواڵگریی خاوەنی خانووبەرەی سـەر بەون وەک (البيت الصيني) و (دار الضـيافة: میوانخـانە) لە حـارثیە، لەگەڵ شـوقەی رافیـدەینی یەکەم (عمـارة الرافـدين الأولـى) کە تەرخـانە بـۆ بەڕێـوەبەرێتی پڕۆژەکـان، لەگەڵ شـووقەی دووەمـی ڕافیـدەین کە تەرخـانکراوە بـۆ سـەنتەری تـوێژینەوە و لێکۆڵینەوەکـان لە مەنسـووڕ، هەروەهـا کـۆمەڵەی باڵەخانەکـانی کـۆلێژی ئاسایشـی نەتەوەیـی و چـاودێریی مرۆیـی و بەڕێـوەبەرێتی ئامێرەکـان و پەیمانگای ئامادەکردن و ڕاهێنان کە هەموویان دەکەونە سەر ڕووبەرێکی فـراوان لەسـەر ڕێگـای فڕۆکەخـانەی نێـودەوڵەتی و ژمـارەیەکی زۆر لە خانووی نهێنی.

٣ـ بەڕێوەبەرێتی کەلـوپەل و ئامێرەکـان (مديريـة الآليـات): بەرپرسـە لە هـاوردەکردنی ئۆتۆمبیـل یـان کڕینیـان لە بـازاڕی نـاوخۆیی، هەروەهـا لە بەردەوامیپێدانِ و پاراستنیان و بەڕێوەبردنی وێستگەکانی سوتەمەنی.

نوسینگەی سێیەم: ژمێریار و تۆمار (م ٣):

بەڕێوەبەرێتی پشتیوانی تەشکیلاتە هەواڵگرییەکانە، کە ئەفسـەرێکی هەواڵگریی بە پلەی بەڕێوەبەری هونەری پسپۆڕ لە ژمێریاریی ئەلیکترۆنی سـەرۆکایەتی دەکات. لە سێ لقیش پێک دێت:

١ـ لقی تۆمارکردن و پاراستن: بەرپرسە لە ئەرشیفکردنی دۆسییەکانی ئەو کێشە هەواڵگرییانەی کۆتاییان هاتووە، هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی دۆسییەکان لەسەر میکرۆفیلم کە دەکرێت ناوەڕۆکەکانی دۆسییەکان بە ئاسانی بهێنرێتەوە بەردەست بە بێ گەڕاندنەوە بۆ دۆسییە کاغەزییەکان، ئەم سیستەمە تۆمارکردنی ئاسان کرد و ئەمینە و شیاوی لەناوچوون نییە و ڕووبەری گەورەش ناگرێت. دەشکرێت جەند کۆپییەکی لێ بپارێزرێت لە شوێنی جیاوازدا بۆ گرەنتی پاراستنی لەناوچوون بە کارەسات و جەنگەکان، هەروەک بەرپرسیشە لە ئەرشیفکردنی ئەو ناوانەی لێیان کۆکراوەتەوە، ئەوانەی کە هێشتا دۆسییەکانیان لەژێر بەدواداچوونداید، بە تایبەتیش ئەو ئامانجانەی مەترسی گەورە بۆ ئاسایشی وڵات دروست ناکەن.وەکچۆن بەرپرسیشە لە کرینی ئامێرە کۆمپیوتەرەکانی تایبەت بە دەزگاکە لە دەرەوە لەژێر پەردەی بازرگانیدا، بەڵام شکستی هێنا لە ڕوومالکردنی کرینی کۆمپیوتەرگەلێک کە دوای خستنەگەڕیان ڕوون بووەوە کە دزەیان کراوەتە ناو لەلایەن هەواڵگری دوژمنەکانەوە، کە بوو بە هۆی بەندکردنی بەڕیوەبەری حاسیبە لە هەواڵگریدا و لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەری نەتەوەیی کۆمپیوتەر بۆ ماوەی شەش ساڵ.

٢ـ لقی وەرگێڕان: ژمارەیەکی زۆر لە وەرگێڕی پسپۆڕ لە زمانە بیانییەکان دەگرێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە زمانەکانی فەڕەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، سەرەڕای هەردوو زمانی چینی و یابانی، هەروەها ئەم لقە هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی ئەو دێکیومێنتانەی دەزگای هەواڵگری دەستیان دەخات لەڕێگەی پرۆسەی هەواڵگرییەکانەوە.

٣. لقی کۆمپیوتەر: بەرپرسە لەوەی کۆمپیوتەر و ئەنتەررنێت بۆ دەزگای هەواڵگریی ئامادەبکات لەگەڵ ڕاهێنانی ئەفسەرانی هەواڵگریی لەسەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان، وەکچۆن بەرپرسیشە لە گۆڕینی بەرنامەی کارکردنی دەزگای هەواڵگریی و سیستەمی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا بۆ سیستەمێکی ئەلیکترۆنی و دەرکردنی نموونەی چاپکراوی تایبەت بە هەموو چالاکییەک لە چالاکییەکانی کاری هەواڵگری، بەجۆرێک ئەفسەری هەواڵگریی مەحکوم کراوە بە جۆر و ڕێنمایی دیاریکراو کە پێویستە لەسەری پەیڕەویان بکات بۆ ڕێکخستنی ئەو دۆسیانەی تایبەتن بە کەیسە هەواڵگرییەکانەوە.

شایەنی باسە دیسپلینەکانی ئاسایش و نهێنیبوونی زانیارییەکان، خوازیاری ڕێگەنەدانە بە خەزنکردنی ئەو دۆسیە گرنگانەی تایبەتن بە سەرچاوە و کەیسە گرنگەکانەوە و بەبێ ئەوەی لەسەر کۆمپیوتەرەکان کۆتاییان پێبهێنرێت، یان بەکاربهێنرێن بۆ چاپکردنی کتێبی گرنگ و نامەگۆڕینەوەی تایبەت لەگەڵ سەرکردایەتی یان ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان، ئەوەش بەهۆی باوەڕبوونی تەواوەوە بەوەی کۆمپیوتەرەکان ناکرێت بپارێزرێن لە پرۆسەکانی دزەکردنی مۆساد و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی، مادام لە دەرەوەی عێراقەوە دروستکرابن.

نوسینگەی چوارەم: بەڕێوەبەرێتی خزمەتی نەخێنی گشتیی (م٤):

خزمەتی دەرەکی، بەڕێوەبەرێتیەکی گشتییە، ئەفسەری هەواڵگریی بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، لە چوار بەڕێوەبەرێتی پێکدێت کە ئەرکەکەیان بەڕێوەبردنی پرۆسە دەرەکییەکانی تایبەتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

١. کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و پشکنین و وردبینیکردنیان، پاشان تەوزیفکردنیان لەخزمەتکردنی دارێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەران.

٢. کارکردن لەسەر دۆزینەوەی سەرچاوەی نەوعی (جۆری) بۆ ئامانجە دیاریکراوەکان لە پلانەکانی کارکردن بۆ گەیشتن بە زانیاریی هەواڵگرییانەی پۆلێنکراو، دەستخستنی دۆکیۆمێنتی پەیوەندیدار بە نیازەکانی دەوڵەتی ئامانج و، ستراتیژەکانی کارکردن و کاریگەرییان بۆ سەر عێراق.

٣. هێنانەدی دزەکردن و بنیادنانی پەیوەندیگەلێک کە توانای کاریگەرییان بۆ سەر داڕشتنی بڕیاری سیاسیانەی دەوڵەتی ئامانج هەبێت لەگەڵ گرەنتی پشتگیریکردن و پشتیوانییان بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

٤. کردنەوەی کەناڵی نهێنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسان لەو دەوڵەتەدا کە پێوەندی دیپلۆماسیمان لەگەڵیاندا نییە، بۆ هێنانەدی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و جووڵەکردن لەو دەوڵەتانەدا کە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا خاوەنی کاریگەرین، لەڕێگەی سەرچاوەی زۆرەوە وەک بیزنسمان و

سەرۆکانی پێشو و کارەکتەری جیهانی، بۆ مانەوە لەسەر کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بە کراوەیی بۆ گەیشتن بە چارەسەر و دوورکەوتنەوە لە گرژی بەگوێرەی توانا.

٥ـ پاراستنی ئەمنی باڵیۆزخانەکان لە دزەکردن و پاراستنی ئەندامانی نێردراو و سنووردانان بۆ کاریگەرییەکانی چالاکی هەواڵگریی دۆژمنکارانە بۆ سەریان.

٦ـ چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە، هەوڵدان بۆ دزەکردن بۆ ناویان و دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان ڕیزەکانیاندا و کەشفکردنی پلانەکانیان و پەیوەندییەکانیان لە ناوەوە، پەیوەندیان لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکاندا، سەرچاوەکانی تەمویلکردنیان، بەرهەڵستیکردنی کارە دوژمنکارانە و تیرۆریستانەیان.

بابەتە لەپشینەکان (ئەولەویات)ی کاری خزمەتی دەرەکی جیاواز دەبن بەگوێرەی هەڵومەرجە ئەمنی و سیاسییەکان و قەبارەی مەترسییەکان. بۆ نموونە لەکاتی جەنگدا هەوڵی هەواڵگریی جەخت دەکاتە سەر پشتیوانیکردنی هەوڵی یارمەتیدانی شەڕ لە ڕووی زانیاریی و تەکنیکی و بەدواداچوونی سەرچاوەکانی چەکدارکردنی دوژمن و دیاریکردنی هەڵوێستەکانی دەوڵەتان و کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ هەڵوێستی دەوڵەت.

هەروەها هەوڵەکانی دەزگاکە لە ماوەی پڕۆسەی داگیرکردنی کوێتدا جەختیان کردە سەر وروژاندنی ناکۆکییەکان لەنێوان ئەندامانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەلێنێک لەنێوان سعوودیە و کوێت و بێلایەنکردنی

هەڵوێستەکەی، کە دەزگاکە هەوڵیدا ناوەڕۆکی دۆکیۆمێنتگەلێکی لە ئەرشیفی کۆیتەوە دەستخست کە لە تەماعەکانی سعوودیە لە خاکی کوێتدا دەدوێن، لەپاڵ بەشداریکردن لە ڕێکارەکانی چەواشەکردن و پاڵپشتیکردنی هێزە چەکدارەکان بە زانیاریی هەواڵگرییانە سەبارەت بە ئامادەبوونی سەربازییانەی هێزە هاوپەیمانەکان و زانینی هەڵوێستی دەوڵەتان و ڕادەی بەشداریکردنیان لە هەوڵی سەربازییانەی دوژمندا.

لە ماوەی ئابڵۆقەی ئابووریی و سزا نێودەوڵەتییەکانیشدا، دەزگا هەوڵی دروستکردنی دەرچەیدا بۆ بڕینی سزاکان، لەبەرئەوە لە پڕۆسەکانی بە قاچاخبردنی نەوتدا بەشداری کرد، هەستا بە پڕۆسەکانی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و، بەقاچاخبردنی ئەو مادانەی لەسەر عێراق قەدەغەبوون و هاوردەکردنیان و. هەوڵدان بۆ دەستخستنی دواهەمین پەرەسەندنە زانستییەکان لە لایەنە سەربازی و زانستییەکاندا.

دوای هێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەری/ئەیلولیش بۆ سەر نیۆیۆرک، هەوڵی هەواڵگریی چڕبووەوە لەسەر کردنەوەی کەناڵی نهێنی لەگەڵ لایەنە باڵاکانی ئیدارەی ئەمریکیدا بە ئامانجی دورخستنەوەی جەنگ.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە دەزگای خزمەتکردنی نهینی لە چوار تەشکیلاتی هەواڵگریی پێکدێت و بە (دولیات) ناودەبرێت، هەموو (دولیة)یەکیش گۆڕەپانی هەیە کە بە کۆمەڵێک لە دەوڵەتان دیاریکراوە، ڕێکخستنی پێکهاتە ئیداریەکەش گونجاوە بە گوێرەی پۆلێنکردنەکانی دەوڵەتان و لەپێشینەیتیان و بواری سەرەکی و کاریگەرییەکانی ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی عێراق و نیشتیمانی عەرەبی و مەسەلەی مەرکەزییانەی فەلەستین.

(دولية)ی یەکەم: بە ڕەمزی(٤/ د ١) هێمای بۆ دەکرێت:

گۆڕەپانی کارکردنەکەشی دەوڵەتە عەرەبییەکانە و لەم لقانەی خوارەوە پێکدێت:

***لقی یەکەم: لقی سوریا و ڕەمزەکەشی، م٤/د١/١**

سوریا و لوبنان دەگرێتەوە، پێنج بەشیشی تێدایە، چواریان تایبەتن بە سوریاوە و بەشێکی جیای تایبەت بە دەوڵەتی لوبنانەوە، بەو پێیەی سوریا دەوڵەتێکی نەیارە و هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی عێراق دەکات و کاریگەرە بۆ بواری سەرەکی، وەک دەوڵەتێکی خاوەن لە پێشینەیی یەکەم (ذات اسبقية أولى) پۆلین کراوە و لە هەیکەلی ڕێکخستنی خزمەتی دەرەکیدا لقێکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، یەکێک لە بەشەکانی تایبەتە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوری کە لە خاکی سوریا یان لەسەر خاکی عێراق بوونی هەیە، لەوانەش ئیخوان موسلیمونی سوری بە هەردوو باڵەکەیانەوە (کۆمەڵی عەدنان عەقلە) و (کۆمەڵی عەدنان سەعدەدین) لەپاڵ ئەوانەدا کە لە حزبی بەعسی سوری جیابوونەوە لەگەڵ کەسایەتی دیکەی ئۆپزسیۆن و نەیاری ڕژێمەکەی (حافز ئەسەد)، زۆربەشیان لە ناسۆنالیستە عەرەبەکانن.

سەبارەت بە لوبنانیش، بەشێکی سەربەخۆی بۆ تەرخانکراوە بەو پێیەی گۆڕەپانێکی کراوەیە بۆ چالاکی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان، بەدیاریکراویش چالاکی ئێرانی، وەکچۆن لوبنان گۆڕەپانێکی کارکردنی چالاکیشە دژی ڕژێمی سوریاشە کە شەڕمان پێدەفرۆشتن.

***لقی دووەم: ئەردەن، ڕەمزەکەشی، م ٤/د٢/١**

ئەردەن وەک دەوڵەتێکی دۆستی لەپیشینەیی یەکەم پۆلێنکراوە، لقێکی تایبەتیشی بۆ تەرخان کراوە لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانەش دەوڵەتێکی سنوورییە بۆ عێراق و ئیسرائیل، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، چونکە تاکە دەوڵەتە کە بە سییەکانی عێراق دادەنرێت لە ماوەی ئەو ئابلۆقەیەدا لە دوای داگیرکردنی کوێت دەستی پێ کرد تا ساڵی ١٩٩٩ کە سنور لەگەڵ سوریادا کرایەوە. دەبوایە پڕۆسە هەواڵگرییەکانمان تێپەڕن یان سەرچاوەبگرن لە عەمانی پایتەختەوە، کە نوسینگەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی تێدا هەیە، ئەردەن بووە بە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ کاری هەواڵگرییانەی دوژمنکارانە. ئەوەش کە کاری ئۆپۆزسیۆنی ئاسان کردووە، بوونی ڕەوەندێکی گەورەی عێراقییە کە لە ئەردەندا نیشتەجێیە، وەکچۆن گەشتکردنی نێوان هەردوو وڵات ئازاد بوو بەبێ پێویستبوون بە سیماکانی چوونەناوەوە.

هەروەها سەرەڕای بوونی کاری هەواڵگرییانە لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان، بەڵام هەواڵگریی ئەردەنی چاوپۆشی دەکات لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن و زانیاریمان پێ نادات، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە چالاکییە هەواڵگرییە زۆرەکانی ئێمەش دەکات، و بە تەنیا ئاماژەیان پێ دەکات یان بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان تەوزیفیان دەکات، هەروەها وێستگەی عەمان لە گەورەترینی وێستگە کارکەرەکانمانە لە دەرەوە.

***لقی سێیەم: دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیی و یەمەن، ڕەمزەکەشیان، م ٤ د ٣/١**

لقی کەنداو، کە هەریەک لە سعوودیە و کوێت و قەتەر و بەحرەین و ئیمارات و عومان و یەمەنیش دەگرێتەوە. بۆ سعوودیەش کە وەک دەوڵەتێکی نەیار پۆلێنکراوە، بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، بە شێوەیەکیش بەدواداچوونی بۆ دەکات بەو پێیەی مەرکەزێکی ئاینیانەی گرنگە، خاوەنی قورسایی دارایی و سیاسی و نێودەوڵەتی کاریگەر و بنکەی سەربازی ئەمریکی تێدایە، دەوڵەتێکی دراوسێی عیراقیشە و بەیکداچوونێکی کۆمەڵایەتی و تایەفیمان لەگەڵیدا هەیە، ئێران لە کاری هەواڵگریدا دژی عێراق بەکاری هێنا لە ماوەی شەڕی عێراق ئێراندا، وەکچۆن سعوودیە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشی لە ئامێزگرت لە ماوەی نەوەدەکاندا و پشتگیری سیاسی و دارایی و میدیایی کرد.

سەبارەت بە دەوڵەتی کوێتیش، ئەویش دیسان بەشێکی تایبەتی هەیە بەوەدا کە دەوڵەتێکی دراوسێی عێراقە و لە دەوڵەتانی خاوەن لەپێشینەیی یەکەم دادەنرێن بەو پێیەی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئەمریکایە و کاریگەرە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی و بواری سەرەکی دەسەڵاتی عێراق، لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت و ئەندامە لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت و کێڵگەی نەوتی هاوبەشمان لەگەڵیدا هەیە لەگەڵ ناکۆکی مێژووی سەبارەت بە سنووری وشکانی و دەریایی، سەرەڕای بچووکی سنوردارێتی دەوڵەتی کوێت لە ڕووی دانیشتوان و ڕووبەرەوە، بەڵام داگیرکردنی لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا کردیە دەوڵەتێکی خاوەن تەوژمێکی میدیایی و سیاسی کاریگەری نێودەوڵەتیی، بەڵام دەوڵەتانی دیکەی کەنداو (یەمەن و عومان) لە دەوڵەتانی لەپێشینەی دووەمدان (من دول الاسبقية الثانية) و یەک بەش کۆیان دەکاتەوە، هەروەها دۆخەکە

دەربارەی دەوڵەتەکانی دیکەی کەنداویش بە هەمان شێوەیە وەک دەوڵەتی ئیمارات و شانشینی بەحرەین و دەوڵەتی قەتەر، کە یەک بەش کۆیان دەکاتەوە.

*** لقی چوارەم: دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیایی عەرەبی، بە م٤ د ٤/١ هێمای بۆ دەکرێت:**

دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیایی عەرەبی دەگرێتەوە کە بریتین لە میسر و لیبیا و سودان و تونس و جەزائیر و مەغریب و مۆریتانیا و سۆماڵ. بەو پێیەی میسر دەوڵەتێکی میحوەریە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و چڕییەکی زۆری دانیشتوانی هەیە لەگەڵ ئامادەییەکی گەورەی میدیایی و سیاسی، لە دەوڵەتانی ڕووبەڕووبووەوەی ئیسرائیلیشە و خاوەن قورسایی کاریگەری خۆشیەتی لە کۆڕ و ئەنجومەنە نێودەوڵەتیەکاندا، لەبەر ئەوە بەشێکی تایبەتی بۆ دامەزرێنراوە.

(دولية)ی دووەم: بە م٤ د٢ هێمای بۆ دەکرێت:

تەنیا دوو دەوڵەت دەگرێتەوە کە ئێران و تورکیان، ئەم دوو دەوڵەتە لە گرنگترین هەڕەشەکارانی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق دادەنرێن، وەک دوو دەوڵەتی نەیاریش پۆلێن کراون، ئەگەری ئەوەش هەیە کە نەیارێتی لەگەڵیدا بگۆردرێت بۆ ناکۆکییەکی چەکدارانە لە هەر کاتێکدا بێت، بەهۆی بوونی ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵیاندا زیاتر لەو هۆکارانەی دەبنە مایەی بنیادنانی پەیوەندیی دۆستایەتی بەردەوام، دوو دەوڵەتی دراوسێی عێراقن و هەردووکیشیان تەماحی مێژوویی فراوانخوازانەیان لە خاکەکانیدا هەیە،

ناکۆکییەکانی سنوور لەگەڵ ئێران و کێشەکانی ئاو لەگەڵ تورکیادا و پڕۆژەی ئێرانی کە بووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی کاولکەر کە هەشت ساڵی خایاند، هەموویان فاکتەرگەلێکن نابنە مایەی سەقامگیریی پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا.

ئەم (دولية)یە لە چوار لق پێکدێت، سێ دانەیان تەرخانکراون بۆ ئێران و یەک لقیشیان بۆ تورکیا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو گرنگیەی دەزگای هەواڵگریی بە ئێرانی دەدات لەگەڵ ترس لە کاریگەرییەکانی بۆ سەر ئایندەی ڕژێم و دەوڵەتی عێراق وەک ئەمەی خوارەوە:

لقی یەکەم: تایبەتمەندە بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی لە بارەی ئێرانەوە بە گوێرەی دە مەیدانەکەی هەواڵگریی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن بەو پێیەی دەوڵەتێکی دوژمنە و گۆڕدراوە بۆ دەوڵەتێکی نەیار.

لەو ڕوانگەیەشەوە جۆری چالاکییە دوژمنکارییەکانی ئێران پێکدەهێنێت کە لەسەر بیروباوەڕی دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق وەستاوە، دەزگاکە بەشێکی تایبەتی دامەزراندووە بۆ ئەو پڕۆسانەی کە ئێران دەکەن بە ئامانج، ئەنجامی بەدەستهێنا لە ڕووی هاوسەنگی هێز و ڕێگەلێگرتنەوە، کە پاڵی بە ئێرانەوە دەنا دەستپێشخەرییەک بکات بۆ وەستاندنی ئاڵوگۆڕکراوی پڕۆسە تایبەتەکان بەڵام ئێران وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی پابەند نەبوو بە پەیمانەکانیەوە.

لقی دووەم: لقی تورکیا کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی بە گوێرەی دە مەیدانەکانی هەواڵگریی دەربارەی تورکیا بەر پێیەی دەوڵەتێکی نەیارە و کاریگەری ڕاستەخۆی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان هەیە.

لقی سێیەم: لقی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە لەگەڵ سەرجەم بزوتنەوە و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی تاران، ئەم بەشانەی خوارەوەش لە خۆ دەگرێت: بەشی موجاهیدی خەلق: بریتین لە کۆمەڵەکەی (مەسعوود ڕەجەوی) کە لە ڕژێمەکەی ئێران جیابوونەتەوە، سەربازگەمان لەناو عێراقدا بۆ بنیادناون کە گرنگترینیان سەربازگەی ئەشرەفە لە شاری دیالە کە لە پاڵ ئێراندایە، بە هەموو شێوەیەکی سیاسی و میدیایی و سەربازی و دارایی و تەکنیکی پشتیوانی دەکرێت.

بەشی ئەحواز (ئەهواز): تایبەتە بە بەدواداچوونی کەیسی ئەهواز بەر پێیەی خاکێکی عەرەبی داگیرکراوە، ئەهوازیەکانیش چالاکی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و سەربازیانە دژی ڕێژمی تاران ئەنجام دەدەن، دەزگای هەواڵگریی هەوڵی پشتیوانیکردنی سەرجەم بزوتنەوە ئەحوازییە ئازادیخوازەکانیدا.

بەشی بەلوچ: چەند هۆزێکی سونین لە هەرێمی بلوچستان لە ئێراندا نیشتەجێن کە دەکەوێتە سەر سنووری پاکستان-ئێران، دەزگای هەواڵگریی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ سەرکردەکانیدا هەیە کە پشتیوانی پێویستیان لەلایەن عێراقەوە دەستکەوتووە.

بەشی کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە: بریتین لە کوردەکانی ئێران کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا خۆیان دەنوێنن، لەگەڵ ئازەرییەکان کە خاوەن

ڕیشەی ئازەربێیجانین، هەروەها تورک کە خاوەنی ڕیشەی تورکین و لە باکووری خۆرئاوای ئێراندا بڵاوبوونەتەوە، سەرجەم ئەم بزوتنەوانەش پشتیوانی دەکرێن لەلایەن عێراقەوە.

چالاکی هەواڵگریی عێراقی ئێرانی گرتۆتەوە لە هەموو لایەکانیەوە، هەروەها دەزگای هەواڵگریی سەرچاوەی گرنگی هەیە لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێراندا کە بایەخێکی تایبەتیان پێدەدرێت لەلایەن سەرۆک و پیشەسازییەکان و سوپا و پاسەوانی شۆڕشگێڕەوە، سەرەڕای سەرچاوەی دیکەش لە هەردوو مەیدانی سیاسی و مەدەنیدا.

بەشەکانی شیکردنەوە: لە هەریەک لە لقی تورکیا و لقی ئێران بەشەکانی شیکردنەوەی زانیارییەکان هەن، کە سەرپەرەشتی ڕێکخستنی ڕێسای زانیارییەکان و شیکردنەوەیان و تەوزیفکردنیان دەدات، لەگەڵ دیاریکردنی پێویستی سالانە بەو زانیارییانەی پێویستە لە پلانە سالانەکاندا دابنرێن.

(دولية)ی سێیەم: ئیسرائیل، ڕەمزەکەشی، م٤ د٣

بەگوێرەی بیروباوەڕی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و هەڵوێستی تایبەتی سەرۆک سەدام حسێن، ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەردەوام بە دەوڵەتی دوژمن دادەنرێت کە خاوەنی لەپێشینەی ڕەهایە لە بەدواداچوون‌دا، ئەگەری ئەوەش نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێت بە نەیار یان دۆست. لەبەرئەوە لە هەیکەل و پێکهاتەی ڕێکخستنی دەزگای هەواڵگریدا بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەتی بۆ دامەزرێنراوە کە ناوەبرێت بە بەڕێوبەرێتی ئیسرائیل، لە ڕوانگەی بەیەکداچوونی هەواڵگریی نێوان

فەلەستین و ئیسرائیل، لقی فەلەستین ئاوێتەکراوە لەناو هەیکەلی ڕێکخستنی دوەیلەی سێیەم (ئیسرائیل)دا کە لەم لق و بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

لقی یەکەم: لقی ئیسرائیل:

لە چوار بەشی تایبەتمەند بە کۆکردنەوەی زانیاریی بە گوێرەی دە مەیدانەکەی هەواڵگریی پێکدێت، لەنێوان بەشەکانی لقەکەدا بەشێک هەیە ناودەبرێت بە (المقاطعة؛ دابڕین) کە تایبەتە بە قەدەغکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کۆمپانیایەکی عەرەبی یان بیانی کە پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت، بێبەشکردنی لە دەستخستنی هەر بەرژەوەندییەکی ئابووری لەناو عێراقدا، هەروەک پێکهاتەکە چەند بەشێکی سەربەخۆشی دامەزراند:

١ـ بەشی ئۆپراسیۆنەکان: تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئامانجە ئیسرائیلییە گرنگەکان و دامەزراوە ئەتۆمییەکان و پێگە سەربازی و ئەمنییەکان و ئەو باڵەخانە حکومیانەی تەرخانکراون بۆ وەزارەتەکان و شوێنەکانی پیشەسازییە سەربازییەکان و بارەگاکانی حکومەت و کنیستی ئیسرائیلی. نەخشە و هەڵواسراوی دیوار ڕێکدەخران و بابەت و ڕووداوەکانیان لەسەرجەم شارە ئیسرائیلییەکاندا لەسەر دادەنرا. ئەم بەشە ڕۆڵێکی کارای بینی لە دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی کە عێراق بە ڕۆکێت هێرشی کردنە سەر لە جەنگی دووەمی کەنداودا ساڵی ١٩٩١، ئەندامانی ئەم بەشە لە بارەگایەکی بەدیلدا کۆدەبوونەوە لە باڵەخانەی ڕافیدەینی یەکەم بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرێتی (دولیة)وە،

ئەفسەری بەتوانای هەواڵگریی (ر. عەبدولستار)، ئامانجەکان دیاریدەکەن لەسەر نەخشەکان و ڕووناکی مۆم بەکاردەهێنن بەهۆی نەمانی کارەباوە، سەرۆکایەتی کۆماریشیان ئاگەدارکردەوە سەبارەت بەو زانیارییانەی دەستخراون دەربارەی ئەنجامەکانی هەموو لێدانێکی ساروخیانە لە ڕووی شوێنی کەوتنە خوارەوەی ڕۆکێتەکان و ئەو زیانانەی لێی کەوتۆتەوە و ئامانجی زیاتریشیان دیاری دەکرد. سەرۆکی گروپی ئۆپراسیۆنەکان داوای لە ئەندامانی گروپەکە کردبوو فەرمانی سەرۆک سەدام حسێن جێبەجێ بکەن دەربارەی دیاریکردنی ئەو شوێنانەی چڕییەکی زۆری دانیشتووانیان لێیە کە تەل ئەبیب و شارە ئیسرائیلییە گرنگەکانن بە مەبەستی کردنیان بە ئامانج.

٢ـ بەشی هەواڵگریی زانستیی: ئەرکەکەی بەدواداچوونی سەنتەرەکانی تۆژینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەتە بە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای سەربازی ئیسرائیل.

٣ـ بەشی وەرگێڕان: تایبەتە بە وەرگێڕانی دۆکیۆمێنتەکان لە زمانی عیبرییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

لقی دووەم: لقی فەلەستین: لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١ ـ بەشی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و دەسەڵاتی فەلەستینی.

٢- بەشی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان کە پشتگیری پڕۆسەی ئاشتی ناکەن وەک بەرەی ئازادیخوازی عەرەبی و بەرەی میللی ڕزگارکردنی فەلەستین. کۆمەڵەی جۆرج حەبەش و ڕێکخراوی تر.

٣- بەشـی ئەو ڕێکخـراوە فەلەسـتینیانەی لە بـازنەی خۆرئـاوا پـۆلێن کـراون (ڕێکخـراوە تێرۆرسـتییەکان) وەک حەمـاس و بـزوتنەوەی جیهـادی ئیسـلامی کە پیشتوانییەکی میدیایی و دارایی ڕاستەوخۆی هەیە لە ڕێگەی نوسینگەی حەوتەم لە هەواڵگریی عێراقی (نوسینگەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازییە عەرەبییەکان). عێراق بـڕی دە هەزار دۆلاری بـۆ خـانەوادەی شـەهیدانی ڕاپەڕینـی فەلەسـتینی تەرخـان دەکرد لەگەڵ ٢٥ هەزار دۆلار بۆ خێزانی شەهیدانە ئینتحارییەکان.

(دولية)ی چوارەم: هێماکەشی، م٤ د٤.

لە پێنج لق پێکدێت:

لقی یەکەم: لقی دەوڵەتانی خۆرئاوای ئەورووپا و ڕەمزەکەشی، م ٤ د ١/٤

لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١. بەشی بەریتانیا.
٢. بەشی فەڕەنسا.
٣. بەشـی دەوڵەتە ئەسـکەندەنافییەکان، هۆڵەنـدا و نەرویـژ و هیـی تریش دەگرێتەوە.
٤. بەسی دەوڵەتانی خواروووی ئەورووپا، ئیسپانیا و ئیتالیا و یۆنان.

لێرەدا سـەرنجی ئەو بایەخپێدانە تـایبەتە دەدەیـن کە بونیـاد و هەیکەلـی ڕێکخسـتن بەخشـیویەتی بە هەریەک لە بەریتانیـا و فەڕەنسـا، بەشـی تـایبەتی بـۆ تەرخـان کـردووە، ئەوەش بەهـۆی قورسـاییە نێودەوڵەتییەکەیـان و کاریگەرییـان بـۆ سـەر

بڕیـــاردانه نێودەوڵەتییەکـــان بەو پێـــیەی دوو دەوڵەتـــی هەمیشـــە ئەنـــدامن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا.

لقی دووەم: لقی ئەمریکییەکان، بە م٤ د٢/٤ هێمای بۆ دەکرێت:

وێـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بە دەوڵەتـی دوژمـن پـۆلێنکراوە بە لە پێشـینەی یەکەم (اســبقية أولــی). لـــقەکە لە شـــەش بەش پێکـــدێت، پێنجیـــان تەرخـــانن بـــۆ بەدواداچـــوونی گۆڕەپـــانی ئەمریکـی، یەک بەشیشـیان بـۆ دەوڵەتە باشـووریییەکانی دیکەی ئەمریکا و مەکسیک و کەنداو و ئوسـترالیا بەو پێیەی دەوڵەتـی لەپێشـینەی سێیەمن لە ڕووی بایەخدانەوە.

بەشی یەکەم: بەشی سیاسیی و ڕاگەیاندن:

ئەرکەکەی بەدواداچـــوونی کۆشـــکی ســـپییە، لەگەڵ وەزارەتـــی دەرەوە و کۆنگرێس بە هەردوو ئەنجومەنەکەیەوە کە ئەنجـومەنی نـوێنەران و پیـرانن، لەگەڵ هەڵبـــژاردنە ئەمریکییەکـــان و نێـــردراوی ئەمریکـــی لە نەتەوە یەکگرتووەکانـــدا و ئەنجـــومەنی ئاسایشـــی نێـــودەوڵەتی و ســـەنتەرەکانی تـــوێژینەوە و لێکـــۆڵینەوەی سیاسی، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی وەک ڕۆژنـامە و کەناڵەکـانی تەلەفزیـۆن و بڵاوکراوە سیاسییەکان.

بەشی دووەم؛ هەواڵگریی و سەربازیی:

تـــایبەتە بە بەدواداچـــوونی وەزارەتـــی بەرگریـــی و ســـەرجەم بەشـــەکانی هێـــزە چەکدارەکان و بنکە ئەمریکییەکـان و ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوەیـی و ئاژانسـی

ئاسایشی نەتەوەیی و هەواڵگریی مەرکەزی CIA و نوسینگەی هێنانەدی فیدراڵی FBI، هەموو ئەوەی پەیوەستە بە دەستەی ئەرکانی سەربازی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی و چەکدارکردنیان و ناوچەکانی بڵاوبوونەوەیان.

بەشی سێیەم: بەشی شیکاریی:

تایبەتە بە شیکارکردنی زانیارییەکانەوە و سەرپەرەشتی ڕێکخستنی بنکەی زانیارییەکان دەکات و پێویستیە سااڵنەکان دیاری دەکات لە زانیاریی داواکراو بۆ ئەوەی بخرێنە ناو پلانە ساڵانەکانەوە. وەکچۆن بەشەکە سەرپەرەشتی ڕێکارەکانی تەوزیفکردنی زانیارییەکان دەگرێتە ئەستۆ ئیتر لە ناوەوەی بازنەکەدا بێت یان لە دەرەوەی. لە دوای گرنگی هەڵبژاردنی ئەمریکییەوە بۆ سەرۆکایەتی و بۆ تەشریعی، دکتۆری (ف ئەلعانی) دانراوە بۆ لقی ئەمریکا کە پسپۆڕی کاروباری ئەمریکییە و بەدیاریکراویش هەڵبژاردەکان. هەروەها لە ئەرکەکانی لقی ئەمریکا ئەوەی کە سەرۆکایەتی کۆماری بە وێنە دەربارەی هەڵبژاردنەکان دابنێت لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی دەزگاکە سەبارەت بەوەی کێ دەیباتەوە بە کاتێکی زووتر لە وادەی هەڵبژاردنەکان. ئێمە چاوەڕێی بردنەوەی پاڵێوراوی کۆمارییەکان جۆرج بۆشی کوڕ بووین لە هەڵبژاردەکانی ساڵی ٢٠٠ بەرامبەر پاڵێوراوی دیموکراتی ئال گور، جیاوازی دەنگەکانیش یەکجار کەم بوو کە تەنیا ٥٣٧ دەنگ بوو لە ویلایەتی فلۆریدا، کە بووە مایەی دەستوەردانی دادگای باڵای ئیتحادی، دانی بە بردنەوەی بۆشی کوڕدا نا، لەکاتێکدا ئال گور بەرزترین دەنگەکانی بەدەستهێنا بو جیاوازی ٥٠٠ هەزار دەنگ، بەاڵم هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند بەگوێرەی سیستەمی هەڵبزاردنی وەستاو لەسەر دەنگەکانی دەستەی هەڵبژاردنی ویلایەتەکان.

بەشی چوارەم: بەشی ئابووریی:

دەزگای هەواڵگریی دیدێکی ستراتیژیانەی هەبوو سەبارەت بەوەی کە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی نە سەربازی دەبێت و نە سیاسی بەڵکو دارمانێکی ئابووری دەبێت و لەناو ئەمریکاوە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوە ڕێکخەرانی هەیکەلەکە بەپێویستیان زانی بەشێکی تایبەت پێکبهێنن کە بایەخ بە بەدواداچوونی دۆخی ئابووری ئەمریکی بدات. خەملاندنەکانی ئێمە بەو شێوەیە بوو کە دارمانی ئەمریکی پێش ٢٠٣٥ -٢٠٥٠ ڕوونادات، بەڵام سەرۆک سەدام حسێن وایدەبینێت کە ئەوە بەرواڕێکی دوورە و دارمانەکە لە ساڵی ٢٠١٢ تێپەڕ ناکات لە دوورترین خەملاندندا. لە ساڵی ٢٠٠١ دا، دوای هێرشەکانی سێپتەمبەر/ئەیلول، سەرۆک سەدام حسێن کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆی پسپۆڕ لە کاروباری ئەمریکی بانگ کرد، لەنێوانیشیاندا دکتۆرە (ف ئەلعانی)، یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی پسپۆڕ لە شیکارکردن لە لقی ئەمریکادا، کە ناکۆک بە بیرەباوەڕی سەرۆک سەبارەت بە نزیکبوونەوەی دارمانی مەنزومەی ئابووری ئەمریکی وەستایەوە، پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە دارمانەکە پێش ساڵی ٢٠٣٥ ڕوونادات. کە بوو بەهۆی ئەوەی سەرۆک لە تەرحەکەی تووڕەبوو. مایەی ئاماژە پێکردنیشە کە ئەو دارمانە ئابووریەی تووشی ئابووری ئەمریکی بوو لە ساڵێ ٢٠٠٨دا، بەهۆی شەڕکردنیەوە لەگەڵ ئەفگانستان و عێراق، قەرزداری ئەمریکی گەیاندە ٣٠ ترلیۆن دۆلار، لە هەموو ساڵێکدا دارایەکە ئیشکالیەت لەنێوان کۆماریەکان و دیموکراسییەکاندا دروست دەکات سەبارەت بە بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز بۆ تێپەڕاندنی دۆخی دارمانەکە، ئا ئەمەشە سیاسەتی هەڵهاتن بۆ پێشەوە کە هەر دەبێت لە قۆناغێکدا بووەستێت. لەکاتی دامەزراندنی ئەمریکاوە تا وەرگرتنی ئیدارەی کۆشکی سپی لەلایەن بۆشی دووەمەوە، قەرزی گشتیی ئەمریکی لە

سنووری ٤ ترلیۆندا بووە، بەڵام بۆش لە کۆشکی سپیەوە لە ساڵی ٢٠٠٨دا، بە قەرزێکی گشتییەوە هاتەدەرەوە کە بڕەکەی ١٤ ترلیۆن دۆلارە. ئەمەش واتە سەرجەم سەرۆکە ئەمریکییەکان لە دامەزراندنی ئەمریکاوە قەرزی گشتییان گەیاندۆتە ٤ ترلیۆن، لەکاتێکدا کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی هەشت ساڵەی ئیدارەی بۆشدا، سەقفی قەرزەکە سێ جار بەرزبووەوە بەهۆی ئەو جەنگانەوە کە لە ئەفغانستان و عێراقدا هەڵگیرساندن.

بەشی پێنجەم: بەشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

ئەم ڕێکخراوانە لە ئەمریکادا زۆر بەربڵاون و ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە هاندانی ڕای گشتیی ئەمریکی دژی ئابڵۆقەی سەپێنراو بە سەر گەلی عێراقیدا، ئەندامانی ڕێکخراوەکان بەڕێکوپێکی سەردانی عێراقیان دەکرد لەژێر سەرپەرشتی ئێمەدا کە بوو بەهۆی بێزارییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ ئیداراتی ئەمریکی لەسەر ئاستی میللی. هەندێک لە لایەنەکانیش هەوڵی قۆزتنەوەی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانیان دا لەسەر گۆڕەپانی عێراق بۆ هەستان بە چەند کارێک لە دەرەوەی بازنەی بەرپرسیارێتییەکانیاندا و چەند حاڵەتێکی سیخوڕی دیاریکرا، هەروەک سەرنجی بوونی چالاکی تەبشیریانەی ئاینیانەشمان دا کە هەلومەرجی سەختی ئابووری هاوڵاتیانیان قۆزتبووەوە، ڕێکخراوەکانیش ئاگادارکران لەوە و ڕێگرتنیان لەو جۆرە چالاکیانە. ئەرکی دەزگاکە چاودێریکردنی ئەو ڕێکخراوانە و یاوەریکردنیان بووە لە گەڕانیاندا بە پارێزگاکاندا، لە هەمان کاتیشدا ئێمە بابەت و کەرەستەی میدیایمان ئامادە دەکرد سەبارەت بە شوێنەواری سزا ئابووریەکان بە

ئامانجی بڵاوکردنەوەیان لەناو ئەمریکادا، ئەم بەشە هەوڵێکی تایبەتیاندا لەم ڕووەوە.

بەشی شەشەم: ئەم بەشە دەوڵەتانی ئەمریکای باشوور دەگرێتەوە لەگەڵ مەکسیک و کەنەدا و ئۆستراليا و نیوزلەندا:

هەندێک لەم دەوڵەتانە بواریکی سەرەکی پێکدەهێنن بۆ کاری هەواڵگریمان وەک ڤەنزوێلا، یەکێک لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت کە لە دۆخی دوژمنایەتی ئایدۆلۆجیدایە لەگەڵ ئەمریکادا، تەنانەت تاکە سەرۆک کە سەردانی عێراقی کرد لە ماوەی ئابڵۆقەی ئابووریدا سەرۆکی ڤەنزوێلی بوو (شافێز)، کە بە وشکانیدا لەڕێگەی ئێرانەوەی هاتە ناو عێراقەوە.

عێراق بایەخێکی ئاستبەرزی بە بەرازیل هەبوو بەو پێیەی دەوڵەتێکی پیشەسازی گەورەیە و پەیوەندیی سیاسی و ئابووری و سەربازی گرنگمان لەگەڵیدا هەیە بە تایبەتیش لە بواری چەکی مووشەکدا، کە مووشەکی دوومەودای بە عێراق بەخشی لە جەنگی عێراق-ئێراندا. کاتێکیش تاقیکردنەوە لەسەر مووشەکەکان لە عێراقدا کرا ڕوونبووەوە کە لە ئامانجەکانی خۆیان لادەدەن بە دووری قەبوولنەکراو، پسپۆڕانی بەرازیلیش نەیانتوانی هۆکارەکە بزانن و گوتیان کە ئەوانیش ڕووبەڕووی هەمان کێشە بوونەتەوە لەگەڵ مووشەکی دیکە کە بە دەوڵەتانی دیکەیان لە ناوچەکەدا فرۆشتووە. فەریقی ئەندازیار عامیر ڕەشید عوبەیدی توێژینەوەی دەکرد بۆ زانینی کێشەکە، دوای ماوەیەک لە کارکردنی زۆر گەیشتە تیۆرێکی فیزیایی کە هۆکاری هونەری لادانی مووشەکەکە بووە لە ئامانجەکەی خۆی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پەیوەستە بە چینە

بالاکانی شەپۆلە هەواییەکان و ئاراستەکانیان کە جیاوازن لەوەی بەرازیل. کاریگەری مووشەکە بەرازیلییەکەی ئاگادار کرد سەبارەت بە ئەنجامەکان، خێرا شاندێکی هونەری نارد بۆ دڵنیابوون لە حەقیقەتی بابەتەکە، دوای ئەوەی فەریق عامر عبیدی دڵنیابوو لە دروستێتی تێورەکەی، ڕێککەوتنی لەگەڵ بەرازیلدا کرد بۆ دابەزین لە بڕێک کە ٢٥ ملیۆن دۆلار بوو لە بەهای گرێبەستەکە بەرامبەر بە بەخشینی نهێنی مەعریفەی تایبەت بە کێشەکە پێیان.

دەزگای هەواڵگریی بەرپرس بوو لە گواستنەوەی بۆمبی هێشوویی کە عێراق بە بڕێکی زۆر لە دەوڵەتی چیلییەوە هاوردەی کردبوو لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا، کە بەهۆی فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانی عێراقیەوە (جامبۆ ٧٤٧) گواستراندەوە کە گەشتی نیومانگانەیان هەبوو بۆ شاری ڕیو دی جانیروی بەرازیلی، کە دەڕۆشتن بۆ چیلی و بۆمبی هێشوویان لێ باردەکردن پاشان دەگەڕانەوە بۆ ڕیو دی جانیرو، سەرنشینەکانی هەڵدەگرتن و دەگەڕایەوە بۆ عێراق. ئەوانە سەرپێچی گەورەی یاساکانی فڕینی مەدەنی و ڕێکخراوی ئیاتا بوو، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی لەو کارانە کرد، بەرازیلیش تا ڕادەیەکی زۆر لەم بوارەدا هاوکارمان بوو. لەکاتێکدا بە پێچەوانەوە ئەرجەنتین چەک و کەلوپەلی دەدا بە ئێران، ئەو بابەتەی کە پاڵی پێوەنا بۆ ناردنی دوو ئەفسەر لە هەواڵگرانی خزمەتی دەرەکی، کە یەکێکیان (ی غەزالی) بوو، ئامانجەکەشیان زانینی بڕ و جۆری ئەو چەکە بوو کە بۆ ئێران هاوردە دەکرا لەگەڵ ڕێگاکانی بارکردن یان شوێنەکانی خەزنکردنی لە ئێران، بەڕاستی وێستگەکەمان توانی، بە بەدواداچوونێک لە سەرچاوەکانی دەزگاکەوە لەناو ئێراندا، شوێنەکانی دیاری بکات. هێزی ئاسمانیش عێراقیش هەستا بە هێرشکردنە سەر کۆگاکانی پڕکردنی چەکی ئەرجەنتینی لە ئێران دووجار و زیانی گەورەی پێگەیاندن.

لقی سێیەم: دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا و یەکێتی ڕووسیی و دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەگرێتەوە.

لقی چوارەم: لقی ئەو دەوڵەتانەی ئەفریقا کە عەرەب نین، چاد و مالی و سەنگال و باشووری ئەفریقا و ئەسیوپیا و جیبۆتی و کینیا و دەوڵەتانی دەیکەی ئەفریقی.

کاری ئەم لقانە ڕۆتینی بوو و شتێکی ئەوتۆیان تێدا نییە شایستەی قسە لەسەرکردن بێت.

لقی پێنجەم: هەواڵگریی زانستیی کە هێماکەی م٤ د ٥/٤:

ئەم لقە لە ماوەی ئابلۆقە و سزا سەپێنراوەکانی سەر عێراق دوای داگیرکردنی کوێت دروستکرا، بایەخی بە کردن بە ئەندامی زانایان و تۆێژەران دەدا، وەکچۆک هەوڵی ڕزگارکردنی هەندێک کەلوپەلی دەدا کە گرنگ بوون بۆ مەنزومەی بەرگری ئاسمانی و تەکنیکی دیکەی پەیوەستدار بە پیشەسازییە سەربازییەکانەوە. ئەم لقە سورە لەسەر سەردانی ئەو پێشەنگا دەوڵەتیانەی تایبەتن بە تەکنەلۆژیای جەنگ و بەدواداچوونی دواهەمین داهێنان، هەروەک هەوڵی دزینی تەکنەلۆژیا و کۆکردنەوەی نامیلکەی زانستی ئەو بڵاوکراوانە دەدات کە دواهەمین داهێنانەکان لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا لەخۆدەگرن بۆ سوودوەرگرتن لێیان لە ڕووی لۆکاڵییەوە.

ئەو بەڕێوبەرە گشتییانەی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاری دەرەکیان دەکرد:

١-کازم موسلیم، لە پێشەنگە یەکەمەکانی هەواڵگرییە، خەڵکی پارێزگای بابلە و خانەنشین کراوە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی تەمەندا.

٢- خ. ش، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە پۆستەکەدا بوو، لە لێهاتووترین ئەفسەرانی هەواڵگریی و لە پسپۆڕانی کاروباری ئیسرائیل بوو.

٣- فاروق عەبدولا حیجازی بۆ ماوەیەکی دووردرێژ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی نهێنی هەبوو، پاشان بوو بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی کاروباری هونەری، پاشان باڵێۆز لە تورکیا و لە کۆتایشدا باڵێۆز لە تونس تا ساڵی ٢٠٠٣، کە دەسەڵاتی تونس بە داوایەک لە دەسەڵاتی داگیرکەرەوە دووری خستەوە. تونسی بەجێهێشت بەرەو سوریا، پاشان دەسەڵاتی سوریش دوریخستەوە بۆ ناو سنووری عێراق، و هێزە ئەمریکییەکانی لە شوێنەکەی ئاگادارکرد بۆ دەستگیرکردنی، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرد، سەبارەت بە کەیسی تیرۆرکردنی تالێبب سوهەیل) و بڕیاری سێدارەی بە سەردا درا و بڕیارەکە بە سەریدا پیادەکرا لە مارس/ئاداری ساڵی ٢٠١٤ دا.

٤-جەبار مەزڵوم زوبەیدی: لە دەستەی یەکەمی دەزگای هەواڵگرییە و خەڵکی کووفەیە، چەندین پۆستی هەبووە لە خزمەتی دەرەکیداو، سەرپەرشتی کەیسی گرنگی کردووە، لە میسر و دوای داگیرکردن کۆچی دوایی کردووە.

٥-دکتۆر حەسەن عوبەیدي: خەڵکی کەرکوکە، هەشت ساڵ لە زیندانەکانی داگیرکەردا مایەوە بەبێ تاوانبارکردنی لە هیچ کەیسێکدا و بەبێ هیچ بڕیارێکی دادوەریش.

بەڕێوەبەرێتی گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی، ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی و ئەم ئەرکانە بەڕێوە دەبات:

١. کەشفکردنی چالاکییە سیخوڕییەکان و حاڵەتەکانی بیلانگێری، پەیوەست بە ڕەگەزی دەرەکییەوە.
٢. کەشفکردنی پڕۆسەکانی وێرانکاری ئابووریی و کەیسەکانی بەرتیل و هەموو ئەوەی پەیوەستە بە کاری کۆمپانیا بیانەکانەوە لەناو عێراقدا.
٣. بەدواداچوونی پڕۆسەکانی قاچاخێتی مادە هۆشبەرەکان و چەک و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و شوێنەوارەکانەوە لەڕێگەی سنوور و کەشفکردنی تۆڕەکانیان.
٤. بەدواداچوونی چالاکی ڕێکخراو و بزوتنەوە "زایۆنییەکان" و ڕێکخراوە تەبشیرییەکان.
٥. کەشفکردنی ئەو چالاکییە تیرۆریستانەی ڕێکخراوی بەرگری ئیسلامی ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ کۆمەڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی کە پرۆسەی وێرانکاری لەناو عێراقدا پیادەدەکەن.
٦. چاودێریکردنی حاڵەتەکانی وێرانکردنی فیکری و کۆمەڵایەتی کە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەنە ئامانج.

ـ ئامانجەکانی بنبڕکردن(بەرەنگاربوونەوە)ی سیخوڕیی:

مەبەست لە ئامانجەکان بریتین لەو دەزگا بیانیانەی لە عێراقدا کاردەکەن لەگەڵ هاوڵاتییە بیانیەکان:

١. باڵێوزخانە و نێردراوە دیپلۆماسیە بیانییەکان.
٢. ئەو کۆمپانیا بیانیانەی لە عێراقدا کاردەکەن.
٣. ئۆفیسی ڕێکخراو و دەستە نێودەوڵەتییەکان.
٤. ئۆفیسی هێڵە ئاسمانییە بیانیەکان.
٥. ئەو هاوڵاتیە بیانیانەی لە عێراقدا نیشتەجێن بۆ مەبەستی کارکردن یان خوێندن یاخود هاوسەرگیریی.

ـ ئەرکی لق و بەشەکان:

١ــ لقی کارگێڕیی: ئەرکەکانی ئیدارین و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بەڕێوەبەری گشتییەوە، بەدواداچوونی ئەو فەرمانەکانی لە ئەستۆ دەگرێت کە لە بەڕێوەبەری گشتیی یان بەڕێوەبەری دەزگاکە یان یاریدەدەر یان فەرمانەکانی سەرۆکی کۆمار یان سکرتێری سەرۆک کۆمارەوە دەردەچن، پەیوەست بە کاری هەواڵگریی ناوخۆ.

٢ـ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان: کۆمەڵێک لە ئەفسەری هەواڵگریی لەخۆ دەگرێت، ئەرکەکانیان جەخت دەکاتە سەر هەماهەنگی ڕێکخستنی نێوان دەزگاکە و وەزارەتە حکومیەکان، نابێت ئەندامانی دەزگاکە سەردانی وەزارەتەکان بکەن لە ڕێگەی ئەم بەشەوە نەبێت.

٣ــ بەشــی هــێڵە ئاســمانییەکان: ئەرکەکــانی بەدواداچــوونی تاقمەکــانی فڕۆکەکــان دەگــرێتەوە لە فــڕۆکەوان و میوانــدارەکان و ئەنــدازیارانی ئاســمانی، تــاقمی فڕۆکەکــان لە ئامــانجە گرنگەکــانی هەواڵگریــی بیــانییە، وەکچــۆن هەنــدێکیان لە ســەرچاوەکانی دەزگــای هەواڵگریــی دادەنرێــت. بەشــێکی تــایبەت بــۆ هــێڵە ئاســمانیەکان پێکهێنــراوە بەو پێــیەی تــاقمی فڕۆکەکــان لە ڕووی جــوگرافیەوە ســەر بە گۆڕەپــانێکی دیــاریکراو نــین، بەهــۆی ئامادەبوونیشیانەوە لە دەرەوەی عێراق زیــاتر لە ئامادەبوونیــان لە نــاوەوە، لە پەیوەنــدییەکی ڕاستەوخۆشــدان لەگەڵ بیانیەکــان و فڕۆکەخــانە نێودەڵەتیەکان، بەدواداچوونیان بووە بە پسپۆڕێتی دەزگای هەواڵگری.

٤. بەشــی فڕۆکەخــانەی نێودەوڵەتیی (وێســتگەی هەواڵگریــی فڕۆکەخــانەی ســــەدامی نێــودەوڵەتیی): بەشــی فڕۆکەخــانە پەیوەســتە بە نوســینگەی بەڕێوەبەری گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی و ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:

*ئاسانکردنی پێشوازیکردن و گەشتکردنی سەرچاوەکانی دەزگاکە و یاریدەدەر و هاوڕێیان لە عێراقیەکان و بیانیەکان و میوانانی دەزگاکە، لەگەڵ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو دەستانەی تایبەتن بە فڕۆکەخانەوە و ڕێگەدان بە هەندێکیان بۆ تێپەڕین بەبێ پڕۆسەی پشکنین یان دواخستنی مەبەستەکانی کارکردن، هەروەها مۆرنەکردنی پاسپۆرتی ئەو کەسانەی بابەتەکە پێویستی بەوەیە بە نهێنی بخرێتە ناو عێراقەوە، ئەم ڕێسایە بەسەر سەرجەم سەرچاوەکانی دەزگاکەدا پیادەناکرێت بەڵکو تەنیا بۆ هەندێک لەو سەرچاوانەیە کە زەرورەت ئەوە دەخوازێت کە چوونە ناو عێراقیان بشاردرێتەوە بەگوێرەی پێداویستیەکانی کارکردن.

*ئاسانکاریی بۆ ڕۆیشتنی یان گەڕانەوەی ئەفسەرانی دەزگاکە لەکاتی گەشتکردنیاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی لە دەرەوە. ئەفسەرانی هەواڵگریی لە ڕێکارەکانی پشکنینی گومرگ جیاناکرێتەوە، بەڵکو ملکەچی ڕێکارە ئاساییەکانی گەشتیارانن مەگەر سەرکردایەتی فەرمانگەکە داوای نە پشکنینی بکات لەبەر هۆیەکی دیاریکراو کە پەیوەستە بە هەڵگرتنی کەل و پەل یان دیکۆمێنتگەلێک کە نابێت لە لایەنی دیکەوە ئاگاداری بن.

*سەرپەرەشتیکردنی پرۆسەکانی بڕینی بەریدی سیاسی سەر بەو باڵێۆزخانانەی پشت پێ بەستراون لە عێراقدا کە ڕێکارەکانی کردنەوەی بەرید لە باڵەخانەی بارکردنی هەوایی لە بەشی بەریدی دیبلۆماسیدا بەڕێوەدەچن کە ئەفسەرانی هەواڵگریی پسپۆڕ و بە ئەزموون لە پرۆسەکانی بڕین و دزەکردن سەرپەرشتی دەکەن.

*هەماهەنگی لەگەڵ بەشی هێڵە ئاسمانییەکانی تایبەت بە بەدواداچوونی فڕۆکەوانەکان و تاقمەکانی فڕۆکەکان، کە بەشێکە پەیوەستە بە بەڕێوەبەری بنبڕکردنی سیخوڕی بۆ مەبەستی بەدواداچوونی جووڵەی ئامانجەکان.

*بەدواداچوونی ئەو بیانیانەی لە هۆڵی ترانزێتدان لەناو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی.

*ئاگادارکردنی لقە تایبەتمەندەکان لە دۆخی گەیشتنی ئامانجە بەدواداچووەکان بۆ فڕۆکەخانە یان بەجێهێشتنیان و جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارە هەواڵگرییانەی پێویستە پیادە بکرێن لە پشکنینی ورد لە دەرەوەی بازنەی پشکنینی گومرکی یان ڕاپرسی یان پەککەوتنی ئامانجەکە بۆ کاتی گەیشتنی تاقمە و دەستەکانی چاودێریکردنی مرۆیی بۆ چاودێریکردنی یان دۆخەکانی ڕاکێشانی پاسپۆرت و ئاسانکردنی

ڕێکارەکانی دەستگیرکردنی هەندێک لە تۆمەتبارانی داواکراو لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پشکنین و لێکۆڵینەوەوە (الحاكمية).

ڕامیاریی یەکەم، لە سێ لق پێکدێت:

١. لقی یەکەم ئێران، ڕەمزەکەشی م ١/٥.
٢. لقی دووەم تورکیا، ڕەمزەکەشی م ٢/٥.
٣. لقی سێیەم ئیسرائیل، ڕەمزەکەشی م ٣/٥.

تێبینی ئەوە دەکەین کە دەوڵەتانی پۆلێنکراو بە (دوژمن یان نەیار) کە خاوەنی کاریگەری ڕاستەوخۆن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، لقی سەربەخۆیان بۆ تەرخان کراوە.

ڕامیاریی دووەم: لە سێ لق پێکدێت:

١. لقی یەکەم: سوریا و لوبنان، ڕەمزەکەیان م٤/٥.
٢. لقی دووەم: ئەردەن، ڕەمەزەکەی م٥/٥.
٣. لقی سێیەم: دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی و یەمەن، ڕەمزەکەیان م٦/٥.

لێرەدا سەرنج دەدەین سوریا پۆلێنکراوە وەک دەوڵەتێکی نەیار (خصم) و لە پێشینەی یەکەم (اسبقية أولى)، لقێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان کراوە بەهۆی قەبارەی هەڕەشەی ڕاستەخۆی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کە موخابەراتی سوریایی و ئەندامانی حیزبی بەعسی جیابووەوە دەینوێنن کە لە سوریادا وەک ئۆپۆزسیۆن بوونیان هەیە، هەروەها سیاساتی ڕژێمی سوریایی بۆ قۆناغێکی دووروودرێژ. سەبارەت بە ئەردەنیش، گەرچی دەوڵەتێکی دۆستیشە بەڵام لە پێشینەی یەکەمی

گـرتەبەر و لقێکـی سـەربەخۆی بـۆ دامەزرێنـراوە، چـونکە گۆڕەپـانی ئەردەنـی بەردەوام گۆڕەپانێکی کـراوە بـووە بـۆ چـالاکی هەواڵگریـی بیـانی و ئۆپۆزسـیۆنی عێراقی ئاڕاستەکراو دژمـان، لەپاڵ ئەو پەیوەندیە پتەوە زانراوانەشدا کە لەنێوان دەزگای هەواڵگریی ئەردەنی و هەواڵگریی ئەمریکیدا هەیە.

ڕامیاریی سێیەم: لە سێ لق پێکدێت:

یەکەم: لقی باشووری ئاسیا و چین و ژاپۆن و هیندستان و دەوڵەتە ئاسیاییەکانی تر، هێماکەشی م٧/٥.

دووەم: لقی ئەفریقیای عەرەبی کە میسڕ و لیبیا و دەوڵەتانی مەغریبی عەرەبی و سودان و مۆریتانیا دەگرێتەوە، ڕەمزەکەشی م ٨/٥.

سێیەم: لقی ئەفریقای نا عەرەبی، سەنیگال و مـالی و چـاد و باشـووری ئەفریقیـا و ئەسـیوپیا و دەوڵەتـانی دیـکەی ناوەڕاسـت و باشـووری ئەفریقیـا دەگـرێتەوە، ڕەمزەکەشیان م٩/٥.

ڕامیاریی چوارەم (السیاسیة الرابعة)، لە چوار لق پێکدێت:

١ـ لقی یەکەم: ڕووسیا و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤییەتی بێسنوور دەگرێتەوە، ڕەمزەکەیان ١٠/٥.

٢ـ لقـی دووەم: دەوڵەتـانی خـۆرهەڵاتی ئەورووپـا دەگـرێتەوە، کە ڕۆمانیـا و بولگاریـا و چیـک و پۆڵەنـدا و سـربیا و دەوڵەتـانی دیـکە لەخۆدەگرێـت، هێماکەشیان م ١١/٥.

٣ـ لقی سێیەم: دەوڵەتانی خۆرئاوای ئەوروپا لەخۆدەگرێت وەک بەریتانیا و فەڕەنسـا و ئەڵمانیـا و ئیسـپانیا و ئیتاڵیـا و دەوڵەتە ئەوروپـیە خۆرئاواییەکانی تر، هێماکەشیان م ١٢/٥.

٤ـ لقی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: ئەم لقە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە دروستکرا کە ئەرکی بەدواداچوونی لێژنەکانی پشکنینی نێودەوڵەتی و لێژنەکانی دامالێنی چەکی وێرانکاری گشتگیری عێراقی لەخۆدەگرێت، ڕێکارەکانی بەدواداچوون و چاودێری و یاوەری سەرجەم کارەکانی لێژنەکان و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدات. هێماکەشی م١٣/٥.

ئەم لقە توانی لێژنەکانی پشکنین ببڕێت لە ڕێگەی بەسەربازکردنی هەندێک لەو ئەندامانەیەوە کە بوون بە نیاز و مەبەستی لێژنەکان و هەوڵەکانی بەڕێوەبردنی پڕۆسەکانی پشکنین، هەروەها هەستانی زۆربەی ئەندامەکانی بە چالاکی سیخوڕی لە دەرەوەی پسپۆڕێتیەکانی لێژنە نێونەتەوەییەکان بۆ بەرژەوەندی مۆسادی ئیسرائیلی و ئاژانسی هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی و هەواڵگریی بەریتانی و ئوسترالی. لەژێر تیشکی ئەو زانیارییانەدا گومانلێکراوەکانیان دەرکران، وەکچۆن دەزگاکەش زانیاریی پێشوەختی هەبوو سەبارەت بەو شوێنانەی گرووپەکانی پشکنین ڕوویان تێدەکەن لە پڕۆسە لەناکاوەکانیاندا.

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕییان وەرگرتووە:

١. سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن، دوای داگیرکردنی ئەمریکی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو لە زیندانی (الحوت) کۆچی دوایی کرد لە شاری ناصریە.
٢. لیوا ڕوکن مۆفەق مەولود ناسڕی (کۆچی دوایی کردووە).
٣. لیوا ڕوکن ح موحسین.
٤. لیوا ڕوکن خ ا مەحموود.
٥. لیوا م ئەلدووری، بۆ ماوەی هەشت ساڵ زیندانی کرا لەلایەن داگیرکاری ئەمریکیەوە و ئازادکرا.
٦. محەمەد فەدعم، دوای داگیرکاری لە سوریا وەفاتی کرد.
٧. رافیع دەحام مجول، ساڵی ١٩٩٩ مالئاوایی لە ژیان کرد.

بەڕێوەبەری چالاکیی دژ، م/٤٠ :

ئەو لایەنەیە کە پەیوەندیدارە بە بەدواداچوونی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە. لە سەرەتای دروستبوونیدا لە هەشتاکاندا، لقێکی سەربەخۆ بوو لەناو بەڕێوەبەرێتی خزمەتی نهێنی دەرەکی پاشان لە سەرەتای نەوەدەکاندا بوو بە پێکهاتەیەکی هەواڵگریی (دولیة خامسة) لەناو خزمەتی دەرەکیدا. لە ساڵی ١٩٩٦ یشدا، لە ئەنجامی جیابوونەوەکەی حسێن کامیل، گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆی پەیوەست بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگای کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان، کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر،

ئەرکی بەدواداچوونی کاروباری چالاکی دوژمن دەکات کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نمایندەی دەکات لە دەرەوە و درێژکراوەکانیشی لە ناوەوە. گرنگترین شتیش کە ئەم بەڕێوەبەرێتیەی پێ جیادەکرێتەوە بریتیە لە ئەو نهێنییوونەی کە دەوری جالاکیەکانی دەدات، ئەوەش بەهۆی هەستیاربوونی فایلەکانی و بایەخەکەی لە سایەی هەڵومەرجی نائاساییدا، خاوەنی لەپێشینەی ڕەهایە (أسبقية مطلقة) کە پێش بەڕێوەبەرێتی ئێران دەکەوێت، بەهۆی بەخشینی دەسەڵاتی فراوان بە ئۆپەراسیۆنی هەواڵگریی بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیەکانی لە بەدواداچوون و لەناوبردنی چالاکی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە کە پشتگیریەکی هەواڵگریانەی نێودەوڵەتی ناسنورداری دەبێت. هەیکەلی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرێتیەکە لەم لقانەی خوارەوە پێکدێت:

١. لقی حیزبە ئاینییەکان: تایبەتمەندن بە بەدواداچوونی حیزبی ئیسلامی و حیزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلا و ئیخوان موسلمین و حیزبی تەحریری ئیسلامی و جوندئەلئیمام و بزوتنەوە ئاینیەکانی دیکە کە لەژێر عەبای ئاینەکاندان ئیدی ئیسلامی بن یان هی تر.

٢ـ لقی کوردەکان، لقێکی تایبەتە بە بەدواداچوونی حیزب و بزوتنەوە کوردییەکانەوە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆمەڵەکەی بارزانی) و حیزبی یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەکەی جەلال تاڵەبانی) لە پاڵ بزوتنەوە کوردییەکانی دیکەدا بە بزوتنەوەی ئیسلامیشەوە (کۆمەڵەکەی مەلا کرێکار).

٣ـ لقی ئەو حیزبانەی خاوەنی دەمامکێکی نیشتمانی و نەتەوەیین وەک (حركة الوفاق الوطني) بە سەرکردایەتی ئەیاد عەلاوی، (الحزب الناصري

القـومي) و لیـژنەی مەرکەزی حیزبـی شـیوعی و ئەوانەی لە بەعسـیەکان جیابوونەوە، (کۆمەڵەکەی عەبدولغەنی ئەلراوی و جەبار کوبەیسی) و هیی تریش.

٤ـ لقـی حیـزب و کەسـایەتیە سـەربەخۆکان، وەک کـۆنگرەی نیشـتمانی بە سەرکردایەتی (ئەحمەد چەلەبی و حەسەن ئەلنەقیب و مشعان ئەلجبووری و وەفیـق سـامەرائی و سـەڵاح عـومەر ئەلعەلـی و ئەیـهەم سـامەرائی و عەبدولسـتار ئەلجـومەیلی و کەنعـان مەکـیە و عەبدولمەجیـد ئەلخـوئی) و تەواوی ئەو کەسایەتیە سەربەخۆیانەی لە کۆنگرەی لەندەندا باسکراون بە چاودێری هەواڵگریی ئەمریکی لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢.

٥ـ لقی کەمینە ئەتنی و ئاینیەکان لە شێوەی بزوتنەوەی ئاشـوری ئێزیـدی و مەنـدایی و بەهـایی و سـریان و بـزوتنەوە فەیلـی و تورکمـان و کـاکەیی و کلدانییەکان.

٦ـ لقـی ئۆپراسـیۆنە تایبەتەکـان، ئەم لـقە ئاشـکرا نەکـراوە، ئەفسـەری هەواڵگریـی (بەرواری) بەڕێـوەی دەبـرد، زانیـاریی دەربـارەی هەسـتانی بە جێبەجێکردنی پڕۆسـەیەک دزەی کرد کە حوسـەینەی حەکیمـی لە سلێمانی کردە ئامانج بە قازیفەی (ئاڕ بی جی ٧)، بەڵام پڕۆسەکانیدیکەی نەزانراون.

بەڕێوەبەرێتی چالاکی دژ، هەوڵـی هێنانەدی ئامانجەکانی پەیوەست بە کارکردن بـۆ بـڕین و دزەکـردن بـۆ نـاو ئەم ڕێکخسـتنانە دەدات لەڕێگەی بەسـەربازکردنی سـەرچاوەگەلێک لەناوەوەیانـدا یـان هانـدانی سـەرچاوەگەلێک بـۆ چوونەپاڵیـان و هەوڵدان بۆ خولقاندنی دۆخێک لە نەگونجـان لەنێوان ئەندامەکانیدا و دیاریکردنی

پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگریی دەرەکی، سەرچاوەکانی تەمویلکردنیان و ئەو دەوڵەتانەی پشتیوانیان دەکەن لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ دەوڵەتاندا دەیانبەستن، وەکچۆن گۆڕکردنەوەی زانیاریی تەواویش بەڕێوەدەچێت سەبارەت بە بارەگای حیزبەکان و دیاریکردنی ناونیشانەکانی سەرجەم ئەندامانی، دیاریکردنی سیستەمی پارێزگاری و تەواوی بەیاناتی پێویست بۆ سوودوەرگرتن لێیان لە هەڵومەرجی دیاریکراودا. هەروەک بەڕێوەبەرێتی چالاکی دژ هەوڵی ڕازیکردنی هەندێک لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەدا بە گەڕانەوە بۆ ئێراق لەگەڵ پێشکەشکردنی گرەنتی زیانەگەیاندن بە ژیانیان، لەو هۆکارانەش کە لەوەدا بەکاریانەدەهێنێت جموجوڵکردن بوون لەگەڵ خزمانی ئۆپۆزسیۆنی ئامادە لە ناوەوە بە ڕێگایەکی هێمن نەک بەو شێوەیەی کە سکاڵاکاران وەسفی دەکەن لەوەی فەوزەویانە بووە بە بەکارهێنانی هەڕەشە. لە گرنگترین ئامانجەکانیشی هەوڵدان بوو بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن و ناسیاوان و هاوڕێیان و هاوکارنیان و ڕێکخستنەکانیان لەناو عێراقدا.

هەرکەسێک لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا بووبێت و ئێستاش لە دەوڵەتدابێت، بڵێت دەزگای هەواڵگریی یەکێک لە خزمەکانی زیندانی کردووە یان دەستگیری کردووە یان سوکایەتی پێکردوون یاخوود ناچاری کردوون بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک ئەوا درۆزنە، ئامانج لێی پاساوهێنانەوەیە بۆ هاوکاریکردنی خۆی یان یەکێک لە هاوەڵەکانی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری. زۆرترینی ئەوەش کە هەواڵگریی پێی هەڵدەستێت پەیوەندیکردنە بە نزیکەکانیەوە بۆ هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگاکەدا یان بێلایەنکردنی چالاکییەکەی هەتا ناکەوێتە ناو کاری وێرانکارانە یان دوژمنکارانە. دەزگای هەواڵگریی بایەخی بە ئۆپۆزسیۆنی

ئامـــاده له ئەوروپـــا و ئەمریکـــا و دەوڵەتـــانی عەرەبـــی نەداوە لەبەرئەوەی ئۆپۆزسـیۆنیکی لاوازە و هـیچ مەترسـییەک بـۆ سـەر ڕژێـم دروسـت ناکـات بەر لەوەی هەواڵگریـی ئەمریکـی کۆیـان بکـاتەوە و پشـتگیریان بکـات بەشـێوەیەک کە پێشتر ڕووی نەداوە، لە پێش پرۆسەی داگیرکایدا.

هەروەک بەڕێوەبەرێتی چـالاکی دژ هەوڵـی ئامـادەکردنی هەنـدێک سـەرچاوەی متمـــانەپێکراو دەدات بـــۆ گەیشـــتن بە شـــوێنی پێشـــکەوتوو لە هەڕەمـــی سـەرکردایەتیەکانی ئۆپۆزسـیۆن و بەکارهێنانیـان لە هەلـومەرجی دیـاریکراودا بـۆ شکســـتهێنان بە پیلانەکـــان و دروســـتکردنی جیـــابوونەوە (انشـــقاقات)، یـــان هێشتنەوەیان لە بازنەی ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاریدا. هەروەها م٤٠ ئەو ڕێکارانە دەگـــرێتەبەر کە ئامانجیـــان بڵاوکـــردنەوەی تـــرس و تۆقانـــدنە لە ڕیزەکـــانی ئۆپۆزسـیۆندا و لەقکردنـی متمـانە لەنێوانیانـدا لەڕێگەی جێبەجێکردنـی هەنـدێک ئۆپراسیۆنی تایبەت کە ئامانجیان ژمارەیەک لە نەیارانی ڕژێم بوو.

ئۆپراســـیۆنەکانی چـــالاکی دژی هەواڵگریـــانە، لەپێشـــینەیی یەکەم دەگـــرن لە پیـادەکردنی ئەرکەکانیانـدا، سـەرجەم وێسـتگەکانیش لە خزمەتکردنـی کارەکـانی و پیادەکردنی پلانەکانیدا دادەنرێت. بەشێوەیەکی نامەرکەزییانەش بەردەوام دەبێت لەگەڵ وێستگەکاندا بەبێ گەڕانەوە بـۆ ئەو بەشانەی سەرپەرەشتی بەڕێوەبردنی وێستگەکان دەکەن و بودجەی سـەربەخۆی خۆیانیـان هەیە لەگەڵ تایبەتمەندییاندا لە کارکردندا، بەدەم داواکانی وێستگەکانەوە دەچێت، کـار لەسـەر پێشکەشکردنی کۆی ڕێکارە پێویستەکان دەکات بۆ پیادەکردنی ئەرکەکانی.

ئەفســـەرێکی هەواڵگریـــی (عیســـام خەزر) سەرپەرشـــتی بەڕێـــوەبردنی ئۆپراسـیۆنەکانی چـالاکی دوژمنـی کـرد بـۆ مـاوەیەکی دووردرێـژ، لە بەرزان

تکریتی و سەبعاوی ئیبراهیم و سەرجەم بەڕێوەبەرانی تری دەزگاکەوە نزیک بوو جگە لە (فازیل بەڕاگ). لە سیفەتەکانیشی ئەوە بوون سروشتێکی هێمنی هەبوو و خۆشەویست بوو لای سەرجەم ئەوانەی لەژێر فەرمانیدا کاریان کرد. زۆر تۆند بوو لەگەڵ ئەوانەی کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، تێگەیشتنێکی قوواڵیشی هەبوو بۆ ڕەفتارەکانی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، کاتێک باسی کارەکانیشی دەکردن ناوی هەندێکیانی دەبرد وەک (نوری مالیکی و جەبر سوڵاغ و حامد بەیاتی)، بە خراپ باسی دەکردن.

نووسینگەی شەشەم: بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی فەرمانگەکە، ڕەمزەکەشی م٦:

ئەفسەرێکی هەواڵگریی بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییەوە. بەڕادەی ترسی عێراقییەکان لە دەزگاکانی هەواڵگریی و ئاسایش، ئەفسەرەکانی هەواڵگریی و ئەندامانی دەزگاکە بە گشتیی لەم بەڕێوەبەرێتیە و بەدواداچوونەکانی و چاودێریکردنی ڕەفتاری خۆیان و ڕەفتاری خێزانەکانیان دەترسان.

لە ساڵی (٢٠٠٠) یشدا، سەرۆک سەدام حسێن فەرمانی کرد یەکێک لەو ئەفسەرانەی یاوەری ئەون لە هێڵی یەکەم پۆستی بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگەکەیان هەبێت، عەقید خالید نەجم وەک بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگای هەواڵگریی دیاری کرا، لە ڕووی کارگێڕیشەوە پەیوەست دەبێت بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییەوە، بەڵام پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ سەرۆکدا دەبێت کە

ئاگـاداری تەواوی هەیە بەوەی لە ژیـانی نـاوەکی دەزگـای هەواڵگریـدا ڕووەدات لەڕێگەی عەقید نەجمەوە.

هەیکەلی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی دەزگاکە:

١- لقی ئاسایشی تاکەکان، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- بەرپرســـیارێتی دەربـــارەی ڕێکارەکـــانی پشـــکنین و کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی سـەرجەم کاندیدەکان بۆ دامەزرانـــدن لە دەزگـــای هەواڵگـــری، هەروەهـــا ئەو قوتابیـانەش کە لە کـۆلێژی ئاسایشـی نەتەوەیـی قەبـووڵ دەکرێت.
- چـاودێریکردنی ئەنـدامانی فەرمـانگەکە و پشـکنینیان بە بەردەوامـی و پشکنینی ڕەفتاری خێزانەکانیان لایەنـی کەم یەک جار لە ساڵێکدا.
- کـردنەوەی دۆسـیەی بەدواداچـوون بـۆ هەر کەسـێک زانیـاریی نەرێنـی لە بارەوەبێت پەیوەسـت بە ئەنجامـدانی کـاری زیـانبەخش بە شـکۆی دەزگـاکە، ڕەوانەکردنیـان بـۆ دادگاکـان یـان گواسـتنەوەیان بـۆ دەرەوەی دەزگـاکە یـان سزادانیان بە شێوەی تەمێکردن لەناو زیندانی دەزگاکەدا، لەگەڵ پێکهێنـانی لیـژنەی لێکـۆڵینەوە بـۆ ڕوانـین لە سکاڵاکانی هاوڵاتیان دژی ئەندامانی دەزگای هەواڵگری.

- بۆچوونی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی دەزگاکە وەردەگرێت لە گواستنەوەی ئەفسەرەکاندا بۆ کارکردن لە وێستگەکاندا و لەکاتی پالاوتن بۆ وەرگرتنی پۆستی پێشکەوتوو.
- ئاگادارکردنەوەی ئەندامەکان لە حاڵەتی هاتنی زانیاریی دەربارەی ئێڕاسیۆنەکانی بە ئامانجگرتنی ئەفسەرانی هەواڵگری، گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ سەلامەتی ژیانیان.
- لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکانی خۆشاردنەوەی ئەندامان یان ئۆپراسیۆنەکانی غافڵکوژی کە دژی ئەفسەرانی هەواڵگریی ئەنجام دەدرێن یان دۆخەکانی کوشتنیان لە هەڵومەرجی تەومژاویدا و دیاریکردنی هۆکارەکانی.
- ڕازیبوون بە هاوسەرگیری بۆ ئەندامانی دەزگاکە. ئیتر ئەفسەر بن یان کەسانی ئیداری، کە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی فەرمانگەکە هەڵدەستێت بە پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەو کەچەی بۆ هاوسەرگیرییەکە دیاریکراوە و دەربارەی خێزانەکەی و ئاڕاستە سیاسییەکانیان، نابێت ئەفسەری هەواڵگریی ڕێکارەکانی هاوسەرگیری تەواو بکات بەر لە دەرچوونی ڕەزامەندی، لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی داواکە و سووربوونی ئەفسەرەکە لەسەر هاوسەرگیرییەکە، سەرپشک دەکرێت لەنێوان دوو بابەتدا، یان ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی

هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ ئەو کچەدا، یاخود گواستنەوەی بۆ دەرەوەی دەزگاکە.

٢ـ لقی ئاسایشی دامەزراوەکان، پێویستییەکانی لەم ئەرکانەی خوارەوەدا کورت دەبنەوە:

- سەرپەرشتیکردنی دەروازەکانی فەرمانگەکە و دەرچەکانی و پرسگە و وردبینی لە شوناسی ئەندامان پێش ڕێگەدان پێیان بە چوونە ناو دەزگاکە.
- دیاریکردنی ناوچە ئەمنیەکانی هەموو باڵەخانەیەک لە باڵەخانەکانی دەزگاکە، دەرکردنی کارتی گەڕان بەگوێرەی ڕەنگی دیاریکراو کە ڕێگە بە هەڵگرانی بدات بۆ جموجۆڵکردنی بە گوێرەی ئەو ناوچانەی کە ڕێگەکەیان پێدراوە هاتوچۆی تێدابکەن.
- سەرپەرشتیکردنی پاسەوانێتی باڵەخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی پارێزگاری.
- هەستان بە ڕێکارەکانی پشکنینی ئۆتۆمبیل لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا لەپێناو ئاگاداربوون لەو کارانەی ئامانجیان دانانی بۆمبە لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا کە ئەگەری هەیە لەناو بارەگای دەزگاکەدا بتەقێتەوە.
- بەدواداچوونی ئامادەبوون و ڕۆیشتنی ئەندامانی دەزگاکە و لێپرسینەوە لەوەی لە وادەی ئامادەبوونی لە کاتی دیاریکراوی سەرەتای دەوام دوابکەوێت کە کاتژمێر هەشتی بەیانیانە.

٣ـ لقی ئاسایشی زانیاریی و دیکۆمێنتەکان، سەرپەرەشتی پابەندبوونی پێکهاتە هەواڵگرییەکان) و بەڕێوەبەریتیە پشتیوانەکانن (المديريات الساندة) بەو دیسپلین و ڕێنماییانەی تایبەتن بە میکانیزمی دەستاودەستکردنی بەڵگەنامەکان و پاراستنیان و دیاریکردنی پلەکانی شاردنەوە و چۆنێتی گواستنەوەی دۆسیەکان لە جومگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە. سەرجەم دۆسییەکانی کەیسە گرنگ و هەستیارەکان کە بۆ جومگە باڵاکان بەرزدەکرێنەوە لە پاکەتێکی داخراودا دادەنرێن کە پلەی شاردنەوە و نهێنیبوونیانی لەسەر دیاری دکرێت لەگەڵ گرنگێتی ئەو جومگەیەش پەیوەستە پێیانەوە، لەسەری دەنووسرێت (ئەمە بە تایبەت دەکرێتەوە)، ئەمەش واتە سکرتاریەتی تایبەت بە جومگەکان یان بە گوێزەرەوەی بەریدەکان یان کارمەندانی کارگێڕییەوە، ناوەڕۆکی دۆسییەکە نازانن. وەکچۆن سەرجەم کەیسە گرنگەکانیش بە خەتی دەست دەنووسرێت لەلایەت ئەفسەری هەواڵگرییەوە. پێش شەڕی دووەمی کەنداویش ساڵی ١٩٩١ ئەرشیفی دەزگاکە بەتاڵ کرا و بردرا بۆ چەند شوێنێکی جێگرەوە لە چەند ماڵێکی نهێنی لە بەغدا و هەندێکیش لە ماڵی ئەفسەرەکاندا پارێزرا، ئەو ڕێکارانە لە دەرەوەی سیاقی کارکردنی پەیڕەوکراو بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی زانیاریی و دۆکیۆمێنتەکان، ئەوەش لەبەر پێویستی ئەمنیانەی پەیوەست بە ئەگەری لەناوچوونیانەوە لە ئەنجامی بۆردوومانی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی بەردەوام. هەروەها سەرەڕای ئەو دۆخە لەناکاوە، بەڵام ئاماژە نەدراوە لای ئەمنی دەزگاکە یان خزمەتی نهێنی بە دزەکردنی هیچ دۆکیۆمێنتێک بۆ هیچ لایەنێکی دوژمن پێش ٢٠٠٣، جگە لە ئەرشیفی هەواڵگریی کەرکوک و کەربەلا کە دزەی کرد لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ دا کە بە دوای کشانەوە لە کوێتدا هاتن. هەروەها لە ئەرکەکانی لقەکە بەدواداچوونی حاڵەتەکانی دزەکردنی زانیاریشە لەلایەن

ئەفسەرانی هەواڵگرییەوە لەڕێگەی زۆربڵێی و ڕێگرتن لە ڕووداندا. بەشی پاسپۆرتەکان بەرپرسە لە دەرکردنی پاسپۆرتی دیپلۆماسی و ئاسایی لەڕێگەی هەماهەنگی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتدا بەبێ بەجێهێشتنی هیچ دیکۆمێنتێکی سەلماندن لە بەڕێوەبەرێتی پاسپۆرتەوە سەبارەت بەوەی کە هەڵگری پاسپۆرتەکە ئەفسەری هەواڵگرییە. ئەفسەرێک بە ناوی (م هادی)یەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرۆکایەتی ئەم بەشەی دەکرد، سەرپشک بوو لە دەرکردنی پاسپۆرت دوای ئاگاداربوونی لە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری.

بەشی هەڵوێست (قسم الموقف)، دەکەوێتە باڵەخانەیەکی بچکۆلەوە سەربەخۆ لەناو دەزگای هەواڵگریدا کە تایبەتە بە پیادەکردنی سزاکانی تەمێکردن (العقوبات التأديبية)ی ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی یان سزای زیندانیکردن کە کەمتر نییە لە دوو ساڵ، بەڵام ئەو بڕیارانەی زیاترن لە دوو ساڵ تۆمەتباران ماوەی بەندکردنەکەیان لە زیندانی ئەبوغرێبی مەرکەزیدا بە سەردەبەن کە بەشێکی تایبەتی لێیە بۆ ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی.

نووسینگەی حەوتەم (الحاكمية: فەرمانڕەوایەتی) هێماکەی م٧ :

ناوە فەرمییەکەشی (بەڕێوەبەرێتی پشکنین و لێکۆڵینەوە) پەیوەستە بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییەوە، ئەفسەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوی دەبات، شوێنەکەی لە دەرەوەی دەزگاکەیە و بە دیاریکراویش لە شەقامی ٥٢ لە ناوەڕاستی بەغدا، پێکدێت لە:

١. **لقی کارگێڕی**، بەرپرسە لە دەستەبەرکردنی پێویستیەکانی زیندانیەکان لە خۆراک و پۆشاک و پێویستیە تەندروستیەکان و پاک و خاوێنی.

٢ـ **بەشی پشکنین**، سەرپەرشتی پرۆسەکانی دەستگیرکردن دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی بەدواداچوون و چاودێریکردن. بەڕێوەبەری حاکمیەت دەسەڵاتی دەستگیرکردنی هیچ عێراقییەکی نییە ئەگەر دادوەر یاداشتێک نەنووسێت بە تەوقیفکردنی و هۆکارەکانی پێویست بەوەی تێدا ڕوون نەکاتەوە.

هەروەها بەرپرسیارێتی بەشی پشکنین (قسم التحري) ئەنجامدانی پشکنین و لێکۆڵینەوەیە لەو ئامانجە لاوەکیانەی پەیوەندیان بە ئامانجە سەرەکییەکانەوە هەیە، بە تایبەتیش ناونیشانی تەمومژاوی هەندیک خانوو کە کەسەکانی ناوەوەی نازانرێت. بە زۆری پشکنین شێوەی دەمامکێک بۆ وەزارەتی پلاندانان یان کارمەندی پۆستە یان پاکوخاوێنی وەردەگرێت، ڕووماڵێکی مەیدانی ئەنجام دەدات بۆ ئەو ناوچانە یان ئەو کۆڵانانەی لەژێر بەڵگە و بیانوویەکی گونجاودا هەندێکجار ڕێگەی پێ دەدەی بە چوونەناو ماڵەکان بە ڕەزامەندی ئەوانەی تێیاندا نیشتەجێن ئەگەر پێویست بکات، بەڵام ئەم حاڵەتە کۆتایی هات دوای ئەوەی وەزارەی بازرگانی فۆرمی بایعی دەرکرد لە ماوەی ئابڵۆقەی سەر عێراقدا ئیتر بەیاناتەکانی وردتر بوون و ئاسانیی ئاشنابوون بە ئەندامانی ئەو ماڵانەی ڕەخساند کە لەو خانوانەدا نیشتەجێ بوون بە گەڕانەوە بۆ کۆمپیوتەر، فۆرمەکە بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە سەرەکییەکان دانرا لە بەدواداچوونی هەواڵگرانەماندا.

٣-لێکۆڵینەوە (التحقيق)، دوو لق دەگرێتەوە، یەکێکیان تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ عەرەب و ئەوەی دیکەیان تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ بیانیەکان. ژمارەیەک لەو

لێکۆڵەرانەش لەخۆدەگرێت کە سەرپەرشتی پڕۆسەکانی لێکۆڵینەوە دەکەن لەگەڵ تۆمەتبارانداو، بڕێکی بـاڵا لە پیشـەیبوون و ڕاهێنـان هەیە، خـولی تایبەتیـان بڕیـوە دەربارەی شێوازەکانی لێکۆڵینەوە.

٤- لقـی تەوقیـف (شـعبة التوقیـف)، ئەم لـقە بەرپرسـە لەو ژوورانەی زینـدان کە تـایبەتن بە تۆمەتبـارانەوە، کە ژێرزەمینـی زینـدانی تاکەکەسـی تێدایە یـان چەنـد ژوورێک کە ژمارەیەک لە زیندانیان کۆدەکاتەوە.

٥- کەرتی پاسەوانی (فصـیل الحراسـة)، ژمـارەیەک لە ئەندامانی یەکەی پارێزگاری (وحدة الحمایة) لەخۆدەگرێت کە هەڵدەستن بە ئەرکی پاراستن و پاسـەوانیکردنی باڵەخانەکە لە دەرەوە و ناوەوە.

٦- دادوەر؛ لە حاکمیەتدا دادوەرێکی یەکەم هەیە کە کارمەندانێک یـارمەتی دەدەن. دادوەر سەرپەرەشتی پشکنینی بەڵگەکان و ڕێکخستنی دۆسیەی کەیسـەکە دەکـات تاکاتی ڕەوانەکردنی بۆ دادگاکان بە گوێرەی پسپۆڕێتی و موسادەقەکردنی لەسەر لێدوانەکەی تۆمەتبار، دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ بەڵگەکـان بەسـن بـۆ تۆمەتبارکردنی. هەروەک بەرپرسیشـە لە دەرکردنـی فەرمانەکـانی دەسـتگیرکردن. لە ماوەکـانی پێشـتردا و بەهـۆی فرەیـی گرتنەکـان و ناکۆکییەکـانی نێـوان م٧ و م٥، کە بەڕێوەبەری دەزگاکە بڕیاری دا هـیچ فەرمانێک دەرنەکـات بەر لە ئاگـاداربوون لە ڕای دادوەرەکە سـەبارەت بە کیفـایەتی بەڵگەکـان بـۆ بڕیـاردان بەسـەر تۆمەتبارد جگەلەو دۆخە تایبەتـانەی بە فەرمـانێکی ڕاستەوخۆ لە سـەرۆک سـەدام حسـێنەوە دێـن، یـان لە حاڵەتەکـانی بـوونی هەڕەشـەی کـاری تیرۆرسـتی یـان هەوڵـی ئیغتیالکردنێـک کە سـەرۆک بە ئامـانج بگرێـت، لەم دۆخـانەدا ڕێکارەکـانی

دەستگیرکردن ملکەچی بۆچوونی دادوەر نابن لەبەرئەوەی حاڵەتەکە بوار بە چاوەڕوانیکردن نادات.

هەروەها لە ئەرکە سەرەکییەکانی دادوەر، جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی نێوان ئەو بەڵگانەیە کە بە کافی دادەنرێت بۆ دەستکردن بە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە تا دەگات بە دانپیانانی تۆمەتبار، لەنێوان ئەو بەڵگانەشدا کە بە تەواو دادەنرێت بۆ تاوانبارکردن لە بەردەم دادگاکاندا. لەو شتانەش کە دەبنە ڕەخنە بۆ سەر حاکمیەت لە ماوەکانی پێشوودا بریتین لە ڕەخنەگرتن لە بنبڕکردنی سیخوڕی لەسەر بڕیارەکانی ئازادکردنی زۆرێک لە تۆمەتباران بە هۆی ئەوەوە کە بەڵگەکان وەک پێویست نین، کە ناکۆکیەکە قۆڵ بووەوە لەنێوان م٥، لایەنی بەدواداچوون و م٧، لایەنی لێکۆڵینەوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گرنگترین موفرەدەکانی هەڵسەنگاندنی سااڵنەی بەشەکانی بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی، بریتیە لە ژمارەی ئەو کەیسانەی تەواوبوون و بردراون بۆ حاکمیەت، ئەفسەرانی بەدواداچوون لە م٥ پەلەدەکەن لە پرۆسەکانی دەستگرتن بە سەر ئامانجەکاندا بەر لە دەستەبەربوونی بەڵگەی پێویست بۆ تاوانبارکردنیان بە تایبەتیش لە کۆتایی ساڵدا، کاتێکیش کەیسەکان ڕەوانەی م٧ دەکرێن، لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت، و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەخرێتە بەردەم دادوەر کە بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبار دەدات بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویستەوە، ئەو بابەتەی کە پاڵی بە م٥ هوە نا بۆ تۆمەتبارکردنی حاکمیەت بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، ناوی حاکمیەتیشیان گۆڕی بۆ (ڕێکخراوی خاچی سوور) وەک گاڵتەپێکردن. بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ئەم ناکۆکیەی یەکلاکردەوە کاتێک فەرمانی بە دەستگیرکردنی تۆمەتبارکرد بەر لە خستنەڕووی دۆسیەی بەڵگەکان لای دادوەر حاکمیەت بۆ دڵنیابوون لە تەواوێتی

بەڵگەکان بۆ ئیدانەکردنی و بڕیاردان بە سەریدا. زۆربەی ڕێکارەکانی ئازادکردنیش کە ڕەخنەیان لێ گیرا لە کۆتایی نەوەدەکاندا بوون.

لە بەڕێوەبەرێتی پشکنین و لێکۆڵینەوەدا دادگاکان بوونیان نییە جگەلە پێکهێنانی دادگاکانی ڕوانین لە تاوانەکانی ئەندامانی دەزگای هەواڵگری، سەبارەت بە کەیسەکانی پیلانگێڕی و سیخوڕیش یان ڕەوانەی دادگا مەدەنییەکان دەکران یان دادگای تایبەت پێیان پێکدەهێنرا بە گوێرەی مەڕسومێکی کۆماری کە لە کۆمەڵێک لە دادوەری هەڵبژێردراو پێکدێن یان بەرپرسانی دەوڵەت سەرپەرەشتی دادگاییکردنی تۆمەتباران دەکەن.

شایەنی باسیشە کە دادوەرەکان لەسەر بنەمای ئارەزووەکانی دەزگاکە دادگایی ناکەن، بۆ نموونە لە یەکێک لەو کەیسانەدا کە ڕووبەڕووی دەزگاکە بووەوە. کەیسی ئەردەنییەکی بە بنەچە فەلەستینی بوو بە ناوی (خ ک ع) کە لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا نیشتەجێیە، سیخوڕێکی ئیسرائیل بوو و هەوڵی بە سەربازکردنی یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دەزگاکەی دەدا و بوو بەهۆی شڵەژاندنی پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوەکەدا، ئیتر بەڵگەی بەهێز کۆکرانەوە بۆ بوونی پەیوەندییەکەی بە مۆسادەوە لە ڕێگەی پڕۆسەی گوێگرتن لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەفسەری مۆسادی ئیسرائیلیدا لە قوبرس کە سەرپەرەشتیی ئیدارەکردنەکەی و سەلماندنەکەی دەکات بەشێوەیەکی ڕوون، پاشان نزیککردنەوەی لە عێراق و دەستگیرکردنی، کاتێکش ڕەوانەی دادگاکرا دادوەر بڕیارێکی دەرکرد بۆ ئازادکردنی بەو داوایەی کە تاوانەکە لە دەرەوەی عێراق ڕوویداوە و لە پسپۆرێتی قەزایی (داوەری) عێراقدا نییە کە سەیری بکات. دەزگاکە هەوڵیدا قەناعەت بە دادوەرەکە بهێنێت بەوەی کەیسەکە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی

دەگەیەنێت، بەڵام دادوەر ڕەتی کردەوە و گوتی لە یاسای عێراقیدا هیچ مادەیەکی قانوونیی نییە قسە لە دادگاییکردنی کەسێکی بیانی بکات لە دادگا عێراقییەکاندا کە تاوانێکی لە دەرەوەی عێراق ئەنجام دابێت، ئەو بابەتەی بووە هۆی ئەوەی داوا لە دەزگاکە بکات تۆمەتبارەکە بپارێزێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و تا کاتی داگیرکارییەکە.

نووسینگەی هەشتەم: نوسینگەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان م٨ :

ئەفسەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، دەکەوێتە ناوچەی کەڕادەوە لە بەغدا نزیک لە پردە هەڵواسراوەکە. ئەم نوسینگەیە بەرپرسە لە بەردەوامیدان بە پەیوەندیی لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازە عەرەبی و بیانییەکان (حركات التحرر العربية و الاجنبية) و ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی و بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و گرووپە فەلەستینییەکانی تر، هەڵیشدەستێت بە پێشکەشکردنی پشتیوانی دارایی و لۆجیستی بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە جیهاندا، لە شۆڕشگێڕانی بزوتنەوەی (ظفار)ەوە لە سولتانشینی عومانەوە بۆ زنجبار و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی لە باشووری ئەفریقیا لە ڕۆدیسیا، هەروەها بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی سۆماڵ و جیبۆتی و ئەریتریا و چاد و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە ئەمریکای لاتینی و ئیرلەندادا.

ئەم بڵاوبوونەوە بەرفراوانەی دەستوەردانی سیاسی و هەواڵگریی لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا پەیوەستە بە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق. تەنانەت یەکێک لە بەرپرسە ئەمریکییەکان گوتی: (ئێمە تێدەگەین کە دەستوەردانی دەوڵەتان لە دەرەوەی سنوری خۆیان ئامانج لێی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەتی، ئێمەش دەبینین کە عێراق دەستوەردەداتە گۆڕەپان و دەوڵەتانی زۆر دوور لە عێراقەوە، بە دەستپێکردن لە ئەمریکای لاتینەوە و ئەفریقا و ئاسیا و

ئەوروپـا. سـەرەڕای دەسـتوەردانەکانی لە دەوڵەتە عەرەبییەکانـدا. ئـێمە ئەم دەسـتوەردانە بەرفـراوانە بەوە لێکـدەدەینەوە کە عێـراق هەوڵـی هەنـاردەکردنی شۆڕشـی بەعـس بـۆ جیهـان دەدات، ئایـا دەتـوانن هەواڵمـان پێبـدەن سـنووری ئاسایشـی نەتەوەییتـان کـوێیە؟). بەرپرسـە ئەمـریکییەکە بێئاگـا بـووە لەوەی کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی جیاوازە لە بواری سـەرەکی و زیندوو و بنەڕەتی کە دەوڵەتـان تێیـدا چـالاک دەبـن بـۆ بەهێزکردنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـان بە ڕێگەیەکـی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، وەکچـۆن بێئاگـاش بـووە لە دەستوەردانەکانی ئەمریکا کە سنوریان نییە لە هەموو بستێک لە پارچەکانی گۆی زەوی لەژێـر بانگەشـەی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی یـان پاراسـتنی هاوپەیمانەکانیدا.

- بەڕێوەبەرێتی پەیوەندییەکان م ۹:

بەڕێـوەبەرێتیەکی لـوتکەییە کە ئەفسـەرێکی هەواڵگریـی هـونەری پسـپۆڕ لە پەیوەندییەکان بەڕێوەی دەبات، لەو بەڕێوەبەرێتیانەش دادەنرێت کە پشـتیوان و ڕاگـری کـاری هەواڵگـرییەن، سـەرجەم ئەندامەکانیشـی لە پسـپۆرانی ئەنـدازیاری پەیوەنـدیی و کۆمپیـوتەر و بەرنامەسـازیین. بەرپرسیشـە لە ڕێکخسـتن و دەستەبەری پەیوەندییەکان و گرەنتی سـەلامەتیان لەناو دەزگاکە و دەرەوەشیدا، ئیتـر لەگەڵ پارێزگاکانـدا بێت یـان لەگەڵ وێسـتگەکانی هەواڵگریـی لە دەرەوە، کە بەرپرسن لە دروستکردنی ئامێری شیفرە و ئامادەکردن و ڕێگاکانی بەجفرەکردن، وێسـتگەکان بە دوو ڕێگـای بە جفرەکـردن ئامـادە دەکـرێن، جفرەیەکـی ئـامێری و

یەکێکی دیکە دەستی کە لە حاڵەتی پەککەوتنی دەزگای جفرەی ئامێریانەدا بەکاردەهێنرێت.

ـ سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان م١٠ :

پوختەیەکی ڕۆژانە پێشکەش بە جەنابی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی دەکات سەبارەت بە گرنگترین لێدوانی بەرپرسانی نێودەوڵەتی و بۆچوونەکانیان، ئەوەی ڕۆژنامەگەری جیهانی دەیخاتەڕوو دەربارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە عێراق و کەیسە نێودەوڵەتییەکان، وەکچۆن ئەرکی ئامادەکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لە ئەستۆ دەگرێت، لەسەر داوای پێکهاتە هەواڵگرییەکان یان بەگوێرەی خەملاندنەکانی بۆ کەیسە گرنگەکان. هەروەها کۆنگرەی فیکری و موحازەرات ئەنجام دەدات و داوای مامۆستا و بیریار لە زانکۆ عێراقیەکان دەکات بۆ مشتومڕی بابەتەکانی ئەو کاتە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان. سەنتەری توێژینەوە مافی ئەوەی هەیە داوا لە پێکهاتە هەواڵگرییەکەی بکات بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی یان کتێب یان ئەو بڵاوکراوانەی کە پێویستی پێیان دەبێت لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە داواکراوەکاندا.

لە سەنتەری توێژینەوەکاندا بەشێک هەیە کە تایبەتە بە زانستە پاراسایکۆلۆژییەکان، ئەم بەشە پەیوەندیی کردووە بە کەسانێکی بەهرەدارەوە بە قسەکردن لە دەرەوە و پەیوەندیی زەینییانە و خوێندنەوەی ئایندە. وەکچۆن سەنتەرەکە توێژینەوە و تاقیکردنەوەشی ئەنجام داوە، هەوڵیداوە پەرە بەم زانستە بدات، بەڵام ئێمە گوێمان لە دەستخستنی پێشکەوتنێک لەمبارەیەوە نەبووە شایەنی باس بێت. شایەنی باسیشە کە سەنتەرەکە پەیوەندیی بە ژمارەیەک لە نجوومگەرانەوە هەیە، یەکێکیان بە ڕێگەیەکی سەرسوڕهێن ئایندەی دەخوێندەوە،

کاتێکیش یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، فەریق ڕوکن حسیب ڕوفاعی، بە تواناکانی زانی داوای لە سەنتەرەکە کرد بۆی ئامادە بکات پێش چەنگ بە ماوەیەکی کەم، یاریدەدەرەکە پرسیاری لێ کرد سەبارەت بەوەی جەنگ ڕووەدات یان نا و چی دەقەومێت، پیاوەکە سەرسوڕهێنەرانە گوتی: (ئەو بەغدا نوقمی خوێن دەبینێت، وێرانکاری لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدات)، ئەم وەسفکردنە یاریدەدەرەکەی پەست کرد و پێی گوت بێدەنگ بێت، داوای لە سکرتاریەت کرد بیباتە دەرەوەی نوسینگەکە (خوا لە شەڕی بمانپارێزێت)!

- پەیمانگای ئامادەکردن و ڕاهێنان م١١ :

ئەرکەکانی ئەم پەیمانگایە ئاماژەی بۆ کرا لە سیاقی مادەی تایبەت بە ڕێگاکانی پەرەپێدانی توانا هەواڵگرییەکانی دەزگاکە. پەیمانگەکە کادرێکی وانەوتنەوە لەخۆدەگرێت کە پێکهاتووە لەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە مومارەسەی کاری هەواڵگرییان کردووە لە ڕووی مەیدانییەوە بۆ ماوەی دوور و درێژ، بەشداریشیان کردووە لە خولی هەواڵگرییدا لەسەر دەستی پسپۆرانێکی هەواڵگریی لە دەوڵەتانی دۆست، دۆخەکە سەبارەت بەو ئەفسەرە تەکنیککارانەش هەر بە هەمان شێوەیە، ئەوانەی پسپۆڕن لە زانستەکانی پیشەسازی تەقینەوەکان و هەواڵە نهێنییەکان و بەڵگە تاوانکارییەکان و کردنەوەی قفڵەکان و هی تر لە زانستە جیاوازەکانی هەواڵگریی.

ـ ژمێریاریی - حسابات (فەرمانگەی دارایی) م١٢ :

ئەرکەکانیان دیاریکراون لەلایەنە داراییەکان و ڕووماڵکردنی خەرجییەکانی دەزگاکە و سەرفکردنی مووچە و پاداشتەکان و تێچوونی ئیفادەکان و مووچەی سەرچاوەکان، و ڕووماڵی خەرجییەکانی پرۆسە و ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییەکان. لە سێ لق پێکدێت: یەکەم، تایبەتە بە سەرفکردنی دراوی قورس (دۆلاری ئەمریکی) تەرخانکراوە بۆ مەبەستی کاری دەرەکی، دووەمیش، تایبەتە بە دیناری عێراقییەوە بۆ ڕووماڵکردنی مەسرەفەکانی پرۆسە هەواڵگرییەکان لەناو عێراق. سێیەمیش، لقی وردبینی کە تایبەتە بە وردبینیکردنی حسابات و ملکەچی پێداچوونەوەی دەستەی چاودێری و وردبینی دارایی سەر بە دیوانی سەرۆکایەتییە، ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی خۆی پێشکەش دەکات، پاشان لیژنەیەک دێت لە دەستەی چاودێری بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە هاوجووتی (مطابقة) حسابات و سەلامەتی سەرفکردنەکە.

ـ ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان م١٣ :

بەڕێوەبەرێتی پرۆسە نهێنییەکان(ئۆپراسیۆنەکان) لە بەڕێوەبەرێتیە زۆر گرنگەکان دادەنرێت لە کاری هەواڵگریدا، لایەنی جێبەجێکاری سەرجەم پرۆسە هەواڵگرییە هونەرییەکانی تایبەت بە دواداچوونی جۆلەی ئامانجەکانە لەگەڵ بەهێزکردن و دڵنیابوون لە چالاکییەکانیان لەهەر شوێنێک بن، لە دۆخی زۆر سنووردارێشدا ڕێکارەکان گەیشتوونەتە چاندنی ژووری نوستن، سەرەڕای چاودێریکردنی ئامانجە بیانیەکان لە بارەگای مانەوەیان لە ئۆتێلی پلە یەکدا کە ملکەچی

ڕێکارەکانی چاندنی هونەرییە لە هەر شوێنێک هەبێت، کە کەمترین لە ٣-٤ ژووری مانەوە (چاندن و دانانی ڤیدیۆی وێنە و دەنگ)، لەپاڵ گوێڕادێران بۆ گفتوگۆ تەلەفۆنیەکانی ئامانجەکان.

- م ١٣ لە سێ لق پێکدێت:

یەکەم: لقی بڕین و دزەکردن، ئەرکەکەی بڕینی بەریدی دیپلۆماسی و کردنەوەی قفڵەکان و وێنەگرتنی نهێنی و بڕینی وێستگەکانی هەواڵگریی و نێردراوە بیانیە بە ئامانجگیراوەکان لەناو عێراق.

دووەم: چاودێری و گوێرادێران، لەناو ئەرکەکانیدا چاودێری پەیوەندیی تەلەفۆنی و زانیاریی بوونی هەیە وەک تلکس و فاکس کە دامەزراوگەلێکن زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لە کەرتی پەیوەندییەکاندا بەر لە دەرکەوتنی ئینتەرنێت و هۆکارە نوێیە پێشکەوتووەکان، لە پسپۆڕێتیەکەشی بڕینی کۆمپیوتەرەکانە.

سێیەم: لقی پەرەپێدان و چاوبەستەکێ، پسپۆری تۆڕینەوە وپەرەپێدانی توانا هەواڵگرییەکانی دەزگاکەیە لە بوارە هونەرەییەکاندا، هەروەها چەواشەکاری دەزگا هونەرییەکان لەناو شتانێکدا کە بەشێوەیەکی رۆتینی بەکاردەهێنرێن وەک جانتای ژنانە یان ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، یان لە تابلۆی هونەرییدا یاخود بەشەکانی گەیاندنی کارەبایی لەناو ماڵی ئۆفیسەکان و کاتژمێرە دەستییەکان و پێنووس یان بۆینباخەکان، یاخود دانانی کامێرا لە ئۆتۆمبیلەکانی تاکسیدا و دانانی تەلەفۆن و هی تر لە هۆکارە زۆرەکانی چەواشەکاری و شاردنەوە.

ئەم بەڕێـــوەبەرێتیە سەرپەرەشـــتی ژووڕە چانـــدراوەکان دەکـــات لە ئـــۆتیلە پلەیەکەکانـــدا، هەمـــاهەنگیش لەگەڵیانـــدا بەڕێوەدەچێـــت کاتێـــک پێویســـت بە بەدواداچـــوونی ئامـــانجی هـــاتوو لە دەرەوە بکـــات، کە داوایەک لە ئیـــدارەی ئـــۆتیلەکەوە دەردەچێـت بـــۆ گرتنـــی لە یەکێـــک لە ژووڕە چێنراوەکانـــدا، شـــوێنی دەزگاکـانی کـۆنترۆڵەکەش یـان لە قـاتی سـەرەوەی ژووری ئامـانجە یـان لە قـاتی خوارەوەیـدا. بـۆ نمـوونە ژووڕە چێنراوەکـان لە ئۆتێل ڕەشـیددا لە قـاتی دەیەم و دوانزەیە لە بەسـی دواوەی ئۆتیلەکە، کـۆنترۆڵکەش لە قـاتی یانزەهەمـدا دەبێت کە ئەم ژووڕەش بۆ هەواڵگریـی گیـراوە و ڕێگە نادرێت کەس بچێتە نـاوێەوە جگەلە ئەفسەری هونەری و ئەفسەری بەدواداچوون.

م١٣ بەرپرسە لە ئامادەکردنی ئەفسەران بەجۆری جیاواز لە ئامێری تۆمـارکردنی شـــاردراوە بە ئامـــانجی تۆمـــارکردنی دیـــدارەکانیان لەگەڵ ئەو ئامانجـــانەدا کە بەدواداچوونیـــان بـــۆ کـــراوە، ئامـــانجەکەش لەوە دەستخســـتنی زانیـــارییە یـــان سەلماندنی بەڵگەیەکی تاوانبارکردنە دژی ئەوەی گاڵتە بە ئەمنی دەوڵەت دەکات.

ـ ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان م١٤ :

لە پێکهاتە هەواڵگرییە گرنگەکانە لە دەزگای هەواڵگریـی، شـوێنەکەی لە باشـووری بەغـدایە لە نـاوچەی سـەلمان پـاک، دابـڕاوە لە فەرمـانگەکە و ئەندامەکانیشـی نەناسراون جگەلە بەڕێوەبەری لقەکان، ڕێگەشمان پێ نادرێت بە سەردانیکردنی. ئەندامەکانیشـی بە زۆری لەو لاوە زگورتـانەن کە پەیوەنـدیی خێزانییـان نیـیە، ملکەچـی ڕاهێنـانی تـایبەت و سـەخت دەبـن کە گونجـاو بێت لەگەڵ ئەو ئەرکـانەی

پێیان سپێردراوە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر بە سەرجەم جۆرەکانیەوە، هەروەها ئازادکردنی بارمتەکان و چارەسەری حاڵەتەکانی ڕفاندنی فڕۆکە یان داگیرکردنی باڵێۆزخانەکان یان بە ئامانجگرتنی ئەو ڕەگەزانەی پرۆسەکانی کوشتنی ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگرییان پیادە کردووە کە لە وێستگەکانماندا لە دەرەوەدا کاردەکەن، هەروەها تۆڵەسەندنەوە لەو ڕەگەزانەی دامەزراوەکانمانیان بە ئامانج گرتووە لە ناوەوە و دەرەوە، وەکچۆن تایبەتمەندیشە بە پیادەکردنی پرۆسەکانی چارەسەری ئەو ئامانجانەی هەوڵی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن یان لەناوبردنی ڕژێمی دەسەڵات بە هۆکاری سەربازی یان بە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزی دەرەکیدا، یان دژی ئەوانەی دادوەری عێراقی (القضاء العراقي) بڕیاری غیابیان بەرامبەر دەرکردوون بەهۆی بەشداریکردنیانەوە لە تاوانگەلێک دژی دەوڵەت لەکاتی ئامادەبوونیاندا لەناو عێراق یان دەرەوەیدا، هەروەها هێرشکردنە سەر ئامانجی بیانی سەر بە دوژمن بە پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە یان ڕێگریکردن لێیان.

م١٤ لە چوار لق پێکدێت، ئەوانیش: لقی ڕاهێنان، لقی پڕۆسەکان (ئۆپراسیۆنەکان)، لقی تەقینەوەکان، لقی کارگێڕیی، لە پاڵ بەشی تایبەتی بە دواداچووندا، دواتر لە کارەکان و دەستکەوتەکانی دەدوێین.

ـ فەرمانگەی یاسایی م١٥ :

دادوەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە پەیوەندیی لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریدا هەیە، کۆمەڵێک لە دادوەر لەخۆدەگرێت، سەرجەم

ئەندامەکانیشی لە دەرچووانی کۆلێژی یاسان. ئەرکەکانیان پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاساییە بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، هەروەک دادوەر لێکۆڵینەوەی حاکمیەتیشی لێ تەنسیب دەکرێت، کە سەرپشکیشە لە پێکهێنانی دادگاکان لەسەر بنەمای فەرمانی بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ سەیرکردنی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە تاوان و سەرپێچییەکانی ئەندامانی دەزگای هەواڵگری، دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیارێشی هەیە بەگوێرەی یاسای سزادانی عێراقی. وەکچۆن سەرپەرەشتی هەماهەنگی لەگەڵ دادگا ئاساییەکاندا دەکات کە لە کەیسگەلێک دەڕوانێت کە یەکێک لە لایەکانی پەیوەستن بە دەزگای هەواڵگرییەوە و بایەخ بە کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکانی دەزگاکە لەگەڵ وەزارەت و دەزگا حکومیەکانی تر دەدات.

ـ فەرمانگەی ڕاوێژکاری تەکنیکی م١٦ :

ئەمە لە هەستیارترین و گرنگترین بەرێوەبەرێتییەکانی دەزگاکەیە کە بایەخ بە پەرەپێدانی پیشەسازی کەرەستە تایبەتەکان و توێژینەوە بایۆلۆژی و کیمیاییەکان دەدات، پسپۆڕی پیشەسازی تەقینەوەکان و مین و بۆمبەکاتیەکانە. لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە: تاوانکارییەکان (الجنائيات) و پڕۆژەی (الغافقي) کە بایەخ بە پیشەسازی تەقەمەنی و مادە تایبەتەکان دەدات، ئەرکی بەرگریکارانەی پەیوەست بە کەشفکردن و چارەسەری تەقەمەنیەکانیش هەیە لەگەڵ جێبەجێکردنی هۆکارەکانی پاراستنی ئەلیکترۆنی و میکانیکی، ڕاهێنانی ئەفسەرەکان و سەرچاوەکان بۆ بەکارهێنانی تەقەمەنییەکان و دانانی تەقەمەنی.

ئەم فەرمانگەیە چوار شوێنی هەیە لە هەرێمی کوردستان و وەزیرە و کازمیە و ئەبو غرێب. لە ڕوانگەی هەستەوەری کارکردنییەوە و بوونی پەیوەندییەوە بە توێژینەوەی پەیوەندیدار بە پیشەسازی مادەی یاساغکراوەوە هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوەکانی ئەم پێکهاتەیە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە دامالێنی چەکی کاوڵکاریان پێشێز نەکردووە، چەکی کاوڵکاری کیمیایی و بایۆلۆژی، بەڵام دەزگاکە هەر سوور بووە لەسەر ئەوەی توێژینەوەکانی کەشف نەکات لە بەردەم لێژنەکانی پشکنینی نێودەوڵەتیدا کە لەنێوان ئەم شوێنانەدا دێن و دەچن.

لە ساڵی ١٩٨٠ وە دکتۆری میسڕی (مەحموود عەبدولمونعیم) سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەبەرێتییەی دەکرد تا کۆتایی نەوەدەکان، پاشان هێزە ئەمریکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا دەستگیریان کرد و لە زیندانی کروپەری داگیرکاریدا کۆچی دوایی کرد. زۆرێک لەو کادیرانەی تایبەتمەندن بە پیشسازی تەقینەوەکانەوە لەو فەلەستینیانەن کە سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینن (بزوتنەوەی فەتح) ئەوانەی لە ساڵی ١٩٨٦دا چوونە ناو هێڵی پیشەسازییەوە. بە دیاریکراویش بۆچوونی چوونەپاڵی کادری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازییەوە بۆ ناو گرنگترین لقەکانی دەزگای هەواڵگری نازانرێت، بەڵام ئەمە بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری دکتۆر فازڵ بەڕاگ و ڕەزامەندی سەرۆک سەدام حسێن هات.

سەرەڕای هەبوونی ئاماژە بۆ دزەکردنی زانیاریی تەکنیکی لە ڕێگەکانی پیشەسازی تەقەمەنی و سیفەت و تایبەتمەندییەکانیەوە بۆ ناو هەواڵگری مەرکەزی ئەمریکی، بەڵام هیچ ڕێکارێک نەگیرایە بەر دژی ئەو فەلەستینیانەی لە

پـرۆژەیەدا کاریـان دەکـرد تەنیـا دوای سـاڵی ١٩٩١ نەبێـت کە ڕێکارەکـانی ـورخستنەوەیان دەستیان پێکرد.

- پرۆژەی ٨٥٨ی زەبەلاح م١٧ :

پێکهـاتەیەکی هەواڵگریـانەیە (بەڕێـوەبەرێتی گشـتییە) ئەفسـەرێکی هەواڵگریـی بە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتیی بەڕێـوەی دەبـات، هاوشـێوەیە لەگەڵ کـاری ئاژانسـی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمریکـی، پسـپۆڕ لە بەرهەڵسـتی پەیوەنـدییە لۆکـاڵی و ـێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا. شوێنی سەرەکی پڕۆژەکە لەناوچەی ڕاشیدیەیە لە باکووری بەغدا، لە سێ بەڕێوەبەرێتی پێکدێت کە بریتین لە:

١ــ بەڕێـوەبەرێتی بەگەڕخسـتن: بەرپرسـە لە پڕۆسـەکانی بەرهەڵسـتی پەیوەنـدییەکان بە جـۆرە جیاوازەکـانییەوە، شـوێنی تەکنیکـی سـەرەکی دەکەوێـتە ڕاشـیدیەوە، چەنـد وێسـتگەیەکی فەرعـی هەیە لە کەمـالییەی خۆرهەڵاتی بەغدا، شوێنی موسڵ نزیک بەنداوی موسڵ، شـوێنی بەسـڕەش لە باشـووری عێـراق، شـوێنی رطـبەش خۆرئـاوای عێـراق، کۆمەڵێـک لە سـەنتەری بچکۆلەی دابەشکراو لە شـوێنە بەرزەکـان لە بەغدا لەسـەربانی باڵەخـانە بەرزەکـان وەک شـاری پزیشـکی و نەخۆشـخانەی عەدنـانی سەربازی و لەسەر بورجەکانی پەیوەندیی لە (بدالات السنک) و مەئمونـدا، کە وەرگـری ڕووماڵکردنی شـاری بەغـدان بە شـێوەیەکی تەواو. هەروەک پـرۆژەی ئۆتـۆمبیلی داخـراویش هەن کە ئـامێری گوێگرتنیـان تێـدایە کە

دەتوانن شوێنەکانی پەخشکردنی تۆمارنەکراو دیاری بکەن بە ڕووبەری ١٠ مەتری چوار گۆشە.

٢ـ بەڕێوەبەرێتی ئیسنادو مانگەکان: بەرپرسە لە پێشکەشکردنی هەوڵی ئەندازیارییانە بۆ خستنەگەڕ و بەڕێوەبردنی مەنزومەی مانگە دەستکردەکان کە هەوڵی نیشتیمانی ئامێری بەرهەڵستی پێشکەوتوی بەرهەمهێناوە، لە دیارترینی ئەو ئەندازیارانەی سەرپەرەشتی پەرەپێدانی مەنزومەکەیان کردووە بریتین لە هەردوو ئەندازیاری کارامە ضیاء خماس و ثائر بیتر.

٣ـ بەڕێوەبەرێتی شیکاری: ئەرکەکە شیکارکردنی ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییانەیە کە بۆی ڕەوانە دەکرێن لە بەڕێوەبەرێتی بەگەڕخستنەوە (مديرية التشغيل)، هەڵدەستێت بە کردنەوەی پەیامە کۆدداڕەکان (المشفرة)، بەرهەڵستیکردنی پەیامەکانی باڵێۆزخانەکان و سەرجەم ئاماژە بێتەلە نهێنیە بەکارهاتووەکان لەلایەن سیخوڕانەوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەزگا هەواڵگرەکانی سەر بەوان. هەروەک ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بە تەوزیفکردنی زانیارییەکان بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان لە بەڕێوەبەرێتییە سەرەکییەکانی دەزگاکە بریتیە لە خزمەتگوزاری دەرەکی و بنبڕکردنی سیخوڕی و بەڕێوەبەرێتی چالاکی دژ. ئەم بەڕێوەبەرێتیە کۆمپیۆتەری تایبەت و بەرنامەی پێشکەوتووی تایبەت بە کردنەوەی کۆد لەخۆدەگرێت، لە بەناوبانگترین کارمەندانی تایبەتمەند بە کردنەوەی کۆد زانا عەقیل سامەڕاییە، کە لە ئۆفیسەکەی خۆیدا کوژرا لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی پرۆژەکە و لەو کاتەدا گوترا کە بکوژەکە شێت بووە.

ئەم پڕۆژەیە لە کۆتایی نەوەدەکاندا دامەزرا بە هەوڵێکی هاوبەش لە وەزارەتی پەیوەندییەکان و هەواڵگریی سەربازیی و دەزگای هەواڵگرییەوە، ئامێرەکانیش لە کۆمپانیای یابانییەوە هاوردەکران. دامەزراندنەکەی پەیوەستە بە هەوڵەکانی دکتۆری بە توانا (نعیم العضاض)، و عەلی بەرەکات و ئەحمەد مرتەزی، کە سەرپەرەشتی سەنتەری تۆڕێنەوە تەکنیکییەکانیان کرد. لەم پڕۆژەیەدا نزیکەی(٤٠٠) وەرگێڕی پسپۆڕ کاردەکەن بۆ وەرگێڕانی زۆربەی زمانەکانی دەوڵەتانی جیهان، کە بەسەر تەواوی لقەکانی پڕۆژەکەدا دابەش کراون.

پسپۆڕێتی ئەم لقە بریتییە لە گوێگرتن لە کۆی شێوەکانی پەیوەندیی بێتەل و بەرهەڵستی گفتوگۆی تەلەفۆنیانەی ناوخۆ و دەرەکی، چەند بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕووماڵ دەکات لە ئیسرائیلەوە بۆ سوریا و تورکیا و ئێران و ناوچەی کەنداوی عەرەبی و سعوودیە. دەشتوانێت هەموو ئاماژەیەکی بێتەلی تۆمارنەکراو لە عێراقدا کەشف بکات و دیاریکردنی شوێنی دەرچوونی وەکچۆن بە ئەرکەکانی تەشویشیش هەڵدەستێت بۆ سەر ڕادیۆکانی دوژمن.

دوای داگیرکردنی لەناکاوی فاو لەلایەن ئێرانەوە لە فێبرایەر/شوباتی ساڵی ١٩٨٦، پسپۆڕانی پڕۆژەی ٨٥٨ جەختیان کردە سەر پێویستی بڕین و دزەکردنی مەنزومەی پەیوەندییە سەربازییە ئێرانیەکان، ئامێری (کریپتۆ)ش کڕدرا کە ئێران بە کاری دەهێنێت لە مەنزومەی سەربازییەکەیدا بۆ پەیوەندییەکان، دوای ئەوەی وێستگەی هەواڵگریی لە پاریس توانی یەکێک لە ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئێرانی تەجنید بکات لە فەڕەنسا، لەو میانەدا شریتێکی جفرەی دەستکەوت کە باڵیۆخانەکە لە پەیوەندیەکانیدا بەکاری دەهێنا. دوای هەوڵدانێکی زۆر کە ساڵ و نیوێکی خایاند لە تەقیگەیەکدا بە ناوی (ژووری ڕەشەکە)، تەکنیککارەکان توانیان

ڕەمزەکانی کۆدە سەربازییەکەی پەیوەندییە ئێرانییەکان بەشێوەیەکی تەواو بپشکنن. ئەو دەستکەوتە گەورەیە بەشداریکرد لە قڵپکردنەوەی تەرازووەکانی جەنگی عێراق ئێراندا، دوای ئەوەی پڕۆژەکە توانی سەرجەم پەیوەندییە سەربازییەکان لەنێوان سەرکردایەتی گشتیی هێزە ئێرانییەکان و تەواوی کەرتەکانی سوپای ئێران لە بەرەکانی جەنگدا بگرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە عێراق زانیارییەکی تەواوی دەربارەی جووڵەی کەرتە سەربازییەکان دەستکەوت لەسەر ئاستی یەک فەصیل، زانینی و تەکتیکاتەکانی کە تەواو کەشف بوون. ئەو کارە بەشداری کرد لە دانانی پلان بۆ چەواشەکردنی سەرکردایەتی ئێران تا ئەو ڕادەیەی بڕوایان بە هەواڵی داڕمانی کەرتەکانیان لە فاو و تێکشکاندنیان بە تەواوی و پاشان ئازادکردنی نەدەکرد. دواتر تێکشکانەکانی سوپای ئێران بەردەوام بوون لە سەرجەم بەرەکاندا کە ئێرانی هاندا بۆ پەسەندکردنی وەستاندنی شەڕ لە ٨ی ئابی ١٩٨٨دا.

هەروەها پڕۆژەی ٨٥٨ توانای گرتنی پەیوەندییەکانی کەشتیە ئێرانییەکانی هەبوو لە کەنداوی عەرەبیدا، لەگەڵ چەسپاندنی شوێنەکانیدا کە بە ئامانجگرتنیانی ئاسان کرد بۆ هێزی ئاسمانی لە پانتایی دەریادا کە بە جەنگی کەشتییەکان ناوبراوە. لەنێوان ئەو کەیسانەدا کە ئامێرەکانی پڕۆژەکە گرتوویەتی، پەیامێکی جفرەیە کە لە وێستگەی هەواڵگریی دەوڵەتێکی عەرەبیەوە دەرچووە لە باڵیۆزخانەکەیدا لە بەغدا ساڵی ١٩٨٩، ناوەڕۆکی بروسکەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فەریق حسێن کامیل خۆی ئامادە دەکات بۆ شوێنگرەوەی سەدام حسێن!

پڕۆژەکە لە کاتی خۆیدا پەیوەست بوو بە دامەزراوەی پیشەسازی سەربازیی. دەشبووایە ناوەڕۆکی پڕۆسەکە بەرز بکرابایەوە بۆ حسێن کامیل کە دەمودەست

فەرمانی بە لەناوبردنی دۆسیەکە کرد و ڕێگرتن لەوانەی کە مەبەستیەتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

لە ساڵی ١٩٩١ دا، پڕۆژەکە توانی جفرە (کۆد)ی پەیوەندییە تایبەتەکان بکاتەوە لە وێستگەکانی هەواڵگریی ئێرانی لە ٤١ دەوڵەت. هەروەها دەزگای هەواڵگریی کۆپییەکی لە سەرجەم نامە گۆڕینەوەکانی هەواڵگریی ئێرانی دەست دەکەوێت، پڕۆژەکە ٤٠ کۆمپیوتەری پێشکەوتووی تەرخان کرد بۆ چارەسەری ئەو داتایانەی تایبەتن بە باڵیۆزخانەی ئێران و وێستگەکانی هەواڵگرییەوە.

لە ساڵی (١٩٩١)یشدا و دوای ئەوەی هێزە کوردییەکان شاری کەرکوکیان داگیرکرد، پاشان سوپای عێراق ڕزگاری کردەوە، پڕۆژەکە دوو گفتوگۆی تەلەفۆنیانەی گرت، یەکەمیان هی بەڕێز (مەسعوود بارزانی) کە داوای لە شەڕکەرەکانی کرد بکشێنەوە لە کەرکوک لەبەرئەوەی خوێنی کورد گران بەهایە. لەکاتێکدا کە (جەلال تاڵەبانی) فەرمانی بە شەڕکەرەکانی کرد خۆڕاگربن و بەرهەڵستی سوپای عێراق بکەن و لە کۆتاییدا هەموویان کوژران.

پڕۆژەکە بەرهەڵستی لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکانی (حسێن کامیل) کرد دوای جیابوونەوەی لە (سەباح بن لامی) نەیار، جنێو لەنێوانیاندا ڕوویدا، لامی سەرزەنشتی (حسێن کامیل)ی دەکرد لەسەر ڕاکردنەکەی، کە باوەڕی وابوو حسێن کامیل دەتوانێت سەدام حسێن لابەبات لەبری جیابوونەوە و ڕاکردن بۆ دەرەوەی عێراق، وەکچۆن قسەکردنێکی تەلەفۆنیانەی حسێن کاملیشی لەگەڵ مەسعوود بارزانی تۆمارکرد کە ئەمەی دواییان سروشتی ئەو زانیاریانەی ڕوونکردنەوە کە بۆ پشکنەرە نێودەوڵەتیەکانی درکاندبوو.

هەروەها پڕۆژەکە بەرهەڵستی گفتوگۆگەلێکی تەلەفۆنی کرد کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان و ئەو مەنزومەی پەیوەندییەوە بە ئەنجام گەیشتن کە سەرکردەکانی کورد بەکاریاندەهێنن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین لەسەر ژمارەی ١٤٤٧٩٩٧. هەروەها بەرهەڵستی و گفتوگۆکانی حەسەن نەقیب کە لە سوریا دادەنشێت لەگەڵ ئەحمەد چەلەبیدا، کە لەو کاتەوە هەوڵی دابەشکردنی دەسەڵاتی لە بەغدا دا لەنێوانیاندا لەسەر بنەمایەکی تایەفەگەری. سەبارەت بە گرووپەکانی پشکنینیش سەرجەم پەیوەندییەکانیان چاودێری کراوە بە شێوەیەکی بەردەوام، وەکچۆن تەشویشیش خراوەتە سەر ئەو چالاکیانەی پشکنین کە تایبەت بوون بە هەندێک شوێنی هەستیارەوە.

- بەڕێوەبەرێتی مانەوە و سنوور م١٨:

بەڕێوەبەرێتییەکی سەرەکیە کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، بارەگاکەشی دەکەوێتە ناوچەی کەڕادەوە، بەرپرسی کاروباری بیانیەکان و عەرەبی نیشتەجێ عێراقە. هەروەها بەرپرسیشە لە چوونەناوەوەی بیانیەکان و ڕۆیشتنیان و دەرکردنی کارتی مانەوە و ڕێگەدان بە چوونەناو عێراق. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریدا هەیە، بە یەکێک لە ڕووکاری کاری هەواڵگریش دادەنرێت کە لەڕێگەیەوە لقە هەواڵگرییەکان دەتوانن پەیوەندیی بە بیانییەکانەوە بکەن، ڕادەی سوودوەرگرتن لێیان بۆ بەرژەوەندی کاری هەواڵگریی بخەملێنن، هەلی هەواڵگرییانەی گونجاو بقۆزنەوە بە ئامانجی بەکارهێنانیان بۆ کارکردن وەک سەرچاوە بۆ دەزگای هەواڵگری.

ئەم بەڕێوەبەرێتیە ئەرکی تۆمارکردنی تۆمارەکان و پاراستنیانی لە کۆمپیوتەردا گرتۆتە ئەستۆ، کە ناوی کەسانی گومانلێکراو لە چالاکی و جموجۆڵیان تۆمار دەکرێت لەلایەن تەشکیلاتە هەواڵگرییەکانەوە لە خزمەتی دەرەکیدا و لە بنبڕکردنی سیخۆڕی و بەڕێوەبەرێتی چالاکی ئەو دژ و نەیارانەی پێویستە لەکاتی هاتنە ناوەوە و چوونەدەرەوەدا ڕێکاریان بەرامبەر بگرێتەبەر، ئەرکەکەشی ئاگادارکردنی وێستگەی هەواڵگرییە لە فڕۆکەخانە و هەواڵگریی سنوری دیکە تەنیا بە ناوی کەسی هاتوو یان دەرچووەوە وێستگەکە بەرپرس دەبێت لە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بەرامبەر ئامانجەکە، وەک ڕاپرسی یان پشکنین یاخود دانانی لەژێر چاودێری مرۆییدا یان ئاگادارکردنی بەشی تایبەت بە جموجۆڵی ئامانجەکە.

ـ فەرمانگەی بازرگانیی (لقی پڕۆژەکان) م١٩:

ئەرکی ئەم لقە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پڕۆژە بازرگانیەکانی سەر بە دەزگای هەواڵگرییە وەک ڕووکاری هەواڵگریی لەناو عێراق و دەرەوەیدا، وەک ئوتێل و چێشتخانە و کۆمپانیا بازرگانییەکان، بەرپرسی ئیدارەکردنی پارەی دەزگای هەواڵگرییە لە بانکە بیانییەکاندا و وەبەرهێنانیان بۆ پێشوازیکردنی دۆخی دارایی، بە تایبەتیش لە سایەی سزا ئابووریە نێونەتەوەییەکاندا بۆ سەر عێراق. بارەگای ئەم فەرمانگەیە لە دەرەوەی دەزگاکەیە و ئەوانەی کاریشی تێدا دەکەن نەناسراون لەلایەن ئەندامانی دەزگاکەوە جگە لە بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرانی لقەکان.

لقی پڕۆژەکانی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨١ دامەزراوە، لە سەردەمی بەرزان تکریتیدا، ئامانجیش لە دامەزراندنی کردنەوەی بوارەکانی کارکردنی هەواڵگریی بوو لەژێر دەمامک یان ڕووکاری بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵیدا، لەپێناو هێنانەوەی ئەم ئامانجەشدا بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی هەستا بە ئاڕاستەکردنی لقەکانی خزمەتی دەرەکی و بنبڕکردنی سیخوڕی بە کاندیدکردنی ناوی بەڕێوەبەرانێک لە بانکی ڕافیدەین، هیی دیکەش لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و هێڵە ئاسمانییە عێراقیەکان لەوانەی لە دەرەوە کاریان کردووە. زۆربەشیان خاوەنی ئەزموونی باڵان لە ئیدارەکردنی پڕۆژەکان ولە بازرگانیدا. فەرمانێکیشی دەرکرد بە گواستنەوەیان بۆ جموجۆڵ بەرەو ئەو بازرگانە عێراقیانەی لە دەرەوە نیشتەجێن و خاوەنی کۆمپانیا و سومعەی باشن بە مەبەستی سوود وەرگرتن لێیان، هەروەها دۆخەکە سەبارەت بە بیزنسمانانی ناو عێراقیش بە هەمان شێوە لەوانەی پەیوەندیی پتەویان بە دەرەوەی عێراقەوە هەیە. ئامانجەکەش بنیادنانی ڕووکارەکانی کاری هەواڵگریی بوو بە دەمامکە جیاوازەکانەوە، دوور لە باڵیۆز و نێردە دیپلۆماسیە عێراقیەکان، و ئۆفیسەکانی کارکردنی فەرمی سەر بە دەوڵەت لە دەرەوە.

- بەڕێوەبەرێتی چاودێریگردنی مرۆیی م٢٠:

بەڕێوەبەرێتیەکی پشتیوانی پێکهاتە هەواڵگرییەکانە، لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت. یەکەمیان تایبەتە بە چاودێریکردنی ئامانجەکان لە عێراقیەکان، دووەمیش تایبەتە بە چاودێریکردنی ئامانجەکان لە بیانیەکان، تاکەکانی تەرکیزیان زۆرە، کۆرسی ئەکادیمی و ڕاهێنانی مەیدانیان بینیوە لەڕێگەی چاودێریکردن و چەواشەکردن و

خۆحەشاردان و بەکارهێنانی دەمامک و شێوازەکانی خۆڕزگارکردن لە هەڵوێستی ناڕەحەت، لەسەر شێوازەکانی چاودێریکردنی ئامانجە جێگیر و جوڵاوەکان، وەک هەمیشەش ئۆتۆمبیلی جۆری بەردەست لە بازاڕی ناوخۆدا بەکاردەهێنن کە کەشفکردنیان سەخت بێت، هەروەک لەسەر پڕۆسەکانی وێنەگرتنی نهێنیانەی دیدارەکانی ئامانجەکانیش ڕاهێنراون.

ـ فەرمانگەی ئەندازیاریی م ٢١:

فەرمانگەیەکی خزمەتگوزارییانەیە و ئەندازیارێکی پسپۆڕی کاری ئەندازیاری و پەرەبێدانی باڵەخانەکانی دەزگای هەواڵگریی و پاشکۆکانی و کارەکانی پاراستن و بنیادنان بەڕێوەی دەبات.

یەکەی پارێزگاریی (وحدة الحماية) م٢٢:

ئەندامەکانی پۆشاکی سەربازیی دەپۆشن، بەرپرسن لە پاراستنی سەرجەم بارەگا فەرمییەکانی دەزگاکە، ئەرکی دیکەشیان هەیە لە پاراستنی باڵیۆزخانەکان، هەندێکجار پێویست دەکات ئەفسەرانی بەدواداچوون بەرگی سەربازێکی پاسەوان بپۆشن بە مەبەستی ئامادەبوون لە دەروازەی نێردراوەکان، بە ئامانجی چاودێریکردنی سەردانکارانی باڵیۆزخانە، چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئەندامانی نێردە دیبلۆماسیەکان لە نزیکەوە.

پێکهاتەی ئاسایش و پارێزگاریی لە دامەزراوە پیشەسازیی سەربازییەکان م٢٣:

لە سێ لق پێکدێت، تایبەتن بە پارێزگاری و دەستەبەرکردنی دامەزراوەکانی پیسەسازیی سەربازیی (التصنيع العسكري)، یەکەمیان لقی پاراستنی دامەزراوەکان، دووەمیان بایەخ بە ئاسایشی تاکەکان و کارمەندان دەدات کە لە پیشەسازی سەربازیدا کار دەکەن، سێیەمیشیان ئەرکەکەی پاراستن و ئاسایشی دۆکیۆمێنت و زانیارییەکانی تایبەت بە پیشەسازی سەربازییەوە، بنکەیەکی زانیاریی پێویست و تەواویشی هەیە سەبارەت بە دامەزراوەی پیشەسازییەکە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، مافی کردنەوەی دۆسیەکانیش هەیە بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو ئامانجانەی گومانیان لێ دەکرێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ پێکهاتە هەواڵگرییەکان لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی.

م٥١ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی ناوچەی باکوورە و بارەگاکەی لە شاری موسڵ. گۆڕەپانی کارکردنەکەی پارێزگاکانی نەینەوا و ئەربیل و دهۆک.

م٥٢ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی پارێزگای تەئمیم و بارەگاکەی لە شاری کەرکوک و پارێزگای سلێمانیش دەگرێتەوە.

م٥٣ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی ئەنبار، بارەگاکەی شاری ڕوومادییە، ئەم بەڕێوەبەرێتییە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە گۆڕەپانی کارکردنەکەی بریتیە لە ناوچەکانی خۆرئاوای عێراق لەسەر سنور لەگەڵ هەریەک لە سوریا و ئەردەن و سعوودیە، بە بواریکی سەرەکی گرنگ دادەنرێت بۆ چالاکی هەواڵگریی ئیسرائیلی (مۆساد) کە چاودێری وردەکارییەکانی جموجۆڵە سەربازییەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکات لەو گۆڕەپانەدا بە شێوەیەکی بەردەوام و خێرا، بەو

پێیەی هەر جموجۆڵێکی سەربازی لەو ناوچەیەدا بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ دادەنرێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل.

م٥٤ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی ناوچەی خۆرئاوا، کەربەلا و نەجەف و سەماوە و بابل دەگرێتەوە، بارەگەکەشی لە کەربەلایە.

م٥٥ سەنتەری هەواڵگریی پارێزگای مسەننا، بارەگاکەی لە شاری ناسرییەیە.

م٥٦ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی ناوچەی باشوور، بارەگاکەی لە بەسرەیە.

م٥٧ سەنتەری هەواڵگریی پارێزگای دیوانیە.

م٥٨ سەنتەری هەواڵگریی پارێزگای سەڵاحەدین، بارەگاکەی شاری تکریتە.

م٥٩ سەنتەری هەواڵگریی پارێزگای واسیت لە شاری کوت.

م٦٠ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی پارێزگای میسان لە پارێزگای عەمارە.

شایەنی باسە بەڕێوەبەرێتییە هەواڵگرییەکانی ناوچە سنووریییەکان تا ساڵی ١٩٩٣، پەیوەست بوون بە بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕییەوە، لە زەمەنی (فەریق/ سابیر عەبدولعەزیز دووری)دا، بەش و لقی سەر بە خزمەتگوزاریی نهێنی دەرەکی کرانەوە، کە ئەرکی پڕۆسەی سەرپەرەشتی بەڕێوەبردنی کاری هەواڵگریی دەرەکی لەمیانی سنووڕەوە دەگرێتە ئەستۆ، بە تایبەتیش لەگەڵ هەردوو گۆڕەپانی سووری و ئێرانیدا.

ئەم تەشکیلاتە سەرکەوتنی باشی هەواڵگرییانەی بەدەستهێنا لەسەر ئاستی کاری دەرەکی، سەرجەم هەواڵگرییەکانی ناوچەکان دواتر پەیوەست بوون بە ئۆفیسی یارمەتیدەری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی کاروباری ئۆپەراسیۆنەکان.

بەشی پێنجەم

وێستگەکانی هەواڵگریی دەرەکی

وێستگە (المحطة) بریتییە لەو شوێنەی کاری هەواڵگریی نهێنی پێشکەوتووی لە دەوڵەتی بە ئامانجگیراوەوە تێدا ئەنجام دەدرێت، لە کۆمەڵێک ئەفسەری هەواڵگریی پسپۆڕ پێکدێت، شوێنی وێستگەکە لەناو نێردە دیپلۆماسییەکاندا دەبێت بۆ ئەوەی چالاکیەکە بە نهێنی بمێنێتەوە، هەروەها وێستگەکان بە گرنگترین پایە دادەنرێن لە ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییە دەرەکییەکاندا، لە ئەولەویاتەکەشی ڕێگەنەدانە بە بنبڕکردنی دژبەرانە (للمكافحة المضادة)ی ئەو کەسەی دەستی بە بەڵگەوە گرتووە لە چالاکییە هەواڵگرییە سیخوڕییەکاندا.

میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی ئەفسەران بۆ کارکردن لە دەرەوە لە ڕوانگەی بایەخ و هەستیارێتی کارکردن لە وێستگە دەرەکییەکانی هەواڵگرییدا، فەرمانگەکە دیسپلینی توندی داناوە بۆ هەڵبژادنی ئەندامانی وێستگەکە، لەسەر ئەم بنەمایەش لێژنەیەکی مەرکەزی پێکهێنراوە بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری دەزگاکە، ئەندامێتی یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتگوزاری نهێنی، بەڕێوەبەری گشتیی بنبڕکردنی سیخوڕی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئیداری، بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگای هەواڵگری. ئەرکەکەیان هەڵبژاردنی ئەفسەری گونجاوە بۆ کارکردن لە وێستگەکاندا (المحطات). بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی بەرپرس لە بەدواداچوونی ئەو دەوڵەتەی کە ئەفسەرەکە لە کۆبوونەوەکانی لێژنەکەدا ئامادە دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر مەبەست لە کۆبوونەوەی لێژنەکە هەڵبژاردنی ئەفسەر بێت بۆ کارکردن لە وێستگەکانی دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەوا بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی یەکەم لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە دەبێت، ئەگەر کاندیدکردنەکە تایبەت بێت بە تورکیا یان ئێرانەوە، بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی دووەم (مدير الدولية الثانية) بەرپرس دەبێت بۆ ئامادەبوون.

ـ میکانیزمی کاندیدکردن:

١ــ بەڕێوەبەری لقی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری نێودەوڵەتیدا هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سێ تا چوار ئەفسەری شایستە، وەک پاڵێوراو دەیانخاتە سەر کارکردن لە وێستگەدا، ئیتر لە بەڕێوەبەرێتی خزمەتگوزاری نهێنی بن یان لە ئەفسەرانی بنبڕکردنی سیخوڕی یاخود چالاکی دژ، فایلیان بۆ پر دەکرێتەوە کە تەواوی زانیارییە تایبەتی و پیشەییەکان دەربارەی ئەفسەرەکان لەخۆدەگرێت.

٢ ـ ناوی پاڵێوراوەکان بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی فەرمانگەکە دەنێردرێن بۆ دەربڕینی بۆچوونی ئەمنی، بەڕێککەوتن لەسەر کاندیدکردنەکە یان ڕەتکردنەوەی. لەسەر بنەمای ئەو ئاماژانەی لەسەر ئەفسەرەکە هەن، لەبەرئەوەی هەندێک بۆ کارکردن ناشێن لە دەرەوە لەبەر هۆکارگەلێکی جیاواز.

٣ــ ئەگەر پاڵێوراوەکان لە ئاستی بەڕێوەبەری لق یان سەروتردا بوون. چاوپێکەوتنەکەیان لەلایەت لیژنەوە بەڕێوەناچێت، هەڵبژاردنەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن لیژنەکەوە بەڕێوەدەچێت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە فایلی کاندیدکردنەکەدا هەن، زانراویش دەبێت لەلایەن ئەندامانی لیژنەکە بۆ کاندیدەکە. بەو پێەی پۆستێکی گرنگ دەگرێت و پێویست بە چاوپێکەوتن لەگەڵیدا ناکات. بەڵام ئەگەر کاندیدەکە لە ئاستی سەرۆکی بەش یان نزمتردا بوو هەر دەبێت دیداریان لەگەڵدا سازبکرێت لەلایەن لیژنەکەوە، لەژێر تیشکی ئەوەشدا کەسێک لەنێوان کاندیدەکداندا هەڵدەبژێردرێت. بە شێوەیەکی سروشتیش پەیوەندییە تایبەتیەکان و دەستوەردانە دەرەکییەکان ڕۆڵێکی دیاردەبینن لە هەندێک پڕۆسەی کاندیدکردن و هەڵبژاردندا، هەندێکجار کەسانێک بەسەر لیژنەدا دەسەپێنرێن کە

شایستەی کارکردن نین لە دەرەوە. ڕێژەی دەستوەردانەکان لە دەرەوە و ناوەوەی دەزگاکەدا لە ماوەی کۆتایی نەوەدەکاندا گەیشتە ١٠٠%، بەڵام کاریگەری ئەوە بۆ سەر بڕیارەکانی لیژنەکە لە سنووری ٣٣% دا ماوەتەوە. هۆکارێکی دیکەش هەیە کە هەندێکجار پەنای بۆ دەبەین کاتێک دەمانەوێت ئەفسەرێکی دیاریکراو هەڵبژێرین دەبینین لێهاتوویی و شایستەیی تێدایە، ئەو کاتە ئێمە کاندیدە خوازراوەکە هەڵدەبژێرین و لەگەڵیشیدا ئەفسەرانێکی ڕکابەر (لاوەکی) هەڵدەبژێرین کە توانا و لێهاتوویان کەمترە وەک چەواشەکردنێک بۆ لیژنەکە. ئێمە ناومان لە کاندیدانی دووەم و سێیەم دەنا بە (حەشوەی پاڵنەر). زۆربەی جارەکانیش کارەکان بەرەو ئەوە بەڕێوەدەچن کە دەمانەوێت، هەندێک جاری دیکەش لیژنەکە جیاکاری ڕوون دەکات لەنێوان لێهاتوویی پاڵێوراوان و داوای گۆڕینیان دەکات، لە حاڵەتی دیکەشدا هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە سەر کاندیدێکی دیکە (لاوەکی) لەبەر هۆکارگەلێک کە نایانزانین.

٤ ـ دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە سەر یەکێک لە پاڵێوراوان، بەڕێوەبەرێتی کاروباری کارگێڕی هەڵدەسێت بە دەستپێشخەری بۆ قسەکردن لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیدا بۆ گواستنەوەی ئەفسەر لە دەزگای هەواڵگرییەوە بۆ وەزارەتی دارایی یان فەرمانگەی ڕێکخراوە میللیەکان، پاشانیش سەرۆکایەتی دیوان فەرمانێک دەردەکات بە گواستنەوەی ئەفسەر لە دارایيەوە یان لە ڕێکخراوە میلليیەکانەوە بۆ وزارەتی دەرەوە. هەندێکجار ئەفسەر ئازادی هەڵبژاردنی ناوێکی بەدیل یاخود مانەوە لەسەر ناوی ڕاستەقینەی خۆی پێ دەدرێت بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو گۆڕەپانەی کاندیدەکەی بۆ دەکرێت، هەروەها کاروانی پێشووی ئەفسەرەکە سەبارەت بەوەی ئاخۆ بەشداری کردووە لە پرۆسەگەلێکی هەواڵگریی، کە تووشی کەشفی کردبێت. لەسەر بنەمای فەرمانی دیوانیش

وەزارەتی دەرەوە فەرمانێک دەردەکات بە گواستنەوەی ئەفسەر بۆ باڵێۆزخانەی بەرپرس، ڕێکخستنی دیکەش بەڕێوە دەچن لە ڕێگەی هەماهەنگی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا، دەستبەکارکردنی خۆی لە وەزارەتی دەرەوەدا تۆمار دەکات. ئەوەی لە زنجیرەی ئەم گفتوگۆیانەدا گرنگە ئەوەیە کە لە وزارەتی دەرەوەدا هیچ شوێنەوارێک یان بەڵگەنامەیەک بەجێناهێڵێت یان هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بەوەی کە ئەفسەری گواستراوە بۆ وەزارتی دەرەوە ئەندامی دەزگای هەواڵگریی بووە.

٥ــ ئەفسەری پاڵێوراو بۆ کارکردن لەوێستگەکەدا لە دەرەوەی تەشکیلی مەبەستەوە هاتبێت، پێویستە لە بەشی بەرپرس لە ئیدارەی وێستگەکەدا کاربکات لانی کەم ماوەی دوو هەفتە بۆ ئاگاداربوون لە گۆڕەپانی کارکردن و ژیانی کۆمەڵایەتی تێیدا و زانینی سروشتی ڕژێمی سیاسی و ئەو کارەکتەرانەی کاریگەرن تێیدا، ڕێکارەکانی ئاسایش و ئاشنابوون بە زانیارییە شەخسیەکان و سەرنج و تێبینی لەسەر ئەندامانی نێردراو و سەرچاوەکانی وێستگەکە و بازنەی پەیوەندییەکانی و دۆسیە تایبەتەکانی ئەو کەیسانەی بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت لەگەڵ ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، شێوازەکانی کارکردنی بنبڕکردنی سیخوڕی دژ، هیی تریش لەو وردەکارییانەی پێویستە لەسەر ئەفسەر بیانزانێت، وەک داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و شوێنە ترسناکەکان و ئەو جۆرە بابەتانە.

٦ـ ئەگەر هاتوو ئەفسەر نەیتوانی ئامێری ناردنی پەیام (جهاز المراسلات)ی تایبەت بە وێستگەکان بەکاربهێنێت، ڕێگای ئامادەکردنی نامە کۆدکراوەکان (الرسائل المشفرة) و کردنەوەشیانی نەزانی، پێویستە سەردانی بەشی جفرە بکات.

بۆ چوونە ناو خولێکی ڕاهێنانەوە بۆ ئەوەی بە وردی پڕۆسەی نامە ناردنی جفرە فێر ببێت.

٧ـ دوای تەواوکردنی ئەم ڕێکارانە و بەر لە گەشتکردنی ئەفسەرەکە ئامادەی کۆبوونەوەیەک دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەری پسپۆڕی لقەکە و بەڕێوەبەری نیودەوڵەتی گوێ لە ڕێنماییەکانیان دەگرێت، پاشان دیداری دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتگوزاری نهێنی، هەندێکجار لەگەڵ یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکە بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان دیداری دەبێت، دواتر دەچێت بۆ ئەو وێستگەیەیی بۆی نەقڵ کراوە

٨ـ دوای گەیشتنی ئەفسەرە نوێیەکە بە وێستگەکە، ئەفسەرە کۆنەکە کۆنوسی وەرگرتنی و تەسلیمکردنی ئامادەدەکات کە بەگوێرەی ئەوە ئەوەی لە وێستگەکەدا هەیە تەسلیم دەکرێت لە بڕی پارەو ئامێرەکانی جفرەکردن و پاشکۆکانی، ئامێرە تەکنیکیەکان و چەک و کەلوپەل بە شێوەیەکی تێروتەسەل، لە حاڵەتی ڕۆیشتنی بەڕێوەبەری پێشووی وێستگەکەدا پێش گەیشتنی بەڕێوەبەری نوێی وێستەگەکە، ئەفسەرە گواستراوەکە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی کۆنووسی ڕادەستکردن بە تەواوی واژووی لەسەر دەکات، پاشان ئەفسەرە نوێیەکە دەست دەکات بە وردەکاری ناوەڕۆکەکەی و ناردنی نوسخەیەک لە کۆنووسی وەرگرتنەکە بۆ مەرکەزەکە لە یەکەمین بەریدی دیپلۆماسیدا. سەبارەت بە میکانیزمی وەرگرتنی سەرچاوەکانیش، ئەفسەری گواستراوە سەرچاوەکانی فەرمانی گواستنەوەکەی دەگەیەنێت، ڕێکدەکەوێت لەسەر پلانی پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا، وشەی نهێنی و پلانی پەیوەندیکردنەکە لە دۆسیەی هەموو سەرچاوەیەکدا بەجێدەهێڵێت، هەروەها

ئەفسەرە نوێیەکە هەڵدەستێت بە ڕێکارەکانی پەیوەندیکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوەکاندا.

ـ کارکردن لە وێستگەکاندا:

کارکردن لە وێستگەکاندا خەونی سەرجەم ئەفسەرانی هەواڵگریی بوو. خولیایەکی ڕەوا بوو بۆ ڕێکخستنی بارودۆخی مادییان، وەکچۆن کارکردن لە بواری دیپلۆماسیدا شوێنەواری ئەرێنی لەسەر سایکۆلۆژیای ئەفسەرەکە هەیە بواریکی گونجاویشە بۆ ڕزگاربوون لە فشاری کارکردن لە مەرکەزەکەدا، هەلێکە بۆ خێزانی ئەفسەرەکە بۆ ژیانکردن لە دەرەوەی هەڵومەرجی ژیانکردنی هێمن و ئاسوودە کە ئەو شوێنەوارە خراپانە بەجێبهێڵێت کە لە ئابڵۆقەی ئابووری سەپێنراو بەسەر عێراقدا دروستبوون، هەروەها لە شوێنەوارە کارەساتئامێزەکانیش لە ماوەی نەوەدەکانیشدا بە تایبەت.

ماوەی کارکردن لە دەرەوە سەبارەت بەو ئەفسەرانەی لە هەواڵگرییدا کاردەکەن لە وێستگەکاندا لەنێوان دوو ساڵ بۆ چوار ساڵیدایە و شیاوی درێژکردنەوە نییە هەروەها ماوەی کارکردنەکە لە دەرەوەدا پشت بە کۆمەڵێک فاکتەر دەبەستێت کە گرنگترینیان کەشفکردنی تاوانێکە کە ئەفسەرەکە دەیکات و کەسێکی نەخوازراوی لێ دروست دەکات، یان سەرپێچی یاسا و سیستەمەکانی دەوڵەت بکات، یاخود لە بواریکی بازرگانیدا کار بکات، یا ئەو کارانە بکات کە زیان بە شکۆی عێراق و دەزگای هەواڵگریی دەگەیەنێت، یان دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەواڵگریی دژ و نەیار لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بە تایبەتیش پەیوەندییە گوماناوییەکان لەگەڵ ژنانداکە لەلایەن بنبڕکردنی سیخوڕی دوژمنەوە هاندەدرێن، توانای ئەنجامدانی

ئەرکە وەزیفیە فەرمی و هەواڵگرییەکانیش لە یەک کاتدا بە پلەی دووەم دێن، لەبەرئەوە نابێت پاساو بهێنێتەوە بۆ کەموکوڕی ئەرکەکەی لە کارە هەواڵگرییەکەیدا، وەکچۆن ناشبێت پاساو بۆ شکستە هەواڵگرییەکەی بهێنێتەوە بۆ سەرقاڵبوونی بە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفیەکانیەوە.

ئەندامانی نێردەی دیپلۆماسی یەک ئەرکیان هەیە کە لە کاتژمێر هەشتی بەیانیەوە دەست پێ دەکات و لە کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆدا کۆتایی دێت، ئامادەبوونی دیپلۆماسییەکش دوای تەواوبوونی دەوام دۆخێکی دەگمەنە.

کارمەندانی دەرەکیی کارە وەزیفیە ڕۆتینیەکانیان تەنیا لەناو باڵیۆزخانەکانیاندا یان لەڕێگەی سەردانکردنی هەندێک لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە ئەنجام دەدەن وەک وەزارەتی دەرەوە لە دەوڵەتی خانەخوێدا، ئامادەبوونی چالاکی سیاسیی و بۆنەی دیپلۆماسی، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەرکەکانی ئەندامانی وێستگەی هەواڵگریی سەخت و هەستیارن، بە تایبەتیش کاتێک یەک ئەفسەری هەواڵگریی لە وێستگەکەدا ئامادە دەبێت.

ئەفسەرانی هەواڵگریی ئەرکی دولایەنەی هەواڵگریی و وەزیفیان هەیە کە پەیوەستە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی کاری ئیدارییانەوە کە لەلایەن نێردەکەوە پێیان سپێردراوە بۆ گرەنتی ڕوومالّەکە بە شێوەیەکی تایبەت، کاتێک ئەفسەری هەواڵگریی کونسوڵەکە دەبێت پێویستە لە سەری ئەرکە کۆنسوڵیەکانی ئەنجام بدات بە باشترین شێوە، وەکچۆن ملکەچی ڕێنماییەکانی باڵیۆزەکەش دەبێت کە پەیوەستن بە میکانیزمی کاری باڵیۆزخانەوە و، ئەنجامدانی مامەڵە کونسوڵیەکانەوە بەبێ دواکەوتن، بەهۆی سەرقاڵبوونی ئەفسەرەوە بە ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفیەکانیەوە لە کاتی دەوامی فەرمیدا، زۆربەی ئەرکەکانی لە کارە

هەواڵگرییەکان، لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمیدا دەبن، لەبەرئەوە زۆربەی چالاکیە هەواڵگرییەکان کە خۆیان دەنوێنن لە ئیدارەکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوەکان و هاوکاران و هاوەڵان و ڕێکخستنی دیدارەکاندا، بە زۆری ئێواران یان لە شەودا ئەنجام دەدرێن.

ـ گەشتی گەڕان بە دوای هەلی هەواڵگرییدا:

هەلە هەواڵگرییە نایابەکان نایەن بۆ باڵێۆزخانە، بەڵکو دەبێت بچیت بۆیان و بە دوایاندا بچیت لە هەموو شوێنێکدا، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئەفسەری هەواڵگریی هیچ هەلیک یان بواریک لە دەست نەدات و تێیدا ئامادەببێت.

وەک ئامادەبوونی کۆنگرە چالاکیە ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیەکان، بۆنەکانی جەژنە نیشتیمانیەکانی نێردراوە دیپلۆماتەکان، سەردانی ئوتێلە پلە یەکەکان و دانیشتن لە هۆڵەکانیاندا، یان دانیشتن لە قاوەخانە نایابەکاندا کە دەستەبژێری کارمەندانی گشتیی و بازرگان تێیاندا ئامادە دەبن و بانگهێشتیان تێدا دەکرێت. سەرجەم ئەم گۆشانە بواڕە سەرەکیەکەی چالاکی وێستگەی هەواڵگریی (محطة المخابرات) دەنوێنن لە گەشتەکەیدا بۆ گەڕان بە دوای هەلە هەواڵگرییە باشەکاندا (الفرص الاستخبارية الجيدة) بۆ مەبەستەکانی تەجنید یان هاوکاریکردن و هاوڕێیەتی، ئامانجی بنەڕەتیش دەستخستنی زانیاریی پۆلێنکراوی گرنگە یان کاریگەرییە بۆ سەر هەڵوێستی سیاسی دەوڵەت بۆ پشتگیریکردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانی عێراق، جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی پێیان سپێدراون. هەتا بازنەی پەیوەندییەکانی وێستگەی هەواڵگریش فراوانتر بن، ئەگەری گەیشتن بە ڕەگەزە گرنگەکانیش زیاتر دەبن، بۆ مەبەستەکانی تەجنید کردن، لە هەمان

کاتیشدا فراوانی پەیوەندییەکان یاریدەی پەرتەوازەکردنی هەوڵەکانی بنبڕکردنی سیخوری دوژمن و چەواشەکردنیان دەدات بە ئامانجی ڕوومالّکردنی چالاکی نهێنی وێستگەکە.

لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵەدا پێویستە لەسەر ئەفسەری هەوالّگری لانی کەم دووجار لە هەفتەیەکدا شەوانە ئامادەبێت بۆ ئامادەکردنی بەرید و وەڵامدانەوەی داواکانی مەرکەزەکە و ڕێکخستنی دۆسیەکان، نوێکردنەوەی ڕێسای بەیاناتی وێستگەکە، لە پاڵ پیاچوونەوەی ئەوەی بەدەستهێنراوە، هەڵسەنگاندنی ڕێژەی چوونەپێشەوە لە ڕێکارەکانی پیادەکردنی پلانە تایبەتەکانی کارکردن بە بێ لەپێشینەبوونی ڕەها (الاسبقیه المطلقة)، وەک ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان دۆسیەکانی چالاکی دوژمن یاخود خواستەکانی پلانی دەوڵەتانی لەپێشینەی یەکەم (دول الاسبقیة الأولی) وەک ئێران و سوریا.

ئەو ڕێکارە ئاساییانەی بەدواداچوون لەلایەن هەوالّگری دوژمنەوە گرەنتی دیاریکردنی ئەو کەسە دەکات کە ئەفسەری هەوالّگرییە لە باڵیۆزخانەدا، بەوەدا کە کارێکی سەختە لەسەر ئەندامی وێستگەی هەوالّگری کە حەقیقەتەکەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام پێویستە لەسەری بەگوێرەی ئەم ڕێسایەی (استخبارات) کار بکات: (ئەوە گرنگ نییە کە بنبڕکردنی سیخوڕی دژ و نەیار بەوە بزانێت کە کێ ئەفسەری هەوالّگرییە لە باڵیۆزخانەدا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە نەزانێت چی دەکات).

کەواتە دیارکردنی ئەو کەسەی ئەفسەری هەوالّگرییە لەلایەن دەزگاکانی بنبڕکردنی دوژمن بابەتێکی پەسەندکراوە، بەڵام ئەوەی ڕێگەی پێ نادرێت ئەوەیە کە دەزگاکانی دوژمن سەرچاوەکانی وێستگەکە و پەیوەندیە تایبەتییەکانیان و شێواز و پلانەکانی کارکردن و ئامانجەکانیان کەشف نەکەن، ئەمە بە شکستێک

دادەنرێت کە ناکرێت لێی ببوردرێت. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئەفسەری هەواڵگریی بە هێمنی کار بکات و شێوازەکانی فێڵ و چەواشەکردن و هەڵهاتن لە چاودێری دژ و نەیار بەکاربهێنن، پارێزگاری لە نهێنیبووونی دیدارەکان لەگەڵ سەرچاوەکاندا بکەن، دوور لە چاوی بنبڕکردنی سیخوڕی (مكافحة التجسس).

ئەو ئەفسەرەی هەواڵگریی کە لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی فەرمیدا لە باڵیۆزخانەدا کارناکات ناکرێت ئەفسەرێکی بەرهەمهێن بێت. پێویستە لەسەر ئەندامی وێستگەی هەواڵگریی یان بەڕێوەبەرەکەی هەوڵی هێنانە ئارای دۆخێک لە هەماهەنگی بدات لەنێوان ئەرکە ئیدارییەکانی (داپۆشەر) و ئەو ئەرکە هەواڵگرییەی پێی سپێردراوە لە چوارچێوەی پلانی کاری وێستگەکەدا. وەکچۆن پێویستیشە لەسەری پارێزگاری لە حاڵەتی هاوسەنگی نێوان وریایی زۆر بەرامبەر ڕێکارەکانی بنبڕکردنی سیخوڕی دژ (مكافحة التجسس المضاد)، هەڵچوونی زیادە لە ئۆپراسیۆنەکاندا بکات، ئەو ئاگەداری و وریاییەی دەگاتە سنووری ترس، بە مسۆگەری دەبێتە مایەی وەستانی ڕەوڕەوەی کارکردنی هەواڵگریی، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئەفسەری هەواڵگریی بە هەنگاوی جێگیر و هاوسەنگەوە بچێتە پێشەوە بەرەو ئامانجەکانی، بەسەر ڕێکارەکانی بنبڕکردنی دژ دا زاڵ دەبێت بەو ڕێگا هەواڵگریانەی ڕاهێنانی لەسەر کردوون، هەروەها لە دۆخی نەبوونی توانای وێستگەی هەواڵگرییدا لە پیادەکردنی ئەو پلانانەی کارکردندا پێی سپێردراون بە شکست دادەنرێت و ئەفسەرەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ مەرکەزەکە وەک شکستخواردوویەک.

ئەو ئەفسەرەی هەواڵگریی کە زیاتر لە ڕادەی پێویست چالاک دەبێت خۆی تووشی کەشفکردن دەکات، لەوانەشە ڕووبەڕووی دەرکردن ببێتەوە یان

وەزارەتی دەرەوە داوا لە هەواڵگریی دەکات بە شێوەیەکی هێمن بیکێشێتەوە، ئەم حاڵەتە ڕووەدات ئەگەر پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ عێراقدا دۆستانە بوون و هەوڵی وروژاندنی کێشەیەکی سیاسی نادات، لە هەموو دۆخەکانیشدا ئەو ئەفسەرەی دووردەخرێتەوە بەهۆی چالاکی هەواڵگریی پەیوەست بە پلانەکانی کارکردنەوە بە شکستخواردوو دانانرێت هەندێکجار ڕێزیشی لێ دەگرێت.

- پەیوەندیی وێستگەکە لەگەڵ باڵیۆزەکان و ئەندامانی شاندەکەدا:

زۆربەی باڵیۆزەکانی عێراق ترسیان لە بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی هەبوو، لەو بڕوایەدا بوون کە ئەرکی بوونی لە باڵیۆزخانەدا لە چاودێریکردنی باڵیۆز و ئەندامانی شاندی دیپلۆماسیدا دیاریکراوە، لە ڕاستیشدا ئەوە هەرگیز لە کارە لەپێشینەکانی هەواڵگریی نییە، ناجێتە ناو پلانەکانی کارکردنەوە، لەبەرئەوەی سەرجەم دیبلۆماتکارە عێراقییەکان بۆ کاری دەرەکی ناپاڵێۆرێن ئەگەر ئاماژەی ئەمنیان لەسەر بێت، هەروەها نابێت دۆسیە بۆ هیچ یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بکرێتەوە ئەگەر ئاماژەی نەرێنی دەربارەی یەکێکیان بوونی نەبێت کاتێک ملکەچی ڕێکارەکانی بەدواداچوون دەبێت لە دەرەوە، سەرەڕای ئەم هەموو هۆشداریەش زۆرێک لە وێستگەکانمان چوونەتە ناو ناکۆکییەوە لەگەڵ باڵیۆزدا کە لە کۆتاییدا کێشە و قەیرانگەلێکی لێ کەوتووەتەوە کە کۆتاییان نەهاتووە تەنیا بە گواستنەوەی یەکێک لە دوو لایەنەکە نەبێت بۆ مەرکەز.

لەپێناو سوورِبوون لەلایەن دەزگای هەواڵگرییەوە بۆ هاندانی ئەفسەری هەواڵگریی بۆ بنیادنانی پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەندامانی نێردەکەدا، بڕگەیەک دانراوە لە هەڵسەنگاندنی سالانەدا بە پێی ئەوە دە پلە بە ئەفسەر دەبەخشێت

گەر هـاتوو پەیوەنـدییەکەی بە ئانـدامانی وەفـدەکەوە دۆسـتانە بـوو. پەیوەنـدیی ئەفسـەری هەواڵگریـی لەگەڵ ئەنـدامانی ڕەوتـی دیپلۆماسـیدا بە زۆری دۆسـتانە دەبێـت و لەسـەر هاوکـاری بنیـاد دەنرێـت، دەشـێت وێسـتگەکە پەنـا ببـاتە بەر ئەنـدامانی باڵیۆزخـانە بـۆ پیـادەکردنی ئەرکـی هەواڵگریـی ئیـدی بـۆ مەبەسـتی چەواشەکاری بێت یان بـۆ ڕووماڵکردنی یاخود بـۆ دۆزینەوەی هەلی هەواڵگریی هەڵبژێـردراو لە بـازنەی پەیوەنـدییەکانیان. بەزۆری دوو دڵـیش نـابن لە هەسـتان بەوە، بەڵام ئەندامانی بواری دیپلۆماسی سـوورن لەسـەر ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەواڵگریـدا بـاش بێـت بەهـۆی پـاڵنەری نیشـتیمانییەوە، دەشـزانن کە بێزاربوونی هەواڵگریی لێیان کاریگەرییەکی خراپی دەبێت بۆ ئایندەی وەزیفەکەیان و پلە بەرزکردنەوەیان، یان دەبێت هۆکارێکی تەکەرەتێخستنی دۆخی پاڵاوتنیان بۆ کارکردن لە دەرەوە بۆ چارێکی دیکە.

زۆربەی ئەو کێشـانەی دەکەونە نێـوان ئەفسـەرانی هەواڵگریـی و ئەنـدامانی وەفدەکە بەهۆکاری خێزانی ڕووەدەن بە تـایبەتیش لەنێوان هاوسـەرە ژنەکان و کـوڕانی دیپلۆماتکارەکانـدا، ئەمەش کەشـفکردنی ئەفسـەری هەواڵگریـی لـێ دەکەوێـتەوە لە ڕێـگەی ئەو گفتوگـۆ تەلەفۆنیـانەوە کە لەنێـوان خێزانەکـان و ئامـاژەکردن بـۆ دەزگـای هەواڵگرییـدا ڕووەدەن لە سـیاقی گفتوگـۆکردن بەبـێ خۆپاراستن کە دەبێتە هـۆی دیـاریکردنی ئەوەی کێ ئەفسـەرەی هەواڵگرییە. ئەم حاڵەتـانە تـایبەتیش نـین بە عێراقیەکـانەوە بەڵکـو لەنێـوان ئەنـدامانی شـاندە دیپلۆماسـیە پشتپێبەسـتراوەکانیش لە عێراقـدا ڕوو دەدەن، لەبەرئەوە حـاڵەتێکی عێراقیانە نییە بە تەنیا بەڵکو لەنێوان وەفدەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێدا باوە.

هەندێکجار کاتێک ئەفسەری هەواڵگریی ڕووبەڕووی دورخستنەوە دەبێتەوە لەلایەن دەوڵەتی خانەخوێوە، ئێمە ناچار دەبین باڵیۆزەکە یان یەکێک لە ئەندامانی متمانەپێکراوی ڕاسپێرین بۆ ئیدارەکردنی کاری وێستگەکە بەشێوەیەکی بەشەکی یان هەمەکی. ئەگەر پێویست بەوە بکات، بەبێ جفرەی پەیوەندییەکانی تایبەت بە دەزگاکە بەکاربهێنرێت.

ـ شوێنی وێستگەکە (موقع المحطة):

شاندە دیپلۆماسییە عێراقییەکان لە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهاندا بە باشترین ڕووپۆشی کاری هەواڵگریی دادەنرێن، شەرعیەت دەڕەخسێنن بۆ بوونی هەواڵگریی و چالاکی ئەفسەرانی هەواڵگری، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە ئەفسەرانی خاوەنی پارێزبەندیی دیپلۆماسین کە پارێزگارییان بۆ دەستەبەردەکات کاتێک چالاکیگەلێک ڕوودەدەن سنووری کارە دیپلۆماسیەکەی تێدەپەڕێنن یان تاوانێکی بێبەمەست ئەنجام بدات. بە زۆری فەرمانگەی کونسوڵخانە لە باڵیۆزخانە دەبێتە سەنتەری کاری وێستگەی هەواڵگریی، یان کونسوڵەکە یاخود یاریدەدەرەکەی دەبێتە بەڕێوەبەری وێستگەکە (مدير المحطة).

لە باڵەخانەی باڵیۆزخانەدا، لایەنی کەم دوو ژوور بۆ وێستگە تەرخان دەکرێت، یەکێکیان بۆ بەڕێوەبردنی وێستگەکەیە و دووەمیان تەرخانە بۆ بنکەی زانیارییەکان و ئامێرە جفرەدارەکانی پەیوەندیی، دۆڵابێکی ئاسنی گەورەشی تێدا دادەنرێت کە تەرخانکردنە داراییەکان و چەکەکانی وێستگەکە و ئامێرە تەکنیکیە هەواڵگرییەکانی تێدا دەپارێزرێت، وەک ڕیکۆردەر و مایک و کامێرا و جانتای

جیاواز که ئامێری تایبەتیان تێدا دانراوە بۆ مەبەستی تۆمارکردنی دیدارەکان، ئەم ژوورە پارێزراوە و پەنجەرە یان هیچ کەلێن و دەرچەیەکی دیکەی تێدا نییە.

١ـ بڵاوبوونەوەی وێستگەکان، بەگوێرەی بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگریی پێویستە وێستگە بۆ هەواڵگریی لە سەرجەم وەفدەکاندا لە دەرەوە دابمەزرێنرێت. بەڵام ئەم ڕێکارە بەشێوەیەکی تایبەت نەهاتەدی دوای داگیرکردنی کوێت و سەپاندنی ئابڵۆقەی ئابووری و سیاسی بۆ سەر عێراق کە بوو بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی وەفدەکان لە ١١٠ وەفدەوە بۆ ٧٦ وەفد. لە ئەنجامی ئەو سزایانەوە بڕینی پەیوەندیی دیپلۆماسی ڕوویدا لەگەڵ زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهاندا لە پاڵ کەمبوونەوەی دەرماڵەی دارایی بۆ ڕوومالکردنی موچەی وەفدەکان و کرێی خانووەکان. لەناو ژمارەی ئەندامانی ئەم وەفدانەدا تەنیا ٥٨ پلەی دیپلۆماسی بۆ دەزگای هەواڵگریی تەرخان کرا لە ماوەی نەوەدەکاندا کە ڕێژەیەکی یەکجار کەمە.

٢ـ ئەفسەرانی دیاریکراو بۆ وێستگەکان، ئەوەی بڕیاردراوە بۆ وێستگەکانی دەوڵەتانی لە پێشینەی یەکەم (دول الاسبقية الأولى) کەمتر نییە لە چوار ئەفسەر لە سەرجەم پسپۆڕێتیە سیاسی و ئابووریی و سەربازیی و هەواڵگریی و کۆمەڵایەتییەکاندا، وەکچۆن پێویستیشە یەکێک لە ئەندامانی وێستگەکە تایبەت بێت بە پەیوەندییە جفرەدارەکانەوە.

لە هەڵومەرجی ئابڵۆقەی ئابوورییدا ژمارەی ئەندامانی وێستگەکان کەمیان کردەوە تا ژمارەکە گەیشتە یەک ئەفسەری هەواڵگریی کە پاسەوانێکی باڵیۆزخانە یاریدەی دەدا ئەگەر پاسەوانەکە پلەی ئەفسەری هەبووبێت، سەبارەت بە وێستگە گرنگەکانی وەک (ئەردەن)یش، حەوت ئەفسەری بۆ دیاریکراوە بەهۆی

خسوسیەتی گۆڕەپانی ئەردەنیەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی عەممانی پایتەختی ئەردەنی کردبووە پەناگەیەکی ئەمین بۆ کاری ڕاستەوخۆی دژی عێراق، وەکچۆن زۆربەی دەزگا هەواڵگرییە دژەکانیش وەک مۆسادی ئیسرائیلی و هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی بە تۆندی لە خاکی ئەردەندا کاریان کرد بۆ ڕوخاندنی ڕژێم لە بەغدادا.

لەسەر ئەم سیستەمە لە تاراندا چوار ئەفسەری هەواڵگریی و لە نیویۆرکدا دوو، دواهەمین پەیامنێری ڕۆژنامەگەری ئاژانسی هەواڵگی عێراقی لە دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێش داگیرکاری ئەمریکی، ئەفسەرێکی هەواڵگریی بوو لەمێژبوو گواستراباۆوە بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن، ناسراونەبوو لەلایەن ئەندامانی دەزگای هەواڵگرییەوە تەنانەت لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرەکانیش.

٣-دەرماڵەی تەرخانکراوی دارایی بۆ وێستگەکان، لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا لقەکان پلانی کارکردنی خۆیان بۆ وێستگەکان دادەنێن، و دەرماڵەی دارایی دیاری دەکەن بەگوێرەی ئەو بەشانەی سەرفکردن کە لەلایەن حسابانەوە بڕیار دراون و بریتیین لە:

آ- بەشی یارمەتیی دارایی بۆ سەرچاوەکان.

ب- بەشی مووچەی سەرچاوەکان.

ج- بەشی دارایەکان بۆ هاوڕێیان و هاوکاران و سەرچاوەکان.

د- بەشی میوانداری و بانگهێشتەکان.

هـ- خەرجییە کارگێڕییەکانی وێستگەکە.

لـقه پەیوەندیـدارەکان دەرمـاڵەی سـاڵانەیان بـۆ وێسـتگەکان دیـاری دەکەن. بڕەکانیش لە شێوەی چەند جارێکدا دەنێرن بە بڕی چوار هەزار تا پێنج هەزار دۆلار لە هەموو جارێکدا. ئەوە لە ماوەی ئابڵۆقەی ئابووریدا بوو کە ڕێگە نادرێت بە دەسـتگرتن بە چەنـد بڕێکـی بـاڵاوە لە پـارە لە وێسـتگەکاندا. ئەم حـاڵەتەش ڕێکـارێکی خۆپـارێزانەیە دوای هەڵهـاتنی ژمـارەیەک لە ئەفسـەرانی هەواڵگـری. لەکاتێکدا کە ئەوە ڕووی نەداوە کە هیچ یەکێک لە ئەفسـەرانی جیابووەوە دەست بەسـەر دەرماڵەکـانی وێسـتگەکەدا بگـرن، بەڵام ئەم ڕێکـارە لە ڕووی ئیحتیـاتەوە گیراوەتەبەر. کاتێک دابەشکردنەکە جێبەجێ دەکرێن بەڕێوەبەری وێستگەکە داوای قیسـتێکی دارایـی بـاش دەکـات دوای ئەوەی چارەسـەری حسـابی خەرجیەکـانی پێشوو دەکرێت و یەکلایی دەکرێتەوە. دابەزاندنی بڕەکەش لە ئەستۆی وێستگەکە بە ئەنجام ناگات تەنیا دوای ئەوە نەبێت کە بەشـی تایبەتمەند بڕیـاری ئەوە دەدات کە سوودی سەرفکردنەکە تەریبە بە بەرهەمی هەواڵگرییەکە.

دابەشکردنی بڕە تەرخانکراوەکانی دەزگاکە لە نەوەدەکاندا سالانە کەم دەکات بە بـڕی ٢٥% و داشـکاندنەکە ئەو کـاتە بەڕێوەدەچێت کە لـقە تایبەتەکـان ژمـارەی واقعـی پێشکەش دەکەن بۆ داپۆشینی پلانەکانی کارکردن. کاتێکیش دۆخەکە بۆ سێ سـاڵ دووبـارە دەبێتەوە ناچـار دەبین سـەقفی دەرماڵەکان بەرزبکەینەوە بۆ دەستخستنی لانی کەم لە پێداویستیە داراییە بنەڕەتییەکانمان.

لە مـاوەی هەشـتاکاندا دەسـەڵاتی بەڕێوەبەری وێسـتگە (مـدیر المحطة) دەگەیشتە خەرجکردنـــی چـــوار هەزار دۆلار بـــۆ یەک حـــاڵەت، لە مـــاوەی ئەوەدەکانـــدا دەسەڵاتەکان کەمبوونەوە تا گەیشتنە دوو سەد دۆلار بۆ یەک حاڵەت. کە بڕێکی یەکجار کەمە، کە هانی داین بۆ گەڕان بە دوای ڕێگەیەکدا بۆ تێپەڕاندنی ئەم کۆتە

که دابەشکردنی بڕەکەیە بۆ چەند جارێک (بەشێک)، لقی وردەکاریکردن لە حساباتیشدا ئاگادار بوو بەوەی دەیکەین بەڵام ڕەخنەی لێی نەبوو لەبەرئەوەی ڕێکارەکانی سەرفکردنی یاسایین. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بڕێکی زۆری دارایی بە یەکجار خەرج بکەین ئەوا پێویست بە دەستخستنی ڕەزامەندی دەکات لە بەڕێوەبەری دەزگاکەوە بۆ سەرفکردنی بڕەکە بە یەک جار بەگوێرەی یەک گەیاندن هەرچەندە سەقفی بڕەکە بەرز بێت.

نابێت بڕەکە لە ئەستۆی ئەفسەرەکە یان وێستگەکە دابەزێنرێت ئەگەر بێتو سووده هەواڵگرییەکە دیاری نەکرێت لە سەرفکردنەکە، مەرکەز پرۆسەی سەرفکردنەکە پەسەند دەکات بە واژوویەک لە هەریەک لە سەرۆکی بەشەکە و بەڕێوەبەری لق و بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی (مدير الدولية). سیستەمی خەرجکردنی دارایی زۆر جیدی بوو. ڕەگەزی دارایی لە گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانە بوو کە لە دەرەوە ڕووبەڕووی کارەکەمان دەبنەوە.

ـ کاری دەرەکیی و پەیوەندیی لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتدا:

دەزگای هەواڵگریی دامەزراوەکانی دەوڵەت و لقەکانیان لە دەرەوە دەکات بە دەمامکی کاری هەواڵگریی، لە ئەنجامی دابڕانی دیپلۆماسییەوە و کەمکردنەوەی ئەندامانی شاندە دیپلۆماسییەکان و زیادبوونی چالاکی دوژمن بەشێوەیەکی بێ پێشینە، جەختکراوەتە سەر ئەم لایەنە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی واشنتۆن یاسای ڕزگارکردنی عێراق لە ساڵی ١٩٩٨ دا دەردەکات، بڕی ساڵانەی تەرخان دەکات کە ٩٨ ملیۆن دۆلارە بۆ مەبەستی پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە

ئامانجەکانی خۆی لەم بڕەدا دەبینێتەوە. لەبەرئەوە دەبوایە بە دوای دەرچەی دیکەدا بگەڕێین و لق و پۆپ دروست بکەین لە جومگەکانی دەوڵەت و ئەو دەزگایانەیدا کە پەیوەندییان بە کاری دەرەکییەوە هەیە، ئەم دەرچانەش بریتین لە:

١. وەزارەتی دەرەوە: ڕەنگە لە پێویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان ئەوە بێت کە پەیوەندیی پتەو بێت و خاوەن مۆرکێکی تایبەت بێت لە نێوان وەزارەتی دەرەوە و دەزگای هەواڵگریی، لەو ڕووەوە کە وەزارەتی دەرەوە ئەو ماسکە دەستەبەر دەکات کە ناکرێت دەستبەرداری بین لە ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییەکانماند لە دەرەوە، لەبەر ئەوە چوار فەرمانگە لە وەزارەتی دەرەوەدا لە ڕاستیدا سەر بە دەزگای هەواڵگریی بوون، کە ئەمانەن:

- فەرمانگەی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان. بەگوێرەی سیستەمی کاری دەزگاکە و پێویستیەکانی نهێنیبوون، نابێت لە گفتوگۆکانی نێوان مەرکەز و وێستەگە دەرەکیەکاندا هیچ ئاماژەیەک بۆ دەزگای هەواڵگریی یان تەشکیلاتەکانی هەبێت، بەڵکو لە فەرمانگەی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان لە وەزارەتی دەرەوەدا ماسکێک بەکاردەهێنین بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامەکانمان بۆ وێستگەکانمان لە دەرەوە، نموونەکانی گوتارە کاغەزییەکان لەگەڵ وێستگەکانماندا لەسەریان بووسراوە وەزارەتی دەرەوە/ فەرمانگەی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان، هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەرنامەو نهێنیبوونی کارەکە ئەوە دەخوازێت کە هیچ شوێنەوارێک لە پەیامەکاندا لەگەڵ وێستگە دەرەکییەکانماندا بەجێنەهێڵین کە ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە سەر بە دەزگای هەواڵگرین. بۆ نموونە کاتێک

نووسراوێک بۆ وێستگەکان دەنێردرێت لە نیویۆرک، ڕەمزی تەشکیلی هەواڵگریی دادەنێت (م٤ د٢/٤) لەپاڵ ژمارەی دەرچوو (الصادر)، نووسراوەکە (الکتاب) لەلایەن بەڕێوەبەری لقەکەوە واژوو دەکرێت بە ڕەمزی (م د ب ت م/٢)، کاتێکیش وێستگەکە وەڵامێک دەنێرێت، نوسراوەکە ناونیشانەکەی بۆ هەمان فەرمانگە دەبێت (د ب ت م/٢)، هەروەها ئاماژە بۆ هێمای پێکهاتەی هەواڵگریی (رمز التشکیل الاستخباري) دەکات لە پێشەکی نوسراوەکەدا کە بریتیە لە م٤/د٢/٤ کە ڕەمزی لقی ئەمریکایە لە خزمەتی دەرەکیدا.

- فەرمانگەی بەریدی سیاسیی لە گەیاندنی پۆستی دیپلۆماسی لەنێوان وەزارەتی دەرەوە و شاندە دیپلۆماسیەکان لە دەرەوە. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی پۆستی سیاسی خۆی لە ڕێگەی بەریدی ئاسمانییەوە نانێرێت بەڵکو بە دەست دەینێرێت، دەستەی گواستنەوەی بەریدەکە هەموویان لە ئەفسەرانی هەواڵگرین.
- بازنەی کۆچبەران کە ئەفسەرێکی هەواڵگریی لە خزمەتی دەرەکیدا بەڕێوەی دەبات کە بەرپرسە لە ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوە، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پلانە ساڵانەکان بۆ کۆچبەرەکان، و ئاسانکردنی ڕێکاری چوونەناو عێراق بۆیان، بە ڕوومالّی ئەم فەرمانگەیە دەزگاکە دەتوانێت ئاشنا بێت بە ڕەوەندەکە بەشێوەیەکی فراوان لە کاتی کۆنگرەکاندا و کارکردن لەسەر هێنانە ئارای هەلی هەواڵگریی بۆ مەبەستی کاری هەواڵگری.

- بەشـــی پاراســـتنی باڵیۆزخانەکـــان لە دەرەوە پەیوەســـتە بە دەزگای هەواڵگری، دوای ئەوەی پاراستنی شاندە عێراقیەکان بـــوو بە بەشـــێک لە بەرپرســـیارێتی دەزگـــاکە، ئەفســـەرانێک تەنسیب کران کە زۆربەیان پلەی ئەفسەری هەواڵگرییان هەیە، هەندێکی دیکەش لە ئەندامانی یەکەی پاراستن (وحدة الحماية) یان لە تەشکیلاتی هەواڵگریی پشتیوانن.

٢-وەزارەتـــی بازرگـــانیی، پاشـــکۆ بازرگانییەکـــان لە دەرەوە پەیوەســـتن بەو وەزارەتەوە، کە بـــوارێکی ســـەرەکی چـــالاکی خزمەتگـــوزاری دەرەکیـــیە (الخدمة الخارجية)، لەبەرئەوە دەزگاکە ئەفسەرانێکی هەواڵگریی بۆ کارکردن لەو پاشکۆ بازرگانیـــانەدا دەنێرێـــت لەژێـــر ئەم پەردەیەدا بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئەرکە هەواڵگرییەکانیـــان، بەو مەرجەی دەزگـــای هەواڵگریـــی ئەرکـــی خەرجیەکانیـــان بکێشێت.

٣- وەزارەتی پەروەردە، قوتابخانە عێراقییەکانی دەرەوە بەم وزارەتەوە پەیوەستن. دەزگـــای هەواڵگریـــی هەڵدەســـتێت بە دانـــانی ئەفســـەرانی هەواڵگریـــی بە ســـیفەتی مامۆستا یان بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بە ئامـــانجی ســـوودوەرگرتن لە ناوەندی خوێندن بۆ دەستخستنی سەرچاوە یان زانیاریی پەیوەست بە ئامانجەکانمان.

٤ــ وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیریی و ڕاگەیانـــدن، ئەم وەزارەتە کۆمەڵێـــک لە پاشـــکۆی میـــدیاکاری هەیە لە باڵیۆزخانەکانـــدا و، پەیـــامنێرانێکی ڕۆژنـــامەگەری ئاژانســـی هەواڵـــی عێراقـــی، بـــواری میـــدیایی بە دەمـــامکێکی گونجـــاو دادەنرێـــت بـــۆ کـــاری هەواڵگری، لەبەرئەوە دەزگاکە دەستی گرت بەسەر چەند پشکێکی وزارەتەکەدا. ئەفسەرانێکی پسپۆڕی هەواڵگریی نارد بۆ میدیا لە هەندێک لە بواڕە گرنگەکاندا.

٥- وەزارەتی گواستنەوە و پەیوەندی، ئۆفیسەکانی هێڵی ئاسمانی عێراقی لە دەرەوە بەم وەزارەتەوە پەیوەستن و بە دەمامکێکی گونجاو و گرنگ دادەنرێت بۆ چالاکی هەواڵگری. لەبەرئەوە دەزگاکە هەوڵی وەبەرهێنانی ئەم دەمامکە (پەردەیە)ی دا بۆ ناردنی ئەفسەرانێکی هەواڵگری بۆ ئۆفیسەکانی هێڵە نیودەوڵەتیە ئاسمانییەکان لەو ڕووەوە کە فڕۆکەخانەکان لە ئامانجە گرنگەکانی دەزگای هەواڵگرییە بۆ کەشفکردنی جموجۆڵی ئەو شاندە نهێنیانەی هەڵگری مادەی هەستیارن یان هەڵگری چەکی نێودەوڵەتیانەی دوژمنن، و ئاسانکاری دەکەن بۆ بەقاچاخبردنی هەندێک کەرەستەی ڕێگەپێدراو بۆ عێراق. هەروەک کارکردن لە هێڵە ئاسمانیەکاندا هەلێکیشە بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ئەفسەرانی هەواڵگریی زۆرێک لە کەسایەتیەکان لە هەڵگری ڕەگەزنامە و خاوەن ئاستە جیاوازەکان. ناشبێت ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە لە ژێر پەردەکانی وەزارەتەکاندا کاردەکەن، زانیاریی یان دۆکیۆمێنت یاخود ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە ئۆفیسەکاندا دابنێن، بەڵکو لە وێستگەی سەرەکی هەواڵگریی لە باڵیۆزخانەدا دووجار لە هەفتەیەکدا ئامادە دەبن بۆ ئامادەکردنی بەرید و ڕێکخستنی ڕاپۆرتەکان، خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی لەکاتی ئەنجامدانی کارە پیشەییەکانیاندا دەستیان دەکەون و سوردەبن لەسەر باشکردنی پەردە و دەمامکەکە. ئەمەش ڕەگەزێکی گرنگە بۆ دورکەوتنەوە لە گومان و کەشفبوون، شایەنی ئاماژەکردنیشە کە ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە دەکەونە ژێر ئەم پەردانەوە پێویستە بۆ ماوەیەک لە بارەگای وەزارەتدا کاربکەن پێش ئەوەی عێراق بەجێبهێڵن بۆ مەبەستی ڕاهێنان و دەستخستنی ئەزموون و شارەزایی کرداریی بۆ باشکردنی کاری پیشەیی (پەردە: دەمامک)، لە پێناو گرەنتی کەشف نەبوونداً. ئەو ئەفسەرانەی دەمامکیان نییە (الغطاء) ئەگەری کەشفبونیان هەیە بە

ڕێژەیەکی زۆر بەراورد بەوانی دیکە. لەپاڵ ئەوەدا کە ڕابوورد، سەرجەم ئەو شاندە حکومیانەی بۆ دەرەوە دەنێردرێن، ئیتر سیاسی بن یان هونەری، پێویستە ئەفسەرێکی هەواڵگریی یاوەرییان بکات کە ئەندامێک دەبێت لە شاندەکەدا و ناوی دەخرێتە ناو فەرمانی ئیداری تایبەت بە شاندەکەوە. ئەرکەکەی ئاسایشی شاندەکە و چاودێریکردنی ڕەفتاری ئەندامەکانیش لە هەمان کاتدا. بوونی ئەفسەری هەواڵگریی لە شاندەکەدا فاکتەرێکی ڕێگرە لەوەی ئەندامانی شاندەکە بەشێوەیەکی نەرێنی هەڵسوکەوت بکەن یان بکەونە ناو تەڵەی هەواڵگریی بیانیەوە، یان بچنە ناو ڕێکەوتنگەلێکی بیانی پەیوەست بە حاڵەتەکانی گەندەڵی ئیداری و دارایی و وێرانکردنی ئابووری. وەکچۆن ئەوە بە هەلێکی گونجاویش دادەنرێت بۆ مەرکەزەکە بۆ سەردانی وێستگەکە و ئاگاداربوون لە کارکردنەکەی بە شێوەیەکی مەیدانی و ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ سەرچاوەکاندا.

ـ ئامرازەکانی کاری سیخوڕی دەرەکیی:

١ـ وێستگەی هەواڵگریی شەرعی (محطة المخابرات الشرعية): هۆکاری سەرەکی پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە، پێویستیشە شوێنەکەی لەناو پاڵێوزخانەی عێراقیدا بێت، بەڕێوەبەرەکەی یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە بێت لە ئەفسەرانی هەواڵگریی خاوەن دەمامکی دیپلۆماسی، سکرتێری یەکەم- سکرتێری دووەم- سکرتێری سێیەم- ڕاوێژکار یان وەزیرێکی کار پێسپێردراو، کە بەرپرسە لە پرۆسەکانی تەجنیدکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندیی بە سەرچاوەکانەوە بۆ پشتیوانیکردنی مەرکەزەکە بە زانیاریی هەواڵگریی داواکراو، بەدواداچوونی هەڵوێستەکانی دەوڵەت لە گۆڕەپانی کارەکەیدا (پیادەکردنی پلانەکانی کارکردن).

٢. ئەفسەرانی هەواڵگریی سەر بە نوسینگەکانی هێڵی ئاسمانی عێراقی و پاشکۆی ڕۆشنبیری و بازرگانییەکان و قوتابخانە عێراقییەکان لە دەرەوە، ئەمانە پەیوەندییان ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی لە باڵیۆزخانە دەبێت.

٣. ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە لە دەوڵەتی ئامانجدا دانراون لەڕێگەی چاندنی ستراتیژیەوە، ئەمانە پەیوەندیی لەگەڵیاندا لە مەرکەزەوە یان لەڕێگەی یەکێک لە وێستگە هەواڵگرییەکانی دراوسێی ئەو دەوڵەتەوە بەڕێوەدەچێت کە ئەفسەری چێنراوی تێدان (الضابط المزروع)، ناشبێت وێستگەی هەواڵگریی لە دەوڵەتەکەی خۆیدا هیچ دیدارێکی لەگەڵدا سازبکات، وەکچۆن نابێت بە هیچ شێوەیەک سەردانی باڵیۆزخانە بکات لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا، ئەوەش لەپێناو پاراستنی ئاسایش و نهێنیبوونەکەی چونکە هیچ پارێزبەندییەکی یاسایی نییە. بەزۆرییش وێستگەی هەواڵگریی بە بوونی ئەفسەری دەستنێژ و چێنراو نازانێت لە گۆڕەپانی کارەکەیدا مەگەر بەڕێوەبەری وێستگەکە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی چاندنی ستراتیژی بێت.

٤ــ وێستگە ناشەرعییەکان: بریتیین لەو ئاڕاستە هەواڵگرییانەی لە دەوڵەتی ئامانجدا بنیادنراون، پەیوەندییان بە دەوڵەتی عێراقیەوە نییە وەک کۆمپانیا بازرگانییەکان و ئۆفیسە زانستیەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە یان ئۆتێل و چێشتخانەکان، ئەم ئاڕاستانە بە زۆری پڕۆسەی تەجنیدیان ناخرێتە ئەستۆ بەڵکو ئامانجی دیاریکراوی هەست پێنەکراویان هەیە بۆ دەزگاکانی بنبڕکردنی سیخۆڕی. فەرمانگەی بازرگانی لە دەزگاکەدا سەرپەرەشتی بەڕێوەبردنی ئاڕاستە هەواڵگرییەکان دەکات. لەلایەن ئەفسەرانێکەوە کە شارەزای کاری بازرگانی و

هەواڵگریش پێکەوە، هەروەک ئەفسەرانێکی هەواڵگریی لە لقە تایبەتمەندەکانەوە نێردراون بۆ کارکردن لەو پڕۆژانەدا. بەزۆری ئەو ئاڕاستانە خاوەندارێتی دەکرێ لەلایەن سەرچاوە زۆر متمانەدارەکانەوە بەگوێرەی گرەنتی دارایی و یاسایی. ئەفسەرانێکی هەواڵگریش سەرپەرەشتی چاودێری کاری ئاڕاستەکە دەکات. لەهەمان کاتدا ئەرکە هەواڵگرییە ئاساییەکانیش ئەنجام دەدەن.

٥. سەرچاوە نهێنیە گرنگ و هەستیارەکانی وەک وەزیرەکان و گەورە ئەفسەران یان داڕێژەرانی بڕیار. ئەم گرووپە لە سەرچاوە، پێویستە ئیدارەکردنەکەیان لەلایەن مەرکەزەوە و لە ئاستێکی بالآ لە ئەفسەرانەوە بێت، و بەڕێوەبەرانی لقەکان یان بەڕێوەبەرانی (دولیات) یاخود بەڕێوەبەری گشتیی. هەندێکجار سەرچاوەکە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییەوە.

ـ میکانیزمی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی وێستگەکە:

بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگریی بەڵگەنامەیەک (نموونەیەک)ی دیاری کرد تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ئەندامانی وێستگەکە، بڕیاری ڕوون و دیاریکراویان لەخۆگرتووە، هەڵسەنگاندنی سەرەتا دوای شەش مانگ لە پەیوەندیکردنی ئەفسەر بە وێستگەکەوە (المحطة) دەست پێ دەکات، پاشان هەڵسەنگاندنی ساڵانە دێت. هەڵسەنگاندنەکە ئامانجی پێوانی کاری ئەفسەری هەواڵگرییە بە زوویی بە شێوەکی دەوری و هاوڕێ لەگەڵ ئامادەبوونیدا لە دەرەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە نابێت بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەفسەر، کە دەبێتە

مایەی بەزایەدانی کات. بەڵکو هەڵسەنگاندنەکە لە شەش مانگی یەکەمەوە دەست پێ دەکات و بەڵگەنامەی هەڵسەنگاندنەکە ئەم بڕگانەی خوارەوە لەخۆدەگرێتە:

١. حاڵەتەکانی تەجنیدکردن، ٢٥ نمرە.
٢. هەلە هەوالگرییە گرنگەکان، ٢٥ نمرە.
٣. زانیارییە پۆلێنکراوە نێردراوەکان بۆ مەرکەز، ٢٠ نمرە.
٤. پەڕێوەبەری پەیوەندیی بەسەرچاوەکانەوە، ١٥ نمرە.
٥. پەیوەندیی لەگەڵ ئەندامانی شاندەکەدا، ١٠ نمرە.
٦. پەیوەندیی وێستگەکە بە ناوەندەوە، ٥ پلە.

سەرجەم (١٠٠)نمرەیە، نزمترین پلە یان نمرە بۆ دەرچوون ٦٥%، ئەگەر ئەفسەرەکە هێنای ئەوا بەردەوام دەبێت لە شوێنەکەی، ئەگەر ٥٠-٦٥ یشی هێنا ئەگەر هەیە هەلێکی دیکەی پێ بدرێت. بەڵام ئەگەر هەڵسەنگاندنەکەی لە ٥٠% کەمتر بوو بە شکست دادەنرێت و دەگوازرێتەوە بۆ مەرکەز. شایەنی سەرنجە لێرەدا لە بەرنامەی هەڵسەنگاندنەکە ٢٥ نمرەی داوە بە حاڵەتەکانی تەجنید (ئامادەکردنی ئەندام) و بە هەلە هەوالگرییەکانیش، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەم دوو چالاکییە سەختترین کاری هەوالگریی و گرنگترینیانن. بە تایبەتیش تەجنید، لەبەرئەوەی پایەی کاری هەوالگرییە لە دەستخستنی ئەو زانیارییە پۆلێنکراوانەی پشت بە بوونی سەرچاوەکانی تەجنیدکراوان بۆ وێستگەکە دەبەستێت.

مەبەست لە هەلە هەوالگرییەکانیش (الفرص الاستخبارية) ئەوەیە کە بریتین لە بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کارەکتەرگەلێکدا کە دەکەونە ناو نەخشەی ئامانجەکانەوە، یان لە پێگەیەکی وەزیفیانەی گرنگ لە دەوڵەتانی ئامانجدا. ئەمەیە هەنگاوی یەکەم بەرەو تەجنید دادەنرێت. بەگوێرەی ئەوەی ڕابورد ئەفسەری

وێستگەکە کە توانای تەجنیدکردنی نییە یان دروستکردنی هەلی هەواڵگری، ئەوا ناگاتە پلەی سەرکەوتن (دەرچوون)، بەوەدا کە بڕگەکانی دیکەی تایبەت بە پلانەکانی کارکردن و زانیارییە پۆلێنکراوەکانەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە پرۆسەکانی تەجنید و هەلە هەواڵگرییەکان دەبەستن.

ـ چەک لە وێستگەکاندا (الاسلحة في المحطات):

بڕی چەکی ئامادە لای وێستگەی هەواڵگریی لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز دەبێت بەگوێرەی بایەخی گۆڕەپانەکە، ئەو هەڕەشە ئەمنیانەی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە سەرچاوە دەگرن یان لە گرووپە هێرشبەرە چەکدارەکان و تاوانە ڕێکخراوەکان لە گۆڕەپانەکەدا. پاراستنی شاندە دیبلۆماسییە عێراقییەکان لە کرۆکی بەرپرسیاریەتی دەزگای هەواڵگرییە، ڕێکارەکانی پاراستن پشت بەوە نابەستن کە دەوڵەتانی خانەخوێ پێشکەشی دەکەن لە ڕێکارە ڕۆتینییەکان. لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر وابکەین هەموو شتێکمان خستووەتە ژێر ڕەحمەتی دەزگاکانی سیخۆڕی دوژمنەوە، لەبەرئەوە ڕەگەزی سەرەکی پارێزگاری پێویستە عێراقی بێت وەک ئەوەی ئەفسەرێکی هەواڵگریی یان لە ئەندامانی یەکەی پارێزگاری (وحدة الحماية) بێت، بەشێوەیەکی بەردەوام بە شەو و بەڕۆژ لە باڵیۆزخانەدا ئامادەبێت، ناشبێت باڵیۆزخانە بەجێبهێڵرێت بەبێ ئامادەبوونی لایەنی کەم یەک ڕەگەزی ئاسایش لە ناوەوەیدا. هەروەها لە ئەرکەکانی پاسەوانەکان هەستانیشە بە وەزیفەی پرسگە بۆ پێشوازیکردنی سەردانکاران و میوانان.

لە سەرجەم ئەو وێستگانەماندا، کە لە دەرەوە کاردەکەن، چەند پارچە چەکێک هەن کە هەندێکیان ژمارەی ڕاشکاوی ئاڕاستەی دەسەڵاتە فەرمییەکانی دەوڵەتی

خانەخوێیان لەسەرە، بە تایبەتیش چەکی تایبەتی بالێوز و پیاوی دووەمی شاندەکە، دەمانچەکەش عەیار ٧ملم دەبێت، سەبارەت بە چەکی تایبەت بە وێستگەی هەواڵگرییش بە زۆری لە دوو پارچە کڵاشینکۆف و دوو پارچە لە دەمانچەی براوننج پێکدێت لە عەیار ٩ ملم. بێدەنگ و ژمارەی زنجیرە و ڕیزبەندییەکەی لەسەر نییە لە پێناو خۆپاراستن لە ڕێکارەکانی بەدواداچوون بۆ زانینی سوودەکانی لە حاڵەتێکدا کە بۆ پیادەکردنی پڕۆسەیەکی تایبەت بەکاربهێنرێت یان بۆ بەرگریکردن لە بالێوزخانە و هیی تر.

ـ شێوازەکانی کارکردنی بنبڕکردنی سیخوڕیی و وێرانکاریی:

سروشتی کاری بنبڕکردنی سیخوڕیی لەناو عێراقدایە، لەبەرئەوە بە زۆری هەڵەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت، نابنە هەڵگری مەترسی گەورەی سیاسی یان ئەمنی، وەک ئەوەی لە کاری دەرەکیدا هەیە، لە خوارەوەش شێوازەکانی کارکردنی بنبڕکردنەکە بە کورتی دەخەینەڕوو:

١ـ سەرجەم دامەزراندنەکان لەو دەزگا بیانیانەی لەناو عێراقدا کاردەکەن پێویستیان بە ڕەزامەندی دەزگای هەواڵگریی هەیە، ڕەزامەندییەکەش دەرناچێت ئەگەر تاکی عێراقی ئامادەیی هاوکاریکردنی لەگەڵ هەواڵگریدا نەبێت، ئەم ڕێکارەش دەستخستنی سەرچاوەی زانیاریی لەناو بالێوزخانە و کۆمپانیا و دەستە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دەزگاکە دەڕەخسێنێت. ئەم ڕێکارە لە ماوەی هەشتاکاندا باو بوو، بەڵام بەردەوام نەبوو لە ئەنجامی سکاڵاکردنی هاوڵاتیانێک لەبەردەم سەرۆکدا کە هەواڵگریان تۆمەتبارکرد بە ئەنجامدانی فشار و

ناچارکردنیان بۆ هاوکاریکردن، که هەواڵگریی ناچارکرد ڕێکاری گۆڕانکاری بگرێتەبەر لە سیاقی کارکردنیدا لە ماوەی نەوەدەکاندا، کە ڕەزامەندی پێبەخشرا لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی هەندیک لە عێراقییەکان سەرەڕای نەبوونی ئارەزووی هاوکاریکردنیشیان. قەناعەتەکەش بەو چەشنە بوو کە ئەو کەسەی هاوکاریکردن ڕەتدەکاتەوە باشترە لەوەی خۆی بە هاوکاریکار نیشان بدات لەکاتێکدا کە لەڕاستیدا هاوکار نییە. حاڵەتەکانی ڕەتکردنەوەی هاوکاری لەگەڵ هەواڵگرییدا کەم بوون، بەزۆری زۆربەی عێراقییەکان ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەردەبڕی لەبەر چەند هۆکارێک، گرنگترینیان پاڵنەری نیشتمانی و خۆڕزگارکردنە لە بەرپرسیارێتی گیرۆدەبوون بە کاری سیخوڕییەوە یان وێرانکارییەوە کە دەشێت بە مەبەست یان بەبێ هەستکردن ڕووبدات، لەو ڕووانگەیەوە کە پەیوەندیی لەگەڵ دەزگاکەدا جۆرێک لە پارێزبەندی بە خاوەنەکەی دەبەخشێت لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە و درککردن بە گرنگییەکانی سروشتی ئەو ڕێنماییانەی ئەفسەری بەدواداچوونی سەرچاوەکە دەیانخاتە ڕوو. لەم حاڵەتانەدا گرنگە کە ڕادەی دڵسۆزی سەرچاوەکان و توانای ڕوومالی چالاکییەکانی ئامانجەکان بپێورێن لەگەڵ یارمەتیدانی هەواڵگریی بە هەموو ئەوەی گوێچکە و چاوەکان دەیبیستن و دەیبینن و ئەو بەڵگەنامانەش کە دەکەونە بەردەست. لە هەمان کاتدا ئەوە لە زەینی ئەفسەر ناچێتە دەرەوە کە دەشێت سەرچاوەکە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی لایەنێک لە وێستگەی هەواڵگریی دوژمنەوە بێت بە حوکمی بەریەککەوتن یان لەڕێگەی بایەخدان پێی و پێدانی دیاری، لەبەرئەوە پێویستە سەرچاوەکان ماوەنەماوە ملکەچی پڕۆسەکانی پشکنین و وردبینی بکرێن بۆ ئەوەی هیچ کەناڵێک بۆ دزەکردنی زانیاریی چەواشەکار بەکارنەهێنرێت. لە کۆتاییشدا پێویستە لەسەر ئەفسەری بنبڕکردن (المكافحة) کە

به وردی ئەوە دیاری بکات کە ئەفسەری هەواڵگریی لە باڵیۆزخانەی بیانیدا کێیە، لە ڕێگەی ڕێکارەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوون و چاودێری هونەری و مرۆیی، وەکچۆن هەوڵی دیاریکردنی ئامانجەکان و بایەخپێدانەکانی وێستگەی هەواڵگری، و بواری چالاکییەکانی دەدات لەگەڵ هۆکارەکانی کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بە شوێنیانەوە دەبت، بازنەی پەیوەندییەکانی وێستگەکە و ئەو شوێنانە دیاری دەکات کە ئەفسەری هەواڵگریی بیانی بۆ هەر مەبەستێک بووبێت سەردانیان دەکات.

٢ ـ لە گرنگترینی ئەو شێوازانەی بنبڕکردنی سیخۆڕی دەیانگرێتە بەر چاندن و دانانی ئەفسەرانی هەواڵگرییە بۆ کارکردن لە کۆمپانیاکان یان باڵیۆزخانەکان. لە یادمە یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی (م ج م) کە لە دەرچووانی خولی یەکەمی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەییە، پێشتر وەک شۆفێر کاری کردووە لە کۆمپانیانی مندس جۆنیۆری بەرازیلی کە پڕۆژەی ڕێگەی نێودەوڵەتی جێبەجێ کرد کە عێراق بە ئەردەن و سووریاوە دەبەستێتەوە، لە ڕوانگەی گرنگی ئەم پڕۆژەیەو کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیلی، دەزگای مۆساد بەدوای وردەکارییەکانی جێبەجێکردن و مواسەفاتە هونەرییەکاندا دەچێت بەو پەڕی وردەکارییەوە کە دیزاینەکەی تەواو بوو بۆ گواستنەوەی هێزە عێراقییەکان بەخێرایی بۆ خۆرئاوا کە خاڵێکدا کە جەنگی عەرەبی ئیسرائیلی هەڵگیرسا. ئەفسەری هەواڵگریی توانی کەشفی زۆرێک لە چالاکییەکانی مۆسادی ئیسرائیلی بکات لەم پڕۆژەیەدا و شکستیان پێ بهێنێت.

٣. کارکردنی خێرا بۆ دزەکردنە باڵیۆزخانە بیانییەکان و چوونەناوەوەیان و ئەو شاندانەی گومانیان لەسەرە سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان و ئەنجامدانی چەند

کارێک له دەرەوەی ئەرکە ئاساییەکان، ئەوەش لە ڕێگەی چوونەناوەوە لە کاتێکی گونجاودا بۆ ناو ئۆفیسی باڵیۆزخانە و وێستگە هەواڵگرییە بیانییەکان و وێنەگرتنی کۆی دیکۆمێنتەکان. ئەفسەرانێک لە بەڕێوەبەرێتی ئۆپراسیۆنە نهێنییەکانی پسپۆر لە کردنەوەی قفڵ و دۆڵابەکان و شارەزای وێنەگر ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدەن، ئەرکەکانیان ئەدا دەکەن بە بێ بەجێهێشتنی هیچ شوێنەوارێک کە ئەگەری ئەوەی هەبێت ببێتە مایەی کەشفکردنی پڕۆسەکانی بڕین و چوونەناوەوە، پلاندانان بۆ پڕۆسەکانی بڕین و دزەکردن کارێکی ئاڵۆزە و هەوڵی زۆر و دەستەبەرکردنی پێداویستی هەستیاری دەوێت لە نموونەی کۆپیکردنی کلیلەکان و دیاریکردنی ئەو ئۆفیسانەی پێویستە بگەن پێیان، لەگەڵ ڕێکارەکانی کشاندنەوەی پاسەوان لە دەرەوەی باڵیۆزخانە و دابەشکردنی تاقمەکانی کاری لەناکاو (الطوارئ) کە تووشی ئەندامانی شاندەکە دەبن لە حاڵی گەیشتنیاندا بە باڵیۆزخانە بە شێوەیەکی لەناکاو لەکاتێکی درەنگی شەودا. هەندێکجاریش هەلومەرجەکە وا دەخوازێت کە ڕووداوێکی ڕۆیشتن دروست بکرێت کە ڕێگری لە دیپلۆماتکار بکات لە گەیشتن بە باڵەخانەی باڵیۆزخانەکە هەتا تاقمی بڕین و دزەکردنەکەی تێدابن.

٤. دەست گەیشتن بە بەریدی سیاسیی لەو ئامانجە گرنگانەیە کە ئەفسەر هەوڵی بەدواداچوونی بۆ دەدات، بریتیە لە بڕینی (إختراق) بەریدی دیپلۆماسی باڵیۆزخانەکان و شاندەکان، بە تایبەتیش بەریدی گواستراوە لە ڕێگەی ئاسمانییەوە، کە شەحناتی بەریدەکە دەکرێنەوە و ناوەڕۆکەکانی وێنەدگیرێن. پاشان داخستنەوەی کیسی بەریدەکە بە هەمان ڕێگا، لەڕێگەی ئامادەکردنی مۆری هاوشێوەی تەواو لەگەڵ مۆرە بنەڕەتییەکەدا و دەزوی لۆکە و مۆمی سوور و قورقۆشمی خڕ، سەرجەم ئەم کەلوپەلانە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بەریدی سیاسی

پێکـــدەهێنن لەڕووی هـــونەرییەوە بە ڕێگـــایەک کە وا گریمـــان دەکرێـــت کە تەقلیدناکرێتەوە.

٥ـ ئەنجامـدانی پڕۆسـەکانی چانـدنی هونەرییـانەی ئۆفیسـە بە ئامانجگیراوەکـان لەڕێگەی سەرچاوەکانەوە، یان لەڕێگەی بڕینی باڵیۆزخانە و ئۆفیسەکان و چاندنی مـایکی تەلـدار یـان بێتەل بـۆ گـوێگرتن لەوەی لە ئۆفیسـەکاندا دەگوزەرێـت لەگەڵ تۆمـارکردنی قسـەکاندا. ڕێکارەکـانی بنبڕکردنـی سـیخۆڕی دەگەیشـتنە ژمـاردنی هەناسەی ئەفسەرە هەواڵگرییە بیانییەکان، بەزۆریش بنبڕکردن (المكافحة) هەوڵی چاندنی ئۆتۆمبێلی بە ئامانجگیراوی دەدا بۆ گوێگرتن لەوەی دەگوزرێت لە قسـە و باس لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا.

٦ـ هەروەها لە شێوازە پەیڕەوکراوەکان، هاندانی سەرچاوەکانە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەفسـەرانی هەواڵگریـی و دامەزرانـدنی پەیوەنـدیی لەگەڵیانـدا بـۆ زانینـی خولیـا هەواڵگرییەکانیان و ئامانجەکانیان. پڕۆسەکانی سیخۆڕی و بەدواداچوونی شـاندە دیپلۆماســـیەکان لە زانینـــی چالاکییەکانیـــان و کەشـــفکردنی ســـەرچاوەکانی زانیاریەکانیانـدا کـورت نـابنەوە، بەڵکـو ئامانجیـان دەستخسـتنی زانیـاریی گـرنگە دەربارەی هەڵوێستەکانی دەوڵەت و ئاشـنابوون بە ئایدیاکانی باڵیۆز و هەڵوێست و بۆچوونەکـانی و هەڵوێسـتەکانی دەوڵەتەکەی بەرامـبەر کێشـەکانی ئـێمە، هەمـوو ئەمـانەش هۆکـاری گـرنگن بـۆ دیـاریکردنی سیاسـەتی دەرەوەمـان بەرامـبەر ئەو دەوڵەتە.

٧ـ لە ئەرکەکـانی بنبڕکردنـی سـیخوڕی گەڕانە بە دوای هەلـی هەواڵگریـدا لە ناوەندەکانی ڕەوتی دیبلۆماسیدا یـان لەوانەدا لە کۆمپانیـا بیانیەکاندا کاردەکەن بە ئامـانجی تەجنیـدکردنیان، پاشـانیش ڕادەسـتکردنیان بـۆ خزمەتـی نهێنـی بـۆ

بەردەوامیدان بە پەیوەندیکردن پێیانەوە دوای کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی کارەکەیان لە عێراق، ئیتر بۆ دەوڵەتەکەی خۆیان نەقڵ بکرێت یاخود بۆ شاندە دیپلۆماسیەکانی دیکە، زۆرێک لە هەلە هەواڵگییە گرنگەکان هاتوونەتەدی تەنانەت لەسەر ئاستی باڵیۆزخانەکانیش.

لە سەرەتای هەشتاکاندا هەواڵگریی شێوازی تێوەگلاندنی سیێکسی بەکارهێنا بۆ ئامادەکردنی هەندێک لە دیپلۆماتکارەکان، زۆرێک لە پڕۆسەکانی تێوەگلاندن لەمەدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەم شیوازە لە نەوەدەکاندا وەستێنرا، بە شێوازی نا ئەخلاقی بەکارهێنرا مەگەر لە چوارچێوەیەکی تەسکدا. هەروەها بنبڕکردن (المكافحة) لە پرۆسەکانیدا جەختی کردە سەر ئامادەکردنی هەندێک لەو قوتابیە بیانیانەی لە زانکۆکانی عێراقدا خوێندویانە، لە بازنەیەکی سنوردارداو بەگوێرەی پێویستی و گرنگی.

بەشی شەشەم

سەرچاوەی زانیارییەکان

سەرچاوەکان، ئەو هۆکارەن لە ڕێگەیەوە زانیاریی پێویست دەستدەخەیت دەربارەی ڕووداو یان ئامانجێکی دیاریکراو، سەرچاوەکانی زانیارییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێن:

- سەرچاوە ئاشکراکانی زانیارییەکان:

سەرچاوە ئاشکراکان ٧٥% لە بنکەی زانیارییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکان دەستەبەردەکەن، ئەمانە لەخۆدەگرن:

- سەرچاوە فەرمییەکانی وەک قسەکەرانی فەرمی بە ناوی حکومەتەوە، یان ئەو بەیانات و لێدوانانەی لەو کەسایەتیە سیاسی و سەرکردایەتی سەربازیانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە دەوڵەتدا خاوەنی پۆستن، یان وەزارەتی دەرەوە و کۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکان.
- سەرچاوە نافەرمییەکان لە شێوەی هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە و ڕۆژنامەنووسان و شیکارە سیاسیەکان و ئاسایش و کەسایەتیە سەربازییەکان و ڕاپۆرتە دیکۆمێنتارەکانی لێکۆڵینەوەکان.

- سەرچاوە نهێنیەکانی زانیارییەکان:

دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١ــ **سەرچاوە مرۆییەکان:** کە پایەی بنەڕەتی و ڕەگەزی گرنگن لە کاری دەزگاکانی هەواڵگریدا کە بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵی گەڕان بە دوای سەرچاوە

جۆریەکاندا (المصادر النوعية) دەدەن بۆ دەستخستنی زانیاریی پۆلێنکراو بە پلەی بـاڵا لە نهێنییبـوونی تـایبەت بە نیـازی دوژمنـان و هـاوەڵان. پێویسـتە سـەرچاوەی مرۆیـی دامـاڵراو بێـت لە سـەرجەم ئەو فـاکتەرانەی کاریگەرییـان بـۆ سـەر گواستنەوەی زانیـارییەکە دەبێت، وەک هۆکـارە شەخسـیەکان لە نمـوونەی: ڕق و ڕکـابەری یـان هەڵبەسـتنی زانیـاریی بە درۆ لە پێنـاو دەستخسـتنی پـارەدا، پێویستیشـە سـەرچاوەکە بزانێـت کە زیانگەیانـدنی سـتەمکارانە بەوانـی دیـکە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی دەکاتەوە، بە تۆمەتی درۆ یـان چەواشـەکاری، لەسـەر ئەم بنەمـایەش ژمـارەیەک لە سـەرچاوەکانی دەزگـاکە ڕەوانەی دادگاکـان کـراون زۆرێکیشـیان پەیوەنـدیی لەگەڵیانـدا بچڕێنـراوە لەبەرئەوەی زانیـاریی درۆ یـان هەڵبەسـتراو یـاخود زیـادڕەوی تێـدا کـراو دەبێتە هـۆی پەرتەوازەبـوونی هەوڵـی هەواڵگریی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە لای ستەملێکراوەکە. سـەرکردایەتی دەزگـا بەردەوام ڕێنمـایی دەنێرێـت بەو پەڕی هۆشـیارییەوە بەر لەوەی زانیـارییەکە تەوزیف بکرێت یان لە دۆسیەی شەخسیدا بپارێزرێت، چونکە هەموو زانیارییەکی نەرێنی دەبێتە خاڵێکی ڕەش لە دۆسیەکەدا کە ناسـڕدرێتەوە تەنانەت ئەگەر دواتر ناڕاستەکەش بسەلمێنرێت. سەرچاوە مرۆییەکان بۆ چوارجۆر دابەش دەبن:

یەکەم: متمـانەپێکراو یـان بریکـار یـاخود سـیخوڕ، لە دەزگـای هەواڵگریی عێراقیدا بەسـەرچاوەی مرۆیـی ئامـادەکراو دەگوترێـت (المـؤتمن: متمـانەپێکراو)، کە ئەو کەسەیە متمانەپێکراوە بۆ گواستنەوەی زانیـاریی دروست. هەروەهـا متمـانەپێکراو بە گوێرەی سیستەمی بەڕێوەبردنی (متمانەپێکراوەکان) پێناسەدەکرێت بەوەی ئەو بیـانییەیە کە بە زانیـارییەکەی لە بەرژەوەنـدی هەواڵگرییـدا کـار دەکـات بەرامـبەر کـرێیەک یـان بەبـێ کـرێش، بـۆ پارێزگـاریکردن لە ئاسایشـی سـەرچاوەکە و نهێنییەکەی پێویستە ڕەمزێکی پێ بدرێت، یـان نـاوێکی ڕەمـزی یـاخود ژمـارەیەک،

پەیوەندییەکەشی بە دەزگاکەوە ڕەهەندێکی ستراتیژی هەیە، زانیاریی هەواڵگریی گرنگ پێشکەش دەکات کە جێی متمانەیەکی زۆرن.

دووای ئەوەی ڕەگەزە پێویستییەکانی کەسی ئامادەکراو کامڵ دەبن لە ڕووی بایەخپێدان و توانای دەستخستنی زانیاریی پۆلێنکراو یان دۆکیۆمێنت و هەبوونی مەرجی میسداقیەت و دڵسۆزی و متمانەیەکی باڵا دەست دەخات، ئەوا لقی بەرپرس داوای ڕەزامەندی لە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی دەکات بۆ بەخشینی سیفەتی متمانەپێکراو، ئەمرێکی ئیداریش دەردەکات بە واژووی بەڕێوەبەری دەزگاکە و مووچەی مانگانەی دیاری دەکات. هەروەک متمانەپێکراوەکە (المؤتمن) یاسای خانەنشینی دەیگرێتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کار بکات و بەشێکی زۆر لە ژیانی لە خزمەتکردنی دەزگاکە بەسەر ببات. بە گشتیی ئێمە بەهۆی هەلومەرجی سەختی داراییەوە لە ماوەی نەوەدەکاندا کارکردنمان بە مووچەی مانگانە وەستاندووە، یارمەتی دارایی پێشکەش بە سەرچاوەکان دەکرێت لەسەر بنەمای پارچە (القطعة)، واتە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی پێشکەشیان دەکات. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە جیاوازی نێوان (عمیل) و (سیخوڕ: جاسوس) بکەین، (عمیل) ئەو هاوڵاتیەیە بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی دەوڵەتێکی بیانی دژی وڵاتەکەی خۆی یان ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێیە کاردەکات، لە کاتێکدا کە سیخوڕ ئەو کەسە بیانیەیە کە لەسەر خاکی دەوڵەتێکی دیکەیە و کار بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی خۆی یان بەرژەوەندی دەوڵەتی سێیەم دەکات.

دووەم: (هاوکار)ی بیانی، ئەو کەسەیە کە هاوکاری دەزگای هەواڵگریی دەکات بە بێ ئەوەی بزانێت، پەیوەندیشی لەگەڵیدا دیاریکراوە بە کەیسێکی دیاریکراوەوە و بە کاتێکی دیاریکراویشەوە کە پەیوەندییەکە بە کۆتاییهاتنی ئەرکەکە تەواو دەبێت،

هەندێکجاریش هاوکارەکە بە کارەکەی دەزانێت کە بۆ بەرژەوەندی هەواڵگرییە بەڵام پێی ڕاناگەیەنین کە ئێمە ئاراستەیەکی هەواڵگرییەن، ئامانجیش لەوە پێشکەش نەکردنی پابەندی ماددییە، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی زانست لای سەبارەت بە کارەکە بە ڕاشکاوی لە بەرژەوەندی ئێمەدایە، گرەنتی پارێزگاری لە ئەرکە یاساییەکان بۆ دەکات. هەندێک لە هاوکاران و هاوەڵان بە هیوای ئەوەی ئێمە هەواڵیان پێ نەدەین سەبارەت بە کارکردنیان لەگەڵ هەواڵگرییەدا، کارکردن لەژێر ناوی سەنتەرێکی تەوێژینەوە یان دەزگایەکی کۆمەڵگەییدا یاخود دەستەی مەدەنییدا بە باشتر دەزانن. چونکە زۆرینەی دەوڵەتانی دنیا تۆمەتی سیخوڕبوون (العمالة) و سیخوڕی ئاڕاستە ناکەن بەبێ ئەوەی تۆمەتبارەکە بە کارەکەی بزانێت کە بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی هەواڵگرییەوە، زانیاریی کاریگەر بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی پێشکەش دەکات، ئیتر ئەمە خۆویستانە بێت یان بەرامبەر دەستکەوتنیکی مادی.

سێیەم: (هاوکار)ی عێراقی، ئەو عێراقییە کە بە ئاگەداری خۆی یان بێ ئاگەداری خۆی بۆ بەرژەوەندی هەواڵگری کاردەکات. سیستەمی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان وای داناوە کە هاوکاریکردنی کەسی عێراقی لەگەڵ هەواڵگرییدا ئەرکێکی نیشتمانیە و هاوکاریکردن حەتمیە لەسەری، ئەمەشە شێوازی کارپێکراو لە زەمەنی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، ڕژێمی بەخشینی سیفەتی (متمانەپێکراو:المؤتمن)ی بە عێراقی بە دروست نەزانیوە، بەڵام لە پراکتیکە کرداریەکاندا لەوەدا ڕووبەڕووی کێشە بووینەوە و ڕژێممان تێپەڕاند، ئیتر وایلێهات تاکی عێراقی ببێتە (متمانەپێکراو: المؤتمن) و مافی متمانەپێکراوانی پێ بدرێت بە تەواوی ئەگەر ئارەزووی ئەوە بکات.

چوارەم: هاوڕێیان، ئەو بەشە کۆمەڵایەتیەن کە لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوڕێیەتی یان نزیکایەتی و خزمایەتی یان دراوسێتی پەیوەندیان بە ئەفسەرانی هەواڵگریی و سەرکردەکانی دەزگاکەوە هەبێت، دەشکرێت زانیارییان لێوە دەستبخرێت، ئیتر ئەوە بە پاڵنەری نیشتیمانی بێت یاخود لەڕێگەی گوێگرتن لێیانەوە. بە شێوەیەکی گشتییش دەزگای هەواڵگریی پەیوەست دەبێت بە پەیوەندییە گشتییەکانەوە لەگەڵ تۆڕێکی فراوانی کارمەندانی دەوڵەت و چینی ڕووناکبیر لە مامۆستایانی زانکۆکان یا لە بیزنسمانەکان و سیاسەتوانان و دیپلۆماتکاران و گەورە ئەفسەران، ئەمانە تەنیا بە سەرچاوەی گرنگ بۆ زانیاریی دانانرێت بەڵکو بۆ سوودوەرگرتن لە پەیوەندییەکانیان و بۆچوونە شەخسیەکانیان لە بابەتە ستراتیژیەکان و سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە و لایەنی کۆمەڵایەتی و هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

جۆرێکی دیکەش لە سەرچاوە هەیە بە سەرچاوەی ئامادەکردو ناوزەدەکرێن، کە بریتین لەوانەی بە پڕۆسەی ئامادەکردنی سیخوڕەکان بۆ بەرژەوەندی ئیمە هەڵدەستن، بە زۆریش دواتر دووردەخرێنەوە دوای تەواو کردنی پڕۆسەی ئامادەکردنەکە بە سەرکەوتوویی، کە پەیوەندییەکە بە سیخوڕەکانەوە بەردەوام دەبێت لەلایەن ئەفسەرانی هەواڵگرییەوە بە ڕاستی.

٢- سەرچاوە هونەرییەکان: کۆمەڵێکن لە سەرچاوەی هونەری کە لە ڕێگەیانەوە زانیاریی هەواڵگریی پەیوەست بە ئامانجەکانمانەوە لێیانەوە بەدەستدەهێنین. لەو هۆکارانەش پڕۆسەکانی چاندنی هونەرین کە بەڕێوەبەرێتی پڕۆسە نهێنییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ ئۆفیس و ماڵە بە ئامانجگیراوەکان، کە ئامێری گوێگرتن یان کامێرا دادەنرێت. لە هەندێک لە کەیسەکانیشدا بڕین و دزەکردنەکە گەیشتووەتە

چاندنی ژوورەکانی نووستن و مێزی چێشتخانەکان و چاودێریکردنی هێلە ئەرزییەکانی تەلەفۆن بۆ مەبەستی ئامانجەکان. هەروەها پرۆسەکانی گوێگرتن بۆ پەیوەندییە تەلدار و بێتەلە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و نێودەوڵەتییەکان لەڕێگەی پرۆژەی ٨٥٨ کە فەزای دەوڵەتانی ناوچەکە ڕووماڵ دەکات و چاودێری فاکس و تلکس و بەریدی شەخسی و سنووقەکانی بەرید و چاودێریکردنی مرۆیی دەکات. کە گرووپەکانی چاودێری کردنی کۆکردنەوەی زانیارییەکان جێبەجێیان دەکرد دەربارەی ئامانجەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەڵگە لە میانی بینینی ڕاستەوخۆوە، لە پاڵ پرۆسەکانی بڕین و دزەکردنی بەریدی سیاسی و باڵیۆزخانەکان و یۆفیسەکانی و هۆکاری تریش، پاشان لە کۆتاییدا هۆکارەکانی چاودێریکردنی بەریدی ئەلیکترۆنی، هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. ئەو هۆکارانەی بنبڕکردنی سیخوڕی گرتونیەتەبەر دژی شاندە دیپلۆماسیەکان، وێستگەی هەواڵگریی بیانی کارکەر لە بەغدادا دانراون لە قەفەسی سنووری باڵیۆزخانەدا. ڕێگرییان لێکردون لە ئەنجامدانی پرۆسە هەواڵگرییەکان لە دەرەوەی سنووورەکانیدا، ئەو ڕێکارانە بوون بە هۆی پشتبەستنی هەواڵگریی بیانی بە سەرچاوەی ئاشکرا، یان ئەوەی نێوەندە دیپلۆماسیەکە دەستاودەستی پێ دەکات لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیاندا. چەند حاڵەتێکی ئامادەکردن و تەجنیدی سادە لەلایەن باڵیۆزخانەکانەوە بەخێرایی کەشفکران، بەڵام بە گشتیی سەرجەم حاڵەتەکانی ئامادەکردن و تەجنیدی هەستیاری عێراقیەکان لە دەرەوەی عێراق یان لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە نەک لە ناو عێراق.

ـ سیستەمی مامەڵەکردنی زانیارییەکان:

زانیاریی (المعلومة) چەمکگەلێکی زۆری هەیە، ئەوەش کە جێی بایەخی ئێمەیە زانیاریی هەواڵگرییە کە حەقیقەتی تەواو دەربارەی ڕووداوێکی دیاریکراو دەنوێنێت، تەوەری کاری هەواڵگریی بناغەکەیە، گرنگترین چەمکە تێیدا. چونکە ئەو ئامانجە بنەڕەتییەیە کە هەواڵگریی بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات. دەشکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەو ئەرک و وەزیفانەی بە زۆرینەی پێکهاتەی هەواڵگریی سپێردراون بریتیی بن لە ئەرکی دەستخستنی زانیاریی (المعلومة) (کۆکردنەوەی زانیاریی) لەکاتێکدا کە ئەرکەکانی (١٠%)ی دەستەی هەواڵگرییەکان لە چارەسەرکردنی زانیاریدا لە دوو بواردا کورت دەبنەوە کە بریتین لە شیکار و تەوزیفکردن.

زانیاریی (المعلومة)بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە بڕیاردانە سیاسیە دروستەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە کە کەموموڕی لە زانیارییدا دەبێتە ئیجتیهاد و شیکاری، دواتریش بڕیارگەلێک کە دەشێت هەڵە بن، وەکچۆن ناکرێت هەڵوێستی دروست یان پلانسازیی سەرکەوتووی هەر کارێک بەبێ زانیاریگەلی پێویست بخەملێنرێن.

زانیاریی لە پێنج ڕەگەزی بنەڕەتی پێکدێت، پەیوەستن بە بەروار و کاتی ڕوداوەکە و شوێنەکەی و جەوهەرەکەی و لایەنی کارا لە ڕووداوەکەدا، و چۆنێتی ڕووداوەکە. ئەم ڕەگەزانە بەم وشانە کورت دەکرێنەوە (کەی، چۆن، کوێ، کێ، چی)، نەبوونی هەر یەکێک لەم ڕەگەزانە زانیارییەکە دەخەنە بازنەی (الخبر: هەواڵ) یان (آشارة: ئاماژە)وە بە چەمکە هەواڵگرییەکەی. لەبەرئەوەی

پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆ تەواو کردنی بەشی ناتەواو لە زانیارییەکە بۆ ئەوەی ئامادەی تەوزیفکردن بێت.

ـ میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییدا:

ڕێسای گشتیی لە کاری هەواڵگرییدا ئەوەیە کە زانیاریی فەرامۆش ناکرێت، کاتێک زانیاریی لە سەرچاوەکانیەوە دەگات، ئیتر لە وێستگەکانەوە بێت یان لە سەرچاوەکانی دیکەوە بۆ مەرکەزی دەزگای هەواڵگری، دەتوانرێت بۆ ئەفسەری تایبەتمەند (ئەفسەری بەدواداچوون) لە بەشی بەرپرس، بە گوێرەی بایەخی زانیارییەکە یان کەیسەکە دەشێت ئەفسەری کەیسەکە بەڕێوەبەربێت یان بەڕێوەبەری لقێک یان سەرۆکی بەش یاخود ئەفسەر، یەکەمین کاریش کە ئەفسەر ئەنجامی دەدات بریتییە لە:

١ـ ڕوانینێکی سەرەتایی پشکنەرانەی زانیارییەکە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ زانیارییەکە واقعیە و پەیوەستە بە ڕووداوێکەوە کە ئەگەری ڕووداوی هەبێت، یان وەسفکردنێکی خەیاڵیانەیە بۆ ڕووداوێک کە لە بنەڕەتدا ڕووی نەداوە، یاخود زانیارییەکە بریتیە لە وەسفکردنێکی زیادەڕەوانەی ڕووداوێکی دیاریکراو.

٢ـ دیاریکردنی بایەخی زانیارییەکە و پلەی لەپێشینەیتی (درجە الاسبقیە)، سەبارەت بەوەش ئاخۆ هیچ پێویستییەک لە ئارادایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە شێوەیەکی بە پەلە یان بە شێوەیەکی ڕۆتینی.

٣. دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ زانیارییەکە لەناو نەخشەی ئامانجەکانی لقەکەدایە و لە پلانی کارکردنەکەدا دانراوە، یان بایەخێک بۆ هەواڵگریی دەنوێنێت، یاخود

دەکەوێتە دەرەوەی پلان و بایەخدانەوە، ئەگەر لە دەرەوەی پلان و بایەخدانەوە بێت ئەوا فەرامۆش دەکرێت بەهۆی نەبوونی پێویستی پێیەوە.

٤. پێداچوونەوەی پلەی متمانە بە سەرچاوەی زانیارییەکە (متمانەدارە یان لاوازە) و ڕادەی توانای بۆ گەیشتن بە زانیاریەکە (المعلومة)، ئەگەر هاتوو زانیارییەکە بەڵگەنامەیەکی فەرمیی بوو یان لە چالاکییە هەواڵگرییەکانەوە هاتبوو، وەک چاندنی هونەری یان چاودێریکردنی بەریدیانە یاخود تەلەفۆنیانە یان پڕۆسەکانی گوێڕاگرتن یان لە سەرچاوەیەکی فەرمییەوە بێت، ئەوا ئەمانە هەموویان بە سەرچاوەی متمانەدار دادەنرێت کە پێویستە زانیارییەکە ڕاستەوخۆ تەوزیف بکرێت، بەوەی بخرێتە پاڵ بنکەی زانیارییەکان یان بەرزبکرێتەوە بۆ سەرچاوە باڵاکان، لەگەڵ بەهەندگرتنی ئەگەرەکانی چەواشەکاری.

٥. دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ زانیارییەکە هەمووی ئامادەیە لە بنکەی زانیارییەکاندا یان بەشێکی، یاخود لە بنەڕەتدا لە بنکەی بەیاناتدا بوونی نییە، خۆ ئەگەر لە بنکەی زانیارییەکاندا هەبوو ئەوا بە پێداگریکردن لە زانیارییەکانی پێشتر دادەنرێت، لە دۆسیەکە خۆیدا دەپارێزێت، ئەگەر هاتوو بە بەشێک لە زانیارییەکەش ئامادە بوو لە بنکەی زانیارییەکاندا ئەوا بە تەواوکاری زانیارییەکە دادەنرێت. بەڵام ئەگەر بناغەیەکی بۆ بەدی نەکەین پێویستە لەسەر ئەفسەری بەدواداچوون بچێت بۆ بژاردەی کردنەوەی دۆسییەکان پاشان بەدواداچوون و وردبینی، چونکە دەبێت زانیارییەکە لە سەرچاوەی دیکەوە وردبینی بۆ بکرێت بەر لە تەوزیفکردنی، مادام سەرچاوەکە ١٠٠% متمانەپێکراو نەبێت، یان زانیارییەکە بەڵگەنامەیەکی فەرمی هێنابێت، لەو ڕوانگەیەوە کە بەڵگەنامەکە تەوزیف دەکرێت

بەبێ بوونی پێویستی بە وردبینی، مەگەر گومان هەبێت کە گوزارشت لە مەبەستەکانی چەواشەکاری بکات.

٦ــ ئەگەر زانیارییەکە بایەخێکی ستراتیژیی هەبێت بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بەرزەکرێتەوە دوای ئەوەی دەخرێتە بەردەم بڕگە تایبەتمەندەکان (المفاصل المختصة)، بە دەستپێکردن لە بەڕێوەبەری لقەوە بەرە و بەڕێوەبەری نێودەوڵەتی پاشان بەڕێوەبەری گشتیی و یارمەتیدەر و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری، هەندێکجاریش ڕێکار دەگیرێنەبەر لە ناو دەزگاکەدا لەژێر تیشکی خواستەکانی تەوزیفکردنی زانیاریی و گرنگییەکەی.

زانیاریی زۆر لای دەزگای هەواڵگریی هەبوو، بەڵام ئەو کێشەیەی ڕووبەڕوومان دەبووەوە پەیوەست بوو بە چۆنێتی تەوزیفکردنی زانیارییەکان و وەبەرهێنانیان لەلایەن بڕیاردەرانەوە. ڕێمانییەکانی سەرۆکایەتی خوازیاری ڕێگەنەدانە بە دەزگاکە بە پێشکەشکردنی پێشنیار، بەڵکو تەنیا خستەڕووی بۆچوون بە زانیارییەکە بە تەنها. زۆربەی زانیارییەکانی دەزگاکە ڕەهەندی ستراتیژییان هەیە بۆ ئۆفیسی سکرتاریەت بەرزەکرێنەوە لە سەرۆکایەتی کۆماردا، دوو لە ئەفسەرانی هەواڵگریی پێشوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن کە بریتیین کە: جاسم معماری و مەزهەر تکریتی، یەکەمیان دەرچووی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەوەی تریان کۆلێژێکی مەدەنی، بەڵام زۆریان کاریان نەکرد لە دەزگای هەواڵگریدا، ئەزموونی سیاسی یان هەواڵگریی بەرزیان بەدەستنەهێنا لە شیکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا، لەو باوەڕەشدا نیم سکرتێر عەبد حەمود، کاتی پێویستی هەبێت بۆ بیرکردنەوە لە ئامادەکردنی بۆچوونێک کە هەڵگری پێشنیارگەلێکی بایەخدار بێت کە پێشکەش بە سەرۆک

بکرێت له پاڵ زانیارییەکانی ئێمەدا، بەڵکو هەموو شتێک بۆ خەملاندنەکانی شەخسی سەرۆک بەجێدەهێڵێت. کاری سکرتاریەت سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا، لە کارکردنێکی ئۆفیسیانە دەچێت کە دابەشکرابێت و بەدواداچوونی بۆ کرابێت بۆ بەرید، باشتر وابوو کە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی دەزگاکەدا لەلایەن ڕاوێژکارن و سیاسەتمەداران و دیپلۆماتکاران و ئەفسەرانێکی گەورەوە بوایە، ئیتر لە وەزارەتی دەرەوە بووایە یان هەواڵگریی یاخود دەستەی ئەرکانی سوپا یان هەواڵگریی سەربازیی، لەوانەی ئەزموونی زۆریان هەیە لە کاری مەیدانی و ئاگەداربوونی فراوان و کاتی پێویست بۆ بیرکردنەوە تێڕامان و بەرهەمهێنانی ئایدیای نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەرەسەندنەکانی هەڵوێستی نێودەوڵەتی، گومانیشی تێدا نییە کە کەموکوڕییەکی ئاشکرا هەبووە لە میکانیزمی تەوزیفکردنی زانیارییەکاندا. بۆ نموونە کاتێک زانیاریمان پێگەیشت دەربارەی پلانی داگیرکاری ئەمریکی و تەوقیتەکانی و قۆناغەکانی و تەوەرەکانی هێرشکردنی و شوێنەکان و ئەو بنکە سەربازییانەی هەڵبژێردرابوون بۆ دابەزاندنی ئاسمانی (للإنزال الجوي)، لەسەر سێ سیدی CD تۆمارکرابوون لەگەڵ دیکۆمێنتگەلێکی کاغەز کە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرابوو لەلایەن دەستەی ئەرکانی تایبەتمەندەوە، بەڵکو خرابوونە بەردەم فەرماندەی سەربازی ڕەحمەتی (قوسەی سەدام حسێن)، کە ئاگەدار بوو لە پوختەکەی کە پێکهاتبوو لە ١٣ لاپەڕە بەبێ پیاچوونەوەی ناوەڕۆکی پاشکۆکانی، گوتی؛ ئەمانە زانیاریی گرنگن، لە چەکمەجەی ئۆفیسەکەی دانران بە شایەتی یەکێک لە گەورە ئەفسەرانی گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري) کە ئامادە بوو. بەڵام بەگوێرەی ئاگەداری ئەفسەرەکە زانیارییەکان نەخرابوونە بەردەم هەیئەی ئەرکانی گاردی کۆماری، لە ڕووی دەزگای هەواڵگریشەوە وەک پێویست مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرا،

بەڵکو سەرکردە پەیوەندیدارەکان لە دەزگاکە ئاگاداری بوون بەر لەوەی بۆ سەرۆکایەتی بەرز بکرێتەوە، مشتومڕیش نەکران و شیکارییان بۆ نەکرا. هەروەها لەماوەی جەنگەکە و لەکاتی چوونەپێشەوەی هێزە ئەمریکەکاندا لە باشوورەوە و گەیشتنیان بە نەجەف، بەڕێوەبەری دەزگا و یاریدەدەرەکەی بانگیان کردم و داوای خستنەڕووی زانیارییەکانیان کرد بۆ پیاچوونەوەیان، ئامانجەکەش بژاردەی دروستکردنی تەگەرە بوو بۆ بەرەوپێشچوونی هێزەکانی داگیرکەر کە پێشەنگەکانی گەیشتبوونە شاری کەربەلا لە ڕێگەی پڕۆسەکەیەوە کە لەناو دەزگادا بە پڕۆسەی (بڕینی کلکی مار) ناوبراوە. پلانی ئەم پڕۆسەیە، هێڕشکردن بۆ ڕەتلێک لە هێزە ئەمریکیەکان بوو لەلایەن یەکێک لە فیرقەکانی سوپای کۆمارییەوە لە ناوچەی نەجەف، بەڵام ئامانجی پڕۆسەکە نەهاتنەدی بەهۆی سەرکەوتنی هێزی زۆری ئاسمانی دوژمنەوە، کە وێرانکردنی فیرقەکەی بە تەواوی لێکەوتەوە لە پارێزگای بابل، کاتێک لە دەوروبەری بەغداوە کەوتە جموجۆڵ بەرەو نەجەف.

- پلانەکانی کارکردن:

پلان هۆکاری گەیشتنە بە ئامانج بە کەمترین زیان و نزیکترین ڕێگا، بە گوێرەی خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراو، پلانی کارکردن چەند ئامانجێکی واقعی لەخۆدەگرێت کە شیاوی هاتنەدین. دانەرانی پلانەکانی داهاتە مرۆیی و مادی و هونەرییەکان لەبەرچاودەگرن کە خۆیان لە ئەفسەرانی هەواڵگریی و سەرچاوەکان و ئامێرە تەکنیکیەکان و دەرماڵە داراییەکاندا نمایش دەکەن. لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا بەشە تایبەتمەندەکان پلان بۆ کارکردنی خۆیان دادەنێن کە ئامانجەکانی

تێدا دیاری دەکەن لە بواری ئامادەکاری و تەجنید و کۆکردنەوەی زانیاریی داواکراو بە گوێرەی پێویستی بنکەی زانیارییەکان، هەمیشەش زانیارییەکان یان جێگیر یان جولاو دەبن.

زانیارییە جێگیرەکان لە ئامانجە جێگیرەکاندا خۆیان دەنوێنن وەک باڵیۆزخانەکان و وەزارەتەکان و دەزگا هەواڵگریی و سەربازییەکان و دامەزراوەکانی تایبەت بە پیشەسازی جەنگیی (التصنيع العسكري) و ئەو کەسایەتیانەی لەو دەزگایانەدا کار دەکەن کە وەک ئامانجی خاوەن گرنگی تایبەت پۆلێنکراون، ئەمەش دەکرێت ئامار بکرێت و پێویستی دەزگای زانیارییەکان سالانە بپێورێن. کاتێک دەڵێین (چەند ئامانجێک) ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە مەبەستمان بە ئامانجگرتنیان بێت بە پرۆسەی تایبەت، بەڵکو بە ئامانجگرتنیان بە پرۆسەگەلی هەواڵگری، وەک بڕین و دزەکردن یان بەدواداچوونی چالاکی و جموجۆڵەکان و پەیوەندییەکان و هەڵوێستەکانی ئەو بەرپرسانەی لە دامەزراوەکەدا جێی بایەخن. لە پاڵ پلانی کارکردن کە گشتگیرە و بەرێوەبەرە هەواڵگرییەکان دەگرێتەوە. بەشە پسپۆڕەکانیش پلانی لاوەکی دادەنێن بۆ هەموو یەکێک لە وێستگەکانی هەواڵگریی لە دەرەوە، وەکچۆن پلانی بۆ هەموو کەیسێکیش هەیە کە بریتین لە پلانی هەنووکەیی و لە هەر کاتێکی سالدا بێت دایان دەنێین بە گوێرەی ئەو بابەتە تازانەی دێتە پێشەوە.

زانیارییە جولاوەکانیش بە هەردوو بەشەکانیەوە، نهێنی و ئاشکرا، بایەخی سەرەکییان دەبێت لە پلانەکانی کارکردندا. مەبەست پێیان ئەو بەیاناتانەن کە پێویستە کۆبکرێتەوە لەژێر ناونیشانی گشتگیردا، بۆ نموونە وەک بەدواداچوونی چالاکییەکانی وەزارەتی دەرەوە لە دەوڵەتی ئامانجدا، یان چالاکییە نهێنیە دژەکان یاخود وەزارەتی بەرگری، هەروەها هەموو ئەوەش کە پەیوەستە بە پلانەکانی

کارکردنی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی دیکە. سەبارەت بە وردەکارییەکانیش ئەوا زۆرن، ناکرێت پێشبینی بکرێن لە ڕووی ژمارە و جۆر و شێوەیانەوە. بۆ نموونە کاتێک بەدوای چالاکی وەزیری دەرەوە یان وەزیری بەرگریدا دەچین، ئەوا ناکرێت پێشبینی ژمارەی ئەو چالاکییە سالانە ناوخۆیی و دەرەکی و دیدار و کۆبوونەوانە بکرێت کە بەڕێوەدەچن، هەروەها سەبارەت بەوەی کامانەن ئەو هەڵوێست و ئەنجامانەی لێیان دەکەونەوە. لەپێناو پەرتەوازە نەبوونی هەوڵەکانی بەدواداچوونیشدا، جەختکردنەکە چاودێریکردنی چالاکییەکانی دەوڵەتی ئامانج بە ئامانج دەگرێت لە بواری سەرەکی عێراقدا یان دەوڵەتانی خاوەن کاریگەری ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان. ئامانج و بایەخپێدانەکانیش لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز دەبن، بۆ نموونە لقی ئێران بەدواداچوون بۆ سەرجەم چالاکییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەکات بەو پێیەی دەوڵەتێکە بە نەیار پۆلێن کراوە. پەیوەندیی لەگەڵیدا پاڵێوراوە بۆ دوژمنایەتی پتر لە ئاشتی، کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر ئاسایشی نەتەوەییمان هەیە.

لەبەر ئەوە دەزگای هەواڵگریی بایەخ بە زانینی سەرجەم وردەکارییەکانی تایبەت بە چالاکییە دیپلۆماسی و سەربازی و ئەمنی و تەکنەلۆژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئاشکرا و نهێنییەکانی دەدات، لەکاتێکدا کە دەزگاکە بایەخ بە چالاکییەکانی وەزارەتی دەرەوەی پاکستانی بە گشتیی نادات تەنیا بەو ڕادەیە نەبێت کە پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەیی و بواری سەرەکیمانەوە هەیە. لەبەرئەوە دەزگاکە جەخت دەکاتە سەر هەڵوێستەکانی پاکستان بەرامبەر مەسەلە گرنگەکانمان، پەیوەندییە پاکستانییەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا، ئیسرائیل و ئەمریکا و سعوودیە و کوێت و میسر و سوریا، بایەخ بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەی جیهاندا نادات.

- ئامانجەکانی هەواڵگریی و گرنگیپێدانەکانی:

ئامانجەکانی هەواڵگریی و بایەخپێدانەکانی لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز دەبن بە گوێرەی پۆلێنکردنی دەوڵەتەکە و کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان یان دانانی لەناو بواری سەرەکیدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها کاریگەییەکانی شڵەژان لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتان دەگرێتەوە لەنێوان خۆیاندا و کاریگەری بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان. بۆ نموونە ئەگەر جەنگێک لەنێوان یۆنان و تورکیادا ڕووبدات ئەوا هاوردەی نەوتی عێراقی لە ڕێگەی بەندەرەکانی تورکیاوە دەوەستێت، هەروەها پڕۆسەکانی بارکردنی وشکانی کاڵا خۆراکییەکانیش دەوەستن، دەشکرێت ئەو بەنداوانەی لەسەر ڕووباری فورات دانراون ئامانجی گرنگ بن، ئەگەر ڕووبەڕووی بە ئامانجگرتنیان ببنەوە ئەوا کارەسات و وێرانکارییەکی گەورە لە عێراق ڕوودەدات، بەوەشدا کە دەزگای هەواڵگریی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پیادەکردنی ستراتیژیەتی دەوڵەت، ئەوا پلانەکانی کارکردن و ئامانجەکان لەسەر بنەمای چوارچێوەی گشتیی سیاسەتی ڕژێمەکە دادەنرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو مەیدانانەی زانیارییە هەواڵگرییەکان دیاری دەکرێن کە پێویستە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت بۆ هەموو دەوڵەتێک لە دەوڵەتە پۆلێنکراوەکان، ئیتر (دوژمن بن یاخود نەیار یان هاوڕێ یان دەوڵەتی بایەخپێدراو)، لەپێشینەبوونەکەشی دەخرێتە پاڵ.

بۆ نموونە هەندێک لە ئامانج و بایەخپێدانەکانی عێراق دەخرێتەڕوو لە هەریەک لە جەزائیر بەو پێیەی دەوڵەتێکی ئەفریقیە و دووەم لە عێراق لەڕووی جوگرافییەوە، لەگەڵ شانشینی عەرەبی سعوودیدا بەو پێیەی دەوڵەتێکی گرنگی دراوسێی عێراقە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ـ بایەخپێدانەکانی هەواڵگریی لە جەزائیر:

لەوانەیە خوێنەر دەربارەی هۆکاری بایەخپێدانی عێراق بە دەوڵەتی جەزائیر پرسیاربکات، ئەو وڵاتە دوورە لە عێراق لە ڕووی جوگرافییەوە، کە باڵیۆزخانەیەکی عێراقی هەیە بە گروپێکی دیپلۆماسی تەواوەوە و باڵیۆزێکی بەردەوام و پاشکۆیەکی میدیایی و وێستگەیەکی هەواڵگریی و نواندنێکی هەواڵگریانەی فەرمی (بوونی نوێنەرێکی دەزگای هەواڵگریی عێراقی لە جەزائیر، لەگەڵ بوونی نوێنەرێکی هەواڵگریی جەزائیری لە بەغدا)، بۆ ئەوەی خوێنەر بابەتەکەی لەلا ڕوون بێت دەتوانین هۆکارەکانی بایەخپێدانەکە بەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین:

١ــ جەزائیر ڕێزیکی نێودەوڵەتی گەورەی لێ دەگیرێت بەهۆی میراتە شۆڕشگێرییەکەیەوە لە ماوەی ڕزگاربوونی لە کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی کە یەک ملیۆن و نیو شەهید لە گەلەکەی بوون بە باجی ئەو ڕزگاربوونە. هەروەها جەزائیر پەیوەندیی نێودەوڵەتی فراوانی هەیە لەسەر ئاستی جیهان کە وایلێکردووە کاریگەرییەکی فراوانی هەبێت لە ئەفریقا و هەردوو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی. جەزائیر خاوەنی دیپلۆماسیەتیکی باڵایە، ئامادەییەکی زۆری هەیە لە مەحافیلی نێودەوڵەتیدا. لەبەرئەوە دەبووایە عێراق پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا بنیاد بنێت بەو پێیەی جەزائیر وڵاتێکی دۆستی متمانەدارە لە ناوچەکە و جیهاندا. ڕۆڵێکی گەورەشی بینی لە ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا ساڵی ١٩٧٥، هەروەها لە پشتگیریکردنی هەوڵەکانی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سزا ئەمریکییەکان و ئابلۆقەی ستەمکارانەی سەپێنراو بەسەر عێراقدا. ئەمە و جەزائیر

به فاکتەرێکی گرنگیش دادەنرێت لە سەقامگیری بازاڕی نەوت بەو پێیەی ئەندامێکە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەناردەکارانی نەوت (ئۆپێک).

٢ـ سیمای زاڵی گەلی جەزائیر و شوناسەکەی ئیسلامییە، شۆڕشی جەزائیریش پاڵنەرەکەی ڕۆحی ئیسلامی بوو لەبەرئەوە کاریگەر بوو بە دروشمەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا، پەیوەندیی سیاسی و ڕووناکبیری باش لەگەڵ تاراندا بنیادناوە، هاوسۆزی میللی لەگەڵیدا گەشەی کرد لە ماوەی یەکەمی جەنگی عێراق ئێراندا، دەبووایە عێراقیش ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئێرانی ببێتەوە، پووچی دروشمەکانی شۆڕشی ئێران و تەماعە فراوانخوازییەکانی و پڕۆژە تایەفەگەرانەکەی کەشفی بکات، بە تایبەتیش کە ئێران جەزائیری لەناو بواری سەرەکی خۆیدا داناوە، چالاکی هەواڵگریی و تایفەگەری ئەنجام داوە کە لە ویلایەتی (غردایە)ی خاوەن مەزهەبی (الإباضي) یەوە دەستی پێکردووە، ئەوانەی ڕیشەی عەقیدە ئاینیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ موعتەزیلەی عێراق، کە لە هۆزەکانی ئەمازیغی غەیرە عەرەبن و لە ناوەڕاستی بیابانی باشووری جەزائیردا هەن، دەسەڵاتی جەزائیر زۆر بە ئاگەدارییەوە مامەڵەی لەگەڵ جموجوڵەکانی ئێران لەو گۆڕەپانەدا کردووە و سنووورێکی بۆ داناوە. پێش کۆتایهاتنی شەڕ لەگەڵ ئێراندا مەزاجی میللی جموجۆڵی جەزائیری هەڵگەڕایەوە و هاوسۆزبوو لەگەڵ عێراقدا بەڕادەیەکی زۆر لە ماوەی جەنگی دووەمی کەنداو (داگیرکردنی کوێت). لێرەدا بزووتنەوە ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان دەرچوون و چوونە ناو ئێرانەوە لەسەر هێڵی قەیرانەکە، ئەو جموجۆڵەش سەرەتاکانی دامەزراندنی پڕۆژە ئیسلامییەکەی لە باکووری ئەفریقاوە دەرکەوت، کە بەخێرایی وەرچەرخا بۆ پڕۆژەیەکی گشتگیر و ترسناک. لێرەدا پێویستی عێراق بە هاوکاری هەواڵگریی زەق بووەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان و چالاکی تونـدی

تیرۆریستی که له نەوەدەکاندا له جەزائیردا، ئەگەر ئیرادەی گەلی جەزائیر و یەکانگیری هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی نەبوونایە جەزائیر دەکەوتە ناو تووندێژێکی تاریکەوە.

٣ـ عێراق و جەزائیر دوو دەوڵەتی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤێت بوون، لەگەڵ داڕمانی بلۆکی سەربازی لە ساڵی ١٩٩٠دا، هەوڵە ئەمریکییەکان کەوتنە گەڕ بە ئامانجی دزەکردن بۆ ناو گۆڕەپانی جەزائیر کە هەژموونی بەسەر دەوڵەتانی ئەفریقیادا هەیە، کە گۆڕەپانی ئەفریقی ململانییەکی فەرەنسیانە و ئەمریکیانەی بەخۆیەوە بینی بۆ سەپاندنی دەسەڵات، لەبەرئەوەش کە عێراق بەردەوام دژی ئامادەبوونی ئەمریکا مابۆوە لە هەر شوێنێک بێت، ئەوا هەر دەبووایە عێراق پشتگیری هەوڵەکانی جەزائیر بکات لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕژێمی ئەفریقی و فەرەنسا لە ڕووی سیاسی و هەواڵگرییەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتی ئەمریکی، ڕێگرتن لە سەپاندنی هەژموونەکەی بەسەر باکووری ئەفریقیادا، وەکچۆن عێراق هەوڵی پشتگیریکردنی ئابووری جەزائیری دا لە ڕێگەی جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی ئامادەکردنی کەلوپەلەکان بەگوێرەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک دوای ساڵی ١٩٩٦.

٤ـ ڕەگەزی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کەوتنەگەڕ بە ئامانجی سڕینەوەی شوناسی عەرەبیانەی جەزائیر بەو پێیەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەمازیغن، عێراق هەوڵی ئەرێنیانەی دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چالاکیانە بۆ پاریزگاریکردن لە شوناسە عەرەبیەکەی جەزائیر، هەروەها دەبووایە عێراق نەخشەی سیاسیانەی حیزبەکان و سیاسەتەکانیان و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر مەسەلە عەرەبییەکان و جەماوەرەکەیان و چانسیان لە هەڵبژاردنە پەرلمانیەکاندا بزانێت.

٥ـ جەزائیر هەڵوێستی توندی هەبووە بەرامبەر ئیسرائیل، دیدێکی هاوبەشی هەبووە لەگەڵ عێراق بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین، هەماهەنگی هاوبەش لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا بۆ گەلاڵەکردنی هەڵوێستە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر ئەو پڕۆژەی خۆبەدەستەوەدانەکانی کە داوای سڕینەوەی مافی فەلەستینەکان دەکەن لە بنیادنانی دەوڵەتی خوازراویاندا.

جێی خۆیەتی ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژووی بکەین کە لە ساڵی ١٩٦١دا ڕوویداوە، گوزارشت لە هەڵوێستی عێراق بەرامبەر شۆڕشی جەزائیری دەکات، کاتێک سەرکردەکانی شۆڕش شاندێکیان نارد بۆ عێراق بە ئامانجی دەستخستنی پشتیوانی دارایی، لەکاتی دیداری شاندە جەزائیرییەکەدا سەرکردەی کۆچکردوو (عەبدولکەریم قاسم)، ئەم سەرکردەیە وەزیری دارایی بانگ کرد بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەیەکدا، پرسیاری لێ کرد دەربارەی ئەوەی لە خەزینەی دەوڵەتدا هەیە، وەزیری دارایی وەڵامی دایەوە کە سنووری ٢٠٠ ملیۆن دۆلارمان هەیە، قاسمی سەرکردە گوتی (بیکە بە دوو بەش، نیوەی بۆ ئێمە و نیوەشی بۆ شۆڕشی جەزائیری). ئەم هەڵوێستە مایەی نرخاندن و سەرسامی جەزائیرییەکان بوو بەرامبەر سەخاوەتمەندی عێراق بۆ پشتگیرکردنی شۆڕشی جەزائیر لە ڕووی دارایییەوە.

ـ ئامانج وبایەخپێدانەکانی هەوڵگریی بەرامبەر سعوودیە:

شانشینی عەرەبی سعوودی بە دەوڵەتێکی میحوەری دادەنرێت لە ناوچەکەدا. کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق هەیە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١ـ سعوودیە کاریگەرییەکی ستراتیژیانەی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی هەیە، چونکە سەنتەرێکی ئاینیانەی گرنگە بەهۆی بوونی دوو شوێنە پیرۆزەکەوە؛ مەککەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر خاکەکانی.

٢ـ شانشینەکە لە گەورەترینی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوتە، یەدەگی یەکجار زۆر لەخۆدەگرێت، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و کاراشی هەیە لەسەر سەقامگیری نرخی نەوت، بە حوکمی توانای بالای لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردندا. لەپاڵ ئەوەدا کە ئەندامێکی کارایە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەناردەکاری نەوتدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بۆ سەر بارودۆخی ئابووری عێراق دەبێت کە بە شێوەی بنەڕەتی پشت بە قازانجی نەوت دەبەستێت

٣ـ بوونی چالاکی تیرۆریستانەی ڕێکخراوی قاعیدە لە خاکی شانشینەکەدا، ڕژێمە شانشینەکەی بە ئامانج دەگرێت، ئەگەری هەیە سنووورەکەی خۆی تیپەڕێنێت بۆ دەوڵەتانی دراوسێ، لەوانەش عێراق.

٤ـ سعوودیە سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا هەیە کە زیاترە لە (٨٠٠کم)، بەیەکداچوونێکی خێڵەکی و مەزهەبیش لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، ئەم هۆکارانەش کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق هەیە.

٥ـ شانشینەکە لە دەوڵەتانی کەریگەر بۆ سەر ئاڕاستەکانی سیاسەتی گشتیی بریارە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مەسەلەی فەلستینی دادەنرێت.

٦ـ سعوودیە بەهرەمەندە بە دیپلۆماسییەتێکی بالای پشتیوانیکراو لە ڕووی مادییەوە، کاریگەر لە داڕشتنی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاوکاری دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی دەرەکی (دول مجلس التعاون لدول الخليج العربي الخارجية)، زمارەیەک لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکانی تر.

٧ـ پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان شانشینەکە و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرجەم ئاستە سەربازی و ئەمنییەکاندا لەگەڵ بوونی بنکە سەربازییە ئەمریکییەکاندا بە فاکتەرێکی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ عێراق دادەنرێت.

٨ـ سعوودیە لە دەوڵەتانی دژی دەسەلاتی ئێرانییە لە ناوچەکەداو، لەگەڵ عێراق لەم ئاڕاستەیەدا هاوبەشە.

٩ـ لە ئەنجامی جەنگی ڕزگارکردنی کوێت ساڵی ١٩٩١، شانشینەکە ڕووی کردە پشتگیرکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ڕووی سیاسی و میدیاییەوە، هەوڵی یەکخستنی ڕیزەکانی دا، هەواڵگریی سعوودی یارمەتی دارایی سەخاوەتمەندانەی پێشکەش کردووە، شوێنی ئەمینی بۆ دەستەبەرکرد بۆ پیادەکردنی پلانە ئامانجدارەکانی لە ڕووخاندنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لە بەغدادا و خستنی.

١٠ـ لە ناو سعوودیەدا ناکۆکی هەیە سەبارەت بە تێڕوانینەکان لە بارەی سیاسەتی شانشینەکەوە بەرامبەر کێشە عەرەبییەکان، هەروەها ناکۆکی دەربارەی پەیوەندیی شانشینەکە و هاوپەیمانە ستراتیژەکانی لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتە

عەرەبییەکاندا. ئەم ناکۆکیە لە بابەتە بایەخپێدراوەکانی هەواڵگریی بوو بەڵام عێراق دەستی وەرنەدایە ناو کاروبارە تایبەتییەکانی.

کۆی ئەم فاکتەرانە نەخشەی ئامانج و بایەخەکانی هەواڵگریی عێراقی پێکدەهێنن لە شانشینی عەرەبی سعوودیدا. لەسەر ئەو بنەمایە هەواڵگریی هەوڵدەدات بگاتە سورشتی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو و پەیوەندییەکانی مەملەکەتەکە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا و ئەو ڕەگەزانەی کاریگەرن تێیاندا، شوێنەواری پەیوەندیە شەخسییەکانی هەندێک لە میرەکان لەگەڵ بەرپرسە ئەمریکییەکان، خەملاندنەکانی هەواڵگریی بە چەشنێک بوون کە هەڵوێستەکانی شا عەبدوڵا کوڕی عەبدولعەزیز (عەرەبچیانە)ی هاوسەنگ بووە. ئاسوودە و ئارام نەبووە بۆ نیازە ئەمریکییەکان و پلانەکانی لە ناوچەکەدا، هیچ ڕق و کینەیەکیشی بەرامبەر سەرۆک سەدام حسێن نییە سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکیانەی لە پەیوەندییەکانی سعوودیە و عێراقدا ڕوویاندا دوای داگیرکردنی کوێت. مەیلی ئاشتەوایشی لەگەڵ عێراقدا هەیە، بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی میر سوڵتان کوڕی عەبدولعەزیز و بەندەری کوڕی میر، کە بە توندی و دوژمنایەتی بە سەدام حسێن وەسف دەکرێت.

لە کۆتایی نەوەدەکاندا بواری ئاسمانی سعوودی دوو جار لەلایەن چەند فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بەزانێندرا، کە لە ئەرکی ئاگاداربوونی کەناری خۆرهەڵاتی دەریای سوور و کەندawی (العقبة)دا بوون، ئاسمانی سعوودی چاودێریکراو بووە لەلایەن فڕۆکە ئەواکسە ئەمریکیەکانەوە کە بە ئەنقەست خۆیان لەو بەزاندنانە بێئاگاکرد، بەڵام ڕادارە میسرییەکان چاودێری ئەو بڕین و بەزاندنە ئیسرائیلیانەیان کرد و زانیاریی وردەکارانەیان بە سەرکردایەتی سعوودیە

ڕاگەیاند سەبارەت بە کاتەکانی بڕین و بەزاندنەکە و ڕەوتی فڕۆکەکان. سەرکردایەتی سعوودیە داوای ڕوونکردنەوەی لە سەرکردایەتی ئەمریکی کرد لە بارەی هۆکاری خۆبێئاگاکردن لە بڕین و بەزاندنە ئیسرائیلییەکان، بەڵام ئەمریکییەکان گوتیان ئەواکس چاودێری فڕینی ئیسرائیلی نەکردووە. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە تێکچوو و شای کۆچکردوو (عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز) ئەمریکیەکانی بەوە وەسف کرد کە درۆزنن، هەروەها پرسیاری کرد بۆچی دەبێت فڕۆکەکانی ئەواکس چاودێری فڕین لە ئاسمانی بەغدادا بکەن، بەڵام چاودێری فڕۆکە ئیسرائیلیەکان لە ئاسمانی شانشینەکەدا نەکەن!

- چارەنووسی ڕێککەوتنی عێراقیی – سعوودیی:

سەرۆک سەدام حسێن پێشتر ڕێککەوتنی نیازباشی لەگەڵ (شا فەهد) کوڕی عەبدولعەزیزدا واژۆ کرد لە ساڵی ١٩٨٩دا، ناوەڕۆکەکەی دەستێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆی هەردوو وڵاتی لەخۆگرتبوو لەگەڵ وەستاندنی کاری هەواڵگریی سیخوڕیانە لە نێوانیاندا. ئەم ڕێککەوتنە لەلایەن عێراقەوە ئیلغا نەکرا تەنانەت لەگەڵ جەنگی ڕزگارکردنی کوێتیشدا، لەلایەنی سعوودیشەوە پێمان ڕانەگەیەنراوە کە پوچەڵی بکەینەوە. بەڵام دوای ئەوەی جەنگی ئازادکردنی کوێت تەواو بوو لە مارس/ئاداری ساڵی ١٩٩١دا، بۆ دەزگای هەواڵگریی ڕوون بووەوە کە چالاکییەکی هەواڵگریی چڕی سعوودی دژی عێراق هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش دەزگای هەواڵگریی داوای لە سەرۆک سەدام حسێن کرد ڕەزامەندی دەربڕێت لە پووچکردنەوەی ڕێککەوتنەکە بە جۆرێک کە بوار بە دەستپێکردنەوەی چالاکییە هەواڵگرییەکانی دەزگاکە دژی سعوودیە بدات لەسەر بنەمای

مامەڵەکردنی هاوشێوە، سەرۆک بە پێشنیاری دەزگاکە قایل نەبوو، داوای بەڵگەی کرد لەسەر تێکدانی ڕێککەوتنەکە لەلایەن هەواڵگریی سعوودییەوە. دەزگاکە ڕاپۆرتێکی تیروتەسەلی پێشکەش کرد دەربارەی چالاکییەکانی سعوودیە دژی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕازی نەبوو و داوای خستنەڕووی هەڵوێستی مانگانەی دەربارەی سەرجەم سەرپێچییەکان کرد. دوای سێ ڕاپۆرت ڕازی بوو بە پووچەڵکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، دەزگاکە فەرمانی بەکارکردن کرد بەو پەڕی جیددیەتەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فەرمانڕەوایی لە مەملەکەتەکەدا، لەنێو هەوڵەکانیشماندا پەیوەندیکردن بوو بە نەیاری سعوودییەوە (ئوسامە بن لادن) کە لە سودان نیشتەجێ بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرچاوەکانماندا کە ئەو ڕێککەوتنە پەیوەندیی پێیانەوە گەیاندبووە بنبەست.

- پڕۆسەکانی ئامادەسازیی(تەجنید):

ئامادەسازیی (التجنید) یان تەیار و ئەمادەکردنی ئەندام، پڕۆسەیەکی هەواڵگریی میحوەرییە و پایەیەکی بنەڕەتیە لە پڕۆسەکانی سیخوڕی کە پشت بە مەعریفەی پێویست دەبەستێت، بە ئامانجی تۆکمەکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوە مرۆییەکاندا لە گرووپی پۆلێنکراوی متمانەپێکراوان و هاوکاران بۆ دەستخستنی زانیاریی هەواڵگریی گشتگیر لێیانەوە، زانینی نهێنی دوژمنان و نەیاران لە بوارە جیاوازە سیاسی و تەکنیکی و چەکدارکردن و بەرنامە ئەتۆمی و بایۆلۆژییەکان، دەستخستنی زانیاریی تەواو دەربارەی بونیادی عەمەلی لە سەرجەم مەیدانەکانی هەواڵگریی، بە ئەنجامگەیاندنی چالاکییەکانی چەواشەکاری و وێرانکردنی تواناکانی دوژمن، و پڕۆسەکانی ئامادەسازی جۆریی بەرزدەبنەوە بۆ کاری

ستراتیژی له گۆڕینی بڕیاره سیاسی و سەربازییەکانی دوژمن بۆ دەوڵەتانی به ئامانجگیراو، بەجۆرێک که خزمەتی ئەو بەرژەوەندیانەی ئێمەی دەکرد که تایبەت بوون به ئاسایشی نەتەوەییمانەوە. وەکچۆن مەحاڵیشه ڕەگەزی هەواڵگریی مامەڵه لەگەڵ گەلێکدا بکات که بێئاگایه له کلتوور و ڕووناکبیرییەکەی.

شێوازەکانی ئامادەسازی سەرچاوەکان له ڕووی تیۆری و مەیدانییەوە گۆڕدراون دوای ئەوەی فاکتەری تەکنیکی و تەکنەلۆژی بوون به یەکێک له هۆکاره بنەڕەتییەکان له پڕۆسەکانی ئامادەسازی و سیخوڕی که دوای دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پەرەسەندنەکەی زیادی کردووە، لەبەرئەوە دەزگای هەواڵگریی دوانگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەقۆزێتەوە بۆ ڕاوکردنی سەرچاوە مرۆییەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا بەبێ مەترسی، به ڕێگایەک که سەختە دەستبەرداریان بین. بەڵام لەم تۆێژینەوەیەماندا لێرەدا ڕێگەی کارکردن و شێوازەکانی ئامادەسازی هەواڵگریی له ماوەی پێش شۆڕشی ئەلیکترۆنی باس دەکەین.

دوو قوتابخانه بۆ تیۆرەکانی ئامادەسازیی مرۆیی و تەجنید هەن، بریتین له قوتابخانەی ئەمریکی که پشت به خۆبەخشان دەبەستێت یان تەجنیدی ڕاستەوخۆ بەبێ پێویستییوون به بەدواداچوونی نەفەسی درێژ، بەڵکو بەرژەوەندییه شەخسییەکان یان مادیەکان بەهەند دەگرێت له ئامادەسازیی و تەجنید کردنی سیخوڕەکاندا. لەکاتێکدا که قوتابخانەی ڕوسی پشت به سیاسەتی نەفەسدرێژیی و بەدواداچوونی قۆناغ و بنەماکانی ئامادەسازیی و تەجنیدکردنی فیکری و مادی و زۆرەملێانه دەبەستێت، وەکچۆن شێوازه نا ئەخلاقیەکانیش به شێوەیەکی فراوان

بەکاردەهێنێت، لەگەڵ خۆبەخشەکاندا بە وریایی و سڵەمینەوە مامەڵە دەکات، بە تایبەتیش لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگریی ئەمریکی و خۆرئاواییەکاندا.

تاکۆتایی نەوەدەکان دەزگای هەواڵگریی عێراقیی پشت بە قوتابخانەی ڕووسی دەبەستێت لە پرۆسەکانی ئامادەسازیی و تەجنیددا، بەڵام ئەم شێوازە پتر لەگەڵ قەبارەی ئەو هەڕەشانەدا نەدەگونجا کە ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە، بە تایبەتیش لە کۆتایی نەوەدەکان و ئەو ساڵانەدا کە کەوتنە پێس داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ دا، لەبەرئەوەی پەنامان بۆ شێوازی دەستپێکردنی مامەڵەی ڕاستەوخۆ و تەجنیدی خێرا برد، کە سەرکەوتنی گەورەشی بەدەست هێنا لەم بوارەدا، بە تایبەتیش لە ڕووی گۆڕەپانی کارکردنی نێودەوڵەتی چوارەمەوە (ئەمریکا و ئەورۆپا).

چالاکییەکانی ئامادەسازیی و تەجنید پێویستە بە یاسا دانراین و لێکۆڵراوە بن بە شێوەیەکی ورد و دوور لە هەڕەمەکیبوون، پێویستیشە ئەو ئامانجانە دیاری بکرێن کە دەبێت تەجنید بکرێن لەسەر بنەمای پێویستی ڕاستەقینە بە بوونی سەرچاوە لەناو دامەزراوە حکومییەکاندا یان مەدەنیەتی بە ئامانجگیراو کە لە لیستی ئامانجەکاندایە لە پلانە ساڵانەکاندا، هەموو پرۆسەیەکی ئامادەسازی و تەجنید سوودی خۆی هەیە و دەستکەوتی دزەکردنە ناو دامەزراوەکان دەهێنێتەدی بۆ دەستخستنی زانیاریی هەواڵگریی پۆلێنکراو.

گرنگ ئەوە نییە کە تەجنید و ئامادەسازیی بۆ سەرچاوەکان بکرێت هەرچۆنێک بێت، چونکە زۆرێتیەکەی پووچی و بێهودەیی بۆ دەزگاکە دروست دەکات، دەبێتە هۆی دۆخێک لە شڵەژان و زیادبوونی کێشەکان، پەرتەوازەکردنی هەوڵەکان و بەزایەدانی کات و بەهەدەردانی پارە. سەرچاوەی جۆریی ئامادە (المصدر النوعي الموجود) لە هەناوی ئامانجەکەدا کە گەیشتنمان بە دیکۆمێنتە نهێنییەکان بۆ

دەرەخسێنێت، ئەوەیە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێت، ئەمە هەڵێکی هەواڵگرییانەیە و دەستخستنی ئاسان نیە، قەرەبووکردنەوەشی لە حاڵەتی لەدەستدانیدا کارێکی سەختە.

پڕۆسەکانی ئامادەسازیی و تەجنید لەناو عێراقدا لە ناوەندە دیپلۆماسییەکەدا کورت دەبێتەوە یان لەو بیانیانەدا کە لە کۆمپانیا بیانیەکاندا کار دەکەن یان ئەو هاوڵاتیە بیانیانەی لە عێراقدا نشتەجێن بۆ مەبەستی هاوسەرگیری یان کارکردن یان لە قوتابییە بیانییەکاندا. لەو پڕۆسانەش دادەنرێن کە زاڵبوون بە سەریاندا، لە دۆخەکانی شکستهێناندا خراپترین شت کە ڕووبدات ناڕەزایەتییە کە باڵیۆزخانە دەیخاتەڕوو و وەستاندنی پڕۆسەی تەجنیدی بەدوادا دێت. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە حاڵەتی هەستان بە پڕۆسەکانی تەجنید لە دەرەوەی عێراقدا بە زۆری بە مەترسی سیاسی و هەواڵگرییانە دەورە دەدرێت، مادامەکی بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە نەکرابێت و حسابی بۆ نەکرابێت.

سەبارەت بە چاودێرە عێراقییەکانیش ئەوا سیستەم تاکی عێراقی ناچار دەکات بە هاوکاریکردن لەگەڵ هەواڵگریدا ئەگەر پێویست بکات باسەکەی لەلا بکرێتەوە بۆ ئامانجێکی ئەمنی، یان ئەگەر داوای کارکردن لە باڵیۆزخانەکان یان کۆمپانیاکان یان دەستە نێودەوڵەتییەکاندا پێشکەش بکات، یان ئەگەر پەیوەندییەک لەگەڵ لایەنێکی بیانی دابمەزرێنێت، ئەگەر هاوکاریکردنیشی ڕەتکردەوە ئەوا زۆربەی جار ڕەزامەندی کارکردن یان هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی پێنادرێت لەکاتێکدا کە بۆ مەبەستی سیخوڕی بەکارهێنراوە. ئیتر بە ئاگەداری ئەو بێت یان بەبێ ئاگەداری ئەو. هەروەها لە بەرژەوەندی تاکی عێراقیشە کە لە دامەزراوەیەکی بیانیدا کار بکات و هاوکاری لەگەڵ هەواڵگریدا بکات، چونکە ئەمە پارێزبەندیە بۆی لەو

بەرپرسیاریەتیەی لە ئەنجامدانی چالاکییەکی سیخوڕی لەلایەن بیانییەوە دەکەوێتەوە، مەگەر بۆ خۆی چوونەناو گەمەیەکی دووفاق هەڵبژێرێت یان نیازی پێشوەخت دەربڕێت بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنێکی هەواڵگریی بیانیدا.

لێرەدا تەنیا بە دوای مەسەلەی تەجنید لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەزگای هەواڵگریدا ناگەڕێین بە تەنیا، بەڵکو پڕۆسەگەلێکی تەجنیدی زۆر ترسناک لە ئاراداان، وەک ئەوانەی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان و حیزبە شۆڕشگێڕ و ئایدیۆلۆژییەکان ئەنجامی دەدەن کە دەبنە هۆی پڕۆسەی گەورە، لە نموونەی ئەوەی قاعیدە (کۆمەڵەکەی بن لادن) ئەنجامیاندا لە پڕۆسەگەلێکی ستراتیژی کە ڕەوتی میژوویان گۆڕی، گرنگترینیشیان هێرشەکانی (١١ سێپتەمبەر/ئەیلولی ٢٠٠١) بوون، کاتێک سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرکیان بە ئامانج گرت لەگەڵ بارەگایەکی حکومی ئەمریکی دیکەدا لە واشنتۆن لە ڕێگەی کۆمەڵێک لە خەڵکانی ئامادەکراوی خۆکوژەوە، وەکچۆن دواتر (دەوڵەتی خەلافەت) لە عێراق و شام توانی وەک بینیمان کە جەماوەرێکی فراوان لە هاوڵاتیانی بیانی و عەرەب و عێراقیەکان ئامادە بکات کە گەیشتنە زیاتر لەسەد هەزار کەس، ٣١ هەزار عەرەب و بیانی و ٥٠ هەزار سووری و ٣٠ هەزار عێراقی، پێشتریش گەورەترین ئامادەسازیی ڕوویدا کە ناویان نرا (عەرەبە ئەفغانییەکان)، قاعیدە پێی هەستا کاتێک بن لادن هاوپەیمانی لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیباندا کرد بۆ بەرهەڵستی داگیرکاری سۆڤێتیی ئەفغانستان و شوێنەوارەکانی.

ـ بنەماکانی تەجنید (ئامادەکردنی ئەندام بۆ خزمەتکردن):

هەموو مرۆڤێک کۆمەڵێک پێداویستی خۆرسکی هەیە، یەکەمیان فیزیۆلۆجیە و پەیوەستە بە پێویستی ئەو بۆ خۆراک و پۆشاک و سێکس پاشان ئاسایش و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگە و بیروباوەڕە فیکرییەکان و هێنانەدی خود و ئارەزووی ئەمری، ئەمانە هەموویان پێکەوە پاڵنەری بەهێزی مرۆڤن. کاتێک مرۆڤ توانای خۆی بۆ تێرکردنی خودی خۆی لەو پێویستیانە لە دەست دەدات، لە ناوەوەیدا پاڵنەرێک دێتە ئاراوە بۆ هەوڵدان بۆ دەستخستنی ئەوەی ئەو پێویستییە تێر دەکات.

لێرەدا گرنگی ئەو هاندەرە دێت کە دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ پێداویستیە خۆرسکەکانی بهێنێتەدی لە پارە و ژیانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ژیانی ئایدۆلۆژیا و ناوبانگ و وەزیفە و سێکس. لێرەدا ڕۆڵی هەواڵگریی دێتر پێشەوە بۆ ئەوەی پاڵنەری پێشکەشکردنی هاندەرەکان بدۆزێتەوە بە ئامانجی ئامادەسازی و تەجنیدکردن و گەیشتن بە هێنانەدی ئامانجی بنەڕەتی، ئیتر لە بواری دەستخستنی زانیاریدا بێت یان وێرانکاری یاخود هەر ئامانجێکی دیکەی شەڕانی (قتالیة)، لەم دیدە سادەیەی سایکۆلۆژیایی مرۆڤەوە دەکرێت ئەو بنەمایانە دیاری بکرێت کە پلانەکانی تەجنید و ئامادەسازی لەسەر بنیاد دەنرێت بە گوێرەی ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە:

١ـ پاڵنەری فیکری (ئایدۆلۆژیی): فاکتەرە فیکرییە سیاسیی و ئەتنیەکان و نەتەوەییەکان و بیروباوەڕی ئایینی و تایفەگەریی، بە یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکانی تەجنید و ئامادەسازی دادەنرێت کە دەزگاکانی هەواڵگریی لە پلانەکانیدا بۆ تەجنیدکردن و ئامادەسازی سەرچاوەکان پشتیان پێ دەبەستێت.

هەستکردنی مرۆڤ بە بوونی ئینتما (هەواداری) بۆ نەتەوەیەک وەک نەتەوەی عەرەبی یان فارس یاخود تورک یان ئینتمای بۆ فیکرێکی سیاسیی نەتەوەیی یان شۆڤێنی یان شیوعی یان دین یا تایفەیەک، بە پەیوەندییەک و فاکتەرێک دادەنرێت کە بە توندی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ دڵسۆزی و لایەنگری بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایە و بەکرێگیراوەکە هەست بە سەلماندنی خودی خۆی دەکات، لەبەرئەوە دژی سەختیەکان دەوەستێتەوە بەخۆشحاڵییەوە، بە خواستی خۆی و بە دڵسۆزیەوە زانیاریی پێشکەش دەکات. بوونی بیروباوەڕ بەوەی هەندێک لە ڕژێمەکان بێباوەڕن لە دەرەوەی دینن لە ڕوانگەی ئاینەوە، دەشێت فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ تەجنیدکردن و ئامادەسازی زۆرێک لە تاکەکان بۆ بەرژەوەندی گرووپگەلێکی شۆڕشگێڕ یان تیرۆریست، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە خێڵەکی و عەشایەرەکاندا.

مومارەسەکردنی سیاسەتی سەرکوتکارانە یان ستەمکارانە بەرامبەر هەندێک لە خێڵەکان یاخود کەسایەتی فیکری و سەربازی و سیاسی یان خێزانەکان یاخود جیاکاری ڕەگەزی و حاڵەتەکانی لاقەکردن و لێسەندنی زۆرەملێ و ونکردن، گرنگرتن هۆکاری کەسی یاخییە لە بەرهەمهێنانی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و سەرسەختی خود. لەوانەیە پەرتەوازەکردنی هاوڵاتیان لە ناوچەکانیان یان لەسێدارەدانی تاکێک لەوان لە عەشیرەتێکدا دەشێت عەشیرەتێک بە تەواوی هان بدات بۆ چوونەناو باوەشی دوژمنانەوە بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە بۆ کوڕەکەی یان بۆ ئەو کەسەی بووە بەهۆی دەربەدەربوون. لەبەرئەوە دادپەروەری و هەڵسوکەوتی دانایانە لەگەڵ هاوڵاتیاندا هۆکاری ئاسایشی سەرەکییە بۆ دەسەڵات کە ڕێگرە لە توانای نەیاران یان دوژمنان لە سەرپێچیکردن. لەوەدا هیچ شتێک جیاواز نابێت کاتێک حکومەتەکان سیخوڕی لایەنی بیانی دەبن ئەوا پاڵنەری نیشتمانی گەشە دەکات لای مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمی دەسەڵاتی

سیخوڕ، تەنانەت گەر ناچاریش بێت بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هەواڵگریی دەوڵەتانی بیانیدا.

بە درێژایی مێژووی میلەتان درکیان بەوە کردووە کە گۆڕانکارییە سیاسیەکان کەشێکی گونجاو دەرەخسێنێت بۆ دەرکەوتنی ڕکابەری هۆزگەری یان سیاسی بۆ کۆنترۆڵکردنی کورسی دەسەڵات یان شێخایەتی بەسەر عەشیرەتدا. ئەمەش تەماحکاران بۆ دەسەڵات هاندەدات کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەهێزەکاندا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ببنە پشتیوان بۆیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی زاڵبوون بە سەر دەسەڵاتدا، یان پێگەی بەرز لە کۆمەڵگە و عەشیرەتدا هەرچەندە بە سیخوڕیش وەسف بکرێت، یان بەهێزکردنی نەیار بۆ هەژمونکردنی بە سەر تواناکانی دەوڵەتدا، یان تەخشان و پەخشانکردنی مال و سامانی گەل لە بەرژەوەندی لایەنی بەهێز، ئیتر لایەنەکە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.

هاوپەیمانێتی هەندێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لە ئێران دوای هاتنی خومەینی بۆ دەسەڵات لە ساڵی (١٩٧٩)دا دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە. وەستانیشیان لە پاڵ ئێراندا لە جەنگی دژی عێراق، وەکچۆن شێخەکانی تیرەگەلێکی سوونی لەگەڵ هێزەکانی داگیرکاری ئەمریکیدا هاوپەیمانیان بەست لە ئەفغانستان ساڵی (٢٠٠١)، لە پێناو بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتیان لە فەرمانڕەوایێتی تاڵیبان.

جیاکردنەوەی نێوان ئەو کەسەی پیشتیوانی لە لایەنێکی بیانییەوە وەردەگرێت بۆ ئامانجێک کە بە باڵای دەزانێت یان ئەوەی دەبێتە سیخوڕ بۆی کارێکی سەختە، بە گشتییش هەواڵگریی بیانی، لە سیستەمە تۆتالیتیرەکانیشدا بە تایبەت، لە نموونەی ئێران و سوریا، تەنیا بە پشتیوانیکردنی واز ناهێنێت، بەڵکو هەر دەبێت لایەنی

هاوپەیمان لەگەڵیدا بکات بە سیخوڕێکی ملکەچ بە شێوەیەکی کوێرانە، ئەمەش ئەوەیە کە لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ڕوویدا کە لە ئێراندا ئامادەن بە شێوەیەکی دیاریکراو. سەبارەت بە هەواڵگریی مەرکەزیش ئەوا زۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئامادەکردووە لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراودا کە بریتیە لە گۆڕینی ڕژیمی سەدام حسێن، کاتێکیش ئامانجەکە هاتەدی پەیوەندیی لەگەڵیاندا کۆتایی هات مەگەر لە چوار چێوەیەکی سنوردارداا.

ئەگەر بیروباوەری ئایینی پاڵنەری ڕاستەقینەی ئامادەسازی و تەیارکردن بێت. ئەوا گومانکردن لە دڵسۆزی ئەو کەسانە لەسەر ئەم بنەمایە کارێکی سەختە. بەڵام دەبێت لایەنە بە سەربازکراوەکان لەوە تێبگەن کە ئەو یارمەتیانەی هەواڵگریی بیانی پێشکەشیان دەکەن بۆ بەرژەوەندی سیخوڕەکە یان دەوڵەتەکەی نییە بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی. خەریکە تالیبان وەک دەبینێ ببێت بە تاکە بزوتنەوەیەک کە خۆی فرێ نەداوەتە باوەڕشی سیخوڕێتیەوە بۆ پاکستان یان ئەمریکا کاتێک پشتیوانی لێ وەرگرتوون لە کاتی بەرگریکردن لە داگیرکاری سۆڤیەتێدا.

کاتێک ئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات دێتەدی، پاڵنەری پارێزگاریکردن لێی و ترس لە لەدەستدانی زەق دەبنەوە، کە قۆناغی چاودێریکردنی ململانێ لەنێوان لایەنەکان و هاوپەیمانێتیەکان دەست پێ دەکات بۆ دیاریکردنی ئەوەی کامە لایەن سەردەکەوێت و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی ببێتە سیخوڕێک بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنەی لە دەسەڵاتدا دەیهێڵێتەوە. لەپێناو مانەوەشی لە دەسەڵاتدا دەشێت هەندێک هاوکاری لەگەڵ شەیتاندا بکەن جگەلە دوژمنی دوێنێ مادامەکی ئەمەی دواییان ئەگەری ئەوەی هەبێت کە پەیمانی مانەوەیان پێشکەش

بکـات بـۆ مـانەوە لە پۆسـتەکانیاندا. ئەمەش ئەوەیە کە لە هەنـدێک کەسـی جومگەکانی دەوڵەت لە ڕژێمی سەدام حسێندا ڕوویدا، کاتێک تۆڕێک لە پەیوەندیی هۆشـدارانە لەگەڵ لایەنەکانـدا چنـدرا لە ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی بە مەبەسـتی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان لە حاڵەتی گۆڕینی ڕژێمدا.

٢ـ پاڵنەری مادی: پاڵنەری مادی کە خۆی لە دەستخستنی پارە و بەرژەوەندی بارزگانیدا دەبینێتەوە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی تەجنید و دروستکردنی ئەندام لە سـەردەمی نوێـدا دادەنرێـت. لە هەمووشـیان بـاوترە، ئەوەش کە لە هێـزی ئەم پـاڵنەرە زیـاد دەکـات هەژاری و کەمـی مـووچە و نەبـوونی توانـای کارمەنـدی دەوڵەت یـان هـاوڵاتی لە دەسـتەبەرکردنی پێویسـتیە تایبەتیەکـان بـۆ خێـزانەکەی بەهۆی هەلومەرجی ئابووری بەرهەمهاتوو لە جەنگ و سیاسـەتەکانی ڕژێمەکان، جیاوازی چینایەتی کە دەبێتە مایەی ئەوەی هاوڵاتی توانای بەرگەگرتنی، دواتریش ڕیسک بکـات و بەدوای هەمـوو ڕێگەیەکدا بگەڕێـت لەپێنـاو دەستخسـتنی پـارەدا تەنانەت گەر سەرەنجامەکانیشیان سەخت و دژوار بن. بەهۆی ئەم هۆکارەشـەوە دەزگا هەواڵگرییە بیانیەکان توانیویانە چەند ڕەگەزێک دەستەمۆ بکەن لەوانەی لە شـوێنی هەسـتیاری دەزگـای ئاسایشـی تایبەتـدا کـاردەکەن. بـۆ نمـوونە دەستەمۆکردنی شـۆفێری تـایبەتی خێزانـی سـەرۆکی کۆچکردوو سـەدام حسـێن، هەروەها دەستەمۆکردنی دوان لە ڕەگەزەکانی ئاسایشی تایبەت کە تەکنیککار بوو لە کایەی پەیوەندییەکاندا. شوێنەکانیان هەلی زانینی تەواوی ئەو پەیوەندییانەی بۆ ڕەخسـاندبوون کە تـایبەتن بەو شـوێنە بەدیـلانەوە کە دەزگـای ئاسایشـی تـایبەت کردبوونی بە بارەگای نهێنی سەرۆک و گەورە سەرکردەکانی دەوڵەت. ئامـانجیش لەدەستەمۆکردنی ئەم ڕەگەزانە کە وا دیارە بەهایەکیان نەبێت، بـریتیە لە گەیشتن بە شوێنەکانی ئامادەبوونی سەری ڕژێمەکە کە سەدام حسێنە.

شایەنی باسیشە کە پاڵنەرە بیروباوەڕییەکانی دەستەمۆکردن لە دەمامکێک یان هۆکارێک زیاتر نین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکە، بەڵام بەرهەمدار نابن ئەگەر بە پاڵنەری دارایی پشتیوانی نەکرێن. ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێت لە پەیوەندیی ئیخوان موسلمین و سەلەفیەکاندا لە عێراقدا، کە پارەیان لە ئێرانەوە وەردەگرت بە بڕی ١٢ ملیۆن دۆلاری سالانە لە ماوەی نەوەدەکاندا. بە هەمان شێوە پەیوەندیی بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینییەکانیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە سەرەڕای ناکۆکی فیکری و بیروباوەڕی ئایینی لەنێوان ئەم دوولایەنەدا، بەڵام هاوکارییە ئێرانییە سەخاوەتمەندانەکان، ئیتر بە پارە بێت یان بە چەک یاخود بە لایەنە هونەری و تەکنیکیەکان، بناغەبوون لە بنیادنانی پردی پەیوەندیی بەم شێوە تۆکمە و بەهێزە.

٣-پاڵنەرە سێکسیەکان: سێکس بە یەکێک لە دەرگاکانی دەستەمۆکردن دادەنرێت. ئیتر بە پەیوەندیی سۆزداریانە بێت لە پێناو درکاندنی زانیاریی بە مەبەست یان لە نەزانییەوە. دەشکرێت عەشیقەکە (ژنەکە) دەستەمۆبکرێت و بکرێتە ئەندام پێش دەستەمۆکردنی پیاوە عاشقەکە کە ئامانجەکەیە لە قۆناغی یەکەمدا، وەکچۆن دەشکرێت پیاوەکە دەستەمۆبکرێت و بهێنرێت بۆ لای ژنەکە ئەگەر ژنەکە ئامانجەکە بوو. کەوتنەناو خۆشەویستی ژنێکی دیاریکراوەوە لە لایەنی کەسێکەوە کە ئەو ژنە پەیوەندیی لەگەڵ دەزگا هەوڵگرییەکانی دوژمندا هەبێت دەیکات بە ئامانجێکی ئاسان بۆ دەستەمۆکردن. وەکچۆن زۆرەملێی سێکسیش بەکاردەهێنرێت لە تێوەگلاندنی نەیار و دوژمنان دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ئابڕووبەر وێنە دەگیرێن لەگەڵ ژناندا، پاشان هەڕەشەلێکردنیان یان بەئابڕووبردن یاخود بە هاوکاریکردن. لەسەر ئەم بناغەیەش دەزگاکە چەند پلانێک دادەنێت بۆ

کشـــاندنەوەی ژمـــارەیەک لە ئەفســـەرانی هەواڵگـــری، ئەوانەی کەوتـــونەتە داوی پەیوەندیی تایبەتەوە لەگەڵ ژنانێکی پەیوەست بە دەزگا هەواڵگرییە بیانیەکانەوە.

٤. پاڵنەری رق و کینە و تۆڵەسەندنەوە: ئەم پاڵنەرانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ پەیوەندیکردنی زۆرێک لە کەسایەتیە عێراقییە خاوەن دەسەڵات و دارایيەکان بۆ هاوپەیمـانێتی لەگەڵ دەزگـا هەواڵگـرییە بیانییەکانـدا، نەک بە پـاڵنەری سـیخوڕی یان بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکی خودی، بەڵکو ئامانجەکەیـان ڕزگـاربوون بـووە لە سـەرۆک سـەدام حسـێن بە چەنـد پاڵنەرێـک کە جیـاوازن لە هەڵسـەنگاندنا، هەندێک بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی دەبیـنن. وەک ئەوەی ڕوویدا لە کەیسـەکەی (لیوای پزیشک دکتۆر ڕاجی تکریتی، لیـوای فرۆکەوان محەمەد مەزڵـوم دلێمـی، جاسم ئەمین موخلیس، شێخ تاڵیب سوهەیل دلێمی و هیی تر).

٥. هەڕەشە و زۆرەملێ: ئەم فاکتەرە دەچێتە ناو ئەو هەلومەرجەی کەسەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت، دەکەوێتە خاڵێکی لاوازییەوە، کە وایلێدەکەن ملکەچ بێت بۆ لایەنێکی هەواڵگریـــی وەک کەســـی قەرزار کە توانـــای دانەوەی قەرزەکەی نیـــیە، یـــان وێنەگرتنـی لە دۆخێکـی ئـابڕووبەردا، یـان ئەو زینـدانیەی ئومێـدی لێخۆشـبوونی هەیە، یـــاخود بـــوونی پێویســـتی بە نشـــتەجێبوون لە دەوڵەتێکـــی دیـــاریکراودا ڕووبەڕووی هەڕەشـــە و زۆرلیکـردن و دەسـتەمۆکردن و ملکەچـی دەبێـتەوە لە بەرامبەر ئەم نشتەجێبوونە، هەروەها پڕۆسەکانی ئامادەکردنی ئەندام لە ڕێگەی لاقەکردن و هەڕەشە بە ئابڕووبردندا. ئەمە و شازیی سێکسیش (الشذوذ الجنسي) بە کەلێنێک دادەنرێت هەواڵگریی دوژمـن لە ڕێگەیەوە دزە دەکـات، وەکچـۆن ئەو زیـادە مەسـرەفییەی لە سـەروی داهـاتی تـاکەوەیە لەگەڵ ژیـانی خۆشـگوزەرانیدا، دەبنە هۆی ئەوەی کەسەکە بکەوێتە ناو تەڵەی هەواڵگرییەوە.

٦. دۆخی بێئومێدیی: بێئومێدیی لە ئەنجامی ئەو بریارە خراپانەوە دێت کە دەبنە مایەی کارەساتە گەورەکان یان ئابلۆقەی ئابووری کە دۆخێک لە هەڵاوسانی بەدوادا دێت لەگەڵ بێتوانایی هاوڵاتی لە پڕکردنەوەی پێویستیەکانی. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە بێئومێدی بە هۆی باوەڕبوونی بااڵوە بە سەرکردایەتی و ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە و ئەو شایەتیەوە بێت کە هاوڵاتی ئاسایی نایەوێت، دەوڵەمەندی لە ڕادەبەدەری بەرهەمهاتوو لە پڕۆسەکانی گەندەڵییەوە، یان کاتێک هاوڵاتی سادە خوێنی خۆی پێشکەش بە نیشتیمان دەکات و دەبینێت گەندەڵکاران بەری قوربانییەکانی دەچنەوە. کۆی ئەم فاکتەرانە دەبنە مایەی دۆخێک لە لاوازی و دەستەبەردارببوون لە پارێزبەندی خودی، کە هاوڵاتی هاندەدەن هاوکاری لەگەڵ لایەنی دەرەکیدا بکات بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی ئامادە.

- قۆناغەکانی پڕۆسەی بە ئەندامکردن (تەجنید):

لە سەرەتای هەموو پڕۆسەیەکی کردنە ئەندامدا دەبێت پێویستیەکە بە دۆزینەوەی سەرچاوەیەک لە دامەزراوەی وەسفکراودا دیاری بکرێت لە نەخشەی ئامانجەکان و ئەو پلانی کارکردنەی پێویستە ببڕدرێت لە ڕێگەی ڕەگەزێکی مرۆییەوە کە لە ناو دامەزراوەکەدا کاردەکات، ئیتر دەزگای حکومی بن وەک وەزارەتی دەرەوە یان بەرگری یاخود سەرۆکایەتی یان دەزگای هەواڵگریی یان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و شاندی بیانی و هیتر، ئەگەر لای بەشەکە یان وێستگەکە (المحطه) دیدێکی ڕوون هەبوو بۆ پڕۆسەی بڕین و دزەکردن، پێویستە ئەوە ڕوون بکاتەوە لە پلانی کارکردنی سااڵنەیدا بە پێچەوانەشەوە، پێویستە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دابنرێت و پلانی کارکردنی وێستگەکە کە بە ڕوونی

ئامـاژەیە بـۆ زەرورەتـی گەڕان بە دوای ڕێگـایەک بە دوای هێنانەکـایەی هەلێکـی هەواڵگریی لەناو دامەزراوە بە ئامانجگیراوەکاندا.

قۆناغی یەکەم: بـریتییە لە پڕۆسـەی دیـاریکردنی ئەو ئامـانجەی کە دەخوازرێت ئامـادە و تەجنیـد بکرێـت لە دامەزراوەکەدا، زۆربەی جـاریش دەکرێـت هەلێکـی هەواڵگریـی دەسـتبخرێت لە ڕێگەی کۆبـوونەوە فەرمییەکـان و یـانە دیپلۆماسـی و کۆمەڵایەتیەکـــان و ســـەردانی دەزگـــا بە ئامانجگیراوەکـــان لەژێـــر پەردەی پەســەندکراودا، ئەو بـۆنە نیشـتیمانیانەش کە باڵیۆزخانەکـان دەیـانبەن بەڕێـوە و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و هۆڵەکانی ئوتێلە پلە یەکەکان یـان قاوەخـانە ناسـراوەکان کە ئاسـتی دیـاریکراو لە کەسـایەتیەکان سـەردانیان دەکەن. یان لە کاتی گەشتکردندا، لەڕێگەی بـازنەی پەیوەندییەکانی هاوڕێیان یـان سـەرچاوەکان یـاخود دراوسـێیان و هیـی تـریش لەو شـوێنانەی کە ئەگەری ئامـادەبوونی کەسـایەتی بە ئامانجگیراویـان تێـدا دەبێـت. کاتێـک وێسـتگەکە ئەو کەسـەی دەسـت دەکەوێـت کە مواسـەفاتی خـوازراوی بەسـەردا پڕاکتیـک دەبێـت پڕۆسـەی کـۆکردنەوەی زانیـاریـیە تێروتەسـەلەکان دەسـت پێـدەکەن پاشـان بـۆ قۆناغی دووەم دەگوازرێنەوە.

قۆناغی دووەم: قۆناغی هاتنەدی بەریەککەوتن کە گرنگترین قۆناغە لە قۆناغەکانی ڕێکارەکـانی سـازکردنی ئەنـدام، مەبەسـتیش لە بەریەککەوتـن ئاشـنابوونە بەو کەسەی پێویستە ساز بکرێت وەک ئەندام، پەیوەندیی لەگەڵیدا بنیاد بنرێت و کار لەسـەر لێکـۆڵینەوە سـایکۆلۆژیەکەی بکرێـت و سـیماکانی کەسـایەتیەکەی دیـاری بکرێـت بـۆ زانینـی خاڵەکـانی لاوازی و بەهێـزی لەلای، و دیـاریکردنی بنەمـای سـازکردنی ئەنـدام کە پشـت بە پلانـی سـازکردنەکە دەبەسـتێت، هەروەهـا

دیاریکردنی ڕەوتە فیکرییەکان یان زۆرەملێیەکان یاخود مادیەکان. بە زۆریش بنەمای مادی یان بەرژەوەندی شەخسی بەربلاوترین بنەمایە کە لە پڕۆسەکانی ئامادەکردنی ئەندامدا پشتی پێ دەبەستریت. دەگمەنیشە بەڵکو مەحاڵە ئامانجەکە لە پڕۆسەی ئامادەکردنی ئەندام دەربچێت ئەگەر بە شێوەیەکی باش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و دۆسیەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئیدارەبکرێت، مەگەر ئەفسەری هەواڵگرییەکە شایستە نەبێت کە ئەمەش بابەتێکی دەگمەنە بەڵام ڕووش دەدات.

هاتنەدی حاڵەتی بەریەککەوتن و تەماس ئەو خاڵەیە کە ڕێکارەکانی پتەوکردنی پەیوەندیی بە ئامانجەکەوە بە شێوەیەکی لێکۆڵراوە لێوە سەرچاوە دەگرێت لە ڕێگەی بنیادنانی بانگهێشت و قۆزتنەوەی بۆنەکانی پێشکەشکردنی دیاری بۆ خۆی و هاوسەرەکەی، لەوانەشە بابەتەکە پێویستی بە دامەزراندنی پەیوەندیی خێزانی هەبێت لەگەڵیدا بە مەبەستی پەردەپۆشی و پاساوی پەیوەندییەکە و بەهێزکردنی.

قۆناغی سێیەم: لابردنی بەربەستی ترس و دووددڵی لای ئامانجەکە لە ڕێگەی بایەخدان پێی و خوڵقاندنی جۆرێک لە متمانە لەنێوان ئەو ئەفسەرەی هەواڵگریدا. هەروەها زەمینە سازی بۆ گواستنەوەی پەیوەندیی لە چوارچێوەی هاوڕێتیەوە بۆ قۆناغی پێوانەکردنی کاردانەوەکان، لە ڕێگای چوونە ناو مشتومڕی سیاسی لەگەڵیدا پاشان تەرحکردنی بابەتی هەواڵگریی بۆ ئامادەکردنی لە ڕووی زەینیەوە بۆ قبوڵکردنی بیرۆکەی کارکردن لەگەڵ هەواڵگریدا و دەستکەوتەکانیش، هەروەها نابێت ئەو کەسەی مرۆڤەکە ئامادەدەکات بۆ کارەکە دوو دڵ بێت لە ئاماژە کردن بۆ دەزگای هەواڵگریی و گرنگیەکەی و تواناکانی و بایەخەکەی لە شاندە

دیپلۆماسیەکان و ... تاد. بەبێ داواکردنی هیچ زانیارییەکی هەواڵگریی لێی کە بشێت دۆخێک لە هەستیاری و ترسی لەلا دروست بکات.

ڕێکارەکانی تۆندوتۆڵکردنی پەیوەندیی بە شێوەیەکی پلەبەندانە بەڕێوەدەچێت، کاتێکی زۆر دەخایەنێت، کاتێکیش وێستگەکە (المحطة) لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئامانجەکە دەگاتە ئەم قۆناغە، کەواتە پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا تۆند و تۆڵ کردووە بە جۆرێک کە بواری پاشەکەشەی پێ نەدرێت.

قۆناغی چوارەم: دەستکردن بە داواکردنی زانیاریی سادە لە ئامانجەکە، وەک ئەوەی بۆ نموونە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سادەی لێ داوابکرێت بۆ بەرژەوەندی سەنتەری توێژینەوەکان یان بۆ مەبەستی ڕۆژنامەگەری وەک زانیاریی سیاسی ئاشکرا کە گومان دروست ناکەن، ئامانجیش لەوە دەستەمۆکردنی کەسەکە و دروستکردنی پاساوێکە بۆ پێشکەش کردنی پارە بەرامبەر ئەم ڕاپۆرتە سادانە، پاشان دەیبەن بەرەو قۆناغی داواکردنی زانیاریی دەربارەی ئەو دامەزراوەیەی کاری تێدا دەکات بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکان لە بەرژەوەندی سەنتەری توێژینەوەکان لە وەزارەتی دەرەوەدا، بەم شێوەیە پڕۆسەکە بەردەوام دەبێت بە فراوانکردنی بازنەی داواکارییەکان لێی بە شێوەیەکی پلەبەند.

وەکچۆن دەکرێت لەم قۆناغەدا داوا لە ئامانجەکە بکرێت واژوو لەسەر پسوولەکانی وەرگرتنی بڕەکان بکات بە بیانووی چارەسەری حساباتی سەرفکردن، ڕێگریش نییە لە باسکردنی ناوی کەسەکە، بەڵکو تەنیا گەیاندنی وەرگرتنەکە دەنووسێت بە دەستوخەتی خۆی لەگەڵ واژوو و نووسینی بەرواردەکە، دەشکرێت ناوێکی دیکە هەڵبژێرێت کە بۆ واژووکردنەکە لەسەر وەرگرتنی بڕەکان بەکاری بهێنێت. لەکاتێکدا کە شێوازی وەسڵی وەرگرتنی

برەکان سادەیە، وەک ئەوەی لە بەڕێز فلان (ناوی ڕاستەقینە یان خوازراوی ئەفسەری هەواڵگری یان ناوی باڵیۆزخانەکە) ئەوەندە بڕەت وەرگرتبێت و لەپێناویدا واژووت کردبێت.

پێویستە ڕێکارەکانی پشکنین و وردبینی هاوڕێی قۆناغەکانی ئامادەکردنی ئەندامەکە بێت، ئیتر پشکنینی ئەو زانیاریانە بێت کە پێشکەشی کردوون، یاخود چاودێریکردنی و گرتنەبەری ڕێکاری هونەری، پلانی پشکنینەکە پشت بە دۆخی گۆڕەپانەکە و تواناکانی وێستگەکە دەبەستێت.

پلان و شێوازی جموجۆڵەکە لەگەڵ ئەو ئامانجەدا کە بۆ کاندیدکردن پاڵێوراوە پشت بە بنەمای بە ئەندامکردن دەبەستێت کە دەبێت چۆن بێت، بەوەدا کە هەموو پاڵنەرێک ڕێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ قسەکردن لەسەر کەسەکە، لەبەرئەوە بابەتەکە تەواو جیاوز دەبێت کاتێک بناغەی ئامادەکردنی ئەندامەکە لەسەر پاڵنەری فیکری ئایدۆلۆژی بەند بێت یان لەسەر پاڵنەری نیشتیمانیی یان تایفەگەری یاخود نەتەوەیی و ئەتنی یان مادی.

قۆناغی کۆتایی: بریتییە لە قۆناغی دەستپێشکەری بۆ قسەکردن. شێوازی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی لەسەر قسە لەگەڵکردندا بوونی نییە لەسەرجەم حاڵەتەکاندا، بەڵکو هەموو حاڵەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. دوای ئەوەی قۆناغێکی دوور و درێژمان بڕی لە ڕێکارەکانی پتەوکردنی پەیوەندیی و لابردنی بەربەستەکانی دوودڵی و هاوکاریکردنی دارایی، هەر دەبێت گرەنتی ڕەزامەندی کەسەکەمان کردبێت بۆ کارکردن لەگەڵماندا و پاشەکەشە لەلایەنی ئەوەوە بووە بە کارێکی سەخت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی بە نووسینی ڕاپۆرت و وەرگرتنی بڕی پارە ڕاهاتووە. لەبەرئەوە دەکرێت بۆ نموونە؛ بە ئامانجەکە (کەسەکە)

ڕابگەیەنین کە ئەو سەنتەری توێژینەوەیەی ڕاپۆرتەکانمان بۆ بەرزکردووەتەوە لە ڕاستیدا دامەزراوێکی سەر بە دەزگای هەواڵگرییە نەک سەر بە وزارەتی دەرەوە. دەزگاکەش ئاگەداری سەرجەم ئەو زانیارییانەیە کە پێشکەشی کردوون، شادمانە بەوەی پێشکەشکراوە و بە گرنگیەکەشی. ئێمە خولیای ئەوەمان هەیە کە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵتدا کراوە و ڕوون بێت و لەسەر ڕاشکاوێتی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بَنیادنرابێت بەبێ هیچ فێڵ و چەواشەکارییەک. دەزگاکەش ئامادەیە بۆ هێنانەدی پێداویستیە مادیەکانت بە گوێرەی ئاستی هاوکاریکردنت لەگەڵماندا، دەشکرێت نموونەی بەڵێننامەی کارکردن بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی بخەینە بەردەم کە بریتییە لە (من کە لە خوارەوە واژووم کردووە.... بەڵێن دەدەم کار بۆ بەرژەوەندیی هەواڵگریی عێراقی بکەم، دڵسۆز و ئەمین بم لەسەر پەیوەندییەکە و زانیاریی دروست پێشکەش بکەم کە دەستی دەخەم و لەسەر ئەمە واژووم کرد)، کەسەکە بەجێدەهێڵرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناوە خوازراوەی دەیەوێت.

واژووکردنی سەرچاوەکە لەسەر بەڵێننامەکە ناچاری نییە. ئەگەر دوودڵ بوو لەوە دەکرێت دەستبەرداری بین و بیر لە ڕێگایەکی دیکە بکەینەوە بۆ سەلماندن و بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هەواڵگریدا بە ئاگەداری خۆی وەکچۆن بەڵێنامەکە شێوازێکی میسالیانەش نییە لە سەرجەم پڕۆسەکانی ئامادەکردنی ئەندامدا، بەڵکو سەبارەت بە هەندێک کەسایەتی گرنگ لە ئاستی وەزیر یان گەورە بەرپرسان ئەوەیان لێ داواناکەین، بەڵکو شێوازی تر دەگرینەبەر بۆ دەستخستنی بڕیاردان لەسەر هاوکاریکردن لەڕێگەی داواکردن لێ کە پیرۆزباییەکی دەستنووس بۆ بەڕێوەبەری دەزگاکە بنووسێت بە بۆنەی جەژنی نیشتیمانییەوە یان هەر بۆنەیەکی دیکەی ئاینی یان نیشتیمانی بۆ سەلماندنی هاوکاریکردنەکەی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریدا بە ئاگاداری خۆی. لە بەڵێننامەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە

چۆن جەخت لە ڕاستگۆیی دەکاتەوە لە پێدانی زانیاری، لەو ڕوانگەیەوە کە ئامانج لە بە ئەندامکردنەکەدا دەستخستنی زانیاریی دروستی پۆلێنکراوە لە پلەیەکی بەرزی نهێنیبوون و گرنگیدا.

لە چەند دۆخێکی گرنگی پڕۆسەکانی بە ئەندامکردندا (تجنید) وێستگەکە هەڵدەستێت بە پیادەکردنی قۆناغەکانی یەکەم، ئەفسەری هەواڵگریی لە سەنتەر هەڵدەستێت بە پڕۆسەی گفتوگۆی کۆتایی. بە زۆری لە دەوڵەتی سێیەمدا دەبێت یان لە ڕێگەی میواندارێکردنی کەسەکە لە عێراق، بە ئامانجی پاراستنی وێستگەکە و گرەنتی سەلامەتی پڕۆسەی بە ئەندامکردنەکە لە چالاکییەکانی بنبڕکردنی سێخۆڕی دژ، دووڕکەوتنەوە لە ئەگەرەکانی کاردانەوەی نەرێنی، وێستگە دەشتوانێت مومارەسەی پڕۆسەی بە ئەندامکردن بکات مادام نەکەوتۆتە سەر خاکی دەوڵەت.

ـ خۆبەخشەکان:

خۆبەخشەکان، ئەو کەسانەن کە سەردانی باڵیۆزخانەکان دەکەن یان پەیوەندیی بە وێستگەکانمانەوە دەکەن لە دەرەوە، خزمەتەکانیان دەخەنەڕوو لە بواری هاوکاریکردنی هەواڵگرییدا، بە زۆریش دۆخیان گومانباوی دەبێت، لەبەرئەوە بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگریی ڕێگە بە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆبەخشەکان نادات و وێستگەکانمان پێشوازی لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکانیان ناکەن نە دیداریشیان لەگەڵدا ساز دەکەن، بەڵکو داوا لە یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە دەکەین ئەو ئەرکە ئەنجام بدات بۆ ئاگەداربوون لەو زانیاریانەی لەلایەن، یان ئەوەی دەکرێت

خۆبەخش پێشکەشی بکات لەگەڵ هۆشداری زۆر لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەوەش لەپێناو دوورکەوتنەوە لە حاڵەتەکانی کەشفبوونی ئەفسەرانی هەواڵگری. لەوانەیە دەزگاکە هەندێک حاڵەتی بەسود فەرامۆش بکات بەڵام جیاکردنەوەی ئەو خۆبەخشانەی بۆ مەبەستی هەواڵگریی لەوانی تر جیاکراونەتەوە پێویستی بە توانای هەواڵگریی تەکنیکی بەرز هەیە، مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لە دەرەوەی عێراق سەرکێشیەکە کە ئەنجامەکانی حساب نەکراون. بەڵام خۆبەخشەکانی لەناو عێراقدا مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێوەدەچێت بەگوێرەی دۆخ و سیاقەکان کە پڕۆسەکانی بەدواداچوون و وردبینی و کۆنترۆڵ بەرامبەر خۆبەخشەکە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەبێ مەترسی بەڕێوەدەچێت.

زۆربەی پڕۆسەکانی بڕین و دزەکردنی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان هەواڵگریی ڕوسی و ئەمریکیدا لە ڕێگەی خۆبەخشەکانەوە بەڕێوەچووە لەسەر بنەمایەکی مادی، بۆ نموونە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا هەواڵگریی ئەمریکی ڕووبەڕووی لەسێدارەدانی چوار لە سەرچاوە گرنگەکانی بوەوە لەلایەن دەسەڵاتی ڕووسیەوە، کە ئەو چوار کەسە لە سەنتەری هەستیار لە دەزگا ڕووسیەکاندا کاریان دەکرد، ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی تواناکانی خۆی خستەگەڕ بۆ زانینی نهێنی دزەکردنەکە و بڕینەکە، پڕۆسەکانی لەسێدارەدان لەنێوان سیخوڕەکانی ئەمریکا لە ڕووسیا بەردەوام بوو تا گەیشتەوە سەرچاوە، بەدواداچوونیش بۆ یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی مەرکەزی بەناوی ڕۆبێرت ئەمیس بەردەوام بوو کە بۆ ماوەی دە ساڵ گومان بەدەوریدا درێژەی کێشا، ئۆفیسی لێکۆڵینەوە فیدراڵیەکان نەیتوانی پەیوەندییەکە بسەلمێنێت و سیخوڕەکە کەشف بکات تەنیا دوای ئەوە نەبێت کە هەواڵگریی ئەمریکی ئەفسەرێکی بااڵی لە هەواڵگریی ڕووسیدا کرد بە ئەندام و نیو ملیۆن و نیو دۆلاری پێدا لەگەڵ بەخشینی مافی پەنابەری پێی بۆ ئەوەی

بۆیان کەشف بکات کە ئەو ئەفسەرە ئەمریکیە کێیە زانیاریی داوە بە ڕووسەکان، بەڕاستیش دەستگیرکراوە، ڕوون بووەوە کە ئەفسەرە گومان لێکراوەکە خودی خۆیەتی (ڕۆبێرت ئەمیس) کە سیخوڕی هەواڵگریی ڕووسی بوو، خزمەتەکانی دەخستە بەردەمیان و ناوی چوار لە گرنگترین سەرچاوەکانی هەواڵگریی ئەمریکا لە ڕووسیا بە یەک جار پێدان، هەروەها بەڵگەی پێویستی کەشف کرد بۆ تاوانبارکردنیان بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە ڕووس داوا بکات، بەڵکو ئامانجەکەی بەهێزکردنی متمانەیان بوو پێی، لەگەڵ ئەفسەری وێستگەی هەواڵگریی ڕووسی (عەقید ڤیکتۆر چیرکاچین) دا ڕێککەوتبوو بۆ پەیوەندیی لەگەڵیدا لە ڕێگەی حەشارگەیەکی نهێنیەوە لە یەکێک لە دارستانەکانی ڤێرجینیا، زانیاریی تێدا دادەنا پاشان ئەفسەری هەواڵگریی ڕووسی دەهات و بەریدەکەی دەبرد و ڕاسپاردە و پارەی بۆ بەجێ دەهێشت کە گەیشتە سێ ملیۆن دۆلار لە هەمان حەشارگەدا. ڕووسەکان بەهیچ شێوەیەک نەگەیشتن بە سەرچاوەکە، هیچ پەیوەندییەک ڕووی نەدا تەنیا لە ڕێگای حەشارگە نهێنیەکەوە نەبێت، ئەم شێوازەش لە پەیوەندیی بووە ڕێگر لە کەشفبوونی سیخوڕەکە (سیخوڕەکە) لەلایەن ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی سەرەڕای تێپەڕبوونی دەساڵ لە بەدواداچوونی بەردەوام بۆ کەیسەکە. بەڵام لە کۆتاییدا کەوتە بەردەست و بە هەتاهەتایی حوکمدرا و هێشتا هەر لە زیندانایە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە. مەبەست لە باسکردنی ئەم چیرۆکە ڕوونکردنەوەی چۆنێتی بەهێزکردنی متمانەیە لەنێوان خۆبەخش و هەواڵگریدا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زانیاریگەلێک کە لەو پەڕی هەستیاریدایە و پێویستی بە وردبینی نییە. بەبێ تێپەڕین بە قۆناغەکانی بە ئەندامکردندا یان چالاکییەکانی دیکە، وەک ئەوەی ئەم کەیسە ڕوونی دەکاتەوە کە باشترین هۆکار بۆ دەستگیرکردنی سیخوڕ و

بەکرێگیراوەکان و کورتترینیان بڕیتییە لە دزەکردنە ناو دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی دوژمن.

ـ هاوکاری هەواڵگریی نێودەوڵەتیی:

دەزگا هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکان هەوڵ بۆ هێنانەئارای چەند شێوازێک بۆ هاوکاریکردن دەدەن لە نێوان خۆیاندا بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، بە چەشنێک کە گەرەنتی بەرژەوەندیە ئەمنیەکانی بکات، بە تایبەتیش بە هەموو ئەوەوە کە پەیوەستە بە تۆڕە تیرۆریستەکان و ڕێکخراوە توندڕەوەکان و نۆڕەکانی شوشتنەوەی پارە و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان و تاوانە ڕێکخراوەکان.

لقی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئۆفیسی تایبەت بەرپرسە لە هاوکاری نێودەوڵەتی، ئەو لایەنەشە کە نوێنەرانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی پەیوەندیی پێوە بکەن، ئەوانەی لە دەزگا هەواڵگرییە دۆستەکانەوە نێردراون، وەکچۆن لایەنی بەرپرسیشە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی دەزگا هەواڵگرییە دۆستانەکان ئەوانەی نێردراون بۆ بەغدا.

هەمیشە نوینەری دەزگای هەواڵگریی ئەندامێک دەبێت لە بواری دیبلۆماسیدا لە باڵێۆزخانەدا، هەڵدەستێت بە پڕۆسەی گواستنەوەی زانیاریی و پەیام لەنێوان هەردوو لادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئیتر زانیارییەکان یان پەیامەکان نووسراوبن یان زارەکی، لە بارەگای دەزگاکە ئامادە دەبێت و سەرۆکی دەزگاکە لە ئۆفیسەکەیدا دەبینێت، وەکچۆن نوێنەرانی بەڕێوەبەری دەزگاکە سیستەمێکی کۆدی تایبەت بە خۆیان هەیە جیاواز لە کۆدی وێستگەکە.

دەزگای هەواڵگریی پەیوەندیی هاوکاری هەواڵگرییانەی لەگەڵ ژمارەیەک لە دەزگاکانی هەواڵگریدا هەبووە کە ئەمانەن:

١. هەواڵگریی ڕووسیی.
٢. هەواڵگریی ئەردەنیی.
٣. هەواڵگریی فەڕەنسیی.
٤. هەواڵگریی ئیسپانیی.
٥. هەواڵگریی یۆنانیی.
٦. هەواڵگریی میسریی.
٧. هەواڵگریی جەزائیریی.
٨. هەواڵگریی هیندیی؛ پەیوەندیکردن لەگەڵیدا درەنگ دەستی پێ کرد لە ساڵی ٢٠٠١دا.

زۆربەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی کەناڵە هەواڵگرییە فەرمیەکانەوە دێن بەهۆی (نوێنەرانی دەزگای هەواڵگرییەوە)، ڕاستەوخۆ تەوزیف دەکرێت بۆ سەرۆکایەتی بە بێ ئاگەداری بەشە تایبەتمەندەکان مەگەر لە هەندێک حاڵەتدا کە ڕەنگە ئەو زانیارییانەی تێیدا هاتوون واقعی نەبن یان ڕازیکەر نەبن. لەم حاڵەتەشدا بەڕێوەبەری دەزگاکە داوای ناردنی زانیارییەکان دەکات بۆ لق یان بەشە تایبەتمەندەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادەی ڕاستێتیان لەپێناو دووركەوتنەوە لە چەواشەکاری یان هەڵەی بێمەبەست یان لەوانەیە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو مەبەست بووبێت.

ئەو زانیارییانەی بە دەزگا دۆستەکاندا تێدەپەڕێنرێت ملکەچی ڕەزامەندی سەرۆک سەدام حسێن دەبن بە شێوەیەکی شەخسی، سەرۆک لە ماوەی

نەوەدەکاندا سەرنجی بایەخپێدانێکی زۆری دا لەلایەن هەواڵگریی خۆرئاواییەوە، بە تایبەتیش فەڕەنسی و ئیسپانی، بە داواکردنی زانیارییەکانمان دەربارەی ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان، سەرۆک فەرمانێکی دەرکرد بەوەی هیچ زانیارییەک لە بارەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە نەدرێت بە دەزگا هەواڵگرییە دۆستەکان جگەلە تیرۆریستیەکانیان، هەروەها لە فەرمانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە بایەخدانی زیادە لەلایەن هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی خۆرئاواوە بە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان هیچ تەفسیرێکی نییە جگەلە بە ئامانجگرتنێکی ڕوونی ئیسلام. پێویستە بە ئاگابین لە بەدەمەوە هاتنی داواکانی دەزگا هەواڵگرییەکان لەوەدا کە پەیوەستە بە ڕیکخراو و بزوتنەوە و کۆمەڵە ئیسلامییە میانڕەوەکان، جەختی کردەوە لەسەر بوونی دووفاقییەکی سەیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامییەکاندا کە وەک کارتی فشار دژی ڕژێمە عەرەبییەکان بەکاریاندەهێنن، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی سنوردانان بۆ کاریگەریەکەی لەسەر تۆڕی مسوڵمانان دەدات لە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان و ئەمریکادا.

دەزگا هەواڵگرییە دۆستەکان داوای زانیاریی لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان و ڕێگای تەمویلکردنیان و پەیوەندیەکانیان بەڕێکخراوە توندڕەوەکانەوە دەکات لەگەڵ ڕادەی هاوسۆزی میللی لەگەڵیدا و حەقیقەتی ئایدیاکانیان و نیازەکانیان. لەڕاستیدا زۆربەی سەرکردەکانی شەپۆلە ئیسلامیە ئۆپۆزسیۆنەکانی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەورۆپادان، بە تایبەتیش فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و بەریتانیا و ئەمریکا. بۆ دژایەتی سیستەمە عەرەبییەکان بەکاردەهێنرێن بەڵام متمانەیان پێناکەن، بڕوایان وایە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری دەکەن لە خۆشکردنی ئاگری توندڕەوی ئیسلامی لە ئەورۆپا و ئەمریکادا.

یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی بەرەی ڕزگاری ئیسلامیی لە جەزائیر کە عەلی بلحاجە، لە ئەمریکا دادەنیشێت، وەکچۆن (عیسام عەتار)ی سوریش. سەرکردەی (ئیخوان موسلمین) و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئیخوان لە نموونەی (ئیبراهیم زیات، محەمەد تەها سەبڕی)، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بوون، لەپاڵ ئەو سەرکردانەدا کە لە فەڕەنسادا نیشتەجێن، وەک (عەبدولحەکیم سەفڕیوی، محەمەد حەنیش و سافی ڕەمەزان بەنا)، کوڕەزای (حەسەن بەنا)ی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە.

پەیوەندیی بەریتانیاش بە ئیخوان موسلمینەوە، زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (جەمال عەبدولناسەر)، کە ئیخوان لەلایەن هەواڵگریی بەریتانیەوە پشتیوانی کران و پەنابەری سیاسی پێدان، پارێزگاری لێ کردن و پێشتوانی دارایی کردن، لە هەوڵەکانی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولناسەرپشدا بەکاری هێنان کە هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە دەکرد.

وەکچۆن زۆربەی سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی کە بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی ئایدۆلۆژیە توندڕەوەکان، لە بەریتانیا و فەڕەنسا و سویسرا و ئەڵمانیادان، چەندین دەیەیە بە سەر دەوڵەتەکانی خۆرئاوای ئەوروپادا دابەش بوون و هێشتاش هەر لەوێن، لە ناویشیاندا ڕاشد غەنوشی، سەرکردەی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لە تونس و ئەبو حەمزەی میسڕی.

ئەبو حەمزەی میسری (مستەفا کامیل مستەفا)، مەترسیدارترین کەسایەتی ئیسلامیی توندڕەو بوو لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو و ڕەگەزنامەی ئەوێی هەبوو، شوێنکەوتوانی بەشداریان کرد لە ڕفاندنی گەشتیارانی بەریتانیی لە یەمەن ساڵی ١٩٩٨، سێ کەسیشی لێ کوشتن، دواتریش تۆمەتبارکرا بە بوونی پەیوەندیی

هگەڵ ئەنجامدەرانی هێرشەکانی (١١ سێپتەمبەر/ئەیلول ٢٠٠١)، یان ئەوەی بە ناگیرکردنی نیویۆرک) ناودەبرێت. پاشان گواستراوە بۆ ئەمریکا و بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتایی بە سەردا درا، لەگەڵ ئەم هەموو لادانەشدا لە سەرکردەکانی ئیخوان موسلمین و ئەو بزوتنەوە ئیسلامیانەی بەریتانیایان کردبوە گۆڕەپانی پێشوازی و بەهێزکردنی ڕێکخستنە تێرۆریستیەکانیان، هێشتا گۆڕەپانی بەریتانیا هەر بە پایەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ چالاکیە سیاسی و ئایینیە توندڕەوەکانی.

لە چوارچێوەی هاوکاریکردنی هەواڵگریدا، هەواڵگریی ڕووسی زانیاریی پێداین سەبارەت بە جموجۆڵەکانی ئەو هێزە ئەمریکیانەی عێراق بە ئامانج دەگرن لە ماوەی نەوەدەکاندا، ناوچەکانی قەدەکردنی فڕین لە باکوور و باشوور، هەندێکیشیان وردنەبوون.

ڕووسەکان لە زانیارییەکانیاندا پشتیان بە چاودێریکردنی پەیوەندییەکانی گەلەکەشتی ئەمریکی دەکرد لە ناوچەی کەنداودا و زانیارییەکانیان شیکار دەکرد و باوەڕیان بە بوونی نیازی هێرشگەلێک هەبوو کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە بەڵام ڕوویان نەدا، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزە ئەمریکیەکان ئامانجە تایبەتەکان دیاری دەکەن بە بەرگرییە ئاسمانیەکان و خۆیان بۆ هێرشکردنە سەریان ئامادە دەکەن، بەڵام ستراتیژیرتی سەربازی عێراقی تایبەت بە کارکردن لەگەڵ دەرچوونە ئاسمانییە ئەمریکیەکاندا لە ناوچەکانی دژە فڕین پێویستی بە داخستنی ڕاپەڕەکان هەبوو بەر لە کردنەوەیان بۆ ماوەی کەم، پاشانیش گۆڕینی شوێنەکانیان، کە ڕێگری لە هێزە ئاسمانیە ئەمریکیەکان دەکات لە لێدانیان یان هێرشکردنە سەر شوێنی چۆڵ.

ـ چاندنی ستراتیژییانەی ئەفسەرانی هەواڵگریی:

دەستەی چاندنی ستراتیژی (هيئة الزرع الاستراتيجي) بە نهێنییبوونی باڵا لە کارەکەیدا وەسف دەکرێت و جگە لە زانیارییەکی یەکجار کەم نەبێت دزە ناکات لێوەی، بە زۆریش زانیارییە دزەکراوەکان چەواشەکارن بۆ ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی. ئامانجیش لە پڕۆسەکانی چاندنی ستراتیژی بریتیە لە پشتگیریکردنی پڕۆسە دەرەکییەکان بە شێواز و ڕێبازی نوێ کە پێویستیان بە بەرگەگرتنی مەترسی گەورە و خۆڕاگری و پشوودرێژی هەیە، دەزگا بەم جۆرە پڕۆسانە دەڵێت؛ (چاندنی دار خورما)، لەو ڕووەوە کە دار خورما دوای شەش یان حەوت ساڵ بەردەگرێت.

سەرکەوتنی چاندنی ستراتیژی پشت بە کۆمەڵێک فاکتەر دەبەستێت کە گرنگترینیان نهێنییوونی ڕەهایە. سیناریۆی ئامادەکراویش بۆ هەموو پڕۆسەیەک بە گوێرەی پلانێکی تەواوکراوە بۆ داخستنی سەرجەم کەلێنەکان، وردەکاری هەڵبژاردنی ئەفسەری هەواڵگریی لە ڕووی متمانە و توانا کەسیەکان لە کارکردندا بە تەنیا و دامەزراندنی پەیوەندییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی سەختترین هەلومەرجەوە دەبێت.

وەک هەمیشە ئەفسەر بە دوو ڕێگا هەڵدەبژێردرێت، یەکەمیان؛ هەڵبژاردن لە دەرەوەی دەزگاکەوە، پاشان لێژنەکە سەرجەم ڕێکارەکان ئەنجام دەدات لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ مەبەستی ئامادەکردنی کاندیدەکە بە شێوەیەکی ورد. هەڵبژاردنی کاندیدێک لە دەرەوەی دەزگا پێویستی بە ئامادەکردنی ڕۆمانێکی ئاڵۆز نییە کە بکەوێتە پێش گەشتەکەیەوە، بەڵکو دەکرێت پلانێکی گونجاوی بۆ ئامادە بکرێت مادامەکی لە ئەندامانی دەزگاکە نەبێت و نەناسراو بێت، ئیتر ئەوە لە

ناو دەزگاکەدا بێت یا لە دەرەوەیدا بێت لای ناسیاو و دۆستان و دراوسێکانی. حاڵەتی دووەمیش ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکە لە نێوان ئەو ئەفسەرانەی دەزگاکەدا دەبێت کە هەلومەرجە شەخسی و کۆمەڵایەتیەکانیان لەگەڵ ئەو گۆڕەپانەدا کە دەپاڵێورێت بۆ چاندن تێیدا گونجاو دەبێت. ڕێکارەکانی ئامادەکردنی ئەفسەران فێربوونی زمانی وڵاتەکە بە باشی دەگرێتەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونی و ئەو ڕێکارانەی دەیانگرێتەبەر بۆ دەستخستنی پەنابەری هەتا هێنانەدی ئامانجە گرنگەکە بریتیە لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە. ئەفسەری کاندیدکراو ئامادە دەکرێت بۆ پڕۆسەی چاندن بە بڕێک لە پارە کە بەشی بکات بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ تا کاتی سەقامگیربوونی دۆخی خۆی و دەستخستنی هەلی کاری گونجاو. سەرەڕای بوونی هێڵی پەیوەندیی بۆ حاڵەتە دوورەکان بەڵام نابێت هیچ پەیوەندییەک بێتەدی لەنێوان ئەفسەر و سەنتەرەکەدا بە درێژایی سێ یان چوار ساڵی یەکەم، وەکچۆن ناشبێت ئەفسەری چێنراو پەیوەندیی بە باڵێۆزخانەی عێراقییەوە یان وێستگەی هەواڵگرییەوە بکات لەژێر هەر هەلومەرجێکدا بێت. پێویستە ئەفسەر پشت بە توانا خودییەکانی خۆی ببەستێت لە دەستخستنی ڕەگەزنامەی دەوڵەتەکەدا بۆ ئەوەی دەست بە قۆناغی دووەم بکات کە ئامادەی دەکات بۆ دەستخستنی هەلی کارکردن لە شوێنێکی گرنگدا.

بەر لەوەی لە چیرۆکی چاندنی یەکێک لە ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگریی عێراقی پێشوو لە ئەمریکا بدوێین، پێویستە ئاماژە بە ترسناکترین پڕۆسەی چاندنی ستراتیژی و ئاڵۆزترینیان بکەین کە مۆسادی ئیسرائیلی ئەنجامیدا لە شەستەکاندا، کاتێک (ئیلی کوهین)ی سیخوڕ لە دیمەشق چێنرا بە ماسکی سەرمایەدارێکەوە و توانی پەیوەندیی فراوان لەگەڵ ناوەندە سیاسیی و سەربازییەکان دروست بکات

بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە تێیاندا زانیاریگەلێکی لەو پەڕی گرنگیدا پێشکەش بە ئیسرائیل کرد، هەتا بە ڕێکەوت کەشف کرا دوای ئەوەی پەیوەندییە کۆددارەکانی لەگەڵ مۆساددا تەشویشێکی بۆ سەر باڵیۆزخانەی هیندی دروست کرد، کە بووە مایەی سەرسامی هەواڵگریی سەربازیی کە چاودێری پەیوەندییەکەی کرد، هەتا دەستگیری کرد و ئامێری پەیوەندییەکەی لێ سەند، پاشان لە ساڵی ١٩٦٥دا لەسێدارەدرا.

ـ کەیسی ئەفسەرێکی هەواڵگریی عێراقی چێندراو لە ئەمریکا:

لەنێوان ئەو کەیسانەدا کە لێکۆڵینەوەیان پێ کراوە لەگەڵ منداا لەلایەن ئۆفیسی لێکۆڵینەوەکانی فیدراڵی ئەمریکی لە زیندانی (کروبر)دا لە ساڵی ٢٠٠٣، کەیسی ئەفسەرێکی هەواڵگریی مەسیحییە لە دانیشتوانی موسڵ، ئێمە لە هەشتاکاندا لە دەزگا پێکەوە کارمان دەکرد، دەرچووی کۆلێژی شارێکە بە ناوی (س خ ی)، کاتێک لێکۆڵەر لە بارەی ڕادەی پەیوەندیمەوە پێوەی پرسیاری لێکردم، وەڵامی لێکۆڵەرە ئەمریکیەم دایەوە کە ئاشنایەتیم پێی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی لە دەزگادا هاوکاربووین لە ماوەی هەشتاکاندا پاشان گواستراپەوە بۆ دەرەوەی دەزگا، دواتر زانیم کە کۆچی کردووە بۆ ئیسپانیا. لێکۆڵەرەکە گوتی: چۆن بە بوونی ئەفسەرێکی هەواڵگریی عێراقی (چاندراو) لە گۆڕەپانێک نازانیت کە تۆ بەرپرسیت لێی؟ سەرسام بووم لە هەواڵەکە جەختم کردەوە لەسەر ئەوەی ئاگام لە بوونی هیچ ئەفسەرێکی هەواڵگریی لە ئەمریکا نییە جگە لەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی لەژێر پەردەی دیپلۆماسیدا لە شاندی عێراقیدا لە نیوێورک و واشنتۆن کاردەکەن، هەروەها ئەوەم بۆ ڕوون کردنەوە ئۆفیسی تایبەت بەرپرسە

لە بەڕێوەبردنی پڕۆسەکانی چاندنەکە، لقە تایبەتمەندەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەوەوە نییە. سەرەڕای ئەوەش کە هیچ دیکۆمێنتێکیان نەخستۆتە بەردەمم، بەڵام ئەوە ڕوونە دەستیان لەسەر دۆسیەی کەیسی چاندنی تایبەت بە ئەفسەرەکە دانـاوە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیـان لەگەڵ لایەنەکـانی دیـکەدا تەواوکـرد قەناعەتیان هێنا بەوەی کە لقی ئەمریکا ئاگای لە کەیسەکە نییە، لەوەوە زانیم کە ئەفسـەرە چێنـراوەکە لە سـەرەتای نەوەدەکـانەوە عێراقـی بەجێهێشـتووە بەرەو ئەردەن لەوێشەوە گەشتی بۆ یۆنـان کردووە و لەوێشـەوە بۆ ئەمریکا، پەنابەری سیاسی دەستکەوتووە، ڕەگەزنامەی ئەمریکی بەدەستهێناوە، لە یەکێک لەو بەشە گرنگانەدا کاری کردووە کە سەرپشکی دەکەن لە گەڕان بە ئازادی لە یەکێک لە فڕۆکەخـانە ئەمـریکییە نێـودەوڵەتیە گرنگەکانـدا. وەکچـۆن زانیشـم کە ڕەوانەی دادگـایەکی ئەمریکـی کـراوە بە تـۆمەتی درۆکـردن لەگەڵ فەرمـانگەی کۆچـدا و سوێندخواردنی. بڕیاری زیندانیکردنی سادەی بە سەردا درا بۆ ماوەی دوو ساڵ، لەوانەشە ڕەگەزنامە ئەمریکیەکەی لێسەندرابێتەوە، بەڵام هێشتا هەر لە ئەمریکایە.

بەشی حەوتەم

تۆپراسیۆنە هەوالگریـیە سیاسییەکان

چەمکی پڕۆسە سیاسییەکان پەیوەستە بەو کارە هەواڵگرییانەوە کە خاوەنی کاریگەری سیاسین. لە ڕێگەی دەستوەردانەوە دێت بە ئامانجی کاریگەری بۆ سەر داڕێژەرانی بڕیار لە دەوڵەتانی خاوەن کاریگەری ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان یان دەوڵەتانی بواری سەرەکی دارایی سیاسیی کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هینانەدی ئەنجامە خوازراوەکان، لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشدا بەتایبەت، لەو ڕوانگەیەوە کە حیزبەکان یان کەسایەتیە سیاسیەکان پێویستیان بە پشتگیریکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خۆیان هەیە، لەکاتێکدا کە لە ململانێ سەربازیەکانی نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنە شۆڕشگێڕەکان و سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی یان ناکۆکییە چەکدارانەکانی نێوان دەوڵەتاندا، ئەوا پشتگیری سەربازی بە پلەی یەکەم دێت و پشتگیری دارایی و سیاسی بە دوایدا دێت.

پێشتر لە پێشەکیەکەدا گوتم؛ من تەنیا بە بەشێکی کەم لە پڕۆسە نەوعیەکانی دەزگای هەواڵگریی ئاشنام، سەرەڕای زانیاریی دڵنیایانەشم سەبارەت بە ناونیشانی کەیسگەلێکی گرنگی پەیوەست بە پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردە سیاسیە گەورەکان یان سەرۆککۆمارەکان و وەزیرەکانی دەرەوە کە هێشتا لە دەسەڵاتدان، زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە سەرپەرشتی ئەو ئۆپراسیۆنانەیان کردووە ڕێگربوون لە هاوکاریکردن لەگەڵمدا و کەشفکردنی چەند لایەنێکی ئەو ئەرکانە لە ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقیا و ژینگەی هەرێمی عێراق، لەبەر چەند هۆکارێک کە هەندێکیان بابەتین و هیی دیکەش کە بێ پاساون. لەبەر ئەوە ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین تەنیا بەشیکی سادەیە لە هەواڵگریی عێراق.

- پرۆسەیەک دژی قەزافی(موعەمەر قەزافی):

لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە لووتکەی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکان لە جەنگی عێراق ئێراندا، بەغدا لەناکاو ڕووبەڕووی یەکەمین موشەکی ئێرانی بووەوە بۆ سەر باڵەخانەی بانکی مەرکەزی لە ناوەڕاستی بەغدادا. پسپۆران بەشەکانی موشەکەکەیان پشکنی و دەرکەوت کە موشەکێکی ڕووسی جۆری سکۆدە و لە لیستی چەکی سوپای ئێرانیدا نییە، لە ڕێگەی بەدواداچوون و وردبینییەوە ڕوون بووەوە کە سەرچاوەکەی لیبیایەوە عەقید قەزافی ئەو ڕۆکێتانەی بە ئێران داوە.

دەبوایە بەرپەرچدانەوەیەکی ڕێگرانە هەبێت کە ئەم کارە هەڵەشەیە ڕابگرێت کە قەزافی ئەنجامیدا کە هیچ پاساوێکی نییە جگەلە پاڵنەری شەخسی بەرهەمی ڕقلێبوونی لە سەدام حسێن، دەمودەست سەرۆک سەدام حسێن فەرمانێکی دەرکرد بە ئامادەبوونی هەواڵگریی و سەربازی لەسەر سنووری لیبیا. ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی لەسەر سنووری لیبیایی لەگەڵ چاددا ئامادەیی هەبوو، لەکاتێکدا کە پەیوەندیمان لەگەڵ سەرۆکی چاد حسێن حبری باش بوو لەلایەنی ئێمەوە پیشتوانی دەکرا، پەیوەندییە چادی لیبییەکان خراپ بوو و هێزەکانی قەزافی پشتگیری ئەو کۆمەڵانەی دەکرد دژی ڕژێمەکەی (حسین حبری)ن.

سەربازگەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی بنیادنرا لەسەر سنووری لیبیا- چاد، کە سەرجەم ڕەگەزەکانی ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی کە لە بەغدا و چاد ئامادەبوون گواستراندوە بۆ ئەوێ بە مەبەستی ڕاهێنانی سەربازی، پردێکی ئاسمانی لە بنکەی ڕەشیدی سەربازییەوە لە بەغدا بۆ فڕۆکەخانەی (نجامینا)ی یاپتەختی چاد بنیادنرا، بۆ گواستنەوەی هەرچی ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی پێویستیەتی لە چەکی سووک و مامناوەند و هاوەن و دژە دروع، ئۆپراسیۆنەکان بە سەرپەرەشتی

ئەفسەرانێکی هەواڵگریی بوو کە بریتین لە هەریەک لە: (خ ش) (خ وەندەاوی) (خ.حەماد) (ع جبووری)، لەلایەنی سیاسیشەوە (تاریق عەزیز) بەرپرسی دۆسییەکە بوو.

دوای ئەوە هێزە ئۆپۆزسیۆنە لیبیاییەکان ڕاهێنانەکانی خۆیانیان تەواو کرد، هێرشێکی لەناکاویان کردە سەر هێزەکانی قەزافی کە لەژێر سەرکردایەتی (ڕائید خەلیفە حەفتەر) بوو، زیانی گەورەیان پێگەیاند، بەجۆرێک (حەفتەر)ی لە گۆڕەپانی جەنگ کشاندەوە. چەند ڕۆژێکی نەبرد هەتا (موعەمەر قەزافی) بەڕێوەبەری هەواڵگرییەکەی خۆی (قذلف الدم)ی نارد بۆ بەغدا. لە پێشوازیکرنەکەیدا لە فڕۆکەخانە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی (فازیڵ بەڕاگ) و (فەریق حسێن کامیل) ئامادە بوون. منیش سەرپەرەشتی ڕێکخستنی پێشوازیکردن لە ڕۆیشتنی وەفدە لیبیەکەم کرد، کە هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر وەستاندنی پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیۆنی لیبیایی لەلایەن عێراقەوە بەرامبەر ڕاگرتنی پشتیوانیکردنی ئێران لەلایەن لیبیاوە.

- جموجۆڵ دژی ئەو ئەندامانەی هەمیشەیی نین لە ئەنجوومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتییدا:

لە ماوەی ڕووخانی یەکێتی سۆڤێتەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا، ئەمریکا هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاند بەو پێیەی تاکە جەمسەرە. دەوڵەتانی جیهانی بە گشتیی ملکەچ کرد بێئەوەی هیچ دەوڵەتێک بتوانێت بە فیعلی ڕووبەڕووی ئیرادەی ئەو بێتەوە جگەلە عێراق و کوریای باکور. لە ساڵی ١٩٩٧دا، عێراق لەژێر فشاری سزا نێودەوڵەتییەکان و ڕێکاری پشکنینی نێودەوڵەتییدا بوو کەوت کە

هەڵسەنگاندنی بە شێوەیەکی دەوری بەڕێوە دەچوو بە بڕیارێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە بەبێ ناکۆکی نێودەوڵەتی. لەنێوان ئەو ئەندامانەی بەردەوام ئامادە نەبوون (الأعضاء غير الدائمين) دەوڵەتێکی ئەفریقی هەبوو کە هێڵی پەیوەندیمان لەگەڵ وەزیری دەرەوەیدا هەبوو لە ڕێگەی بیزنسمانێکی سۆمالیییەوە کە ناوی (عوسمان) بوو، کە هەواڵی پێداین بە بوونی توانای کاریگەری بۆ سەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتە وە گرتنەبەری هەڵوێستێکی دژ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. عوسمانی سۆمالی بۆ بەغدا بانگکرا و ڕێکەوتن لەگەڵیدا کرا بۆ ئامادەبوونی عێراق بۆ پێشکەشکردنی پاداشتێکی دارایی کە لە سەروی دوو ملیۆن دۆلارەوەیە بەرامبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە هەڵوێستێک بگرێتەبەر کە دژی پڕۆژەی (بڕیاری ١١٣٤)ی ساڵی ١٩٩٧ بێت، کە پێداگری کرد لەسەر ئەوەی دەسەڵاتە عێراقییەکان ڕێگەدان بە پشکنەرەکان ڕەتبکەوە لە گەیشتن بە دامەزراوەکان و کەسەکان، عێراقیشی تۆمەتبار کرد بە لەناوبردنی بەڵگەنامەی تایبەت بە چەکی کۆکوژ و سەبارەت بەوەی ئەندامانی شاندی نێونەتەوەیی ڕووبەڕووی مەترسی کردۆتەوە. وەکچۆن ڕێککەوتنیش کرا لەسەر میکانیزمێک بۆ پاساوی بڕیاری وەزیری دەرەوە بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی ناکۆک، دەشبوایە سەرۆکی دەوڵەت ئاگاداری ئەو ڕێکخستنانە بووایە، لای وەزیر و نوێنەرەکەیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا پاساوی بۆ ئەم کارە هەبێت.

بەر لە ڕۆژی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، وەزیری دەرەوە ئەو کەسەی بانگ کرد کە بە کارەکانی باڵیۆزخانەی عێراقی هەڵدەستێت (ف ح م) بۆ بارەگای وەزارەتی دەرەوە، وەزیر داوای لێکرد زانیاریی بخاتە بەردەم ئەوانەی بەرپرسن لە فەرمانگەی عەرەبی لە وەزارەت لە بارەی بارودۆخەکانی لە عێراق و کاریگەری سزاکان، پەیوەندیی لەگەڵ پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو

کەسەی بە کارە عێراقییەکان هەڵدەستا ئاگەداری چەند لایەنێکی موفرەداتەکانی پلانەکە بوو، ئامادەش بوو زانیاریی تەواو دەربارەی ئابڵۆقەی ئابووری و کاریگەرییەکانی و پابەندبوونی عێراق بە پڕۆسەکانی دامالینی چەکی کۆکوژ بخاتەڕوو، لەگەڵ وەفاداری عێراق بۆ خواستەکانی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا وەزیر ڕەخنەی گرت و گوتی: ئێمە لە بەردەم هەڵوێستێکی مێژوویی و مرۆیی سەختداین، پێویستە هەڵوێستێک بگرینەبەر دژی پڕۆژەی بڕیارەکە.

بەرپرسانی وزارەتی دەرەوە پیشتوانی ئارەزووکەی وەزیریان کردو، ڕێنمایی نێردرا بۆ مەندوبی دەوڵەت لە نیویۆرک کە ڕەخنەی توندی بەرامبەر بڕیارەکەی وەزیر خستەڕوو و گوتی: ئەوە کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەکات لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیدا، داوای ڕەزامەندی سەرۆکی دەوڵەتی کرد، سەرۆکی دەوڵەتیش بە مامەڵەکەی دەزانی و هاوبەش بوو تێیدا و مەندوبی ئاگەدار کرد کە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزیرەوە.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تووشی شۆک بوو بە ناڕەزایەتی پێنج دەوڵەت لە پڕۆژەی بڕیارەکە کە بریتین لە چین و فەڕەنسا و ڕووسیا و کینیا و میسڕ. کە شۆکێکی بۆ مەندوبی ئەمریکی دروستکرد و سەرکەوتنێکی گەورەش بۆ دیپلۆماسیەتی عێراقی لە شکاندنی دیواری هەژموونی ئەمریکی لەسەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەم قەبارەیە لە دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکی بەرامبەر عێراق.

بێنەزیر بۆتۆ

جموجۆڵی دەزگای هەواڵگریی بۆ سەر بەنازیر بۆتۆ دەستی پێکرد لە ڕێگەی هاوڕێیەکی خوێندنیەوە (کوڕی وەزیرێکی پێشووی عێراق) لە هەمان زانکۆ لەگەڵیدا دەیخوێند لە بەریتانیا لە سەردەمی حەفتاکاندا. پاشان پەیوەندیەکە بۆ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ وەرچەرخا. دەزگا پشتیوانیەکی دارایی زۆری کرد کە توانی لە هەردوو ماوەکەی هەڵبژاردندا سەرکەوتووبێت.

جاک شیراک

لە ساڵی ١٩٧٤دا، سەدام حسێن پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ جاک شیراکی سەرۆکوەزیرانی فەڕەنسا بنیادنا، لە ماوەی سەردانەکەی بۆ عێراق، شیراک زۆر سەرسام بوو بە کەسایەتی (سەدام حسێن). سەرۆک فەرمانی بە دەزگای هەواڵگریی کرد بۆ پشتیوانیکردنی شیراک لە هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسادا. بەڕاستیش جاک شیراک لە ڕووی دارایيەوە پشتیوانی کرا لە سەرەتای هەشتاکاندا، کە دوو گۆزمە لە پارەی کاش ڕادەستی یەکێک لە کەسە نزیکەکانی کرا لە میترۆی پاریسدا لەبەر کەشفبوونی سەرچاوەکانی تەمویلکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی.

ئەسیاس ئەفورقی، سەرۆکی ئەرتیریا

پەیوەندیی لەگەڵیدا لە ڕێگەی خەباتگێڕی جەزائیری (برکە تفریج)ەوە دەستی پێکرد، کاتێک (ئەفورقی) سکرتێری گشتیی بەرەی میللی ڕزگارکردنی ئەرتیریابوو، کە کۆلۆنییەک (داگیرکراوێک) بوو سەر بە ئەسیوبیا، پشتگیرکردنی بزوتنەوەکە بەردەوام بوو هەتا ئەرتیریا سەربەخۆیی بەدەستهێنا و ئەفورقی بوو بە سەرۆکی.

پەیوەندیی لەگەڵ سووریا

سەرەڕای خراپی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریا لە ماوەی دوو دەیە و زیاتریش، بەڵام پەیوەندیی نێوان دوو گەلەکەی ئەم دوو وڵاتە هیچ ڕق و کینەیەکی بەرهەم نەهێنا، ناکۆکی سەختی نێوان دوو سەرکردایەتیەکەش سەری نەکێشا بۆ کلتووری دوو گەلەکە. دیپلۆماتکارە سوورییەکان لە تایفەی عەلەویش بە تایبەت کە متمانەدار بوون لای ڕژێم، پەیوەندییان لەگەڵ دیپلۆماتکارە عێراقییەکاندا هەبوو، گوزارشتیان لە خەمی خۆیان بۆ خراپی پەیوەندییەکان دەکرد، هەروەها ڕەخنەشیان لە هەڵوێستی سوریا بەرامبەر جەنگی عێراق ئێران هەبوو لەگەڵ بەشداریکردنی هێزە سوورییەکان لە جەنگی کوێت ساڵی ١٩٩١. لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی سەرۆک حافز ئەلئەسەد دا لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی بەرەی نیشتیمانی سووری بۆ پاساوی بەشداریکردنی سوریا، یەکێک لە ئامادەبووان باسی هۆکاری بەشداریکردنێکی (سوپای عەرەبی سوری هەڵگری ئاڵای قەومیەتی عەرەبییە) هێزەکانی هاوپەیمانی

نێودەوڵەتی دژی عێراق بۆ ڕزگارکردنی کوێت کرد، وڵامەکەی سەرۆک ئەمە بوو: (بەشداریکردنمان لە هاوپەیمانێتی سەربازیدا دیمەشقی لەو بۆردوومانە ڕزگار کرد کە بەغدای وێرانکرد).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١یشدا، و لە کاتی بەشداریکردنی سوریا لە ڕێکەوتنەکانی ئاشتیدا لەگەڵ ئیسرائیل کە لە ئیسپانیا بەڕێوەچوو، شڵەژان لە ناو سوریادا ڕوویدا بە تایبەتیش لەلایەن ڕێکخستنی ئیخوان موسلمینەوە کە سووربوون لەسەر ئەنجامدانی شۆڕشێکی چەکدارانەی دووەم دژی ڕژێمەکەی حافز ئەسەد. تووڕەبوونی میلییان قۆزتەوە لەسەر بەشداریکردنی سوریا لە جەنگەکەدا دژی عێراق و بەشداریکردنی لە ڕێککەوتنی دوولایەنەدا لەگەڵ ئیسرائیل بە چاودێری ئەمریکا. ئەو سەرکردانەی (ئیخوان موسلمین) کە لەو کاتەدا لە عێراق بوون، لە سەرووی هەمووشیانەوە (سەدرەدین بەیانوونی)، لە پاڵ نزیکەی (٣٠٠)شەڕکەر کە لە سەربازگەیەک نزیک شاری ڕومادی ڕاهێنانیان دەکرد، داوای چەکدارکردنیان و ڕێگەدانیان بە دزەکردن لە تورکیاوە کرد لەوێشەوە بۆ چوونەناو سوریا بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕش و یاخیبوونی چەکداری. باسمان لەو مەترسیانە کرد لەگەڵیاندا کە لەم سەرکێشییە دەکەوێتەوە، گوزارشتمان لە ترسی خۆمان کرد لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکەی شۆڕشی ئیخوان ساڵی ١٩٨٢، کە بووە مایەی کوشتنی ٣٠ هەزار سووریی، بەڵام سەرکردایەتی ئیخوان سووربوون لەسەر ئەوەی هەلومەرجەکە جیاوازە و ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویدا دووبارە نابێتەوە، لەژێر تیشکی ئەو مشتومڕانەدا پلانەکەی ئیخوان موسلیمینمان بە سەرۆکایەتی کۆمار ڕاگەیاند، پێشنیاری ڕەزامەندیمان لەسەر داواکانیان کرد، بەڵام وەڵامەکەی سەرۆک جیاواز هات کاتێک سەرۆک نووسی: (ڕازی نیم... هەلومەرجەکە گونجاو نییە.. ڕژێمی سوری چۆتە ناو ڕێککەوتنەوە لەگەڵ

ئیسرائیلدا، ئەگەر هەستیش بە لاوازی بکات بەرامبەر مەترسییەکی ناوەکی کە هەڕەشە لە قەوارەکەی دەکات ئەوا داوای پاڕێزگاری لە ئەمریکا و خۆرئاوا دەکات، تەنازولاتێک دەکات لە بەرژەوەندی ئیسرائیلی کە لە ئێستادا نایەوێت بیکات).

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی دەزگای هەواڵگریدا بۆ ڕزگاربوون لە گۆشەگیری ئابووریی و سیاسیی عێراق و کردنەوەی دەرچەیەکی نوێ لەپاڵ تاکە دەرچەی (طریبیل)دا لەگەڵ ئەردەن بۆ شکاندنی ئابلۆقەی ئابووریی، لقی سوریا ڕوومالێکی کرد بۆ دیاریکردنی ئەو بەرپرسە عێراقیانەی پەیوەندیی دۆستانەیان بەستووە و لەگەڵ ئەو بەرپرسە سوریانەدا کاردەکەن کە لە ڕێکخراوەکانی جامیعەی دەوڵەتانی عەرەبی کاردەکەن، بینیمان ئەندازیار (محەمەد تاهیر حەیال) نەقیبی ئەندازیارانی کشتوکاڵی عێراقی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (یەحیە بەکوور)ی سووری هەیە کە سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی عەرەبی بوو، پاشان بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی عەرەبی سەر بە جامیعەی دەوڵەتانی عەرەبی کە بارەگاکەشی لە خەرتووم بوو. یەحیا بەکوور لەو کەسایەتیە سوورییە عەلەویانە بوو کە زۆر نزیک بوون کە سەرۆکی سووری (حافز ئەسەد)ەوە.

لە ساڵی ١٩٩٣دا، داوامان لە ئەندازیار (محەمەد حەیالی) کرد پەیوەندیی بە هاوڕێیەکەیەوە (یەحیا بەکوور) بکات بۆ ئاگەداربوون لە بارەی بۆچوونیەوە سەبارەت بە کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات، بەڕاستیش بە ڕۆڵی خۆی هەستا لە ئاگادارکردنی (حافز ئەسەد) بە ئارەزووی عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. دیدی سەرۆک ئەسەد ئەوە بوو کە

سوریا ڕووبەڕووی فشار دەبێتەوە لەلایەن دەوڵەتانی کەنداو و خۆرئاواوە. گەڕانەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا پێویستی بە دانبەخۆداگرتن هەیە، ئەگەر عێراق دە هەنگاو بەرەو ڕووماڵ بنێت ئێمە ناتوانین لە یەک هەنگاو زیاتر بچینە پێشەوە.

لەو ڕووەوە کە یەحیا بەکوور لە خەرتوومە، بە باشمان زانی باڵێۆزی عێراق لە خەرتووم پەیوەندیی پێوە بکات. کە لەو کاتەدا (عەبدولسەمەد قەیسی) بوو. دۆخەکە بەمجۆرە تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو کاتێک ڕێنماییەک لە سەرۆک سەدام حسێنەوە دەرچوو بۆ پێکهێنانی وەفدێکی بچووککراوەی پێکهاتوو لە یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی لە باڵێۆزێک لە وەزارەتی دەرەوە بۆ گەشتکردن بە وشکانیدا لەڕێگەی دەرچەی (الولید)ەوە بۆ سوریا، نوێنەری دەزگاکە بەڕێز (ئەیاد عەکاش) و نوێنەری دەرەوە باڵێۆز (ئەنوەر سەبری) بوو، هەر کە گەیشتنە سنوور لەلایەن هەواڵگریی سوورییەوە پێشوازیان لێ کرا و گواستراندەوە بۆ دیمەشق کە وەفدەکە گەیشتن بە حافز ئەسەد خۆی، پەیامی زارەکیان گواستەوە لە سەرۆک سەدام حسێنەوە کە هەڵگری دوو ناوەڕۆک بوو، یەکەمیان: ئەوەی سوریا و عێراق لە لیستی دەوڵەتانی بە ئامانجگیراوی ئەمریکان، بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەییش وا دەخوازێت کار لەسەر دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکان و کردنەوەی سنور بکەن. بابەتی دووەمیش: داواکە لە حافز ئەسەدەوە بوو بۆ دەستوەردان لەلایەن دەسەڵاتە لوبنانیەکانەوە بۆ ئازادکردنی ئەفسەرانی هەواڵگریی حوکمدراو بە تاوانی کوشتنی (شیخ تاڵیب سوهیل)، کە بریتین لە (م.ج) و هادی حەسوونی، ئەوەش تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ڕادەی جددیەتی حافز ئەسەد. سەرۆک ئەسەد ڕازی بوو بە ئازاد کردنی دوو بەندکراوەکە و ئازادکردنیان لە لایەن لوبنانەوە، چوونە ناو عێراقەوە لە ڕێگەی دەرچەی (ولید)ی

وشـکانییەوە، لەلایەن هەواڵگریـی سـوورییەوە پێشـوازییەکی زۆریـان لێکـرا کە گواستنیەوە بۆ سنوور. سەبارەت بە پەیوەندیە سیاسیەکانیش ئەسـەد گوتی: (ئەبو عودەی کاتێک خۆشەویستی دەنوێنێت ئەوا دەینوێنێت و کاتێکش ڕق هەڵدەگرێت ئەوا هەڵیدەگرێت). پێداگریشـی کـردەوە لەسـەر ئەوەی گەڕانەوەی پەیوەندییەکان پێویستی بە کاتی زیاتر هەیە، سوریا هێشتا هەر لەژێر فشاردایە، هەروەها ئەسـەد گوتیشـی: (تەنـانەت گەر باڵیۆزخـانەیەکیش لەنێـوان هەردوو وڵاتدا بکەینەوە، ئەوا عێراق ئەفسەرانی هەواڵگریی دەنێرێت، سوریاش هەمـان شت دەکات و دواتریش پەیوەنـدییەکە تێکـدەچێتەوە). ئاماژەشـی بەوە کـرد کە لەپێشـینەیی کـارەکە ئێسـتا بـریتییە لە پتەوکردنـی متمـانە لەنێوان هەردوو وڵات: بۆچوونەکە لای ئێمە وابـوو کە سەرۆک ئەسەد بەم دیدە دەیەوێت زۆر لە دەوڵەتـانی کەنـداوی عەرەبـی بکـات تا دوا ڕادەی مومکین بۆ دەستخستنی هاوکاری دارایی و ئابووری.

لە سـاڵی ١٩٩٨دا، (عەبـدوڵا ئـۆجەلان) لە سـوریا بـوو، کە حیـزبەکەی (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی تورکیـا) جەنگێکـی سەرسـەختانەی دژی تورکیـا دەگێـڕا، نزیکەی ٤٠ هەزار کوژراوی بەجێهێشت، ئەمەش تورکیای هاندا بۆ ئەوەی داوا لە سوریا بکات لە خاکەکەی دەری بکات یان ڕادەسـتی تورکیـای بکـات. لە سـەرەتادا سـوریا بەدەم داواکەی تورکیـاوە نەهـات، لەبەرئەوە تورکیـا هێزەکـانی لەسـەر سنووری سـوریا کۆکردەوە، هەڕەشـەی ڕامـاڵینی خـاکی سـوریای کرد. لەبەردەم ئەم پەرەسـەندنانەدا سـەرۆک سـەدام حسـێن داوای لە دەزگـای هەواڵگریـی کـرد پەیوەنـدیی بە لایەنـی سـوورییەوە بکـات، پێیـان ڕابگەیەنێـت کە عێـراق هەمـوو یەکەکـانی گـاردی کۆمـاری دەخـاتە ژێـر هەڵسـوکەوتی سـوریاوە، سـەرۆک ئەسەدیش جگەلە کردنەوەی سنوور هیچی دیکەی لەسـەر نییە و لێمان بگەڕێت سەربازیانە ڕووبەڕووی تورکیا ببینەوە. هەواڵگریی سوری پەیامەکەی وەرگرت

و دەمودەست (لیوا محەمەد مەمسووڕە)ی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سووری نارد بۆ ناوچەی باکوور بۆ بارەگای هەواڵگریی ڕەبیعە کە بەڕێوەبەری ئۆفیسی دەزگای هەواڵگریی دکتۆر (م ج) لە چاوەڕوانی ئەودا بوو، داواکەی سەرۆک سەدام حسێنی بە هەندێک وردەکارییەوە پێڕاگەیاند. پاشان مەنسوورە خاکی عێراقی بەجێهێشت بەو ئۆمێدەی ڕاپۆرتێک بۆ سەرۆک حافز ئەسەد بەرز بکاتەوە تا وەڵامەکەی دەستبکەوێت. ڕۆژی دواتر محمد منصورە گەڕایەوە ڕەبیعە کە بەڕێوەبەری ئۆفیسی تایبەت هێشتا لە چاوەڕوانیدا بوو، پێی ڕاگەیاندین کە سەرۆک حافز ئەسەد سوپاسی سەرکردایەتی عێراقی دەکات لەسەر هەڵوێستەکەی، سوریاش ئامادە نییە بۆ چوونەناو جەنگەوە لەگەڵ تورکیادا تەنانەت گەر چەند بەشێکیش لە خاکی ئێمە داگیر بکەن ئەوا سوریا سکالا پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

دوای ئەوە دەسەڵاتی سووری داوای لە (عەبدوڵا ئۆجەلان) کرد ئۆفیسەکانی حیزبەکەی دابخات لە سوریا، خاکی سوریا بەجێبهێڵێت کە ڕۆیشت بۆ یۆنان. هەروەها هەواڵگریی سوریایی زانیاریی بە هەواڵگریی تورکی بەخشی سەبارەت بە ئاڕاستەی گەشتەکەی و ئەو پاسپۆرتەی بەکاری دەهێنێت. پاشان یۆنانی بەجێهێشت بەرەو کینیا بە پاسپۆرتێکی قووبرسییەوە، لەوێ هاوکارییەکی هەواڵگریانە ڕوویدا لەنێوان هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی و تورکی و کینی بۆ دەستەسەر کردنی، تەسلیمی دەسەڵاتی تورکیا کرایەوە کە بڕیاری لەسێدارەدانی بە سەردادرا پاشان بڕیارەکە سووککرا بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی.

لە بۆنیۆ/حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨دا، سوریا ڕازی بوو بە کردنەوەیەکی مەرجدارانەی سنووری نێوان هەردوو وڵات، ئەوەش تەنیا لە چوارچێوەیەکی

بازرگانیدا، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕێگە بە چوونەناوەوەی عێراقییەکان نادرێت مەگەر ئەو کەسە پشتگیری یەکێتی ژووری بازرگانیە عێراقییەکانی پێبێت، بۆچوونی دەزگای هەواڵگریی وەهابوو کە مامەڵەکردن بە هاوشێوە بێت، بەڵام سەرۆک سەدام حسێن سەرنجێکی لەسەر بۆ چوونەکەمان توسی: (ڕەزامەندم بە هاتنەناوەوەی سەرجەم سووریەکان بەبێ مەرج وەک کردن بە سەرمەشقی ئەردەنییەکان لەبەرئەوەی ئەو خراپەیەی لە ئەردەنەوە بۆمان دێت زیاترە لەوەی لە سوریا چاوەڕێی دەکرێت)...لێرەدا سەرۆک ئاماژە بۆ قەبارەی هەوڵی هەواڵگرییانەی دوژمن دەکات کە لە ئەردەنەوە سەرچاوە دەگرێت، مەبەستیشی لەوە مەنهەجی دەوڵەت نییە لە شانشینی ئەردەنی هاشمیدا.

باڵیۆزخانەی جەزائیر لە دیمەشق چاودێری بەرژەوەندییەکانی عێراق و سوریای دەکرد لە هەردوو وڵاتدا. پەیوەندییە دیبلۆماسیەکان لەگەڵ سوریادا نەگەیشتنە ئاستی ئاساییبوونەوە تەنیا دوای وەفاتی حافیز ئەسەد نەبێت لە یۆنیۆ/حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠، کە سەرۆک بەشار ئەسەد فەرمانی بە کردنەوەی باڵیۆزخانەیەکی سوری لە بەغدا کرد، باڵیۆزخانەی عێراقی لە دیمەشق کرایەوە.

کاتێک سەرۆک ئەسەد کۆچی دوایی کرد، پێشنیارێکمان پێشکەش سەرۆکایەتی کۆمار کرد بۆ ناردنی وەفدێکی ئاستبەرز بۆ پرسە و ئامادەبوونی مەراسیمی ناشتن بۆ قۆزتنەوەی هەل بۆ چاککردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ سوریا، بەڵام سەرۆک (تەها محێدین مەعروف)ی جێگرەکەی نارد لەگەڵ سەرۆکی لقی چاودێریکردنی بەرژەوەندییە عێراقییەکان لە دیمەشق باڵیۆز (محەمەد رفعەت عانی)، ویلایەتە یەکگرتووەکان ژنە وەزیری دەرەوەی مادلین ئۆلبرایتی بۆ هەمان مەبەست ناردبوو.

دەزگاکە هەوڵی تۆکمەکردنی پەیوەندیی لەگەڵ گەورە ئەفسەرانی کاریگەر لە سوریادا، لەنێوانیشیاندا (ذو الهمة شالیس- ئەبو عەلی)، کە یەکێکە لە دیارترین یاوەرانی سەرۆکی کۆچکردوو حافز ئەسەد، لە دوای ئەویش سەرۆک بەشار ئەسەد. بۆشمان ڕوون بووەوە کە پەیوەندییەکی کۆنی دۆستانەی لەگەڵ سکرتێری سەرۆکی کۆمار فەریق عەبد حەمود هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونیان لە یاوەری هەروو سەرۆک ئەسەد و سەدام حسێن لە کۆبوونەوەی پێشتری سەرکردەکانی عەرەب. ناوبراو کۆمپانیای بازرگانی سوری پێشکەش بە عێراق کرد کە بە شێوەی عەقد دران بە گوێرەی ڕێککەوتنی نەوت بەرامبەر خۆراک، وەکچۆن بە ڕێکخەرێکی نهێنی (منسق سري) ناوی لێنرا لە دەستەی پیشەسازی سەربازی (التصنيع العسكري) بۆ هەماهەنگی لەگەڵیدا لە هەموو ئەوەدا کە پەیوەستە بە پڕۆسەکانی کڕینی کەرەستەگەلێک کە قەدەغەبوون لەسەر عێراق کە هاوردەیان بکات. لە ساڵی ٢٠٠٢شدا، بەڕێز (ذو الهمة) پێی ڕاگەیاندین کە پیاوێکی کاری ئەمریکی بە ڕەگەز عێراقی، ئەندامێک بووە لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هاتۆتە ناو عێراقەوە لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سەدامی نێودەوڵەتییەوە، گەیشت بە وەزیری نەوت فەریق عامر ڕەشید. باوەڕ وابوو کە سەردان تێیدا گومانگەلێکی ئەمنییە، کاتیکیش زانیارییەکانمان خستە بەردەم سەرۆکایەتی، داوام لە دەزگا کرد ئاگەداری بکات بە بەردەستنەبوونی زانیاریی لە بارەی بابەتەکە!

هەروەک جموجۆڵ بەرامبەر لیوا مستەفای بازرگانیش بەڕێوەچوو، لەلایەن بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی سوریيەوە لەڕێگەی عومەری کوڕییەوە کە لە بواری بازرگانیدا کاردەکات، کە (عومەر) سەردانی بەغدای کرد و ئاسانکاریمان

بۆ کرد بۆ بەستنی مامەڵەی بازرگانی، بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن نووسینگەی بەڕێوەبەری دەزگاوە (فەریق تاهیر جەلیل حەبوش)ەوە پشتگیری کرا.

دۆخەکە سەبارەت بە (لیوا ئاسیف شەوکەت)یش، هاوسەری خاتوو (بوشرا ئەسەد)ی کچی سەرۆکی کۆچکردوو حافز ئەسەد هەروابوو، کە پۆستی بەرپرسی ئاسایشی هێزە سوریەکانی هەبوو، بە پیاوی دووەمیش دوای ئەسەد دادەنرا کە کۆمپانیاکەی سەر بە یەکێک لە کوڕەکانی چەند گرێبەستێکی بازرگانی پێداین بە فەرمانی بەڕێز بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگری.

ئەم پەیوەندییە هاوهێزانەی دەزگای هەواڵگریی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئاسایشی سوریدا بنیادی نان، ڕەنگە لایەک لە هەڵوێستی دەسەڵاتی سوری تەفسیر بکات لە میواندارای ژمارەیەکی زۆر لە گەورە ئەفسەرانی هەواڵگریی عێراقی و پارێزگاریان بۆ دەستەبەر بکات لە هەڵوێستێکە زۆر بەرز دەنرخێنرێت لەلایەن ئەندامانی دەزگاکەوە، لە هەمان کاتیشدا سوریا هەستا بە دورخستنەوەی گەورە بەرپرسی داواکراوی دیکە و ڕادەستکردنیان بە هێزە ئەمریکیەکان، بە دەستپێکردن لە (فاروق حیجازی)یەوە، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی نهێنی دەرەکی پێشوو، وەزیری پیشەسازی سەربازی (عبدولتەواب ئەلمولا حویش)، و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی پێشووتر (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن)، و وەزیری بازرگانی (دکتۆر محمد مهدی سالّح)، و (فەریق ڕوکن کەمال مستەفا)، و (جەمال مستەفا)ی زاوای سەرۆک سەدام حسێن، و بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگا (خایلد نەجم).

سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی ئامادە لەسەر گۆڕەپانی سوریا، کەسی دیار کە هێڕشی دەکردە سەر ڕژێمی سەدام حسێن، (مشعان جبووری) بوو، بە

شـێوەیەکی شەخسـیش عـودەی سـەدام حسـێنی بە ئامـانج دەگـرت لەڕێـگەی ڕۆژنامەکەیەوە (الاتجاه). بە شـێوەیەکی فەرمـی داوامـان لە دەسـەڵاتە سـوورییەکان کرد کـاری ڕۆژنـامەکە بوەسـتێنن و لە سـوریا دەری بکەن، بەڵام ئەوان وەڵامیـان دایەوە بەوەی ڕۆژنامەکە لە بەیروت دەردەچێت و نـاتوانین کـارەکەی بوەسـتێنین، ڕوونیشی کردەوە کە مشعان ئەلجبوری پەیوەندیی تـایبەتی و بەرژەوەنـدی مـادی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە ئەمنییەکان لە سوریا هەیە، ئامادەنین تەنگەناوی بکەن یان بۆ دەرەوەی سوریا دوری بخەنەوە.

ـ لوبنان، ململانێی دەسەڵات و گۆڕەپانی تۆڵەسەندنەوە:

لە سـاڵی ١٩٧٥ەوە لوبنـان کەوتۆتە نـاو شـەڕی نـاوخۆوە و بـووە بە گۆڕەپـانی دەسەڵاتی تەواو بۆ سوریا. ئامادەبوونی دیپلۆماسی و هەواڵگریـی عێراقـی لەسـەر گۆڕەپـانی لوبنـانی بێـزارکەر و ڕکـابەری سـوریایە. بەڵام عێـراق توانـای ڕووبەڕووبوونەوەی سوریای نەبووە، بەهۆی سەرقاڵبوونیەوە بە جەنگەوە لەگەڵ ئێران. لە سـاڵی ١٩٨١دا هەواڵگریی سوری بە شـێوەیەکی فیعلی بەشداری کرد لە پڕۆسـەی تەقاندنەوەی باڵیۆزخـانەی عێراقـی لە بەیـروت، دوای ئەوەی هێزەکـانی دەستوەردانی سـوری هەسـتان بە دەسـتگیرکردنی پاسـەوانی سـەرەکی دەروازەی باڵیۆزخانەکە و کاری بەربەستەکە (دیـوارە ئاسـنیەکە)ی پەکخسـت، کە ئاسـانکاری کرد بۆ تێپەڕینی خۆکوژەکە بۆ خوارەوەی باڵەخانەی سـەرەکی باڵیۆزخانەکە و بە تەواوی وێـران کـرا. پڕۆسـەی تـایبەت ئـاڵوگۆڕکراو لەنێوان هەواڵگریـی عێراقـی و هاوپەیمانـانی سـوریای بەدوادا هـات لە بـزوتنەوەی ئەمەل و حیزبـوڵا. سـوریا

فشارەکانی خۆی زیادکرد بۆ سەر عێراق بە وەستان لە پاڵ ئێراندا، ڕێگری کرد لە هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لەڕێگەی خاکەکانیەوە لە ساڵی ١٩٨٢دا.

کۆتاییهاتنی جەنگی عێراقی- ئێرانی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو پشێویەی لوبنانی گرتەوە بەهۆی بۆشایی دەستوریی لە پۆستی سەرۆککۆمار. دوای ئەوەی سەرۆک ئەمین جومەیل هەستا بە دانانی وەزیری بەرگری میشال عۆن بە سەرۆکی وەزیران کە لە مارس/ئاداری ساڵی ١٩٨٩ەوە جەنگێکی دەسپێکرد دژی بووني سوریا کە ناوبراوە بە جەنگی ڕزگاری سەربەخۆیی، عۆن ڕێککەوتنی (طائف)ی ڕەتکردەوە کە باس لە ڕێگەدان بە بووني سوریا لە ڕووی سەربازییەوە دەکات لە لوبناندا، دانیشی بە سەرۆک (معوض)دا نەنا کە دوای ١٦ ڕۆژ لە هەڵبژاردنی کۆژرا. دانی بە جێنشینەکەشیدا نەنا کە (ئیلیاس هەراوی)یە. دەزگای هەواڵگریی پەیوەندیی پتەوی بە (ژەنەراڵ عۆن) و ئەو لایەنانەوە هەبوو کە لە پاڵیدا وەستان لە لایەنی (سەمیر جەعجەع و کەریم بەقرادونی)، هەریەک لە بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەکی (فاروق حجازی) و بەڕێوەبەری (دولیة)ی یەکەم (جەبار زبەیدی) سەرپەرشتی دۆستەی لوبنانیان دەکرد.

لەو کاتانەدا و دوای ئەوەی عێراق لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێران بووەوە، دەبوایە تۆڵە لە (حافز ئەسەد) بکرێتەوە، لەبەرئەوە سەرۆک سەدام حسێن فەرمانێکی بۆ دەزگای هەواڵگریی دەرکرد بە دەستوەردانە لوبنانەوە بەو پەڕی هێزەوە و پشتگیریکردنی (عیماد میشال عۆن) لە جەنگەکەیدا دژی ئامادەبوونی سوریا لە ڕووی مادی و سەربازییەوە. دەبوایە دەزگای هەواڵگریی پلان دابنێت بۆ پیادەکردنی فەرمانەکەی سەرۆک بە بێ دواکەوتن. لەنێو سەرچاوە گرنگەکانی دەزگاکەدا کە خاوەنی توانای باڵا و پسپۆڕی پڕۆسەکانی بارکردنی دەریایی و

بەقاچاغبردنی چەک و تەقینەوە بوو، (ر ح ر)ی فەلەستینی بوو، کە ئەرکی گەیاندنی ئەو چەکانەی پێ سپێردرا لەڕێگەی بەندەری عەقەبەوە و پلانەکە بەڕێککەوتن لەگەڵیدا دانرا. ئەفسەری هەواڵگریی پسپۆڕ (ح ر ظ) سەرپەرشتی هەماهەنگیەکەی کرد لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و پەیوەندیدا، بۆ بەکرێگرتنی کەشتیەکی مەدەنی لە وەزارەتەوە کە ناوی (زوراء) بوو، کەشتیەکە ڕووی لە یۆنان کرد بۆ گۆڕینی ڕەگەزنامەکەی بۆ ڕەگەزنامەی قوبرسی و بە ناوێکی نوێوە (ئەسکربیۆن).

وەزارەتی بەرگریی عێراق گواستنەوەی ئامێر و چەکەکانی گرتە ئەستۆ بۆ بەندەری عەقەبە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی و سەربازی ئەردەندا، ڕەتڵەکانی بارهەڵگرەکان ڕوویان لە بەندەری عەقەبە کرد، خرانە سەر پشتی کەشتی قوبرسی ئەسکربیۆن لەگەڵ دانانی مادەی چیمەنتۆ لەسەر باری چەکەکان بۆ چەواشەکردن. دەزگاکە نیگەرانی هەبوو لە ڕەخنەگرتنی ئیسرائیل لە بارکردنەکە لەناو دەریادا، لەبەرئەوە ڕەگەزی خۆکوژانەی لەسەر پشتی کەشتیەکە دانا لە ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان کە ئەرکیان بەرگریکردن بوو لێی یان تەقاندنەوەی بەو کەسانەشەوە کە تێیاندایە لە دۆخی بەرهەڵستیکردنی ئیسرائیلدا. لە هەمان کاتدا باری دیکە گواستراوە بۆ لوبنان لە ڕێگەی بەندەری (الحديدة اليمنی)، شانشینی عەرەبی سعوودیش ڕازی بوو بە تێپەڕینی بارهەڵگرەکان کە لە خاکی ئەوەوە چەکیان دەگواستەوە بۆ یەمەن، هەروەها بڕە چەکەکان گواستراوە بۆ لوبنان بە سەرکەوتوویەکی تەواوەوە، عێراق هاوکاری دارایی دراویی بە بەهای ١١ ملیۆن دۆلار پێشکەش کرد، ئەو پشتگیرییە بەشداریکردنی لە تێکشکاندنی سەربازی سوریا لە لوبناندا، زیانی زۆری لێدا، بەڵام هاوسەنگی هێزەکان لەناکاوێکدا گۆڕدرا دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و

ئابڵۆقەدانی عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە ئیتر پشتگیری دارایی و سەربازی وەستا، هێزە سوورییەکان تواناییان هێزەکانی (ژەنەراڵ عۆن) تێکبشکێنن و ئابڵۆقەی بدەن، لەبەرئەوە پەنای بۆ باڵیۆزخانەی فەڕەنسی برد پاشان ڕۆیشتن بۆ تاراوگەکەی لە فەڕەنسا. لە ساڵی ٢٠٠٢شدا ئەفسەری پەیوەندیی کە لە باڵیۆزخانەکەماندا بوو لە بەیروت (ا .س) نێردرا بۆ پاریس، گەیشت بە ژەنراڵ عۆن لە بارەگای نیشتەجێبوونی خۆی و سڵاوی سەرکردایەتی پێگەیاند و کاروانی پشتگیری عێراقی خستەڕوو. هەروەها ژەنراڵ گوزارشتی لە منەتباری خۆی و سوپاسی خۆی بۆ سەرۆک سەدام حسێن کرد بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە بەرامبەر سەربەخۆیی لوبنان.

ـ پەیوەندیی لەگەڵ حیزبوللا:

لە دامەزراندنی حیزبوڵڵای لوبنانیەوە لە ساڵی ١٩٨٢، بە پشتگیری ئێران و سوریا، حیزبەکە لە دۆخی دوژمنایەتیدا بووە بەرامبەر بوونی عێراق لە لوبنان، بارودۆخەکەش بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ساڵی (٢٠٠٠) کە هێزە ئیسرائیلییەکان لە باشووری لوبنان ڕۆیشتن، دوای ئەوەی حیزبوڵڵا جەنگی پارتیزانی هەڵگیرساند سوپای ئیسرائیلی شەکەت کرد. سەرۆک سەدام حسێن سەرسام بوو بە پاڵەوانێتی جەنگاوەرانی حیزبەکە، بەراوردکاری دەکرد لەنێوان تواناکانی کۆمەڵێک لەلاوی لوبنانی کە خاکەکەیان ڕزگارکرد بە چەکی سادە، نێوان سوپاکانی ئەو ڕژێمە عەرەبییانەی نەیانتوانییوە هیچ شتێک دژی داگیرکاری خاکی عەرەب لەلایەن ئیسرائیلەوە بکەن. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا پەیوەندیی عێراق لەگەڵ تاران و دیمەشق باش بوو و هەموو شتێک بوو بە ڕابردوو. سەرۆک

سەدام حسێن داوای لە دەزگاکانی هەواڵگریی کرد پەیوەندیی بە حیزبوڵڵاوە بکات و بزانێت پێویستییەکانیان چین، یەکێک لە گەورە ئەفسەرانی خزمەتی دەرەکیشی دوو جار نارد بۆ لوبنان کە لەگەڵ نوێنەرێک لە حیزبوڵڵادا لە خانەوادەی (الأمین) یەکتریان بینی، حیزب داوای پشتگیری دارایی کرد، لەکاتێکدا کە عێراق توانای دارایی نەبوو و نەیدەتوانی یارمەتی دارایی پێشکەش بکات جگەلە کۆبۆنەکانی نەوت، سودیشی لێوەرنەگرت لەبەرئەوەی بەهاکەی بۆ چەند ئاستێکی قیاسی دابەزی. عێراق لە ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢دا دوو جار سەردانی نوێنەری حیزبەکەی کرد، وەکچۆن حیزبوڵڵاش کۆمەڵێک لە جەنگاوەرانی خۆی (نەک بە ناوی حیزبەوە) نارد کە لەگەڵ ئەو جەنگاوەرە سوریانە بوون کە چوونەتە ناو عێراقەوە پێش داگیرکارییەکە، بەشداری شەڕیان کرد لەپاڵ موجاهیدانی عەرەبدا. کە هێزە ئەمریکییەکان سەرۆکی کۆمەڵەکەیان دەستگیر کرد (الحاج م العبد الله) کە پێشتر کاری لەگەڵ (عیماد موغنیە) کردووە.

بەشی هەشتەم

تۆپراسیۆنە تایبەتەکان

مەبەست لە ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان (العملیات الخاصة)، کۆمەڵێک ڕێکار و کرداری نا تەقلیدییە کە بەکاردەهێنرێن بۆ وێرانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو یان ئیفلیجکردنی تواناکانی یاخود بێلایەنکردنی یا ڕزگاربوون لێی بۆ هێنانەدەی مەبەستی سیاسی یان ئەمنی یاخود سەربازی لەناو بازنەی ستراتیژیەتێکی گشتگیردا هەمیشەش پیادەکردنی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەدەچێت کاتێک ڕێگایەک بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە بوونی نییە لەڕێگەی هێزی تەقلیدییەوە. ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان بە ڕێگایەکی زۆر نهێنی بەڕێوەدەچن بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە ڕەگەزی خێرایی و سوپرایز و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕادەبەدەر، ڕێکاری تریش کە دەگیرێتەبەر دژی ئامانجەکە لەکاتێکدا کە گومانی نابێت لە هێرشکردنە سەری بە زۆریش پیادەکردنی ئۆپراسیۆنە دەرەکییەکان بە ژمارەیەکی سنووردار تاکی ڕاهێنراو بە شێوەیەکی باڵا، بە جۆرێک کە توانای کارکردنیان هەبێت لە سەرجەم ژینگەکاندا، سوود وەرگرتن لە پستبەستن بە خود و توانای خۆگونجاندن بە ئاسانی، زاڵبوون بە سەر بەربەستەکاندا و بەکارهینانی کارامەیی باڵا، لەپاڵ کەلوپەلی پێویست بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پڕۆسەکە بە تەواوی.

لەکاتێکدا کە سەرجەم دەوڵەتان هاوڕان لەگەڵ وەسفکردنی ئەم پڕۆسانە بە تیرۆریستی، بەڵام ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی نهێنی مومارەسەی دەکەن، وەک کاری ڕەوا بۆ پاڕێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بۆی دەڕوانێت.

بە دەگمەن دەکرێت شوناسی ئەو لایەنە بشاردرێتەوە کە سوودمەندە لێی، بەڵام ئەو شتە گرنگەی پێویستە بایەخێکی زۆری پێبدەین بریتیە لە بەجێنەهێشتنی هیچ

شـۆێنەواریێک یـان بەڵـگەیەک لەسـەر شوناسـی لایەنـی جێبەجێکـار لەبەرئەوەی سەرەنجامەکانی کەشفکردنەکە سەخت دەبن لە هەموو ڕوویەکەوە.

دەکرێت دەزگاکـانی هەواڵگریـی ئامـانجی پڕۆسـەکە بهێنـنەدی بە ڕزگـاربوون لە نەیار، بەڵام ئەگەر پڕۆسەکە بەشێوەیەکی نهێنی و لێکۆڵراوە بەڕێوە نەچێت ئەو سـەرەنجامە سیاسـی و مرۆییەکـان زۆر خـراپ دەبـن وەک دۆخـی کەیسـی کوشـتنەکەی تاڵیـب سـوهەیل کە سـێ کەس لە گەورە ئەفسـەرانی هەواڵگریـی بەهۆیەوە لەسێدارەدران.

ـ دامەزراندنی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان:

پـێش سـاڵی ١٩٨٠، دەزگـای هەواڵگریـی عێـراق چـالاکییەکی بەرچـاوی نەبـوو لە ئۆپراسـیۆنە تایبەتەکـانی دەرەوەی عێـراق جـگەلە بە ئامـانجگرتنی چەنـد کەسـایەتییەکی فەلەسـتینی کە لەسـەر بەرنـامەی تەسـلیمبوون لەگەڵ ئیسـرائیلد دەڕۆیشتن، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عێراقی لە (دوژمنانی حیزب و شۆڕش) کە لەلایەنە سـەرەکییە بەشـداربووەکانی شۆڕشـی ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨ بـوون کە سەدام حسێن دووری خستنەوە دوای ٣٠ تەمووز، لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێ بوون، لەوانەش: حەردان عبدولغەفار تکریتی کە لە کوێت کوژرا لە سـاڵی ١٩٧١دا. هەروەها عەبدولرەزاق نایف کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە لەندەن کوژرا، هەروەها هەوڵی کوشـتنی دکتـۆر ئەیـاد عەلاوی سـاڵی ١٩٧٨ لەلایەن ئەفسـەری ئۆپراسـیۆنەکانەوە (م. ئەلجبووری). لە ڕاستیدا ڕەنگە پڕۆسەکە (سەرپانکردنەوە) بووبێت بە فەرمانی خـودی سـەرۆک سـەدام حسـێن نەک پڕۆسـەی ئیغتیـالکردن، لەبەرئەوەی

هێرشبەرەکە تەوری بەکارهێنا لەبری چەک گەرچی لە وێستگەی هەواڵگریی لە لەندەندا هەبوو، وەکچۆن (جبووری)ش خاوەنی ئازایەتی و توانا بوو بۆ جێبەجێکردنی تەرکەکانی بەو پەڕی وردەکارییەوە لەو ڕووەوە کە هیچ حاڵەتێکی شکستی لەسەر تۆمار نەکراوە لە میانی کاروانی ئۆپراسیۆنەکانیدا، هیچ ئەرکێکیشی پێ نەسپێردراوە و شوێنەکەی بەجێهێشتبێت بێ ئەوەی گیانی قوربانیەکە بکێشێت.

گۆڕانکاری گەورە کە بەسەر کاری هەواڵگریدا هات لە بواری ئۆپراسیۆنە تایبەتەکاندا (العمليات الخاصة) لە دروستبوونی قەیرانەوە لەگەڵ ئێران دەستی پێ کرد دوای هاتنی خومەینی بۆ دەسەڵات ساڵی ١٩٧٩، لەو ڕوانگەیەوە کە دەزگاکە بە تێپەڕینی کات هەوڵی پەرەپێدانی توانا بەرگرییەکانی دا لە بواری سەرجەم پرۆسەکاندا و وێرانکارییش بە پلەی یەکەم، پاشان شارەزایی نایاب دەستەبەر بوو لە بواری هێرشکردندا، ئیتر لە پرۆسەکانی ئیغتیالکردندا بێت یان بەکارهێنانی تەقەمەنی یاخود مادەی ژەهراوی.

لە ساڵی ١٩٨٠دا، شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران بەرنامەی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی گرتەبەر و دۆخی دوژمنکاریی بۆ سەر عێراق ڕاگەیاند، کۆمەڵێک لە پرۆسەی تیرۆریستی لەناو خاکی عێراقدا لەگەڵ ڕەفتارە دوژمنکارانەکەیدا هاتن، لەسەر سنوریش بە ئامانجی ڕوخاندن و لەناوبردنی ڕژیمی فەرمانڕەوایەتی لە عێراقدا. دەزگای هەواڵگریی هەستی بەو مەترسیە کرد کە لە ئێرانەوە هاتووە، خێرا هەوڵیدا تواناکانی لقی تەقینەوەکان لە بەڕێوەبەرێتی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکاندا پەرەپێدا بۆ دەستکردن بە بەرهەمهێنانی لە بواری تەقاندنەوەدا، داواشی لە سەنتەری تویژینەوە هونەرییەکان کرد کە دکتۆر (نعیم

عەزاز) سەرپەرەشتی دامەزراندنی کرد بە مەبەستی دەستەبەرکردنی کەلوپەلی هـونەری تـایبەت بە تەقەمەنـی، ئیتـر ئـامێرە کاتییەکـان بێـت یـان ئامێرەکـانی تەقاندنەوەی بێتەل کە لە دەرەوە هێنابوونی، دەزگاکە کەوتە دۆخی ئامادەبوونی تەواوەوە بۆ ڕەتدانەوەی ئێران لە مادەیەکی زۆر پێوانەییدا.

لە ســـاڵی ١٩٨٠ دا بەرێـــوەبەری دەزگـــای هەواڵگریـــی (بەرزان تکریتـــی) کۆبـــوونەوەیەکی فراوانـــی ســـازکرد لەگەڵ کـــادری دەزگـــاکە بـــۆ مشـــتومڕی پێشخستنی کارەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاریەکان و گـۆڕگرتنی ڕاستەوخۆ لە کـادری ئـامێرەکە بـۆ ئـاگەداربوون لە کێشـە و بەربەسـتەکان و ڕێگاکـانی تێپەڕانـدنیان. تووشـی شـۆک بـووین لەکـاتی کۆبـوونەوەکەدا بە ئامـادەبوونی کەسـێکی میسـری کە بەشـێوازێکی میسـری قسـەی دەکـرد لەنـاو هـۆڵەکەدا و بەرێـوەبەری دەزگـاکەش گـوێی بـۆ گرتبـوو. واقمـان وڕمـا لە بـوونی میسـرییەک لەنێومانـدا، هەمـووان بـۆ دواوە ئاوڕیـان دایەوە تـا بـزانین قسـەکەرەکە کێیە کە لە ڕیزەکانی دواوە دانیشتبوو، دواتر زانیمان کە ئەو کەسە دکتـۆر عبدالمنعم محمود احمدە، پسـپۆری بـواری تـوێژینەوە کیمیـایی و بایۆلۆژیەکـان، پۆسـتی ڕاوێژکـاری هـــونەری بەرێـــوەبەری دەزگـــای هەواڵگریـــی هەیە، بەرپرســـی پەرەپێـــدانی تـوێژینەوەکان بوو لە چەند بواریکدا لەوانە؛ مادە ژەهراویـی و کیمیاویەکـان، لەپاڵ سەرپەرشـتیکردنی کـادری پیشـەیی تـایبەت بە تەقەمەنـی. ئاشـکراش بـوو کە چوونەپـــاڵ دەزگـــای هەواڵگریـــی لەلایەن ئەوەوە لە چوارچێـــوەی هاوکـــاری هەواڵگریـی میسـری-عێراقیـدا نەبـوو بەڵکـو لەڕێـگەی سـەردانی وەفـدێکەوە لە وەزارەتی بەرگری بۆ میسڕ بەڕێوەچوو کە یارمەتیدەری بەڕێوەبەری دەزگاکەش لەنێوان ئەندامەکانیدا بوو، لیوا ڕوکن (ن ا خ) بۆ پەنابردنە بەر پسـپۆڕانی میسـری

بۆ پەرەپێدانی تواناکانی سوپا لە بواری چەکی کیمیاییدا. میسرییەکان کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی تایبەتمەند لە بواری پەرەپێدانی چەکە کیمیاییەکانیان نارد.

لەکاتی گفتوگۆکاندا میسرییەکان، سەرنجی وەفدی عێراقییان ڕاکێشا بۆ بوونی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆ لە میسڕ کە لە زانکۆکانی عێراقدا کاردەکەن و دەکرێت سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت. ئاماژەشیان بۆ ناوی (دکتۆر عەبدولمنعم) کرد. دوای گەڕانەوەی وەفدەکە لە میسڕ و یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەزگاکا خێرا پەیوەندیی بە دکتۆر منعم وە کرد کە بینی و کارکردن لە دەزگای هەواڵگریی خستە بەردەم، دەستبەجێ لە دەزگا دامەزرێنرا ئەرکەکانی پەرەپێدانی لایەنی زانستی پێ سپێردرا. دکتۆر عبدالمنعم خەیاڵێکی فراوانی هەبوو و بە توانا بوو لە بواری تویژینەوە ئۆپراسیۆنییەکاندا و خاوەنی پسپۆڕێتی دەگمەن و بێوێنە بوو. پێشتریش لە سوپای میسریدا کاری کردبوو هەتا گەیشتبووە پلەی لیوا، وەکچۆن پۆستی بەڕێوەبەری کارگەیەکی کیمیاویشی لە میسڕ هەبووە بەر لەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا گرێبەستی لەگەڵدا بکات بۆ وانەگوتنەوە لە زانکۆکانی عێراقدا.

دکتۆر عەبدولمنعم هەستا بە دامەزراندنی تاقیگەی تایبەت بە دەزگای هەواڵگریی لە ناوچەی سەلمان پاک بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی سویسری و ئەڵمانی، هەروەک بەڕێوەبەرێتی تویژینەوەکانی تاوانیشی دامەزراند کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە یەکلاکردنەوەی شەڕەکانی خۆرهەڵاتی بەسرە ساڵی ١٩٨١، لەلایەن سەرۆک سەدام حسێنیشەوە ڕێزی لێگیرا بە پێدانی (ئۆتۆمبیلی مارسیدس).

لە ساڵی ١٩٨٦دا، پڕۆژەی (الغافقي) دامەزرێنرا کە دروستکردنی تەقەمەنی و مادەی ژەهراوی پێ سپێردرا لە ژێر سەرپەرشتی فەرمانگەی ڕاوێژکاری هونەری دکتۆر عبدالمنعم محمود و بە هاوبەشی دوو کەسی هونەریی فەلەستینی. ڕاوێژکاری هونەری بەشداری کرد لە پەرەپێدانی تواناکانی دەزگاکە لە بواری هەواڵی نهێنی و ڕێگاکانی کەشفکردنیدا، کە بەربڵاوترین هۆکار بوو بۆ بەکارهێنانی هەواڵگرییانە بۆ پەیوەندیکردن بە سەرچاوەکانەوە لەو کاتەدا. وەکچۆن یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەش بوو بۆ دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی لەناو عێراقدا، دکتۆر عەبدولمونعیم بەردەوام بوو لە کارکردن لە دەزگای هەواڵگریدا تا ماوەیەکی درەنگ تا هێزە ئەمریکیەکان دەستگیریان کرد و لە زیندانیدا مرد.

ـ ململانێ ئۆپراسیۆنی لەگەڵ ئێراندا:

لەکاتی هاتنی خومەینی بۆ دەسەڵات لە ساڵی ١٩٧٩دا، سەرەتاکانی دوژمنکاریی دەرکەوتن، ئەو حیزبە ئیسلامیانەش کە لایەنگری کۆماری ئیسلامی ئێران بوو دەستیان بە پڕۆسەکانی غافڵکوژی و تەقینەوە کرد. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا ئێران چەند کەسایەتییەکی لە دەوڵەتدا کردە ئامانج لەنێویشیاندا (تاریق عەزیز)ی وەزیری دەرەوە. کەبووە مایەی بریندارکردنی و شەهیدبوونی ژمارەیەک لە قوتابیانی زانکۆی موستەنسریە، ڕۆژی دواتریش سیخۆڕەکانی جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر کەژاوەی بەخاکسپاردنی ئەو قوتابیانە بە سێ بۆمبی دەستی کە لە هەیوانی قوتابخانەی ئێرانییەوە لە وەزیرییەدا هەڵدرابوون، بووە مایەی لێکەوتنەوەی قوربانیانی دیکەی بێتاوان. پاشان گێچەڵە سەربازییەکانی لەسەر

سنوور بەدوای یەکتردا هاتن و کارە تیرۆریستیەکان زیادیان کرد لەناو خاکی عێراق و دەرەوەیدا کە لەلایەن ئێرانەوە تەمویل دەکران، کە هێرشیان کردە سەر سینەما نەسرِ، (ئەبو مەریەمی کەرادی)ی خۆکوژیش کە سەر بە حیزبی دەعوەی ئیسلامی بوو و ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکردوی لێدەخورێ هێرشی کردە سەر باڵەخانەی باڵێۆزخانەی عێراقی لە بەیروت بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەواڵگریی ئێرانی و هەواڵگریی سوریدا ساڵی ١٩٨١، کە ٦٢ کوژراوی مەدەنی لە دوای خۆی بەجێهێشت، (بەڵقیس ڕاوی) هاوسەری (نزار قەبانی) شاعیریشیان لەناودا بوو، لەپاڵ دەیان بریندار و کەمئەندام. دواتر بە ئامانجگرتنی باڵەخانەی وەزارەتی پلاندانانی بەدواداهات لە ساڵی ١٩٨٢دا بە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراوەوە کە خۆکوژێک لێیدەخورێ، پاشان لە ساڵی ١٩٨٣دا باڵەخانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تەقێنرایەوە، هەروەها بە ئامانجگرتنی ئاژانسی هەواڵی عێراقی و هەوڵدان بۆ غافڵکوژکردنی وەزیری ڕۆشنبیری (لەتیف نوسەیف جاسم)، هەروەها کوشتنی نێردەی ڕۆشنبیری عێراقی لە کوێت لەگەڵ کورەکەیدا ساڵی ١٩٨٥، تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو لای نەخۆشخانەی(ابن بیطار) لە بەغدا. وەکچۆن ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی عێراقی چەند هەڵمەتیکی سیاسی و میدیایی فراوانیان بەڕێوەبرد بۆ پشتیوانیکردنی شۆڕشی ئیسلامیی لە جەنگەکەیدا دژی عێراق. شایانی باسیشە پێشتر خۆکوژی لەو کاتەدا لە ئارادا نەبوو و یەکەمین کەس کە لە سەردەمی نوێدا دەستی پێکرد بریتی بوون لە ڕێکخراوەکانی (حیزبی دەعوە) کە دواتر ڕێکخراوی قاعیدەشی بە دوادا هات لە ڕەفتارە تیرۆریستیەکانی.

ـ به ئامانجگرتنی ئەنجومەنی شورای ئێرانی:

لەبەرامبەر ئەم پەرەسەندنە ترسناکەی هاوڕێی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق ئێران بوون، دەبوایە دەزگای هەواڵگریی بەهێز و تونديیەوە کاردانەوەی هەبێت بۆ ئامانجگەلێک لە ناو ئێراندا و دەرەوەشیدا کە دەگەیشتنە هەر کەسێک کە لە پێشیانەوە بووەستێت و پلان دابنێت و پیادەی بکات. کاردانەوەی عێراق لە بەیروت دەستی پێکرد بە کوشتنی حەسەن شیرازیی پیاوی ئایینی، هەوڵێکی دیکە شکستی هێنا کە ئیغتیالکردنی ئەو کەسە بوو کە بە کاروباری ئێرانی هەڵدەستا لە لوبناندا. بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی ئێران و یاریدەدەرەکەشی کوژرا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ دا، وەک کاردانەوەیەک بۆ هێرشەکەی سەر زانکۆی موستەنسریە. کاردانەوەی ئێرانیش کوشتنی ئیبراهیم خەزعەل بوو، یەکێک لە ئەندامانی وێستگەی هەواڵگریی لە بەیروت، دوانیش لە هاوەڵانی بریندار بوون کە بریتین لە مەحمود موعینی و محەمەد ضایع.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوانەدا، کە پێش جەنگ ڕوویاندا، لەو کاتەدا هەموو شتێک بوو بە ڕەوا و ئاسایی، هەواڵگریی عێراقی پلانی دانا بۆ ڕەتدانەوەی توند لە ناو ئێراندا و لەناوجەرگەی تارانی پایتەختدا. هێشتا شۆڕشی ئێرانی لە ڕووی ئەمنیەوە فشۆڵ بوو. لێرەدا بەرژەوەندییەکان ڕێککەوتبوون لەنێوان هەواڵگریی عێراقی و حیزبی دیموکراتی کوردستایی ئێران و موجاهیدی خەڵق دوژمنی سەرسەختی بەرنامەی خومەینی کە لە سەرکوتکارییەکانی ڕژێمەکەی هەڵاتبوون، داوای پەنابەرییان لە عێراق کرد و ئامادەی هەماهەنگی بوون لەگەڵماندا.

دەزگای هەواڵگریی سەرجەم ڕێگاکانی پشتگیری میدیایی و هونەری مادی و سەربازی پێشکەش بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و موجاهیدانی خەڵق کرد،

که هێز و خوێنگەرمی توانایەکی زۆریان بۆ پلاندانان و پیادەکردن هەبوو. بنکەی میللی خۆشیان لە ئێراندا هەیە و هەلی مەزنیان بۆ ڕەخساوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە سوتکەی هەڕەمی دەسەڵات لە ئێران. یەکەمین ئامانجی هەستیار ئەنجومەنی ڕاوێژی ئێرانی بوو لە تاران و بە سەرپەرەشتی ڕاستەوخۆی بەرزان تکریتی. کە پلانی تەقاندنەوەی بارەگای کۆبوونەوەی گەورە بەرپرسانی شۆڕشی ئیسلامی دانا لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨١، کە ڕووداوەکە قەومـا، (ئایەتوڵڵا محمەد حسێن بەهەشتی) سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و ٧٢ کەسایەتی سەرکردایەتی لە ئەنجامی تەقینەوەکەوە کوژران. لەنێوان کوژراوەکاندا وەزیری تەندروستی و وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و وەزیری وزە هەبوو، لە پاڵ حەڤدە جێگری ئەنجومەنی ڕاوێژ، لەگەڵ زۆرێک لە بەرپرسانی دیکەی حکومی، لە ڕووداوێکی دیکەشدا خامەنەئی کرا بە ئامانج بە بۆمبێکی چێنراو لە ئامێرێکی ڕیکۆردەردا کە لە کاتی وتاردانیدا تەقییەوە، زیانی زۆری پێ گەیاند کە بووە مایەی ئیفیلجبوونی تەواو لە دەستی ڕاستیدا، بڕیاریش وابوو کە خومەینی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە ببێت، بەڵام دواکەوت و لە ڕووداوەکە ڕزگاری بوو.

ـ بەئامانجگرتنی خومەینی:

سوورببوونی بەرزان تکریتی لەسەر کوشتنی خومەینی هێور نابێتەوە، هەلێکی نوێ هاتۆتەپێش لە ساڵی ١٩٨١دا، ئەوەش لە ڕێگەی پیاوێکی ئایینی نزیک لە خومەینیەوە، کە دەستەی کارکردنەکە کە پێکهاتبوون لە یەکێک لە پسپۆرانی تەقەمەنی و دووان لە ئۆپراسیۆنە تایبەتیەکان (العملیات الخاصة)، تەقەمەنییەکی بچکۆلەیان ئامادەکرد کە لە سەرینەکەی خومەینیدا چێنرابوو کە لە خوریيەکی

تایبەت درووستکرابوو، سەرینەکە لەکاتێکدا تەقییەوە کە خومەینی لە دەرەوەی مالّ بوو، سەرەڕای شکستهینانی کارەکە، بەڵام ترسێکی زۆری خستە دڵی سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامیی.

لە ٣٠ی ئابی ١٩٨١دا هێرشێکی دیکە پیادەکرا کە بووە مایەی کوشتنی سەرۆک کۆمار، (محەمەد عەلی رەجائی)، دوای کەمتر لە مانگێک لە وەرگرتنی پۆستەکەی جەواد باهنەریشی لەگەڵدا کوژرا، سەرۆک وەزیران، لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکەوە کە لە ئۆفیسی سەرۆکوەزیراندا چێنرابوو لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای بەرگری.

ـ کوێت، گۆڕەپانی ململانێ سەختەکە لەگەڵ ئێران:

کاتێک جەنگی عێراق ئێران دەستی پێکرد، دەوڵەتی کوێت لە هەستیاری هەڵوێستەکە تێگەیشت، ئەو بەهرەمەندە بە پەیوەندیی باش و هاوسەنگ لە ڕووی دیبلۆماسییەوە لەگەڵ دوو دراوسێ سەختەکەیدا، عێراق و ئێران. کوێت هەوڵیدا خۆی بە دوور بگرێت لە لادان بە لای یەک لەو دوولایەنەدا، بەڵام دۆخەکە جیاواز بوو لە ڕووی میللییەوە، دابەشبوون هەبوو لەنێوان ئەوانەی لایەنگری ئێران و ئەوانەش کە لایەنگری عێراق دەکەن، کوێت هەوڵیدا خۆی دوور بگرێت لە ڕۆیشتن بەرەو گۆڕەپانی ململانێیەکی کراوە و چارەسەرکردنی حساباتی نێوان دوو وڵاتەکە. لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیشیدا، کوێت هەر بوو بە گۆڕەپانی جەنگی نێوان دوو وڵاتەکە، عێراق دەستی باڵای تێیدا هەبوو، کە ئێرانی هاندا بۆ هەوڵدان بۆ کوشتنی ئەمیری کوێت (جابر ئەلئەحمەد ئەلسەباح) لە ساڵی ١٩٨٥. کوێت گۆڕەپانێکی کراوە بوو بۆ میواندارێکردنی زۆرێک لە کەسایەتی و حیزبە

ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی عێراق، لە سەروشیانەوە حیزبی دەعوە کە زۆری نەبرد هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێراندا کرد، کۆبۆنەوەیەک بۆ پشتگیریکردنی ئێران لە جەنگیدا دژی عێراق. وەکچۆن زۆرێک لە هاوڵاتیانی کوێتیش لە ڕیشەی ئێرانین و هەندێکیان بە تۆندی پشتگیرییان لە شۆڕشی ئیسلامیی دەکرد.

کاتێک کۆمەڵێک لە ڕەگەزەکانی حیزبی دەعوە بە ڕێنماییکردنی ئێران هەستان بە ئۆپراسیۆنەکەی زانکۆی موستەنسریە کە (تارق عەزیز)ی بە ئامانج گرت ساڵی ١٩٨٠، دەزگای هەواڵگریی خێرا کاردانەوەی نواند بە پڕۆسەیەک کە لە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا بە ئەنجام گەیشت، بە کوشتنی وەزیری دەرەوەی ئێران، (سادق قوتب زادە) کە لە کوێت کردیە ئامانج، ناوبراو لە ڕێگەدا بوو بەرەو دیداری (جابر ئەلئەحمد ئەلسەباح)ی ئەمیری کوێت، لەڕێگەی چوار کەس لە ئەفسەرانی هەواڵگریی، بەڵام ڕزگاری بوو لە ڕووداوەکە دوای پێکرانی و بریندارببوونی بە چەند برینێکی سادە. کاتێکیش شەڕ هەڵگیرسا زانیاریی هاتن بۆ وێستگەکەمان لە کوێت کە ئاماژە بۆ نیازی ڕەوەندی ئێرانی و هاوسۆزانی خومەینی و کۆمەڵێک لە حیزبی دەعوە دەکات بۆ خۆخزاندنە ناو باڵیۆزخانەی عێراقی لە کوێتدا. بەرزان تکریتی پەیوەندیی بە بەڕێوەبەری وێستگەکەمانەوە کرد (ح ع) و پێی ڕاگەیاند کە ڕێگەیان نەدەن بچنە ناو باڵیۆزخانەکەوە مەگەر بەسەر تەرمی بەڕێوەبەری وێستگەکە و ئەندامەکانیدا. وێستگەکەمان خێرا هەواڵی خستنەناوەوەی چەکێکی چوارین (رشاشة رباعیة)ی دا کە لە بەسرەوە بە ئۆتۆمبێلی دیبلۆماسی هێنابووی و لەسەر سەربانی باڵیۆزخانەکە دامەزرێنرا.

خۆپیشاندان ڕێکخرا، بەڵام دەسەڵاتی ئەمنی کوێت ڕێگری کرد لە نزیکبوونەوەی خۆپیشاندەران لە دەروازەی باڵیۆزخانەکە و غازی فرمێسکڕێژی بەکارهێنا،

پاشـــان هەنـــدێک لە ئەفســـەرانی وێســـتگەکە کەوتـــنە ڕفانـــدنی ژمـــارەیەک لە خۆپیشاندەران لە ڕەوەندی ئێرانی دوای دیاریکردنی ناسنامەکانیان و بردنیان بۆ ژێرزەمینـی باڵیۆزخـانەکە و بە خراپـی مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـردن. دوای دڕانـدنی جلەکانیـــان بەچاوبەســـتراوی و کەلەپچەکـــراوی بە شـــەو گواســـتنەوەیان بـــۆ ناوچەیەکی دوورەدەستی دەرەوەی شـاری کوێت. کەلەپـچەی یەکێکیـان کرایەود داوای لێکـــرا کەلەپـــچەی هاوڕێکانیشـــی بکـــاتەوە دوای چـــارەکە ســـەعاتێک لە بەجێهێشـــتنی نـــاوچەکە لەلایەن ئەفســـەرەکانەوە، ئیتـــر خۆپیشـــاندەرە ئێـــرانیە ڕفێنراوەکان بە پێ گەڕانەوە کە لە دۆخێکی خراپدا بوون.

لە ســاڵی ١٩٨٢ باڵیۆزخـانەی ئێران لە کوێت کرایە ئامـانج بە قـازیفەی (ئـاڕ بـی جی٧) کە بووە مایەی سووتانی باڵیۆزخـانەکە، وێستگەکە ئەم کـارەی جێبەجێکرد بە بێ ڕەزامەندی مەرکەز بە هەڵسوکەوتێکی شەخسی لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەود. وەکچـۆن زۆربەی ئەو کۆمپانیـانەش کـرانە ئامـانج کە پیشـتوانی ئێرانیـان دەکـرد. هەروەها یەکێک لە گەورەترین ڕەمزەکانی حیزبی دەعوەی پشـتگیری ئێران کرایە ئامانج، بەهۆی چاندنێکی جانتایەکی بۆمبڕێژکراوەوە لە شوێنی کارەکەیدا و بوود مایەی بڕینی قـاچی. هەوڵێکیش درا بۆ بە ئامـانجگرتنی(هـادی مودەریسـی) پیـاوی ئـاینی عێراقـی ئۆپۆزسـیۆن، کە پێشـتر لە کوێـت دەژیـا، بەڵام وەک مـوعجیزە ڕزگاری بوو. بە گشتیی سەرجەم چالاکییەکانی ئێران لە گۆڕەپانی کوێتدا ئیفلیج کران.

وێســتگەکە بەم چالاکیـانە وازی نەهێنـا، بەڵکـو نوسـینگەکانی ئەو ڕۆژنامـانە بە ئامانج گیران کە پشتگیری ئێران دەکەن، هەروەها بە ئامانجگرتنی چەند بەلەمێکی

دەریایی بچووک (لنجات) کە کەلوپەلیان دەگواستەوە لە بەندەری (الشویخ)وە بۆ ئێران و بە بارەکانیانەوە نقوم کران.

- بە ئامانجگرتنی باریکی کەلوپەلی ئەتۆمیی ئیسرائیلی:

دەزگای هەواڵگریی سەرچاوەیەکی هەبوو بە پلەی (نقیب طیار: نەقیبی فڕۆکەوان) کە لە بنکەی هەمەدانی ئاسمانی لە ئێراندا کاری دەکرد، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ یەکێک لە کوردە ئێرانییەکانی کۆمەڵەکەی (عەبدولرەحمان قاسملۆ) هەبوو، سەرکردەی حیزبی دیموکراسی کوردستانی ئێران، ناوی حەرەکیانەی فڕۆکەوانەکە لە دۆسیەکانی دەزگاکەدا (داریوش)بوو. داریوش زانیاریی گرنگی پێداین دەربارەی چەند دیدارێکی نهێنی لە نێوان پسپۆڕانی مۆسادی ئیسرائیلی و هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی لەگەڵ ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی ئێرانی و دەزگای ئیتڵاعات لە فەڕەنسا بەڕێوەچوون، کە مۆساد داوای لە ئێران کردووە وێنەی ئاسمانی بە گۆشەی دیاریکراوەوە دەربارەی (کارگەی تەموزی ئەتۆمی) کە دەکەوێتە باشوری بەغدا دەستبخات، لەگەڵ زانیاریی دەربارەی سروشتی بەرگرییە ئاسمانییەکانی دەوری کارگەکە، بە ئامانجی دانانی پلانی هێرشکردنی ئاسمانی بۆ تێکشکاندنی. لە هەمان کاتدا زانیاریی دیکەش گەیشتنە دەزگاکە کە جەخت لە بوونی پلانی ئیسرائیلی دەکەنەوە بۆ هێرشکردنە سەر کارگەی تەموز کە سەرچاوەکەی یەکێک لە دەزگاکانی هەواڵگریی دۆست بوو کە هاوکاری هەواڵگرییانەمان لەگەڵیدا هەیە.

زانیارییەکان تەوزیفکران بۆ سەرکردایەتی لەگەڵ پێشنیار لە بارەی ئەو ڕێکارانەی پێویستە بگیرێنە بەر بۆ پاراستنی کارگەکە، لەوانەش پێویستی بە

بڵاوکردنەوەی مووشەکی پێشکەوتوو بە دەوریدا و گرەنتی بااڵۆنی ئاسمانی، بەاڵم توانا ئاسمانییە عێراقییەکان گونجاونەبوون بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ڕێکارانە بەهۆی سەرقاڵبوونیانەوە بە جەنگ لەگەڵ ئێراندا هەتا ئیسرائیل کاتی گونجاوی هەڵبژارد و لە حەوتی حوزەیرانی ١٩٨١دا لە ناوی برد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢دا زانیاریگەلێک گەیشتە وێستگەکەمان لە لەندەن لە سەرچاوەیەکی بەریتانیەوە بە بنەڕەت لوبنانی لە بەندەری لەندەندا کاری دەکرد، دەربارەی بارێکی کەلوپەلی ئەتۆمی لە یەکێک لە کۆگاکانی بەندەری لەندەن لە چاوەڕوانی بارکردنیدا بۆ ئیسرائیل. لە ڕوانگەی ئارەزووی سەرکەشانەی هەواڵگریشەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هێڕشی ئیسرائیلی بۆ سەر کارگەی تەمووزی ئەتۆمی، دەمودەست بڕیاردرا بۆ دانانی پلانێک بۆ لەناوبردنی بارەکە، دوو کەس لە ئەفسەرانی هەواڵگریی نێردران بۆ لەندەن، یەکێکیان پسپۆری پیشەسازی تەقەمەنی (خ ا ف)، ئەوەی تریان پسپۆڕ لە پەیوەندییەکان، تەقەمەنی سوتێنەر دروستکرا کە لە دووڕەوە کاردەکات، تەقێنەرەوە نەبوو بۆ خۆپاراستن لە کەشفبوونی پڕۆسەکە.

دوو ئەفسەرەکە شەو دزەیان کردە ناو بەندەرەوە بە یارمەتی سەرچاوەیەکی لوبنانی ڕوویان کردە شوێنی بارەکە، چەکە سوتێنەرەکە چێنرا کە لە دووڕەوە تەقێنرایەوە و بووە مایەی سووتانی بارەکە و کۆگاکە بە تەواوی. ئۆتۆمبیلێک لەگەڵ شۆفێرێکدا لە چاوەڕوانی ئەنجامدەران بوون کە دوو ئەفسەرەکە بە ئاڕاستەی فڕۆکەخانە ببات بۆ بەجێهێشتنی لەندەن، بەاڵم لەپڕ دەستگیرکران بەر لە ڕۆیشتنی بە کاتێکی کەم، ڕوونیش بووەوە کە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە هەڵەیەکی ئەنجام داوە، کاتێک لە گۆشەیەکی مردوو ئامادەبوو، لەکاتی کردنەوەی دەرگای

ئۆتۆمبیلەکە بووە مایەی ڕەنگدانەوەی ڕۆشناییەکە لەسەر ئاوێنە ڕەنگدەرەوەکە لای پاسەوانەکە کە گومانی کردبوو و ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبوو، کە بەدواداچوونی ئەنجامدەرانی ئاسان کرد. دواتریش دەستگیرکران و بڕیاری سێ ساڵ زیندانکردنیان بەسەردادرا.

ـ کوشتنی مەهدی ئەلحەکیم:

پاڵنەرەکانی پڕۆسەی کوشتنی (مەهدی ئەلحەکیم) کە لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنجامدرا، پەیوەستە بەهەڵوێستی پشتیوانکاریەوە لە ئێران لە جەنگەکەیدا دژی عێراق. ڕۆڵی میدیاکار و سیاسییەکی دەبینی لەگەڵ کۆمەکی ڕای گشتیی نێوەدەوڵەتی و لۆکاڵی دژی ڕژێم لە بەغدا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات، بنیادنانی ڕژێمێکی ئیسلامی تەنانەت گەر لەسەر چەند دەستێکی ئێرانی دەرەکیش بە ئاکام بگات. لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی بە پێویستی زانی ئەو دەنگە ببڕێت بە تایبەتیش کە ڕەگەزنامەی عێراقی هەیە. وەردەکاریەکانی پڕۆسەکە زانراون کە لەو ئۆتێلەدا ئەنجام دراوە کە تێیدا نشتەجێ بووە، ئەوانەش کە بە پڕۆسەکە هەستاون دوو ئۆتۆمبیلی سەر بە باڵیۆزخانەی عێراقیان بەکارهێناوە کە تابلۆی دیبلۆماسیان هەبووە. لایەنە نهێنییەکەی ئەو پڕۆسەیەش بریتییە لەوەی چۆن یەکێک لەو ئەفسەرانە ئازادکراوە کە پڕۆسەکەی پیادەکردووە بێ ئەوەی دەسەڵاتی سودان بتوانێت دەستگیری بکات.

دوای تەواوکردنی پیادەکردنی پڕۆسەکە یەکێک لە ئەنجامدەران توانی ڕووبکاتە فڕۆکەخانەی خەرتوم کە فڕۆکەی هێڵێ ئاسمانی عێراق تازە گەیشتبوو، توانی لە ساتەکانی کۆتاییدا سەربکەوێتە سەر فڕۆکەکە و بگەڕێتەوە بەغدا، لەکاتێکدا کە

ئەفسەری دوو بەرەو باڵەخانەی باڵیۆزخانە چوو بە ئامانجی هێنانی پاسپۆرتەکەی کە لە باڵیۆزخانەدا بەجێیهێشتبوو، لەو کاتانەدا هێزە ئەمنیەکانی سودان دەوری باڵیۆزخانەیان دا و کەوتنە دڵنیابوون لە ناسنامەی ئەو دیپلۆماتکارانەی باڵەخانەکە بەجێدەهێڵن، دەشبووایە پلانی چۆڵکردنی باڵیۆزخانەکە دابنرێت لە سەرەتاوە پاشان ڕزگارکردنی بەرەو عێراق لە فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی عێراقیدا لە میانی گەشتە هەفتانەکەیدا. قۆناغی یەکەمی پلانەکە تەواو بوو بە ڕزگاکردنی ئەفسەرێک لە باڵەخانەی باڵیۆزخانەکە لە ئۆتۆمبیلی باڵیۆزدا بۆ گرەنتی سەلامەتیەکەی، وەکچۆن قۆناغی دووەمی تایبەت بە گواستنەوەی ئەفسەرەکە بۆ ناو ژینگەی فڕۆکەخانەی خەرتوم بە ئاکام گەیشت بەبێ تێپەڕین بە ڕێکارە ڕۆتینیەکانی گەشتکردندا. بەڕاستیش گواستراییەوە بۆ ناو فڕۆکەخانە لە کاتژمێر نۆی شەودا لە ڕێگەی سیاجی فڕۆکەخانەی دەرەکی لەڕێگەی ئەفسەرێکی ئەمنی گەورەی سودانییەوە. پێش ئەوە کۆبوونەوەیەک لە فڕۆکەجانەی سەدامی نێودەڵەتیدا بەڕێوەچووە لەنێوان چەند ئەفسەرێک لە پڕۆسە تایبەتەکان، فەرماندەی فڕۆکەی عێراقیدا کە بە ئاڕاستەی خەرتوم چوون کە هیچ شتێکی لە ئەرکەکە نەدەزانی. داوا لە فڕۆکەوانەکە کرا جووڵەیەک لە ڕۆشنایی فڕۆکەکەدا بکات کاتێک بەرەو نشینگەکە (شوێنی نیشتنەوەکە) دەچێت (کوژاندنەوە و هەڵکردنی ڕۆشنایی سێ جار لە دوای یەکتر)، کە ئاماژەیەکە بۆ ئەفسەرەکە و ئەو کەسەری ڕزگاری دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو فڕۆکەیە سەر بە هێڵی عێراقییە و ئامادەیە بۆ سەرکەوتن تێیدا. وەکچۆن داواش لە فڕۆکەوانەکە کرا کە لە سەرەتای نیشنگەی کەوتنەڕێیەکە بووەستێت بۆ چەند خولەکێک و ڕێگە بە کردنەوەی دەرگای دواوە (دەرگای بابەتی لەناکاو) بدات بۆ فڕۆکەی بوینگ ٧٢٧ی کە سێ بزوێنەری هەیە، نەجوولێتەوە هەتا دەرگای دواوە دادەخات و

ئاماژەی کەوتنەڕێ وەردەگرێت. تاقمی فڕۆکەکە دوو لە ئەفسەرانی هەواڵگریی لەخۆ گرتبوو کە سەرپەرەشتی پرۆسەی سەرخستنی ئەفسەرەکەیان بۆ ناو فڕۆکەکە دەکرد.

بەگوێرەی پلانەکە، فڕۆکەکە لە سەرەتای نشینگەکە (شوێنی نیشتنەوەکەدا) بەشەو ڕاوەستا و دەرگای دواوە کرایەوە و ئەو ئەفسەرەی پێویست بوو ڕزگار بکرێت توانی بچێتە ناو فڕۆکەکەوە، پاشان بە ئاڕاستەی بەغدا فڕی بە بێ کێشە و بەبێ ئەوەی فڕۆکەوانەکە یان سەرنشینەکانی فڕۆکەکە بزانن چی ڕوویداوە.

ـ تۆڵەکردنەوەی کوشتنی ئەفسەری هەواڵگریی عێراقی (ن. عەبدولسەلام):

لە ساڵی ١٩٨٦دا، هەواڵگریی ئێرانی بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی لە پاکستان کردە ئامانج کاتێک بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە بە بازاڕێکی قەرەباڵغدا دەڕۆیشت و جامی ئۆتۆمبیلەکەی کردبووەوە، سیخوڕەکان بۆمبێکی دەستیان فڕێدایە ناو ئۆتۆمبیلەکەیەوە، نەیتوانی ئۆتۆمبیلەکە بەجێبهێڵێت و بۆمبەکە لەناویدا تەقییەوە و یەکسەر مرد. بەڕێوەبەری دەزگاکە پەیمانی بە دایکی شەهیدەکە دابوو کە سەری بکوژەکەیان بهێنێت بۆ بەغدا. دوای بەدواداچوونێکی خێرا لەلایەن وێستگەی هەواڵگرییەوە لە کەراجی، سەرچاوەکانی دەزگاکە گەیشتنە دیاریکردنی ناسنامەی بکەرەکان کە چوار کەس بوون.

دەستەی پڕۆسە تایبەتەکان کە پێکهاتبوو لە ئەفسەری هەواڵگریی (ک. ب)، دوان لەوانەی پڕۆسەکە، لەسەروشیانەوە ئەفسەر (م. ج)، بە پلانێکی تۆکمە بکوژەکان بەرەوە شوققەیەک بردران لەلایەن دەزگاوە بەکرێ گیرابوو، پێشتر ڕاخرابوو و

ئامادەکردبوو بۆ مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، هەرکە بکوژەکان چوونە ناوەوە یەکسەر خۆیان لە کەمینێکی قایمدا بینیەوە و مەرگ بوو بە چارەنووسی حەتمییان، گوتراویشە کە سەرەکانیان لە جانتایەکی بەریدی دیپلۆماسیدا گواستراوەتەوە بۆ بەغدا!

ـ لیژنەی کاری فیداکارانە:

کاتێک هێزی نێودەوڵەتی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٩١دا، دەستیان کرد بە ئامادەکارییەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر عێراق و سەر هێزە عێراقییەکان لە کوێتدا، لیژنەیەکی کاری فیداکارانەی دەرەکی پێکهێنرا بە ئومێدی بەکارهێنانی بۆ لەناوبردنی ئامانجە دوژمنکارانەکان لە ناوچە چیاوازەکانی جیهاندا. م١٦ی فەرمانگەی ڕاوێژکاری هونەری و پڕۆژەی (الغافقی) هەستان بە دروستکردنی بۆمب کە بە تەوقیت کاردەکەن. ٧٥ دانەیان بران بۆ بەڕێوەبەرێتی پڕۆسە تایبەتەکان، ٣١ دانەشیان بۆ سەرچاوەکانی سەر بە خزمەتگوزاری نهێنی دەرەکی و بڕێکی دیکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرا:

- پانزە بۆمب بۆ کۆمەڵەی فەلەستینی ئەبو العباس (محمد عباس)، دامەزرێنەری بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی، ڕوون بووەوە کە بەکارنەهێنراون. لە ساڵی ٢٠٠٣شدا ئەبوئەلعەباس دەستگیر کرا لەلایەن هێزە ئەمریکیەکانەوە و لە ئازاری ٢٠٠٤دا لەناو زیندانی کروبەری نزیک فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی کۆچی دوای کرد.

- پێنج دانە تەقەمەنی بۆ بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی فەلەستینیی و ئەمانیش هەر بەکارنەهێنران.
- حەوت دانە تەقەمەنیش بۆ پێنج لە فیداکاران لە ڕەگەزی میسڕی کە پلانیان بۆ داڕێژڕابوو کە هێڕش بکەنە سەر چەند ئامانجێکی ئەمریکی لە میسڕ، بەڵام هەموویان دەستگیرکران لە کاتی گەیشتنیان بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی قاهیرەدا، دەرکەوت کە هەواڵگریی میسڕییان لە کارەکە ئاگادار کردووە.
- پانزە دانە لەو تەقەمەنیانە بۆ کۆمەڵەی فەلەستینی (ئەبو داوود) و چوار دانەش بۆ کۆمەڵەی فەلەستینی (ابو الطیب) کە ئەمانیش هەر بەکارنەهێنران.

دواتر دەرکەوت کە سەرجەم ئەو گروپە فەلەستینیانەی بەڵێنی لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان لە جیهاندا دابوو، کارەکانیان جێبەجێ نەکرد لەبەر هۆکاری لۆجیستی و سیاسی و ئەمنی کە گرنگترینیان خۆپاراستنە ئەمریکیەکان بوون کە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی جیهاندا گرتبویانەبەر بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو چالاکییانە. وەکچۆن دەزگاکە سەرنجی بوونی دزەکردنی زانیاریشی دا سەبارەت بە دروستکردنی تەقەمەنییەکان، کە هەواڵگریی عێراقی ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی دەستکەوت کە هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی لە بارەی تەقەمەنیە بەکارهێنراوەکانەوە ئامادەی کردبوو، ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی وردی هونەری وەسفی کردبوو لە ڕووی کێش و پێکهاتە ناوەکیەکانیانەوە، پسپۆڕانی دەزگاکە ئەم حاڵەتی دزەکردنەیان دایە پاڵ فراوانبوونی بازنەی ئاگەداربوون دوای تەسلیمکردنی چەند بڕێک لێی بە گروپە فەلەستینیەکان، وەکچۆن بوونی کۆمەڵێک

لە ئەندازیارانی فەلەستینی سەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیش لە بواری دروستکردنی تەقەمەنیدا کاریان دەکرد لەناو پڕۆژەی (الغافقي)ی تایبەت بە دەزگای هەواڵگریی کە ڕەنگە بەشداری کردبێت لە دزەپێکردنی ئەو زانیارییانە و بەرواری بەشداریکردنەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦. لەسەر بنەمای پێشنیارێک دکتور فازڵ بەڕاگ، بەڕێوەبەری دەزگاکە، پێشکەشی کردو، سەرۆک سەدام حسێنیش ڕەزامەندی لە سەردا لەگەڵ سەرۆکی فەلەستینی یاسر عەرەفات بۆ بەشداریکردنی چەند کادرێکی فەلەستینی لە دروستکردنی بۆمب و ئەنجامدانی توێژینەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی هەردوو لایەنی عێراقی و فەلەستینی لەم بوارەدا.

بوونی کۆمەڵەیەکی فەلەستینی لە یەکێک لە فەرمانگە هونەرییەکان (فەرمانگەی ڕاوێژکاری هونەریی) سەر بە دەزگای هەووالگری مایەی پرسیار و ڕەخنە بوو لەلایەن کادرانی دەزگاکەوە، چونکە فەلەستینیەکان گەشتیان زۆر دەکرد و نەدەکرا پەیوەندییە دەرەکییەکانیان کۆنترۆڵ بکرێن، ئەوان کەلێنێکی هەواڵگریی پێنکدەهێنن لە کەمەری دەزگاکە و بە تایبەتیش لە گرنگترین بەش لە پێکهاتەکانی دەزگاکە کە بریتییە لە پڕۆژەی (الغافقي) کە بایەخێکی ستراتیژی هەیە.

سەبارەت بەو ئۆپراسیۆنانەش کە خزمەتی دەرەکی ئەنجامی داون لە ساڵی ١٩٩١دا سێ ئامانج بوون: کە بریتین لە وێرانکردنی ئۆفیسی هێڵی ئاسمانی ئەمریکی لە فلیپین، چاندنی بۆمبێک کە لای مااڵی باڵیۆزی ئەمریکی لە جاکارتا تەقییەوە، هەروەها بە ئامانجگرتنی باڵیۆزخانەی یابانی لە مانیلا، هۆکاری بە ئامانجگرتنەکەشی هەستانی یابان بوو بە سەرکردایەتیکردنی هەڵمەتێکی دیپلۆماسیانەی توند و زیانبەخش دژی عێراق لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێت. بۆ

یەکەمینجاریش یابان هێز بۆ دەرەوەی سنورەکەی ڕەوانە دەکات لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەبەرئەوە سەرۆک تووشکردنی بە شۆکێک بە پێویست زانی.

ـ هەوڵی بە ئامانجگرتنی نۆکەندی سویس:

نۆکەندی سویس بە ڕاڕەوەی سەرەکی تێپەڕینی هێزەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەبی دادەنرێت، لەبەرئەوە پلانێک دانرا بۆ داخستنی نۆکەندەکە لەڕێگەی تەقاندنەوەی کەشتیەک کە ئاسنی سکڕاب و چیمەنتۆی هەڵگرتبوو لە ناوەڕاستی نۆکەندی سویس بۆ ڕێگری لە تێپەڕینی هێزە ئەمریکییەکان بۆ کەنداو، کەشتیەکە لە بەندەری مۆمبای لە هیندستان کڕدرا لەلایەن فەرمانگەی پڕۆژەکانەوە لە دەزگای هەواڵگری بە سەرپەرەشتی بەڕێوەبەری لق (س. ع. ت) بڕیار وابوو باربکرێت بە چیمەنتۆ لە بەندەری عەدەن لە یەمەن کە دەستەی هەواڵگری لێیە کە پێکهاتووە لە ٢٤ ئەفسەری هەواڵگری کە ئەفسەرێکی خۆکوژیشیان تێدایە لە فەرمانگەی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان (دائرە العملیات الخاصە)، پلانەکە پێویستی بە دانانی (١٠٠کغم) لە تەقەمەنی هەبوو لەو جۆرانەی بە بەهێزی دەتەقنەوە لەناو کەشتیەکەدا دانران لە شوێنێک کە تەقینەوەی دەستبەجێ دەبێتە مایەی نقومبوونی کەشتیەکە لە ناوەڕاستی نۆکەندەکەدا. تەواوی قۆناغەکان تەواوکران لە بەندەری عەدەندا بە سەرپەرەشتی ئەفسەری هەواڵگری (ح ل ح) کە ناوێکی خوازراوی هەبوو (سەعد عبدولعەزیز).

شایەنی باسە ئەفسەرە خۆکوژەکە وەسیەتێکی بەجێهێشتبوو کە تایبەت بوو بە بایەخدان بە خێزانەکەی کە لە کچەکەی و هاوسەرەکەی پێکهاتبوو لە حاڵەتی

شەهیدبوونیدا، بەڵام بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی مۆڵەتی پێدا خۆی فڕێبداتە نۆکەندی سویسەوە لە ساتی تەقاندنەوەی کەشتیەکەدا و ڕوو لە باڵیۆزخانەی عێراقی بکات لە قاهیرە کە فەرمانێکی وەرگرتبوو بە پێشوازیلێکردنی و گەیاندنی بە بەغدا بە خێرایی. پلانێک بۆ ئەفسەرەکە دانرا بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ئەمینی کەشتیەکەدا بێت بە چەشنێک کە هەلی ڕزگاربوون لە تەقینەوەکە و خۆفڕێدانە ناو نۆکەندەکەی بۆ بڕەخسێنێت.

چیمەنتۆ لە یەمەندا نەبوو، لەبەرئەوە بڕێکی زۆر لە ئاسنی سکراپ بارکراو، ئەوەش هۆکاری دواکەوتنی جوولەی کەشتیەکە بوو لە وادەی دیاریکراو، چونکە پڕۆسەی کۆکردنەوەی سکڕاپەکە کاتێکی زیاتر لەوەی ویست کە پلانی بۆ دانرابوو. ڕۆژێک بەر لە جموجۆڵی کەشتیەکە لە بەندەری عەدەنەوە بە ئاڕاستەی نۆکەندی سویس، سەرۆک سەدام حسێن فەرمانی بە وەستاندنی جێبەجێکردنی پڕۆسەکە کرد. لە ڕوانگەی نەبوونی پەیوەندیش لەنێوان بەغدا و دەرەوە، یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی (خ ش) ناچار بوو لەبەغداوە گەشت بۆ عەمان بکات بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندیی بە بەرپرسیی پڕۆسەکەوە لە عەدەن، پێگەیاندنی فەرمانەکەی سەرۆک بە وەستاندنی پڕۆسەکە و گەڕاندنەوەی کەشتیەکە بۆ بەندەرەکە تەنانەت گەر لە ناوەڕاستی دەریاشدا بێت لەبەر چەند هۆکارێک کە پەیوەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە کە بڕیاری وەستاندنی شەڕی داوە لەگەڵ پابەندبوونی عێراق بە وەستاندنی سەرجەم کارە دوژمنکاری و تیرۆریستیەکان لە دەرەوە خۆشباختانە کەشتیەکە هێشتا لە بەندەری عەدەن بوو، خۆ ئەگەر پڕۆسەکە پیادەبکرایە دەبوایە عێراق ملیاران دۆلار وەک قەرەبووبی ئەو زیانانە بدات.

دوای ئەوەی فەرمانی وەستاندنی پڕۆسەکە دەرچوو، سەختترین کار لە لابردنی تەقەمەنیەکانـــدا لە کەســـتیەکە و ڕزگـــاربووون لێیـــان لە دەریـــادا پڕۆســـەی ڕزگاربوونەکە لە تەقەمەنییەکان و بارەکە و گۆڕینی ناوی کەشتیەکە و فرۆشتنی نزیکەی شەش مانگی خایاند. کاپتنی کەشتیەکە بە ڕەگەز یۆنانی بوو لە کاتێکدا کە تـاقمی کەشـتیەکە هەمووێـان هینـدی بـوون و نەیانـدەزانی چـی لەو کەشـتیە ڕوودەدات.

ـ گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان دژی ئێران:

دوای سـەلماندنی بـوونی دەسـتی ئێـران لەو ئـاژاوە و هەراوهـوریەدا (لاپەڕەی غەدر و خیانەت) یان (لەو ڕاپەڕینی میللی)یەدا کە لە ئەنجامی کشـانەوەی سـوپای عێراقی ناڕێکخراو لە کوێت لە کۆتـایی ئـاداری سـاڵی ۱۹۹۱ دا ڕوویانـدا، سـەرۆک سەدام حسێن فەرمـانی بە دەزگـای هەواڵگریـی کـرد بەجێبەجێکردنـی ئۆپراسـیۆنی تۆڵەســـەندنەوە دژی ئێـــران. ئامارمـــان لا نیـــیە دەربـــارەی ئەو ئۆپراســـیۆنە سـەرکەوتوانەی دژی ئێـران پیـادەکران بەڵام لە ۱۹۰ پڕۆسـە تێپەڕیـان کـردووە. ڕێـژەی سـەرکەوتنی ئۆپراسـیۆنە تایبەتەکـان بەر لە سـاڵی ۱۹۹۰ دەگەنە ۹۸% ، لەکاتێکـــدا ســـەرنج دراوە کە شکســـت لە پیـــادەکردنەکەدا دوای ســـاڵی ۱۹۹۱ گەیشـتۆتە ڕێـژەی نامـاقوول، پاشەکشـەی کـاری پـڕۆژەی (الغـافقي) لە ڕووی هـونەری ڕێکارەکـانی ڕاهێنـان لەســـەر چـۆنیەتی بەکارهێنـانی وردی بـۆمبە تەقێنراوەکـان کە بـوونە مـایەی کوشـتنی ژمـارەیەک لە جێبەجێکـاران لە مـاوەی ساڵانی ۱۹۹۱و ۱۹۹۲ و ۱۹۹۳.

لە بەرواری ١٩٩٣/١/١٤ دا بـۆمبێکی تەوقیتکـراو تەقیـیەوە کە بـووە مـایەی کوشـتنی دوو لە ئەنـدامانی دەزگـای هەواڵگریـی لە ئەهوازیەکـان. دەزگـا داوای لە سـەرۆکایەتی کۆمـار کردبـوو دوو کەسـەکە بە شـەهید هەژمـار بکەن و مافەکـانی شـەهیدیان پێبـدەن. لەسـەر ئەم بنەمـایەش سـەرۆک لە بەرواری ١٩٩٣/٣/٢٣دا فەرمانێکی دەرکرد بەڕێزیان لە دوو شەهیدەکە، ئەوەشی بیری دەزگاکە هێنایەوە (کە دانانیان بە شەهید پەیوەندیی ئێمە پێیانەوە کەشف دەکات، بەڵام ئایا ئەوە بە بیـری دەزگـای هەواڵگریـدا هـاتووە کە ئەگەری گەمەکـردن بە تەقەمەنییەکـان لە ئـارادا بووبێـت لەلایەن ئەو لایەنەوە کە ڕادەسـتی کـردوون بـۆ ئەوەی لە کـاتی جێبەجێکردنەکەدا پێیاندا بتەقنەوە ...).

لە بەرواری ١٩٩٣/٣/١٦ بۆمبێـک تەقیـیەوە لە کـاتی تەرکیبکردنیـدا بەبـێ کـاری ئامێری تەوقیتەکە بە یەکێک لە ئەندامانی دەزگاکە کە لە ناو ئێراندا کاری دەکرد و بووە مایەی کوشتنی.

لە بەرواری ١٩٩٣/٧/١٨دا جانتـایەکی بـۆمبڕێژکراو بە یەکێـک لە ئەنـدامانی دەزگـاکەدا تەقیـیەوە کە لەنـاو ئێرانـدا کـاری دەکـرد، دەرکەوت کە هۆکـاری تەقینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ گەمەکردن بە جانتاکە لەلایەن ئەندامەکەوە.

لە بەرواری ١٩٩٣/١٢/٢٧ دا بـۆمبێکی تەوقیتکـراو بە یەکێـک لە ڕەگەزەکـانی موجاهـدینی خەلقـی ئێرانیـدا تەقیـیەوە کە لە کـاتی تەقینەوەکەیـدا بـووە مـایەی کوشتنی.

دیاریکردنی ۱۳ حاڵەتی شکستهێنان بە نەتەقینەوەی بۆمبەکان لە پاڵ ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراودا، کە هۆکارەکەش بوونی پەککەوتن و کێشە بوو لە ساچمەکەدا.

لە بەرواری ۱۹۹۳/۷/۱۲دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ۳۰ بۆمبی تەوقیتکراوی پێدرا کە تەوقیتەکانیان جیاواز بوو بۆ پیادەکردنی چەند پرۆسەیەک دژی دامەزراوە ئێرانییەکان. لە سەرەتای ساڵی ۱۹۹٤دا حیزبی دیموکرات ئاگاداری کردین لە بوونی شکست لە کاری بۆمبە تەوقیتکراوەکاندا کە بووە مایەی کوشتنی یەکێک لە ئەندامەکانیان، لەو ڕووەوە کە بۆمبەکە تەقییەوە بەبێ کارکردنی تەوقیتکەرەکە، وەکچۆن بۆمبێکی دیکەش تەقییەوە کە بووە مایەی برانەوەی دەستی یەکێک لە ئەندامان، کە دەبووایە دوای چوار کاتژمێر بتەقێتەوە. شکستێکی دیکەش کە بریتییە لە نەتەقینەوەی بۆمبێک کە لەسەر تەنکیەکی سوتەمەنی لە کرماشان دانرابوو بێئەوەی تەوقیتکەرەکە کار بکات، لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە کەشف کراو هەڵوەشێنرایەوە.

ئەو هێرشە تۆندانەی پاڵیان بە دەسەڵاتی ئێرانییەوە نا بۆ داواکردن لەلایەن عێراقی بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی ئەمنی بۆ ناڕەزایەتی، کاتێکیش لایەنی عێراقی بەڵگەی خستنەڕوو لەسەر دەستێوەردانی ڕووندی ئێران لە ڕووداوەکانی ۱۹۹۱، پیادەکردنی ئۆپراسیۆنە تیرۆریستیەکان لەناو عێراقدا، ئێرانییەکان وەک نەریتی خۆیان نکۆڵیان لە هەموو شتێک کرد، کە پاڵی بە دەزگای هەواڵگرییەوە نا بۆ زیاد کردنی ئۆپراسیۆنە وێرانکارییەکانی لەناو ئێراندا. لەکۆتاییشدا ئێرانییەکان تەسلیم بوون و داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی دیکەیان کرد کە تێیدا دانیان بە کارەکانیاندا نا، پێشنیاری وەستاندنی ئۆپراسیۆنە وێرانکارییەکانیان کرد لەنێوان

هەردوو لادا، عێراقیش ڕازی بووو بە داواکەیان و ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان (العمليات الخاصة) لەنێوان هەردوولا کۆتاییان هات.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئۆپراسیۆنەکانیش، هەواڵگریی ئێرانی داوای لە دەزگای هەواڵگریی کرد مامەڵەیەکی لەگەڵدا بکات و ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدانی خەلقی تێدا تەسلیم بە ئێران بکات، بەرامبەر ئەوەی ئێرانیش سەرجەم ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ناو خاکەکەی ڕادەست بکات. وەک حیزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی و ڕێکخراوی بەدر و ڕێکخراوی دیکەش. پێشنیارەکەی خستە بەردەم سەرۆک، سەرۆکیش وەک نەریتی خۆی میوان تەسلیم ناکات، گوتی:(ئەمانە میوانمانن چۆن ڕادەستی ئێرانیان بکەین).

شکستهێنان لە هەندێک لە ئۆپراسیۆنە تایبەتەکاندا لە تەقەمەنیەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە بەکارهێنانی مادە ژەهراوییەکانیشدا. لە یەکێک لە ئۆپراسیۆنەکانی بە ئامانجگرتن لە دەرەوەی عێراق نەبووە مایەی مردنی دوو ئامانج کە لە ژیاندا مانەوە سەرەڕای تێپەڕینی دوو ساڵ بە سەر خواردنی بەشە ژەهرەکە بە تەواوی، هەروەک لە هەندێک لە دۆخەکانی بەکارهێنانی حەپی قسە بزڕکاندن بووە مایەی دەرکەوتنی نیشانەی توند وەک بێئاگابوون، کە بووە مایەی کەشفکردنی شێوازەکانی کاری دەزگاکە و ئەندامەکان، لەکاتێکدا کە ئامانجی بەکارهێنانی ئەم دەرمانە کۆنترۆڵکردنی عەقڵی بەکارهێنانەکەی و دابڕینێتی لەو واقیعەی تێیدا دەژی. دواتریش کۆنترۆڵکردنی لەپێناو گەیشتن بە نهێنیەکانی و ئەقڵی ناوەوەی، ئەمە لە پڕۆسەکانی دڵنیابوون یان کاتی دانیشتنەکانی خواردنەوەی مەیدا بەکاردەهێنرێت. ئەنجامەکانیشیان پشت بە بڕی مادەکە و سروشتی جەستەی مرۆڤ و کاردانەوەکانی دەبەستن. لەبەرئەوە چەند حاڵەتێک

ئامانجەکانیان دێننەدی و حاڵەتی دیکەش مەحکوم دەبن بە شکست. لەبەرامبەر ئەم شکستانەدا لیژنەیەکی مەرکەزی پێکهێنرا کە دوو نوێنەری لە ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان و خزمەتی دەرەکی لەخۆگرتووە لەگەڵ ئۆفیسی تایبەت و پرۆژەی (الغافقي) پەیوەست بە فەرمانگەی ڕاوێژکاری هونەری میسڕی دکتۆر عەبدولمنعم مەحمود ئەحمد. لۆمەکەش دەکەوێتە سەر شانی پرۆژەی (الغافقی) لەو ڕوانگەیەوە کە سەرجەم پرۆسە شکستخواردووەکان هۆکارەکانیان هونەرێین، لەکاتێکدا کە هونەرکارەکان لە (الغافقي) دەڵێن؛ ڕەگەزە جێبەجێکارەکان هەڵەی ڕێکارانە (اخطاء اجرائية) و هونەری ئەنجامی دەدەن لە کاتی پێکەوە بەستنی تەقەمەنییەکان و بەستنەوەیان بە باتریيەکانەوە، کە دەبێتە هۆی تەقینەوەی کۆنترۆڵنەکراو و هەندێکجاریش ناتەقنەوە. لیژنەکە سەرجەم کارە شکستخواردووەکانی دیراسە کردووە و تاقیکردنەوەی لەسەر ساچمە بۆمبە کاتییەکان ئەنجامداوە بە ئامادەبوونی نوێنەرانێک لە موجاهیدینی خەڵق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی، لیژنەکە گەیشتە کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەر کە گرنگترینیان ئەوەیە کە ئامێر و بۆمبە کاتیەکان پێش ساڵی ١٩٩٥ هەبوون و لە هەلومەرجی باشدا نەپاریزراون کە کاریگەریان بۆ سەر باشێتیەکەیان هەبووە، وەکچۆن ئابڵۆقەی ئابووری و سزا نێودەڵەوتییەکان بوار بە کڕینی کەرەستە و دامەزراوەی تۆکمە نادەن، کە بووە هۆی ئەوەی پسپۆڕەکان مادەکان لە بازاڕی ناوخۆ بکڕن کە خراپن و بۆ ئەم جۆرە چالاکیانە ناشێن. دروستکردنەکەیان بە ڕادەیەک خراپ بووە کە بە سادەترین کاریگەری بەشێک لە خاسیەتەکانی لە دەست دەدات وەک گەرمی و شێ و لەرزین و هێز و بەرکەوتنی دەرەکی و لاوازی پاتریيەکان. لەبەرئەوە مامەڵەکردن لەگەڵ بۆمبەکان و مادە دروستکراوەکان پێویستیان بە وردەکاریيەکی زۆر و چاودێرییەکی لە ڕادەبەدەرە

لە ڕووی گواستنەوە و خەزنکردن و پێکهێنان (ترکیب) و خستنەگەڕ هەبوو، هەروەها ئەوەی کە جێبەجێکارەکان، ئەفسەر یان ئەندام بن، خاوەنی توانا و لێهاتوویی و مواسەفاتی بەرزبن لە ئامادەکردن و ڕاهێنان. وەکچۆن چەند تۆمەتێکیش ئاراستەی ڕاوێژکاری هونەری کراون بەهۆی هەستانەوە بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە دەرەوەی بازنەی پلانە داواکراوەکان، هەروەها دۆخەکە سەبارەت بە هونەرکارە فەلەستینیەکانیش بە هەمان شێوەیە.

- بە ئامانجگرتنی بەندەری (خەرج)ی ئێرانی:

دوای ئەوەی ئێران فشاری خستە سەر هەناردەکانی نەوتی عێراق لەڕێگەی کەنداوی عەرەبیی و بەندەری بانیاسی سووری، دەبوایە عێراق بەندەرەکانی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بکاتە ئامانج، گەورەترینیشیان بەندەری خەرجە کە دەکەوێتە ڕووبەرێکی دوور لە سنووری دەریایی و ئاسمانیی عێراق.

ئەو پڕۆسەی بە ئامانجگرتنە کە لە ساڵی ١٩٨٤ پلانی بۆ دانرا و شەش مانگی خایاند، داوای زانیاریی وردی کرد لە بەندەرەکە لە میانی گەڕانی ئاسمانی و دەریایی ڕاستەوخۆوە بۆ دیاریکردنی خاڵە هەستیارەکان و هێڵە بۆرییە تەرخانکراوەکان بۆ ئامادەکردن و پڕکردنەوەی کەشتیەکان. کارەکە بە دوو ئاڕاستە بوو، یەکەم؛ لەڕێگەی ئاسمانییەوە و بە وردییەکی لە ڕادەبەدەر وێنەگیرا لە ڕێگەی دوو فڕۆکەوە، یەکەمیان عێراقی کە بە کامێرای پێشکەوتوو چێنراوە، دووەمیشیان سەر بە دەوڵەتێکی هاوپەیمانە لە بەندەرەکە بە بیانوی هەڵە لەو ڕوانگەیەوە کە ئاڕاستەکەی گۆڕدراوە بە گۆشەیەک کە ڕێگە بە گرتنی وێنەکان و وێنەگرتنی ڤیدیۆیی بە کامێرای تایبەت دەدات، بە تایبەتیش لەلایەن هەندێک لە

ئەفسەرانی هەواڵگرییەوە لە پڕۆسە نهێنییەکاندا. وەکچۆن فڕۆکەیەکی جەنگی جۆری میگ ٢٥ لە پڕۆسەکانی گەڕان، کە وێنەکان وردەکارییەکانی دورگەکەیان دیاری کرد لە ئاسمانەوە، ئەفسەرێکی گەورەشی تێدا خرایەکار کە لە بنکەی خەرجی ئاسمانیدا کاری دەکرد، زانیاریی پێویستی دەربارەی جوگرافیای دورگەکە و ئامانجە هەستیارەکان تێیدا پێشکەش کرد. سەبارەت بە بۆرییەکانی گواستنەوەی خاو، شوێنەکانیان دیاریکرا بەهۆی ئەفسەرانێکی هەواڵگرییەوە کە نزیکبوونەوە لە ئامانجەکە و کەلوپەلی چاودێریکردنی پێشکەوتوویان لەگەڵدا بوو لەسەر پشتی کەشتییەکی گواستنەوەی بچکۆلە (عبارات)، کە لە کەنارەکانی دەوڵەتانی کەنداوەوە دەرچوون. دوای ئەوەی سەرجەم بەیاناتی پێویست تەواو بوو پاشان گواستنەوەی کۆمەڵێک لەو ژێردەریایانە (الغواصين) کە لە میسر ڕاهێنانیان لەسەر مینی تایبەت کردبوو کە لەلایەن پشپۆڕانێکی دەزگاکەوە دروستکرابوو، بە سەرپەرەشتی پسپۆڕ (محمد الحمداني)، ئەو مینانەی بە تەوقیت کاردەکەن لێکنران و بەسترانەوە بە بۆرییەکانەوە، کە بە دووری جیاواز دابەش کرابوون و بە شێوەیەکی ئەندازەیی پێچەوانە لەگەڵ حساباتی ئەندازەیی ئەستورایی بۆرییەکەوە و هێزی پاڵنانی ئاو.

تەقاندنەوەی بۆرییەکان هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هێرشە ئاسمانییەی هێزی ئاسمانی پیادەی کرد بە جیاوازییەکی زەمەنی سادەوە، کە بووە مایەی لەناوبردنی شۆستەکانی ناردنی نەوت بە تەواوی، هێنانە دەرەوەیان لە خزمەت، گەڕاندنەوەشی کارێک سەخت بوو تەنیا بە دامەزراندنی هێڵی بۆری نوێ نەبێت کە پێویستی بە کاتێکی دوور و درێژ هەیە. وێرانکردنی دوورگەکە کارێکی گەورەی هونەری بوو کە هەواڵگریی سەربازی بەشداری تێدا کرد، وەکچۆن میسرپیش بەشداری پێ کرد بەبێ ئاگەداری خۆی، لەڕێگەی ڕاهێنانی بۆقی مرۆیی

و دوو دەوڵەتی کەنداویش هاوپەیمان، بە بێ ئاگەداربوونیان لە ئامانجەکان و تەوقیتەکان.

ـ هەوڵی کوشتنی دانیال میترانی هاوسەری سەرۆکی فەڕەنسیی:

دانیال میترانی هاوسەری سەرۆکی فەڕەنسی، بایەخپێدان و چالاکی فراوانی هەبوو لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان و کەمینە ئەتنی و ئاینیەکاندا. لە میانی (کۆمەڵەی ئازادییەکانی فەڕەنسا)، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ سەرۆک (جەلال تەڵەبانی) هەبوو و بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی کوردی دەدا. دوای جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا سەردانەکانی بۆ سلێمانی زیادبوون و کەوتە ئەنجامدانی چالاکی میدیایی و سیاسی زیانبەخش، لەوانەش پشتگیریکردنی فەڕەنسا لە پڕۆژە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ٦٨٨ی تایبەت بە سەپاندنی ناوچەکانی دژە فڕین، هەوڵەکانی لەسەر کەیسی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە چڕکردەوە، لەبەرئەوە بڕیاری دانانی سنورێک بۆ ڕەفتارەکەی درا. لە تەموزی ١٩٩٢دا ناوبراو لە سەردانێکدا بۆ پارێزگای سلێمانی و پاشان ڕۆیشتنی بۆ سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە، بۆمبێک لە ڕێگەکەیدا چێنرا، بەڵام وەک موعجیزە لە ڕووداوەکە ڕزگاری بوو بەهۆی تێپەڕینی بارهەڵگرێک بەڕێکەوت لەنێوان ئەو و بۆمبەکەدا کە بووە ڕێگر لە کوشتنی، پاشان سلێمانی بەرەو فەڕەنسا بەجێهێشت بەبێ گەڕانەوە.

ـ بەئامانجگرتنی زانایەکی ئەتۆمی عێراقیی جیابووەوە:

لە ساڵی ١٩٩٤دا پڕۆسە تایبەتەکان زانای بواری وزەی ناوکی ئەندازیاری عێراقی (موئەیەد جەنابی)یان کردە ئامانج کە جیابووەوە بە ڕێکخستنێک لەلایەنێکی هەواڵگریی بیانییەوە لەکاتی پڕۆسەکانی پشکنینی نێودەوڵەتی تایبەت بە داڕنینی چەکی لەناوبردنی گشتگیر و بەرنامە ئەتۆمی و بایۆلۆژیەکان لە ڕوانگەی هەستیارێتی هەڵوێستەکە و ئەو ئەنجامانەی لە ڕاکردنیەوە کەوتونەتەوە، ئەو مەترسیەی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی دروستی دەکات، مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە ئەردەن بەڕێوەچوو. دوو کەسەکەی پیادەکارانی کارەکە توانییان بۆ عێراق ڕابکەن، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی ئاسایش کەسی سێیەمی دەستگیرکرد پاشان دواتر ئازادی کرد بە دەستوەردان لە سەرکردایەتیەوە و نەبوونی بەڵگەیەک بۆ بەشداریکردنی لە پیادەکردنی پڕۆسەکەدا بسەلمێنێت.

ئەوە دوا پڕۆسە بوو کە هەواڵگریی عێراقی ئەنجامی دا، لە ئەنجامی ئەوەشەوە سەرۆک سەدام حسێن فەرمانێکی دەرکرد بە وەستاندنی سەرجەم پڕۆسەکان، هیچ پڕۆسەیەکی تایبەت لەو کاتەوە جێبەجێ نەکرا تا داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. سەرەڕای ئەوەی دەزگاکە پلانی دانا بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە ئەمریکیەکان لەکاتی داگیرکاریەکەدا بەڵام تەنیا ڕێکارگەلێکی ڕێگەگرتن بوون و هیچیان پەیڕەونەکران بەگوێرەی داگیرکاریەکەدا، بەڵام تەنیا ڕێکارگەلێکی ڕێگەگرتن بوون و هیچیان پەیڕەونەکران بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان.

ـ پلاندانان بۆ کوشتنی فەریقی جیابووەوە (حسێن کامیل):

سەرەڕای وەستانی پیادەکردنی چالاکییە تایبەتەکان لە ساڵی ١٩٩٤، بەڵام سەرۆک سەدام حسێن ڕێککەوت لەسەر ناردنی دەستەیەک لە پڕۆسە تایبەتەکان بۆ ئەردەن بە ئامانجی پاکتاوکردنی زاواکەی (حسێن کامل) لە ئەنجامی جیابوونەوەکەی لە ساڵی ١٩٩٥ و ڕاکردنی بۆ عەمان. دەستەکە پێهاتبوون لە پێنج ڕەگەز، دوانیان ژن و سێیان ئەفسەرانێکی چالاکیەکان بوون کە مانگێکی تەواو لە ئەردەندا مانەوە، بەڵام نەیانتوانی لە ئامانجەکە نزیک بکەونەوە بەهۆی بوونی ڕێکاری توندی ئەمنییەوە کە دەسەڵاتی ئەردەن لەسەر جموجۆڵ و دیدارەکانی و شوێنی نیشتەجێبوونی داینابوو.

ـ هەوڵی بەئامانجگرتنی فڕۆکەهەڵگر نیمیتز (uss Nimitiz) لە کەنداو:

لە ساڵی ٢٠٠٣ و بەر لە داگیرکاری ئەمریکی بۆ سەر عێراق، دەزگای هەواڵگریی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەواڵگریی سەربازیی، پلانێکیان دانا بۆ هێرشکردنە سەر فڕۆکە هەڵگرێکی ئەمریکی لە ئاوی کەنداودا بە بەکارهێنانی فڕۆکەوانێکی خۆکوژ کە فڕۆکەی میگ ٢٥ی لێدەخۆڕی. بەهۆی توانای هێزە ئەمریکییەکانەوە لە پەکخستنی سەرجەم بنکە ئاسمانیەکان، فڕۆکە خۆکوژەکە لە بنکەکەوە گواستراپەوە بۆ شوێنێکی دەرەوەی بنکەکە و لە شەقامێکی گشتیی دانرا کە بۆ ئۆتۆمبیل تەرخانکرابوو نزیک لە بنکەی (بەلەد)ی ئاسمانی. لە ڕووی تیۆرییەوە دڵنیابوون لە توانای فڕۆکەکە بۆ دەرچوون لێی، لەکاتی هەوڵدانی خۆکوژانەی فڕۆکەوانەکە بۆ دەرچوون، فڕۆکەکە لایدا و چوارچێوەی دواوەی

بەر قەراغی شەقامەکە کەوت، دوو چرکە پێش دەرچوونی، کە بووە مایەی لادانی بە تەواوی و سوتانی و شەهیدبوونی فڕۆکەوانەکە (الجبوري)، دواتریش شکستهێنانی کارەکە.

ـ پلاندانان بۆ کوشتنی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دی کویلار:

کاتێک ئەرکەکانی کارەکەی خۆم وەک بەڕێوەبەری لقی ئەمریکا وەرگرت لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٩دا، لە چەکمەچەی ئۆفیسەکەدا دۆسیەیەکی ئەستورم دۆزییەوە کە ئاماژەی پلەی شاردنەوەی باڵای لەسەر کرابوو، لەکاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیدا بینیم کە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە چەند زانیارییەکی تێروتەسەل دەربارەی بارەگای ئەمینداری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان (خافییر پیرێز دی کویلار)، دۆسیەکە چەندین نەخشە و وێنە و پلانی تێدابوو کە دەروازەی ماڵەکە و ئەو ڕێگایانەی ڕوونەدەکردەوە کە بەرەوە ئەوێ دەچن. لەگەڵ باسکردنێکی تەواوی شوێنی خانووەکە و ئەو ناوچەیەی دەوری داوە و ڕێکارە ئەمنیەکانی دەوری، لەپاڵ زانیاریی شەخسی پڕ وردەکاری دەربارەی ژیانی و هاوڕێکانی و جموجۆڵەکانی و ئەو بۆنانەی دیانگێڕێت لەگەڵ ئەو شوێنانەی سەردانیان دەکات. پرسیارم لە بەڕێوەبەری پێشووی لق کرد دەربارەی بوونی ئەم دۆسیە لە چەکمەچەی بەڕێوەبەری لقەکە، وەڵامی دامەوە کە دی کویلار ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینیوە بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە عێراق بەرپرسیارێتی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران لە ئەستۆ دەگرێت، دوای پێدانی قەرەبووی جەنگی کە عێراق کرد بۆ لایەنی ئێرانی، ڕوونیشی کردەوە کە دی کویلار چۆتە ناو مامەڵەیەکی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئێران کە یاریدەدەرە دیپلۆماسیە ئیتاڵیەکەی

(جیا دومینیکو) بەڕێوەی بردووە بۆ ئازادکردنی بەندکراوە خۆرئاواییەکان لای حیزبوڵڵا بەرامبەر ئەوەی ئەمریکا قەدەغەکردنی هێنانی چەک و کەلوپەلی تایبەت بە فڕۆکە جەنگییەکان لابێت. بەڕاستیش بەندکراوەکانی ئازادکرد، ڕاگەیاندنی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی جەنگ لەلایەن دی کویلارەوە بەشێک بوو لە مامەڵەکە. بەمەش سەرپێچی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ٥٨٩ی دەکرد کە بڕیاری وەستاندنی پڕۆسە جەنگیەکانی دابوو. مامەڵەکە تەواو ببوو لەگەڵ هەریەک لە (عیماد مغنیە و مستەفا بەدرەدین و ڕەفسنجانی)، کە سەرۆک سەدام حسێن زۆر بێزار بووبوو بە لادانی دی کویلار بەلای ئێرانەوە، لەبەرئەوە فەرمانی پاکتاوکردنی دەرکرد. ناوەڕۆکی ئەم دۆسیەش لە سەر داوای بەڕێوەبەرێتی پڕۆسە تایبەتەکان کۆکرابۆوە، بەڵام چالاکیەکە وەستا لە ئەنجامی فەرمانەکەی سەرۆک بە وەستاندنی سەرجەم پڕۆسە تایبەتەکان لە ساڵی ١٩٩٤دا. جێی خۆشیەتی ئاماژە بە نەبوونی هیچ ئاماژەیەک بۆ فەرمانی سەرۆک سەدام بە کوشتنی دی کویلار بکەین، چونکە ئەم فەرمانانە لەسەر کاغەر تۆمار ناکرێن، پارادۆکسەکەش لەوەدایە (دی کویلار) نزیک لە سەد ساڵ ژیا.

- دووبەرەکی ئەفسەرانی هەواڵگریی:

سەرەڕای ئەو هەموو ڕێکارانەی وردبینی و پشکنینە کە لەسەر ئەو کەسانە پیادەدەکردێت کە دەبنە ئەندامی دەزگای هەواڵگریی، لە ڕووی خێزانی و خێڵەکی و سیاسی و شەخسییەوە، بەڵام دەزگای هەواڵگریی هەر دابڕاو نەبووە لە واقیعی عێراق لە ڕووی حاڵەتەکانی دووبەرەکی و جیابوونەوەی کارەکتەری سەرکردایەتی بە بەعسی یان سەربازیی یان عەشایەریەوە. حاڵەتی جیابوونەوە لە

ئەفسەرانێکی هەواڵگریی ڕوویداوە کە هەندێکیان لە پێگەی پێشکەوتوودا بوون لەبەر هۆکاری جیاواز، لەوانەش کەوتنە ژێر کاریگەری کاری هەواڵگریی دوژمن یان بەهۆی فشاری دەروونییەوە یان فاکتەری شەخسییەوە یاخود بەهۆی پەیوەندیی سۆزداریی‌یەوە و هەندێکجاریش لەبەر هۆکاری نەزانراو. دەزگای هەواڵگریی زۆر وریا بووە لە پڕۆسەکانی جیابوونەوە، هەرگیزیش کەمتەرخەمییان نەکردووە لەگەڵ ئەوانەی سوێندیان خواردووە و خیانەتیان لە نیشتمان کردووە. لەبەر ئەوە سەرجەم ئەو ئەفسەرانەی جیابوونەتەوە یان یاخی بوون ئامانجی پاکتاوکردن بوون، لەو ئەفسەرانەش:

- ئەفسەر (و. مجید): لە دەرچووانی خولی یەکەمی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی کە چوونەپاڵ کارکردنەوە لە خزمەتی نهێنیدا ساڵی ١٩٧٩، لە ساڵی ١٩٨٢یشدا ناوبراو لە تورکیا ون بوو لەبەر هۆکاری نەزانراو و کاتێک ئەندامی وێستگەی هەواڵگریی بوو لە ئەنقەرە. پێش گەشتکردنەکەی و پەیوەندیکردن بە کارەکەیەوە لە باڵیۆزخانەی عێراقیدا لە تورکیا، سەرۆکی دەزگا، بەرزان تکریتی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری ئەندامانی کارکردن لە دەرەوە دیداری سازکرد کە یەکێکیان مەجید بوو. لەماوەی کۆبوونەوەکەدا کە هەمیشە بەڕێوەبەری دەزگاکە ڕێنماییەکانی بۆ ئەفسەرانی وێستگەکان دەخستەڕوو بەر لە گەشتکردنیان. بەرزان وتەیەکی دیاریکراوەی ئاڕاستەکرد و پێی گوت، تۆ بۆ ولاتێک دەچیت هەمووی ژنی جوانە و ئاگات لە خۆت بێت و وریابە نەبیت بە قوربانییەکی هەواڵگریی بەهۆی

پەیوەندیی لەگەڵ ژنێکی تورکییەوە. کاتێک زۆری نەبرد کە بیستمان (مەجید) لە تورکیا ون بووە، ڕۆیشتووە بۆ ئەڵمانیا لەگەڵ ژنێکی جوانی تورکدا پاشان گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. دواتر بە ئەفسەری جیابووەمان زانی کە براوەتە شوێنێکی تایبەت، بە ڕێگایەکی تەمومژاوی پاکتاو کراوە.هەواڵگریی بواری بە دزەکردنی ئەم ڕووداوانە دەدا لەنێوان ئەندامانی دەزگاکە دا وەک ڕێکارێکی ڕێگرانە بۆ هەموو کەسێک کە دەروونی ڕێگەی پێ بدات بۆ هەستان بە کارێکی هاوشێوە.

- ئەفسەر (م کەریم)، کە لە وێستگەکەمان لە ڤیەننا ون بوو لە ساڵی ١٩٨٩دا، ڕۆژی دواتر وێستگەکە مەرکەزی هەواڵگریی لە بەغدا لە هەواڵی ونبوونەکەی ئاگادارکرا. دوای دوو ڕۆژ یەکێک لە ئەندامانمان لە باڵیۆزخانەی سوری لە بلگراد وێستگەکەمانی ئاگادار کرد بەوەی کەسێکی عێراقی کە بانگەشەی ئەوەی کردووە دیپلۆماسییە و ئەفسەری هەواڵگریی سەردانی باڵیۆزخانەی کردووە و داوای پەنابەری بۆ سوریا کردووە. ئەندامەکە وتی وێستگەی هەواڵگریی سوری پێی گەیشتووە و گوێی لێ گرتووە و بروسکەیەکی بۆ ناردووە کە داوا لە دیمەشق دەکات ڕێنمایی لە بارەیەوە پێبدات. بابەتەکە شیاوی باوەڕپێکردن نەبوو لەلایەن وێستگەی بلگرادەوە، لەبەرئەوە وەک لەپێشینەیەکی ڕەها مامەڵە

لەگەڵ زانیـــارییەکەدا نەکـــرا. ئەو بـــابەتەی کە پـــاڵی بە بەڕێـوەبەری وێـستگەکەمانەوە نـا بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ زانیـــارییەکەدا بەشـــێوەیەکی تەقلیـــدی و مەرکەزەکە بروسکەیەکی تایبەت بەم ڕووداوەی پێنەگەیشت، بەڵکو بە نووســـراوێک بە بەریـــدێکی دیپلۆماســـی نـــاردی کە گەیشتنەکەی بۆ بارەگای هەواڵگریی لە بەغدا یەک هەفتەی تەواوی خایاند.

دەمودەسـت بەڕێـوەبەری دەزگـای هەواڵگریـی سـەبعاوی ئیبـراهیم فەرمـانێکی دەرکـرد بە نـاردنی دووان لە ئەفسـەرانی پڕۆسـە تایبەتەکـان بـۆ فڕۆکەخـانەی بەلگـراد بە یـاوەری ئەفسـەرێک لە خزمەتـی نهێنـی، بـۆ ئاشـنابوونی شەخسـی بە ئەفسـەری جیـابووەوە (م. کەریـم) بە ئامـانجی دیـاریکردنی، فەرمانیشـیان بە کوشـتنیدا تەنـانەت گەر لە بەردەم دەرگـای فڕۆکەخانەکەشـدا بێـت. ئەفسـەری پڕۆسـەکان سـێ ڕۆژی لە فڕۆکەخـانەی بەلگـراد بە سـەربرد بەڵام کـاتەکە بەسەرچوو و ئاشکرابوو کە (م. کەریم) گەیشتۆتە دیمەشق.

لەکاتی کەیشتنیدا بە دیمەشق هەواڵگریی سوری دەستی بە لێکۆڵینەوەکانی کرد لەگەڵیـدا و داوایـان لێکـرد لەڕێـگەی تەلەفـۆنەوە پەیوەنـدیی بە بەڕێـوەبەری وێـستگەکەمانەوە لە ڤیەننـا بکـات و قسـەی لەگەڵـدا بکـات، ئامانجیـان زانینـی کاردانەوەی بەڕێوەبەری وێستگەکە بوو کە نەرمی نواند لە قسە کردن لەگەڵیدا بۆ قەناعەتپێهێنـانی بە گەڕانەوە بـۆ ژنێـف، لەکـاتی گفتوگـۆی نێوانیشـیاندا یەکێـک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی سوری (غازی کەنعـان) سـەماعەی تەلەفۆنەکەی لە دەسـتی کەریم وەرگرت و قسەی لەگەڵ بەڕێوەبەری وێستگەکەماندا کرد و بە شـێوەزاری

سوری گوتی:(ئێمەی هەواڵگریی سوری، بە فاروق حیجازی و جەبار مەزڵوم و عیسام خەزڕ بڵێ دەست و پێێان دەبڕین لە بەیروت). ئەو سێ ئەفسەرە سەرپەرشتیاری دۆسیەی لوبنانی بوون بۆ پشتگیری هەڵوێستی (عیماد عۆن) دژی بوونی سوری.

هەواڵگریی سوری قەناعەتیان بە هۆکارەکانی پەنابردنی (م) بۆیان نەکرد، وا گومانیان برد کە لە ڕێگەی ئێمەوە هاندراوە، بە تایبەتیش کە هیچ تەزکیەیەکی لە حیزبە ئۆپۆزۆسیۆنەکانی عێراق دەستەنەکەوت. ئیتر لە بەعسیە جیابووەکان بێت یان لە حیزبە دیتیەکانی تر و خستیانە زیندانەوە. لە زیندان سیاسیەکی لوبنانی خەباتگێڕی حیزبی بەعسی سەر بە عێراقی لەگەڵدا بوو لە خانەوادەی (بیضون)، کچەکەی ماوە بە ماوە لە زیندانـدا سەردانی دەکرد. وا دیار بوو هەواڵگریی سوری ویستویەتی جارێکی دیکە وردەکاری لە دۆخی (م. کەریم) بکات، بواری پێدا بە ناردنی نامەیەک لەگەڵ کچەکەی (بیضون) دا بە ئامانجی گەیاندنی پێمان، تێیدا گوزارشتی لە حەزی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق و لێبوردن لێی دەکرد. ئێمە دەمانزانی کە (م) ناگەڕێتەوە بۆ عێراق چونکە چارەنووسی خۆی دەزانێت، ئەو نامەیەش کە ناردویەتی لەلایەن هەواڵگرییەوە بووە، لەبەرئەوە وەڵامێکیان بۆ نارد لە سێ وشەدا (لەسەر گێڕانەوەکە بمێنەوە)، ئێمە دەمانویست قەناعەتی هەواڵگریی سوری بەهێزبکەن بەوەی کەریم لەلایەن ئێمەوە هاندراوە، ئەمەش باوەڕی سوریەکانی بەهێزکرد بەوەی کە بەڕاستی وایە، لە زیندانـدا مایەوە تا ساڵی ١٩٩٥، کاتێک داوای لە هەواڵگریی سوری کرد بینێرن بۆ هەولێر کە بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە باکوری عێراقدا کۆدەبنەوە.

لە ساڵی ١٩٩٦دا کاتێک هێزەکانی جەلال تاڵەبانی هێرشیان کردە سەر هەولێر، مەسعوود بارزانی پەنای بردە بەر هێزە عێراقیەکان بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی و پاراستنی هەولێر لە کەوتن، هەواڵگریی توانی کەریم دەستگیر بکات و ڕەوانەی دادگای هەواڵگریی تایبەت کراو چارەنووسی نەزانرا.

(م. کەریم) ئەفسەرێکی هێمنی گۆشەگیر بوو لە ئەفسەرە تایبەتمەندەکانی کاری هەواڵگریی بوو، لە ئۆفیسی تایبەتدا کاری کردووە متمانەی بەڕێوەبەرەکانی بە شایستەیی بەدەستهێنا. ئاماژە بە هیچ سەرنجێکی نەرێنی دژی ئەو نەدراوە جگە لە لاوازی کەسێتیەکەی. لەکاتی ماوەی هەڵهاتنەکەیدا لە باڵیۆزخانە دەستەیەکی هونەری لە پڕۆسە نهێنیەکانی پسپۆڕی پشکنینی باڵەخانەی باڵیۆزخانە و ئۆفیسەکانی دیپلۆماتکارەکان هەبوو، بۆ دڵنیابوون لە خاڵیبوونی باڵیۆزخانە لە پڕۆسەکانی دزەکردن. لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕایەکی بەرهەمهێنا سەبارەت بە هۆکاری ڕاکردنەکەی کە ڕەنگە گومان و شپرزەیی دەروونی بە دڵیدا هاتبن کە بووبنە مایەی گرتنەبەری بڕیارە بەدبەختانەکەی.

* ئەفسەر (م. ع. د)، ئەم ئەفسەرە لەناو باشترینی ئەفسەرانی خزمەتی دەرەکیدا بوو، دەرچووی زمانی ئینگلیزی، و چەند پۆستێکی بڕی تا لە ساڵی ١٩٩٥دا گەیشتە پۆستی بەڕێوەبەری لقی ئەمریکا لە خزمەتی نهێنیدا. لە ئەفسەرانی متمانەپێکراو دادەنرا، بە حوکمی سەرقاڵبوونیەوە بەم پۆستەوە پەیوەندیی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئەمریکی بەڕەگەز عێراقی بۆ دروستوو، لەنێوانیشیاندا بزنسمانێک هەبوو کە هاوڕێی فەریق حسێن کامل بوو بە ناوی رعد الناصر، لە ساڵی ١٩٩٦دا، (م. ع)ی ئەفسەر دیاری کرا بۆ کارکردن وەک بەڕێوەبەری وێستگە لە نیودەلهی. لە ساڵی ١٩٩٨یشدا ئیدارەی (بیل کلینتۆن)ی سەرۆکی

ئەمریکا پڕۆژەی بڕیاری ڕزگارکردنی عێراقی تێپەڕاند لە ڕێگەی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمریکییەوە. بڕی ٩٨ ملیۆن دۆلاریشی بۆ تەرخان کردووە، کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە عێراقیشی دامەزراند، پاشان هێرشێکی ئاسمانی سەربازی کردە سەر چەند پێگەیەکی حکومی لە بەغدا، لەوانەش بارەگای دەزگای هەواڵگریی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٨دا. لەو کاتانەدا بەڕێوەبەری وێستگەکەمان لە هیندستان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دەوام غایب بوو، دوای بەدواداچوون ڕوون بووەوە کە دەلهی بەجێهێشتووە لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

جیابوونەوەی ئەم ئەفسەرە بە کارەسات دادەنرێت لە دەزگای هەواڵگریدا، لەو ڕوانگەیەوە کە ئاگاداری وردەکارییەکانی میکانیزمەکانی کارکردنی دەزگاکە و ئەندامان و ناوی ئەفسەرانی خزمەتی نهێنی و پۆستەکان و پێکهاتەکان (تشکیلات)ی دەزگاکە و ڕەمزەکانی بوو، هەروەها ئاگەداربوونی لە شێوەی واژوەکانی سەرجەم بڕگە گرنگەکانی دەزگاکە. لەبەرئەوە دەبوایە دەزگا چەند ڕێکارێک بگرێتەبەر پەیوەست بە گۆڕینی ڕەمز و ناوەکانی هەندێک لە فەرمانگەکانی تایبەت بە لقی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتی دەرەوەدا کە ناوەکە دەکەین دەمامکێک بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وێستگەکانماندا، لەو ڕوانگەیەوە کە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ فەرمانگەی توێژینەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان/٢. سەرەڕای هەڵنەستانی ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بە دەستگیرکردنی هیچ یەکێک لە ئەندامانی دەزگاکە، بەڵام پەیوەندیی گەیشتە بنبەست لەگەڵ سەرجەم ئەو ئەندامانەی لە گۆڕەپانی ئەمریکیدا کاردەکەن بۆ ماوەیەک کە دوو ساڵی خایاند، هەندێکیشیان بە یەکجاری پەیوەندیی لەگەڵیاندا پچڕا.

دەبـــووایە دەزگـــا ئەو میکـــانیزمە بزانێـــت کە لە پشـــت جیـــابوونەوەی ئەفسەرەکەوەن، ئاخۆ بە هۆکارکی هەواڵگریانەی پێشوەخت بووە یان ڕووداوێکی نوێوە لە ئەنجامی پەرەسەندنەکانی هەڵوێستی ئەمریکییەوەیە بەرامبەر عێراق. دواتـر و لە ڕێـگەی لێکۆڵینەوەکـانەوە دەرکەوت کە سـەرمایەدارە ئەمـریکییە بە بنەچە عێراقیەکە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەفسـەری جیابووەوە هەبووە، هەر ئەویش ئاسـانکاری بـۆ پڕۆسـەی جیـابوونەوەکە کـردووە، نێوەنـدی نێـوان ئەو و دەســـەڵاتی ئەمریکـــی بـــووە کە پێشـــوازی لە بڕیـــاری جیـــابوونەوەکە کـــردووە ڕۆیشتنی بـۆ ویـلایەتە یەکگرتووەکـان بـۆ ئاسـان کـردووە. ئەو دۆسـیەیەش کە لە ئۆفیسی بەڕێوەبەری لقی ئەمریکای تـایبەت بە سـەرمایەدارەکە هەبـووە، بـێ هـیچ گومانێـک دەیســـەلمێنێت کە ئەو بـــووە بە ڕێکخســـتنی جیـــابوونەوەکە هەســـتاوە. دۆسـیەکە چەنـد بۆچوونێـک و پلانێکـی سـەرەتایی تێـدابوو سـەبارەت بە هەوڵـی خەڵەتانـدنی ســـەرمایەدارەکە و بردنـــی بەرەو باڵیۆزخـــانەی عێراقـــی لە ئەردەن، دواتریش ڕفاندنی و بردنی بۆ عێراق بە ئۆتۆمبیلی بەریدی دیپلۆماسـی لە ڕێگەی وشکانیەوە، بەڵام ناوبراو وریا بووە و نەچووە ناو باڵەخانەی باڵیۆزخانەوە.

- ڕاکردنـــی ئەفســـەر (ماجیـــد عەبـــولکەریم حســـێن)، کە لە خزمەتی نهێنیدا کاری دەکرد. هەڵسـوکەوتی ناخۆشـی لێوە دەرکەوت لە کارکردنـدا، پەیوەنـدیی گومانـاوی هەبـوو لە ڕوانـگەی هەواڵگرییەوە. ڕاپۆرتی لە بـارەوە نوسـراوە بـۆ ئەمنـی فەرمـانگەکە فەرمـانی دەرکـرد بە گواسـتنەوەی بـۆ دەرەوەی دەزگـا، ئەوەش لە سـاڵی ١٩٧٨دا بـوو. نـاوبراو لەڕێگەی سنورەوە بـۆ سـوریا ڕایکرد، لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا کـــرا لەلایەن هەواڵگریـــی ســـوورییەوە. دوای ئەوەی

زانیارییەکانی تەواوبوون پرۆسەی ناردنی بۆ سوید ئاسان بـــوو. لەوێ دەســـتی کـــرد بە پەیوەنـــدیی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریدا و لە نهێنیەکانی کاری هەواڵگریی دەدوا. ئەو بابەتەی کە پاڵی بە دەزگاوە نا بۆ بڕیاردان لە ڕزگاربوون لێی، داوای لە وێستگەکەمان لە ستۆکهۆڵم کرد بەدواداچوونی بۆ بکات و ناوبراو وریا نەبو و ئەو شوێنانەش کە سەردانی دەکردن زانراو بوون.

دەزگای هەواڵگریی سەرچاوەی ژنانەی هەبوو کە ڕاوکەری ئامانجەکان بوون، لەنێوانیشیاندا (جەمیلە شافی) کە بە یاوەری ئەفسەری پڕۆسەکان (م. ع. ج) گەشتی کرد. جەمیلە لەوێ لەڕێگەی ماجیددا دانرا، هەر زوو خۆراکەکە قوت درا، کە جەمیلە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەو شوققەیەی کە هاوکارە ژنە ئەفسەرەکەی لە چاوەڕوانیدا بوو. هەر کە چووە ناو شوققەکەوە لەپڕ ڕووبەڕووی ئەفسەری پڕۆسەکان بووەوە کە بە شەخسی دەیناسی، زانی کەوتۆتە تەڵەوە و گوتی:(ها ئەبوو (س) هاتووی بۆ ئێرە هەتا پاکتاوم بکەیت؟) پڕۆسەی پاکتاوکردنەکەی بە ئەنجام گەیشت.

- بەڕێوەبەری خانەی عەرەبی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: خانەی عەرەبی بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە یەکێک لە ڕووخسارەکانی هەواڵگریی عێراقی بوو لە لەندەن. لە سەردەمی بەرزان تکریتیدا دامەزرێنرا، (ع. ر. ش)ی عێراقی بەڕێوەی دەبرد، کە گواستراوە بۆ دەزگاکە لەناو کۆمەڵێکدا کە بەرزان تکریتی هەڵیبژاردبوون لە

فەرمانگەکانی دەوڵەت، لەوانەی توانای ئیداری و بانکی باڵایان هەیە. ئەو کەسە ئاگاداری تەواوی لە سیاقات و دیسپلین و بەرپرسیاریتیەکانی کارکردن لە دەزگای هەواڵگریی نەبوو. ژیانی خۆش بوو لە لەندەن، کاتێکیش فەرمانی گواستنەوەی بۆ بەغدا لە ساڵی ١٩٨٦دا دەرچوو، گەڕانەوەی ڕەتکردەوە. بەڕێوەبەری پڕۆژەکان هەوڵی ڕازیکردنیدا بە پێویستی پابەندبوون بە فەرمانەکانی فەرمانگەکەوە بەڵام سوور بوو لەسەر نەگەڕانەوە بەبێ حسابکردن بۆ سەرەنجامەکان.

جیابوونەوەی ناوبراو بە تاوان دادەنرێت لە تێگەیشتنی دەزگای هەواڵگریدا، بەهۆی ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لە دزەکردنی زانیاریی و کەشفکردنی شێوازەکانی کاری دەزگاکە. دوای ناردنی دۆسیەی جیابوونەوەکەی لەلایەن فەرمانگەوە بۆ دادگای تایبەت زۆر نهێنیە لەناو دەزگاکە و بڕیاری ڕزگاربوون لێی دەدات. دەستەی پڕۆسەکە کە لە سێ کەس پێکهاتبوون، دوانیان لە ئاشنایانی قوربانیەکەبوون، گەشتیان کرد، کە گومانی نەبوو لەوەی بۆ پاکتاوکردنی هاتوون، ئەوانیش (خ. ج) (خ. د)، پێشناریان بۆ کرد کە دیدارەکە لە یەکێک لە چێشتخانەکانی لەندەن دەبێت، ئەو مادە ژەهراوییەی تەرخانکرابوو بۆ کوشتنی لە (ئەنگوستیلە)ی یەکێک لە کەسەکاندا دانرابوو، لە بێئاگاییەکدا توانی ژەهرەکە بخاتە ناو مەشروبەکەی تایبەت بەقوربانیەکە.

دەستەکە گەڕانەوە بۆ عێراق، دوای دوو هەفتە گیانی لەدەستدا بەهۆی کاریگەربوونیەوە بە مادە ژەهراوییەکەوە، کە خێرا دەسەلاتی بەریتانی کەشفیان

کردوو، شوناسی یەکێک لە پیادەکەرانیان دیاری کردوو، داوای کرد لە ڕێگەی ئەنتەرپۆلی نێودەوڵەتییەوە، بەڵام عێراق ناسینەکەی نەفی کرد، چونکە پیادەکارەکان پاسپۆرتیان بە ناوی وەهمییەوە بەکاردەهێنا. لەو کاتەدا کە مادە ژەهراویەکە کرایە کوپی قوربانیەکەوە، مادەکە بەر دەستی هەڵگرەکەی کەوت و دوای ماوەیەکی کەم لە عێراق مرد. سەبارەت بە کەسی دووەمیش لە کوێت خۆی شاردەوە لەکاتی داگیرکاریەکەداو، دەرکەوت کە بەرگری کوێتی لەناوی بردووە، لەکاتێکدا کەسی سێیەمیان لە دەرەوەی عێراق و لە ساڵی (٢٠٢٠)دا کۆچی دوای کرد.

- لەسێدارەدانی ئەفسەری هەواڵگری (هۆشەنگ سەید ئەحمەد): هۆشەنگ سەید ئەحمەد سەر بە هۆزی هەرکی کوردە کە درێژکراوەیان لە ناو ئێراندا هەیە. هۆشەنگ لاوێکی چالاک بوو دژی ڕژێمی ئێران بوو، کوردە ئێرانییەکانی هان دەدا بۆ داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان هەتا هەواڵگریی ئێرانی (ساواک) لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەستگیری کرد.

لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا ،لایەنی عێراقی هاتە ناوەوە بۆ ئازادکردنی بەو پێیەی هاوڵاتیەکی عێراقییە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری ناسراو. ئێران بە دەم داواکەوە هات و ئازادی کرد. هۆشەنگ وەک وەرگێڕ لە دەزگای هەواڵگریی دامەزرێنرا لە سەردەمی بەرزان تکریتیدا. لەو ماوەیەدا چەند ئاماژەیەک هاتن بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی دەزگا دەربارەی دیدارێکی نامەفهوم کە لە نێوان هۆشەنگ و کونسوڵی ئەمریکیدا لە بەغدا بە

ئەنجام گەیشتووە، لەگەڵ دیدارێکی دیکە لەگەڵ کونسوڵی دەوڵەتێکی خۆرئاوایی کە باوەڕوایە ئەڵمانیای خۆرئاوا بێت بە بێ ئەوەی دەزگا دەربارەی ئەو دیدارانە بەگوێرەی سیاقەکان ئاگادار بکات. ئەمنی فەرمانگەکە بەڕێوەبەری دەزگای ئاگەدار کرد بە چالاکی ناپەسەندی هۆشەنگ. بەرزان تکریتی لەسەر ڕاپۆرتی ئاسایشی دەزگاکە ئەم تێبینیەی نووسی:(ئاگاداری هۆشەنگ بن لەبەر ئەگەری ئەوەی کە سیخوڕبوونی بابەتێکی شیاوە) ڕێنمایی ئەوەی کرد کە پۆستێکی هەواڵگریی گرنگ وەرنەگرێت. هۆشەنگ ئەفسەرێکی دەرەوشاوە و تێکۆشەر بوو و وەک مامۆستایەک هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی وانەی کوردی بە سەرۆک سەدام حسێن بڵێتەوە و بەڕادەیەکی باڵا متمانەپێکراو بووە. پەیوەندییەکیشی لەگەڵ ئەو بازنەیەدا بنیادنا کە لە سەرۆکەوە نزیکن، بە دیاریکراویش لەگەڵ هەریەک لە عودەی و قوصەی سەدام حسێن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دا بەرزان تکریتی یەکێک لە ئەفسەرانی ڕاسپارد لە بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی بۆ بەدواداچوونی هۆشەنگ بە ئامانجی ئابڵۆقەی بازنەی پەیوەندییەکانی. ئەو فەرمانە لە دەرەوەی ئەو سیاقانە بن کە پێویستیان بە بەدواداچوونی ئەندامانی دەزگاکەیە بە دیاریکراوی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئەمنی فەرمانگەکەوە نەک لە پسپۆرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی. بەڵام بەرزان پاساوی هێنایەوە بەوەی ئاسایشی فەرمانگەکە بەدواداچوونی ورد تێناگەن. بەدواداچوونەکە شەش مانگ بەردەوام بوو، ئەنجامەکان بوونی پەیوەندیی لقوپۆپداری ئاستبەرزیان دەرخست لەگەڵ گەورە بەرپرسان بە دەوڵەتەوە. بەڵام بەداداچوونەکە هیچ ئاماژەیەکی نەرێنی سەبارەت بە بوونی پەیوەندیی هەستیار یان پەیوەندیی دەرەکی ئەوی نەخستەڕوو.

به ڕێنمایی چەند لایەنێکی باڵا هۆشەنگ گواستراییەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی خزمەتی دەرەکی لە سەردەمی (فازڵ بەڕاگ) دا، بوو بە بەڕێوەبەری لقی ئێران لەکاتێکدا جەنگی عێراق ئێران لە لوتکەی چالاکییدا بوو پاشان بووە بە بەڕێوەبەری (الدولية الثانية)ی ئێران و تورکیا.

لە ساڵی ١٩٨٨دا هۆشەنگ کرا بە بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی عێراقی لە بۆن لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات بەهاتنە ناوەوەی عودەی سەدام حسێن (هاوڕێی تایبەتی هۆشەنگ). بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەکی بەم کارە ئاسودە نەبوو، ڕاپۆرتێکی بۆ بەڕێوەبەری دەزگاکە نووسی و وردەکارییەکانی کەسێتی هۆشەنگی تێدا خستەڕوو بە هەردوو ڕووە نەرێنی و ئەرێنییەکەیەوە، بەڵام بڕیاری دامەزراندنەکەی بۆ بەڕێوەبەری دەزگا بەجێهێشت. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی فەرمانگەکە ڕەخنەی لە کاندیدکردنی بۆ ئەڵمانیا گرت بەهۆی بوونی کوردانێکی زۆر و پێشنیاری دەوڵەتێکی دیکەی بۆ کرد. بەڵام ئەمە بە هەند نەگیرا بەهۆی حەزی عودەی سەدام بۆ بوونی بە ئەندام لە وێستگەی هەواڵگریی لە بۆن.

لە ماوەی ئامادەبوونی هۆشەنگ لە ئەڵمانیا، ئاماژەیەک لە یەکێک لە بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کۆمەڵەکەی جەلال تاڵەبانی)یەوە هات بۆ دەزگای هەواڵگری، کاتێک لەبەردەم یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی گوتی:(بۆچی هەواڵگریی عێراقی بە سیخوڕێتی تۆمەتبارمان دەکەن... مەگەر بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی لە ئەڵمانیا سیخوڕی ئێران نییە..؟). لەم جۆرە دۆخانەدا زانیاریی دوو ڕوو وەردەگرێت، یان ئەوەتا زانیارییەکە دروستە یاخود ئامانج لە دەربڕینەکەی تاقیکردنەوەی هۆشەنگ سید ئەحمەدە، لە هەردوو دۆخەکەشدا

ناکرێت ئەو ئاماژەیە فەرامۆش بکرێت و هەر دەبێت وردبینی تێدا بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێکارەکانی بەدواداچوونی چڕ بۆ هۆشەنگ دەستیان پێکرد، کە چاندنی نوسینگەکەی و چاودێریکردنی پەیوەندییەکانی و جموجۆڵەکانیەتی لە ئەڵمانیا. هیچ شتێک لە ئەنجامەکانی بەدواداچوونەکە بوونی ئاماژەی نەرێنی لێ نەکەوتەوە، هۆشەنگ لە ئەڵمانیا بانگ کرایەوە و دەمودەست گەڕایەوە.

هۆشەنگ بەگوێرەی ئەو سیاقانە دادگایی نەکرا کە بۆ تۆمەتبارانی ئەندامانی دەزگاکە پەیڕەو دەکرێن لە بەردەم دادگایەکدا کە لەناو هەواڵگرییدا پێکدەهێنرێت و کادری دەزگاکە ئامادەی دەبێت و تۆمەتەکەی تێدا دەخرێتە ڕوو لەگەڵ بەڵگەکانی ئیدانەکردن. بەڵام بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسن) لە بەردەممانداا لە کۆبوونەوەی کادری دەزگاکەدا گوتی: هۆشەنگ سیخوڕی هەواڵگریی ئێرانی بووە و زانیاریی هەستیاری پێشکەش بە دوژمن کردووە لە کاتی جەنگدا(و سەری پان دەکەینەوە)، پاشان زۆری نەبرد بڕیاری کوشتنی بە سەردا پیادەکرا لە ناوچەی سەلمان.

بەڵام (بەرزان تکریتی) لە یادەوەرییەکانیدا چیرۆکێکی دیکە دەگێڕێتەوە، هۆشەنگ بێتاوان دەردەخات لە تۆمەتی سیخوڕی و دەڵێت: هۆکاری کوشتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تۆمەتبارکردنەی هۆشەنگ کە ئاڕاستەی هاوڕێکەی قوسەی سەدامی کردووە بە ناوی (حسام ئەلرسام) کە داوای دابینکردنی مادەی هۆشبەری کردووە لە کاتی سەردانەکەیدا لەگەڵ (قوسەی) بۆ ئەڵمانیا، ئەمەش هۆشەنگی تووشی واقوڕمان کردووە کە لە (بۆن)وە گەشتی کردووە بۆ ژنێف و داوای لە بەرزان کردووە بابەتی مادە هۆشبەرەکە بە سەرۆک سەدام حسێن ڕابگەیەنێت بەهۆی هەستیاری حاڵەتەکەوە. بەرزان ئەم زانیارییەی قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی بە

نامەیەکی دەستخەت سەرۆک ئاگادار بکات، دوژمنە سەرسەرختەکەی خۆی تێدا تۆمەتبار بکات کە (فەریق حسێن کامل)ە بەوەستان لە پشت (حسام ئەلرسام) بۆ تێوەگلاندنی قوسەی لە هەوڵی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر. سەرۆک لەو زانیارییانە تووڕە دەبێت و داوای سەرجەم لایەنەکان دەکات بۆ دانیشتنێک لە کۆشکی کۆماری، تێیدا گوێ لە تەواوی گەواهییەکانی بابەتەکانی پەیوەست بە کەیسەکەوە دەکات، بە لەناوبردنی هۆشەنگ کۆتایی دێت.

لەکاتی پیادەکردنی بڕیاری کوشتنەکەدا ئەوە ڕوویدا کە (عیسام شەریف، بەڕێوەبەرێکی دەزگای هەواڵگریی کە لە باکگراوندێکی مەدەنییەوە هاتبوو بۆ دەزگاکە) حسابی بۆ نەکردبوو، ئەوەی کە سەبعاوی بۆ پیادەکردنی بڕیاری کوشتنەکە هەڵیبژاردبوو، کە دەمانچەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراو گواستراییەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و دواتر بوو بە باڵێۆز لە تونس.

بەشی نۆیەم

ڕووداوگەلێکی گرنگ

داگیرکردنی کوێت

دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن حیزبی بەعسەوە لە عێراق ساڵی ١٩٦٨، لەو کاتەدا دروشمی شۆڕشگێڕیی لە دەسەڵاتی عێراقەوە دەرچوون کە زۆرینەی ڕژێمە عەرەبییەکانیان بە سیخوڕی بۆ ئیمپریالیەت (ئەمریکا و دەوڵەتە خۆرئاواییەکان) تۆمەتباردەکرد. تۆمەتەکان بەشێوەیەکی تایبەت دژی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی و ئەردەن بوون کە سەرکردەکانی باوەڕیان وابوو کە ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی لە بەغدا توانا سیاسی و میدیایی و هەواڵگریی و داراییەکانی دەوڵەتی لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی حیزبی بەعسدا تەرخانکردووە، کە داوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانە و دامەزراندنی یەکێتی عەرەبی دەکات، کە یەکەمین ئامانجی بەعس بوو، ئەو دەوڵەتانە لەسەر هەق بوون لەو بیروباوەڕەدا و لەسەر ئەو بنەمایەش مامەڵەیان لەگەڵ عێراقدا کرد.

دوای هاتنی خومەینی بۆ دەسەڵات ساڵی ١٩٧٩، گەیشتنی سەدام حسێن بە پلەوپایەی فەرمانڕەوایەتی، پێویستی هاتەئاراوە بۆ گۆڕینی سیاسەتی عێراق بەرامبەر دەوڵەتانی عەرەبی، بە دابڕینی چالاکی ڕێکخستنی حیزبی بەعس لە دەزگاکانی دەوڵەت، چەند پەیامێکی ڕوونیش سەبارەت بەم بابەتە لە عێراقەوە دەرچوون بۆ دڵنیاکردنەوەی دەوڵەتانی کەنداو و ئەردەن و مەغریب لەوەی ڕژێمی حوکم لە بەغدا هەوڵی گۆڕینی ئەو ڕژێمانە نادات بەو پێیەی مەسەلەیەکە تایبەت بە گەلانەوە، بەڕاستیش عێراق بەم بەرنامەیەوە پابەند بوو، گۆڕانکاری زۆری ئەنجامدا لە ڕووناکبیری گشتیی و ڕاگەیاندن، تەنانەت لە ڕووی ڕێکخستنی حیزبییەوە، لەو ڕووانگەیەوە کە دروشمە شۆڕشگێرییەکان لە بەرنامە ڕووناکبیرییەکانی حیزب ون بوون، لەگەڵ هەموو ئەوەی هاوڕێی ئەمە بوو لە

سروشتیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و دەوڵەتانی کەنداو، سعوودیەش بە تایبەت، ئەو پشتگیرییە دارایییەش کە پێشکەشی عێراقی کرد لە جەنگەکەیدا لەگەڵ ئێران، بەڵام دەوڵەتانی کەنداو هەر بە ترسەوە لەگەڵ نیازەکانی عێراق و لە ئامانج و خولیاکانی مانەوە.

دوای ئەوەی جەنگەکە بە سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر ئێراندا کۆتایی هات، عێراق کەوتە بەردەم دوو ڕووبەڕووبوونەوەی گرنگ: یەکەمیان بنیادنانەوەی ئەو دەوڵەتەی جەنگ لە ڕووی ئابووریەوە شەکەتی کردبوو، بە پشتبەستن بە داهاتی نەوت و یارمەتی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان وەک سعوودیە و کوێت و ئیمارات، دووەمیش ڕەواندنەوەی ترسەکانی دەوڵەتانی کەنداو و گومانەکانیان لە شوێنەوارەکانی سەرکەوتن بە سەر ئێراندا.

لەپێناو لابردنی ئەو گومانانەشدا، سەرۆک سەدام حسێن خێرا دەستی کرد بە بەخشینی مەدالیای ڕافیدەین بە (شا عەبدالعەزیز) و ئەمیری کوێت (جابر ئەلئەحمەد سەباح) لە پلەی یەکەم لەکاتی سەردانکردنیاندا بۆ عێراق لە ئادار و ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩دا. وەکچۆن عێراق دەستپێشکەرییەکیشی کرد کە داوای واژووکردنی ڕێککەوتنەکانی دراوسێباشی و ڕێزگرتن لە سەروەری هەردوو وڵات و سنورە هەرێمیەکانیان و دەستوەرنەدانە ناو کاروباری دەوڵەتان و هاوکاری دەکات بۆ گرەنتی ئاسایشی دەوڵەت. ڕێککەوتنەکە واژووکرا لە حاڵەتی خستنەڕوویدا لە بەردەم شا فەهد عەبدولعەزیز بەبێ دوو دڵی. لەژێر تیشکی ئەو ڕێککەوتنەدا چەند فەرمانێک لە سەرۆک سەدام حسێنەوە بۆ دەزگای هەواڵگریی دەرچوون بۆ وەستاندنی تەواوی چالاکییە هەواڵگرییەکان دژی سعوودیە و هەواڵگریش دەقاودەق بەم فەرمانەوە پابەند بوو.

بەڵام لەڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ دەوڵەتی کوێتدا، ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە (ئەمیر جابر) وەرگرتنی ڕێککەوتنەکەی لە دەستی سەرۆک سەدام حسێن ڕەتکردەوە کاتێک ویستی پێشکەشی بکات بەر لەوەی ئاگاداری ناوەڕۆکەکانی بێت، کە بە شێوەیەک سەرۆکی بێزار کرد کە پێشتر ڕووی نەدا بوو. ئەم هەڵوێستە ڕەتکەرەوەیەی واژووکردنی ڕێککەوتنەکە بەوە لێکدرایەوە کە لە ئەنجامی بیروباوەڕی کوێتەوەیە سەبارەت بەوەی ڕێککەوتنەکە وا لە سنووری کوێت و عێراق دەکات لەو کاتەدا کە ئەمرێکی واقعی دانپێدانەنراو بێت لەکاتێکدا کە لە واقیعدا ڕەنگە بابەتەکە جیاواز بووبێت. بەڵام ئەوە ڕوونە کە هەڵوێستەکە هەڵقوڵاوی بێمتمانەیی ئەمیری کوێت بوو بە نیازەکانی سەدام حسێن.

کوێت کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕەتکردەوە هەروەها تەنازولکردن لە قەرزەکانیشی ڕەتکردەوە، چەند دزەپێکردنێکی مەبەستدار هاوڕێی ئەو هەڵوێستانەبوو لە چەند لایەنێکی کوێتیەوە، چەند لێدوانێکیش کە درابوونە پاڵ شێخ سعد الصباح وەلی عەهد کە زیانی بە ژنی عێراقی گەیاندووە، لەوەش زیاتر دزەپێکردنی کاسێتێکی ڤیدیۆ کە یەکێک لە ژنە عێراقییەکان لەگەڵ کەسێکی کوێتیدا دەردەخات بە دۆخێکی ناشرینەوە، ئاڵای عێراقیشی کردووە بە فەڕش بۆ ئەو ژنە و پیسییەکانی ئەو ژنەی پێ دەسڕێتەوە.

هیچ هەڵوێستێکی ڕوون لەبارەی ئەم دوو ڕووداوە لە کوێت نەبینرا، هەر کەسێکیش سروشتی خیلەکیانەی سەدام حسێن بزانێت تێدەگات کە هەر دەبێت کارێک بکات کە بە بیردا نەهاتبێت. دەزگای هەواڵگریی ئەو ڕووداوانەی وەک وروژاندنێکی بە مەبەست بینی، کە ڕەنگە لایەنی نێودەوڵەتی ئیسرائیلی و ئەمریکی لە پشت بن یان ئەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنی خێزانی فەرمانڕەوای کوێتن. ئیتر

ئۆپۆزسیۆنی ناوەکی بن یان دوژمنایەتی نێوان ئەندامانی خانەوادەی فەرمانڕەوا خۆیان، سەرۆک سەدام حسێن بۆ ئەنجامدانی کارێک هان دەدات.

ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕووداوە ڕاستەقینانە مانای پاساو هێنانەوەی داگیرکارییەکانە یان بیانوویەک نییە بۆی لە ژێر هەر بەهانەیەکدا بێت. بەڵکو لەپێناو ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە چۆن پلانەکان دادەڕێژرێن، چۆن دەکرێت بەدحاڵیبوون یان بێئاگابوون لە ڕووداوە بچکۆلەکان یاخود تێپەڕاندنی ناکۆکیگەلێکی دیاریکراو ببنە هۆکاری هاتنەئارای قەیرانێکی گەورە کە ببێتە مایەی کارێکی کارەساتئامێز کە ڕەوتی مێژوو بە تەواوی بگۆڕێت، شوێنەوارەکانی دوای سێ دەیە لە مێژووەکە هەر بمێنێتەوە.

ـ ڕۆڵی دەزگای هەواڵگریی لە داگیرکردنی کوێتدا:

دەزگای هەواڵگریی ڕۆڵێکی ڕوونی نەبوو لە پڕۆسەی زەمینەسازی بۆ داگیرکردنی کوێت، کادری پێشکەوتوو هەواڵی ڕامالینەکەی لە هەواڵەکانەوە بیست، بەڵام خێرا ڕۆڵی دەزگا زەق بووەوە لە میانی پڕۆسەی ڕامالینەکەدا دوای ئەوەی پێشەنگەکانی هێزەکانی پاسەوانی هاوەڵێتی کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی هەواڵگرییان کرد لەوانەی پێشتر لە کوێتدا کاریان کردووە، زانیاریی تەواویان دەربارەی ناونیشانی شوێنە هەستیارەکان هەیە وەک وەزارەتەکان و شوێنە ئەمنی و سەربازییەکان و بارەگاکانی سەرکردایەتی. ڕۆژی دواتریش دەزگا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی بانگ کرد کە لە شێوەی کۆمەڵی پێکهاتوو لە ١٨ کەس دابەشکرابوون، لەگەڵ تفەنگێکی کلاشینکۆفدا. وەجبەی یەکەم بە پاس

نێردران، وەجبەی دووەم بۆ بنکەی ڕەشید گواستراندەوە لە باشووری خۆرهەڵاتی بەغدا. پاشان بۆ بنکەیەکی میللی باشووری بەسرە بە فڕۆکەی سەربازی بران. پاشان بە پاس بۆ ناوچەی (المطلاع) کەوتنە جموجۆڵ نزیک لە دەرچەی سنور. هێزەکە بۆ ماوەی ڕۆژێک لەوێ جێگیر بوو، کە فەرمان دەرکرا بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا لەبەر نەبوونی پێویستی بەهێز دوای ئەوەی پاسەوانی کۆماری بە تەواوی کۆنترۆڵی کوێتی کرد. هێزەکە گەڕایەوە بەغدا جگەلە پەنجا ئەفسەر کە باڵیۆزخانەی عێراقییان کردبووە بارەگا بۆ خۆیان، ئەرکەکەشیان پشکنینی شوێنە هەستیارەکان و کۆنترۆڵکردنیان بوو. پاشان بەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی کەنداو دامەزرێنرا بە سەرپەرەشتی بەڕێوەبەری دەزگاکە، (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن).

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٠دا، واتە سێ مانگ دوای داگیرکردنی کوێت، هەواڵگریی توانی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی بەرگری بە دیل بگرێت، کە ناردنی بۆ بەغدا و لە بەڕێوەبەرێتی لێکۆڵینەوە و پشکنین (الحاکمیة) هێشتنیەوە، کەسانێکی خێزانی بەهبەهانیشیان لەناودا بوو لەگەڵ (مەعتوک و شێخ خالید ئەلفەهد ئەلسەباح) کە لەپڕ ڕووبەڕووی یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی بووەوە (ف. ز)، کاتێک ویستی لە زانیارییە شەخسیەکان دڵنیابێت دەربارەی بە کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو کاتێک پرسیاری لەناو و لە کارەکەی کرد، گوتی:(گوایا نامناسیت؟ من خالد ئەلفەهدم، کوڕی فەهد ئەللئەحمەد کە کوشتتان! من خەمی ئەوەم نییە کە لێرە لەم زیندانەدام بەڵکو خەمی ئەوەمە دەستگیرتان کردوم بەر لەوەی بتوانم تۆڵەی باوکم بکەمەوە و ١٠٠ عێراقیتان لێ بکوژم). لەگەڵ ئەم هەموو بێزارکردنەدا شێخی لاو مایەی سەرسامی ئەفسەرەکە بوو. هەروەها دەزگاکە بەرپرسی ئەو گیراوانەی دیکە بوو کە لە شاری موسڵ

گیرابـوون، لەناویشـیاندا ئەفسـەرێک لە خـانەوادەی دەشـتی. سـەرۆک سـەدام دڵخۆش دەبوو کاتێک هەواڵی بەرگریکردنی کوێتی پێدەگەیشت، چونکە ئەو بە سروشـتی خـۆی ئازاکـانی عەرەبـی خۆشدەویسـت تەنـانەت ئەگەر دوژمنیشـی بوونایە، لەمەشدا پێشینەی هەیە کاتێک هێزەکانی بەدری ئێرانی بە شێر وەسف کـرد کە لە ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق پێکهـاتبوون، لەکـاتی قسـەکردنیدا لەسـەر وەسفکردنی فەرماندەی مەیدانی جەنگەکە بە سەخت، کە کەوتبووە نێوان سوپای عێراقی و هێزەکانی بەدرەوە، کە سەرۆک گوتی:(چۆن جەنگەکە سەخت نابێت کە شێر ڕووبەڕووی شێر ببنەوە).

پڕۆسەکانی لەسێدارەدان بە فەرمانی (عەلی حەسەن مەجید) پیادەکران بەرامبەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕەگەزە چەکدارەکانی بەرگری کە پڕۆسەی سەربازییان ئەنجامـداوە و چەنـد سـەربازێکیان لە سـوپای عێراقـی کوشـتووە. یەکێـک لە ئەفسـەرانی هەواڵگریـی پێشـنیارێکی خسـتەڕوو بـۆ وەسـتاندنی جێبەجێکردنـی لەسـێدارەدان و پرسـی:(بۆچی لەسـێدارەیان بـدەین؟ ئەگەر کوێـت بە عێراقـی بمێنێتەوە ئەوا ئەوان هاوڵاتی عێراقین، ئەگەر کوێتیشمان لەدەستدا دەکرێت وەک کـارتی موسـاوەمەکردن بەرامـبەر شـتێکی دیـاریکراو بەکاریـانبهێنین). کاتێـک پێشنیارەکە گەیشتە عەلی حەسەن مەجید، داوای ئەفسەرەی کردووە و سوکایەتی پێکردو لێی پرسی چۆن دەتوانێت بیر لەوە بکەیتەوە کە ئێمە کوێت لەدەستبدەین؟ خەریـک بـوو ئەفسـەرەکە لەسـێدارە بردێـت ئەگەر تەزکـیەی بەڕێـوەبەرەکەی نەبووایە بەو پێیەی لە ئەفسەرانی لێهاتووە، نیازپاک و ڕەفتار جوانە.

لەکاتی شەڕی کوێتدا ساڵی ١٩٩١، ئەرکەکانی دەزگاکە لە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئەمنی ناوخۆدا لە شارە سەرەکییەکاندا کورت ببووەوە بە تـایبەتیش بەغدا، لەگەڵ

پێدانی زانیاریی بە سەرکردایەتی سەبارەت بە واقیعی جەنگەکە و جموجۆڵە سەربازییەکانی دوژمن. زیانە مرۆییەکانی هەواڵگریی لەکاتی داگیرکاریەکە و کشانەوەکەدا گەیشتە ٥٨ ئەفسەر، زۆربەیان تەرمەکانیان نەدۆزرانەوە، ئەفسەرێکی گەورەشیان لە پرۆسە تایبەتەکان تێدا بوو.

لەناو هەیوانەکانی دەزگاکەدا گوێم لە حاڵەتەکانی لەسێدارەدانی دیلە کوێتەکان نەبوو لەناو خاکی عێراقدا، بەڵکو سەرجەم ئەو دیلانەی گواستراونەوە بۆ عێراق مامەڵەیەکی ئاساییان لەگەڵدا کرا سەرەڕای هەلومەرجی سەختی بەندکردن بەگوێرەی ئاگاداری من.

کاتێک (لاپەڕەی غەدر: صفحه الغدر) دەستی پێکرد لە ئەنجامی کشانەوەی سوپای عێراق و ڕاگەیاندنی ئاگربەست، ئاسمانی بەغدا ئاگراوی ببوو بە تەقەکردنی هەڕەمەکی لە هەموو لایەکەوە، جموجۆڵی گوماناوی ڕەگەزی نەیار لە هەموو لایەکی بەغدادا دەستی پێکرد بۆ لە ناوبردنی ڕژێم، دوای گرتنی سەرجەم پارێزگاکانی باشوور، لەو ڕوانگەیەوە کە بارەگاکانی حیزبی بەعس لە ناوچەکانی باکووری بەغداو (مدینه الثوره) هێڕشیان کرایە سەر.

ڕۆژی ٣٠ ئادار بەڕێوەبەری دەزگا، (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن)، کۆبوونەوەیەکی خێرای بەست لەگەڵ کادری پێشکەوتوودا لە هۆڵی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەییدا، داوای پیادەکردنی پلانی بڵاوبوونەوەی کرد لە بەغدادا دەمودەست، گوتی:(لە ئێستاوە بۆ دوو کاتژمێری تر نامەوێت دەنگی یەک فیشەک لە ئاسمانی بەغدا ببیستم). گوتیشی:(داوا لە هاوڵاتیان بکەن یەکسەر گوللەی ئاگرین ڕابگرن، هەرکەسێک دە فیشەک بتەقێنێت، فیشەکی یانزەهەم لەسەریدا بتەقێنن). لەڕاستیدا کار بەم تێوڕە نەکرا چونکە زۆربەی دانیشتووانی بەغدا خێرا

خۆیان خزانده ماڵەکانیانەوە کاتێک ئۆتۆمبیلەکانی دەزگای هەواڵگرییان بینی بە شاردا بڵاوبوونەتەوە، تەنیا کەسانێکی کەم مابوونەوە لەوانەی تەحەدای دەسەڵاتیان دەکرد کە دەستگیرکران، لەبەر پێویستی دەزگاکە بە دەستخستنی زانیاریی دەربارەی باکگراوندەکانی جموجۆڵی دوژمن، لە مەدینە سەدام (مدینه الصدر)ی ئێستا بە تایبەت، کە کۆمەڵێک دەستگیرکران لەوانەی ناوی خۆیان نابوو شەقاوە (الخوشیه). ژمارەی نزیکەی حەفتا کەس بوو لە ئاژاوەچییان، کە تەقەیان لە دەوریاتەکانی هەواڵگریی و بارەگاکانی سەر بە حیزب کرد لە ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی بەغدا، لە کۆتاییشدا ڕێکارەکانی هەواڵگریی بوونە مایەی سەقامگیربوونی پایتەخت بەبێ وێرانکاری یان کاولکاری، وەکچۆن پڕۆسەی شەوانەش ئەنجامدران بۆ داڕنینی چەکی بێمۆڵەت لە شارەکە.

ـ گیانی خراپەکاریی سەبڕی ئەلبەنا (ئەبو نیزاڵ)

ئەو فەلەستینیەی نازناوی ئەبو نیزاڵی هەیە یان (صەبری خلیل ئەلبەنا) یاخود ئەوەی خۆی بە (روح الشر: گیانی شەڕانگێزی) ناودەبات، کە لە تاریکییەکانی شەودا جموجۆڵ دەکات، نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بوو لە بەغدا لە حەفتاکاندا. لە ساڵی ١٩٧٤یشدا لە فەتح جیابووەوە، بیرۆکەی ڕاهاتن و ئاساییکردنەوە (تطبیع)ی لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕەتکردەوە کە یاسر عەرەفات باوەڕی پێ بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە، ئەنجومەنی فەتحی شۆڕشگێڕی دامەزراند، لەسەر بەرنامەی پاکتاوکردنی جەستەیی نەیارە سیاسییەکانی ڕۆیشت.

به پشتگیری دەزگای هەواڵگریی عێراقی، ئەبو نیزاڵ سەربازگەیەکی بۆ ڕاهێنان لە بەغدا دامەزراند کە زۆرێک لەوانەی لەخۆگرت کە بیرۆکەی خۆگونجان و ئاساییکردنەوەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕەتکردەوە، پاشان پیاوەکانی کەوتنە گەڕان بە جیهاندا، زیاتر لە ٩٠٠ کەسێتی فەلەستینیان کردە ئامانج کە لەسەر بەرنامەی بە ئاساییدانان و بەسروشتیدانان (التطبیع) دەڕۆیشتن، ئەندامانی ڕێکخراوی فەتح و سەرکردەکانی تۆقاند. وەکچۆن ئەبو نیزاڵ چەند پڕۆسەیەکیشی دژی ئامانجگەلێکی ئیسرائیلی ئەنجام دا، لەوانەش کوشتنی باڵیۆزی ئیسرائیلی لە لەندەن کە تووشی ئیفلیجی تەواو بوو، هەروەها بەئامانجگرتنی گەشتیارانی هێڵی ئاسمانی ئیسرائیلی (العال) لە هەردوو فڕۆکەخانەی ڕۆما و ڤییەنا، پڕۆسەکەش کوشتنی ١٨ کەس و بریندارببوونی پتر لە ١٢٠ کەسی لێ کەوتەوە.

لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق ئێران، عێراق پێویستی بە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیی و عەرەبی هەبوو. هەر دەشبوایە دۆڕخەکە هێور بکرێتەوە، هەواڵگریی داوای لە ئەبو نیزاڵ کرد هیچ پڕۆسەیەکی تایبەت پیادە نەکات، بەڵام پابەند نەبوو، کە بووە مایەی دورخستنەوەی لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە، ئیتر بەرەو سوریا ملی نا.

ئەبو نیزاڵ لە چەند پڕۆسەیەکدا دژی بەرژەوەندییە ئەمریکی و ئیسرائیلی و عەرەبییەکان بەشداری کردووە، لەوانەش هەوڵی تەقاندنەوەی فڕۆکەی (العال)ی ئیسرائیلی لە ڕێگەی دانانی بۆمبێکەوە لەناو جانتای ژنێکی ئێرلەندی بەبێ ئاگەداری ژنەکە. کە ئەو ژنە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ (نزار ئەلهنداوی) هەبوو (هاوڕێی ئەبو نیزاڵ)، کە خەریکبوو بچێتە سەر فڕۆکە ئیسرائیلیەکە. هەروەها هەوڵدانی کوشتنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا (مارگریت تاتچەر) ساڵی ١٩٨٤،

هەروەها بە ئامانجگرتنی سەرنشینانی فڕۆکەی (بان ئەمریکان) لە فڕۆکەخانەی کەراتچی، تەقاندنەوەی فڕۆکەی لوکربی، وەکچۆن ئەبو نیزاڵ سێ ئەندامی دیاریشی لە سەرکردەکانی فەتح کردە ئامانج، لەنێویشیاندا؛ سەلاح خەلەف، ئەبو زیاد لە تونس و هەموویانی کوشتن. لە کۆتایی ئەم پڕۆسانەدا ئەبو نیزاڵ لە تەرابلوسی لیبیا جێگیر بوو و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ قەزافیدا هەبوو کە پشتگیرییەکی بێسنوور کرا.

لە ساڵی ١٩٩١دا و بەر لە جەنگی کوێت، عێراق پلانی بۆ پیادەکردنی پڕۆسەگەلێکی تایبەت دژ بە چەند ئامانجێکی ئەمریکی دادەنا. بابەتەکە پێویستی بە پەیوەندیکردن بە ئەبو نیزاڵ وە کردو هێنرا بۆ بەغدا، بەڵام ئەو بارودۆخە باوەکە و ناکۆکییە عەرەبییەکانی قۆستەوە، پەیوەندیی بە دەوڵەتی شانشینی عەرەبی سعوودیەوە کرد و نیازەکانی عێراقی ئاشکراکرد، توانای ڕووتکردنەوەی دەوڵەتانی کەنداویشی هەبوو، بڕێکی یەکجار زۆر لە پارەی دەستکەوت، نەگەڕایەوە بۆ عێراق و جارێکی دیکە ڕووی لە لیبیا کردەوە. لە کۆتایی نەوەدەکاندا بارودۆخەکە تەنگەتاوی کرد دوای فشارە خۆرئاواییەکان بۆ سەر عەقید قەزافی، لیبیا داوای لێ کرد وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت و ئۆفیسەکانی داخست و ڕوویکردە میسر. کاتێکیش هەواڵگریی میسڕی بە بوونی زانی داوای لێکرد خاکی میسر بەجێبهێڵێت، ئیتر ڕووی کردە ئێران لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢دا. زۆر نەمایەوە هەتا هاتە ناو خاکی عێراقەوە بە پاسپۆرتێکی یەمەنی ساختەوە، کە دەسەڵاتی عێراق ڕێگەی هاتنە ناوەوەی پێدا بەو پێیەی یەمەنییەکی بەخشراوە لە مەرجەکانی دەستخستنی ڤیزە بێ ئەوەی ناسنامە ڕاستەقینەکەی بزانێت.

ئەبو نیزاڵ خانوویەکی بچکۆلەی لە شەقامی فەلستین بەکڕێ گرت، دوای ماوەیەکی کەم زانیاریی لە هەواڵگریی دەوڵەتێکی هاوڕێیەوە هات کە جەختی لە بوونی ئەبو نیزاڵ لە بەغدا لە شوێنێکی نەزانراودا کرد. لەسەر ئەو بنەمایەش هەواڵگریی عێراقی هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ گەڕان بەدوایدا، ڕێکارەکانی بەدواداچوون لە ناسیاوە کۆنەکانیەوە دەستی پێ کرد. تێبینی ئەوە کرا کە یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی سەردانی خانوویەکی بچووکی دەکرد لە شەقامی فەلەستین و خانووەکە خرایە ژێر چاودێرییەوە، ئەبو نیزاڵ بۆ ئیش و کاری بازاڕ دەچووە دەرەوە بۆ شوێنێکی نزیک، تاقمی چاودێری توانیان چەند وێنەیەکی بگرن و ئامادەبوونی خۆی و ناونیشانەکەی بۆ دەزگای هەواڵگریی یەکلابووەوە.

ئەبو نیزاڵ زۆر زیرەک و وریا بوو و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵەکانی زۆر زەحمەت بوو بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی و ئاگادارکردنی بەوەی ئێمە بە بوونی دەزانین و داواکردنی ڕوونکردنەوە لێی دەربارەی پاڵنەرەکانی هاتنەناوەوەی عێراق و پەیوەندییە هەواڵگرییەکانی لەگەڵ هەواڵگریی دوژمندا پێش ئەوەی بخرێتە ژێر مانەوەی زۆرەملێیەوە (الاقامة الاجباریة)، چاودێریکردنی لەلایەن دەزگاوە. مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەرێکی ترسناک و هەستیاری وەک ئەبو نیزاڵ پێویستی بە ئاگاداربوونی سەرۆکایەتی کۆمارە. لەبەرئەوە دەزگاکە پێشنیارێکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی کرد بۆ ڕێگەپێدانی بە مانەوە لە عێراقدا لەژێر چاودێری هەواڵگریدا، ڕەزامەندی لەسەر درا، بەڵام دەزگا هەواڵگرییە ئەمریکی و بەریتانییەکان هەواڵیان دزەپێکرد دەربارەی ئامادەبوونی ئەبو نیزاڵ لە بەغدا لە چوارچێوەی هەوڵی دەوڵەتانی دوژمنکاردا بۆ گەڕان بە دوای ئەوەدا کە تۆمەتی تیرۆر بدەنە پاڵ عێراق.

عێراق بە هەموو ڕێگایەک هەوڵی دوورخستنەوەی گومانی تیرۆری دەدا لەگەڵ داخستنی هەموو کەلێنێک کە ئەگەری ئەوە هەبێت خۆرئاوا بیکاتە بەڵگەیەک بۆ پشتیوانیکردنی بۆچوونەکانیان سەبارەت بە پشتیوانیکردنی تیرۆر لەلایەن عێراقیەوە، لەبەرئەوە هەر دەبووایە ئەو نیزاڵ دەستگیربکردێت، بە تەواوی دەست بەسەر خۆی و پەیوەندییەکانیشیدا بگرێت، لەبەرئەوە بڕیاردرا بۆ یەکێک لەو خانوانە بگوێزرێتەوە کە لەلایەن هەواڵگرییەوە بۆ مانەوەی زۆرەملێ دانرابوو و لەمە ئاگادارکرایەوە، ڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠٠٢ دوو ئەفسەر بەرەو لای ڕۆیشتن کە یەکیکیان (ط. س. ک) بوو و لەگەڵیدا دانیشتن، پاشان داوایان لێکرد یاوەرییان بکات، مۆڵەتی لێوەرگرتن تا جلەکانی لەبەربکات، کاتێک چووە ژووری نووستنەوە دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست، پاشان دەنگی تەقەیەک بیسترا کە وایکرد ئەفسەرەکان دەرگاکە بشکێنن، بینیان فیشەکی ناوە بە مەڵاشووی دەمیەوە و دەمودەست مردووە، بەمجۆرە لاپەڕەی سەرنجڕاکێشی ئەبو نیزاڵ پێچرایەوە!

ـ تۆمەتبار بە تەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی ساڵی ١٩٩٣:

هێڕشکردنە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا یەکەمین هێڕشی تیرۆریستی نەبوو، بەڵکو هەشت ساڵ پێشتر هێڕشێک ڕوویدا، لە ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٩٣دا، لە کاتژمێری دوانزە و بیست خولەک شاری نیوێۆرک هەژێنرا لە ئەنجامی ڕوودانی تەقینەوەیەکەوە کە هەردوو بورجەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی کردبووە ئامانج لە گەڕەکی مەنهاتن کە شەش کوژراو و پتر لە هەزار بریندار لێ کەوتەوە. تیرۆریستان هەوڵی هەڵتەکاندنی هەردوو بورجەکەیاندا بە شێوەیەکی هونەری لەڕێگەی هەوڵدانی تەقاندنەوەی

بورجی باکوور به ڕێگایەک که دەبێته مایەی داڕمانی بەسەر بورجی باشووردا و دواتریش کەوتنی هەردوو بورجەکە.

تیرۆرستان بۆمبێکی لۆکاڵییان بەکارهێنا که کێشەکەی گەیشتە پتر لە ٦٨٠ کغم که لە نیتراتی یۆریا و بۆری گازی هایدرۆجین دروستکرابوو، بووە هۆی دروستبوونی چاڵێکی گەورە لە شوێنی تەقینەوەکەدا که زۆرێک لە خانووە زەمینیەکانی ڕووخاند، زیانی زۆری مادی بەجێهێشت، بەڵام پڕۆسەکە ئامانجی خۆی نەهێنایەدی لە داڕمانی بورجی باکوردا.

هێرشەکە لەلایەن ئەمانەوە پلانی بۆ دانرابوو: (ڕەمزی یوسف، عومەر عەبدولڕەحمان، مەحموود ئەبوو حەلیمە، محەمەد سەلامە، نیزاڵ عەیاد، ئەحمەد عەجاج، عەبدولڕەحمان یاسین). ئەوەی بەلای ئێمەوە جێی بایەخە ناوی دواهەمیانە (عەبدولڕەحمان یاسین سامەرائی) کە ڕەگەزنامەیەکی ئەمریکی هەیە و بە ڕەچەڵەک عێراقییە، بەشداری کرد لە ئامادەکردنی بۆمبەکەدا بەو پێیەی ئەندازیارێکی کیمیاییە. کۆمەڵە بچکۆلەکە لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە پارەدار دەکرا، بە تایبەتیش لەلایەن (خالد شێخ محەمەد و ڕەمزی یوسف) کە دواتر پلانیان دانا بۆ جێبەجێکردنی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، ئەوەش بە دانپیانانی خۆی لەکاتێکی دواتردا.

بەر لەوەی ئۆفیسی فیدراڵی لێکۆڵینەوەکان دڵنیا بێت لە پەیوەندیی عەبدولڕەحمان یاسین بە هێرشەکەوە، توانی ڕابکات بۆ دەرەوەی ئەمریکا و بێتە ناو عێراقەوە لەڕێگەی ئەردەنەوە. پاشان دەسەڵاتی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە عەبدولڕەحمان هاتۆتە ناو خاکی عێراقەوە و دەسەڵاتی عێراقی تۆمەتبار کرد بە شاردنەوەی.

دەزگای هەواڵگریی کەوتە گەڕان بەدوایدا، دوای ماوەیەک لە بەدواداچوون، کە شەش مانگی خایاند، توانی شوێنی ئامادەبوونی بزانێت لە وەرشەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلدا لە ناوچەی بیاع لە بەغدا. دەمودەست دەستگیرکرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا، کە نکۆڵی لە ئاگاداری خۆی کرد بەوەی هێرشەکە تەگبیری ڕەگەزگەلێکی تیرۆرستی سەر بە قاعیدە بوون، بەڵکو بەشداریکردنی خۆی لەو هێرشەدا خستەپاڵ پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە لە ئەمریکا لە ئەنجامی شەڕکردنی لەگەڵ عێراقدا ساڵی ١٩٩١. ناوبراو لە نهۆمی دووەمی ماڵێکی سەر بە هەواڵگریدا بەندکرا لە ناوچەی کازمیە لەژێر پاسەوانییەکی تونددا، دۆسیەکیشی بۆ کرایەوە لەژێر ناوی (عەبود)، ئەوەش کە بەرپرس بوو لێی ئەفسەرێک بوو لە لقی ئەمریکا کە بەردەوام سەردانی دەکرد بۆ ئاگاداربوون لە پێویستییەکانی. نهۆمی خوارەوەی خانووەکەش یەکەمین فڕۆکەوانی ئێرانی لێ بوو کە فڕۆکە جەنگیەکەی لە خاکی عێراقدا کەوتبووە خوارەوە بەر لە دەستپێکردنی جەنگ لەگەڵ ئێران ساڵی ١٩٨٠، بەو پێیەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کێ دەستی بە جەنگەکە کرد.

لەو ڕوانگەیەشەوە کە عەبدولڕەحمان یاسین بە ڕەگەزنامە ئەمریکییە، نەدەکرا لەسەر تاوانێک دادگایی بکردێت کە لەسەر خاکی دەوڵەتێکی دیکە ئەنجامی داوە.

سەرۆک سەدام حسێن کادری پێشکەوتووی دەزگای هەواڵگریی داواکرد بۆ گوێگرتن لە بۆچوونەکانیان لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکەدا، سەرۆک باوەڕی وابوو کە ڕاکردنی بۆ عێراق تەگبیری هەواڵگریی ئەمریکیەکانە بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندیی عێراق بە تیرۆرەوە، لەبەرئەوە بڕیار درا کە لایەنی ئەمریکی ئاگاداربکرێت بە بوونی زانیاریی لای ئێمە سەربارەت بە

تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانیی. بەڕێوەبەری وێستگەکەمان لە نیوی‌ۆرک ڕاسپێردرا بۆ پەیوەندیکردن بە لایەنی ئەمریکییەوە ڕاستەوخۆ بەبێ پەنابردنەبەر نێوەنگیری دەوڵەتێکی هاوڕێ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵیاندا و خستنەڕووی زانیارییەکانمان بە زارەکی. لایەنی ئەمریکی کۆبوونەوەی لەگەڵماندا ڕەتکردەوە داوایان کرد زانیاریی بەشێوەی ڕاپۆرت بنووسین بۆیان و بۆی بنێرین. سەرۆک سەدام حسێن داوا ئەمریکییەکەی ڕەتکردەوە و فرمانی بە هێشتنەوەی کرد.

دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، دەزگا میدیاییە ئەمریکییەکان کەوتنە وروژاندنی کەیسەکەی عەبدولڕەحمان یاسین و ئامادەبوونی لە عێراق، گەڕانەوە بۆ بڕیاری ڕادەستکردنی بە دەسەڵاتی ئەمریکی بوو بە کارێکی پێویست، هەوالگریی میسڕی دەستپێشخەری کرد لە نێوەندگیرکردنی بۆ ڕادەستکردنی بە لایەنی ئەمریکی، چەند کۆبونەوەیەک لەگەڵ لایەنی میسڕی بەڕێوەچوون، ئەوانەی لەلایەنی خۆیانەوە پەیوەندییان بە لایەنە تایبەتمەندەکانەوە لە ئەمریکا کرد. ئێمە ئامادەبووین بۆ تەسلیمکردنی بەو پێیەی ئەمریکییە و بۆمان نییە بیهێنینەوە گەر بێتو دەسەڵاتی ئەمریکی داوای بکات، بەڵام دەمانەوێت گرەنتی ڕادەستکردنەکەی بە لایەنی ئەمریکی لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا بکەین. ئەمریکیەکان ویستیان بە فڕۆکەیەکی ئەمریکی تایبەت بێن بۆ وەرگرتنی بەڵام سەرۆک ڕازی نەبوو لەبەر چەند هۆکارێک پەیوەندییان بە سەروەرییەوە هەیە: ناکرێت فڕۆکەیەکی ئەمریکی بێت و کەسێک لای ئێمە ببات، ئێمە خۆمان فڕۆکەمان هەن و دەکرێت بە فڕۆکەیەکی عێراقی بگوازرێتەوە). ئەمریکییەکان ڕازی نەبوون بە گواستنەوەی بە فڕۆکەیەکی عێراقی، دوای ئەمە دەزگای هەوالگریی پێشنیاری بۆ سەرۆک کرد کە بە فڕۆکەیەکی میسری بگوازرێتەوە ئەویش ڕازی بوو.

پرۆسەی وەرگرتن و تەسلیمکردنی کەسێک لەم ئاستە لە گرنگی و مەترسیدا، دەبێت بە کۆنووسێکی وەرگرتن بەڕێوەبچێت کە لەلایەن هەردوو لاوە بە سەرپەرەشتی نێوەندێک بەڕێوەبچێت، لەبەرئەوە هەستاین بە ئامادەکردنی کۆنووسێکی وەرگرتنی زۆر سادە کە لە نیو لاپەڕە پێکهاتبوو، سوپرایزەکە ڕەتکردنەوەی واژووکردن بوو لەسەر کۆنووسی وەرگرتنەکە، داوای گواستنەوەیان کرد بەبێ ڕێککەوتن. سەرۆک ئەم هەڵوێستەی ڕەتکردەوە بەهۆی ئەو گومانانەوە کە لە نیازەکانی لایەنی ئەمریکی کەوتونەتەوە کە ئەگەری هەیە چیرۆکێک دروستبکات بۆ تاوانبارکردنی عێراق و گۆڕینی ڕەوتی کەیسەکە لە هاوکاریکردنی عێراقەوە لە بواری بنبڕکردنی تیرۆر بەرەو بەڵگەی ئیدانەکردنی و سەلماندنی دژی عێراق.

گرتنی تۆمەتبار (عەبدولڕەحمان یاسین) لە کازمیە بەردەوام بوو هەتا کاتی داگیرکاری کە لەگەڵ زیندانیەکانی دیکەدا گواستراییەوە بۆ زیندانێک لە فەلوجە، دوای ڕووخانی ڕژێمیش زیندانیەکان ئازادبوون کە عەبدولڕەحمانیشیان تێدابوو و لە چاو ون بوو، تاکەکەسێکیش بوو لەوانەی لە هێرشەکەدا بەشداریان کردبوو و هێشتا ئازاد بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئۆفیسی فیدراڵی لێکۆڵینەوەکان پرسیاریان لێ کردم دەربارەی چارەنووسی لەکاتی گرتنمدا لە زیندانی کروپردا، تۆمەتباریان کردین بەوەی ئێمە مەرجی قورسمان داناوە بۆ پرۆسەی ڕادەستکردنی بە چەشنێک کە ئیدارەی ئەمریکی توانای قەبوڵکردنیان نییە، مەبەستیشیان لە مەرجی سەخت (کۆنووسی وەرگرتن)کە بوو...!

ـ بەدواداچوونە تایبەتەکان:

لە ساڵی ١٩٩١دا، سەرۆک سەدام حسێن فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد بە چاودێریکردنی تەلەفونی هەریەک لە دکتور فازڵ بەڕاگی ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتی کۆمار و، فەریق ڕوکن نزار خەزرجی کە پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای هەبوو بەرلەوەی ڕاوێژکار بێت لە سەرۆکایەتیدا، لەگەڵ فەریق نیعمە فارس محیاوی، ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ئەمیش بەر لەوەی ڕاوێژکار بێت لە سەرۆکایەتیدا. تەلەفۆنەکان خرانە ژێر چاودێرییەوە لە یەک ڕۆژدا بێ ئەوەی ماوەیەک بۆ کۆتاییهاتنی ئەم چاودێرییە دیاری بکرێت. بەشی بەرپرس ڕێکارەکانی چاودێری گرتەبەر بە نهێنیبوونێکی تەواوەوە، بە تایبەتیش کە زاوای خەزرەجی پۆستی بەڕێوەبەری لقی هەبوو لە دەزگای هەواڵگریی لە پێناو حسابکردن بۆ دزەکردنی هەر زانیارییەک.

لە ساڵی ١٩٩٢دا، بەڕاگ لەسێدارەدرا، لە ساڵی ١٩٩٣شدا نیعمە فارس وەک باڵیۆز لە فلیپین دامەزرێنرا، چاودێرییەکە بەردەوام بوو لەسەر تەلەفۆنەکەی خەزرەجی بۆ ماوەیەکی درێژ بێ ئەوەی ئاماژەی نیگەتیڤ لە دژی دەربکەون. لە ڕۆانگەی ئەو فشارەوە کە کەوتبووە سەر دەزگاکانی چاودێریی تەلەفۆن و لەبەر زۆری ئامانجەکان و گرنگییەکانیان، دوای ئەوەی ئەنجامەکانی چاودێرییەکە نەبوونی هیچ ئاماژەیەکی نەرێنی و هیچ نیازێکی جیابوونەوەی لە بارەی خەرجییەوە دەرنەخست، هەروەها لەبەر پێویستی دەزگاکەش بە چاودێری تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێوەبەری لقی بەدواداچوونی تایبەتدا، ڕێککەوتن لەسەر پشتبەستنی چاودێریکردنی پچڕپچڕ بۆ تەلەفۆنەکەی خەزرەجی بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی، چاودێریکردنە پچڕپچڕەکە تا ساڵی ١٩٩٥ بەردەوام بوو.

دوو هەفتە دوای لابردنی چاودێرییەکە، فەریق نزار خەزرەجی ون بوو و بە دزییەوە عێراقی بەجێهێشت، ئەم ڕووداوە سەرۆکی تورە کرد کە داوای لە دەزگای هەواڵگریی کرد کاسێتەکانی چاودێری تەلەفۆنیی تەلەفۆنەکەی خەزرەجی بۆ ئۆفیسەکەی بنێرن لەو دوو ڕۆژەدا کە کەوتنە پێش ونبوونەکەی. دوو ئەفسەرەکەی بەرپرسی چاودێریکردنەکە کەوتنە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە چونکە تەلەفۆنەکەی خەزرەجی لەو ماوەیەدا چاودێریکراو نەبووە، بەڵام بەڕێوەبەری لقی چاودێری تایبەت (م. خ. ص) فێڵێکی دۆزیەوە بۆ خۆڕزگارکردن لە هەڵوێستە ناڕەحەتەکە و دوورخستنەوەی سەرەنجامە سەختەکان، داوای کرد کاسێتەکانی چاودێریکردنی تەلەفۆنی دوو ڕۆژ لە دواهەمین ڕۆژەکانی چاودێری بۆ ئۆفیسی سەرۆک بنێردرێت کە ١٤ ڕۆژی بە سەردا تێپەڕیوە، بەرواری ئەو دوو ڕۆژەی لەسەر بنووسرێت کە کەوتوونەتە پێش ونبوونی خەزرەجی بۆ ئەوەی گونجاوبن لەگەڵ داواکەی سەرۆکدا. بەڕێوەبەری بەشی چاودێری (ف. ز. ف) گومانی هەبوو لەو کارە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو دوانە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە بە لابردنی چاودێری، بەڵام ئەنجامی هەڵەی بە مەبەستیان ئەمجارەیان ناکەوێتە ئەستۆ بەجۆرێک کە بیانخاتە ناو تۆمەتی درۆکردن بەرامبەر سەرۆک، ئەگەر کەشفی بکات چارەنووسیان کوشتن دەبێت. بەڕێوەبەری لقی بەدواداچوون سوور بوو لەسەر بۆچوونەکەی و ئاماژەی بۆ دڵنیایی تەواو کرد سەبارەت بەوەی سەرۆک بۆ خۆی گوێ لە تۆمارەکان ناگرێت، بەڵکو داوا لە پاسەوانەکەی دەکات گوێیان لێ بگرێت و تەواویان بکات، ئەمانەش فێڵەکە کەشف ناکەن. کاسێتەکان نێردران بۆ نووسینگەی سەرۆک بەبێ ئاگاداربوونی دەزگای هەواڵگریی لە کێشەکە، لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەری بەشی چاودێریی تەلەفۆنیی تۆقیبوو،

بەڕێوەبەری لقی بەدواداچوون دڵنیابوو لە سەرەنجامەکان و کارەکان بە ئاشتی تێپەڕین.

خەملاندنی هەواڵگریی بەو جۆرە بوو کە دیاریکردنی کاتی هەڵهاتنەکە دوای لابردنی چاودێرییەکە بە ڕێکەوت ڕوویداوە، خەزرەجیش دڵنیابووە لەوەی لەژێری چاودێری تونددا بووە، لەبەرئەوە تەلەفۆنەکەی بۆ هیچ پەیوەندییەکی نهێنی یان تایبەت بەکارنەهێنا کە بکرێت لەڕێگەیەوە نیازەکانی کەشف ببن، بەڵکو تەلەفۆنەکەی بۆ چەواشەکردنی دەزگاکە بەکارهێنا وەکچۆن لەگەڵ جیابوونەوەی فەریق ڕوکن وەفیق سامەرائی ڕویدا، بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی، کە تەلەفۆنەکەی بەڕێگایەکی زیرەکانە بەکارهێنا کە بووە مایەی ئەوەی ئەفسەری چاودێری هیچ نیازێک بۆ جیابوونەوەی و گەشتکردنی بۆ دەرەوەی عێراق بەدی نەکات، کێشەکە لە جەختکردنی ئەفسەری هەواڵگریدا بوو لەکاتی گوێگرتن لە تۆمارە دەنگییەکانی گفتوگۆ تەلەفۆنییەکان، لەبەرئەوەی ئەزمونی کەسایەتیە پسپۆڕەکانی وەک خەزرەجی و سامەرائی و توانایانی لە چەواشەکردنی بەداواچون بەهەند نەگرتبوو. بەدواداچوونەکەی فەریق ڕوکن وەفیق سامەرائی بە فەرمانێک لە سەرۆکەوە بۆ دەزگای هەواڵگریی بووە نەک لە هەواڵگرییەوە (الاستخبارات)، لەپێناو خۆپاراستن لە دزەکردنی زانیاریی لە هەواڵگریی. بەهۆی ئەفسەرێکی سەر بە سامەرائی، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە هەواڵگریی سەربازیدا کاری کردووە.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پێویستە لەسەر ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی کە بەدواداچوون بۆ ئامانجی گرنگ دەکەن، وریابن لە پڕۆسەکانی چەواشەکردن کە ئامانجە زیرەکەکان و پیاوانی هەواڵگریی بیانی ئەنجامیان دەدەن، فێری ئەوەش

ببن چۆن پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بۆ چەواشەکردنی دەزگاکانی بنبڕکردنی دژ (اجهزة المكافحة المضادة) بەکاردێن لەکاتی پیادەکردنی ئەرکە هەواڵگرییەکانیاندا.

- بەدواداچوونی فەریق ڕۆکن صابر ئەلدوریی:

ساڵی ١٩٩٨ سەرۆک سەدام حسێن فەرمانێکی دەرکرد بۆ بەدواداچوونی فەریق ڕۆکن صابر عەبدولعەزیز ئەلدوریی، چاودێریکردنی تەلەفۆنە تایبەتییەکەی کە بەستراوە بە (بدالة السنک)وە، کاتێک پارێزگاری کەربەلا بووە، ئەوەش بەهۆی بوونی پەیوەندیی پتەوی ئەوەوە لەگەڵ پیاوانی ئایینی و دەزگای ئایینی لە کەربەلا. چاودێریکردنەکە سێ مانگ پێش بڕیاری گواستنەوەی بۆ بەغدا دەستی پێکرد، بەشێوەیەکی نەپچڕاو بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، بەڵام بەدواداچوونەکە نەبووە مایەی بوونی هیچ ئاماژەیەکی نەرێنی لە دژی.

- بەدواداچوونی دوو کوڕەکەی سەرۆک، قوسەی و عودەی:

لە ساڵی ١٩٩٨، سەرۆک فەرمانی بە چاودێریکردنی تەلەفۆنەکانی دوو کوڕەکەی خۆی، عودەی و قوصەی کرد. چاودێریی تەلەفۆنەکانی عودەی ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو. و هیی قوصەیش ماوەی مانگێک. عودەی خۆپارێز و هاوسەنگ بوو لە گفتوگۆکانیدا، بەڵام قوصەی وانەبوو، لەبارەی زۆرێک لە بابەتەکانەوە قسەی دەکرد تەنانەت دەربارەی بابەتە خێزانییەکانیش. ئامانجی سەرۆک لەوە سنووردانان بوو بۆ بازنەی پەیوەندییەکانیان و سروشتی ئەو پەیوەندییانە و زانینی ڕەفتاریان بوو.

مەسعوود بارزانی

گەرچی پەیوەندیی سەرۆک (مەسعوود بارزانی) لەگەڵ ئەمریکادا پتەو بوو دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ بەغدادا دەرگای کراوە هێشتبۆوە. سەرۆک سەدام حسێن پێی وابوو **بارزانی نیشتیمانپەروەرە**، سەرەڕای پەنابردنی خێزانی بارزانی بۆ ئێران لە دوای ڕێککەوتنەکەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥، بەڵام بارزانی خۆی بەدوورگرت لە ئێران و ترسی لە نیازەکانی هەبوو، بەردەوامیش هەستی بەوە دەکرد ئێران لەو ماوەی پەنابەرییەدا بەشێوازێکی نەشیاو مامەڵیان لەگەڵدا دەکات بەجۆرێک لەگەڵ شکۆی خانەوادەی بارزانیدا ناگونجێت.

بارزانی بەوە وەسف دەکرێت کە پیاوێکی ئایندارە و لە ئەهلی سوننە و جەماعەتە، ئەم سیفەتەشی لە مەلا مستەفای بارزانی باوکیەوە بۆ ماوەتەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت بۆ خوێنڕشتن خۆی بە دوور دەگرێت، دەسەڵات لە بەغدا هەوڵی تازەکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵیدا لەکاتێکی درەنگدا بەڵام نەیتوانی، بەهۆی بوونی کاریگەرییەکی زۆری ئەمریکی لە باکووری عێراق. مەسعوود بارزانی پەیوەندیی لەگەڵ بەغدادا هەبوو و سەرۆکی دەبینی، لەگەڵیدا لەو کەیسانەی دەکۆڵییەوە کە پەیوەستن بە کۆچکردنی کورد و داگیرکردنی خاکەکانیان و سنوور بەزاندنەکانی سوپا و دەستدرێژی هەوالگریی، سەرۆکیش بەدەم زۆربەی داواکانییەوە دەهات. سەرۆک یان بەڕێوەبەری دەزگای هەوالگریی لەگەڵ بارزانیدا باسیان لە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەمریکییەکان نەکردووە، لەبەرئەوەی بوونی ئەمریکی بۆتە ئەمرێکی واقیع و هەلومەرجی داگیرکردنی کوێت و بڕیارە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەپاندویانن.

سەرۆک سەدام حسێن سەرسام بوو بە نێچیرڤان بارزانی لاو، نێچیرڤانیش ئەوەی دەزانی و هەوڵی قۆستنەوەی ئەم دۆخەی دەدا بە فشارخستنەسەر هەوالگریی ناوچەی باکوور گەر بێتو بەدەم داواکانیەوە نەیەت.

لە ماوەی نەوەدەکاندا ڕێکخراوێکی بیانیی لە دهۆکدا هەبوو کە کاری سیخوڕی بەرامبەر کەرتە سەربازییەکان دەکرد، لەبەرئەوە دەزگا پلانی دانا بۆ بە ئامانجگرتنی، بەڵام سەرۆک ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی نەدا.

ساڵی ١٩٩٦ جەنگێکی ناوخۆ لەنێوان هەولێر و سلێمانی هەڵگیرسا، لەنێوان هێزەکانی بەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانی، کە هێزەکانی تاڵەبانی توانیان بگەنە دەوروبەری هەولێر بە پشتیوانیکردنی پاسەوانی شۆڕشگێڕی(پاسداران)ی ئێرانی.

بارزانی هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەبوو بۆ پاراستنی هەولێر جگەلە داواکردنی پشتگیریکردنی سەربازی لە بەغدا، چەند کاتژمێرێکی نەبرد کە یەکێک لە فیرقەکانی پاسەوانی کۆماری توانی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی تێکبشکێنێت، دەسەڵات بگەڕێنێتەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر.

لەو کاتەدا هەولێر چەند بنکەیەکی خراپەکاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەخۆگرتبوو لەگەڵ سەنتەرێکی پشتگیری ئەمریکیی، بەر لەوەی هێزەکانی گاردی کۆماری دەستبکەن بە جموجۆڵ، پارتی دیموکراتی کوردستان زانیاریی دایە لایەنی ئەمریکی سەبارەت بە نیازی هێزە عێراقییەکان لە هاتنەناوەوە پاراستنی هەولێرە،

که بـووه هـۆی ئەوەی لایەنـی ئەمریکـی ئەنـدامانی خـۆی دوورخسـتەوە و سیخوڕەکانی لە هەولێر بە فڕۆکەی تایبەت و بە پەلە ڕزگارکرد.

ساڵی ٢٠٠١ کاتێک پشتگیریی هەوڵەکانی جەنگاوەرانی یەکێتی نیشتمانیمان کرد لە سـلێمانی بە داوایەک لە جەلال تاڵەبـانییەوە بـۆ بەرهەڵسـتیکردنی هێرشـی چەکدارە تیرۆریستەکانی سـەر بە جوند ئەلئیسـلام، هەزار پارچە چەکمان پێدان لەگەڵ کەلـوپەلی جەنـگ و وەرگـرتنەکە بە ڤیدیۆ تۆمـارکراوە، وێسـتمان ڤیـدیۆکە بگـاتە لایەنـی ئەمریکـی کە هەولێـر یاریـدەی پڕۆسـەی گەیانـدنی ڤیـدیۆکەی بـۆ ئەمریکیەکاندا، مەبەستیش لێی گەیاندنی پەیامێک بوو بە ئەمریکیەکان سـەبارەت بەوەی ڕژێـم لە بەغدا ڕووبەڕووی تیـرۆر دەوەسـتێتەوە تەنـانەت لەگەڵ لایەنێکی نـاکۆک بە بەغـداش وەک جەلال تاڵەبـانی، واتە جەلال تاڵەبـانی بە هەمـوو خراپیەکـانیەوە لە ڕوانـگەی بەغـداوە، بەڵای ئـێمەوە باشـترە لە غەیـری ئەو لە پەرگیرە ئیسلامییەکان.

ساڵی ٢٠٠٣ و لە کاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، زانیاریی لەلایەن پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە هـات کە ئامـاژە بەوە دەکـات کە هێـزە ئەمریکییەکـان ٣٠ زریپـۆش لەگەڵ ٨٠٠ سـەرباز لە نـاوچەی دهـۆکی بـاکووری شاری موسڵ دادەبەزێنن، لەگەڵ دیاریکردنی شـوێنەکەیان، هێرشێکی کرایە سـەر بە بۆردومانی تۆپ و ڕاجیمە، ڕوونیش نەبووە ئـاخۆ ئەو زانیارییـانە بە ئـاگەداری مەسعوود بارزانی دزەیان پێکراوە یان نا!

جەلال تاڵەبانی

پەیوەندیی سەرکردەی کورد (جەلال تاڵەبانی) لەگەڵ بەغدا پەیوەندییەکی دوژمنداریێتی و نەباریێتی بوو، بەڵام نەگەیشتە ڕۆحیەتی ڕقلێبوون لەنێوان تاڵەبانی و (سەدام حسێن) دا. دوو نەیار و دژی یەکتر بوون، گەرچی سەرۆک سەدام حسێن، جەلال تاڵەبانی بە سیخوڕی ئێران وەسف دەکرد، بەڵام هەردووکیان ڕێزیان لەیەکتر دەگرت، بەردەوامیش هۆکاریێکی پەیوەندیی بە یەکتریییەوە بەستونەتەوە لەڕێگەی ئەفسەرێک لە دەزگای هەواڵگرییەوە بە پلەی بەڕێوەبەر کە بەگوێرەی هەڵومەرجەکە دەگۆڕدرا.

ساڵی ٢٠٠١ و لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە، زۆرێک لە ڕیکخراوی ئەلقاعیدە هەڵاتن بۆ باکووری عێراق بە تیپەڕین بە خاکی ئێراندا و پەسەرپەشتی دەزگا ئەمنیەکانی، لەگەڵ (جند الإسلام) هاوپەیمانێتیان کردبوو کە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پۆلێن کراوە، کاتێکیش هێزەکانی تاڵەبانی هەوڵیاندا تەنگەتاویان بکەن، (جند الاسلام) دژیان وەستانەوە و ٤٠ کەسیان لە جەنگاوەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کوشت. تاڵەبانی تووڕە بوو و باوەڕی وابوو کە ئەوە کاری هەواڵگریی عێراقییە. داوای لە ئەفسەری پەیوەندیی کرد بۆ گوزارشتکردنی لە بێزاری خۆی بەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتە. ئەفسەرەکە پێی ڕاگەیاند ئەم کۆمەڵە تیرۆریستین و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ناموکینە، بەڵگە و زانیاریشی خستەڕوو سەبارەت بە پشتگیریکردنیان و سەرپەرشتیکردنیان لەلایەن هەواڵگریی ئێرانەوە. هێزەکانی تاڵەبانی لە دۆخێکی خراپدابوون لەبەرئەوە داوای پشتیوانی سەربازی و دارایی کرد، چەکی مامناوەند و سوکی پێبەخشرا، بە ژمارەی هەزار پارچە لەگەڵ کەلوپەلی سەربازیدا کە ڕادەستی برازاکەی تاڵەبانی،

ئاراس جەنگی کرا. دارا تۆفیق/یشی لەگەڵ بوو، کە ڕاوێژکاری سەربازیی تاڵەبانی بوو.

جەلال تاڵەبانی سوپاسنامەیەکی بۆ سەرۆک سەدام حسێن نارد کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: (من سوپاس و پێزانینتان پێشەکەش دەکەم لەسەر پشتگیرییە سەخاوەتمەندانەکەتان.. بەڵێنی شەرەفی پیاوان و بەرپرسیارێتییان پێ دەدەم کە ئەم چەکە دژی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بەکار ناهێنرێت و دەبێتە دڕک دژی دوژمنانی عێراق..). لە ئەنجامدا تاڵەبانی هێرشی نەکردە سەر (جند الاسلام) کە لە شوێنەکانی خۆیاندا بوون هەتا فڕۆکە ئەمریکیەکان هاتن و لە کاتی داگیرکارییەکەدا هێرشیان کردە سەریان.

ئێران ڕێگریی کرد لە پێشکەش کردنی یارمەتی بە جەلال تاڵەبانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (جند الاسلام)، بەڵام دەستپێخەری کرد بە پێشکەشکردنی پشتگیری سەربازیی پێش داگیرکردنی عێراق، کاتێک دەسەڵاتی ئەمریکی نەیتوانی چەک بگەیەنێتە سلێمانی بەهۆی نەبوونی بواریکی ئاسمانی کە ڕێگەی گواستنەوەی چەکی پێبدات وەک زەمینەسازییەک بۆ داگیرکردنی عێراق. ئەمە لە بەرچاوو لەبەر گوێی هەواڵگریی مەرکەزیدا ڕوویدا کە بەم کارە دڵخۆش بوو.

کاتێک سەرۆک سەدام حسێن بەمەی زانی نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد و تێیدا بە خائین و بەکرێگیراو ناوی برد و پرسیاری کرد کەی ئەم بەکرێگیراوییە کۆتایی دێت؟

دوای ئەوەی تاڵەبانی ئەم نامەیەی بینی گوتی:(سەدام حسێن بە بەکرێگیراو وەسفم دەکات، بەڵام من هەڵگری کێشەی خۆم و خەباتی گەلەکەمم لەپێناو

کەرامەت و ئازادیدا، هەر منیش بووم کە بۆ زەمەنێکی دووردرێژ دژتان بووم، خۆ ئەگەر بمتوانیبایە لاتان ببەم ئەوا وامدەکرد بەڵام دەترسم بەدیلەکە لەئێوە خراپتر بێت). هەروەها تاڵەبانی گوتیشی:(موساوەمە لەسەر عێراق و مافەکانی ناکەم وەک ئەوەی سەدام کردی، کاتێک تەنازولی لە (شط العرب) کرد بەرامبەر لەباربردنی شۆڕشەکەمان. ئێمە هەموومان لێرە لە یەکێتی نیشتیمانیدا و بە حوکمی پێگەکەمان دەورەکان دەگۆڕینەوە- ئاڵوگۆڕیان پێدەکەین- لەپێناو کێشە دادپەروەرانەکەماندا، من دەزانم کێ لەگەڵ هەواڵگریی عێراقیدا کاردەکات لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یان لەگەڵ ئێران یاخود تورکیا، بەڵام ئەوە هەمووی بە ئاگەداری ئێمە بەڕێوەدەچێت، لەبەرئەوەی کێشەکەمان پێویستی بەوەیە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموواندا هەبێت). جەلال تاڵەبانی ئەو ناوانەشی دیاریکرد کە لەگەڵ دەزگادا کاردەکەن و گوتی ئەمانە بە ئاگاداری من لەگەڵ ئێوەدا کاردەکەن.

پاشان گوتی:(سەرکردایەتیتان لە مەسعوود بارزانی نزیک دەبێتەوە و لە من زیاتر متمانەی پێ دەکات، تۆمەتبارم دەکات بەوەی من لە بانگەشەکارانی جیابوونەوەم، بەڵام ڕۆژگار دەیسەلمێنێت ئەوە من نیم حەز بە جیابوونەوە دەکەم و هەرگیزیش بیرم لێ نەکردۆتەوە، هەموو ئەوەش کە دەمەوێت ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەیە لەگەڵ کشانەوەی سوپا لە ناوچەکانمان و لەمە زیاتر نییە).

هەروەها تاڵەبانی دانی بە بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ ئێراندا نا بە حوکمی دراوسێیەتی جوگرافیی و کاریگەری ئەمنی بۆ سەریان. لەکۆتایی قسەکانیشیدا بە ئەفسەری پەیوەندییەکەی گوت؛ ئەوەی پێتدەڵێم بە سەدامی ڕابگەیەنە؛ (تەنیا بیست ڕۆژی تر، دوای ئەوە ئێتر جەلال تاڵەبانی بەکرێگیراو، دەبێتە سەرۆککۆماری عێراق)!

ـ هەرێمی کوردستان، فاکتەری هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی:

لە ساڵی ١٩٩١وە هەرێمی کوردستان لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرچووە و بۆتە لەوەڕگایەک بۆ چالاکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی و هەواڵگریی ئەمریکی بەشێوەیەکی تایبەت. کە سلێمانیان کردووە بە شوێنێکی ئەمین بۆ ئەنجامدانی جوڵە سیخۆڕییە چالاکانەکانیان دژی عێراق، هەرێم گۆڕدراوە بۆ فاکتەرێکی هەڕەشەکار لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و قەوارەی دەوڵەت. لە ساڵی ٢٠٠٢دا مشتومڕ لەناو دەزگادا بەڕێوەچوو لەسەر ئاستی کادری هەواڵگریی پێشکەوتوو کە بایەخ بە بەدواداچوونی نیازە ئەمریکیەکان و هەڵوێستی کورد دەدات، لەناو ئەو بابەتانەشدا کە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوەکرا، ئەو هەنگاوانە بوون کە کورد دەیانگرێتەبەر لە حاڵەتی ڕووداندا داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. بۆچوونەکان جیاواز بوون، زۆرینە پێیان وابوو کورد لە سنووری خۆیان لە هەرێم دەرناچن، لەکاتێکدا کاسانێکی دیکە ئاماژەیان بەوە کرد کورد دەکەونە جموجۆڵ بە ئاڕاستەی شارەکانی موسڵ و کەرکوک تا دەگاتە تکریت.

هەندێک لە بۆچوونەکان دۆخی کوردستان و مەترسیەکانیان لەسەر دەوڵەت باس کرد، پێشنیارێک خرایە ڕوو کە بریتی بوو لەوەی دان بە هەرێمدا بنێین وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سنوری ئیداری لەو کاتەدا، سلێمانی، هەولێر، دهۆک، ڕووبەڕووی هەریەک لە تورکیا و ئێرانیان بکەینەوە. زۆربەی ئامادەبووان بە توندی ناڕەزایەتیان دەربڕی و گوتیان ئەمە دەبێتە مایەی دابەشکردنی عێراق کە ناکرێت قبوڵ بکرێت.

دواتر ڕوون بووەوە کە سەرۆک سەدام حسێن لە دانیشتنێکی تایبەتدا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٩٩ گوتویەتی ناکرێت بە هێز و

زۆرملێ گەلی کورد ناچار بکەین لەگەڵماندا بژین، ئەگەر داوای جیابوونەوە بکەن کێشە نییە کە سەربەخۆییان پێبدەین.

- پێشنیارێک لە ئەفسەرێکی هەواڵگرییەوە:

لە ساڵی ١٩٦٥دا، خومەینی وەک پەنابەر و نەیاری ڕژێمی شای ئێران، هاتە ناو خاکی عێراقەوە. لە شاری نەجەفی پیرۆزدا نیشتەجێ بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٨، کە ڕۆشت بۆ پاریس دوای ئەوەی دەزگای هەواڵگریی بۆچوونێکی هەڵەی دا بە سەرکردایەتی بەوەی خومەینی ئایندەیەکی سیاسی لە ئێراندا نییە.

هەتا هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا، خومەینی هیچ چالاکییەکی دژی شا نەبوو، ئەویش بەهۆی جێگیربوونی پەیوەندیی ئێران و عێراق هەتا ناکۆکییەکی توند لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا دەستی پێ کرد دوای ئەوەی شا پشتیوانییەکی بێسنووری پێشکەش بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کرد لە باکووری عێراق، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی عێراق لە شەڕی پارتیزانیدا ٥٠ هەزار کوژراوی هەبێت.

دەبووایە عێراق هەوڵی کردنەوەی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دژی شا بدات، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ پێشوازیکردن لە سەرجەم ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی شا، لەسەر بنەمای ئەم بڕیارەش زۆرێک لە شوێنکەوتوانی پەیوەندییان بە خومەینییەوە کرد، عێراق هەموو پشتگیرییەکی پێویستی خومەینی و کۆمەڵەکەی کرد. ڕادیۆیەکیشی بە زمانی فارسی بۆ تەرخان کرد، میدیاکاری ناودار (مەحموود دوعائی) سەرپەرەشتی دەکرد و بەرنامەی ڕابوونی گیانی (النهضة

الروحية)ی پێشکەش دەکرد. هەروەک پاسپۆرتی عێراقیشی بە شوێنکەوتوەکانی دا و ڕێگەی پێدان بە دەوڵەتانی جیهاندا بێن و بچن و پەیوەندییان پێوەبکەن. هەروەها سەربازگەش بنیادنران بۆ ڕاهێنانی کۆمەڵەکەی خومەینی بە سەرپەرەشتی (یەزدی زادە).

لە ساڵی ١٩٧٠دا، کاتێک شا سێ دورگە عەرەبییەکەی لە کەنداوی عەرەبی داگیرکرد، فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانی کرد بەرەو سنووری عێراق جموجۆڵ بکەن، خومەینی بەیانێکی دەرکرد تێیدا داوای لە سوپای ئێران کرد (گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شا نەکەن بە کوشتاری موسوڵمانان لە عێراق، تەواو واجیبیشە لەسەر سوپای ئێران کە لە شا هەڵگەڕێتەوە نەک عێراق، لەبەرئەوەی شا لە بازنەی ئیسلام دەرچووە، ئەگەر ببێت بە هۆکاری جەنگیش کە موسڵمانان سوتەمەنیەکەی بن ئەوا عەرشی خودا دەلەرزێت، لەبەرئەوە دروست نیە موسوڵمان خوێنی دراوسێی موسوڵمانی بڕێژێت).

دەزگای هەواڵگریی عێراقی، پارێزگاریی تەواوی لە خومەینی دەکرد لەپێناو پاراستنی لە کوشتن لەلایەن هەواڵگریی ئێرانی (ساواک)وە، وەکچۆن سەرجەم داواکانی خومەینی دەهێنرانە دی و ڕەتنەدەکرانەوە، سەردانی زۆرێک لە بەرپرسە عێراقیەکانیشی دەکرد، سوپاسی ئەوان و سەرکردایەتی عێراقی دەکرد بۆ پشتگیریکردنی. کاتێک (مستەفای کوڕی خومەینی) دەمرێت خومەینی داوای ناشتنی کوڕەکەی دەکات لە ڕەوزەی حەیدەریە، ئەوکات ناشتن لەوێ قەدەغە بوو بە فەرمانی سەرۆک نەبێت، بەڵام هەر زوو ڕەزامەندی درا لەسەر بەخاکسپاردنی لە ڕەوزەدا.

ساڵی ١٩٧٥ ڕێککەوتنی جەزائیر دۆخی دوژمنکاری نێوان عێراق و ئێرانی کۆتایی پێهێنا، کە شا لەگەڵ جێگری سەرۆکدا واژووی کرد. لەو کاتەدا سەدام حسێن بوو، دیارە دەبووایە هەردوو لا پشتیوانی خۆیان بۆ ئۆپۆزسیۆن لە هەردوو وڵاتدا ڕابگرن. خومەینی پابەند نەبوو بە ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی عێراقییەوە سەبارەت بە ئەنجامنەدانی ئەو چالاکییانەی زیان بە پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا دەگەیەنن. لە ساڵی ١٩٧٧ دا خومەینی بەیانێکی دەرکرد و داوای لەگەلی ئێران کرد ڕیزەکانی یەکبخات و ڕاپەڕینێک دژی شا ئەنجام بدات.

خومەینی چالاکییەکانی خۆی زیاد کرد، دەوڵەت داوای لێکرد یان پابەندبێت بە مەرجەکانی پەنابەرییەوە یان عێراق بەجێبهێڵێت، عێراق دەیتوانی دەریبکات بۆ ئێران یان بە ئاسانی غافڵگوژی بکات. داوای گەشتکردن بۆ کوێتی کرد کە چوونەناوەوەی ڕەتکرایەوە، لەسەر سنوور لە نێوان هەردوو دەوڵەت بە هەڵواسراوی مایەوە، دەسەڵاتی عێراق ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نەجەف پێدا.

لە ڕوانگەی ئەوەی لە چالاکییەکانی خومەینی کەوتنەوە لە ناڕەحەتبوونی عێراق و بوون بە هۆکار بۆ دۆخێک لە شڵەژان و پشێوی و سەختی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگریی کە سەرپەرەشتی بەدواداچوونی حەوزەیان دەکرد (س.ز)، ڕایەکی بوێرانەی خستەڕوو، پێشنیاری کرد خومەینی بکوژرێت و تۆمەتەکەش ئاڕاستەی مەرجەعی خوئی بکات بە وەستان لەودیو پرۆسەی کوشتنەکەوە، بۆ ڕزگاربوون لە هەردووکیان لە یەک کاتدا. کاتێک پێشنیارەکەی بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرزکردەوە بەبێ ئاماژەکردن بۆ سەید خوئی، وەڵامەکەی سەدام ئەوەبوو کە هێڵی سوورە:(ئایا هەواڵگریی نازانێت کە خومەینی میوانمانە؟).

لە ساڵی ١٩٨٢ شدا بەرزان تکریتی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی ناوچەی خۆرئاوای کرد و گەیشت بە ئەفسەر (س.ز)، خەمی خۆی خستەڕوو لە وەرنەگرتنی بۆچوونەکەی لەو کاتەدا، ئەفسەری ناوبراو ساڵی ١٩٨٤ لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا ئیغتیال کرا.

حەسەن ئەلعەلەوی

عەلەوی لە سەرکردە پێشکەوتووەکان بوو لە حیزبی بەعسدا، نەک بەهۆی پلەی حیزبییەوە (ئەندامی لق)، بەڵکو بەهۆی تواناڕووناکبیری و فیکرییەکانیەوە و کاریزمای کاریگەری لە ناوەندەکەیدا، پۆستی سەرنووسەری گۆڤاری (ئەلف با)ی پێدرا کە تایبەت بوو بە شۆڕشی (١٧ی تەموز) ، ڕۆژنامەنووسی گەریدە لەگەڵ سەدام حسێنی جێگردا بوو لە گەڕانە مەیدانییەکانیدا، سەرۆک گوێی لە بۆچوونەکانی دەگرت و هەندێکجاریش پەیڕەوی دەکردن.

دوای پیلانگێرییەکەی ساڵی ١٩٧٩ کە بووە مایەی تۆمەتبارکردنی سەرکردە حیزبییە گەورەکان بە گفتوگۆکردن لەگەڵ سوریادا، بووە مایەی لەسێدارەدانی ٢٢ کەس لێیان، عەلەوی هەڵوێستێکی دژ بە لەسێدارەدانیانی هەبوو، بۆیە بە فەرمانێک لە سەرۆکەوە خرایە ژێر هێشتنەوەی زۆرە ملێوە (الاقامة الجبرية). عەلەوی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردە ئەمنیەکاندا هەبوو، لەوانەش بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی دکتۆر فازیڵ بەڕاگ، کە هاتە ناو بابەتەکەوە و پێشنیاری بۆ سەرۆک کرد عەلەوی ئازاد بکات، ڕێگەی گەشتکردنی بۆ کوێت پێبدات (دوورخستنەوە) لەگەڵ دەستگرتن بە پەیوەندیی باشەوە لەگەڵیدا بۆ سوود

وەرگرتن لە ئایدیاکانی و توانا رۆژنامەگەرییەکانی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی. سەرۆک رازی بوو و فەرمانی کرد دەزگای هەواڵگریی سەرپەرەشتی ئیدارەکردنی پەیوەندیکردن پێیەوە بکات، دیداری لەگەڵدا سازکرا لەلایەن ئەفسەری هەواڵگریی م. عبدالجلیل (بەڕێوەبەری لقی کەنداو) لە ئۆفیسی فازیڵ بەڕاگ. بەر لە گەشتکردنی، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریش بەرزان تکریتی دیداری لەگەڵدا سازکرد لە ئۆفیسەکەیدا. پاشان گەشتی بۆ کوێت کرد و پەیوەندیی پێیەوە بەردەوام بوو لەڕێگەی (حکمت عبد)وە، بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی لە کوێت، مانگانەش بڕی دوو هەزار دۆلاری پێدەدا.

لە یەکێک لە سەردانەکاندا، یەکێک لە ئەندامانی وێستگە چوو بۆ لای و نەیبینی، دەرکەوت کە ڕۆیشتووە بۆ لەندەن و لەوێشەوە بۆ دیمەشق کە لەوێ جێگیر بووە، دەسەڵاتی سوری هەلومەرجی گونجاوی بۆ ڕەخساندووە و بە پێنوسەکەی کەوتە هێڕشکردنە سەر ڕژێم بە تونديیەکی لەڕادەبەدەر.

سەلاح عومەر ئەلعەلی

لە لەدایکبوانی تکریت و بەشداریکارانی شۆڕشی حیزبی بەعسی سالی ١٩٦٨، ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، پاشان وەزیری ڕۆشنبیریی. بۆچوونێکی هەبوو جیاواز لە بەرنامەی سەدام حسێن لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و حیزبدا، لەبەرئەوە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە. عێراقی بۆ میسر بەجێهێشت و لە لوبنان گیرسایەوە، پاشان سەرۆک قەناعەتی پێ کرد بە گەڕانەوە بۆ عێراق و بوو بە باڵێۆز لە ئەوروپا.

ساڵی ١٩٧٨ بۆ نیویۆرک نەقڵ کرا، بە سیفەتی نوێنەری بەردەوامی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڵام زۆری نەبرد جارێکی دیکە جیابووەوە و لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٩٠ یش لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە پەیوەندیکردنی بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە و چوونەپاڵی ڕاگەیاند.

ساڵی ١٩٩١ خەملاندنەکانی هەواڵگریی، کە سەرۆک ئاگاداریان بوو، بەو جۆرە بوو کە (سەڵاح عومەر عەلی) بەرنامەیەکی نیشتیمانپەروەرانە پەیڕەو دەکات، هێشتا بە پەیوەندیی هەواڵگرییانەی دوژمنکارانە پیس نەبووە، دەکرێت بێدەنگ بکرێت لەڕێگەی دەرکردنی لێبوردنێکی تایبەت پێیەوە لە سەرۆکەوە، بانگهێشتکردنی بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق، یان پێشکەشکردنی پشتیوانییەکی مادی پێی چونکە بە دۆخێکی ناڕەحەتی مادیدا گوزەر دەکات.

سەرۆک سەدام حسێن دکتۆر فازڵ بەڕاگی هەڵبژارد کە ڕاوێژکاربوو لە دیوانی سەرۆکایەتیدا، وەک نێردراوێک بۆ لای سەڵاح عومەر، کە لە لەندەن پێی گەیشت و ناوەڕۆکی نامەکەی سەدام حسێنی پێ گەیاند کە عەفوی کردووە و پێداویستیەکانی جێبەجێ دەکات بۆ گەڕانەوەی بۆ عێراق بەخێرهاتنی دەکات، لە کۆتایی نامەکەدا بەراگ بە سەڵاح عومەر عەلی گوت: ئایا بۆچوونی منت دەوێت؟ سەڵاح گوتی: بەڵێ. بەراک گوتی:(ئامۆژگاری من ئەوەیە نەگەڕێیتەوە بۆ عێراق لەبەرئەوەی ئەگەر بگەڕێیتەوە سەدام سەرت دەبڕێت!) ئامۆژگاری کرد بە داواکردنی یارمەتی مادی (خەرجی). بەراگ گەڕایەوە و ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە سەرۆک کرد تێیدا باسی لەوە کرد کە سەلاح سوپاسی سەرۆک دەکات لەسەر هەڵوێستەکەی، پێی وایە کاتەکە گونجاو نییە بۆ گەڕانەوەی بۆ عێراق، بەڵام داوای

یارمەتی دارایی دەکات، سەرۆک فەرمانی کرد بە سەرفکردنی بڕێک پارە بۆی و لە لەندەن ڕادەستی کرا.

ـ ئامادەسازی (تجنید)ی ئەندامێک لە پەرلەمانی ئێران:

لە ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی پەرلەمانی ئێران (ص. ز) خوشکێکی هەبوو لە شاری کەربەلا، خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بوو و شووی بە عێراقییەک کردبوو پەیوەندیشی بە هەواڵگریی ناوچەی خۆرئاواوە هەبوو. لەو ڕووانگەیەوە کە براکەی پۆستێکی گرنگی لە پەرلەمانی ئێراندا هەیە، بە ئامانجێکی گرنگ و هەلێکی بەنرخی هەواڵگریی دادەنرا بۆ کارکردنمان لە کاتی جەنگ لەگەڵ ئێراندا. لەبەرئەوە هەواڵگریی کەربەلا پلانێکی دانا بە هاوبەشی لەگەڵ لقی ئێرانی خزمەتی نهێنیدا، بۆ جموجۆڵکردن دەربارەی براکەی کە بووە بە ئەندام لە یەکەمین پەرلەمانی ئێراندا دوای شۆڕشەکەی خومەینی.

بڕێکی باشی دۆلار تەرخانکرا بۆ ڕووماڵی خەرجییەکانی گەشتەکەی و مانەوەی لە ئەستەنبوڵ و چەند دیارییەکی دیکەش. پلانەکە پێویستی بەوە بوو پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ براکەی لە تورکیادا بکات. بەگوێرەی پلانەکە پەیوەندیی پێوەکرد لە ئەستەنبوڵ و گوزارشتی لە ئارەزووی خۆی کرد بۆ سەردانیکردنی لە تاران. داواشی لەو برایەی کرد ڕەزامەندی دەسەڵاتی ئێرانی بۆ وەربگرێت بۆ ڕێگەدان بە چوونەناوەوەی بە بێ مۆرکردنی پاسپۆرتەکەی بە بیانوی ئەوەی خۆی لە کەشفبوونی سەردانەکەی لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە بە دوور بگرێت لەکاتی گەڕانەوەیدا.

پلانەکە بڕگەیەکی لەخۆگرتبوو کە ئەم گەشتە بۆ گەڕان و بەدواداچوونە بۆ ئاشنابوون بە کاردانەوەکانی دوای ئاگادارکردنی براکەی بەوەی بە ئاگاداری و ڕێنمایی هەواڵگریی عێراقی هاتووە. خوشکەکەی ئەوەشی خستەڕوو کە سەردانی دواتری لەگەڵیدا بۆ تورکیا دەبێت. پڕۆسەکە بەو شێوەیە بەڕێوەچوو کە پلانی بۆ دانرابوو، هەرچەندە تووشی شۆک بوو، بەڵام واقیعیانە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا کرد، کاردانەوەشی ئەرێنی بوو، داوای لە خوشکەکەی کرد لە ئایندەدا لە ئێران سەردانی نەکات، بەوەش ڕازی بوو کە سەردانی دواتری لەگەڵیدا لە ئەستەنبوڵ بێت. لە دیداری دووەمدا یەکێک لە ئەفسەرانی پسپۆڕ لە خزمەتی نهێنی ئامادە بوو، پەیوەندیی لەگەڵیدا بەهێزکرا و زانیاریی زۆر بەهاداری بە دەزگا بەخشی لە ماوەی جەنگی عێراق ئێراندا.

ئەحمەد چەلەبی

چەلەبی، پسپۆڕێکی دارایی بوو لە عومان دادەنیشت و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانکی (البتراء) بوو لە ماوەی هەشتاکاندا. لەو ڕوانگەیەشەوە کە هەواڵگریی پێویستی بە پسپۆڕێکی دارایی هەبوو بۆ ئامانجگەلێک کە پەیوەستن بە جەنگ لە ئێران، جموجۆڵ بەرەو لای ئەو دەستی پێ کرد بە دەمامکی وەزارەتی داراییەوە وەک قۆناغی یەکەم. پاشان پەیوەندیکردن بوو بە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەوە (کازم موسلیم)، کە لە عومان پێی گەیشت، فاروق حیجازیش سەرپەرشتی ئیدارەکردنەکەی کرد، چەلەبی بەختەوەر بوو بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەزگادا.

چەلەبی چەند ئەرکێکی پێ سپێردرا پەیوەست بە کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت بە بانک و حساباتی نهێنی هەندێک کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و حساباتی شەخسی سەرۆکەکانی عەرەب، ئەرکە بنەڕەتیەکەش کەشفکردنی حساباتی تایبەت بە مافیای بازرگانانی چەک و جوڵەی پارەکان بوو بۆ ڕوومالکردنی گرێبەستە سەربازییە نهێنییەکانی تایبەت بە ئامادەکردنی چەک و کەلوپەل بۆ ئێران. چەند زانیارییەکی بە دەزگا بەخشی کە ڕێنمایی کردین بۆ زانینی مامەڵە نهێنییەکانی چەک کە ئێران لەگەڵ هەندێک دەوڵەتدا کردوونی، دواتریش زانینی سەرچاوەکانی چەکدارکردن و قەبارەکەی و جۆرەکەی و زانیاریی زۆر پەیوەست بە هەوڵی جەنگییەوە (المجهود الحربي) لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا، بەوەش چەلەبی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتییەکی باشی پڕۆسەکانی پشتگیری هەوڵی جەنگی دا، وەکچۆن لە ساڵی ١٩٨٩شدا شانزە ئۆتۆمبیلی تۆیۆتا بیک ئاپی لە هەڵمەتی نۆژەنکردنەوەی بەندەری فاودا بەخشی. سەرۆک سەدام حسێن ستایشی چەلەنی کرد و لە بارەیەوە گوتی کوڕی خانەوادەیەکی ڕەسەنی عێراقییە و هیچ شتێکمان لە دژی نییە، چەلەبی لەو ماوەیەدا پلانی بۆ سەردانیکردنی عێراق دانا. سەرۆک بەرلەوە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر داوای شا حوسێن کە سەرپەرشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئیدارەی بانکی بەترا لە ئەردەن بە چەلەبی بسپێرێت لە ساڵی ١٩٨٢دا.

دوای داگیرکردنی کوێت ساڵی ١٩٩٠ و ئەو سزا و هەڵمەتە سەربازیانەی بەدوایدا هاتن، چەلەبی سەردانەکەی بۆ عێراق ڕەتکردەوە و لێمان هەڵگەڕایەوە، لە ساڵی ١٩٩٢شدا چەلەبی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی وەک حیزبێکی دژ بە ڕژێم دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٠ یشدا ئۆفیسی زانیاریی (مكتب المعلومات) بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی وزارەتی بەرگری ئەمریکی دامەزراند. یەکێکیش بوو لە

سەرچاوە فریودەرەکان دەربارەی بەرنامە کیمیایی و بایۆلۆجییەکانی عێراق کە بووە مایەی داگیرکردنی عێراق. سەرەڕای ئەوەی هەواڵگریی ناوەندەیی ئەمریکی متمانەشی پێ نەکرد و دیداری لەگەڵیدا ڕەتکردەوە و بە کەسێکی درۆزنی دانا، بەڵام دەستەی سیاسی وەزارەتی بەرگری بە یەکێک لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی خۆیان دانا کاتێک درۆو دەلەسەی هەڵدەبەست بۆ دروستکردنی بەڵگە لەسەر بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراق.

دوای داگیرکردنی عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا، یەکێک لە ئەرکە قیزەوەنەکانی ئۆفیسی چەلەبی لە (نادي الصيد) بریتی بوو لە خەڵەتاندنی بەرپرسانی پێشوو دوای خستنەڕووی گرەنتی درۆ و دڵنیاکردنیان، دواتریش ڕادەستکردنیان بەهێزە ئەمریکییەکان، وەکچۆن یەکێک لە ئەندامانی ئۆفیسەکەشی بە ناوی (ئینتیفاز قەنبەر)، ئەو دەلیل و ڕێنماییکارە بوو کە هێزە ئەمریکییەکانی بۆ ماڵەکەی من هێنا بۆ دەستگیرکردنم لە هەولێر، نیسانی ٢٠٠٣، دوای ئەوەی یەکێک لە دراوسێکانی کردبوو بە سیخوڕ بە سەرمەوە.

سەید محەمەد باقڕ سەدڕ

سەدڕ، لە دیارترین تیۆرستانی فیکری ئیسلامیی شیعی دادەنرێت، جەماوەر و کاریگەریشی لە سەرجەم مەرجەعەکان زیاتر بوو. ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی ناکۆک بوون بە بەرنامەکەی سەید موحسین ئەلحەکیمی مەرجەع و سەید ئەبولقاسم خوئی، کە ئەم دوانە دژی ئەوە بوون پڕۆژەکانی ئاین بئاخنرێنە ناو

سیاسەتەوە، چونکە دەبێتە مایەی کۆتایهێنان بە ڕۆڵی مەرجەعە ئاینیەکان لە نەجەف و گواستنەوەی سەنتەری سەرکردایەتی شیعی بۆ ئێران.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی خومەینی لە ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێراندا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، کاریگەری سەدر لە ناوەندی سیاسی شیعی ناکۆک بە ڕژێمی سیاسی لە بەغدا زیادی کرد. لە هەمان کاتدا خومەینی هەوڵی هاندانی سەدڕی دا بۆ بانگەوازکردن بۆ شۆڕشێکی ئیسلامیی لە عێراقدا بۆ لەناوبردنی ڕژێمی بەعس وەک ئەوەی لە ئێران ڕوویدا.

سەدر خۆی بە بەشێک لە حاڵەتی ململانێتی نێوان دوو دەوڵەتەکە و ئەو جەنگە بینی کە ئامادەکاری بۆ دەکرا لەلایەن خومەینییەوە. سەدر نەیویست بچێتە ژێر عەباکەی خومەینی و خۆپارێز بوو لە بەدەمەوە هاتنی بانگەوازەکانی. هەروەها خومەینی نامەیەکی نهێنی بۆ سەدڕ نارد کە ئاشکرای نەکرد و داوای گرتنەبەری هەنگاوی بەرەو شۆڕشی ئیسلامی لێ دەکرد. کاتێکیش سەدر لەگەڵ ئەو ئاماژانەدا کارێکی نەکرد، پەیوەندییەکانی خومەینی لەگەڵ سەدڕ لەڕێگەی ڕادیۆوە دزەی پێ کراو، بابەتەکە بە مەبەست بوو و ئامانجی خستنەڕووی بەڵگە بوو بۆ دەسەڵاتی عێراق دەربارەی بوونی چەند پەیوەندییەکی نهێنی کە لەنێوان خومەینی و سەدڕ بەڕێوەچوون. ئامانجی ئەوە لادانی سەدر بوو بەهۆی باوەڕی خومەینییەوە بەوەی سەدر پشتگیری پڕۆژەکەی نەکردووە کە جەنگی وەک ڕێڕەوێک بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا گرتەبەر. سەدر ئەو نامە نهێنییەی بۆ دەسەڵاتی عێراق کەشف کرد کە لە خومەینییەوە وەری گرتبوو و دوای ڕاگەیاندنی لە ڕادیۆی ئێراندا.

له نیسانی ١٩٨٠دا سەید سەدر یەکێک لە پیاوانی ئایینی نزیک لە خۆی، شێخ (ع.خ)ی نارد بۆ بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی بەرزان تکریتی، کە فەرمانی بە یەکێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەزگاکە کرد بە بینینی بەهۆی سەرقاڵی بەرزانەوە بە ئەرکی تر. ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی شێخ هەڵیگرتبوو بریتی بوو لەوەی؛ سەید سەدر سڵاوتان لێ دەکات و دەڵێت واز لە کار سیاسی و حیزبی دەهێنێت و خۆی بۆ مەعریفە و نووسین یەکلادەکاتەوە و داوای پارێزگاریکردن لە ژیانی دەکات. نامەکەی سەدر پرسیاری وروژاند دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی ویستی نامەکەی پێبگەیەنێت لەلایەن هەواڵگرییەوە، هەروەها سەبارەت بەوەی ئاخۆ سەدر ئەو هەڕەشەیەی ژیانی دەخاتە مەترسییەوە بە ناوخۆیی دەبینێت لەلایەنی ئاسایشی گشتییەوە، یان بە دەرەکی لەلایەن ئێرانەوە. دەزگا پێشنیاری گواستنەوە لە نەجەفەوە بۆ بەغدای خستە بەردەم سەدر بۆ گرەنتی پاراستنی و کردنەوەی بوار بۆ مورید و شوێنکەوتووەکانی بۆ سەردانیکردنی و ئەویش ڕازی بوو.

بەرزان تکریتی نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار نارد کە ناوەڕۆکی نامەکە لە بارەی سەدرەوە بوو و دیدی دەزگای هەواڵگریی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی سەدردا بەم شێوەیە:

- سەدر جیاوازە لە حەوزە تەقلیدییەکان و ئاڕاستەی تایبەتی خۆی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەعریفە و ڕووناکبیریدا.
- نکۆڵی لە ئینتمای نەتەوەیی عەرەبیانەی خۆی ناکات، بەڵکو شانازی پێوە دەکات.

- باوەڕی بە ویلایەتی فەقیە نییە بەڵکو بڕوای بە ڕاوێژ هەیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.
- ئەگەر سەدر ڕووبەڕووی ئیغتیالکردنی یان لەسێدارەدان بووەوە ئەوا ئایدیاکانی بڵاودەکرێنەوە وەکچۆن ئایدیاکانی سەید قوتب بڵاوکرانەوە کە ٤٥ جار چاپکراونەوە دوای لەسێدارەدانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٨٠.
- دەزگا پێشنیاری چاودێریکردنی سەدر و گرەنتی ژیانی کرد لەگەڵ گواستنەوەی بارەگای مانەوەی لە نەجەفەوە بۆ بەغدا، کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی و پەیوەندییەکانی و ڕێگەدان بە موریدانی و شوێنکەوتوانی بە سەردانیکردنی.

لەو کاتەدا دەزگا خانوویەکی گەورەی تایبەتی بۆ ئامادەکرد لە ناوچەی سەلمان پاک بۆ ئەوەی بکرێتە بارەگایەکی نوێ بۆ سەید سەدر، سەدام حسێن ئاگەداری نووسراوەکە بوو، فەرمانی بە ناردنی بۆ ئاسایشی گشتیی کرد بۆ زانینی بۆچوونیان. دەزگای هەواڵگریی تووشی سوپڕایز بوو بە داواکردنی سەدر لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتییەوە و لەسێدارەدانی لە ڕۆژی دواتردا. وا دیارە سەرۆک بۆچوونی هەواڵگریی فەرامۆش کردبێت و ڕای بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتیی وەرگرتبێت کە بڕیاری ئەوەی داوە چاودێریکردنی بێسودە و پێویستە ڕزگارمان بێت لێی، لە ٩ نیسانی ١٩٨٠دا لەسێدارەدرا.

ـ لابردنی سەرۆکی سۆماڵ محەمەد سەیاد بەڕی:

لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، کوێت و سعوودیە داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی یان کرد بۆ کۆمکاری عەرەبی (الجامعة العربیة) لەسەر ئاستی سەرۆکەکان. هەڵوێستی عەرەبی دابەشبوونێکی نەبینی وەک ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوویدا کە لە قاهیرە بەسترا لە هەردوو ڕۆژی ٩ و ١٠ی ئابی ١٩٩٠. سعوودیە و دەوڵەتانی کەنداو پڕۆژەیەکیان پێشکەش کرد کە بوار بە بەکارهێنانی هێز و دەستێوەردانی بیانی دەدات.

ژمارەی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون ٢٠ دەوڵەت بوو، دەنگە ڕەتکەرەوە و لاینگرەکانی بڕیارەکە یەکسان بوون ١٠/١٠، بەڵام ئەوەی تای تەرازوی دەنگە لایەنگرەکانی قورس کرد کۆماری سۆماڵ بوو کە دەنگە لایەنگرەکان بوون بە ١١ دەنگ، حوسنی موبارەک بە پەلە دانیشتنەکەی کۆتایی پێهێناو پیادەکردنی بڕیارەکەی بە زۆرینەی ڕاگەیاند.

سەرۆک سەدام حسێن بێزار بوو لە هەڵوێستەکەی سەرۆکی سۆماڵ، داوای لە دەزگای هەواڵگریی کرد کار لەسەر ڕوخاندنی بکەن. هەواڵگریی عێراقی پەیوەندیی بە سەرۆکەکانی هەندێک لە هۆزە سۆماڵییەکانەوە کرد کە ئۆپۆزسیۆنی (سیاد بری) بوون.

لە ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠دا، دوو لە سەرۆکهۆزە گرنگەکان میواندارى کران، یەکێکیان لە هۆزی (الهویة) کە ژەنەراڵی خانەنشین (محەمەد فەرح عیدید) لەو هۆزە بوو، وە سەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتیمانپەروەرانی سۆماڵی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی (بری)ی دەکرد.

دەزگا لەگەڵ دوو میوانەکەدا ڕێگاکانی ڕووخاندنی سەرۆک (بری)یان خستەڕوو، تەنیا داوای یارمەتی داراییان کرد کە بۆ هەریەکێکیان بڕی ١٠٠ هەزار دۆلاریان تەرخان کرد. چەند ڕۆژێک تێنەپەڕی بەسەر گەڕانەوەیدا کە جەنگ دژی ڕژێم هەڵگیرسا، هێزەکانی بەرە لە مەقەدیشۆی پایتەخت نزیک کەوتنەوە، سەرۆک (بری) ڕایکرد بۆ باشووری سۆماڵ، ڕژێم ڕۆژی ٢٦ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ ڕووخا. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی وەردایە بابەتەکەوە، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی لەدەستدا، هەر زووش کشانەوە، لەو کاتەوە سۆماڵ هێور نەبۆتەوە.

مشعان ئەلجبووری

وەک پێشتر باسمان کرد، مشعان جبووری لە دیمەشق بارەگایەکی بۆ چالاکیە دژەکەی ڕژێم دانابوو، بەردەوامیش سەردانی عەمانی دەکرد و لە بازنەی خێڵدا جموجۆڵی دەکرد، هەوڵی بەئامانجگرتنی سەرۆک سەدام حسێنی دەدا لەڕێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانی لەلایەن ڕۆڵەکانی عەشیرەتەکەیەوە کە بەسەر پێگەی وەزیفی ئەمنی و سەربازی زۆر لە دەوڵەتدا دابەشکرابوون.

ساڵی ١٩٩٣ مشعان جبووری گەیشت بە هەریەک لە (ب. جبووری) و لیوا ڕوکنی خانەنشین (ع. م. جبووری)، ئەمەی دواییان لەو سەرکردە دیارانەیە کە لە جەنگی عێراق ئێراندا بەشداریان کردووە. (ش. جبووری) لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو، کە ئەفسەری هەواڵگرییە لە فەرمانگەی پڕۆژەکاندا و پسپۆڕی کاروباری ڕۆژنامەگەری بوو.

(ش. جبووری) ڕاپۆرتێکی دەربارەی دیداری لەگەڵ بەڕێز مشعان جبوریدا نووسی کە سیاقی پەیڕەوکراوە لە دەزگادا کاتێک هەر ئەفسەرێکی هەواڵگری دەگات بە کەسایەتیەکی ئۆپۆزسیۆن، دەبوایە ڕاپۆرتەکە بەگوێرەی سیاقەکانی ڕێکخستن ببرایە بۆ بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی یان خزمەتی دەرەکیی، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا، ڕاپۆرتەکە لە فەرمانگەی پڕۆژەکاندا پارێزرا.

دەزگا زانیاریی و بەڵگەی زۆری دەستکەوت لە بارەی ئەو دیدارەوە کە لەنێوان لایەنەکان ڕوویدا، دەربارەی نیازەکانی مشعان جبوری بۆ هەوڵدان بۆ بە ئامانجگرتنی سەری ڕژێمەکە. هەر سێ کارەکتەرەکە دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە. هەرسێکیشیان ڕەوانەی دادگاکران و بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا درا. کاتێکیش بڕیارەکان خرانە بەردەم سەرۆک بۆ موسادەقە لەسەری، سەرۆک لەبەردەم ناوی (ب. الجبوری)دا نووسی بڕیاری لەسێدارەدانی بەرامبەر پیادەدەکرێت، بەرامبەر ناوی (ع. م. الجبوری) نووسی (ئەمە شایستەی لەسێدارەدان نیە چونکە لەسێدارەدان دەیکات بە پیاو... دەخرێتە زیندانەوە). سەبارەت بە (ش. الجبوری) دوو مانگ لە زیندانەدا مایەوە، ئەو ڕاپۆرتە لەسێدارەدان ڕزگاری کرد کە لە دۆسیەکانی بەرێوەبەرێتی پڕۆژەکاندا پارێزرابوو.

دەزگا هەوڵی سوودوەرگرتن لەو هەلومەرجەیدا کە (ش. جبووری) پێدا تێپەڕی، پلانێک ئامادەکرا بۆ چاندنی لە ئۆپۆزسیۆندا، دەربازکرا بەرەو ئەردەن بە پاسپۆرتێکی ساختە و ڕۆیشت بۆ سوریا، بەڵام مشعان جبووری وریا و بە ئاگا و بە پارێز بوو لێی، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەردەن و گەشتی کرد بۆ پاریس. پەیوەندیی پێیەوە بەردەوام بوو لەمیانی وێستگەی پاریسەوە، تووشی بێئومێدی

بوو و هیچی پێشکەش نەکرد. دوای داگیرکاری گەڕایەوە بۆ عێراق لە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکاندا وەک ڕۆژنامەنووس کاری کرد.

- ڕووداوی هەواڵگریی پەرشوبڵاو:

١- دەکرێت جەخت لەوە بکرێت تاکە دەزگای هەواڵگریی دوژمن کە توانی دزە بکاتە ناو دەزگای هەواڵگریی پێشووی عێراقەوە، هەواڵگریی ئێران بوو. لەڕێگەی کارمەندێکی ئیدارییەوە کە لە خزمەتی دەرەکیدا کاری دەکرد، پەیوەندییەکی لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئێراندا کرد لە بەغدا و خزمەکانی خستەڕوو بەهۆی تەنگەتاوییەکی دارایەوە کە تووشی ببوو. زانیاریی هەستیاری بەخشی بە وێستگەی هەواڵگریی ئێران. کاتێک بابەتی ئەم کارمەندە ئاشکرابوو دەزگا هەوڵی چەواشەکردنی هەواڵگریی ئێرانی دا، بەڵام پڕۆسەکە ورد نەبوو، کە بووە مایەی ئەوەی دەزگا داوای دەستگیرکردن و دادگاییکردنی بکات و پاشانیش لەسێدارەدانی.

٢ - ئەم بڕین و دزەکردنە بە هەوڵێکی هەواڵگریی ئێرانی نەهاتەدی، بەڵکو بە کارێکی خۆبەخشانە لەلایەن کارمەندەکەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە سوربین لەسەر نەبوونی بڕین و دزەکردن (اختراقات)یک کە لە دەزگای هەواڵگریدا لەلایەن هەواڵگریی دیکەوە ڕوویان دابێت کە کەشف نەبووبن، بەڵکو ئەگەری لاواز دەمێنێنەوە. لە بەرامبەریشدا دەزگای هەواڵگریی عێراقی بڕین و دزەکردن (اختراقات)ی لە سەرجەم دەزگا هەواڵگرییە ئێرانییەکاندا کردووە بەبێ جیاوازیی.

٣- ساڵی ١٩٨٢ حیزبی دەعوە توانی ئەفسەرێکی دەزگای هەواڵگریی ڕام بکات کە لە یەکێک لە بەشەکانی خزمەتی دەرەکیدا کاری دەکرد. لەناو ئەو ئامانجانەشدا کە

پێی سپێردرابوو ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوە بوو لە ناوچەگەلێکی دیاریکراوی بەغدادا، لەڕێگەی دانانی مادەی کیمیایی ژەهراوی لە تەنکەرەکانی ئاودا. کارەکەی کەشف بوو لەڕێگەی چەند دانپێنانێکەوە کە ئەندامێکی حیزبی دەعوە ئاشکرای کردن کە لای بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتیی زیندانی کرابوو.

٤ـ مەترسیدارترین پڕۆسەی هەواڵگریی ئێرانی دژی ئیمە پیادەی کردبێت لە شێوەی کەمین بووە، ئامانج لێی ڕاوکردنی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ئێران بوو لە خزمەتی دەرەکیدا، (م. م. ف)ی ڕەحمەتی، لەگەڵ یەکێک لە سەرچاوە گرنگە ئێرانییەکانی دەزگاکە پڕۆسەکە دەمودەست بووە مایەی کوشتنی ئەندامەکە و پێکرانی ئەفسەرەکە بە دوو فیشەک، یەکێکیان لە سەریدا و ئەوەی تریان لە سنگیدا، بەڵام بە موعجیزە لە مەرگ ڕزگاری بوو.

پوختەی بابەتەکە ئەوەیە (حیزبوڵای لوبنانی) بە ڕێنمایی هەواڵگریی ئێرانی دوو پڕۆسەی ئەنجامدا بۆ ڕفاندنی فڕۆکەیەکی مەدەنی عێراقی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٦دا، یەکەمیان ڕفێنەرەکان یەکسەر لەناو فڕۆکەکەدا کوژران لەلایەن بەرپرسی پاراستنی فڕۆکەکەوە(حەیدەری ڕائیدی ئاسایش و هاوکارانی). لەکاتێکدا کە فڕۆکەی دووەم لە ناوچەی عەرعەری سەرسنوور لەناو خاکی سعوودیەدا کەوتە خوارەوە. ڕووداوەکە بووە مایەی کوشتنی ٦٣ سەرنشین، سەرەڕای بریندارببوونی یەکێک لە ڕفێنەرە لوبنانیەکان (رئبال) بە فیشەکێک لە سنگیدا بەڵام لەنێوان ڕزگاربووواندا بوو، هەوڵی هەڵهاتنی دا، بەڵام دەستگیرکرا لە نزیک شوێنی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە. وەک بەرپەرچدانەوەیەکیش هەواڵگریی عێراقی هەواڵی جێبەجێکردنی چەند پڕۆسەیەکی هاوشێوەیدا، کە سێ پڕۆسەی ڕفاندنی

فڕۆکەی ئەنجامدا، دووانیان مەدەنی، ئەوەی دیکەیان فڕۆکەی جەنگی لە جۆری ئێف ٤ کە لە بەغدا لەگەڵ شۆفێرەکەیدا کەوتنە خوارەوە.

دەزگا پلانی دانا بۆ سوودوەرگرتن لە پەیوەندییەکانی فڕۆکەوانە سەربازییەکە لە هێزی ئاسمانی ئێرانی بە ئامانجی جموجۆڵ بەرەو هاوەڵەکانی بەرەو ڕازیکردنیان بە هەڵهاتن بە فڕۆکە سەربازییەکانیانەوە بەرەو عێراق لە ماوەی جەنگی عێراق ئێراندا. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەندامەکەمان کە فڕۆکەوانی ئێرانی بوو پەیوەندییەکی لەگەڵ هاوڕێیەکی لە ئێران ئەنجام دا (شۆفێری فڕۆکەیەکی شەڕکەر) بۆ قەناعەتهێنان پێی بە هەڵهاتن بۆ عێراق بە فڕۆکە جەنگییەکەیەوە. هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر یەکتربینین لە ئەنقەرە بە ئامادەبوونی ئەفسەرێکی هەواڵگریی عێراقی بۆ ڕێکخستنی پلانی هەڵهاتنی فڕۆکەی شەڕکەری دووەم بۆ عێراق.

بڕیاردرا کە ئەفسەری هەواڵگریی (م. م. ف)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ئێران بۆ خۆی سەرپەرەشتی پڕۆسەکە بکات، سەرەڕای سوورىوونی بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەکی لەسەر ئەوەی ئەفسەرێکی دیکە لەگەڵ خۆی ببات بۆ مەبەستی سەلامەتی، بەڵام جەختی لەوە کردەوە پێویستی بە کەس نییە لەگەڵیدا بێت، پاشان داوای لێکرا پەنابەرێتە بەر ئەفسەرێک لە وێستگەکەمان لە ئەنقەرە، بەڵام وێستگەکەی ئاگادار نەکرد بە سروشتی ئەو واجبەی پێی ڕاسپێردراوە، بە تەنیا ڕۆیشت بۆ مەوعیدەکەی بە هاوڕێیەتی ئەندامەکە.

ئەفسەرەکە بەر لە گەشتەکەی لە تاران بە فڕۆکەوانە ئێرانیەکەی گوت؛ لە ماڵێکی سەر بە هاوڕێیەکی لە ئەنقەرە دەمێنێتەوە، کاتێکیش ئەندامەکە و ئەفسەرەکە گەیشتنە ماڵەکە، دەرکەوت هەردووکیان کەوتوونەتە ناو کەمینەوە کە دوو کەس

لە ئەفسەرانی هەواڵگریی ئێرانیی لە مەدخەڵی خانووەکەدا پێشوازیان لێ کردن، هەریەکێکیشیان دەمانچەیەکی بێدەنگی بەدەستەوە بوو کە ئاڕاستەی سنگی دوو کەسەکە کرابوو، هەریەکێکیشیان دوو فیشەکیان تەقاند یەکەمیان کە سینگیدا و دووەمیان لە پێشەوەی سەر. بکوژەکان یەکسەر شوێنی ڕوودواوەکەیان بەجێهێشت بەو باوەڕەوە کە هەردووکیانیان کوشتوون. ئەندامە ئێرانییەکە دەمودەست گیانی لەدەستدا لەکاتێکدا کە ئەفسەری هەواڵگرییەکە (م.م.ف) بێهۆش مایەوە لە دەروازەی ماڵەکەدا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، دوای ئەوەی هۆشی هاتەوەبەر بە ئاڕاستەی شەقامەکە کشا، کەسێک لە ڕێبوارەکان بینی و دەسەڵاتی تورکی لە ڕوودواوەکە ئاگادار کردەوە و گواستراییەوە بۆ عێراق پاشان بۆ وڵایەتە یەکگرتووەکان کە نەشتەگەرییەکی پینەکردنی ئێسقانی ناوچەوانی بۆ کرا. ڕوودواوەکە قەیرانێکی سیاسی لەگەڵ ئەنقەرەدا لێکەوتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە کارەکە تێگەیشت، ئەویش گەورەترین وانە بوو بۆ ئەفسەرانی هەواڵگریی کە متمانە بەو کەیسە هەواڵگرییانە نەکەن کە لایەنێک بەشداری تێدا دەکات کە بارودۆخەکەی یەکلایی نەکراوەتەوە، هەرچەندە متمانەکە بە ئەندامەکە بەهێزیش بێت. هەروەها خراپترین ئەگەریش بخەنە ناو حساباتی خۆیانەوە لەکاتی پیادەکردنی پڕۆسە ئاڵۆزەکاندا، باشترین شوێنی گونجاویش بۆ دیدارەکان بریتیە لە هەڵبژادنی ئەو شوێنانە لەلایەن خۆمانەوە، ئیتر لە ئۆتێلە پلە یەکەکاندا بێت یان باڵیۆزخانەکان یاخود ئەو خانوانەی پەیوەستن پێیانەوە، ئەندامەکەش لە شوێنەکە ئاگادار نەکرێت تەنیا ماوەیەکی کەم پێش دیدارەکە نەبێت.

٥. مەترسیدارترین کەسایەتی کە زۆر نزیک بووبێت لە گەورە ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگریی عێراقی، سەرمایەدارێکی عێراقی دانیشتووی عەمان بوو بەناوی (سائر ئەلدلێمی)، کە ئەندامێکی کۆمەڵەی نەیار (ئەحمەد چەلەبی) بوو پەیوەست بە

هەواڵگریی وەزارەتی بەرگری ئەمریکییەوە. لە دانیشتووانیی کازمیە. بەشداری کردووە لە پیادەکردنی چەند گرێبەستێک لەگەڵ فەرمانگەی پڕۆژەکانی سەر بە دەزگای هەواڵگری، پاشان ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، دوای ئەوەی بانگەشەی لە پێشینەێتی خۆی کرد بە بڕی ٤٦٠ هەزار دۆلار لە ئەستۆی دەزگاکەدا.

ناوبراو بەهۆی ڕێگایەک هەوڵیدا بڕی ٤٦٠ هەزار دۆلاری دەستبەکەوێت لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەتا (عەقید خالید نەجم) هات، بەڕێوەبەری ئەمنی دەزگاکە و داواکەی گەیاندە سەرۆک سەدام حسێن کە فەرمانی بە سەرفکردنی بڕەکەدا بۆی. دلێمی توانی پەیوەندییەکی بەهێز بنیاد بنێت لەگەڵ هەندێک لە بەڕێوەبەرانی وێستگەکەمان لە عەمان و دەرەوەی عەمان، وەکچۆن هەواڵی ئەفسەر (خ)شدا لە ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٢دا بە ئینتمایەکەی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی نەیار بە سەرۆکایەتی چەلەبی، بەڵام ئەفسەرەکە ڕێکاری نەگرتەبەر بۆ ئەم بابەتە سەرەڕای ئاگاداربوونیشی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە گەورە ئەفسەرانی هەواڵگریی. ئەم پیاوە ڕۆڵێکی گلاوی گێڕا لەکاتی داگیرکاریدا، کە هەوڵیدا ئەفسەرانی هەواڵگریی ڕازی بکات بەوەی خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمریکییەکان بکەن لەڕێگەی ئۆفیسەکەی ئەحمەد چەلەبییەوە، بە ئومێدی ئەوەی توشی زیندان نەبن، لەوانەش (خالید نەجم) و زاوای سەرۆک (جمال مستەفا) کە ١٧ ساڵی لە زیندانەدا بردەسەر لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی دیکەی دەزگای هەواڵگری.

دەزگای هەواڵگریی زانیاریی وردی هەبوو دەربارەی پەیوەندیی سەرمایەداریکی عێراقیی بە دەزگا هەواڵگرییە دوژمنەکانەوە، کە هانی داون بۆ بنیادنانی پەیوەندیی لەسەر ئاستە بەرزەکان لە دەوڵەتدا، لە شێوەی دەزگای ئاسایشی

تایبەت و فەرمانگەی نزیک لە سەرۆک، کارمەندانێکی گەورە لە وەزارەتەکاندا و لە ئاسایشی گشتیی و دەزگای هەواڵگرییدا، بەڵام دەزگا ئاماژەی بە هەستانیان بە پڕۆسەکانی تەجنید و ئامادەسازی بەرپرسانی عێراق نەکردووە، زانیارییان لەڕێگەی گفتوگۆ و ئەنجامدانی دەعوەتەوە کۆدەکردەوە. گەرچی ئەمانە مەترسیدارترین گرووپ بوون بۆ سەر ئەمنی وڵات لە کاتی قەیرانەکاندا، بەڵام هەواڵگریی ناتوانێت دەستبەرداری خزمەتی هەندێکیان بێت، لەبەرئەوە هەردەبێت مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت بە ڕادەیەکی زۆر لە خۆپارێزییەوە. زۆربەی ئەمانە هەستیان بە ترس لەلایەن هەواڵگرییەوە کرد لەبەرئەوە لە سەرەتای ٢٠٠٢وە عێراقیان بەجێهێشت و لە وڵاتی تردا گیرسانەوە و کردیانن بە پەناگەی ئەمین. لەکاتی پڕۆسە سەربازییەکانی داگیرکردنی ئەمریکی، ئەمانە هەوڵیاندا کاریگەرییان بۆ سەر هەندێک لە فەرماندە سەربازی و ئەمنییەکان و بەرپرسان هەبێت بۆ هاندانیان بۆ جیابوونەوە، کاریگەی نەرێنی بۆ سەر مەعنەویاتی سەرکردایەتی.

- هەوڵی تێرۆرکردنی سەرۆک بۆشی باوک:

کاتێک دەزگای هەواڵگریی بە نیازی سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆشی باوکی زانی بۆ سەردانیکردنی کوێت، پێشنیارێکی پێشکەش بە سەرۆک کرد بۆ ڕەزامەندی لەسەر پڕۆسەیەکی خۆکوژیانە بە ئامانجی تێرۆرکردنی لە کاتی سەردانیدا بۆ شاری کوێت. پلانەکە پێویستی بە دانانی تەقەمەنی بوو لەناو ئۆتۆمبیلێکی لاندکرۆزدا لەگەڵ چوار کەسدا کە هەموویان پشتێنی تەقەمەنی هەڵگرتبوو، سیانیان لە بەڕێوەبەرێتی پڕۆسە تایبەتەکان بوون، ئەوەی ترشیان لە کوێتیەکان بوو کە ئەرکەکەی ڕێبەریکردن بوو لە بیابانەدا بۆ تێپەڕاندنی

ئۆتـۆمبیلەکە و بتەقێنـرێتەوە بە ئامـانجی پەکخسـتنی کـۆمەڵەکە و شـڵەژاندنی، پاشـانیش پیـادەکردنی قۆنـاغی دووەم لە هێرشـە خۆکـوژییەکە بە پشـتێنە خۆکوژییەکانەوە.

پـرۆژەی (الغـافقي) م ١٦ هەسـتا بە دانـانی تەقەمەنـی لەنـاو ئۆتۆمبیلـدا بە بەکارهێنـانی ١٠٠ کگـم لە تەقەمەنـی، شـاردنەوەی بە ڕێگـایەک کە کەشـفکردنی ناومکینە. بە ئامانجی دڵنیابوون لە شـاردنەوەی تەقەمەنییەکان و ئاشکراکردنیان ئۆتۆمبیلەکەیـان خسـتە بەردەم پشـکنینەوە لە بەغـدا بە مەبەسـتی دیـاریکردنی ئەوەی ئـاخۆ ئۆتـۆمبیلەکە تووشـی ڕووداو بـووە یـان شـوێنەواری چـاککردنەوەی پێوەیە، دوای پشکنینی دانیان بە سەلامەتیەکەیدا نا.

پلانەکە لە سەرەتادا پێویستی بە ڕزگارکردنی ئۆتۆمبیلەکە بوو لە سنوورەوە بۆ ناو خاکی سعوودیە. پاشان چوونەناو خاکی کوێتەوە. لە چـوونە ناوەوەی شـاری کوێتـدا سـەرکەوتوو بـوون، بەڵام یەکێـک لە جێبەجێکـاران شـڵەژا و پاشـان دەسـەڵاتی کـوێتی ئاگـادارکردوە و هەموویـان گیـران، سـەرەنجامیش پڕۆسـەکە شکستی هێنا. کاردانەوەی ئەمریکی بریتی بـوو لە هێرشـکردنە سـەر باڵەخـانەی دەزگـای هەواڵگریـی بە ٢٢ موشـەکی بالیسـتی دوور مەودا لە حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٩٨دا.

٦-تاڵیبـانی ئەفغانسـتان، عێـراق هەڵوێسـتێکی سیاسـانەی دژ بە داگیرکردنـی ئەفغانسـتانی لەلایەن سـۆڤێتەوە نەبـوو، بەڵکـو باڵیۆزخـانە و وێسـتگەیەکی هەواڵگریمان لە کابوڵدا هەبوو، چالاکیش بوو بەرامبەر گۆڕەپانی ئێرانی لە مـاوەی جەنگی عێراق ئێراندا، کاتێک کابول کەوتە ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان باڵیۆزخانەکەمان لەوێ داخرا، عێراق هەوڵی دەستێوەردانی نەدا یـان هەوڵی بنیادنـانی پەیوەندیی

لەگەڵ تالیبانـدا، بەڵکـو پەیونـدیمان لەگەڵ چەنـد لایەنێکـی ئۆپۆزسـیۆنی ئەفغانیـدا هەبوو کە دژی داگیرکاری ڕوسی بوون نەوەک لەگەڵ تالیباندا.

دوای گرتنەدەســـتی دەســـەڵات لەلایەن تالیبـــانەوە ســـاڵی ١٩٩٥، یەکێـــک لە وەزیرەکانی حکومەتی تالیبان هەوڵیدا دیدار لەگەڵ بەڕێوەبەری وێستگەکەمان لە کەڕاتچـی (غ. ع) سـاز بـدات لەکـاتی ئەنجامـدانی نـوێژی هەینـی لە یەکێـک لە مزگەوتەکـانی شـارەکەدا، ئـارەزووی تالیبـانی بـۆ دامەزراندنی پەیوەنـدیی لەگەڵ عێراقدا خستەڕوو. دەزگای هەواڵگریی پێشنیارێکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی کرد بـۆ بنیادنـانی پەیوەنـدیی سیاسـی یـان هەواڵگریـی لەگەڵ تالیبانـدا، بەجێنەهێشـتنی گۆڕەپـانی ئەفغـانی بە دابـڕاوی بـۆ بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتی ئێرانـی. سـەرۆک قەنـاعەتی بە بۆچوونەکەمـان نەکـرد، داوای بۆچـوونی (تـاریق عەزیـز)ی کـرد کە گـوتی ڕژێمـی تالیبـان نـاجێگیرە و لە بەرژەوەنـدی عێـراق نیـیە لەکـاتی ئێسـتادا پەیوەندیی لەگەڵدا دروست بکات، بۆچوونەکەشی ڕاست بوو.

ـ هەوڵەکانی تێپەڕاندنی بەربەستی سکرتێر:

هەنـدێکجار دەبینـین پێویسـتی وا دەخوازێـت عێـراق هەڵوێسـتێکی دیـاریکراوی بەرامـبەر یەکێک لە کێشـە مشـتومڕئامێزەکاندا هەبێت، لەپێنـاو پاڵنـانی هەوڵەکـانی سیاسەتی دەرەکی لە تێپەڕاندنی کۆسپەکاندا، ئەمەش پێویستی بە پیشکەشکردنی پێشنیارە لە دەزگاوە بۆ سەرۆک بـۆ بڕیـاردان، بە ئامـانجی تێپەڕاندنی بەربەسـتی سکرتێر کە هەندێکجار پێشـنیارەکانمان ناخـاتە بەردەم دیدی سـەرۆک لەبەر هەر هۆکارێـک بێـت، لەبەر نەبـوونی قەنـاعەتەکەی بێـت لە ڕووی شەخسـیەوە یـان

لەبەرئەوە بێت کە ئەو ئایدیاکانی سەرۆک دەخوێنێتەوە، سنووری ئەو پێشنیارانە دەزانێت کە دەیانخاتە بەردەمی و هەندێکیانی نیشان نادات. ئەم بیروباوەڕەش هەڕەمەکی نییە بەڵکو هەڵقوڵاوی تێگەیشتنی ئێمەیە لە سروشتی کاری سکرتێر (فەریق عەبد حەمود)، ئەو بابەتە کە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان بخەینە بەردەم کارەکتەرێکی ناسراوی سیاسیی لەلایەن خودی سەرۆکەوە، دوای ئەوەش کە ئەو کەسایەتیە پشتگیری بۆچوونەکەمان دەکات هەڵدەستین بەوەی بیخەینە بەردەم سەرۆکایەتی وەک ئەوەی لەلایەنی ئەوەوە پێشکەش کرابێت.

لەم حاڵەتەشدا سکرتێر پابەند دەبێت بەوەی پێشنیارەکان بخاتە بەردەم سەرۆک لە ترسی ئەوەی کەسایەتیەکە بگات بە سەرۆک و پێی ڕابگەیەنێت کە پێشنیارەکانی دەزگای هەواڵگریی پێشەکەش کردووە بەو ئومێدەی بگات بە سەرۆک، بەڵام وەک دیارە نەگەیشتووە. سوودمان لە هەریەک لە سەرۆکوەزیرانی پێشووتری سوریا (یوسف زعین) لەکاتی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، لە سەرۆکی پێشووتری جەزائیریش (ئەحمد بن بلە) بینیوە، کە هەوڵی نێوەندگیریی دا لەگەڵ شانشینی عەرەبی سعوودیە بۆ هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی عێراق بۆ ڕیزی عەرەبی لە کۆتایی نەوەدەکاندا، هەردووکیشیان لەلایەن سەرۆکەوە ناسروان و خۆشەویستی و ڕێزی بۆیان هەیە.

بەشی دەیەم

ئالۆزکارییەکانی دیمەنەکە

لە نیسانی ساڵی ١٩٩٩دا، لە جەزائیر گەڕامەوە دوای ئەوەی لە چوار ساڵ زیاترم تێدا بەسەر برد. پەیوەندییم بە ناوەندەوە کرد لە بەغدا و لەناکاوێک ڕووبەڕووی فەرمانێکی کارگێڕیی بوومەوە کە دامەزراندنم دەرچووە بە بەڕێوەبەری لق لە بەڕێوەبەرێتی چالاکی نەیار (مديرية النشاط المعادي)، ڕۆیشتم بۆ لای بەڕێوەبەری چالاکی نەیار، (عیسام خزڕی) ڕەحمەتی، بۆم ڕوون کردەوە کە حەزم بە کارکردن لە بەڕێوەبەرێتیەکەدا نییە و فەرمانەکەی ڕەتکردەوە.

دکتۆر حەسەن عوبەیدی بەڕێوەبەری گشتییم بینی و پێشنیارم بۆ کرد پۆستی بەڕێوەری لقی خۆرهەڵاتی ئاسیا وەربگرم، لەو ڕوانگەیەوە کە پۆستەکە بەتاڵ بوو، ڕازی نەبوو و ڕوونیکردەوە پۆستەکە گیراوە بۆ کەسێک کە سزای زیندانیکردنی تەمێکارانە لە ناو دەزگادا بەسەر دەبات.

پاشان دکتۆر حەسەن عوبەیدی داوای لێکردم لقی ئەمریکا وەربگرم، پێم گوت من زمانی ئینگلیزی نازانم و لقی ئەمریکا ماندوکەرە، تکام لێکرد بەڕێوەبەری لقێکی دیکەم پێ بسپێرێت. داواکەمی ڕەتکردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی لقی ئەمریکا وەربگرم. ئاماژەشی بە بوونی وەرگێڕی زۆر کرد تێیدا، ئارەزوی خۆشی خستەڕوو سەبارەت بەوەی لە گۆڕەپانی ئەمریکیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاربکەم، ئەزموونی کارکردن لە گۆڕەپانی سووریدا بگوێزمەوە کە لە ساڵی ١٩٨٢وە پەیوەندیی دیپلۆماسیمان لەگەڵیدا نەماوە.

بە ناچاری ڕازی بووم دەستمکرد بە ئەرکەکانی کارەکەم بە ئاشنابوون بە ئەفسەرەکان و ئاگاداربوون لە زانیارییە سەرەتاییەکان دەربارەی ئەمریکا لە ڕووی ڕژێمی سیاسیی و دامەزراوەکان و هەڵبژاردنەکان و میکانیزمەکانی

داڕشتنی بڕیار...تاد. لەو بەیاناتانەی لە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆرانەی تایبەتمەندا هەبوون کە لقەکە بۆ مەعریفەی گشتیی ئامادەی کردبوو.

بە دۆسیەکانی ئەندامەکان و کەیسەکانی بەدواداچوونیش ئاشنابووم لەگەڵ میکانیزمی کردن، بینیم پەیوەندیی لەگەڵ زۆربەی ئەندامانداوەستێنراوە بەهۆی جیابوونەوەی بەڕێوەبەری لقی پێشوتر و جێگیربوونی لە ئەمریکا، کە ئەفسەرەکانی لقەکەی خستە دۆخێک لە گومان و لەدەستدانی توانا لە تێپەڕاندنی سەختیەکان و هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای سەرچاوەی نوێ، وەکچۆن پەیوەندیی نارێکخراوی ئەفسەرانێکی هەواڵگریی لەگەڵ ئەمریکیەکاندا بینرا لە خاوەنی ڕیشەی عەرەبی و عێراقی کە پەیوەندیەکانی کارکردنی تێپەڕاندبوو ناڕوونیش بوون. من هەستم بە بوونی هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی دەکرد لەنێوان دۆسیەکاندا، داوای دیداری بەڕێوەبەری گشتیشم کردوو پێم ڕاگەیاند کە (من هەست بەوە دەکەم کە لە ناوەڕاستی CIA دانیشتووم و وا هەستدەکەم لە هەموو لایەکەوە دەوریان داوم..)، پێی گوتم لەوە تێدەگەم لەبەرئەوەی لقەکە گیرۆدەی کێشەیە، دەشزانم بۆ بە کێڵگەی میندا دەڕۆیت، لەوانەشە لەهەر کاتێکدا بێت مینێکت پێدا بتەقێتەوە لەبەر ئەوە وریابە. دەسەڵاتی ڕێکاری ئەنجامدانی گۆڕانکاریشی لە لقەکەدا پێدام لەگەڵ دەسەڵاتی گواستنەوەی ئەفسەرانێک لێی و هێنانی هی تر.

هیچ گومانێکم نەبوو لەوەی هەواڵگریی مەرکەزی توانای ڕامکردنی هیچ یەکێک لە ئەفسەرەکانی لقەکەی نییە، لەو ڕووەوە ڕامکردنی ئەفسەرانی هەواڵگریی کارێکی سەختە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، بەڵام بە دوور نازانرێت زانیاریی لە لقەکەوە دزە بکات بە حوکمی قسە کردنی زۆر یان بەبێ مەبەست لەگەڵ بوونی

سەرچاوەی دوانەییدا(مزدوج). بۆم دەرکەوت ژمارەیەک لە ئەندامەکانمان پەیوەندییان هەیە، یان لە مەکتەبی لێکۆڵینەوەی فیدرالی یاخود لەگەڵ هەواڵگریی مەرکەزیدا. هەندێکیان گەڕاونەتەوە لامان لەکاتێکدا ژمارەیەک ئەندامەکان پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ بەرپرسانێکی عێراقی ئاستبەرزدا هەبوو لە سەرۆکایەتی کۆمار و لە فەرمانگەی نزیک لە سەرۆک و فەرمانگەی دیکەی ئەمنی لە ئاسایشی تایبەت یان ئاسایشی گشتییی. پەیوەندییەکانی ئەندامەکانیش شەخسی بوون لەگەڵ هەندێک لە ئەفسەراندا گەیشتبووە چەند ئاستێک کە ئاستی رێگەپێدانی تێپەڕاندبوو بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک و دەبووایە دۆخەکە ڕاست بکرێتەوە، لەبەرئەوە هەندێک هەموارم لە پێگە وەزیفیەکانی ناو لقەکەدا ئەنجامدا.

لە ساڵی ١٩٩٨ دا، کۆنگرس یاسای ئازادکردنی عێراقی پەسەندی کردبوو، کێشەیەکمان هەبوو لەگەڵ پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دوای بڕیاردانی عێراق بەڕێگەنەدان پێیان بە گەڕانەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە گەڕان و پشکنین دەربارەی چەکی وێرانکاری گشتگیر، بە تایبەتیش دوای گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر لە ساڵی ١٩٩٥دا، لە ئەنجامی هەڵهاتنی وەزیری پیشەسازی سەربازی، (فەریق حسێن کامل)، کەشفکردنی بوونی بەرنامەیەکی ئەتۆمی تەواو و دیکۆمێنتی پارێزراو لە باڵەخانەی دەواجین لەناوچەی (سویرە)ی باشووری بەغدا لەلایەن ئەوەوە، کە عێراق لە بەردەم لێژنەکانی پشکنیندا کەشفی نەکردبوو. ئەوە بەڵایەک بوو بۆ گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ خاڵی سفر، ئەو متمانەیەشی وێرانکرد کە عێراق هەوڵی بنیادنانیدا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە درێژایی چوار ساڵ لە هاوکاری بەردەوام لەگەڵ لێژنەکانی پشکنیندا.

دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو دوای سەرکەوتنی کۆمارییەکان بە سەرۆکایەتی بۆشی کوڕ و ڕاستی مەسیحی توندڕەوی هاوپەیمان لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە هەژموونی بەسەر دیمەنی سیاسیدا کرد لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠دا، بە جیاوازی چەند سەد دەنگێک لە یەک ویلایەتدا کە فلۆریدایە، بۆ ئەوەی دیک چینی جێگری سەرۆک و دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگری و پۆل وولفۆفیتز (تونڕەو) تەوەری کۆمەڵێک لە ڕووناکبیری ڕاستی کۆماری بن کە سەرپەرەشتی دانانی ئەجیندای ئیدارەکەی بۆش بن، کۆندۆلیزا ڕایسیش، ڕاوێژکاری سەرۆکی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت، لەگەڵ جۆن بولتونی جێگری وەزیری دەرەوەی کاروباری نێودەوڵەتی و کۆنترۆڵکردنی چەکدارکردن، ڕێچارد بیرلیش (میری تاریکی) کە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسەتی بەرگری ڕاوێژکاری هەبوو، کە لە ڕاستە تونڕەوەکانی پشتیوانی ئیسرائیلە و دژی عەرەبە، ئەویش بوو کە داوای لە وەزیری بەرگری ئەمریکی کرد سەرجەم ئەفسەرەکان لە دەستەی ئەرکانی ئەمریکی دەربکات، ئەوانەی دژی هەڵگیرساندنی جەنگن بۆ سەر عێراق، وەکچۆن خاوەنی ئەو تیۆرەشە کە عێراق ببێتە ئامانجی تەکتیکی هەڵمەتی سەربازی و شانشینی عەرەبی سعوودی ئامانجە ستراتیژیەکە بێت، چونکە ئەو سەرەڕای هاوپەیمانێتیە ستراتیژیەکەی لەگەڵ ئەمریکادا گەورەترین تەمویلکاری تیرۆریشە، هەروەها پەیوەندیی ئەمریکای لەگەڵ سعوودیەدا وەسف کرد بەوەی پەیوەندییەکی ڕیزپەڕە (شاز)، بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەش داوای ڕووخاندنی ڕژێمی لە بەغدا کرد بەبێ ڕوانین بۆ ئەنجامەکانی پشکنینی چەکی کۆمەڵکوژ وەکچۆن داوای ڕووخاندنی سەرجەم ئەو ڕژیمانەشی کرد کە ڕازی نین لێی.

یەکەمین ئەرکی لقەکە، هەڵوەشاندنەوەی کێشەی ئەو ئەندامانە بوو کە نازانین سروشتی پەیوەندیکردن لەگەڵیاندا چۆن وەسف بکەین. لەهەمان کاتیشدا پێویستە

بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێین بۆ پشتگیریکردنی کاری هەواڵگریی و تێپەڕاندنی دۆخی وەستان و گومانخستنە سەر ئەندامەکان و ترس لە کەوتنەناو تەڵەی هەواڵگریی ئەمریکییەوە. دەستمان بە مە کرد، کادری لقیش بڕێکی زۆر لە بەرپرسیارێتی و هیمەت و قوربانیدانی هەیە لە بەرهەڵستیکردنی چالاکی هەواڵگریی ئەمریکی، لە هەمان کاتیشدا کاریان لەسەر هێنانەکایەی هەلی هەواڵگریی و ئەندام و سەرچاوەی نوێ کرد، بە ئامانجی ئاشنابوون بە نیازە دوژمنکارییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکی.

ـ یانزەی سێپتەمبەر/ئەیلول، تیرۆر لە ئەمریکا دەدات:

لە ڕۆژی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١دا لە گەشتێک بووم بۆ ئەردەن لەگەڵ هاوکاری ڕۆژنامەنووس (ش. ح) بە ئەرکی بە بازاڕکردنی فیلمی (لمە جوولاوەکان) کە (سکۆت ڕینەر) دەریهێنابوو و بەرهەمی هێنابوو، یەکێک لە ئەندامەکانی لیژنەکانی پشکنینی نێودەوڵەتی دامالێنی چەکی کۆکوژی عێراقیی. توانیمان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵدا دابمەزرێنین لە ڕێگەی (ش. و. خ)ی سەرمایەدارەوە، دوای دەست لە کارکێشانەوەی سکۆت لە لیژنەی نێودەوڵەتیی. ئەرکی هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکە نێوەندگیریکردنمان بوو لەگەڵ کەنالی جەزیرە و کەنالی دیکەی عەرەبیدا بۆ نمایشی فیلمەکە، کە چیرۆکی بە سیاسیکردنی لیژنەکانی پشکنینی هونەری و ئەرکە سیخوڕییەکانیان و ستەمی نێودەوڵەتیی و فشارە ئەمریکییەکان دەگێڕێتەوە. تەمویلکردنی فیلمەکەش لە فرۆشتنەکانی کۆبۆنەکانی نەوتی تایبەت بە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بوو.

دوای کاتژمێر چواری عەسری ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر گەیشتمە فڕۆکەخانەی عەمانی نێودەوڵەتی، کاتێک پاسپۆرتە دیبلۆماسیەکەم دا بە ئەفسەری پاسپۆرتی ئەردەنی سەری بەرزکردەوە و گوتی: بەوەت زانیوە ئەمڕۆ لە ئەمریکا ڕوویدا..؟ گوتم نەخێر بۆ چی ڕوویداوە؟ گوتی سوتا و ورتەورتێکی کرد بە چەند وشەیەک کە لێرەدا بۆ باسکردن ناشێن... پاشان پاسپۆرتەکەمی مۆرکرد و جیاواز لە نەریتی پێشوو، چونکە هەموو جارێک کە دەچوومە ئەردەن پاسپۆرتەکەی وەردەگرت و دەچووە ناو ئۆفیسی هەواڵگرییەوە بۆ وێنەگرتنی ناوەڕۆکەکەی. خێرا پاسپۆرتەکەی پێدامەوە و پێی گوتم بڕۆ سەیری تەلەڤزیۆن بکە. حەپەسام لە کارەساتی دیمەنی داڕمانی سەنتەری بازرگانی جیهانی بەهۆی دوو فڕۆکەی مەدەنییەوە کە هێڕشیان کردۆتە سەر ئایکۆنی نیویۆرک، و بۆتە مایەی کوشتنی پتر لە دوو هەزار مەدەنی، لە خۆمم پرسی تۆ بڵێی کێ ئەمەی کردبێت؟

کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان چیتر بایەخیان بە فیلمەکە نەدا (لمە جوڵاوەکان)، گوتیان کات گونجاو نەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە فیلمانە، دواتر لە داواکەتان دەڕوانین، ڕۆژی دواتر گەڕامەوە بەغدا.

لە ماوەی ئەو گەشتەمدا کە دوو ڕۆژی خایاند، هاوڕێکانم لە دەزگا پەیوەندییان بە ئۆفیسەکەمەوە دەکرد، پرسیاریان لە بارەی ئەو هێڕشانەوە دەکرد کە لە نیویۆرک ڕوویانداوە. کاتێکیش منیان لە دەرەوی عێراق بینیەوە، هەندێکیان گەشتەکەمیان وەها لێکداوەتەوە کە پەیوەستە بە هێڕشەکانی سەر ئەمریکاوە، ئەوەش جۆرێک لە خەیاڵ بوو.

ڕۆژێکی نەبرد ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی توانی ناسنامەی ئەو نۆزدە تیرۆرستە دیاری بکات کە هێڕشەکانیان جێبەجێ کردووە، ڕەگەزنامەی خۆیان و

پەیوەندیی خۆیان بە رێکخراوی قاعیدەوە دیاری کردووە. سوپاسی خودامان کرد کە هیچ عێراقییەکیان لەناودا نەبووە.

ـ بانگەوازی شەڕکردن لەگەڵ عێراق:

ڕۆژی ١٤ی سێپتەمبەر، واتە تەنیا سێ ڕۆژ دوای هێرشە تیرۆریستیەکان، بانگەواز لەلایەن تۆندڕەوەکانی ئیدارەی ئەمریکییەوە (دالّەکان) هاتە ئاراوە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق بۆ گۆڕینی ڕژێم لە بەغدا. سەربازییەکان لە وەزارەتی بەرگری کەوتنە پرسیارکردن دەربارەی هۆکاری داواکردنی ئەم کارە لەلایەنی تۆندڕەوەکانەوە، مادام لێکۆڵینەوەکان پەیوەندیی عێراقیان بەهێرشەکانەوە نە سەلماندووە، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. بە مەبەستی بڕەودان بە جەنگەکەش دالّەکان (کە هاوپەیمانێتییەکی پێکهێنراو بوو لە کۆمەڵێک لە پشتیوانانی زایۆنی و ڕاستڕەوی مەسیحی تۆندڕەو)، کە پێگەکانی بڕیاردانیان لە ئیدارەکەی بۆشدا گرتبوو، کەوتنە گەڕان بەدوای هەر بیانوویەکدا بۆ بوونی پەیوەندیی عێراق بە قاعیدەوە.

کاتێک ئەمریکییەکان دەیانبینی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەبەر چاویاندا دادەڕمێت بەهۆی هێرشەکانی قاعیدەوە، هەستکردن بە ترس و لاوازی لە ناوەندەکانی ئیدارەی ئەمریکیدا زاڵ بوون، لەبەر ئەوە بیرکردنەوەی دەزگا هەواڵگرییەکان ڕووی کردە سێ ئاراستە، یەکەم: سروشتی کاردانەوەی ئەمریکی چییە بۆ ئەوەی قاعیدە ناوی نابوو (داگیرکردنی مانهاتن)؟ دووەم: دەشێت قاعیدە لە هێرشەکانی دواتریدا چی بکات؟ سێیەم: کامانەن ئەو ڕێکارانەی پێویستە لەلایەن ئیدارەی ئەمریکییەوە بگیرێنەبەر بۆ پەکخستن یان شکستپێهێنانی هێرشی

دواتر؟ هەوالگریی مەرکەزی بیروباوەڕی بیرکردنەوەی واقعی باوی تێپەڕاند بوو بەرەو چوونەناو خەیاڵی ئوسامە بن لادنەوە، ڕاپۆرتە هەوالگرییەکان لە واقیعیەتەوە بۆ ئەو ناوەڕۆکە خەیاڵییە وەرچەرخان کە ئەگەری هەیە دوژمن ئەنجامی بدات.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای هێرشەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هەشت لە بەرپرسانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئامادەی بوون، (پۆل وولفوتیز) جەختی کردەوە لەسەر مەسەلەی خستنەناوەوەی عێراق بۆ ناو سنووری کاردانەوەی ئەمریکی، دوای ئەوەش کە سەرۆک بۆش گوێی لە بۆچوونەکەی گرت، داوای لە ئامادەبووان کرد دەنگی لەسەر بدەن، چواریان بەرامبەر سێ دەنگ ناکۆک بوون، ئەو سێ دەنگانەی داوای هێرشکردنەسەر عێراقیان کرد، وەزیری بەرگری ڕامسفیلد دەنگی نەدا، جۆرج تینتی بەڕێوەبەری هەوالگریی مەرکەزی و کۆلن پاولی وەزیری دەرەوە لە ناکۆکەکان بوون، سەرۆک بۆشیش هیچ ڕایەکی دەرنەبڕی.

هەوڵە عێراقییە دیبلۆماسی و سیاسیی و میدیایی و هەوالگرییە فراوانەکان دیواری سزاکانیان دەخوارد، دەنگە نێودەوڵەتیەکانیش دەستیان بە بەرزبوونەوە کرد لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، کە خەریک بوو جیهان خۆڕاگری لە دەست بدات بەرامبەر ئەنجامدانی فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر جیهان بۆ بەردەوامیدان بە تەوژمی فشارەکان. لە ناو جەرگەی مشتومڕەکانی ئیدارەی ئەمریکیدا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆلن پاول، داوای سزای زیرەکانە و جەختکردنە سەر قەدەغەکردنی کڕینی ئەو کەرەستانە لەسەر عێراق کە پەیوەندییان بە مەبەستی سەربازییەوە هەیە. لایەنە توندڕەوەکە

پێی وابوو لەمەدا هەلی دەستخستنی سامانی زیاتری بەدی دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی لەکاتێکی کورتدا.

لە ساڵی ١٩٩١وە سی ئای ئەی پلانی بۆ کردنە ئامانجی (سەدام حسێن) دادەنا لە میانی کارێکی نهێنییەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢شدا گەیشتنە قەناعەتی تەواو سەبارەت بەوەی ڕژێم لە بەغدا بە چەندین شورای دەزگای بەهێزی هەواڵگریی دەوردراوە و هەرگیز مومکین نییە سەدام حسێن بە کارێکی نهینی لابببرێت.

ئیدارەی ئەمریکی سەرزەنشتی دەزگا هەواڵگرییە زەبەلاحەکانی خۆی دەکرد کە وەک پێویست ڕێگرییان لە هێرشەکانی سێپتەمبەر نەکردووە، کەوتبووە دۆخێکی دەروونییەوە کە ترس و تۆقینی هەبوو لە شکست لە ڕێگرتن لە هێرشێکی دیکە کە چاوەڕوان نەکرابێت، هێرشی داهاتووش چەکە کۆکوژە عێراقییەکان دەبێت بە تایبەتیش کە سزاکان داخوران و پوکانەوە، پاشان کەوتنە بیرکردنەوە، لەوەی پێویستە لە سەریان ڕۆژێک لە ڕۆژان ناچاری بەکارهێنانی چەکێکی ناوکی نەبن بۆ لێدانی بەغدا گەر هاتوو سەدام حسێن هێرشێکی کیمیایی یان بایۆلۆژی کردە سەر ئەمریکا. ئەم بیرکردنەوەیە بەرەو سیاقی گەڕان بەدوای بیانووەکانی لەناوبردنی سەدام حسێنی برد بەر لەوەیی لەناویان بەرێت.

کۆبوونەوەی هەفتانەی پسپۆڕان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی دەستی پێکرد کە بەڕێوەبەری پلانسازی سیاسەتەکانی (ڕێچارد هاس و پۆڵ وولفوتیز)ی تونددڕەو، کە ئەوانەی کۆببوونەوە لە پاڵنەرەکانی شەڕیان تێپەڕاند، بۆچوونی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و هەواڵگریی مەرکەزی پێداگرییان لەسەر پێویستی گەڕان بەدوای بیانووی دیکەدا دەکرد جگەلە تۆمەتی تیرۆر، ئەگەر هاتوو ئەمریکا ویستی شەڕ دژی عێراق هەڵگیرسێنێت چونکە عێراق پەیوەندیی بە

تیرۆرەوە نییە. وا دەرکەوت کە بڕیاری جەنگ بوو بە یەکلاکراوە، مشتومڕ لە بارەی دوای جەنگەوە بەڕێوەدەچوو لە رێکارەکانی گۆڕینی دراوی عێراقی و بابەتی دیکەی پەیوەست بە گۆڕینی سیستەمی دەوڵەتەوە بە گشتیی نەک تەنیا ڕژێمەکەی سەدام حسێن. توندڕەوەکان ڕێگەیان بە ئامادەکردنی هیچ ڕاپۆرتێک لە بارەی سەرنجامە نەرێنیەکانی بڕیاری جەنگەوە نەدەدا. لە تەموزی ٢٠٠٢دا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، (کۆندالیزا ڕایس)، ڕاشکاوانە گوتی؛ بڕیاری جەنگ دراوە، ئەگەر عێراق ملکەچی هەموو داواکانمان نەبێت ئێمە بە مسۆگەری بەرەو جەنگ بەڕێ دەکەوین.

لێرەدا ڕووداوەکان دەست بە ئامادەبوونیان کرا بە گوێرەی پێویستی سیاسەتی ئەمریکی، قەناعەتەکە گۆڕدرا بۆ ئەوەی چەکی وێرانکاری گشتگیر و تۆمەتی تیرۆر بنەمای ڕۆیشتن نین بۆ داگیرکردنی عێراق، بەڵکو بە ئامانجی گۆڕینی سیاسەتە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ گرەنتی گەیشتنی بە سیستەمی دیموکراسی، کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نەکەن لە ناوچەکە، وەرچەرخانی دیموکراسیانەش هەر دەبێت بەگۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا دەست پێ بکات.

لە ئەیلولی ٢٠٠٢دا ئایدیاکانی دۆگلاس فیت گەیشتنە ئەوەی (عێراق هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ پێکدەهێنێت بۆ سەر ئاسایشێ نەتەوەیی ئەمریکی، کاری سەربازییش پشت بە بەرگریکردن لە خود دەبەستێت، مەسەلەی سەلماندنی پەیوەندیی عێراقیش بە تیرۆرەوە بە مەسەلەیەکی جەوهەری دانانرێت)، گوتیشی:(بەڕوانین بۆ میژووی عێراق لە فرتوفێڵ و چەواشەکاریدا، پێویستیان بە

سەلماندنی بەڵگە نییە بۆ هەڕەشەی گریمانکراو کە ڕژێمی سەدام حسێن بۆ سەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستی دەکات).

لە نـــاو جەگەری ئەم تەوژمە زۆرەی هانـــدان بەرەو داگیرکردنـــی عێـــراق، (سکۆکرۆفت)، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوتر، وتارێکی لە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت)دا نووسی بە ناونیشانی (هێڕش مەکەنە سەر سەدام)، بیرۆکەکەی ئەو بەو جۆرە بوو کە هێڕشکردنە سەر عێراق گرنگیپێدانی ئەمریکا بە جەنگ لەسەر تیرۆر لادەبات، ئەو وتارە مشتومڕێکی زۆری دروستکرد لەنێوان پایەکانی ئیدارەی ئەمریکیدا، ئیدارەکەی بۆش بەڵێنیدا بە بایەخەوە گوێ بۆ بۆچوونی سەرجەم لایەنەکان ڕادێرێت. بە ئامانجی گەڕاندنەوەی تەوژمی میدیایی کە دوای وتـارەکەی سـکوکرۆفت وەسـتابوو، دیـک چینـی جێگـری سـەرۆک لە بەردەم جەنگاوەرە کۆنەکاندا گوتی، هیچ گومانێکی تێدا نییە کە سەدام حسێن چەکی لەنـاوبردنی بەکـۆمەڵ (بـایۆلۆژی و کیمیـایی) هەیە و ئامـادەی دەکـات بـۆ هێڕشکردنە سەرمان. هەروەها ئێمە باوەڕمان بەوەش هەیە کە سەدام بەم زوانە چەکی نـاوەکیش دەسـتدەخات. ئەو گوتـارە دوای قەنـاعەتی تەواو لای ئەوانە بە ڕقلێبـوونی زۆری سـەدام حسێن لە سیاسـەتە بەدوایەکەکـانی ئیدارەی ئەمریکی پیشیتوانی ئیسرائیل هات، هەروەها ئەو زانیاریی و نهێنیانەش پشتیوانیان کردن کە (فەریق حسێن کامیل)، زاوای سەرۆک سەدام کەشفی کردن دوای هەڵهاتنی بۆ ئەردەن ساڵی ١٩٩٥.

لە کۆبوونەوەکـانی کۆشـکی سـپی لەسـەر ئاسـتی پسـپۆڕەکان، دوگـلاس فیـت هەوڵیـدا زیـادەڕۆیی بکـات لە هەڵسـەنگاندنی زانیـاریـیە هەواڵگرییەکـان و بردنـی دەرەنجامەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی سیاسـەتدا، کە نوێنەرانی سی ئای ئەی

هاندا بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی چەکی کۆمەڵکوژ وەک بیانوویەک بۆ شەڕ بەکارنەهێنن، لەبەرئەوەی کۆریای باکوور پێیش عێراق دەکەون لە سەرجەم لایەنەکانی وێرانکاری گشتگیر، هەروەها ئەگەر تیرۆرمان وەک بیانوو وەرگرت ئەوا دەکرێت بەڵگە پێشکەش بکرێت لەسەر پەیوەندیی ئێران بە تیرۆرەوە بە شێوەیەکی زۆر بەهێز لەو بەڵگە و بیانوانەی دەکرێت ئاڕاستەی عێراق بکرێن.

کاتێک سەرۆک بۆش لە ئەیلولی ٢٠٠٢دا ویستی دەسەڵات لە کۆنگرسەوە دەستبخات بۆ ئەنجامدانی شەڕ، لیژنەی هەواڵگریی لە ئەنجوومەنی پیران لە سی ئای ئەی، داوای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵوێستی هەواڵگریی بکات کە قسە لەگەڵ ڕای گشتییدا بکات لە بارەی دۆخی بەرنامەی عێراق بۆ پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژ، دۆخی هێزی سەربازی عێراق و ئاسەزووی بۆ شەڕکردن و ئامادەییەکانی و ئەو سەرەنجامانەی هێڕشکردنە سەر عێراق بەجێیدەهێڵێت، کاردانەوەی چاوەڕوانکراو لە سەدام حسێنەوە بۆ ئەو هەڵمەتە سەربازییە.

ڕاپۆرتەکە سەرپێچییەکانی عێراقی بەرامبەر سزاکان خستەڕوو لەگەڵ هەوڵدانی بۆ کڕینی شەست هەزار بۆری ئەلەمنیۆمی زۆر بەهێز کە بۆ مەبەستی پیشەسازی ئۆتۆمبیلی ێشبڕکێ لە لوبنانەوە هاوردەکرابوون، بەڵام ئاڕاستەی کۆتاییەکەی عێراق بوو، ئەگەری بەکارهێنانی هەبوو بۆ دروستکردنی ئامێری کردنە دەرەوەی مەرکەزی (اجهزة طرد مرکزي)، سەرەڕای نەبوونی کۆدەنگییەکی هونەریش لەسەر بەکارهێنانی دولایەنانەی ئەم بۆرییانە، بەڵام دەزگای هەواڵگریی بە یەکێک لە بەڵگەکانی بەردەوامبوونی هەوڵی عێراقی دانا بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم.

لە هەموو چاوپێداخشانەکانی ڕاپۆرتەکانی بەرنامەی ئەتۆمی عێراقی، دەزگای هەواڵگریی خەملاندنە هەڵەکانی خۆی بەهەند گرتبوو کە پێشتر و لە کۆتایی

هەشتاکاندا و بەر لە داگیرکردنی عێراق کەوتبووە ناوبەوە، کە ئەنجامگیریکردنی ئەوەی کە عێراق توانای پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمی نییە، بەڵام دواتر کەشفیان کرد کە عێراق تەنیا لە دووری چەند مانگێکەوەیە لە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ هەوڵدانی عێراق بۆ هاوردەکردنی خڵتەی یۆرانیۆم لە نێجیر کرد، لەکاتێکدا عێراق ٥٥٠ تۆنی هەبوو کە بڕێکی بەسە بۆ دروستکردنی ١٠٠ بۆمبی ئەتۆمی، بەڵام مادەکە لەژێر کۆنترۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

سەرجەم دەزگا هەواڵگرییە نەتەوەییەکان ساڵی ٢٠٠٢ لەو بڕوایەدا بوون کە عێراق بەرنامە ئەتۆمیەکەی دەست پێ دەکاتەوە جگەلە ئۆفیسی هەواڵگریی لە وزارەتی دەرەوە کە ناکۆک بوو و پێی وابوو هەوڵەکانی عێراق سنووردارن و شایانی ئەوە نین بەهەند بگیرێن. هەروەها ڕاپۆرتەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە (سەرەڕای ئارەزووی سەرەڕۆیانەی سەدام حسێن لە دەستخستنی چەکی کۆمەڵکوژ، بەڵام عێراق نییەتی، بەڵام ئەگەر مادەی دووکەرتبوو لە هەر شوێنێکی دیکە دەستبخات ئەوا پیشەسازی بۆمبی ئەتۆمی لە ماوەی ساڵێکدا سەخت نییە).

لە ڕوانگەی ئەوەوە کە دەزگاکانی هەواڵگریی جیهان توانای گەیشتن بەو بەرنامانەی عێراقی نییە کە تایبەتن بە چەکی کۆکوژەوە، سی ئای ئەی، دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەمکەکانی خەملاندن و هەڵسەنگاندن و بیروباوەڕی چوونەناو نیازەکانەوە، کە ئەحکامی شیکارانەن و پشت بە زانیاریی بەهێز نابەستن، ئەم سەر لێشێوانە بەڵگەیە لەسەر نەبوونی مەعریفەی تەواو بە حەقیقەتی بەرنامە ئەتۆمییەکانی عێراق لەلایەن وەزارەتی بەرگری (پێنتاگۆن) و هەواڵگریی مەرکەزییەوە.

شکستهینانی هەواڵگریی ئەمریکی لە شکاندنی دیواری ئاسنین بۆ گەیشتن بە زانیاریی ورد دەربارەی لایەنەکانی بەرنامەکانی عێراق لە بارەی چەکی کۆکوژی وێرانکارەوە، بەهۆی توانای عێراق لە چەواشەکردن و هێزە دەزگا ئەمنیەکانییەوە بووە مایەی شکستێکی دیکە، کە بیر و باوەڕەکان گەیشتنە ئەوەی سەدام حسێن دەتوانێت دووبارە فریویان بدات و تووشی سوپرایزیان بکات لە کارێکدا کە توانای ئامادەبوونیان نییە بۆی.

بەرامبەر ئەم قەیرانە و سەرلێشێوان لە شیکارییەکاندا کە تووشی دامەزراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی بوون، کەوتنە پێشوازیکردن لە هەموو زانیارییەک سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت، وەک ئەوەی لەگەڵ ڕافد جەنابی(تۆپە چەماوەکە)، ئەندازیارە کیمیاییەکە ڕوویدا کە پەنای بۆ ئەڵمانیا برد. هەروەها ئەو پسپۆڕە ناوکیەی ناوی (خزڕ عەبدولعەباس حەمزە) بوو لەگەڵ ئەفسەری ناوبراو بە (ئەلعساف)، کە پەیوەست بوو بە (ئەحمەد چەلەبیەوە)، فەرماندەی هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکانی یارمەتیدانی ئیدارەی ئەمریکی، لە هەوڵی خێرایدا بۆ گەڕان بە دوای بیانووەکاندا. هەروەها سەرچاوە (هەستیار)ەکەیان کە پێیان وابوو لە فەرمانگەی ناوخۆی نزیک لە سەدام حسێنە لە عێراق هەواڵگی دانانی پلانێکی پێدان بۆ چەواشەکردنی پشکنەرەکان بۆ گرەنتی کەشفنەکردنی کارە یاساغەکە، کە جەختکردنەوە بوو لەسەر بوونی چەکی کیمیایی لای عێراق، درۆزنیش بوو لەو بانگەشەیەدا.

ڕاپۆرتە شیکارییە هەواڵگرییەکان بەم بڕە لە نزمی و دەستەوەستانی وازیان نەهێنا، بەڵکو بۆ ئەو باوەڕە چوون کە گەر هاتوو عێراق تووشی هێرشێکی ئەمریکی بوو، سەدام حسێن هەستی بە مەترسی کرد، ئەوا پشت بە شێوازەکانی

کاری تیرۆرستی دەبەستێت، وەک دواهەمین هەلی تۆڵەسەندنەوەش بڕیاری هاوکاریکردن لەگەڵ تیرۆریستە ئیسلامییەکان دەدات بۆ هێرشکردنە سەر ئەمریکا بە چەکی کۆکوژی کاولکار. ئەوەی لەم سەر لێشێوانەدا سەیرە ئەوەیە؛ هەندێک دەڵێن عێراق چەکی کۆکوژی نییە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕبوون بە بوونی و ئەگەری بەکارهێنانیشی. درۆیان لەگەڵ ڕای گشتیی ئەمریکیدا دەکرد لەبەرئەوەی ئەگەر بە دڵنیاییەوە بەوەیان بزانیبایە کە عێراق خاوەنی چەکی کۆکوژە، هێرشیان نەدەکردە سەر عێراق.

لە نێوان ئەو کەیسانەدا کە ڕاپۆرتەکە خستونیەتەڕوو، پەیوەندییان بە چەکی کۆمەڵکوژەوە نییە، بەو بابەتە یاساغانەیان داناوە کە عێراق ڕێگەی پێ نادرێت ببێتە خاوەنی، بریتییە لە بوونی بەڵگە لەسەر بەرنامەی عێراق بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان.

سەبارەت بە پەیوەندیی عێراق بە قاعیدەوە ڕاپۆرتەکە زانیاریی ساختەی خستەڕوو سەبارەت بە بەراوردکارییەک کە لەسەر ئەو گریمانە بنیادنرابێت کە لەسەر بوونی پەیوندیی گوماناوی وەستاوە لەنێوان عێراق و قاعیدەدا، ئەگەری ئەوە هەیە هەڵگری مەترسی گەورە بێت بۆ سەر ئاسایسی نەتەوەیی ئەمریکی و بریتین لە:

یەکەم: پەیوەندیی لەگەڵ ئوسامە بن لادن:

لە ساڵی ١٩٩٢دا بن لادن لە سودان بوو، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی عێراق بۆ هەڵتەکاندنی ڕژێمی دەسەڵات لە سعوودیەدا، هاوکاری و هەماهەنگیمان خستە بەردەم بن لادن بۆ گرتنەبەری ڕێکارگەلێک کە ببنە مایەی دەرکردنی هێزە

ئەمریکییەکانی خاکی سعوودیە، ئیخوان موسلمینی سوری، بالّی عەدنان عەقلە. بوون بە نێوەندگیر لەو هەولّەدا، نێوەندگیریەکەیان نەبووە مایەی هیچ شتێک لەو ڕوانگەیەوە کە نێوەندەکە پێی ڕاگەیاندین کە ئوسامە بن لادن پێی وایە عێراق بۆ خۆی بەرپرسە لە هێنانی هێزە ئەمریکییەکان بۆ ناوچەکە بەهۆی داگیرکردنی کوێتەوە، ڕژێمی بەعسی بەغداش کافرە و ناکرێت بگەن بە یەکتر. سەرەڕای هەولّی دیکە کە تا سالّی ١٩٩٥ بەردەوام بوون لەڕێگەی حەسەن تورابی سەرکردەی ئاینی سودانی، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی سودانی کە هەڵگری فیکری ئیخوان موسلمینە، هەولّەکانمان سەرکەوتوو نەبوون لە گۆڕینی هەڵوێستی بن لادندا بەرامبەر عێراق. ئەو پەیوەندیانە ئاشکرا بوون لای هەوالّگریی ئەمریکی، بەڵام بە ئەنقەست ئاگاداربوونی خۆیان بە ئەنجامەکان شاردەوە، کاتێکیش بۆش پاساوەکانی جەنگی باسکرد، بەو وتەیە وازی هێنا کە سەدام حسێن ئەفسەرێکی گەورەی هەوالّگری، مەبەست پێی (فاروق حیجازییە)، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەکی ناردووە بۆ لای ئوسامە بن لادن، بەڵام ئەنجامەکانی ئەو پەیوەندیانە لەلایەن بۆشەوە باس نەکران، بەڵکو تەنیا باسی یەک لایەن لە حەقیقەتەکەی کرد بە ئامانجی فرت و فێڵ و چەواشەکاری ڕای گشتیی ئەمریکی و جیهانیش.

دووەم: کەیسەکەی محەمەد عەتا:

عەتا فەرماندەی ئەو فڕۆکەیە بوو کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر هێرشی کردە سەر بورجی باکووری سەنتەری بازرگانی جیهانی، ماوەیەکی کەم دوای هێرشەکان ڕۆژنامەگەری ئەمریکی هەوالّی دلّخۆشکەری دەربارەی سەرچاوەگەلێک لە ئیدارەی ئەمریکییەوە بڵاوکردەوە کە باس لە بوونی پەیوەندیی

هەواڵگریی عێراقی لەگەڵ مەحەمەد عەتا دەکات (کە بە ڕەگەزنامە میسرییە). ڕاپۆرتەکان گوتیان بەڕێوەبەری وێستگەی عێراقی لە پڕاگ، ئەحمەد ئەلعانی - ناوی خوازراوی ئیبراهیم ئەلعانی ئەفسەری هەواڵگرییە)، پەیوەندیی بە مەحەمەد عەتای تیرۆریستەوە کردووە لە یەکێک لە ئۆتیلەکانی گەڕەکەکانی پڕاگ شەش مانگ پێش ڕووداتی هێرشەکان، ناوی ئۆتێلەکەیان هێنا پاشان میدیای ئەمریکی و سەنتەری توێژینەوەکان کەوتنە دەستکردن بە تۆمەت دەربارەی پەیوەندیی عێراق بە هێرشەکانەوە.

لە ڕوانگەی مەترسی هەڵوێستەکەوە، داوای ڕوونکردنەوەی لە لقی ئەوروپای خۆرهەڵات کرد سەبارەت بە حەقیقەتی ئەو تۆمەتانەی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی هیچ زانیارییەکی لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان (عانی) و (مەحەمەد عەتا) نییە، هەروەها لقی تایبەتمەند ئەوە نازانێت کە لایەنێکی دیکە لە دەزگاکەدا هەبێت کە ئەمجۆرە ئەرکەی بە وێستگەکە سپاردبێت.

ڕەزامەندی لە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگرییەوە، (فەریق تاهیر حەبووش) وەرگیرا سەبارەت بە بانگکردنی (ئەبراهیم عانی) لە پڕاگەوە، پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ زانینی حەقیقەتی بابەتەکە. سەرۆکایەتی کۆمار داوای زانیاریی لە دەزگا کرد بۆ ئەو دەنگۆیانە، بابەتەکەی خۆمان یەکلایی نەکردەوە سەبارەت بە بڕوابوون بە ڕووداتی پەیوەندیی لەگەڵ عەتادا بەر لەوەی ئاگاداری وردەکاری چالاکییەکانی (عانی)بین لەو ماوەیەدا، ڕووانی هەڵەیەکی بێمەبەستیشمان لەو وێستگەکەوە بەهەند گرتبوو، یان ئەوەی کە ئیبراهیم عانی گەیشتووە بە محمد عەتا لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە بەبێ ئاگەداربوونی لە شوناسەکەی.

عـانی، بـۆ بەغـدا بـانگکرا و مـن سـەرۆکی لیـژنەی لێکـۆڵینەوەکە بـووم، بە وردی داوای ڕوونکـردنەوەی جموجـۆڵ و پەیوەنـدیەکانم لەو مـاوەیەدا کـرد کە تێیـدا ئاماژەیان بۆ کۆبوونەوەی بانگەشـەکراو کردووە، ڕوونیش بـووەوە کە عـانی لەو ئـۆتێلە بـووە لە پـڕاگ بـۆ لێکـۆڵینەوە لە دیـدارێک لەگەڵ ئەندامێکـدا بە ڕێنمـایی مەرکەز، سـەرنجی جموجـۆڵی ناسروشتیشـی لە ئـۆتێلەکەدا داوە، نزیـک بـووە لە ئەنـدامەکە لە لـۆبی ئـۆتێلەکە، بەڵام هـیچ زانیـارییەکی لەگەڵـدا نەگۆڕیـوەتەوە، هەروەهـا عـانی پێـداگری کـردۆتەوە لەسـەر ئەوەی سـەرجەم جموجـۆڵ و دیـدارەکانی لە یـادە، ئەوەی ڕەتکـردەوە کە هـیچ هەڵەیەک لەلایەن وێسـتگەکەوە ڕووی دابێت.

ئۆفیسـی لێکـۆڵینەوەی فیدراڵی جەختی کردەوە لەسـەر ئەوەی مەحەمەد عەتا لە نیسـانی ٢٠٠١دا لە فلۆریـدا بـووە، هـیچ بەڵگەیەکیـان نەدۆزیـوەتەوە لەسـەر بەجێهێشتنی ویـلایەتە یەکگرتووەکان لەلایەن ئەوەوە. بەڵام هەواڵگریـی مەرکەزی و وەزارەتی بەرگری باوەڕیان بەوە نەکرد. کەیسەکەی مەحەمەد عەتا یەکێک بوو لەو کەیسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە لەگەڵماندا کرد لە زیندانی کروبەری ئەمریکیـدا لە مـانگی مایسـی ٢٠٠٣، بەو ئەنجـامەی کە لێکۆڵینەوەکانمـان پێـی گەیشتن لێدوانمان دا، بەڵام بە هیچ جۆرێک متمانەیان بە شایتیەکەمان نەکرد!

لە ٥/ی تەمـووزی ٢٠٠٣دا، هێـزە ئەمریکییەکـان (ئیبـراهیم ئەلعـانی) یـان دەستگیرکرد و خستیانە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلیکی هەمەڕەوە، لەسـەر پشت و بە دەست و قاچ کەلەپچەکراوی، بۆ نەگبەتیش ئەکسۆزی ئۆتۆمبیلەکەش کوون بوو، کە بواری بە گەرمایی بزوێنەرەکە دەدا دزە بکاتە ژێر سندوقی ئۆتۆمبیلەکەوە و دەست و قاچ و شانی عانی سوتاند، ماوەی ١٥ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی سەربازی

ئەمریکیدا مایەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەشەکی چاک ببێتەوە بەر لەوەی بۆ زیندانی کروبەری بەرن.

لە گرتوخانەکەدا بە عانی گەیشتم و داوای ڕوونکردنەوەم لێکرد سەبارەت بەوەی هیچ زانیارییەکی لەلایە دەربارەی مەحەمەد عەتا کە پێی ڕانەگەیاندبین. وەڵامی دایەوە بەوەی کە ئاگای لە هیچ شتێکی دیکە نییە زیاتر لەوەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆی باسکردوین.

ئەمریکییەکان بە هەموو ئەوانە باوەڕیان نەکرد و لەسەر بڕوای خۆیان مانەوە سەبارەت بەوەی ئەو کەسەی عانی بینیویەتی مەحەمەد عەتا بووە، ئەو باوەڕە تا ساڵی ٢٠٠٦ی خایاند، کە بەڕێوەبەری هەواڵگریی مەرکەزی، جۆرج تنیت، لە کتێبەکەیدا (لە هەناوی گەردەلوودا)، لە لاپەڕە ٣٨٦دا ئاماژە بەمە دەدات:(زانیم کە هەندێک زانیاریی نوێی هەواڵگریی لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەستخران، کە بەشێوەیەکی گومانهەڵنەگر سەلماندیان کە ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەندامێکی دەزگای هەواڵگریی عێراقیدا لە پراگ ساڵی ٢٠٠١ بینراوە و کۆبوونەوەی لەگەڵدا کراوە مەحەمەد عەتا نەبووە..).

سێیەم: ئەبو موسعەبی زەرقاوی:

لە چوارچێوەی هەوڵی ئیدارەکەی بۆشدا بۆ هەڵبەستی تۆمەت دژی هەواڵگریی عێراقی، دانانی گۆڕەپانی عێراقی بە پەناگەیەکی ئەمین بۆ تیرۆریستان، هەواڵگریی ئەمریکی هەستا بە دزەپێکردنی هەواڵ لە بارەی ئامادەبوونی زەرقاوی تیرۆریست لە عێراق، هەڵمەتی میدیایی ئەمریکی کەوتە باسکردنی بابەتەکە بە

لەپێشینەییەوە بۆ کاریگەریکردنە سەر ڕای گشتیی ئەمریکی، کە ئامادەکراوە دژی هەر پەیوەندییەکی عێراق یان غەیری ئەو لەگەڵ تیرۆردا هەرچەندە سادەش بێت.

دەبوایە لقی ئەمریکا دڵنیابێت لە حەقیقەتی هەڵوێستەکە، سەبارەت بەوەی ئاخۆ زەرقاوی بەڕاستی لە عێراق بووە یان ئەو دزەپێکردنانە چنراوی خەیاڵن یان سەرچاوەگەلێکی مەبەستداری ئۆپۆزسیۆن ئامانجیان وروژاندنی ڕای گشتیی ئەمریکییە لەپشت ئەوەوە، لەکاتێکدا زەرقاوی لەو کاتەدا لەسەر ئاستی میدیا نەناسراوبوو، لەلایەن دەزگا هەواڵگرییە نێودەوڵەتەکانیشەوە هەروا.

زەرقاوی ئەحمەد فوزەیل خەلایل، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی شاری زەرقای شانشینی ئەردەنی هاشمییە. ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندیی کردووە بە ڕێکخراو جیهادییە/تیرۆریستیەکانەوە، دوای ئەوەی پەیوەندیی بە موجاهیدان/ جەنگاوەرانی عەرەب لە ئەفغانستان کردووە، چووەتە ناو سەربازگەکانی ڕاهێنانی سەر بە قاعیدەوە و ئوسامە بن لادنی بینیوە و بە سەرکردەکانی دیکەی قاعیدە ئاشنابووە. دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان زەرقاوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەردەن، لە ساڵی ١٩٩٦ دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنی توندڕەوەوە بە ناوی (جند الامام)، کە هەواڵگریی ئەردەنی تەقەمەنی و چەکیان لە ماڵەکەیدا دۆزیوەتەوە، بڕیاری ١٦ ساڵ زیندانیکردنی بە سەردا دراوە. دوای ئەوە لێبوردنی گشتیی شا عەبدوڵڵای دووەم بە بۆنەی چوونە سەر کورسی پادشایەتی ساڵی ١٩٩٩ دەریکرد، زیندانی بەجێهێشت.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا زەرقاوی جارێکی دیکە ڕۆشت بۆ ئەفغانستان و هەتا ڕاماڵینی خاکی ئەفغانی لەلایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە لەوێدا مایەوە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ یشدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە چەکداری قاعیدە ئاڕاستەی باکوری عێراقی

گرتەبەر لە ڕێگەی خاکی ئێرانەوە و بە ئاگەداری دەسەڵاتی ئێرانیش. لەگەڵ بزوتنەوەی (أنصار الإسلام)ی کوردیدا هاوپەیمانێتی ئەنجامدا، کە کۆمەڵێک چەکداری کورد بوون و وەک ڕێکخراوی تیرۆریستی پۆلێن کران. لەو کاتەدا هەواڵگریی ئەردەنی ئاگەداری کردین کە زەرقاوی لەناو عێراقدایە لە ماڵێکدا دەکەوێتە ناوچەی بەتاوینەوە، باسی ئەوەشی کرد لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەغدادا چارەسەر دەکرێت کە لە باکوری عێراقدا پێکراوە. ڕۆژنامە ئەمریکیەکان ئاماژەیان بۆ بوونی کرد لە عێراقدا بە ئاگاداری هەواڵگریی عێراقی، لە ڕاستیشدا بوونی زەرقاوی لە عێراقدا بە ئاگاداری هەواڵگریی ئێرانی و ڕێنماییکردنی ئەو بوو نەوەک ئاگاداری ئێمە.

بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی ئەوەی خستبووە حساباتی خۆیەوە کە زەرقاوی دەبێت لە ماڵێکی ئەردەنی یان فەلەستینیدا بێت، لەبەرئەوە پشکنینەکانی خۆی ئەنجامدا بە پشتبەستن بە زانیاریی هەواڵگریی ئێرانی، گەیشتە دیاریکردنی ناونیشانی کەسێکی ئەردەنی بە بنەچە فەلەستینی کە وەک بازرگان کاردەکات لە شوێنێکی نزیک لە شەقامی (النضال) لە ناوچەی بەتاوین نشتەجێیە. بانگکراو گوتی زەرقاوی شەوێک لە ماڵەکەیدا ماوەتەوە، پەیوەندیشی بە زەرقاوییەوە لە ڕێگەی پەیوەندیی خزمایەتی ژنەوە بووە. فەلەستینیەکە باسی ئەوەی نەکرد کە زەرقاوی نەخۆش یان بریندار بووبێت، ئەوەی دەیزانی ئەوە بوو کە زەرقاوی هاوڕێی لە باکووردا هەن و ڕۆیشتووە بۆ سەردانیکردنیان و ئەمانەتێکی لەلا بەجێهێشتووە (زەرفێکی داپۆشراو) کە نازانێت چی تێدایە، بەو هیوایەی بگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی یان کەسێک ڕاسپێرێت بۆی یاخود داوا لە یەکێک بکات بۆ گەیاندنی بە کەسێکی تر، دەرکەوت کە ئەوەی لە زەرفەکەدایە (ژمارەیەک سی دی کۆمپیوتەرە) و زانیاریی دەربارەی ناوی ئەندامانی ڕێکخستن لە موسڵ تێدایە.

هیوا وابوو زەرقاوی بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیکردن بەو فەلەستینیەی لە بەتاوین دادەنشێت بۆ جارێکی دیکە، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا و کەسیشی نەنارد بۆ لای دوای ماوەیەک ئەو زانیارییانەی زەرقاوی لە مالّی هاوڕێکەیدا بەجێیهێشتبوو، ڕێنمایی کردین بۆ دەستگیرکردنی کۆمەڵەکەی موسڵ، دەرکەوت کە پەیوەندیان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەیە، لە پەیوەندیشدان لەگەڵ کۆمەڵێکی ڕێکخستن لە هەردوو ناوچەی بیارە و تەوێلّە کە زەرقاوی بۆیان چووە، کەوتوونەتە سەر سنوری عێراق ئێران لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجە. کردوویەتی بە سەرچاوەی دەستپێکردنی دامەزراندنی بنکەی جیهاد و ئەنجومەنی ڕاوێژی موجاهیدان بۆ بەرەنگاریکردنی داگیرکاری ئەمریکی بە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆ لە هەواڵگریی ئێرانییەوە، کە دواتر دیالەی نزیک لە ئێرانی کردە شوێنێکی ئەمین بۆ گرەنتی بەردەوامیی وەرگرتنی پشتیوانی لێیەوە، لەوێشدا مایەوە هەتا بە هێرشێکی ئەمریکی کوژرا لە حەوتی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٦.

سەبارەت بەو ڕێکارانەش لە دژی هاوڕێکەی زەرقاوی گیرانە بەر، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەدواداچوونەدا دەرکەوت کە هیچ شتێک دەربارەی پەیوەندییەکانی نازانێت. ڕاوبۆچوون لەسەر ئەوە بوو کە بکرێتە ئەندام و ڕێککەوتنیشی لەگەڵدا کرا بەگوێرەی جفرەیەکی تایبەت بۆ پەیوەندیکردن بە هەواڵگرییەوە لەکاتی گەڕانەوەی زەرقاویدا بۆ لای یان پەیوەندیکردن پێوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا.

چوارەم: ڕاهێنانی تیرۆریستان:

ئەم تۆمەتە ئاماژەیە بە بوونی سەربازگەی ڕاهێنانی فەلەستینیەکانی سەر بەو ڕێکخراوە فەلەستینیانەی ئەمریکا بە بزوتنەوەی تیرۆریستیان دادەنێت، هەروەها سەربازگەکانی موجاهیدینی خەلق و ئیخوان موسلمینی سوریایی.

پێنجەم: پشتگیریکردنی تیرۆر لە ڕووی ماددییەوە:

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە پشتیوانی ماددیش کردبوو کە عێراق پێشکەشی ڕاپەڕینی فەلەستینی دەکات کە لە پشتگیریکردنی خانەوادەی خۆکوژە فەلەستینیەکان و بریندارەکاندا خۆی دەنوێنێت، ئەوەیان بە پشتگیرییەکی دارایی بۆ فەلەستینیەکان دانا (بۆ تیرۆریستە فەلەستینیەکان).

شەشەم: بوونی سەرکردەی تیرۆریستی لە عێراقدا:

مەبەست پێیان هەندێک لە سەرکردەی دیاری فەلەستینین وەک ئەبو نیزاڵ کە پێشتر چیرۆکەکەیمان باسکرد.

حەوتەم: تیرۆریست عەبدولڕەحمان یاسین:

ڕاپۆرتەکە عێراقی وادانـاوە پەناگەیەکی ئەمینە بۆ عەبدولڕەحمانی تیرۆریست، کە بەشداری کردووە لە تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی ساڵی ١٩٩٣دا، لەکاتێکدا تۆمەتباری ناوبراو لەلایەن دەزگای هەواڵگرییەوە دەستبەسەرکرابوو، لایەنی ئەمریکیش بەوەی زانی، هەوڵی تەسلیمکردنیماندا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا دوای ماوەیەکی کەم لە هێرشەکانی سێپتەمبەر، بەڵکو بابەتەکەیان ڕەتکردەوە و

ئەوە تەنیا لە سیاقی بەڵگە بێماناکاندا، ڕادەی ئیفلاس و نزمییش لەوەدا دەردەکەوێت کە دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی پێیگەیشت.

هەشتەم: سەربازگەی بیارە لە سلێمانی:

ڕاپۆرتەکە هەواڵگریی عێراقی بە خۆبێئاگاکردن لە بوونی سەربازگەیەکی ڕاهێنانی چەکدارانی قاعیدەش لە بیارە تۆمەتبارکرد، یەکێکی دیکەش لە خورماڵ لە پارێزگای سلێمانی نزیک لە سنوری ئێران باکووری خۆرهەڵاتی عێراق، ئەبو موسعەبی زەرقاوی سەرپەرشتی دەکرد. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردبوو کە قاعیدە مادەی سیانیدی تاقیکردۆتەوە بە سەر ئاژەڵاندا بۆ زانینی کاریگەرێتیەکەی و ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی. هەواڵگریی ئەمریکی دەشیزانی کە ئێران ئەو سەربازگەیەی بنیادناوە، هەر ئەویش داوای لە جەلال تاڵەبانی کردووە هەقی نەبێت بە سەریەوە، لەکاتێکدا کە ئەمریکا ڕێگا بە هێزە عێراقیەکان نادات بە ئاڕاستەی سلێمانی بجوولێن بۆ لەناوبردنیان.

نۆیەم: بوونی ١٢ سەرکردەی قاعیدە:

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە بوونی ژمارەیەک لە سەرکردایەتی قاعیدە لە بەغداش کرد لە ساڵی ٢٠٠٢دا، پشتیوانی لۆجیستیانەی زەرقاویان لە باکووری عێراق کردووە، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە سەختە باوەڕبوون بەوەی دەزگای هەواڵگریی عێراقی ئاگای لەو چالاکییانە نەبێت. بەوردی نازانین ئەو تیرۆریستانە کێن، بەڵام ڕای بەهێز ئەوەیە کە مەبەست پێیان خۆبەخشانی عەرەبن کە چوونەتە ناو عێراقەوە لە خاوەن ئاڕاستەی نەتەوەیی و ئیسلامی بەر لە داگیرکاری، ئەوانەش کە لەگەڵ زەرقاویدا هاوپەیمان بوون لە دوای داگیرکاری.

دەیەم: وتەکەی سەرۆک سەدام:

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە وتەکەی سەرۆک سەدام حسێن لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٢ کە تێیدا گوتی:(ناتوانن چاوەڕێی دەستبەرداربوون لە تفەنگەکەی عێراق بکەن، وا بکەن بە شمشێرەوە بژیی، لەکاتێکدا دراوسێکەی تفەنگی هەیە)، ئەم وتارە وەها لەسەر عێراق لێکدرایەوە کە هێشتا خاوەنی کۆگایەک لە چەکی کۆکوژی وێرانکەرە، لەکاتێکدا ئەو دەربڕینە بانگەوازە بۆ داڕنینێکی فراوانی چەک لە ناوچەکەدا بە ئێرانی دراوسێی نەیاریشەوە.

یانزەهەم: کەیسی فڕۆکەوانە ئەمریکییەکە (سپایکەر):

ڕاپۆرتەکە تۆمەتی دەستگیرکردنی سپایکەری فڕۆکەوانی ئەمریکی لەلایەن عێراقەوە وروژاند، کە فڕۆکەکەی ساڵی ١٩٩١ و لە ماوەی شەڕی ئازادکردنی کوێتدا و لە خۆرئاوای عێراق خرایە خوارەوە، پوختەی چیرۆکی ئەو فڕۆکەوانەش لەگەڵ یەکەمین شەڕی ئاسمانییدا دەستی پێکرد کە لەنێوان جەنگاوەرە عێراقییەکان و فڕۆکەوانی ئەمریکیدا ڕوویدا.

لە یەکەمین ڕۆژی شەڕکردن دژی عێراق شەوی ١٧ کانونی دووەمی ١٩٩١، فڕۆکەوانی ئەمریکیی، (سکۆت سپایکەر)، لەناو پێکهاتەیەکی هێزی ئاسمانیدا بوو کە لە پێنج فڕۆکەی شەڕکەری جۆری (F١٥)پێکهاتبوون، لە فڕۆکەهەڵگری ساراتوجای ئەمریکی دەریای ناوەڕاستەوە فڕین، پێکهاتە دوژمنەکە لە ئەرکێکی شەڕکردندا بوون کە بریتی بوو لە هێرشکردنی بنکەی قادسیەی ئاسمانی کە کەوتبووە خۆرئاوای عێراقەوە کە لە ئێستادا پێی دەگوترێت (عین الاسد). فەرمان دەرچوو بۆ نەقیبی فڕۆکەوان (زوهەیر جەلیل تەمیمی)، فەرماندەی فڕۆکەی

بەرهەڵستکاری میگ ٢٥، بە بەرهەڵستیکردنی ئەم هێرشە بە تەنیا لە ئاسمانی بیابانی خۆرئاوادا بە شەو، سەرەڕای پێشکەوتنی هێزی ئاسمانی و تەکنیکی ئەمریکی، نەقیب زوهەیر بە توانا خودییەکانی خۆی تواني چاودێریکردنی فڕۆکەکانی ئەواکس (رصد طائرات الأواكس) و ڕادارەکانی سرب (رادارات السرب) تێپەڕێنێت، بگاتە ماوەیەکی نزیک لە فڕۆکە دوژمنکارەکان کە زاڵبوون بە سەر فڕۆکەکەی سپایکەری بۆ ئاسان کرد، مووشەکێکی تێگرت و هەلاهەلای کرد.

سەرکردایەتی ئەمریکی لەدەستدانی یەکێک لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕانەگەیاند بە ئومێدی ئەوەی بەڵکو سبایکەری فڕۆکەوان بە زیندوویی ببینێتەوە، وەکچۆن سەرکردایەتی عێراقیش گێڕانەوەکەی نەقیب زوهەیری بە ڕاست دانەنا و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی ڕانەگەیاند لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانەش ئەوەیە کە ئەمریکییەکان دانیان بە ڕووداوەکەدا نەنا، نەتوانینی فیرقە زەمینیە عێراقیەکان لە دەستخستنی پارچەکانی فڕۆکەکە. وەکچۆن کامێرای فڕۆکەکەی میگ ٢٥ نەیتوانی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی دوژمن تۆمار بکات. دوای ئەوەی جەنگ کۆتایی هات، ٤٤ فڕۆکەوان تەسلیمی ئەمریکیەکان کران کە دیلی دەستبەسەرکراو بوون لە حاکمیەتی لێکۆڵینەوەی هەواڵگریی، بەڵام ئەمریکیەکان گوتیان هێشتا فڕۆکەوانێکی ترتان لەلاماوە کە سپایکەرە. ئەمریکیەکان دانیان نا بە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە و لەدەستدانی فڕۆکەوانەکەیدا، جارێکی تریش بە دوای ڕۆفاتەکەیدا گەڕان و نەیاندۆزیەوە، تەنانەت پارچەکانی فڕۆکەکەشیان نەدۆزییەوە.

ساڵی ١٩٩٣ عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بەرامبەر پێشنیارێکی ئەمریکی سەبارەت بە پێکهێنانی دەستەیەکی تێکەڵ لە پێشکنەرانی نێودەوڵەتی و عێراقی کە لەنوێوە

سەرپەرشـــتی پڕۆســـەکانی گەڕان بەدوای پاشـــماوەکانی فـــڕۆکەکەدا بـــکەن، دەستەیەکی گەورە پێکهێنرا بە سەرکردایەتی پشکنەرێکی ئەمریکی، سکۆت ڕیتەر. دەستەی لێکۆڵینەوەکە بە سەر ڕووبەرێکدا دابەش بوون کە پانییەکەی ١٠کم بوو، لەنێوان هەموو تاکێکدا ١٠٠م، کەوتنە جموجۆڵ و لەسەر ڕووبەرێک ڕۆیشتن کە ٢٢کم درێژببووە، کە پارچە وردوخاشەکانی فڕۆکەکەیان دۆزییەوە لەگەڵ بەدلەی دڕاوی فـڕۆکەوانەکەدا کە شـوێنەواری خـوێنی لەســەر بـوو. پشـکنینی بـۆ کـرا و ڕوون بـووەوە کە پەنجەمـۆری DNAکەی هـاوجووت بـوو لەگەڵ پەنجەمـۆرەکەی سپایکەر. ئەمەشیان بە بەڵگەی سەلماندنی کوشتنی دانا، دۆسیەکە داخرا بێئەوەی هیچ شتێک لە ئەندامی پارچەپارچەکراوی ڕووفاتەکەی بدۆزنەوە.

ساڵی ١٩٩٥ ئەمریکیەکان لەنوێوە دۆسیەی کەیسێکی نوێیان کردەوە، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە زانیاریی متمانەکراویان پێگەیشتووە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ســپایکەری فـــڕۆکەوان هێشـــتا زینـــدووە و لای دەزگـــای هەواڵگریـــی گیـــراوە. جەختکرایەوە لەسەر نەبوونی پێویستیمان بە پاراستنی فڕۆکەوانە ئەمریکییەکە، بە تـایبەتیش کە نـاوی سـەرجەم فـڕۆکەوانە دیلەکـانی لای خۆمانمـان ئاشـکرا کـرد و هەمووشیان ئازادکران. قەناعەتیـان نەکـرد لەسـەر سـووربوونی خۆیـان مـانەوە تـا کـاتی داگیرکـاری و هـیچ شـوێنەوارێکی سـپایکەریان نەدۆزیەوە. گومانەکانیشـیان بەوە پاســـاودایەوە کە ئـــێمە بـــۆ مـــاوەی ١٨ ســـاڵ فـــڕۆکەوانە ئێرانیەکەمـــان هێشتۆتەوە، پێمان گوتن کە فڕۆکەوانە ئێرانیەکە بابەتەکەی جیاوازە لەبەر ئەوەی فڕۆکەکەی لەناو خاکی عێراقدا کەوتۆتە خوارەوە مانگێک بەر لە سەرەتای جەنگی عێراق و ئێران، لەبەر ئەوە پاراستمان بەو پێیەی بەڵگەیەکە لەسـەر ئەوەی ئێران دەستی کرد بە شەڕەکە. داوای لێکدانەوەیان کرد بۆ نەدۆزینەوەی ڕوفاتەکەی یان ئێسقانەکانی جەستەی. پێمـان گوتن بیابـانی خۆرئـاوا هاوڵاتیـانی سارانشـینی تێدا

نشتەجێن کە بەردەوام لە گۆڕینی شوێنی خۆیاندان (البدو الرحل) و دابڕاون لە جیهان، تەنانەت ئاگایان لە ڕووداوی شەڕەکەش نییە، لەوانەیە تەرمەکەیان دۆزیبێتەوە و بەگوێرەی بیروباوەڕی ئیسلامی ناشتبێتیان. لەکۆتاییشدا قەناعەتیان کرد و کۆڵێژی هێزی ئاسمانییان لە تکریت و بنکەکەی سەر بەویان لە دوای داگیرکارییەکە ناونا سپایکەر.

ـ هەڵەکانی هەواڵگریی ئەمریکیی:

دەزگا هەواڵگرییە ئەمریکییەکان کەوتبوونە ژێر فشاری لۆبی ئیسرائیلی و هەڵمەتی ئەو پەیوەندییە گشتییانەی هاوپەیمانێتیەکانی ئیسرائیل سەرکردایەتی دەکەن لە تووندڕەوانی ئیدارەی ئەمریکی. لەبەرئەوە کەوتە ناو پارادۆکسی زۆرەوە لەوەی لە ڕاپۆرتەکانیدا باسی دەکات، یان ئەوەی داڕێژەڕانی بڕیار ڕایدەگەیەنن لەکاتی وتوێژ و کۆبوونەوەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕاپۆرتە فەرمیەکانی سی ئای ئەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زانیاریی دڵنیاکەریان لایە سەبارەت بە بوونی کۆنترۆڵ یان ڕێنماییکردنی قاعیدە لەلایەن عێراقەوە، پەیوەندییەکانی نێوان قاعیدە و هەواڵگریی عێراق هیچ ڕێککەوتنێک یان لێکتێگەیشتنێکیان لەنێوان قاعیدە و ڕژێمەکەی سەدام حسێن لێ نەکەوتۆتەوە، ڕاپۆرتەکەی سی ئای ئەی بە بەکارهێنانی وشەی ناڕۆشن وەسف کرا: (لەو باوەڕەداین، وایدەبینین هەڵسەنگاندن دەکەین، ئەگەر ئاوا بووایە) واتە باوەڕبوون بە بوونی چەکی وێرانکەر، (ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، کۆندالیزا ڕایس، داوای ئاگادارکردنی نووسەرانی ڕاپۆرتەکە بکات کە سەرۆک ناتوانێت سەربازەکانمان بەرەو جەنگێک بەرێت کە لەسەر بیروباوەڕ دامەزرابێت،

شیکارەکانی سی ئای ئەی گوتیان، باوەڕبوون بە شیکاری هەواڵگریی بەڕێژەی ٩٠% ڕاستە. بۆ جیهان ڕوون بووەوە کە سەرجەم زانیارییەکانی هەواڵگریی ئەمریکی تەنیا ئاماژەگەلێک بوون کە زیادەڕەوییان تێداکرابوو یان زانیاریی چەواشەکار یاخود ساختەبوون، تێڕوانینەکانیشیان لەسەر بیروباوەڕ و نیاز و مەبەست بنیادنرابوون نەک لەسەر حەقیقەت.

ـ پەیوەندییە نهێنییەکان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیدا:

کاتێک ئەرکەکانی ئیدارەکردنی لقی ئەمریکام وەرگرت، دەستپێشخەری نهێنیم بەدی نەکرد بۆ کردنەوەی کەناڵی پەیوەندیی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیدا. تێڕوانینی لەقەکە بۆ ئەوە دەچوو کە گەڕان بە دوای کۆمپانیایەکی پەیوەندیی گشتیی لە واشنتۆن کە بەرپرسیارێتیەکانی بگرێتە ئەستۆ لە گەیاندنی تێڕوانینی ئێمەدا بۆ باڵاترینی ئاستەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی میدیایی ناوخۆوە. داوامان لە سەرۆکایەتی کرد ڕازی ببێت بە بەکرێگرتنی کۆمپانیایەکی پەیوەندییەکان بە بڕی ملیۆنێک و چارەکە ملیۆنێک دۆلار، بە ئامانجی ڕازیکردنی سەرۆک بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەوەی گوتمان: ئێران و چین و سعوودیە و دەوڵەتانی کەنداو کۆمپانیای پەیوەندییان هەیە کە بەرژەوەندییە سیاسیەکانیان دەپارێزێت، بەڵام سەرۆک داواکەمانی ئاڕاستەی تاریق عەزیز کرد کە وەڵامی دایەوە بەوەی کۆمپانیای پەیوەندییەکان کەلێنێکە ماڵ و سامانمان لەناو دەبات و ئێمەش خاوەنی بەڵگە و توانای خستنەڕووی کەیسە دادپەروەرانەکەمانین لە بەردەم جیهاندا.

له توانـای شـەش کۆمپانیـا گەورەکەی نەوتـی ئەمریکـی بێئاگـا نەبـووین لە کـاریگەری بـۆ سـەر ڕای گشـتیی ئەمریکـی و داڕێژەرانـی بڕیـار لە واشـنتۆن. پەیوەندیشـمان لە گەڵ هەر چواریانـدا ئەنجـام داوە لەڕێـگەی سـەرمایەدارێکی عێراقـی کە توانـای پێـدانی گرێبەسـتمان لە کەرتـی نەوتـدا خسـتۆتە بەردەمیـان بەرامبەر دامەزراندنی لۆبی پەیوەندیی گشتیی کە پشتگیری کەیسـەکەمان بکات. هەردوو کۆمپانیـای ئەکسـۆن مۆبیـل کە کۆمپانیـایەکی تـر قبوولّیـان کـرد بەو مەرجەی دەسـتوەرنەدەینە میکـانیزمی کارکردنیـان. داواشـیان لـێ کـردین لێیـان بگەڕێـین بـۆ خۆیـان کـاربکەن و گوتیـان ئـێمە دەزانـین پێویسـتە چـی بکەیـن لە واشنتۆن.

داوامـان لە سـەرۆکایەتی کـرد ڕازی بێـت بە پلانـی کـارەکە، بەڵام سـکرتێرەکە پێشنیارەکەی ڕادەستی جێگری سەرۆک (تەها یاسین ڕەمەزان) کرد وەڵامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هات:

(هیچ بەرژەوەندییەک نادرێت بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان ئەگەر ئەو کۆمپانیایانە لە سـەرەتاوە هەڵنەسـتن بە پێکهـاتنی لـۆبی پەیوەنـدییە گشـتییەکان کە توانـای پیادەکردنی چالاکی بەرچاوی هەبێت بە جۆرێک کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئیـدارەی ئەمریکـی و ڕای گشـتیی ئەمریکـا هەبێـت و ئەنجامەکـانی ملکەچـی هەڵسـەنگاندنەکانی ئـێمە بـن. دوای ئەوەش لە داوای بەخشـینی یـان نەبەخشـینی بەرژەوەندی نەوتی پێیان دەڕوانین).

گەڕایـنەوە بـۆ بـنکە هەوالّگـرییەکە، کاتێـک هەوڵە دیپلۆماسـی و بەرژەوەنـدییە بازرگانییەکـان لە کـارکردن دەوەسـتن، دیبلۆماسـیەتی نهێنـی (دیپلۆماسـیەتی دەرگاکـانی پشـتەوە) دەسـت پـێ دەکەن، باشـترینی ئەوانەش کە سـەرکردایەتی

دەکەن سەرمایەدار و سیاسەتوانان و هەواڵگرین، کە لقی ئەمریکا داوای لە سەرجەم تەشکیلاتەکانی دەزگاکە کرد ڕێکاری پێوانێکی گشتگیر ئەنجام بدات بۆ ئەندامەکان و پەیوەندییەکانیان، لەوانەی پەیوەندیی کاریگەریان لە واشنتۆندا هەیە.

ساڵی ٢٠٠١ و دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سەرمایەدارێکی ئەمریکی دەستیان پێکرد، یەکەمیان (فالح جبووری) کە ئەندامێک بوو لە پارتی کۆماری و پەیوەندیی لەگەڵ ئەندامانی دیار لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەبوو، بەڵام هەر زوو هەوڵەکانی بوونە هەڵم و پۆزشتی خستەڕوو.

ڕۆڵی سەرمایەداری ئەمریکی (سەمیر فنسنت) هات کە نزیک بوو لە داڕێژەرانی بڕیاری ئەمریکی، نامەی زارەکی لە ئێمەوە گەیاندە لایەنی فەرمی لە ئیدارەی ئەمریکیدا بەسەرپەرەشتی هەواڵگریی مەرکەزی. هەڵوێستی عێراق هێشتا هەر توند بوو بەرامبەر هاوکاریکردن لە بواری بنبڕکردنی تیرۆر و هاوکاری لەگەڵ لیژنەکانی داماڵینی چەکی کۆکوژ. هەڵوێستی عێراق ئاڵۆزتر بوو دوای ئەوەی ئەو هەستە لای سەرکردایەتی عێراقی سەروەر بوو کە هەڵوێستی ئەمریکی کەوتۆتە دۆخێکی لاوازەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان سوالی هاوکاری نێودەوڵەتی دەکات بۆ شەڕ کردن لەگەڵ تیرۆر، هەروەها ئەوەی کە ئیدارەی ئەمریکی وایلێهاتووە توشی تۆقین بووە لەو هێرشانەی کە دێن، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە سەروی هێرشەکانی سێپتەمبەرەوە بێت، لە شێوەی هێرشی کیمیاوی یان بایۆلۆژی. سەرکردایەتیمان هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی بەرامبەر تاوانبارکردنی هێرشەکانی سێپتەمبەر نە خستەڕوو، لە ناو جەرگەی پەیوەندییەکانی فنسنتدا لەگەڵ سەرکردە کۆماریيەکان لە واشنتۆن و کاردانەوەکانیان، نامەیەکمان لە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی پێشترەوە (کیسی)یەوە بۆ هات، ناوەڕۆکەکەی ئەم

دەربڕینەی لەخۆگرتبوو: "هیوادارم هاوڕێ عێراقیەکانت ئاگادار بکەیت کە ئێمە بایەخ بەوە نادەین لە مومارسەکانیاندا شێوازی (طق الرؤوس بالدهن) بەکاردەهێنن، بەڵکو بەرژەوەندی زۆرمان هەیە و ڕێگە بە کەس نادەین بێتە بەردەمیان، پێویستیشە لەسەر عێراق ڕێز لە بەرژەوەندییەکانمان بگرێت، ئێمە دەوڵەتێکی مەزنین و دەوڵەتان دەبرژێنین وەکچۆن ماسی دەبرژێنین (بەمەقەڵی)، کاتیک دەوڵەت ڕێکدەبێت لە مەقەڵیەکە دەریدەهێنین و دەیخەینە لاوە. بەڵام عێراقیەکان هەر کە دەیانخەینە مەقەڵیەوە و پێمان وایە برژاون و دەریاندەهێنین لێی، دەگەڕێنەوە و دوبارە خۆیان هەڵدەدەنەوە ناوی و دەڵێن هێشتا هەر نەبرژاوین"... (بۆ ڕوونکردنەوەش مانای (طگوه بالدهن) زاراوەیەکی میللیە بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەتەکانی لەسێدارەدان کە بەرامبەر مەحکومەکان پیادەدەکرێن لەبری ئەوەی بگوترێت (لەسێدارەدرا).

سەمیر فنسنت زۆر بەردەوام نەبوو لە گەشتە مەکوکیەکانیدا لەنێوان عێراق و واشنتۆندا، بەڵکو بە سێ سەردان وازی هێنا کە تێیاندا سەردانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی فەریق تاهیر جەلیل کرد، بە ئامادەبوونی یاریدەدەر (فەریق ڕوکن حسیب سابیر ڕەفاعی)، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی دەرەکی (دکتۆر حەسەن ئەلعوبەیدی)، بەڕێوەبەری (الدولیة)ی چوارەم بەڕێز (غالیب دوری)، بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەت، کە لە دوا سەردانیدا پۆزشەکەی پێڕاگەیاندین و گوتی:(ئەمە سنوری منە، لە ئێستا بەدواوە ناتوانم لەسەر ئەرکەکەم بەردەوام بم...).

لقی ئەمریکا پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یارمەتیدەرێکی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکی هەبوو کە ناوی (سۆزان لینداور) بوو، هاوسۆز لەگەڵ

کێشەکانی ناوچەکەدا کە پەیوەندییەکی نزیکایەتیشی لەگەڵ گەورە کارمەندانی کۆشکی سپی، ئەندی کارد، هەبوو، لە سەردەمی سەرۆک بۆشی دووەمدا، من بۆ یەکەم جار لە نێویۆرکدا پێی گەیشتم بە ئامادەیی دکتۆر سەعید موسەوی پاشان سەردانێکی تایبەتمان لە بەغدا بۆ ڕێکخست.

سۆزان یەکەمین کەس بوو هێڵی پەیوەندیی کردەوە لەسەر ئاستێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەورەی کارمەندانی کۆشکی سپی. ئاماژەیەکی پێگەیاندین لە ئەدرۆ کاردەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە؛ (پێویستە لەسەر عێراق ئیدانەی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بکات، هەڵوێستێکی ڕاشکاو ڕابگەیەنێت سەبارەت بە هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە بنبڕکردنی تێرۆردا. ئەمەش مەرجی کۆشکی سپییە بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا).

ئەم نامەیەمان خستە بەردەم سەرۆکایەتی کۆمار، لە نوسراوەکەماندا ئاماژەمان بۆ ئەوە نەکردووە کە بەرپرسی ئەمریکی ئەوەی بە مەرجێکی پێشوەخت داناوە لە ئیدارەی ئەمریکیەوە، بەڵکو لە سیاقی تێڕوانینێک لە بەرپرسێکی ئیدارەی ئەمریکییەوە هێناومانە. سەرۆک سەدام حسێن ئاگاداری ناوەڕۆکی نوسراوەکەمان بوو، فەرمانی کرد بە وەستان لەسەر ڕای تاریق عەزیز. وەڵامەکەی عەزیز هاوتای بۆچوونەکەی ئێمە بوو کە ئاماژەی بەوە کرد کە عێراق ئیدانەی هێرشەکان دەکات و ئامادەیی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ بنبڕکردنی تیرۆر. سۆزان چاوەڕێی وەڵامی ئێمە بوو بۆ ئەوەی بە خاڵی ڕابگەیەنێت، واتە بە ئەندرۆ کارد. نامەیەکی جفرەدار ئامادەکرا لەلایەن ئێمەوە بۆ وێستگەکەمان لە نیویۆرک بەو ناوەڕۆکەوە کە لە نوسراوەکەی سکرتێری سەرۆک کۆماردا هاتبوو کە وەڵامەکەی تاریق عەزیزی بۆ هێناین. بەر

لەوەش کە بینێرین بۆ ناوەندی پەیوەندیی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی تەلەفۆنیم بۆ هات لە بەڕێز بەڕێوەبەری دەزگاوە کە داوای ڕوونکردنەوەی ئەوەی کرد کە ئاخۆ من وەڵامەکەم ناردووە یان نە. پێمڕاگەیاند کە من وەڵامەکەم تەواوکردووە بەڵام هێشتا نەمناردووە بۆ سەنتەری جفرە، گوتی ئێستا هیچ مەنێرە، لەبەرئەوەی سکرتێری سەرۆککۆمار پەیوەندیی پێوە کردووە داوای لێکردووە وەڵامەکەی تاریق عەزیز نەنێرێت، بەڵکو وەڵامێکی دیکەمان لەلایەن سەرۆک سەدام حسێنەوە ڕاستەوخۆ بۆ دەنێرێت.

وەڵامەکەی سەرۆکمان بۆ هات کە دووروودرێژ بوو و لەبارەی ئەمریکاوە قسەی دەکرد کە تەنیا ئەو نییە کە تووشی تیرۆر بووە بەڵکو پێشتر و ئێستاش عێراق یەکێک لە قوربانیەکانی تیرۆرە، پێشتریش ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە پڕۆسەی تیرۆریستی بوونەتەوە کە سەرکردایەتیەکانی دەوڵەتیان کردۆتە ئامانج، منیش بۆ خۆم (سەدام حسێن) ڕووبەڕووی چەند هەوڵێکی کوشتن بوومەوە، هیچ ئیدانەکردنێکمان بۆ ئەو کارانە لە ئیدارەی ئەمریکییەوە نەبیستووە، تابلۆقەی ئابووریش کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٥ وە بەسەر عێراقیدا سەپاندووە، بۆتە مایەی مردنی هەزاران منداڵ و بەساڵاچووی عێراقیەکان، شێوەیەکە لەو شێوانەی تیرۆر کە لە ئێستادا ئامادەیە.

مشتومڕ لە وەڵامەکانی ئیدارەی ئەمریکیدا بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، نزیکەی دوانزە نامەمان گۆڕییەوە، من هەوڵی سووککردنی توندوتیژی وەڵامدانەوەکانی نێوان هەردوو لام دەکرد بەبێ زیانگەیاندن بە ناوەڕۆک، پابەندیش نەبووم بە دەقی ئەو وەڵامانەی لە لایەنی ئەمریکییەوە هاتوون کە بەشێوازی فەرمانگەلێک بۆمان دێن کە سەرۆک قەبووڵی ناکات. هەروەها ئەو وەڵامانەش کە لە

سەرۆکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە لە شێوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاریدابوون بۆ ئیدارەی ئەمریکی، ناکرێت قەبوول بکرێت بەڵکو تووڕەیی لێدەکەوێتەوە. هەوڵی گۆڕینی داڕشتنی سەرجەم ئەو دەربڕینانەم دا کە وشەی فەرمانکردن یان ڕێنماییکردنیان لەخۆگرتبوو و گۆڕیمن بۆ شێوازی پێشنیار و دید و بۆچوون...

لەکۆتاییدا لایەنی ئەمریکی لە مشتومڕ و ڕکابەرییەکە بێزاربوو، بەوە لێکیدایەوە کە عێراق هەوڵی موساوەمەکردنی لابردنی سزاکان دەدات لەبەرانبەر ئیدانەکردنی هێرشەکانی سێپتەمبەر، هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی تیرۆر. وتەکەی سەرۆک سەدام حسێن بەشداری کرد لە چەسپاندنی ئەم بیروباوەڕە لە دوای هێرشەکان کاتێک گوتی: (مار دروست دەکەن و داوامان لێ دەکەن بیکوژین) مەبەستی ئەوەیە کە ئەمریکیەکان بۆ خۆیان قاعیدەیان دامەزراندووە، دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەنی سۆڤێتەوە بەکاریانهێناوە، ئەمڕۆش دوای ئەوەی پێوەیداون داوای یارمەتیمان لێدەکەن بۆ کوشتنی...

بەڕێوەبەری گشتیی خزمەتی نهێنی ئاگاداری کردین سەبارەت بە هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی نامەکانی سەرۆک و وریای کردینەوە لە گەمەپێکردنیان کە دەشێت ئەمە ببێتە مایەی زیندانیکردنمان، پێمڕاگەیاند کە ئێمە گەربێتو بەو زمانە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا نەدوێین کە لێی تێدەگەن ئەوا هۆکارێک بوونی نابێت بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە. پاشان بەڕێز بەڕێوەبەری دەزگا هاتەناو بابەتەکەوە داوای لێکردم ئەو ناوانە واژۆ نەکەم کە ئاڕاستەی نیوێۆرک دەکرێن، فەرمانی کرد نیشانی بدرێن بەر لە ناردنیان، پاشان ئەم پەیوەندییانە بە شکست کۆتاییان هات، سۆزان پۆزشی هێنایەوە بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی.

ئێمە تەسلیمی ئەم شکستە نەبووین، بەردەوامیمان بە هەوڵەکانماندا لە سەرجەم ئاڕاستەکاندا بۆ کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆ و بەردەوامیدان بە فشار بۆ سەر ئیدارەی ئەمریکی. دەزگا لە دۆخی خۆئامادەکردندا بوون بۆ سوودوەرگرتن لە سەرجەم پەیوەندییەکانی، لە ئەندامان و هاوڕێیان و ناسیاوان و هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی هاوڕێ لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا، وەک هەواڵگری میسری و فەڕەنسی، هەواڵگری سعوودی، کە ڕای بەهێز ئەوەیە کە دەستوەردانەکەی بەشێوەیەکی نافەرمی هاتووە بەڵکو بەشێوەیەکی شەخسیش لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە (ئەمیر نەواف بن عەبدولعەزیز)، حەرب ئەلزوهەیریش کە لە بەغدا سەردانی کردین نێوەندگیر بوو بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان.

سەبارەت بە هەواڵگری ئیتاڵیش، لە شکستخواردوترین دەستپێشکەرییەکان بوو کە هەوڵی ڕێکخستنی دیدارێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەواڵگری عێراقی و هەواڵگری مەرکەزی ئەمریکیدا بە ماوەیەکی کەم پێش جەنگ، دوای ئەوەی کە داوای ناردنی کەسێک کرا لە دەزگای هەواڵگری بۆ ڕۆما بۆ دیداری ئەفسەرانێک لە هەواڵگری ئەمریکی، کۆبوونەوەکە بووە مایەی هەوڵدان بۆ قەناعەتپێهێنانی نێردراوی دەزگاکە بۆ جیابوونەوە لە ڕژێم، خەریک بوو بە زۆرەملێش بینێرن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، دوای دەمەقاڵێیەکەی زۆر دەستوەردان کرا بۆ چارەسەری کێشەکە و ڕێگەدان بە وەفدەکە بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق.

دەزگا مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم ئەو هەوڵ و پێشنیارانەدا کرد کە هاوڕێیانی عێراق پێشکەشیان کرد، ئەوانەی حەزیان دەکرد جەنگ ڕووی نەدابایە، پەیوەندیشمان لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتی نێودەوڵەتی کرد کە ئاگاداری هەموویان نەبووم، لێرەدا پۆزش بۆ هەموو ئەوانە دەهێنمەوە لەو هەوڵانەدا

بەشداربیان کردوە لە کتێبەکە ناویان نەهاتووە. لەنێوان ئەو کارەکتەرانەشدا سەرۆکی پێشووی لوبنان (ئەمین ئەلجومەیل)، سەرۆک رەفیق حەریری)، سەرمایەداری نەیجیری (محەمەد نەدیمی)، سەرمایەداری ئەردەنی (ریاز شاهین)، سەرمایەداری فەلەستینی (نەبیل بەرکات)، (شاکر خەفاجی) و کەسانێکی دیکە لە بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکە لەوانەی هەوڵەکانیان بە زۆری لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاریکردنماندا چڕ دەبووەوە سەبارەت بە هۆشداری و پابەندبوونی خێرای تەواو بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانەوە، چونکە ئیدارەی بۆش سورە لەسەر ئەنجامدانی شەڕەکە لە کاتی بوونی هەر بێزارکردنێکدا. سەرجەم ئەمانە و غەیری ئەمانە لەوانەی بە نیازپاکییەوە هەوڵی تەوزیفکردنی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ کەسایەتیەکان لە حیزبی کۆماری لە ئیدارەی بۆشدا، ئەو تێڕوانینانەیان سەبارەت بەوەی لە واشنتۆن لەبەرپرسانیان بیستووە، لەو ڕووەوە کە هەندێکیان هەنگاویان بڕیوە، تیاشیاندایە ئاگەداری کاردانەوەکان بووە، بەڵام لەکۆتاییدا هەموویان گەیشتنە ڕێگایەکی داخراو جگە لە نێوەندگیری (عیسام دەرویش و عیماد ئەلحاج) کە بۆ دواهەمین ڕۆژی پێش جەنگ بەردەوام بوو.

نێوەندگیری دوو لوبنانیەکە، (عیسام دەرویش و عیماد ئەلحاج)، بە درەنگی و ساڵی ٢٠٠٢ دەستی پێکردوو، سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ کارابوو، واتە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (١٤٤١) لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا، کە هەلێکی دیکەی دا بە عێراق بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ لیژنە تایبەتەکانی پشکنین.

بەشی لوبنان لە خزمەتی نهێنیدا (م٤)، پەیوەندییەکی پتەوی بە سەرمایەداری لوبنانی عیسام دەرویشەوە هەبوو، کە هاوڕێیە ئەمریکییە بە ڕەگەز لوبنانیەکەی

پێناساندین عیماد ئەلحاج، کە پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ هەواڵگریی مەرکەزیدا و لەگەڵ (ڕیچارد بیرڵ) هەبوو، یەکێک لە هەڵۆکانی ئیدارەکەی بۆش لە دەستەی سیاسی وەزارەتی بەرگری، کە کۆمەڵێک لە کارەکتەری توندڕەو لەخۆدەگرێت کە بە تونـدی بانگەشـە بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـەڕ لەگەڵ عێراقـدا دەکەن لەژێـر هەر هەلومەرجێکدا بێت.

بەرلەوەی دەست بە کارکردن بکەین لە ڕێگەی کەناڵەکەی عیماد ئەلحاج، هەوڵی ئاشـنابوون بە تواناکانیمـان داو، بەڕاستی دڵنیابووین لە پەیوەندییە پتەوەکەی بە ئیـدارەی ئەمـریکییەوە، لەبەرئەوە تێڕوانینـی خۆمـان سـەبارەت بەو کەیسـانەی مـایەی تـوێژینەوەن خسـتە بەردەمـی، لەپێنـاو لابردنـی گومـان و ڕەواندنەوەی ڕاڕاییەکانی ئیدارەی بۆش، کە خۆیان نمایش دەکەن لە داڕنینی چەکی کۆکوژ و تیرۆر و کەیسی فەلەستینی و بەرژەوەندییە ئابووریەکان و کەیسـە لاوەکییەکانی تـر. ئـارەزووی گفتوگـۆی ڕاسـتەوخۆش لەلایەن ئـێمەوە لەگەڵیانـدا بـۆ پێداگرییە لەسەر ئەوەی عێراق چیتر توانای هەڕەشـەکردن لە بەرژەوەندییە ئەمریکییەکانی لە نـاوچەکەدا نیـیە و نە نیـازی ئەوەشـی هەیە. دوای ئەوەی ئەلحـاج تێڕوانینـی ئـێمەی گواسـتەوە بـۆ ڕیچـارد بیـرڵ، ئەمەی دوایـی داوای لێکـرد گـوێ لە پێشنیارەکانی بەرپرسانی عێراقی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەغدا بگرێت، داوای لێمـان کـرد بەپەلە سـەردانێک بـۆ عێـراق ڕێکبخەین. جەنـابی بەڕێـوەبەری دەزگـا پێشوازی لە سەردانەکە کرد میوانەکە گەیشتە بەغدا لە ناوەڕاستی مـانگی کانونی دووەمی ٢٠٠٣دا، دوای ئەوەی شوێنمان بۆ ئامادەکرد بۆ مانەوە لە ئوتێل ڕەشـید لەژێر چاودێری هونەرییانەی توندی ئێمەدا.

ئۆفیسی تایبەت وادەیەکی بۆ کۆبوونەوەی (حاج) ئامادەکرد لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگادا، وەک لە یادمە لە کاتژمێر حەوتی ئێوارە لە شوێنی میوانداری دەزگای هەواڵگریی، کە کەوتۆتە دەروازەی سەرەکی ئاڕاستەی (الحارثیة)، بە زوویی ڕۆیشتم بۆ ئۆتێل ڕەشید بۆ هێنانی میوانەکە لە ئۆتێل ڕەشید، لە هۆڵی ئۆتێلەکە چاوەڕێم کرد خۆی ئامادە بکات، لە هۆڵی ئۆتێلەکەدا ئەمەی خوارەوەم پێڕاگەیاند:

{ئێمە ئێستا دەچین بۆ دیداری بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی، دەشێت قسەیەکی فەرمی و خۆپارێزانە ببیستیت، بەڵکو تکام وایە هەوڵێستی دروست لە من وەربگریت، من چینی ناوەڕاست دەنوێنم لە بەرپرسانی دەوڵەت، ئیدارەی ئەمریکیش تۆمەتبارمان دەکات بە پشتیوانیکردنی تیرۆر. منیش جەخت دەکەمەوە بۆت کە سەرجەم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەدا بڕیوە کە لە ساڵی ١٩٩٤وە بە تیرۆریست پۆلێن کراون بە فەرمانێک لە سەرۆک سەدام حسێنەوە. هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ لایەنە تیرۆریستیەکان یان غەیری ئەواندا نییە، هەروەها ئێمە ئامادەی هاوکاریکردنین لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، ئیتر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت یان لەسەر ئاستی دولایەنی لەگەڵ ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەگەر ئەمریکیەکان حەز بەوە بکەن. سەبارەت بە چەکی کۆکوژیش پێم ڕاگەیاند کە عێراق چیتر نایشارێتەوە یان خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی پەرەدان بە چەکی کۆکوژی نییە، ئیدی بایۆلۆژی بێت یان کیمیایی یاخود ئەتۆمی. هەروەها ئێمە پێمان وایە کە بابەتەکە ڕادەستی لیژنەکانی پشکنین بکرێت بۆ دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی عێراق بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانەوە، ئازادی ڕەهاشی هەیە بۆ دڵنیابوون لە دروستی قسەکەمان. لەبارەی کەیسی فەلەستینیشەوە،

هەڵوێستی فەرمی دەوڵەت ئەوەیە کە عێراق لە چوارچێوەی چارەسەری عەرەبی دەرناچێت و لەوەش کە فەلەستینیە خاوەن پێگەکان بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەو لێدوانانەش کە دەدرێن لە بەرپرسانی عێراقییەوە تەنیا بۆچوونی شەخسین یان هەڵوێستگەلێکن گوزارشت لە فیکری حیزبی بەعس دەکەن نەک دەوڵەتی عێراق. لەو چاکسازیە دیموکراسیانەش کە ئیدارەی ئەمریکی دەیەوێن، پێمڕاگەیاند کە حیزبی بەعس بۆ ئەبەد نامێنێتەوە، حیزب مشتومڕی قوولّی ئەنجامداوە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیەکانی ساڵی ١٩٨٩، ئەگەری ئەوەش هەبوو کە هەمووارى سیاسی دەستوری دەڕێوەبچن بۆ فراوانکردنی بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا و فراوانکردنی بەهاکانی دیموکراسیەت. بەڵام داگیرکردنی کوێت و جەنگی دووەمی کەنداو و ئابلۆقە بوون بە بەربەست. هێشتا سەرکردایەتی ئێستا لە توانایدایە چاکسازی دیموکراسی ئەنجام بدات لە سایەی دۆخێکی سیاسی و ئابوری ئاڵۆز و ناسەقامگیردا. ئەمانەش فاکتەرگەلێکن بە سروشتی خۆیان دەبنە مایەی پەکخستنی هەر چاکسازییەکی سیاسی. لەبەرئەوە لابردنی سزا لەبەردەم سەرکردایەتیدا وەک بیانوویەک نامێنێتەوە بۆ ڕووکردنە چاکسازی پێویست. سەبارەت بە بەرژەوەندییە ئابووریەکانی کۆمپانیا ئەمریکیەکانیش پێمڕاگەیاند کە ئێمە نەوت لە ناوجەرگەی زەویدا ناهێڵێنەوە و زۆر پێویستمان بە پارەیە، ئەگەر دەریشی بهێنین (نایخۆینەوە) ئەمەش دەستەواژەیەکە لە وتەکانی سەرۆکەوە خوازراوە، دەرهێنانی نەوتمان بۆ بنیادنانی وڵات دەوێت، ئێمە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا ئەمریکیەکان ناوەستینەوە، لەبەرئەوەی خاوەنی پێشەنگایەتییە لە ڕووی جیهانییەوە لە بواری وەبەرهێنانی نەوت و پەرەپێدانی کەرتی وزەدا. پاشان عیماد ئەلحاجم

ئاگادار کرد، که ئێمه دەزانین ئیدارەی بۆش ڕووبەڕووی فشار دەبێتەوە لە لۆبی ئیسرائیلی و ڕاستی مەسیحی توندڕەوی هاوپەیمان لەگەڵیدا. سوریشن لەسەر شەڕکردن بە بیانوی دارنینی چەکی کۆکوژ و پشتگیری تیرۆر. ئێمە لە هەموو دۆخێکدا بەرگری لە خۆمان دەکەین بەڵام سەرکەوتن بەسەر میکانیزمی جەنگی ئەمریکیدا بەدەست ناهێنین، بەڵام پێیان بڵێ ئەگەر عێراقتان داگیرکرد و چەکی کۆکوژتان بەدی نەکرد و پەیوەندیشمان بە تیرۆرەوە نەبوو، چۆن ڕووبەڕووی ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی ئەمریکی دەبنەوە؟ پاشان گوتم: ڕژێمی حیزبی بەعس عەلمانیە و بەرهەڵستی فیکری ئیسلامیی تونددڕەو دەکات بە هەردوو لایەکەیەوە، سونیەکەی کە لە قاعیدە و بزوتنەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی دیکە خۆیان دەنوێنن، لەگەڵ شیعەکەی کە ئێران بەڕێوەی دەبات. لە حاڵەتی ڕووخاندنی ڕژێمیشدا بەدیلەکە ئیسلامی سیاسییە کە عێراق دەکاتە چەقی تیرۆر و هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، لە هەمان کاتیشدا عێراق بە دۆخی ئێستایەوە بە بەربەستێکی بەهێز بە ڕووی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دادەنرێت کە ئێران بانگەشەکاری ڕووخاندنی ڕژێمەکانی ناوچەکەشە. ڕووخانی ئەم بەربەستەش بوار لە بەردەم ئێراندا دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە سنووری میسر}.

عیماد ئەلحاج گوتی؛ ئەگەر ئەم قسەیەم لە بەڕێوەبەری دەزگاوە گوێ لێ بێت لەو باوەڕەدام چارەسەرەکە لەگەڵ لایەنی ئەمریکیدا ئاسان دەبێت.

ڕۆیشتین بۆ کۆبوونەوە و هەریەک لە (د. حەسەن ئەلعوبەیدی) بەڕێوەبەری گشتیی م٤، بەڕێز غالیب دوری م د ٤، فەریق ڕوکن حەسیب ڕەفاعی،

یاریدەدەری کاروباری پڕۆسەکان، ئامادەی بوون. نەمدەزانی بەڕێوەبەری دەزگا چی دەڵێت، ئاخۆ پارێزگار دەبێت و بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵ میوانەکەدا دەدوێت، یان بە دیدی دەزگاکە دەدوێت کە ڕەنگە سەرۆک لەگەڵماندا هاوڕا نەبێت.

گرنگ ئەوەیە بەڕێوەبەر بە ڕێگایەکی دیپلۆماسیانە و بە دیدی دەزگای هەواڵگریی قسەی کرد، باشیش دەیزانی ئێمە لە بەردەم دواهەمین هەوڵداین، هەروەها لەبەرئەوەش بەم دیدە دەدوا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لە ئیدارەی ئەمریکییەوە مسۆگەر بکات بۆ هێنانەدی دیدارێکی ڕاستەوخۆی بێمەرج، ئەنجامدانی گفتوگۆیەک بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەکانمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هەروەها بەڕێوەبەری دەزگا جەختی لەسەر توانای ڕەواندنەوەی مەترسیەکانی ئیدارەی ئەمریکی کرد کە پشت بە واقعیەت نابەستێت، هەروەها پێداگریشی لەسەر ئەوەی ئامادەین بۆ دیداری بەرپرسانی ئەمریکی بەبێ مەرجی پێشوەخت. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و (عیماد ئەلحاج) گەشبینانە چووە دەرەوە، پێی ڕاگەیاندم کە بەیانی بۆ واشنتۆن دەڕوات و متمانەی خۆی بە چارەسەری قەیرانەکە دەردەبڕێت. بەو پێیەی نێوەندگیرەکان سەرمایەدار بوون ڕێککەوتنەکە لەگەڵ عیسام دەرویش لەسەر بڕی شەست ملیۆن دۆلار کرا و ئەم بابەتە لەلایەن عیماد ئەلحاج نەخرایەڕوو. (حاج) بۆ واشنتۆن گەشتی کرد، پێی ڕاگەیاندین کە ڕیچارد پیرڵ دەڵێت پێویستە لەسەر دەزگای هەواڵگریی کۆی کەناڵەکانی دیکە بوەستێنێت، تەنیا پشت بە کەناڵەکەی عیماد ئەلحاج ببەستێت. سەرۆکایەتی ئاگەداری ئەم پەرەسەندنانە بوو. سەرۆک لە ڕووی مەبدەئیەوە ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر پێدانی بڕەکە بەڵام پێداگری کرد لەسەر نەدانی بڕەکە لە پێشەوە، بەڵکو ئەگەر توانیان جەنگەکە بوەستێنن هەرچی دەیانەوێت پێیان بدەن.

دوای ماوەیەک کە سێ هەفتەی تێپەڕاندبوو، وەڵاممان لە عیمادوە پێگەیشت بە جەختکردن لەسەر ئەوەی لەگەڵ ریچارد پیرڵ کۆبوونەتەوە لە ئەنجامەکانی سەردانەکەی بۆ بەغداو دیدارەکەی لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگادا ئاگەداری کردووە. باسی ئەوەشی کردووە کە پیرڵ ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەوە پێشکەش کردووە کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی بۆ سەرۆک بۆش کورت کردۆتەوە، سەرۆک بۆشیش ڕەزامەندی لەسەر کۆبوونەوەکە لەگەڵ بەرپرسانی عێراقیدا دەربڕیوە بەو مەرجەی کۆبوونەوەکە بکەوێتە پێش ڕۆژی ١٧ی ئاداری ٢٠٠٣وە، دوو شوێن بۆ کۆبوونەوەکە دیاری کران، یان بەیروت یاخود مەغریب، لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. گرەنتیەکانی هەڕەشە نەکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەن عێراقەوە.
٢. دارنینی چەکی کۆکوژ و پەرەپێنەدانیشی لە ئایندەدا.
٣. هاوکاریکردن لە بواری بنبڕکردنی تیرۆردا.
٤. کەیسی فەڵەستین.
٥. چاکسازییە دیموکراسییەکان.
٦. بنیادنانی بنکەیەکی سەربازی لە خۆرئاوای عێراق لەبری بنکەی (الظهران) لە سعوودیە و ئەنجەرلیکی تورکی.

سەبارەت بە بەرژەوەندییە نەوتییەکانیش وەڵامەکە ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەجندایدا نییە لەوە بکۆڵێتەوە، لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی باوەڕی بە پێچەوانەکەی هەیە، پێی وایە بەرژەوەندییە ئابوورییە نەوتییەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەبیرکردنەوەی ئەمریکیدا.

لایەنی گرنگ ئەوەیە کە ڕیچارد پیرڵ لەڕێگەی نێوەندەکەوە بە نامەیەک پێی ڕاگەیاندین کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی (ناتوانێت دەستپێکردنی جەنگ ڕابگرێت، بەڵام هەوڵی دواخستنی دەدا، لەماوەی دواخستنەکەشدا هەڵی وەستاندنیمان دەبێت). لەو هەڵوێستە دڵنیابووین لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییەوە لە لێدوانەکانی ڕیچارد بیرڵدا ڕوویدا کە لە دوژمنکارێتی زۆرەوە گۆڕدرا بۆ هێوربوونەوە، ئەوەش ئاماژەیەک بوو کە هیوای کۆتایی پێبەخشین سەبارەت بە ئەگەری وەستانی جەنگ، بەڵام پیرڵ یەکێک بوو لە حەوت بەرپرس کە بابەتەکانیان بە توندی بەرەو جەنگ پاڵدەنا و نەیدەتوانی بە ڕوانینە نوێیەکەیەوە قەناعەتیان پێ بکات لە هەلومەرجێکی کورتی پێوانەییدا.

دەبوایە ئەنجامەکان بخەینە بەردەم چاوی سەرۆک، لە ڕوانگەی بایەخی بابەتەکەشەوە بەڕێوەبەری دەزگا ویستی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لەگەڵ سەرۆک لەم کەیسە بکۆڵێتەوە، داوای لە سکرتێری سەرۆکی کۆمار کرد گفتوگۆکە ڕێکبخات دوای کۆتاییهاتن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بێئەوەی عەبد حەمودی سکرتێر لە ناوەڕۆکی گفتوگۆکە ئاگادار بکات.

سکرتێر کاتێکی بۆ گفتوگۆ دوولایەنەکە تەرخان نەکردو داوای لە بەڕێوەبەری دەزگا کرد قسە لەگەڵ سەرۆکدا بکات دوای کۆتایهاتنی کۆبوونەوەکە کاتێک سەرۆک دانیشتنەکە بەجێدەهێڵێت. کاتێک سەرۆک دانیشتنەکەی بەجێهێشت بەڕێوەبەری دەزگا لێی نزیک کەوتەوە دەستی کرد بە خستنەڕووی بابەتەکە. سەرۆک بایەخی بەوە نەدا کە لە جوعبەکەیدا بوو و بە حەبوشی گوت:(هەموو جارێک دەڵێن ئێمە پەیوەندیمان بە ئەمریکیەکانەوە کردووە بەڵام بەبێ ئەنجام....) حەبوش هەستی بە ناڕەحەتی کردو قسەکردنەکەی کۆتایی پێهێنا، کاتیش نەبوو

بۆ ئەوەی پەرەسەندنە گرنگەکان بە سەرۆک ڕابگەیەنێت و حەبوش تووڕە بوو لە وەڵامەکەی سەرۆک بۆی.

مـن چـاوەڕێی هەواڵـی ڕازامەنـدبوونم لە سـەرۆکایەتی دەکـرد، ئاگـاداری ئەم پەرەسـەندنانە نەبـووم، دوو هەفتەشـمان لەکـاتێکی هەسـتیار بەزایەدا، کە خەریـک بوو کاتەکە بەرەو ١٧ی مارس/ئاداری دەبردین (وادەی کۆتایی).

ئێـــوارەی ڕۆژی ١٤ی مارس/ئـــادار پەیوەنـــدیی تەلەفـــۆنیم لەگەڵ بەڕێـــز بەڕێوەبەری گشـتیی خزمەتـی نهێنـی کـردو پرسـیاری هۆکـاری دواکەوتنم لێکـردو ئەوەی پێی ڕاگەیانـدم کە لە بەڕێـز بەڕێوەبەری دەزگـا ڕوویـدابوو، پێمگـوت ئەمە دوا هەلمانە نابێت بەم ڕێگایە مـامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسـیەدا بکەیـن. گـوتی: دەتەوێت چی بکەم کە بەڕێوەبەری دەزگا (زویر)بێت، بۆ جـارێکی دیکە ئەوە قبـوڵ نەکـات کە بـابەتەکە بخـاتە بەردەم سـەرۆکایەتی؟ پێمگـوت: یـان بـۆ خـۆت بچـۆ بـۆ لای سـکرتێری سـەرۆک یـان ڕێگـایەکی دیـکە دەدۆزیـتەوە بمـانگەیەنێتە سـەرۆک. بەڕێوەبەری گشتیی بێزار بـوو و تەلەفۆنەکەی داخست جیـاواز لە نەریتـی خـۆی. ئەوە لە دەوری کـاتژمێر شـــەش و نیـــوی ئێـــوارەدا بـــوو. کـــاتژمێر ١١ی شـــەو ئاگـاداڕکردنێکم لە پەیوەنـدییەکانی دەزگـاوە بـۆ هـات سـەبارەت بە زەرورەتـی پەیوەنـدیکردن بە دائیـرەوە. بەرەو ئۆفیسـی بەڕێـوەبەری گشـتیی ڕۆشـتم و پێـی ڕاگەیانـدم کە عەقیـد خالـد نەجـم پەیوەنـدییەکی لەگەڵ سـەرۆکدا ئەنجامـداوە و فەرمـانی کـردووە بەوەی دەزگـا نووسـراوێکی بە پەلە سـەبارەت بە کەیسـەکە بنێرێت.

لە هۆڵە بچووککراوەکە لە ئۆفیسی بەڕێوەبەری گشتیی دانیشتین، خۆشنووس و وردبینی زمـانەوانی (س. غ)مـان لەگەڵدا بـوو، دەسـتمان بە داڕشـتنی نووسـراوەکە

کرد، کاتێکیش گەیشتینە برگەی داواکردنی بنکەیەکی سەربازی لە عێراق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، سەرنجی بەڕێوەبەری گشتیی بەرەو ئەوە چوو کە ئێمە ئەگەر ئەم بڕگەیە لە نووسراوەکەدا دابنێین ئەوا سەرۆک تووڕە دەبێت و بابەتەکە بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە. پێشنیارم کرد کە لە چوارچێوەی ئەوەدا ئاماژە بۆ ئەم بڕگەیە بکەین کە ئەمریکییەکان دەیانەوێت بە دوای ئەگەری بنیادنانی بنکەیەکی سەربازی لە عێراقدا بگەڕێن وەک بەدیلێک بۆ (ظهران) و ئینجەرلیک، بەبێ وردبوونەوە لە پێشنیارەکە، بەڕێوەبەری گشتیی گوتی ئەم بڕگەیە بە تەواوەتی بسڕنەوە. ئەولەویەتەکە ئەوە بوو کە ئەو ڕەزامەندییەمان دەست بکەوێت کە سەرپشکمان دەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنی ئەمریکی. بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە بێزارکردنی سەرۆکیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بابەتی بنکە سەربازییەکە دواتر بخەینەڕوو لە سیاقی خستنەڕووی ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەدا، بەوەش سەرۆک دەخەینە بەردەم ئەمری واقیع، بەو پێیەی ئەمریکیەکان لەپڕ بەم داوایە ڕووبەڕوومان بوونەوە. نزیکەی کاتژمێر ١٢،٣٠ی ڕۆژی ١٤ی ئادار لە دارشتنی نووسراوەکە بووینەوە، بەیانی ڕۆژی دواتر ١٥ی ئادار وەڵامەکە بە ڕەزامەندبوون لەسەر کۆبوونەوەکە لەگەڵ لایەنی ئەمریکیدا هات.

لایەنی ئەمریکی حەزیان لەوە بوو فەریق تاهیر حەبووش و دکتور حەسن عوبەیدی، بەڕێوەبەری گشتیی خزمەت، سەرۆکایەتی وەفدەکە بکەن، بەڵام وادەرکەوت کە سەرۆکایەتی حەزی لەوەنییە، داوای ناردنی یاریدەدەر فەریق ڕوکن حسێن ڕەفاعی کرد لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی دەزگای هەواڵگریی عەقید خالید نەجم. نازانم ئەو هۆکارانە چی بوون پاڵیان بە سەرۆکەوە نا بۆ سپاردنی ئەرکەکە بە یاریدەدەر لەبری بەڕێوەبەری دەزگا، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە

فەریق حەسیب صابر دەقاودەق پابەند دەبێت بە ڕێنماییەکانی سەرۆکەوە، خاوەنی نەرمی پێویست نییە بۆ گفتوگۆ بە هەڵوێستەکان، مەیلی ئیجتهادکردنی نییە لە بڕیاردانەکاندا بە پێچەوانەی بەڕێوەبەری دەزگاوە، من لە سەرەتاوە لە ئەنجامەکان ڕەشبین بووم.

بەڕێز یاریدەدەر داوای لێکردم دۆسیەیەک بۆ گفتوگۆکان ئامادەبکەم کە دوو لایەن لەخۆبگرێت کە بریتین لە: چاوەڕێی چی دەکەین کە لایەنی ئەمریکی بیخاتە بەردەممان، ڕەددانەوەی ئێمە چی دەبێت بۆیان. داواکارییەکانی لایەنی ئەمریکی زانراوبوون بۆمان کە ڕاوێژکاری وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕێچارد پیرڵ پێشتر دیاریکردبوون. بەڵام هەڵوێستەکانمان لە دەزگای هەواڵگریی بەرامبەر ئەو داواکارییانە تاڕادەیەک جیاواز بوون لە هەڵوێستی زانراوی سەرۆکایەتی، سنووری ئەو تەنازولاتانەش نازانین کە دەشێت سەرکردایەتی بیانخاتەڕوو. بەڵام دەمانتوانی هاوسەنگییەکی هەماهەنگیانە لەگەڵ سەرۆکایەتی دروست بکەین تەنانەت گەر ناچار بە چەواشەکردن یان شاردنەوەش تا ڕەدەیەکی پەسەندکراو بووبین. بەگوێرەی ئەم ڕوانینە لقی ئەمریکا بۆچوونی خۆی خستەڕوو بەڵام یاریدەدەر (المعاون) هاوڕا نەبوو لەگەڵ ناوەڕۆکەکانی دۆسیەکەدا، پرسیاری لە بارەی ئەو لایەنەوە کرد کە سەرپشکی کردوین بۆ ئەمجۆرە هەڵوێستانە، چۆن دەتوانین هەڵوێستە فەرمیەکانی سەرکردایەتی تێپەڕێنین. بە جەنابی یاریدەدەرم گوت ئێمە یان دەست بەم هەڵوێستانەوە دەگرین و بەو زمانە دەدوێین کە ئەمریکیەکان لێی تێدەگەن یان ناچین بۆ کۆبوونەوەیەکی شکستخواردوو کە ئەنجامەکەی پێشتر زانراو بن... یاریدەدەر ڕازی نەبوو و دۆسیەکەی نارد بۆ لقی پەیوەندییەکان لە ئۆفیسی تایبەت ئەوانەی دەقاودەق پشتگیری دیدی ئێمەیان کرد. یاریدەدەر تاڕادەیەکی زۆر هەستی بە قورسایی هەڵوێستەکە دەکرد.

ئەم مشتومڕانە لە یەک ڕۆژدا ڕوویاندا کە ڕۆژی ١٥ی مارس/ئادار بوو، دوو ڕۆژ بەر لە وادەی دیاریکراو بۆمان، بڕیار وابوو لایەنی ئەمریکی ئاگادارببکەین لە کاتەکە، وەفدەکەمان بڕوا بۆ مەغریب ڕۆژی ١٥ی یان ١٦ی مارس، لە دوورترین خەملاندندا. بەڵام من هیچ ڕێنماییەکی نوێم لە یاریدەدەرەوە وەرنەگرت، وا دیارە لە دواساتەکاندا بڕیارێک لە سەرۆکەوە دەرچووبێت سەربارەت بە بێهوودەیی دیدارەکە دوای دڵنیابوونی لەوەی هیچ قوتارنبوونێک لە جەنگ نییە بە تایبەتیش دوای ئەوەی بۆشی سەرۆکی ئەمریکا پێشنیارێک ڕەتدەکاتەوە کە دەوڵەتی قەتەر پێشەکەشی دەکات و سەرۆک سەدام حسێن لەسەری هاوڕادەبێت و بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژادنێکی سەرۆکایەتی دەدات بە سەرپەرەشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەم شێوەیە هیوا و ئومێدەکان لەدوا هەلی خۆبەدوورگرتن لە جەنگ بەتاڵ دەبنەوە. عیسام دەرویشی ناوبژیوان بەغدا جێدەهێڵێت دوای ئەوەی ڕێنماییەکی پێدەگات سەبارەت بەو بەجێهێشتنە لە ڕۆژی ١٦ی مارس/ئادارا.

ـ جموجۆڵ بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکان:

لەپاڵ ڕەوتی جموجۆڵ بەرەو ئیدارەی ئەمریکی، ئاڕاستەیەکی دیکەمان هەیە بۆ جموجۆڵ بەرەو ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کوفی ئەنان بەشێوەیەکی شەخسی، دوای ئەوەی ڕوومالێکی تەواوی پەیوەندییە تایبەتیەکانیمان کرد. چوار تەوەرمان بۆ جووڵەکردنەکە دیاری کرد، یەکەم لە ڕێگەی هاوڕێی تایبەتی کوفی ئەنانەوە کە وەزیری دەرەوەی پێشووی تایلەند بوو کە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی لەگەڵ وێستگەکەمان لە بانکۆک هەبوو. وێستگەکە پێی ئاشنابوو لەڕێگەی خاتوونێکی کاروباری تایلاندی کە پەیوەندییەکی پتەوی

پێمانەوە هەبوو. ئامادەیی خۆی دەرخست بۆ گواستنەوەی نامەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ کۆفی ئەنان. لە مانگی شوباتی ٢٠٠٣دا لە بەغدا میوانداری کرا، بڕی دە هەزار دۆلارمان بۆ تەرخان کرد بۆ خەرجییەکانی گەشتەکەی بۆ نیویۆرک. جەنابی بەڕێوەبەری دەزگا پێی گەیشت و نامەیەکی زارەکیانەی پێگەیاند کە نیاز و تۆمەتە ئەمریکییەکانی سەبارەت بە پەیوەندیی بانگەشەکراو بە قاعیدە و تیرۆرەوە تێدا خستبووە ڕوو، لەگەڵ وەفاداری عێراق بە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانەوە لە داماڵینی چەکی کۆکوژ، هەروەها ئامادەیی عێراق بۆ هاوکاریکردن لە بنبڕکردنی تیرۆردا و پابەندبوونی عێراق بە بڕیاری(١٤٤١) وە، ئەوەش کە لە کۆفی ئەنان داواکرابوو ئەوە بوو کە بەرپرسیارێتییەکانی لە وەستاندنی ئەگەرەکانی جەنگ لەخۆبگرێت، هەوڵی هێشتنەوەی بارودۆخەکەش بدات لە چوارچێوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، هەروەها داوای بەخشینی کاتی پێویست بە گروپەکانی پشکنین بکات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، دیاریکردنی ڕادەی پابەندبوونی عێراق، لەپاڵ ئەوەشدا بەرژەوەندیگەلێکی ئابووری گرنگیشمان لە عێراق بۆ وەزیری تایلاند خستەڕوو.

نێوەندەکە گەڕایەوە لامان و ناوەڕۆکە کورتەکەی نامەکەی کۆفی ئەنانی پێگەیاندین کە تێیدا ئاماژەی کردووە بەوەی باشترین ڕێگا بۆ خۆقوتارکردن لە جەنگ هاوکاریکردنی تەواو و بێمەرجە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە میانی لیژنەکانی پشکنینەوە.

هێڵەکەی تر کە بەرەو ئەمینداری گشتیی بڕۆین، باڵێۆزی دەوڵەتێکی ئەورووپی بوو لە واشنتۆن کە کەوتبووە دوای خۆشەویستی کچێکی ئەمریکییەوە کە پارەی پێ نەهێشتبوو، ئێمە یارمەتیماندا بۆ تێپەڕاندنی مەینەتیەکەی و پەیوەندیمان پێوە

پتەو بوو. ئەم باڵیۆزە لە نزیکترین هاوەڵانی ئەنان بوو، لەلایەن ئیمەوە بە هەمان ناوەڕۆکەوە نامەیەکی بۆ نێردرا. بە ئەمینداری گشتیی گەیشت و هەمان ئەو وەڵامەی بۆ هێنایەوە کە لە وەزیرە تایلاندیەکەوە پێمان گەیشتبوو.

لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٢دا پلانێکمان دانا بۆ ڕێکخستنی سەردانێکی مرۆیی هاوسەرەکەی کۆفی ئەنان بۆ عێراق بە ئامانجی ئاگاداربوون لە شوێنەوارەکانی ئابڵۆقەکە، بانگهێشتەکەمان بە ناوی (دکتۆرە هودا سالح عەماش) وە ئاڕاستە کرد، کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بوو و ژانای مایکرۆبایۆلۆژیش بوو، دەرچووی زانکۆی میزوری ئەمریکی و ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکی مایکرۆبانۆلۆژی بوو، وەڵامەکە لە ئۆفیسی کۆفی ئەنانەوە هات بەوەی خشتەی کارەکانی هاوسەرەکەی لە ئێستادا بوار بە سەردانیکردنی عێراق نادات، هەر کاتێک بۆی ڕەخسا بەدەم بانگهێشتەکەوە دێت.

هێڵی چوارەم کوڕەکەی کۆفی ئەنان بوو (کوجو ئەنان)، هاتە ناو هێڵی بازرگانی و دارایـیەوە لە ڕێـگەی بەرنـامەی نەوت بەرامـبەر خـۆراک. لەڕێـگەی سەرمایەدارێکی لوبنانیەوە لە پاریس بەرەو لای جموجۆڵ کرا. وێستگەکەمان لە پاریس چەند دیدارێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا سازکرد لەکاتی پێدانی گرێبەستێکی گەورە لە بەرنـامەکەدا لەلایەن کۆمپانیـای کوتکنـای سویسـرییەوە. ئەوەی کۆمپانیاکە خستیە بەردەمی باشترین نەبووە لەنێوان ئەوانی دیکەدا، بەڵام عێراق ڕەزامەنـدی دەربـڕی لەسـەر گرێبەسـتەکە لەگەڵیـدا لەسـەر بنەمـای ئەو پەیوەنـدییانەی لەگەڵ کوجـودا بەڕێوەچـوون بەهیـوای سـوودوەرگرتن لێـی لە فشـارکردنە سـەر بـاوکی. لە هەمـان کاتـدا نەتەوە یەکگرتووەکـانیش ڕەزامەنـدی دەربڕی بۆ گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکە بە هاتنەناوەوەی کوڕەکەی کۆفی ئەنان.

بەڵام کوجـــو پەیوەنـــدییەکانی لەگەڵمانـــدا وەســـتاند لەمـــاوەی دواییـــدا لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەنگدا، لەو باوەڕەشداین باوکی داوای ئەوەی لێ کردبێت دوای ئەوەی زانیـاریی دەربـارەی گەنـدەڵی بەرپرسـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان لەسـەر بەرنـامەکە دزەی کـرد و خـودی ئەمینـداری گشـتیی خۆشـی گـرتەوە، وەکچـۆن تۆمەتی ئاشکراش ئاڕاستەی دووان لە بەرپرسـانی بەرنـامەکەکرا ئەوانەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادییان دابوو.

ئەو تونديیەی عێراق نواندی لە ڕێگریکردن لە پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنجامـدانی ئەرکەکانیـان لە مـاوەی کـانونی دووەمـی ١٩٩٩وە بـۆ تشـرینی دووەمـی ٢٠٠٢، بەدەمەوە نەهـاتنی داواکاریـیەکـانی ئەمینـداری گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆفی ئەنـان، کە داوای دەستپێکردنەوەی پڕۆسـەکانی پشکنینی لە عێـراق کـرد بەبـێ مەرج، لە میـانی ئەو گفتوگۆیـانەدا کە لە نیویـۆرک و ژنێفـدا بەڕێوەچوون ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢، یەکێک لەو فاکتەرانە بـوو کە بەشداریکردن لە پاڵپێوەنانی ڕەوشەکە دەرکردنی بۆ بڕیـاری (١٤٤١)کە عێراق بە ناچـاری قەبـوڵی کرد، پابەندبوونێکی بەهێزی دەرخست لە کاتێکی درەنگدا وەک دواهەمین هەوڵ بۆ خۆدوورخستنەوە لە ڕووداني جەنگ.

کاتێـک بـاڵیۆز نـاجی سـەبڕی حەدیسـی ئەرکەکـانی پۆسـتەکەی وەرگـرت وەک وەزیـری دەرەوە، هەوڵەکانی لە پێویستی ڕازیکردنی ئەمینداریێتی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی لیژنەی پشکنین (هانز بلیکس) دا چڕبـووەوە سـەبارەت بەوەی عێراق خـاڵییە لە چەکی کۆکـوژ. لەگەڵ داواکردنی لابردنی سـزا بەرامبـەر ڕێگەدان بە پشکنەران بـۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، لەچوارچێوەی دەستپێشکەری چـالاککردنی هەوڵە دیپلۆماسـیەکاندا. وەزیـر ویسـتی سـەرجەم ئەو کەسـایەتیە

زانستیانەی سەرپەرشتی بەرنامەی چەکی کۆکوژی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژییان دەکرد، بخاتە پاڵ ئەو وەفدەی یاوەری بوو بۆ نیویۆرک، کە بریتیی بوون لە هەریەک لە؛ (زانای ئەتۆمی دکتۆر جەعفەر زیاء جەعفەر و فەریق دکتۆری کیمیایی عامر حەمودی سەعدی، لیوای ئەندازیار حسام محەمەد ئەمین، ئەندازیار قاسم فەهداوی و دوو ئەندازیاری دیکەی بایۆلۆژی، لەپاڵ بالّیۆز دکتۆر سەعید موسەوی)، منیش بۆ خۆم نوێنەری دەزگای هەواڵگریی بووم، ئەندامانی شاندەکە نۆ کەس بوون. کاتێکیش پێکهاتەکەی شاندەکە تەواو بوو، وەزیر داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ ئەندامەکانی، ئیتوارە لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەدا وەزیر دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: ئێمە بە ئەرکێک دەچین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کە جیهان چاودێری دەکات و لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانیدایە. بۆ ئەوەی جەختبکەینەوە لەسەر ئەوەی عێراق ڕێنمایی لە سەرجەم پابەندییەکان کردووە. هەروەها ئەوەی کە عێراق خاڵییە لە هەموو شێوەیەکی چەکی کۆکوژ، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین وەفای بە پابەندبوونەکانیەوە هەبێت و سزاکان لابەرێت. هەروەها وەزیر گوتیشی: ئەوەی دەمەوێت پێتانی ڕابگەیەنم ئەوەیە کە من نامەوێت وشەی شەرەف بدەم بە ئەمینداری گشتیی، لەبەردەم سەرکردەکاندا ڕابگەیەنم کە عێراق خاڵییە لە چەکی کۆکوژ، کاتێکیش پشکنەران بۆ ئەرکەکانیان دەگەڕێنەوە و چەکی قەدەغەکراو دەبینن لەو کاتەدا تۆمەتبار دەکریم بە درۆ، ئەمەش دەشێت بۆ ئەبەد ڕاستگۆیەتیمان لەناوبەرێت. پاشان وەزیر پرسی: ئەگەر هەر شتێکی شاردراوەتان لە چەکی کۆکوژ هەیە هیوادارم پێمڕابگەیەنن بە ڕوونییەکی تەواوە بۆ ئەوەی وشەکانم بە ڕێگەیەک دابڕێژم لە درۆ و ناڕەحەتی بەدوورمان بگرێت؟ هاوڕێیان گوتیان، بۆت هەیە چیت دەوێت بڵێیت، ئێمە چیتر هیچی شاردراومان لەلا نییە.

شـــاندەکە بەم دیـــدەوە ڕۆیشـــت بـــۆ نیویـــۆرک و گەڕایەوە بێـــئەوەی ئەرکەکە بهێنێتەدی. ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە جەمسـەر بـوو، کە دەسـتی بەسـەر نەتەوە یەکگرتووەکانـــدا و جیهانـــدا گرتبـــوو بەبـــێ ڕکـــابەر، ئەو هەوڵانە بەر دیـــواری ڕەتکردنەوەی یەکلاکەرەوانەی ئەمریکی کەوتن.

لەڕوانگەی ئەو سـەختیە سیاسـیانە و دابـڕانە نێـودەوڵەتیەی ڕووبەڕووی عێـراق دەبووەوە، هەوڵی دیپلۆماسی کە وەزارەتی دەرەوە دای لەگەڵ هەوڵی هەواڵگریی لە دەزگای هەواڵگرییەوە نەبوونە مـایەی دوورخسـتنەوەی تارمـایی جەنـگ، بەڵام ئەمە بەبـێ هـیچ گومانێـک داڕنینـی شـەرعیەتی یاسـایی و نێـودەوڵەتییە لە جەنـگ، هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بەرپرسیارێتی مێژوویی و یاسـایی و ئەخلاقی هەڵدەگرێ سەبارەت بەو درۆیانەی کردوویانن بۆ پاسـاوی ئەو کـارە دوژمنکارانە دزێوە، لەوانەشە ئەمریکا ڕۆژێک دان بە تـاوانەکەی بنێت، ڕۆژێکیش دێت حکومەتی نیشـتمانی سەرپەرشـتی دەسـەڵات دەکـات لە بەغـدادا، لەو کـاتەدا داوای مافەکانی گەلی عێراق و هەمـوو ئەوە دەکـات کە تووشـی بـووە لە مـردن و کۆچکردن و وێرانکردنی ژێرخـان، لەو کـاتەدا دەوڵەتـانی دوژمنکـار قەرەبووەکـان بە تەواوی دەدەن بەرامـــبەر کـــاوڵکردنی دەوڵەتێـــک کە خـــاوەنی شـــەرعیەت و سەروەری تەواوە.

ـ سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم:

ئاژانســی وزەی ئەتـۆمی کە (دکتـۆر محەمـد بەرادعـی) سـەرۆکایەتی دەکـات، بەرپرســی داڕنینــی چەک و بەرنــامە ئەتۆمییەکــانی عێــراقە. دوای قبــوولکردنی

گەڕانەوەی پشکنەرانی ئاژانسەکە بۆ ئەرکەکانیان لەلایەن عێراقەوە، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢، لیژنەکان دەستیان بە کارەکانیان کرد لە عێراقدا، عێراق بەشێوەیەکی تەواو هاوکار بوو بۆ ئەوەی ڕێگە بە هیچ بیانوویەک نەدات بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ دژی عێراق، لەو ڕوانگەیەوە کە بڕیاری ژمارە (١٤٤١)، لەژێر بەندی حەوتەم دەرچوو کە مافی بە پێنج ئەندامە هەمیشییەکاندا بە بەکارهێنانی هێز بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە حاڵێکدا کە عێراق هاوکاری لیژنەکانی پشکنین نەکات.

دوو مانگ دوای دەستکردن بە پڕۆسەکانی پشکنین، دەبووایە بەرادیعی ڕۆژی ٢٧ی فێبرایەری ٢٠٠٣ گرنگیپێدانەکەی لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێشکەش بکات، ئەم بایەخپێدانە گرنگ بوو لە بەرئەوەی بڕیاری لە چارەنووسی عێراق دەدا لە حاڵێکدا کە بەرادیعی پێداگری لەسەر ئەوە نەکرد کە عێراق خاڵییە لە چەکی کۆکوژ. لەم ماوەیەدا دەزگای هەواڵگریی لە کلیل دەگەڕا بۆ کردنەوەی کەناڵێکی تایبەت لەگەڵ بەرادیعیدا، بینیمان کە هەریەک لە سەرمایەداری میسڕی عەمرو ذولفەقار سەبڕی و خالیدی کوڕی سەرۆکی پێشووتری میسڕ جەمال عەبدولناسڕ، دەتوانن کەناڵێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیی بکەنەوە لەڕێگەی باڵێۆزێکی میسرەوە لە بیرن، کە هاوڕێیەکی تایبەتی هاوبەشی هەریەک لە بەرادیعی و خالد عەبدولناسڕیشە. نامەیەکی زارەکیمان بۆ بەرادیعی نارد و تێیدا داوامان کرد کە ملکەچی حەز و فشارەکانی ئیدارەی ئەمریکی نەبێت، ئەو حەقیقەتەش بڵێت کە لیژنەکانی پشکنین پێی گەیشتون سەبارەت بەوەی کە عێراق چەکی ناوەکی نیە و بەرنامەشی نیە بۆ بەرهەمهێنانی. لە نامەکەدا پێداگریمان کرد لەسەر ئەوەی ئەگەر بەرادیعی لە لەدەستدانی پۆستەکەی دەترسێت ئێمە لەوپەڕی ئامادەییداین بۆ قەرەبووکردنەوەی لە ڕووی مادیەوە،

بۆی هەیە ئەو بڕە دیاری بکات کە دەیەوێت. ڕۆڵی خالید عەبدولناسڕ گرەنتی سەرمایەدار عەمرو سەبڕی بوو، کە ئەرکی گواستنەوەی نامەکەی گرتە ئەستۆ بۆ سویسرا گەشتی کرد کە گەیشت بە باڵیۆزە میسرییەکە و بەردایعی، پاشان گەڕایەوە و پێی ڕاگەیاندین کە بەرادیعی داوای دوو ملیۆن دۆلاری کردووە. بەڕێوەبەری دەزگا بۆ خۆی بە شەخسی بەدواداچوونی بۆ بابەتەکە دەکرد بە هەماهەنگی لەگەڵ عودەی سەدام حسێن، هاوڕێی شەخسی خالد جەماڵە. عودەی بەڵێنی سەرفکردنی بڕەکەیدا لە دەرماڵەکانی لیژنەی ئۆڵەمپی بائیور، بڕەکەش وەک لە یادم بێت میۆنێک و ٩٩٥ هەزار یۆرۆ بوو، واتە هاوتای دوو ملیۆن دۆلار لەو کاتەدا، بڕەکە بە دراو (کاش) لە حساباتی فەرمانگەکە دانرا.

دەبووایە بڕەکە ڕادەست بکەین پێش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٧ فێبرایەر/ شوباتدا، ئەو کاتەی بۆمان ڕەخسێنرا بوو زۆر کەم بوو، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی فەرمانی پێکردم ڕوو لە سویسرا بکەم. لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە ڕێکارەکانی ڕادەستکردنەکەدا بۆ جاری دووەم گەیشتم بە (عەمرو ذولفەقار) لە ئۆتێل ڕەشید. کاتێک لەگەڵیدا بەدوای میکانیزمی پەیڕەوکراو لە دەزگای هەواڵگریدا گەڕام بۆ ڕادەستکردنی بڕە دارایییەکان، کە بڕیتییە لەوەی واژۆ لەسەر پسوڵەی وەرگرتنی بڕەکە بکرێت، عەمرو ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی باڵیۆزی میسڕی لە بیرن واژۆکردن لەسەر پسوولەی وەرگرتنەکە قبوول ناکات، پێویستیشە بڕەکە بخرێتە جانتایەکەوە و ڕادەستی باڵیۆز بکرێت لە حەوشەی باڵیۆزخانەدا بەبێ هیچ قسەکردنێک. پێم گوت چۆن بتوانم ئەستۆی خۆم لەو بڕە پاک بکەمەوە، چۆن دڵنیادەبن لەوەی بڕەکە بە ڕاستی لە جانتاکەدایە نەک شتێکی تر. عەمرو هەر شێوازێکی دیکەی ڕەتکردەوە کە جەخت لە وەرگرتنی بڕەکە بکات. جەنابی بەڕێوەبەری دەزگام لە هەڵوێستە

نوێیەکە ئاگادار کرد و پێمگوت چۆن ئەستۆپاکی خۆم لە بڕەکە ڕابگەیەنم. گوتی ئێمە لەسەر ئەمجۆرە شێوازە ڕێکنەکەوتوین، گوتیشی پەیوەندیی بە عەمرو دەکات بۆ ئەوەی لەم گۆڕانکارییانە دڵنیا بێت لێی! بەڕێوەبەری دەزگا گەڕایەوە پێی گوتم من لەسەر هەقم لە پارێزگاری سەبارەت بە ئەستۆپاکیم. داوامان لە عەمرو کرد پەیوەندیی بە بااڵێوزی میسرییەوە بکات بۆ چارەسەری کێشەکە. کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستی پێ کردبوو و لەپڕ ڕووبەڕووی بەرادیعی بووینەوە بەخستنەڕووی ڕاپۆرتێک کە هەڵگری چەمکی تەومژاوی و بۆگەن بوو لەو ڕوانگەیەوە کە پێداگری کرد لە (زەرورەتی پێدانی کاتی زیاتر بە پشکنەرانی وەکالەتەکە تا بتوانن بە تەواوی دڵنیابن لەوەی ئاخۆ عێراق چەکی ئەتۆمی هەیە یان نا. گوتیشی: (ئاژانسەکە دەتوانێت دڵنیابێت لەم مەسەلەیە لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەگەر هاوکارییەکی عێراقی کارا و بەردەوام لە ئارادا بێت، بەو مەرجەی هەلومەرجی هەاڵوێرد ڕوونەدات).

وەکچۆن بەرادعی داوای لە بەغدا کرد بۆ خستنەڕووی هاوکاری زیاتر لەگەڵ پشکنەراندا و گوتی:(سەرەڕای ئەوەی لایەنی عێراقی هاوکار بووە سەبارەت بە پڕۆسەکانی پشکنین، بەاڵم پێویستە بۆ قۆناغی هاوکاری کارا بگوازێتەوە، لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاریی و دیکۆمەنتەکان. و ئاسانکردنی دیداری زانایان لە چەند فەزایەک لە تایبەتمەندێتیدا، بۆ ئەوەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە بڕەخسێت کە هێشتا تێکەڵ بە زانیارییەکانی پشکنەران دەبن).

خۆێنەر دەتوانێت سەرنجی ئەو مینانە بدات کە بەرادیعی لە وتەکەیدا چاندونی کە ئاماژەی ڕوون لەخۆدەگرێت دەربارەی سەرپێچیکردنی عێراق لە بەندەکانی بڕیاری (١٤٤١) کە بڕیاری هاوکاری تەواو و بێمەرج دەدات لەگەڵ پشکنەرانی

ئاژانسی نێودەوڵەتیدا ئەو ئاماژانە تەوژمێکی میدیاییان بەخشییە تونددڕەوانی ئیدارەی بۆش و ئەوانەش کە تەپڵی جەنگ دژی عێراق لێدەدەن.

ـ هەڵوێستە سیاسیی و سەربازییەکانی ناوچەکە بەرامبەر جەنگی ئەمریکا بۆ سەر عێراق:

ئەرکی دەزگا، زانینی پلانی هێرشکردنی ئەمریکی بوو بۆ سەر عێراق، کەی دەست پێ دەکات و لەکوێ و هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق چین سەبارەت بەو ئاسانکارییە سەرباسی و لۆجستیانەی ئەمریکا داوای کردوون. زانیارییەکانمان لەبارەی هەڵوێستەکانی ناوەندی هەرێمی لەمانەی خوارەوەدا کورت بوونەوە:

١ـ تورکیا ڕێگەدان بە بەکارهێنانی خاک و فەزای خۆی بۆ هەر کارێکی سەربازی ڕەتدەکاتەوە تەنانەت بەکارهێنانی بنکەی ئینجەرلیکیشی ڕەتکردەوە کە سەر بە پەیماننامەی ناتۆیە، لە هەر پرۆسەیەکی سەربازیدا بەرەو عێراق.

٢ـ وەزارەتی بەرگری ئەمریکی هیچ داوایەکی پێشکەش نەکردووە بۆ ئاسانکاری لە سوریاوە بەهۆی ئاگادارنەبوونیەوە لە هەڵوێستی سوری کە بە توندی جەنگ بەرامبەر عێراق ڕەتدەکاتەوە.

٣ـ شانشینی ئەردەنی هاشمی ڕێککەوت لەسەر بەکارهێنانێکی سنووردار بنکەی (الجفر) و بنکەی (الأزرق) بۆ مەبەستی هونەری و لۆجیستی، ڕاپۆرتێکیشمان دەستکەوت لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکییەوە کە سەرکردایەتی ئەمریکی ڕادەسپێرێت بە ئەنجامنەدانی فشار لەسەر ئەردەن بۆ بڵاوکردنەوەی هێزە وشکانییەکانی، لەبەرئەوەی گەلی ئەردەن بە سروشتی خۆیان لایەنگر و پشتیوانی

عێراقن، هەر بەشداریکردنێکی ئەردەنیش لە پرۆسە سەربازییەکاندا ڕژیمی پادشایەتی تووشیی پەشۆکانی ناوخۆیی دەکات.

٤ـ سعوودیە بەکارهێنانی خاکەکانی خۆی و ئاسمانەکەی ڕەتکردەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی سەبازی بۆ سەر عێراق جگەلە بەکارهێنانێکی سنووردار بۆ بواری ئاسمانی نزیک لە عێراق، بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی فڕۆکەوانە ئەمریکییەکان لە حاڵەتی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکانیاندا لە بیابانەکانی خۆرئاوای عێراق.

٥ـ کوێت ڕەزامەندی دەربڕی لە بەکارهێنانی خاکەکانی و ئاوەکەی و ئاسمانەکەی و بنکەکانی، پێشوازی لە زیاتر لە ٧٣ هەزار سەرباز لەسەر خاکی خۆی کرد پێش داگیرکارییەکە. وەکچۆن هێڕشی وشکانیش لە خاکی کوێتەوە سەرچاوەی دەگرت، سەربازانی کوێتیش لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەردا بەشداریان دەکرد.

٦ـ قەتەر ڕازی بوو بە میواندارێکردنی هێزە ئەمریکییەکان لە بنکەی (العدید)ی قەتەریدا کە سەرکردایەتی سەربازی ئەمریکی ناوەڕاست لێی کردی بە بارەگا بۆ سەرکردایەتیکردنی پرۆسە سەربازییەکان لەکاتی داگیرکاریدا.

ـ هەڵوێستی ئێران:

- بەشداریکرد لە دزەپێکردنی زانیاریی هەڵبەستراودا دەربارەی بەرنامەکانی عێراق بۆ چەکی کۆکوژ، بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمریکی لە ڕێگەی ئەحمەد چەلەبییەوە.

- ڕازی بوو بە بەکارهێنانی بواره ئاسمانییەکەی تەنیشتی عێراق بۆ مەبەستی پڕۆسە سەربازییەکان بەڕێککەوتنێکی نەنووسراو کە بەچاودێری (ئەحمەد چەلەبی) بە ئەنجام گەیشت، بەرامبەر ڕێگەدان بە شەرکەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە لە خاکەکەیدا بوون بەوەی بچنە ناو عێراقەوە و بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن.
- یارمەتی ئاسانکردنی تێپەڕینی شەرکەرانی قاعیدەی دا لە ئەفغانستانەوە بۆ عێراق بەر لە داگیرکارییەکەو، سەربازگەی بۆ بنیادنان لە باکووری عێراق و نزیک لە سنورەکەی، سەرجەم شێوەکانی پشتگیری پێشکەش کردن، ڕێگەی لە جەلال تالەبانیش گرت کە هێرش بکاتە سەریان.
- ئێران چەک و ئازوقەی پێشکەش بە جەلال تالەبانی کرد پێش داگیرکارییەکە بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا، جموجۆڵکردنی بۆ داگیرکردنی شاری کەرکوک بە بەرچاو و گوێی هەواڵگریی ئەمریکیی.
- کاتێک جەنگ دەستی پێکرد کێشەیەکی هونەری لای شەرکەرە عێراقییەکان دەرکەوت کە بریتیی بوو لە نەتەقینەوە و لەتنەبوونی موشەکەکانی (ئاربی جی ٧-) لەکاتی بەرکەوتنیدا بە ئامانجەکە، هەندێکجاریش لادانی ڕەوتی مووشەکەکە لە ئامانجەکە، کە بووە هۆی ئەوەی عێراق داوای قازیفەی موشەکیانە (قذائف صاروخية)ی

دژە درع لە ئێـــران بکـــات، ئێـــران بەڵێنـــی دا بە پێـــدانی مووشـــەکی بەدیـــل بە عێـــراق، کـــاتێکیش یاریـــدەدەری بەڕێـوەبەری دەزگـای هەواڵگریـی، فەریـق ڕوکـن حەسـیب سابیر، بە هاوڕێیەتی ئەیاد عەلاش گەیشتە شاری خـانەقین لەســەر ســنووری ئێـران بـۆ وەرگرتنیـان، تەرازووەکـانی جەنـگ گـۆڕدران لە ئەنجـامی کـۆنترۆڵکردنی فڕۆکەخـانەی بەغـــدای نێـــودەوڵەتییەوە لەلایەن هێـــزە ئەمریکیەکـــانەوە. پاشـان کۆمـاری ئیسـلامی پاشەکەشـەی کـرد لە بەخشـینی بار پێمان.

کۆتایی

لە دەوڵەتە دیموکراسییە بەهێزەکان و پڕێمە نەتەوەییە دیکتاتۆرییەکان یان ناسیۆنالیستەکاندا، دەوڵەتانِ کۆی تواناکانی خۆیان لە خزمەتی دەزگا هەواڵگرییەکانیاندا بەکاردەهێنن، بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیان، کە بە پایەی بنەڕەتی ڕابوونەکەیان وهێنانەدی سەقامگیریی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی ئابووریی دادەنرێت. بەوەدا کە نیشتیمانەکان بەبێ ئاسایش ناژین. زیادکردنی مۆرکی هەیبەت بۆ دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگرییەکان لەڕێگەی بەهێزی و پیشەییبوونیانەوە، بە ڕێکارێکی ڕێگر هەژمار دەکرێت کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، لەپێناو ڕێگری لەو تاوانبارانەی هەوڵی گاڵتەکردن بە ئاسایشی وڵات دەدەن یان تەماعی هەڵگەڕاندنەوەی ڕژێمەکانی دەسەڵاتیان هەیە لە زاڵبوون بە سەر دەسەڵاتدا، ئیتر نیازەکانیان هەرچییەک بن، نیشتمانی بن یان ئاینی یاخود بە پاڵنەری شەخسی مادی یاخود تیرۆریستی.

عێراقیەکان تا ئێستاش بڕوایان وایە ژمارەی ئەندامانی دەزگای پێشووی هەواڵگریی دەیان هەزار بووە، لە ڕاستیشدا لە (٥٨٠٠) ئەندام لە تەشکیلاتە هەواڵگرییەکاندا تێپەڕی نەکردووە، وەک خزمەتی دەرەکی و بنبڕکردنی سیخۆڕی چالاکی دوژمنانە و هەواڵگرییەکانی ناوچەکان و تەشکیلاتە پیشتوانەکانی دیکە، کە زیان بە جەوهەری کاری هەواڵگریی دەگەیەنن، بەڵام دەزگا هەیبەتی خۆی و هەیبەتی دەوڵەتی دەسەپاند بە ڕەفتاری گشتیی ئەندامەکانی و توانا هەواڵگرییەکانیان و ڕووناکبیرییە خودییەکانیان و قوربانیدانیان لەپێناو خزمەتکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. هەروەها هێزی دەزگاکانی ئاسایش بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دانانی سنوور بۆ چالاکی ئەوانەی لە یاسا

دەردەچن. پەیوەندییەکی لۆژیکیش هەیە لەنێوان ئاسایش و دادوەریی (القضاء)دا، قەزا بەهێز دەبێت کاتێک دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت بەهێز دەبن و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

تاوانباران هەست بە دەرچوون و ڕزگاربوونیان لە پرسیار و حساب دەکەن کاتێک چالاکییەکانیان چالاکی سیاسی تێدەپەڕێنێت و بۆ چالاکییەکی سەربازی یان تیرۆریستی وەردەچەرخێت کە ئاسایشی هاوڵاتیان دەکاتە ئامانج، ئەمەش بە سەر سەرجەم جۆرەکانی تاوانباراندا پیادە دەبێت لە سیخوڕان و تێکدەران و گەندەڵکاران.

هەیبەتی دەوڵەت دۆخی ترس و تۆقین لە کەسە دڵ لاوازەکاندا دروست دەکات، ئەوانەی هەوڵی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن، ڕێگریان لێ دەکات لە چوونە ناو کاری سیخوڕی یان تێکدەرانە یاخود پێلانگێڕانەوە. لە هەمان کاتیشدا هەیبەت فاکتەرێکە هاوڵاتی هان دەدات بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگریی بۆ خۆدوورخستنەوە لەو بەرپرسیارێتیەی لە شاردنەوەی هەر زانیارییەک دەکەوێتەوە کە پەیوەست بێت بە حاڵەتەکانی هەڕەشەکردن لە ئاسایش، ئیتر هاوکاریکردنەکەی دەزگاکانی ئاسایش لەلایەن هاوڵاتیەوە بە پاڵنەری نیشتمانپەروەری بێت یان مادی یاخود بە پاڵنەری ترس بێت، ئەوە فاکتەرێکی گرنگە لە پشتیوانیکردنی سەقامگیری ئەمنی. لەبەرئەوە سەپاندنی ئاسایش بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەستە بە هاوڵاتیەوە، دەزگاکانی هەواڵگریی و ئاسایش بگەنە هەر هێز و توانایەک مومکین نییە خواستەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بهێننەدی بەبێ یارمەتیدانی هاوڵاتی هۆشیار.

تاکه هۆکاری کارا بۆ بەزاندن و ڕووخاندنی تێکدەران و تیرۆریستانی ناوخۆ بـــریتیە لە بەکارهێنـــانی هەواڵگریـــی بەشـــێوەیەکی ورد، بە ئامـــانجی دابڕینـــی هاوڵاتیـانی ئاشـتیخواز لە تیرۆریستان و یاخییـان و دەستەبەرکردنی پارێزگـاری بۆیـــان. ئەمەش نـــایەتەدی تەنیـــا لەڕێـــگەی کـــاری هەواڵگـــرییەوە نەبێـــت بـــۆ جیاکردنەوەی هاوڕێیان و پاراستنیان و دابڕینیان لە یاخییان و بەئامانجگرتنیان. لەکاتێکدا کە کاری هەڕەمەکیانە لە بە ئامانجکردنی هەموواندا، بازنەی دوژمنکاری فـــراوان دەکـــات، دۆخـــی یـــاخیبووان بەهێزدەکـــات، نـــاوەڕۆکی بیروبـــاوەڕی تیرۆریستیانەی وێرانکارانەی گشتگیر هەڵدەگرێت، کاتێک دوژمنێک لەناو جەرگەی بێتاوانانـــدا دەکـــاتە ئامـــانج. بێئاگـــاییش بە ژیـــنگەی ئەمنـــی بە بنەمـــای شکســـت دادەنرێـــت، بـــۆ ئەوەش کـــارەکە ســـەرکەوتوبێت دەبێـــت دەزگاکـــانی هەواڵگریـــی وێنەیەکیان لەبارەی ژینگەی دانیشتوان و جوگرافییەوە هەبێت کە لەکاتی ئاشتیدا ئامـادەی کردبێت، بەجۆرێک کە پـلانە ئەمنـی و ســەربازییەکان ئامـادەبن لەکـاتی قەیرانەکانـــدا بە ئەنجامـــدانێکی ڕێکـــارێکی نـــوێکردنەوەی ســـادە بە تەنیـــا. پشـتگیریکردنی دەزگـا ئەمنییەکـان مانـای ســەپاندنی هەژمـوون و زۆرەملـێ نـیـە لەســەر کۆمەڵگەکان یـان لەســەر دەستە حکومیەکان، بەڵکو پەیوەستە بە واقیعی ئەو کۆمەڵگـــانەوە کە بە مـــۆرکە تونـــدەکەیانەوە وەســـف دەکرێـــت یـــان سەرکردایەتیکردنیان سەخت دەبێت بەبێ پیادەکردنی یاسا بەهێز. ئەو بەڵگەیەش کە دەکرێت لەم ناوەڕۆکەدا بهێنرێت ئەوەیە کە حاڵەتە ڕێکخراوەکانی پیلانگێڕی لەلایەن هەواڵگرییەکانی دوژمنەوە کارلێکی هەندێک لە ئەندامانی ڕژێمی پێشـوو لە ســەربازی و مەدەنیەکـان کە دوای ســاڵی ١٩٩١ ڕوێـدا، پـاڵنەرە بنەڕەتیەکەیـان نەمـــانی هەیبەتـــی دەوڵەتە دوای جەنگـــی دووەمـــی کەنـــداو ســـاڵی ١٩٩١، ئەو ڕووداوانەش کە بەدوایدا هـاتن و بە (ڕاپەڕینـی شـەعبانی) یـان (لاپەڕەی غەدر و

خیانەت) ناسران. هەروەها سەرەڕای ئەوەش کە زیانە تاڵەکەی سوپای عێراق لە ماوەی پاشکەشە زۆرەملێیەکەدا لە کوێت بووە مایەی ڕقێکی فراوان بەهۆی ئەوەوە کە بابەتەکان پێیگەیشتن یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەوانەی بەم کارانە هەستان بڕوابوونیان بوو بەوەی دوورن لە چاوی هەواڵگرییەوە، کەوتنە تەڵەوە و ڕۆحی خۆیانیان دانا. ئەمە بانگەواز نییە بۆ لێدانی ئەوانەی دژی ئەو ڕژێمانەن کە گیرۆدەی لاوازی شەرعیەتەکەیانن و گیرۆدەی بێتوانایی بەرگریکردنن لە قەوارەی خۆیان لە بەردەم ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە بوونیان دەکەن، بەڵام نەمانی بە ڕێگای پشێوی بە هەڕەشەیەکی ترسناک دادەنرێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت بە گشتیی و ژینگە هەرێمییەکەی. ڕەوتی ڕووداوەکان سەلماندویانە کە چۆن کەمی زانیاریی لای دەزگای هەواڵگریی دەبێتە مایەی پشتبەستن بە گریمانە و بیروباوەڕ و شیکار کە کاتێک پەنایان بۆ دەبرێت کە حەقیقەت زانراو نەبێت، ئەمەش پاڵ بە ئەفسەرانی هەواڵگرییەوە دەنێت بۆ گرتنەبەری ئەو بڕاردانەی خراپترینن، بۆ ئەوەی خۆی لە هەڵە و ئەو ئەگەرە مەترسیدارانە بەدوور بگرێت کە دیاریکردنیان یان پێشبینیکردنی ڕووداوەکان ناومکینە.

کاتێک دەزگاکانی هەواڵگریی توشی فشار دەبن بۆ ڕازیکردنی داڕێژەرانی بڕیار، هەوڵی گونجاندنی زانیاریەکانی دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزوو و حەزەکانی سەرکردایەتیدا بسازێن، بەوەش تەجاوزی واقیع دەکات و نیاز و گریمانە و وەهمەکان بۆ حەقیقەت دەگۆڕدرێن، پاشانیش بەو پێیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە ئەمری واقیعن و بڕیاری ستراتیژییان لێوەردەگیرێت کە دەبنە مایەی کارەسات.

باوەڕی هەواڵگریی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو حەقیقەتەدا کە مەحاڵە بەبێ زانیاریی پێی بگەین، کاتێکیش دەوڵەت لە ڕووی هەواڵگرییەوە داخراو دەبێت و دزەی بۆ ناکرێت و نابڕدرێت، پێویستی زۆر دێتەئاراوە بۆ پشت بەستن بە سەرچاوەی ئاڵتەرناتیڤ بۆ ئەوەی ببێتە قوربانی چەواشەکاری، وەکچۆن شیکاریش وەک بەدیلی حەقیقەت زەق دەبێتەوە، لەبەرئەوە کردنەوەی بوار بۆ دوژمن بۆ ئەنجامدانی کاری سیخوڕی لە سنوری زانین و مەعقولدا بابەتێکە لەو پەڕی گرنگیدا، هاوتای هەوڵەکانی پڕۆسە هەواڵگرییەکانە لە کۆکردنەوەی زانیاریداو، کاریگەرییەکەی دەگاتە داڕشتنی بڕیاری سیاسیانەی دەوڵەتی دوژمن. هەروەها گەرچی کاری هەواڵگریی لەسەر گومان بەندە لە زۆرێک لە لایەڕەکانیدا، نابێت گومان بخرێتە کاری هەواڵگرییەوە، بەڵکو دەبێت گومان بەشێوەیەکی تەریب بڕوات لەگەڵ بەرەوپێشچوون لە ڕێکارەکانی بەدواداچوون بۆ گەیشتن بە ڕاستی.

تێڕامان و داهێنان لە کاری هەواڵگریدا، پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ئایدیا و پلانی ناتەقلیدی، ئەمەش خوازیاری بوونی بواریکە لە کات و پشوو و تێڕامان بۆ بەرهەمهێنانی ئایدیا ئافرێنەرەکان، لە ڕوانگەی ئەو تەوژمە زۆرەشەوە لە کارکردن ئێمە هێشتا کاتی پێویستمان نییە بۆ بیرکردنەوە لە کەیسە گرنگەکان، بەڵکو ئێمە هەندێکجار کەیسەکان بۆ چەند ڕۆژێک لێدەگەڕێین تا هەلی گونجاو دەدۆزینەوە بۆ پیاچوونەوەیان بە قوواڵی و هێمنی. کاتەکانی دەوامکردن شەش ڕۆژ بوون لەگەڵ بوونی دەوامی بەیانیان و ئێواران هەندێکجاریش بابەتەکە پێویستی بە مانەوە دەبوو لە فەرمانگە، بەو هەوڵ و هیمەت و ڕێکارانەوە هەواڵگریی شورای ئەمنی بوون، ڕووبەڕووی دوژمنکارانەترین دەزگای هەواڵگریی جیهان بووینەوە و سەرجەم پلانەکانیانمان بەتاڵ کردونەتەوە، خۆ

ئەگەر کاری میکانزمی سەربازیی بە توانای ئەمریکی نەبووایە، دەزگاکانی هەواڵگریی دوژمن و سیخوڕەکانیان نەیاندەتوانی پێ بخەنە خاکی بەغداوە.

ژیاننامەی نووسەر (سالم ئەلجومەیلی)

نووسەر ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی شویشی سەر بە قەزای بێجی لەدایک بووە، لە خێزانێک کە جوتیارییان دەکرد و مەڕومالاتیان بەخێودەکرد، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لەوەی پێنج براکە هەموویان ببن بە ئەفسەری گەورە لە هێزی ئاسمانی و هەواڵگریی سەربازی و سوپا و گاردی کۆماری. دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات پەیوەندیی بە کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی/خولی یەکەمەوە دەکات ساڵی ١٩٧٦ و لە ١٢ی یۆلیۆ/تەمووزی ١٩٧٩دا تەواوی دەکات. وەک یەکەم ئەفسەر لە دەزگای هەواڵگریی و لە بەڕێوەبەرێتی بنبڕکردنی سیخوڕی لقی بەدواداچوون، دەست بە کارکردن دەکات، لەساڵی ١٩٨٠دا تەنسیب کرا بۆ کارکردن لە بەشی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا. ساڵی ١٩٨٤ کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگریی فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی. ساڵی ١٩٨٩ گواستراییەوە بۆ خزمەتی دەرەکی، پۆستی بەڕێوەبەری لقی سوریای گرت تا ساڵی ١٩٩٥. لە فێبرایەری ١٩٩٥دا تەنسیب کرا بۆ کارکردن وەک بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگریی لە باڵیۆزخانەی عێراقیدا کە جەزائیر، لەژێر پەردەی کونسوڵ بە پلەی سکرتێری یەکەم، لە ماوەی ئەو شپرزەییە ئەمنی و سیاسیی و تیرۆرەی جەزائیر لەو ماوەیەدا بینی. لە نیسانی ١٩٩٩دا گواستراییەوە بۆ مەرکەز و لە تەمووزی هەمان ساڵدا ئەرکی بەڕێوەبەری لقی ئەمریکای لە خزمەتی دەرەکی وەرگرت تا داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هێزە ئەمریکییە داگیرکەرەکانەوە لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣. لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا دەستگیر دەکرێت لەلایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە و دەخرێتە زیندانی کروپەرەوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا ئازاد دەکرێت. بەشداری چەندین کۆنگرەی عەرەبی و نێودەوڵەتی کردووە، لەوانەش کۆنگرەی سەرکردەکانی پۆلیس و ئاسایش کە لە جەزائیر و لە ساڵی ١٩٨٧ دا بەسترا،

هەروەها کۆنگرەی وەزیرەکانی دەرەوەی دەوڵەتانی بێلایەن کە لە کۆلۆمبیا بەسترا، کۆنگرەی کۆمەڵەی ٧٧ لە کوبا ساڵی ٢٠٠٠، هەروەها بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەکانی شاندی عێراق بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە بەڕێز محمد سەعید سەحاف، دکتۆر ناجی صەبری ئەلحەدیسی بەدواداهات، لەگەڵ ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ بە ئامانجی لابردنی سزا لەسەر عێراق.

ناوەڕۆک

بابەت	لاپەڕە
بەرایی	٢
بەشی یەکەم **میژووی هەواڵگریی عێراقی**	٩
ئەرکەکانی دەزگای هەواڵگریی	٢٠
بەشی دووەم **ستراتیژی کارکردنی دەزگای هەواڵگریی**	٢٥
بەرنامەی کاری دەزگای هەواڵگریی	٣٢
پۆلێنکردنی دەوڵەتان و کەیسەکان بەگوێرەی لەپێشینەیی	٣٧
بوارەکانی هەواڵگریی	٤١
ڕێکارەکانی کاندیدکردن بۆ دامەزراندن لە دەزگای هەواڵگریدا	٤٥
تایبەتمەندییەکانی ئەفسەری سەرکەوتووی هەواڵگریی	٤٦
بەشی سێیەم **پەرەپێدانی تواناکانی دەزگاکە**	٥١
کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەیی	٥٥
بەشی سەربازیی	٥٦

بەشی وانەگوتنەوە	٥٦
بەشی هەواڵگریی	٥٧
پەیمانگای ڕاهێنان و ئامادەکردن	٦٠
ڕێکارەکانی پەرەپێدانی تواناکانی هەواڵگریی	٦٣
گیانی پیشەییانەی ئەفسەرانی هەواڵگریی	٦٨
بەشی چوارەم **پێکهاتەی ڕێکخستن و کارگێڕی دەزگاکە**	٧٣
نوسینگەی یەکەم: نوسینگەی تایبەت	٧٦
نوسینگەی دووەم: بەڕێوەبەرێتی کاروبارە کارگێڕییە گشتییەکان	٧٨
نوسینگەی سێیەم: ژمێریار و تۆمار	٧٩
نوسینگەی چوارەم: بەڕێوەبەرێتی خزمەتی نهێنی گشتیی	٨٢
بەشی پێنجەم **وێستگەکانی هەواڵگریی دەرەکیی**	١٤٧
میکانیزمی کاندیدکردن	١٥٠
کارکردن لە وێستگەکاندا	١٥٤
گەشتی گەڕان بە دوای هەڵی هەواڵگرییدا	١٥٦
پەیوەندیی وێستگەکە لەگەڵ باڵیۆزەکان و ئەندامانی شاندەکەدا	١٥٩

شوێنی وێستگەکە	١٦١
کاری دەرەکیی و پەیوەندیی لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتدا	١٦٥
ئامرازەکانی کاری سیخوڕی دەرەکی	١٧٠
میکانیزمی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی وێستگەکە	١٧٢
چەک لە وێستگەکاندا	١٧٤
شێوازەکانی کارکردنی بنبڕکردنی سیخوڕیی و وێرانکاریی	١٧٥
بەشی شەشەم **سەرچاوەی زانیارییەکان**	١٨١
سەرچاوە ئاشکراکانی زانیارییەکان	١٨٣
سەرچاوە نهێنییەکانی زانیارییەکان	١٨٣
سیستەمی مامەڵەکردنی زانیارییەکان	١٨٩
میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییدا	١٩٠
پلانەکانی کارکردن	١٩٤
ئامانجەکانی هەواڵگریی و گرنگیپێدانەکانی	١٩٧
بایەخپێدانەکانی هەواڵگریی لە جەزائیر	١٩٨
ئامانج وبایەخپێدانەکانی هەواڵگریی بەرامبەر سعوودیە	٢٠٢
چارەنووسی ڕێککەوتنی عێراقیی – سعوودیی	٢٠٥

پڕۆسەکانی ئامادەسازیی(تەجنید)	٢٠٦
بنەماکانی تەجنید	٢١١
قۆناغەکانی پڕۆسەی بە ئەندامکردن	٢١٨
خۆبەخشەکان	٢٢٤
هاوکاری هەواڵگریی نێودەوڵەتیی	٢٢٧
چاندن و دانانی ستراتیژییانەی ئەفسەرەکانی هەواڵگریی	٢٣١
کەیسی ئەفسەرێکی هەواڵگریی عێراقی چێندراو لە ئەمریکا	٢٣٤
بەشی حەوتەم **ئۆپراسیۆنە هەواڵگرییە سیاسییەکان**	٢٣٧
پڕۆسەیەک دژی قەزافی	٢٤٠
جموجۆڵ دژی ئەو ئەندامانەی هەمیشەیی نین لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا	٢٤١
بێنەزیر بۆتۆ	٢٤٤
جاک شیراک	٢٤٤
ئەسیاس ئەفورقی، سەرۆکی ئەرتیریا	٢٤٥
پەیوەندیی لەگەڵ سوریا	٢٤٥
لوبنان، ململانێی دەسەڵات و گۆڕەپانی تۆڵەسەندنەوە	٢٥٤

پەیوەندیی لەگەڵ حیزبوڵڵا	٢٥٧
بەشی هەشتەم **ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان**	٢٥٩
دامەزراندنی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان	٢٦٢
ململانێ ئۆپراسیۆنی لەگەڵ ئێراندا	٢٦٦
بە ئامانجگرتنی ئەنجومەنی شورای ئێرانی	٢٦٨
بەئامانجگرتنی خومەینی	٢٦٩
کوێت، گۆڕەپانی ململانێ سەختەکە لەگەڵ ئێران	٢٧٠
بە ئامانجگرتنی باڕێکی کەلوپەلی ئەتۆمیی ئیسرائیلی	٢٧٣
کوشتنی مەهدی ئەلحەکیم	٢٧٥
تۆڵەکردنەوەی کوشتنی ئەفسەری هەواڵگریی عێراقی (ن. عەبدولسەلام)	٢٧٧
لێژنەی کاری فیداکارانە	٢٧٨
هەوڵی بە ئامانجگرتنی نۆکەندی سویس	٢٨١
گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان دژی ئێران	٢٨٣
بە ئامانجگرتنی بەندەری (خەرج)ی ئێرانی	٢٨٨
هەوڵی کوشتنی دانیاڵ میترانی هاوسەری سەرۆکی فەڕەنسی	٢٩٠
بە ئامانجگرتنی زانایەکی ئەتۆمی عێراقی جیابووەوە	٢٩١

پلاندانان بۆ کوشتنی فەریقی جیابووەوە (حسێن کامیل)	٢٩٢
هەوڵی بە ئامانجگرتنی فڕۆکەهەڵگر نیمیتز	٢٩٢
پلاندانان بۆ کوشتنی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دی کویلار	٢٩٣
دووبەرەکی ئەفسەرانی هەوالگریی	٢٩٤
بەشی نۆیەم **ڕووداوگەلێکی گرینگ**	٣٠٩
داگیرکردنی کوێت	٣١١
ڕۆڵی دەزگای هەوالگریی لە داگیرکردنی کوێتدا	٣١٤
گیانی خراپەکاریی سەبڕی ئەلبەنا (ئەبو نیضال)	٣١٨
تۆمەتبار بە تەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی سالی١٩٩٣	٣٢٢
بەدواداچوونە تایبەتەکان	٣٢٧
بەدواداچوونی فەریق ڕۆکن سابڕ ئەلدوریی	٣٣٠
بەدواداچوونی دوو کوڕەکەی سەرۆک، قوسەی و عودەی	٣٣٠
مەسعوود بارزانی	٣٣١
جەلال تاڵەبانی	٣٣٤
هەرێمی کوردستان، فاکتەری هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی	٣٣٧
پێشنیارێک لە ئەفسەرێکی هەوالگرییەوە	٣٣٨

حەسەن ئەلعەلەوی	٣٤١
سەلاح عومەر ئەلعەلی	٣٤٢
ئامادەسازی (تجنید)ی ئەندامێک لە پەرلەمانی ئێران	٣٤٤
ئەحمەد چەلەبی	٣٤٥
سەید محەمەد باقڕ سەدڕ	٣٤٧
لابردنی سەرۆکی سۆماڵ محەمەد سەیاد بەڕی	٣٥١
مشعان جبووری	٣٥٢
ڕووداوی هەواڵگریی پەرشوبڵاو	٣٥٤
هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک بۆشی باوک	٣٥٩
هەوڵەکانی تێپەڕاندنی بەربەستی سکرتێر	٣٦١
بەشی دەیەم **ئاڵۆزییەکانی دیمەنەکە**	٣٦٣
یانزەی سێپتەمبەر/ئەیلول، تیرۆر لە ئەمریکا دەدات	٣٦٩
بانگەوازی شەڕکردن لەگەڵ عێراق	٣٧١
هەڵەکانی هەواڵگریی ئەمریکی	٣٩٢
پەیوەندییە نهێنییەکان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکیدا	٣٩٣
جموجۆڵ بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکان	٤١٢

سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم	٤١٧
هەڵوێستە سیاسیی و سەربازییەکانی ناوچەکە بەرامبەر جەنگی ئەمریکا بۆ سەر عێراق	٤٢١
کۆتایی	٤٢٥
ژیانnامەی نووسەر	٤٣١